
٢٠٤



تابلۆی هونەرمەند: قادری جەمیل

# ڕامان

٢٠٤

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی هەژدە/ مایسی ٢٠١٤

- **خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی ڕامان


**● دەق**

- لە یادمانی گوڵە بلێسەدارەکانەوە/ نەژاد عزیز سورمێ/ 3
- هەندێ ڕۆژ... هەندێ دەقیقە/ دلاوەر قەرەداغی/ 6
- لە دەرەوەی ژیان دەژیم/ ناڵە حەسەن/ 8
- دەرەوەکە راستی/ ئەنوەر کاراهان/ 10
- چەپکێک هایکۆی فارسی/ لە فارسییەوە: کامەران هەڵۆەدا/ 11
- وێنە دیوارییەکان/ فەرۆخ نیعمەتپوور/13
- وەرچەرخان/ موعتەسەم ساڵەیی/ 16
- حوسێنی قزلجی/ سالار ئیسماعیل سەمین/ 19
- بێ سەرو شوون/ ڕەشاد شەرەف/ 22
- دەشتەکی/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە/ 24
- چیرۆکی ئەو پیاوەی بوو بە سەگ/
لە عەرەبییەوە: ڕەووف حەسەن/ 28

**● هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ باسکار و زمانەوانی ئیلام (کامەران ڕەحیمی) / ئا: شەریف فەلاح/ 35

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- خوێندنەوەیەک بۆ (لە باخەڵی باخدا)/ عەبدولغەنی کاکۆ/ 51
- شیعری هاوچەرخ و ئەدەبی بەرگری/ هادی حەبیبی/ 61
- قوماری عاشقانە (شەمس و مەولانا)/
لە فارسییەوە: هێرش کەریم/ 67

**● وتار**

- کەشکۆڵی عەزیز تورکمانکەندی (ساڵی ١٨٧٩ زایینی)/
محەمەدئەمین شاسەنەم/ 78
- مەنسووری یاقووتی و ئەدەبیاتی چیرۆکی کرماشان/
عومەر محەمەدی/ 85
- پەرویز شاپوور: دنیای پشیلە و دەرزیلە و ماسی و کاریکاتێر/
لە فارسییەوە: جەمالەددین ئەحمەدیان/ 89

**● هزر و فەلسەفە**

- لایبنیتس: میتافیزیکی «هارمۆنی پێشوەخت و بەهرەی ڕەببانی»/
د. حەمید عەزیز/ 96
- پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردەیی/ ئاری عوسمان خەیات/ 103

**● مێژوو**

- سرووتێکی (تەمموز) لە کوردستاندا(؟)/
لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمەشەریف/ 116

**● ڕۆژنامەنووسی**

- گۆڤاری خەباتی قوتابیان لە خانەقین ١٩٨٥/
ئەحمەد باوەر/ 124

**● زمانزانی**

- دۆزەخی زمان/ غازی حەسەن/ 132

**● هونەر**

- ڕێنووس و گۆکردنی ناوی نووسەرانی جیهانیی لە ئەدەبیاتی شانۆیی کوردیدا/ موحسین محەمەد/ 137
- ڕایەک لەبارەی پەیدابوونی گۆرانی و مۆسیقا لەلای مرۆڤ/ گوشاد حەمەسەعید/ 146

**● خوێندنەوەی کتێب**

- شارە نادیارەکان و گەشتەکانی مارکۆ پۆلۆ/
هاشم سەرڕاج/ 148

**● نامە**

- نامەی ئەڵماس خان بۆ میرزا شەفیعی کولیایی و وەڵامەکەی میرزا شەفیع/
کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)/ 154

**● بە باڵابڕین**

- وتاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە سیمیناری ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری ڕامان دا/ 158

**● سووکە لەنگەر**

- پەڵەی ڕەخنەی شیعری کوردی لەسەر ئەدەبەکەماندا!/
فازیل شەوڕۆ/ 160

# لەیادمانی گوڵە بڵێسەدارەکانەوە

نەژاد عزیز سورمێ

**«ئێمە ئەوەین زیندان**
**لەخۆمان دەکەینە گوڵستان،**
**کە زیندانمان گوڵستان بێ**
**گوڵستانمان دەبێ چی بێ»**
**(شەمسی تەورێزی)**

**(١)**

/ئێوارە / ڕەنگی / ڕووبارە / شینە / زەردباوەکان /
/دەداتەوە /.. /
/ترس / بە / کلاوێکی / بەڵەکەوە / سەرەتاتکێمان /
/لەگەڵدا / دەکا.. /
/هەڵپەی / کارامەیی / یاڵی / بە / ئەسپە /
/چەقیوەکانەوە / نەهێشت. /

گوڵاڵە سوورەی کانی مرادان
هانا بۆ عاشقان دێنن؛
تۆ مەنووە، ئەستێرە گەشبوونان بگەڕێوە
کە هاتییەوە دەبینی
چۆن دنیا
دەست لەبەر پشتی شەو دەنێ.

**(٢)**

/تەمەن / بایی / ئەوە / نەبوو /
/پەرژین / بە / دەوری / ئاوباران / هەڵچنین /
/شووشەی / شەبەنگی / پاڵ /چرا /
/ئادگاری / تێکشکاو / ئەلهای / مەرگ /و /
/هەتاو / لە / یەک / کاتا.. /
/لە / یەک / کاتا / ئەلهای / مەرگ / و / هەتاو /

بای وادە
لەپاڵ پاردەی بیرەوەرییەکاندایە.
بوولێڵم لە کاژەکانی بەندەن داماڵی.
نەمهێشت گەڵاکان
پەیمان بشکێنن.
نەمهێشت لێڕەوار،
گلاراو.. پێکوڕە
لە هاژەی سەهەندی
ئەم چەرخە غەددارە بخنکێ.

**(٣)**

/فرمێسکی / ماندوو /لە / بۆسەیەکی / ئەفسانەییدا /
/کەنار / بە / گوڵی / هەڵایساوەوە / خەملێنرا بوو /



/ئەی / ئاهەنگی / هەنسکاوی /
/کە / لە / پێش / قافڵەی / بادەنۆشانەوە /
/بارت / لێ / خستووە /
/دەمەوێ / باخچە / خۆڵەمێشییەکانی /
/تەنیاییت / ببینم. /

بادەگێڕ
بە پەیمانەی پیرۆزی
برینەکانمی درەوشاندەوە
بێ هاوتایە ئەزەل، پەری دێم
خۆت بەنیازی
پەیژەیەکی شکاوەوە مەسپێرە،
بێ هاوتایە ئەزەل.

(٤)
/پرسیار / تەنگیان / پێ هەڵچنیوم.. /
/سەرابە / ڕێ.. /
/چەندی / ڕۆیشتم / نەگەیشتمە / مرۆڤ /
/چەندی / ڕۆیشتم / نەگەیشتمە / دڵم /
/کە / لە /نێوان / شکان و / نەشکاندایە. /

لەڕێوەڕەسمی ئاهەنگی مەرگی گوڵەمێخەکدا
وێستگەی پاسی
شارەکانم بیرکەوتەوە..
لە شۆستەی باغە سیمکراوەکانی
ئەم بەر و ئەوبەری ڕێگا
گۆڕەپانی نوێکردنەوەی ناسنامە!

(٥)
/هەمیشە / دەیگوت / نامەوێ / تەنیا /بم /
/ئەو / شانۆییە / تا / دێ / ماندووترمان / دەکا /

تۆ بیرت لێ کردووەتەوە
لەناو هەنارێکی قەڵەشتوودا
چ دەگوزەرێ؟
بیرت لێ کردووەتەوە
لەبن چیلەمێوێکدا
چ ژانێکی ئاسنین پێدەکەنێ؟

(٦)
/خۆشەویستیت / بە /من / نەدەشاردرایەوە /
/لە / کۆڵ / خۆمدا / هاتبووم /
/کورسییەکی / تەنیا / لەو / لاوە / کەوتبوو /
/شانی / بۆ / هەڵدەتەکاندم /
/ئەفسووس / ئێستاش / لە / ئاماژەکانی / نەگەیشتم /

لەرینەوەی قامچی
جێوڕێی خۆمم پیشان دەداتەوە
چەقی کاتژمێر ئینجانە.

(٧)
/باراغمان / بۆنی / خاکی / پێوە / نەماوە /
/جەستە / شێوێنراوەکان / بردوویانە /
/جۆگەلی / بنار / خەمی / حەوزەکانی / خۆیانە /
/هەمووومان / چاوەڕێی / گەڕانەوەی / جەنازەی /
/خوێناوی / ڕووبار / دەکەین / هەمووومان.. /

لە کەپەنەکی شوانێکدا نوستبووم
خەونم بە بارانەوە بینی
بەدیار ئاگری باڵانوێنی کۆچەرییانەوە.
زمانی شازادان فێربووم؛
ئەرخەوان، زێڕئاژن
ئەرخەوان، دەنگی با، وینگەی بەرد
ئەرخەوان، شەیدایی خەڵوەت
ئەرخەوان، ئاڵا.

(٨)
/ئاسمان / لە / حەزو / ئەڤینمان / هەڵدێ.. /
/سێبەر / شەفەقمان / لێ / دەتۆرێنێ /
/نە / دەرگا /نە / ئاراستە /نە... /

ێمانەوێ دەتوانین
لە دڵۆپێک باراندا
زستان ببینین.
ێمانەوێ دەتوانین
لەزەردەخەنەی کەویە بەفرێکدا
هاوین ببینین.
ێمانەوێ دەتوانین
لەسەر قەنەفەیەکی شکاوی (مەچکۆ)دا
دنیا ببینین.

(٩)
/بە / خەڵوەتی / بێ / نەواییدا / دەڕۆن /
/کەس / خۆی / لە / هاوڕێکەی / ناکاتە / خاوەن /
/ئەم / پەنایە / ئیتر / ژیانی / لێ / نەماوە /

کەپکە شاخێکی زیز
لە کەنارێکی شێتدا
چاوی بڕیبووە دارستان
تارمایی مردن نەبوو
خۆڵبارانی تەم بوو،
لە هۆشیارییەکی مەستدا
لە قۆزاخەی گوڵێکی نەپشکووتوودا
لە بنکەی ئەبەدییەت..
کەپکە شاخێکی زیز
لەکەنارێکی شێتدا
چاوی بڕیبووە دارستان.

(١٠)
/هیوای / ڕەش /
/ڕەش / تا / تاریکی /
/تاریکاییەکی / شێت
/شێت / تا / هیوا /

من لەنێوان دوو شوورەی دڕکاویدا
لەنێوان دوو شووره
لەبەر پرشنگی نیگاکانت
ئیمتیحانی وانەی
مۆمی دەم بام دایەوە..

(١١)
/ئەو / گوڵەی / لە / دەستت / گرتووە /
/بلێسەیەکە / لە / حیلەی / ئەسپ / ئەچێ / دەنگ / دەداتەوە /
/ ئایا / بۆمان هەیە / خەم / بۆ / ڕەنگپەڕیویی / خۆمان / بخۆین؟/
/بۆمان / هەیە / ئەندازەیەک / بۆ / گۆڕستانەکانمان / دابنێین؟/

بیرەوەرییەکان
پێشزانیبیان فێرکردم؛
هەمووومان دەڕۆین
قەسیدە خەماوییەکانمان دەمێننەوە
کێشمانەی خۆیان دەدەن..

(١٢)
/ژەنگ / ژەنگ /
/لە / هاتی / دا / ژەنگ /
/لە / قاتی / دا / ژەنگ /

شووشەیەکی بەتاڵ
لە پیادەڕۆییەکی بنبەستدا کەوتبوو
ڕێگر نەبوو، جەردە نەبوو
بوونەوەرێکی ئەفسانەیی نەبوو
شووشەیەکی بەتاڵ بوو
شەڕی مان و نەمانیان لەسەرکرد!

(١٣)
/چرپەم / بۆ / نەخوێندرایەوە /
/ئەم جارە / سروە / لە / میحرابی / پاییزدا / هەڵناکا /
/خۆر / لەسەرمان / پاڵتۆی / هەورانی / پۆشیوە /

لە ترافیک لایتی ئەوسەری شەقامدا
درەختێکیان ڕاقەناند
شاعیرێکیان سارد کردەوە..
لە ترافیک لایت
درەختان بەردەدەنەوە
شاعیران سارد دەکەنەوە..


حوزەیرانی ٢٠١٣

# هەندێ ڕۆژ... هەندێ دەقیقە

دلاوەر قەرەداغی
(سلێمانی)

هەموو شت باشە
گوڵ و بەرد و باڵندە دڵخۆشن
هەرمێ نیو فەرسەخی دەوێ
بۆ پێکەنین
چ پەلەمان نییە
دوو پەلک تریفەمان لە پێشەوە ماوە
نۆرەمان بگاتێ و
سواری بەلەمەکە ببین و بڕۆین

لێرەوە تا ئەوپەڕی حەکایەت
غەریبیی هەیە
بە قەد ژمارەی بەرد و گیا و باران
بۆ سەفەر... ڕێگە هەن
لێرەوە بە درێژایی نەگەڕانەوە
دڵەخورپە هەن و
ترس و
ون بوون



کە هەنگاوێک پێشم دەکەویت
ترسی دونیام لێ دەنیشێ... بفڕیت و
دیار نەمێنیت
بانگت دەکەم و
بە شتی ترەوە دەتخلافێنم،
بە زەوی و مناڵی و نوقڵ و غەریبییەوە
سەرێک با دەدەیت
وەک ئەوەی بە چرپە بڵێیت:
تەماعی هیچم مەدە بەر،
تۆ خۆت... بۆ مانەوە
باشترین پاساویت!

ڕێکەوتی چۆلەکەکان دەکەم
چاو بە چواردەور و
خوار و ژووری خۆمدا دەگێڕم و
بە ئاماژەی دەست،
تێیان دەگەیەنم:
شوێنێکی جوان شک
دەبەم بۆ خوێندن
پەلەپەل بە قوڕگێکی پڕ لە تەمەوە

دەجریوێنن: لە کوێ؟
بە چرپە پێیان دەڵێم:
با بڕۆین پێکەوە... وەرن لەگەڵم
بۆ حەوشەی پشتەوەی دڵم!

مردن ساردترە
لە بەفر
بەفر سپیترە لە مردن
هیچ شتێک نییە،
لە بەفر ساردتر بێ و
سپیتریش بێ
لە مردن!

گوندێکی بچکۆلە
لە قەدپاڵێکدا باوێشک دەدا
گوندێک هێندەی قەبری منداڵێک
شەرمن
کە ئاوڕیشی بۆ دەدەینەوە
ئینجا بە هەزار حاڵ
دەیبینین!

چ باشتر،
ڕێی گەڕانەوە بەڵەد نین
کەواتە با هەر لێرە... لەم شارە چەپەک و جوانە
لەسەر غەمگینترین و دڵڕەقترین خەرەند
کوختێکی بچکۆلە بۆ خۆمان
ڕۆ بنێین!

بانگت دەکەم
وەڵام نادەیتەوە
دەگەڕێم بە دواتا... ناتدۆزمەوە
سەر دادەگرم
نزیک
نزیک
نزیک
دەنگی هەناسەبڕکێ و
لێدانی دڵت
لە خۆمدا دەبیستم!

**ئازاری ٢٠١٤**

# لە دەرەوەی ژیان دەژیم

نالە حەسەن
(کەنەدا)

هەموو ڕۆژێ
بە چاوەکانی خۆم دەبینم
مردن
لە نێو کۆڵانەکان پیاسە دەکات
پیاوێکی جاویدانیش
کتێبێکی بە دەستەوەیە و
قووڵ قووڵ
مەست مەست بیردەکاتەوە
یەکەم جاریشە ببینم
ئاو لە ژیان بتۆرێ
باران بەسەرخۆشی ببارێ
پەپوولەکان بە ڕووتی گۆرانی بڵێن
گەڵاکان بە درەخت و گیا بە خاک نامۆ بێ

ئەمڕۆ لە جیاتی خۆم
وشەکانی نێو خەیاڵم سەفەر دەکەن
بەنێو تەمە سپییەکانەوە
ڕەت دەبن
لە کوژاندنەوەی مۆمی نێو شیعرەکانم
بێزار بوون
بەدوای پرسیارە گەورەکانی نێو خەونەکاندا
دەگەڕێن
جارجارەش لە نێو هەورە ڕەشەکاندا ون دەبن
ون ون ون
جارێکی تر
بۆ نێو من و شیعرەکانم
ناگەڕێنەوە

منیش
لەم پەرتبوونی جەستە و
پەرتبوونی خەون و
لەم ڕووبەری پارچە پارچە بوون و
نیگەرانییەی ڕۆحدا
شیعر دەکەم بە نیشتمانی خۆم
خۆم نا
تەنیاییم دەگەڕێنمەوە نێو ژیان
لەنێو
بازنە سواوەکانی کات



سەرم دەسوورێ و
ڕەنگەکانی نێو نیگاری ئارەزووەکانم
ناناسمەوە
لە خەونەکانم بێزار بووم
عەشقیش
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەنیاترو
تەنگەنەفەسترم دەکات
وەرزەکانم پڕ دەکات لە بێهودەیی
پیاسەکانم پڕ دەکات لە بیرکردنەوە
بیرکردنەوەکانم پڕ دەکات لە خۆڵەمێش
ئەوە مودەتێکی دوورودرێژە
حیکایەتی شەوە سوورەکانی من
کەرنەڤاڵێکن لە شێتبوون

بۆخۆم دەڕۆم
لە دەرەوەی ژیان
ماڵێکی تر دروست دەکەم
هاوارەکانم دەتاوێنمەوە لەنێو بێدەنگیم
خەمەکانم پڕ دەکەم لە زەردەخەنە
لە دەرەوەی ژیان
دەگەڕێمەوە نێو بوون
تا هەتایە لە نێو منداڵیم دەمێنمەوە
لە دەرەوەی ژیان
تەنیاییم پڕ دەکەمەوە لە هەناسە
تا هەتایە بە تاقی تەنێ
لە دەرەوەی ژیان دەمێنمەوە
دوور لە خۆم و
دوور لە عەشق و
دوور لە ئاوەدانی
بەس دوور لە شیعر نا!

لە دەرەوەی ژیان
لەو دیو ڕووبەری نیگەرانی
بەدوای وێنەکانی خۆم نا
بەدوای پەیکەری بووندا دەگەڕێم
لە دەرەوەی ژیان
لەو دیو سنوورەکانی تەنیایی
بە دوای ناو و دەنگی خۆم نا
بە دوای پەیکەری ئارەزووەکاندا دەگەڕێم

لە دەرەوەی ژیان
لە نێو گەڕەکەکانی ئەو دنیا
ئەفسانەی ونبوونی خۆم دەنووسمەوە
وەک گەڕیدەیەکی گەردوونی
هەردەڕۆم و هەردەڕۆم
لەدەرەوەی ژیان
گوێ لە ناڵەی ئەستێرە بێ ئومێدەکان ڕادەگرم
جار جارەش لە نێو خەونی پەپوولە مێیینەکان
دەمێنمەوە
سەرێک لە باخچەی گوڵە تەنیاکان دەدەم
دواجار لەسەر پشتی شەپۆلێکی یاخی
هەردەڕۆم و هەردەڕۆم
دەڕۆم
هەموو کیشوەرەکان و
ئۆقیانووسەکان... جێ دەهێڵم
هەموو
برادەرەکانم
دولبەرەکانم
کتێبەکانم... جێ دەهێڵم
دەڕۆم
لە دەرەوەی ژیان
شیعر دەکەم بە ماڵ و نیشتیمانی خۆم
لە دەرەوەی ژیان
لە نێو گەڕەکە ئارامەکانی ئەو دنیا
بە تاقی تەنێ
لەگەڵ خۆم و
لەگەڵ خەونە شینەکانی نێو شیعرەکانمدا دەژیم

**ئاداری ٢٠١٤**

# دەرەوەكە راستی

ئەنوەر كاراهان
(مێردین)


تە كاریبوویا جارەكێ ژ دەرەوا من باوەڕ بكرا
بەلكی هەوجەداری ب نفرێن تە نەما
ژ بەر كو راستی كەلەم ئە د دلێ تە دە
ئێشێن تە پوختە نابن ب گۆتن و لبەرگەرینێ
ژ بلی گڕ و ئارێ هەزكرنێ،
كوچك و تەنوور د ناڤا تە دە سار ن
دەڤ ژ راستیێ بەردە،
بەرێ خوە بدە دەرەوێ،
بەلكی ژی راستیا مە ئەو دەرەو بخوە یە!

دە كا ڤر دە وەرە دەلالێ،
خوە ژ سەرێ وی بانی بەردە
هەوجە ناكە تو ئەو ڤاسی بلند هەرە
پچەكی ل راستیا خوە ڤەگەڕە
ژ وێ دەرێ تو ڤڕ خویا نابە،
هەموو كەتنە بنێ ڤێ دارێ،
مینا توویێن گەوركن
وەختی ل سەر دەینن تووتك و بەیتك
دێ پارا مە نەكەڤن تو ئوفارە و بنك

نایێ داویا دەرەوێن من
ئەم نكارن بگهێژن بەزا راستیێن تە
ژ خوە بشەقتینە كراسێ شەڤا خوە
تێكەڤە بەر ڤی مزاوری
ب ماچ و گەزان هەیفێ هلینە
ژ نەیارێ راستیێن خوە

دە كا وەرە ڤێ قەراخێ
سەرێ خوە دەینە سەر كەسەرێ
دەرەوێن كو بوونە قسمەتێ مە
د وەختەكە تامسار دە سەری هلدانە
ئەو بێمراد ن، بەراڤێتیێن راستیێن تە نە
تو ب تەنێ هەنەكێ خوە پێ بكی
و د بەر رە ببوهوری
تو بگری قەدرێ یاری،
دەڤ ژ راستیێ بەردی

داویا ڤێ دنیایێ تم دەرەوە
دە كا وەرە،
عەمرێ چوویی ئێدی نایێ
بەلكی ئەو دەرەو ببە راستیا مە.



# چەپکێک هایکۆی فارسی

لە فارسییەوە: کامەران هەڵوەدا
(بۆکان)

(١)
بە باکان بڵێ بێرەدا نەیەن
من چیم هەیە
بیرفێنن.
(سیمین ڕەهنەمایی)

(٢)
بڕکە هارویکان
گوڵیان کردووە
ئیدی داوەڵ ناحەسێتەوە.
(مەسیح تالێبیان)

(٣)
هەموو لە سەنگەرێکداین:
سەرباز، پلەدار
جرجەمشک.
(عەلی ئەسغەر بەیک وێردی)

(٤)
بەرەڵڵا کراین
لەم ڕکەوە
بۆ ئەو ڕکە.
(عەباس گوڵکار)

(٥)
کازوکووزی بەیانی
نازانم
گریام، یان نا.
(سیرووس نەوزەری)

(٦)
زەرد و سوور و سەوز
پیرەداری گوێز
جێ پەنجەی پاییز.
(ڕەزا ئیبراهیم زادەگان)

(٧)
سەری سووڕ ماوە مام ڕێوی
لە غاردانی بابردەڵە
بەدەم باوە.
(شارام ئەناری)

(٨)
شا ئەو هەموو گوڵە.
لەسەر فێنکایی بەردی بەستێنی چەم



چ دەکا پەپوولە؟
(شارام ئەناری)

(٩)

خەنجەر بە دەستەوە
مانگی نوێ
لە کەمینی ئەستێرەیەکدا.
(باقر پیرابی)

(١٠)

لەگوێن گەڵایەک
بە دنیاوە
هەڵواسراوم.
(بیژەن نەجدی)

(١١)

ساڵی نوێ
قرمەی گوللە
بەردەوام.
(عەلی ئەسغەر بەیک وێردی)

(١٢)

پانتایی ژیان
لە مردن
واوەتر دەچێ.
(بیژەن نەجدی)

(١٣)

بەفر لێی کردووەتەوە
چاوی لە ئاسمان بڕیوە
بووکەبەفرینە.
(کەتایوون ئامووزگار)

(١٤)


هێڕەی
کارژۆڵەیەکی پەرەوازە
دەر و دۆڵی داگرتبوو.
(ئەمیرعەباس موهەندیس)

(١٥)

دەرگەکان دەکرێنەوە
بە دەست
بە با.
(ئیحسان ڕەزایی)

**سەرچاوە:**

**هایکونویسی، سیری در هایکو و هایکوی ایرانی - سیروس نوژری - انتشارات نگاه - تهران ١٣٩٠.**



# وێنە دیوارییەکان

**فەڕوخ نیعمەتپوور**
**(نەرویج)**

چەند ڕۆژێکە چەند وێنەیەکی لە سەر دیواری ژووری خەوتنەکەی هەڵواسیوە. هەشت چوارچێوە و قاڵبن و پێنجیان وێنەی تێدان. هەر دە ساڵ لە تەمەنی و یەک وێنە. لە منداڵییەوە تا سەردەمی ئێستا... تا تەمەنی پەنجا ساڵی. دەڵێن کە نیو سەدە لە تەمەنی مرۆڤ ڕۆیشت، دەبێ بەسەری بکاتەوە. دەڵێن ڕوحی "بوون" و جیهان هەر نیو سەدەیەک گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا دێت. شوێنی سێ وێنە بەتاڵە. وێنەکانی دەیەی شەش و حەوت و هەشت. ئەم نەریتەی لە خانووی نۆروێژییەکاندا بینیوە و لەوێوە هەڵیگرتووەتەوە. ژن و پیاوە پیرەکانی سەرووی حەفتا و هەشتا کە لە ژوورەکانیاندا لە سەر تەختە خەوەکان هێمنانە و بێ جووڵە و بێ بڕست پاڵ کەوتوون و ئارام و بە حەسرەتەوە لە ڕۆژانی زووی تەمەن و ژیانیان دەڕوانن. ئەو نیگایانەی جاری وایە ئەوەندە ساردن کە ئەم نازانێ داخۆ پڕی حەسرەتن، یان ترس لە مەرگ و لە داهاتوو.

لانی کەم هێشتا سێ دەیەی تری بە بەرەوەیە، هەڵبەت گەر نەخۆشی، یان کارەساتی کتوپڕ ئیزنی بدەن. ئا، ئەو دەتوانێ لانی کەم سێ دە ساڵی دیکە بژی، بەڵام.. بەڵام نازانێ بۆ هەر لە ئێستاوە حەز دەکا لاسایی نۆروێژییە پیرەکان بکاتەوە.

پێش ئەوەی بخەوێ، بۆ دواجاری ئەو ڕۆژە لە سەر پێخەفەکانییەوە سەیری وێنەکانی تەنیشتی دەکا. ئەوسا سەیری چوارچێوە بەتاڵەکان. ئەو چوارچێوانەی قەرارە لە داهاتوودا وێنەکانی تر لە خۆیان بگرن. عەکسەکانی نزیک لە پیری، تەنانەت خودی پیری. بڵێی چۆن بنوێنن؟ هە، لە دەیەی پەنجای تەمەندا، هێنانە بەرچاوی ڕواڵەتی پیری زۆر ئەستەم نییە، ئاسان بە دەستەوە دێت. سەر و ڕیشی سپی، زۆر یارمەتی دەدەن، بە تایبەت گەر ڕیش بهێڵێتەوە و دواتر لەبەر

ئاوێنەدا گڵۆپەکە بە سەر سەرتەوە بێت، باشتر بڵێین بە سەر ناو چاو و تەوێڵتەوە، ئیتر چرچەکان زۆر بەرچاوتر دەنوێنن، تەنانەت قـووڵتـر... یەکجـار قـووڵتـر. ئاه، چ دیمەنێکی سامناکە!

چەند ئەلبوومی پڕی وێنەی هەیە، وێنە جۆربەجۆرەکان. عەکسی خزمان و قەومان، خەڵکی گەڕەک، دۆستان و خـۆی. ئەو پێی وایە ئەلبـووم، مـێـژوویەکی گـچکە و گرنگە، مـێـژوویەک، وێنە دەینووسێـتـەوە. وێنەکانیش ئەوەندە وێنەگری جۆربەجۆریان هەیە ئیدی کەس ناتوانێ بڵێ کە بە ڕاستی نووسەری ئەم مێژووە گچکە و گرنگە کێن، کێـهـان، نووسەرە بێ ناو و نیـشانەکانی ونبووی کۆلانەکانی ڕابردوو.

لە ناو وێنەکـانـدا، وێنەی هاوڕێ مـردووەکـان زیاتر لە هەر شتێکی تر سەرنجی ڕادەکێشن. ئەوان هەمیشە بە گەنجی ماونەتەوە. ئەوان ئیـتر پێویست ناکا وەک ئەو لە بیـری هەڵواسـینی وێنەکـانیـان لە سـەر دیواری ژووری خەوتنەکانیـاندا بن، کە سەیریان دەکا، بۆ خۆیشی وەک ئەو ساڵانەی لێ دێتـەوە، بڕوا ناکـا ئەوەندە تێپـەڕیوە. شـتـێک لەم نێـوەدا هەڵەیە. ئەلبـوومـەکـە دەبەسـتێ و چاوەکانی دەقوونجێنێ، بەو نیبەتەی کە چاوی هەڵێنا لە جیاتی وێنەکان، خودی کەسەکان لەوێ لە تەنیشـتـیدا بن، ڕێک وەک ئەو ساڵانە، بەڵام چ خەونێکی بەتاڵ و چ ئارەزوویەکی ناماقوڵ! ئەلبوومەکە بە قەد خودی مەرگ، ڕەق و چیڕ و مانگرە. ژیان دێ و دەڕوا، بەڵام مەرگ نا، مەرگ نایەت و بڕوا، ئەو هەمیشە یەک جۆر "بوون"ـە.

سەیری وێنەکان دەکاتەوە، کتوپڕ بە بۆچوونێک دەگا. ئـا، وێنەکـان ژیان دەهێـڵنەوە. تۆ لەوێ لە ناویدای و دەسـتی مـەرگ ناتگاتێ. چرکـەیەک لە تەمـەن بووە بە ساتێکی هەمیشەیی... بۆ هەتا هەتایە. ڕەنگە لەبەر ئەم هۆیە بێت پیـرە نۆرویژییـەکـان حـەزیان بە هەڵواسـینی وێنەکانیـانە. ئیـتر لەوە دڵنیا دەبن کە بۆ هەمیشە لێرە دەمێننەوە. مەرگ بەزێنەرەکانی کاروانی ژیان.

بزەیەک دەکـەوێتـە سـەر لێـوی. بە ڕاسـتی زیرەکن. بە "هەشت" وێنە دەتوانرێ ژیان وەک مـــەرگ لێ بکرێ. "بوون"ێک بۆ هەمـیـشـە. ئیـتـر شـەوەکـانی تاریکی و خەوتنی ناو ژوورەکـان زۆر ترسناک نابن، بە تایبـەت لە شـەوە سـارد و دوورودرێژەکـانی پاییـز و زسـتـانـدا. لەو شەوانەی وا زەوی سەرتاسەر سپی و ئاسمان سەرتاسەر ڕەشـە. لەوێ لە سـەر دیوارەکـە، منداڵی، مێـرمنداڵی، گـەنجـیـتی، گـەورەسـاڵی و پیـرێتی هەن. ئەوان لەوێن، ئەگەرچی تۆ تێت پەڕاندوون.

سەیری وێنەی منداڵی خۆی دەکا. نیگایەکی مەعسووم لە باوەشی دایکیـدا... دایکێکی دوورە دەست. سـەیری وێنەی کـاتی مـێرمنداڵی، نیگایەکی شەیتانانە و پڕ لە حەز لە کۆلانێکی خۆڵاویی ساڵانی دووردا، سەیری کاتی جەوانی، نیگایەکی پڕ جـووڵە لە بەسـتـێنی سروشـتـدا سروشتێک لە بۆن و ڕەنگێکی تر، سەیری وێنەی گەورە ساڵی، نیگایەکی قووڵ و تەنیشت سنووری ماندوویی لە چایخـانـەیەکـدا. چەند سـادە و سـاکـار بە کـۆکـردنەوەی قۆناغـەکانی تەمەنی لە چەند وشە و دەستەواژەدا دەگا: دە ساڵی یەکەم "مەعسوومی"، دە ساڵی دووەم "زیرەکی و حـەز"، دوو دە سـاڵی سـێـیـەم و چوارەم "جـووڵە"، سەرئەنجام دەیەی پێنجەم "قووڵی". بیـر دەکاتەوە "ژیان بۆیە وا خـێـرا تێدەپەڕێ... ژیان تەنیا بریـتـییـە لە چەند وشـەیەک!" ڕقی لە زمـان دەبێـتـەوە. ئەگـەر زمـان نەبێ سـاڵەکـان هەر وەک چۆن هەن دوورودرێژ دەنوێنن. ئەوە وشەکانن کورتیان دەکەنەوە... یەکجار کورت، ئەوەندە کـورت کـە زەمــەن و ژیان دەبن بە مـەودای کـەوتنی زەڕنەقـوتەیەک لە هێـلانەکـەیەوە بەرەو زەوی، بەرەو ئەو شوێنەی پشیلەیەکی مڵۆزم خۆی تێدا حەشار داوە.

ڕقی لە نۆروێژییەکانیشە، لە پیرەکانیان. ئەوانیش بە داهێنانی ئەم شێـوازە لە هەڵواسینی وێنە، ئەوەندەی تر کارەساتەکەیان قووڵتر و بەرفراوانتر کردۆتەوە. وشەکان تەنیـا بوون بە چەند قـاڵب و چوارچێـوە. بە یەک نیگا دەتوانی هەر هەموویان ببینی. زۆر خێراتر لە گوتنیان... لە گـوتنی وشـەکـان. بە سـەرکـردنەوەی هەشت قـۆناغ لە یەک چرکەدا! چ کارەساتێک!

دەست دەبا وێنەکـان کـۆدەکـاتەوە. دەیانخـاتە نـاو کارتۆنێکەوە. سەیری سەعـاتە دیوارییەکە دەکا. سەعات دوازدەی شەوە. سبەی فـڕێیـان دەدا. جا بۆ فـڕێدان؟ ئا، سبـەی دەیانخـاتە ژێر زەمین. سـەرەتا وێنەکـان بۆ ناو ئەلبـوومـەکـەی و دواتر چوارچێـوەکـانیش بۆ ژێرزەمین. کـارتۆنەکـە لە تەنیـشت تەخـتی خـەوەکـەیدا دادەنێ. گڵـۆپەکە دەکـوژێنێتـەوە و دەچێتـە ناو جێگاکـەیەوە. لە دەرەوە بەفـر دەبارێ و کلوە درشتـەکـانی بەفر ئارام ئارام دەنیشنە سەر زەوی. پەردەکە جوانتر لادەدا. تیشکی بەفر

دەگاتە هۆدەکە و ڕوونی دەکاتەوە... بە ئاستەم. زستان، ساتەکان درێژتر دەکاتەوە. بە پێچەوانەی وشە و بە پێچەوانەی وێنە. ڕادەچەنێ. وەک بڵێی شتێکی دەگمەنی دۆزیبێتەوە. شاکارێک لە گەڕان و لە پەیداکردن، کەواتە گوناهی زستانە. وشە و وێنە لەبەر زستان دروست کراون. هەڵدەستێتەوە. بە بێ ئەوەی گڵۆپەکە دابگرسێنێتەوە، دەست دەکا بە هەڵواسینەوەی وێنەکان. لە تاریکی و ڕوونیی ناو ژوورەکەدا زیاتر چوارچێوەکان دیارن. وێنەکان لە ناو شەڕی سێبەرە سپی و ڕەشەکاندا ونن. نە دەیەی منداڵی دیارە و نە دەیەی گەنجیەتی و نە گەورە ساڵی. تاریکی هەموویانی قووت داوە. دەگەڕێتەوە و دەچێتەوە ناو جێگاکەی. پەتووەکەی تا گەردنی دەکێشێ و لە بنمیچی نادیار دەڕوانێ. چەند هەموو شتەکان و هەموو "بوون" لە بەر چاویدا دەبن بە "هیچ". ئەوەندە دڵی دەگوشرێ و تەنگ دەبێ کە هەناسەی لێ سوار دەبێ. وەک بڵێی سێبەرێکی تاریک بە دەستەکانی خەریکی گوشینی قوڕگیەتی. سێبەرێکی نەگریس و نەگبەت. لەو سێبەرانەی دەکرێ ببن بە هەڵلوشەرانی هەموو ژیان. بە پەلە بەتانییەکە لادەدا و هەڵدەستێتە سەر سمت. دەست بە دەموچاویدا دەهێنێ.

– هەموو شتێک خەتای وێنەکانە!

بەو نیوە شەوە دیسان وێنەکان کۆدەکاتەوە و کارتۆنەکە هەڵدەگرێ و کلیلەکە دەخاتە گیرفانی بچووکی بێجامەکەی و بەرەو ژێرزەمین دەڕوا. بە پەلە، یەکجار بە پەلە.

– شوێنیان ئەوێیە. هەر هەموویان. وێنە و چوارچێوە و... ئەسڵەن هەموو قۆناغەکان و بیرەوەرییەکان.

دەرگای ژێرزەمینەکە دەکاتەوە. لە ژێر تیشکی کزی گڵۆپێکی بیست واتیدا ئەو کەلوپەل و شڕە و پڕانە دەبینرێن کە بە بێ نەزم و هەڵڕژاوانە سەرتاسەری کەفەکەیان داپۆشیوە. هەست بە سێبەری ترساوی مشکەکان دەکا. چاو دەگێڕێ. وێنەکان لە کوێ دابنێ؟ کۆمۆدێکی گچکەی قەدیمی دەبینێتەوە. چەکمەجەی ناوەڕاستی دەکاتەوە و وێنەکانیان تێ دەپەستێوێ. تۆزێکی نەرم لە دەم و لووت و ڕوخساری دەئاڵێ، کە دەکۆکێ، کۆکەکە دەبێ بە زرمە.


– هی چیمەنتۆیە... هی دیوارە سارد و سیمانییەکانە.

بەرەو ژوورەکەی دەگەڕێتەوە.

سەعات دەوروبەری سێی نیوەشەوە و بە دەنگە دەنگێک خەبەری دەبێتەوە. سەرەتا پێی وایە خەو دەبینێ، بەڵام نا دەنگەکە لەوە ڕاستەقینەتر و ڕیاڵترە گومان بیسڕێتەوە. لە دەرەوە هەر بەفر دەبارێ. کتوپڕ سێبەرێک دەبینێ. سێبەرێک لەو سەری ژوورەکە لەبەردەمی ئەو دیوارەیدا وا وێنەکانی پێدا هەڵواسرابوو. سێبەرەکە خەریکی کارێکە. گڵۆپە سوورە کزەکەی پشت سەری هەڵدەکا. ئەوسا مرۆڤێک دەبینێ... مرۆڤێکی سێبەر. خەریکی هەڵواسینی هەشت قاڵبە بە هەشت وێنەوە. پێنج وێنەی سەرەتا هەر هەمان وێنەکانی ناو ژێر زەمینەکەیە و...، بەڵام ئەی ئەوانی تر؟ ئا، سێ وێنەکەی تر، وێنەی کاتی سەرەوخواریی بەرەو پیری. چاوی وێنەکان لەو فەزا بوومەلێڵە ئاسادا دەبینرێن... دەدرەوشێنەوە. وەک بڵێی بۆ ئەوەی ئەم بتوانێ بیانبینێ. جووتە چاوی دەیەی شەشەم تیژن، جووتە چاوی دەیەی حەوتەم پڕ لە پرسیارن و جووتە چاوی دەیەی هەشتەم غەمگین یەکجار غەمگین. سێبەرەکە وەردەگەڕێ و ڕوو لە تەختەکەی ئەم دەکا. بۆ یەکەم جار دەبینێ کوورە، ... کوورە دەڕوا. بە لۆژە لۆژ. پیرێکی نزیک هەشتا ساڵ تەمەن. وەک بڵێی هەرچی بەفری دەرەوەیە لە سەر شانی ئەو باریبێ. سەیری دەرەوە دەکاتەوە، بڕوا ناکا لە نێوان بەفری هەشتا ساڵ لەمەوبەر و بەفری ئێستادا جیاوازییەک هەبێ.

سێبەرەکە دێت و ڕێک لە سەر جێگاکەی ئەو و لە ناو جەستەی ئەمدا ڕادەکشێ و... دەخەوێ. بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوەکانی. لە دوا چرکەکاندا لە ڕازی ژیان گەیشت:

– کەواتە ژیان بە مەعسوومییەتەوە دەست پێدەکا و بە غەمگینی تەواو دەبێ!



# وەرچەرخان

موعتەسەم ساڵەیی
(کەرکووک)

بێ هوودە هەنگاوی سست و خاوی بەرەو پێشەوەی دەنا، خۆیشی بە تەواوەتی نەیدەزانی هەنگاوەکانی بەرەو کوێی دەبەن. ئەوەی لە مێشکیدا جێگیر ببوو لەوەدا خۆی دەبینییەوە گوایە لەم شەو بە دواوە دەبێت وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە ژیانیدا بهێنێتە کایەوە. لە هەندێک شوێندا ڕووناکی گڵۆپی کۆگاکان و لایتی ئۆتۆمبێلی سەرجادە قیرەکە، بەرچاوی زیاتر ڕوون دەکردەوە و دنیای بە ئاڵوواڵا دەخستە پێش چاوی. لەپڕ ساتمەیەکی کردو هاوسەنگیی خۆی لەدەست دا و بە هەموو هێز و توانایی خۆیەوە هەردوو دەستی درێژکرد، هەردوو چنگی بە توندی لە ستوونێکی کارەبایی گیرکرد و توانی خۆی بگرێتەوە و بەدەمدا نەکەوێت. هەر لەوکاتەدا بوو لاوێک بەهانایەوە هاتو ویستی یارمەتی بدات، ڕووی خۆی بەلای لاوەکەدا وەرچەرخاند و بزەیەکی بۆ کرد و دەستی بەقسەکرد و وتی:

– سوپاست دەکەم سەبارەت بەوەی ویستت بەهانامەوە بێیت.

لاوەکە هەندێک لە ڕوخساری وردبووەوە و ئەوسا بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت، نەختێک هاتەوە سەر خۆی و لەبەرخۆیەوە وتی:

(باش بوو توانیم لەکاتی پێویستدا خۆم بگرمەوە و بەسەردەما نەڕمام. گەر یەک تەختە لەسەر سک بەسەر شۆستەکەدا بکەوتمایە، ئەوە دەبوومە مایەی مەخسەرەی هەندێک. هەندێکی تریش لە خەڵکی کە دڵیان ناسکە و خاوەنی دڵێکی بەسۆزن وەک خۆم و ئەم لاوە، بەپەلە پەلمیان دەگرتو دەمیانخستە سەر هەردوو پێم.. بەهەرحاڵ لە هەموو کاتێکدا هەر ئەوەندەم بۆ دەکرێت بزەیەک بەسەر لێومەوە بنەخشێنم و شپرزەیی خۆمی پێ پەردەپۆش بکەم. ڕاستیان وتووە کە ئەم دنیایە پڕە لە کەوتن و هەڵسانەوە و خۆڕاگری.. سوورم لەسەر هەڵوێستی خۆم. دەبێت لەم شەو بەدواوە وەرچەرخانێک لە ژیانمدا بهێنمە کایەوە).

هێدی هێدی و لەسەرخۆ ملی ڕێی گرتبووەبەر و بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا، جامخانەی چەند کۆگایەک سەرنجیان ڕاکێشا، کەوتە تێڕوانین و دیقەتدانی کاڵا ئاڵوواڵاکان، هەردوو دەستی هەڵبڕی و بەتوندی سەری خۆی گوشی. هەستی

بەسەرەگێژ و نەختێک سەرئێشە کرد. خەڵکانێک بەسەر شۆستەکەوە بەم لاو بەو لادا تێدەپەڕین و بەڕێی خۆیاندا دەڕۆیشتن. زۆربەیان بەپەلە هەنگاوی خێرایان دەنا و تێدەپەڕین. بەتەنیا ئەم بەم شەوە لەو نێوەندەدا بە خەمساردییەوە لەسەرخۆ ڕێگای دەبڕی. بزەیەکی بۆ کرد و بەتەوسەوە بە خەڵکەکە پێکەنی. کەوتە خۆ دواندن و وتی:

(داخۆ دەبێت بۆچی ئاوەها بەپەلە و بەبێ ئارامی ڕەوت بکەن؟ گوایە بەتەمای چین و چ شتێکیش پاڵیان پێوە دەنێت تا بەم شێوەیە پەلەپەلیان بێت؟ دڵنیابن کە لە ئەنجامدا بەربەستێکی گەورە و گران هەر ڕووبەڕووتان دەبێتەوە.. من بڕیارم داوە لەم شەو بە دواوە ئاراستەی ژیانی خۆم بگۆڕم و دەربەستی هیچ شتێک نەیەم.. هەنگاوەکانم بەرەو کوێم دەبەن با بمبەن. شەوێکی دوورودرێژە و پێویست بەخێرایی و شپرزەیی ناکات).

ڕووبەڕووی دوو منداڵی هەرزەکار بووەوە، کە دەستەویەخە ڕووبەڕووی یەکتری ببوونەوە، مۆڕەیان لەیەکتری دەکرد و بەتەمای شەڕ و پێکدادان بوون.

بە تەڵفیسییەوە بزەیەکی کرد و گاڵتەی بە هەڵوێستی ئەم دوو منداڵە تووڵازە کرد، لە جێیەکەی خۆی وەستاو کەوتە دیقەتدانی دیمەنی ئەو دوانە. لەپڕ پیرەمێردێکی ڕیش چەرمووی بەساڵداچوو لێیان پەیدابوو و توانی لێکیان بکاتەوە. پیرەمێردەکە دەنگی لێ هەڵبڕی بوو و سەرزەنشتی هەردووکیانی دەکرد، لە پیرەمێردەکە نزیک بووەوە و پێی وت:

– تۆ فریشتەی ڕەحمەتیت. بە قوربانی ئەو ڕیشە چەرمووەت بم. بەخوا هەرچەند تەماشات دەکەم باپیرەی خۆمم یاد دێتەوە. ئەویش بەڕەحمەت بێت برای مەسڵەحەت بوو، حەزی بە ئاژاوە و بشێوی نەبوو. ئەویش تۆ ئاسا گەر هەر قسەیەک کە لە دەمیەوە دەربچوونایە هەموو دوڕ و گەوهەر بوون. گەر عەقڵی ئێستام هەبووایە هەمووم دەنووسینەوە، بێ گومان ئەم زەمانە لاسار و ڕۆژگارە چەوتە پێویستییەکی زۆریان بەو قسە و ڕەفتارانەی ئێوەیە.. باشم لەبیرە کە داپیرەمیش هەردەم دەیوت شەیتان پەلەی کرد و چاوێکی خۆی کوێر کرد.. مامە پیرە پێم ناڵێیت داخۆ بۆچی ئەم هەموو خەڵکە داماوە ئاوەها لە هەڵپەدان و بەیەکادێن و بێ پەروا پەلەپەلیانە!؟

پیرەمێردەکە بە ڕوویدا پێکەنی و چەند دانێکی کەمی نێو دەمی دەرخست. دەستی لەرزۆکی هەڵبڕی و خستییە سەرشانی بەرانبەرەکەی و هەندێک سەری ڕاوەشاند، هەروەک ئەوەی پشتگیری لە بۆچوون و قسەکانی بکات. بۆ جارێکی تریش بزەیەکی بۆ پیرەمێردەکە کرد و کەوتەوە قسەکردن:

– بە بینینی ئەم هەموو ئۆتۆمبێلە زۆرە سەر و دڵم دەگیرێت. ئێستا دەمەوێت بەرەوماڵ بکەومە ڕێ و حەزیش ناکەم سواری ئۆتۆمبێل ببم. بریا ئێستا سەردەمی ئەسپ و عەرەبانە بووایە و بەسواری عەرەبانە خۆم بگەیاندایەتە ماڵ. مامەپیرەی بەڕێزی ڕیش نوورانی، باشم لەبیرە کە لە سەردەمی منداڵیمدا لەگەڵ باپیرەم و داپیرەمدا سواری عەرەبانە دەبووین کە دوو ئەسپ ڕایدەکێشا. جارێکیان عەرەبانەیەک بەدوو درهەم هەرسێکمانی گەیاندە نەخۆشخانەی گشتی. لەبەردەم نەخۆشخانە باپیرەم بوتڵێک خۆشاوی پرتەقاڵ و پاکەتێک پسکیتی بۆ کەسێکی نەخۆشی خزمان کڕی کە لە نەخۆشخانەدا سەردانیمان دەکرد. بڕوات بێت هەر کە نەخۆشەکە گلاسێک شەربەتی پرتەقاڵی دەخواردەوە، ئیتر عەلەمی نەدەما و چاک دەبووەوە. ئەوسا خەڵکی وەک ئێستا پێویستییان بەوە نەبوو کە بۆ چارەسەری ڕوو بکەنە ئێران و توران.

بە بیستنی ئەم قسانە پیرەمێردەکە کەوتە سەرەلەقێ و هەڵیدایە و وتی:

– قسەکانت لەجێی خۆیاندان و زۆر بەباشیش ڕاستیت پێکاوە، بەڵام تەمەنی تۆیش بەڕادەیەکی زۆر لە تەمەنی من کەمتر نییە..!

بزەیەکی بۆ کرد و بەپیرەمێردەکەی وت:

– ڕێم بدە ڕیشە سپییەکەت ماچ بکەم.

سەری درێژکرد و ڕیشی پیرەمێردەکەی ماچ کرد.

پیرەمێردەکەیش سەری ئەمی ماچ کرد، لەپڕ پیرەمێردەکە هەروەک ئەوەی شتێکی کەوتبێتەوە یاد، پاشەکشەی لێ کرد و خۆی دوورخستەوە. دەمی هەڵهێناو وتی:

– بە پیرەمێردێکی خرەفاو و کەسێکی نەزانم تێنەگەیت، هەرخۆم دەزانم دەردی دڵت چییە؟

دەستی هەڵبڕی و خواحافیزی لە پیرەمێردەکە کرد و کەوتەوە ڕێ بڕین. هەستی کرد سەری دێشێت و باری تەندروستی ئارام نییە. زۆری پێ نەچوو کابرایەکی سواڵکەری سەروڕیش چڵکن ڕێی پێ گرت و دەستی لێ پان کردەوە. بۆ ماوەیەک لە سواڵکەرەکە ورد بووەوە و تێگەیشت کە داوای پارەی لێ دەکات. ئەمیش ڕووی دەمی تێکرد و پێی وت:

– پێویستیت بە پارەیە؟ زۆر باشە و لەجێی خۆیدایە! من بڕیارم داوە لەم شەو بەدواوە وەرچەرخانێک لە ڕەوتی ژیانمدا بەدی بهێنم.

کابرای سواڵکەر دەمی دابوو بەیەکاو لە قسەکانی تێنەدەگەیشت. ئەمیش درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

– باشم لەبیرە کە باپیرەم و داپیرەم هەردەم دەیانوت کە پارە چڵکی دەستە. منیش پشتگیری لە قسە بەنرخەکانیان دەکەم و پەیڕەویشیان دەکەم.

دەستی بۆ گیرفانی کراسەکەی برد و هەرچی پارەیەکی کاغەزی لە گیرفاندا بوو هەمووی دەرهێنا، دەستی درێژکرد

و پارەکانی ڕووبەڕووی سواڵکەرەکە کردەوە، سواڵکەرەکەیش بە دوودڵییەوە تەماشای دەکرد، ئەمیش سوور بوو لەسەر هەڵوێستەکەی و بە سواڵکەرەکەی وت:

– ئەم پارانە هەمووی بەرە بۆ خۆت و با ڕزگارم بێت لێیان!

پاش تێڕامانێک سواڵکەرەکە پارەکەی لە دەستی سەند و بەپەلە ڕێی خۆی گرتەبەر و دوورکەوتەوە، ئەمیش بەهەرحاڵێک بوو خۆی گەیاندە گۆڕەپانەکە کە چەند ئۆتۆمبێلێکی لێ وەستا بوون.

دەرگای تەکسییەکی کردەوە و بەپەلە بە تەنیشتی شۆفێرەکەوە لێی دانیشت. کابرای شۆفێر سەبارەت بەو هەڵوێستەی سەری سوڕما کە بەبێ قسە و بەبێ ورتە بە تەنیشتییەوە لێی دانیشت. دەمی هەڵهێنا و بە شۆفێرەکەی وت:

– بمگەیەنە کۆڵانی تەنیشتی باخچە گشتییەکەی دامێنی گۆڕستانەکە. وەک بزانم شارەزای هەموو کونوکەلەبەرێکی ئەم شارەیت.

شۆفێرەکە پای بە بەنزیندا ناو ئۆتۆمبێلەکەی لێ خوڕی. ڕادیۆکەی کردبووەوە و ئافرەتێک هەواڵ و دەنگوباسی ڕووداوەکانی ناوچەکەی دەخوێندەوە.

بە تەنیشتی شۆفێرەکەوە ئۆقرەی گرت و لەپڕ دەستی بە پێکەنین کرد. شۆفێرەکە زیاتر سەری سوڕما و بە ئاستەم لای کرد بەلایەوە و دیقەتێکی دا. ئەمیش پاش بێ دەنگییەک کەوتەوە قسەکردن و وتی:

– ئەم دەنگە ناسکەی ئەم ئافرەتە بێژەرە هەر بۆ ئەوە باشە گۆرانی بچڕێت، نەک دەنگوباس و هەواڵی ڕووداوە خوێناوییەکان بگێڕێتەوە.

شۆفێرەکە دەنگی ڕادیۆکەی کز کرد و بەبێ دەنگی ئۆتۆمبێلەکەی لێ دەخوڕی. وەها دیاربوو لە مەبەستی قسەکانی تێنەگەیشتبێت و ئارەزووی بیستنیشیانی نەبێت. درێژەی بە قسەکانی دا و وتی:

– وەها چاکە گوێ لەم جۆرە هەواڵانە نەگریت.. هەموویان لەوە زیاتر نین کە بەردەوام دەڵێن لە فلان دەوڵەتی ئیسلامیدا تەقینەوەیەک ڕووی دا و کۆمەڵێک لە خەڵکی کەللە و پاچە بوون، یان دەڵێن لە وڵاتێکی ئیسلامیی تردا شیعە و سوننە بەربوونەتە گیانی یەکتری و قڕیان خستووەتە یەکتری.. خۆت بەم شتە تووڕەهاتانەوە سەرقاڵ مەکە..

بێ پەروا ئەم قسانەی بەزاردا دەهاتن و کابرای شۆفێریش بەبێ دەنگی ئۆتۆمبێلەکەی لێ دەخوڕی. لە هەمان کاتدا سات لە دوای سات واقی لەو قسانەی نەفەرەکە وڕدەما و نەیدەزانی چۆن چۆنی وەڵامی بداتەوە. گەیشتنە سەر پردەکەی خاسە و سەرلەنوێ دەمی کرایەوە و لەسەری ڕۆیشت و وتی:

– من لەم شەوەوە بڕیارم داوە وەرچەرخانێکی گەورە و گران لە ڕەوتی ژیانم بهێنمە کایەوە. باشم لەبیرە باپیرەم و داپیرەم سەری زمان و بنی زمانیان هەر ئەوەبوو کە دەیانوت پارە و پووڵ بەڵایە و لە چڵکی دەست بەولاوە هیچ شتێکی تر نییە، بۆیە من ئێستا گیرفانی خۆم بەتاڵ کردووە و هیچ پارە و پوولێکم پێ نییە.. توانیم خۆم لەو چڵکی دەستە ڕزگار بکەم..

لە قسەکانیدا گەیشتە ئەم شوێنە و زیاتر شۆفێرەکەی سەرسام کرد، قسەکانی بوونە هۆی ئەوەی شۆفێرەکە بە تووڕەییەوە لابکات بەلایدا و مۆڕەیەکی لێ بکات. ئەویش پاڵی لێ دابووەوە و زیاتر درێژەی بەقسەکانی دا و وتی:

– بەسەری تۆ کابرایەکی سواڵکەرم لێ پەیدابوو، منیش نەمکردە نامەردی هەرچی پارەیەکم لە گیرفاندا هەبوو هەمووم پێی دا، بۆیە ئێستا نابووت و گیرفان بەتاڵم. پرسیارت لێ دەکەم و دەڵێم:

– ئایا باشم نەکردووە!؟

پردی خەباتیان بڕی و گەیشتنە بناری قەڵا، شۆفێرەکە لایدایە لاوە و ئۆتۆمبێلەکەی وەستاند و بە هێمنی و لەسەرخۆ پێی وت:

– فەرموو ئێستا دابەزە خوارەوە!

بە بیستنی ئەم قسانە تەنگەتاو بوو دەمی کردەوەو وتی:

– هێشتا نەگەیشتووینەتە لای ماڵمان، گوایە بۆچی لەم نیوەی ڕێیەدا بەم شەوە درەنگە بەجێم دەهێڵیت؟ بۆچی هەر لەبەر ئەوەی پارەم پێ نییە، بۆیە دامدەگریت؟

– نەخێر. بەبێ قڕە و بڕە پێت دەڵێم دابەزە خوارەوە و ئۆتۆمبێلەکە بەجێ بهێڵە و بە ڕێی خۆتدا بڕۆ.

– بڕوات بێت هەرکە گەیشتینە ماڵ پارەت بۆ پەیدا دەکەم و هەقەکەت بە زیادەوە دەدەمێ.

– سەرم مەیەشێنە و دابەزە خوارێ، نە دەتگەیەنمە ماڵ و نە پارەی تۆیشم دەوێت.


هەتا دەهات شۆفێرەکە زیاتر بە حیدەتەوە قسەی دەکرد و دەنگی لێ هەڵدەبڕی. لە ئەنجامدا ناچاری کرد دابەزێتە ئۆتۆمبێلەکە بەجێ بهێڵێت. لە خوارەوە لە میانی پەنجەرەکەوە تەماشایەکی شۆفێرەکەی کرد و پێی وت:

– بۆ ماوەیەکی زۆر دەچێت کە قسەی خۆشت بۆ دەکەم. هەر لەبەر ئەو قسانەم نەدەبوو لەم سەرە ڕێیەدا دامبگریتە خوارێ.

شۆفێرەکە بە گاڵتەجارییەوە وەڵامی دایەوە و وتی:

– با قسە خۆشەکانت بتگەیەننە ماڵ.. هەی بەدمەستی سەرخۆش.. بۆنی دەمت سەری کاس کردم و نێو سەیارەکەی هەڵگرت..

ئەم قسانەی پێ وتو بەخێرایی ئۆتۆمبێلەکەی لێ خوڕی و بەجێی هێشت.



# حوسێنی قزڵجی

**سالار ئیسماعیل سەمین**
**(خورماتوو)**

ئەو کاتەی ڕوحە لە تەرم بەدەرەکەم، لەگەڵ خۆیدا دەدوا، سەر لە ئێوارەیەکی مانگی ڕێبەندان بوو، بە هۆی تۆپەڵە بەفرەکانەوە، لقوپۆپی دارەکان چەمابوونەوە. تەنها یەک کاتژمێر پێش ئەوەی ڕووناکی لە گەرووی شەوێکی پڕ لە بۆرِفتی زستانیدا نتکا بێ، هەر لەو کاتانەدا کە ڕوحە سەر لێشێواوەکەم دەدوا، هەتاو بەقەد ساجێکی سوور هەڵگەڕاو، بە ڕۆژئاوای چاڵە نەوتەکانەوە دەبینرا. هەر لەو ئێوارەیەشدا چاوەکانم و هەردوو باڵیان بە توندی شەتەک دام، لە پاڵ یەکێ لە کەلاوەکانی چاڵە نەوتەکاندا فڕێ درام، زۆری پێ نەچوو هەستی ئەوەم کرد شیلەیەکی گەرم، لە هەردوو کونە لووت و هەردوو کونە گوێمەوە ڕێچکە دەبەستن و بەرەو خوار شۆڕ دەبنەوە، لەگەڵ خوێنە گەرمەکەشدا ئازارێکی کوشندە بەسەر سینگمەوە پەیدا بوو، گەرووم پڕ بوو لە فرمێسک، هەستم کرد پاش ماوەیەکی کەم، ماڵئاوایی لە چاڵە نەوتەکان دەکەم، هەرچەندە لە پاڵ کەلاوەکاندا لەسەر لا کەوتبووم. بە هۆی بۆنی دووکەڵە پڕ لە هیسەکەوە ئازارەکەی سەر سینگم، جار جارێک ئەژنۆکانم هەڵدەکێشا بەرەو ژوور، هەندێک جاریش لە شوێنەکەی خۆم گرمۆڵە دەبووم، دواجار ئەژنۆکانم هێدی هێدی شۆڕ دەبوونەوە بەرەو خوار و لە جووڵە دەکەوتن. زۆری پێ نەچوو لرخە لرخێکی کوشندە بەسەر سینگمەوە پەیدا بوو، لەگەڵ دوا لرخەیەکی بە هێز و پڕ لە ئازاردا، ڕوحم باڵی گرتەوە، لاشەی بێ ڕوحم لە پاڵ یەکێ لە کەلاوەکانی چاڵە نەوتەکاندا بەجێ ما.

ڕوحی من ماوەیەکە سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕاستییەکانە، لەمێژە ڕاستییەکان لەم وێڵستانەدا وێڵن. کلیلی قفڵی کەلەبچەی دەستی ڕاستی، لە نێو باخەڵی خوێنمژانی ئەم عەسرەدایە.دووکەڵە پێچاوپێچەکانی ئەم چاڵە نەوتانە لە مێژە ڕووی ئاسمانی ئەم شارەیان داپۆشیوە. زۆرجار باپیرە گەورە ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە لە ڕەگەزی دانشتوانی ئەم دەڤەرەین و لە یەکێ لە کەلاوە ڕووخاوەکانی ئەم پێدەشتەدا لە دایک بووە، هەتاکو ئێستاش خاوەن پێناسەی خۆی نییە. لە کاتی پادشای عەگال چوار قۆزاخەدا چەندان جار سنووورداش کراون و گەڕاونەتەوە. دوا وەسیەتی بابە گەورەم ئەوە بوو کە هەر کاتێک ئەمری خودای بەجێ هێنا، لە یەکێ لەم کەلاوانەی دەوروپشتی ئەم چاڵە نەوتانەدا بنێژرێ.

من بێ ناوم، بەڵام نازناوم زۆرە. لە مێژە ناوزەد کراوم بە ( حوسەی قزڵجی)، من پیاوکوژێکی خەیاڵی بووم. لە پێناو پێناسەی ونبوومدا، وەک شێرێکی مەچەک ئەستووری جەنگڵستانێکی چڕوپڕ بە دووی نێچیری خۆمدا دەگەڕام. لە نێو کووچەو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی شاری چاڵە نەوتەکاندا هەڵمەتم بۆ ئەو کەسانە دەبرد کەوا لارییان لەوە بوو ببین بە خاوەن پێناسەی خۆمان.

لە مێژە و بە تەمەنێکی گەورەوە مردووم و لە یەکێ لە کەلاوە بە جێماوەکانی چاڵە نەوتەکانی ئەم شارەدا فڕێ دراوم. تەنیا ڕوحەکەمە بەسەر فەزای ئەم چاڵە نەوتانەوە بۆ ئێوە دەدوێ. ئەو ڕۆژانەم بیرکەوتەوە کە لە هەڕەتی لاوێتیدا بووم. خاوەنی چەندین جۆرە دەمانچەی خۆم بووم. (تۆپلی.. لامە.. چواردەخۆری مشتوو ئەستیل.. ئسپانی.. تاریق.. پەرەبێل.. حەوتخۆر، بەڵام لە پیاو کوشتندا زۆرجار چواردە خۆری مشتوو ئەستیلم بەکاردەهێنا. چەندین جار لە قووڵایی شەوەکانی زستاندا، لەگەڵ بانگی فەجردا، ئەوەی بمویستایە فتم دەکرد. ئەو شەوەم هاتەوە یاد، کە لوولەی چواردە خۆرەکەم خستە سەر شیشی کڵاوڕۆژنەی ژووری نانخواردنی ئەو ڕوو ڕەشە، کە سەرقاڵی شامی شێوان بوو، لەگەڵ یەکەم تەقەدا بەسەر خواردنەکەوە نووشتاندمەوە.

من هەتاکەی بە تەمای وەرگرتنی پێناسەی ئەم چاڵە نەوتانە بم؟ وەک باڵندەیەکی باڵ شکاو لە قووڵایی ئاسمانەوە داخزام. بەرەو پێدەشتی چاڵە نەوتەکان. تەنها چەند بەردهاوێژێک لە کەلاوەکانی چاڵە نەوتەکانەوە دووربووم. چەم و ئاوێک نزیک دێکەمان بوو، زەل و قامیشەڵانێکی چڕی هەبوو. درێژی قامیشەڵانەکە نزیک چاڵە نەوتەکان بوو. دێتە یادم باپیرم قامیشێکی درێژو ئەستووری بۆ دەبڕیم، ئەسپێکی خەیاڵی بۆ دروست دەکردم. منداڵ بووین زۆرجار لەگەڵ هاوڕێکانمدا، سواری ئەسپی خۆمان دەبووین و شەوانە لەبەر ڕووناکی ئاگری چاڵە نەوتەکاندا، ڕمبازیمان دەکرد. داپیرەشم پاڵی دەدا بە دەرگا ژەنگاوییەکەی خۆمانەوە، چاوەڕوانی دەستە خوشکانی بوو بۆ دەمەتەقێ کردن. ئەو شەوە هەموویان دانشتبوون، جار جارێک بانگی منی دەکرد و دەیگوت:

– بە قوربانت بم ( حوسەی قزڵجی) ئەسپ سواری دوارۆژی ئەم چاڵە نەوتانە.

لە ڕاستیدا ئەو کاتەی من لە دایک بووم باپیرم سوێندی بە زەردەشت خواردووە ناوم لی نەنێ. لەبەر ئەوەی پێناسەمان بۆ ناکرێ، بێ ناو مامەوە. زۆرجار ئەو خەڵکە بە بێ ناو بانگیان دەکردم، بێ ناو وەرە، بێ ناو بڕۆ. بێ ناو دوێنێ لە کوێ بوویت، بێ ناو وەرە نانەکەت بخۆ، بەڵام لە دواییدا نازناوەکەی داپیرەم زاڵتر بوو بەسەر ناوی بێ ناومدا. من ئێستا پاش مردنیشم ڕوحە لە تەرم بەدەرەکەم بە حوسەی قزڵجی بۆ ئەو خەڵکە دەدوێ. زۆر جاریش لەسەر نازناوەکەی داپیرەم حوسە فەرامۆش دەکرێ و تەنیا بە قزڵجی بانگ دەکرێم.

ماوەیەکی زۆر لەبەر ڕووناکی ئاگری بیرە نەوتەکاندا، لەسەر یاری ئەسپە چۆینە و چاوشارکێی خۆم بەردەوام بووم، بەڵام هەتا دەهات فامیدەتر دەبووم. ئەو ڕۆژەم هاتەوە یاد لە ئەسپە قامیشەکەی خۆم دابەزیم، لە پاڵ کۆڕی ژنانی داپیرەمدا چیچکەم کرد. بەردەرگاکەی ئێمە ڕووەو ئاگری چاڵە نەوتەکان بوو، هەر چەندێ شەو بوو، پێدەشتی چاڵە نەوتەکان وەک ڕۆژی ڕووناک وابوو، بە تاسووقەوە تەماشای هاوڕێ ئەسپ سوارەکانم دەکرد، بەڵام بەتەواوی گوێ قوڵاغ بووم. بۆ وتەکانی داپیرەم ئەو وای دەگێڕایەوە ئەو کاتەی حوسەی قزڵجی هاتوچۆی ئەوانی کردووە، ئەو تەمەنی بیست و دوو بەهار بووە.

زۆرجار لە ڕێگای کانی قامیشەڵاندا ڕێگای پێ دەگرێ، ئافرەتەکان بە تاسووقەوە گوێیان لە وتەکانی داپیرەم دەگرت. داپیرەم دەیگوت لەو کاتانەدا دێکەی ئێمە لە هەموو دێکانی ناوچەکە گەورەتر بوو، هیچ کوڕە ئاغاو کوڕە شێخێک بە قەد (حوسەی قزڵجی) شۆخوشەنگ نەبوون، بەتایبەت ئەوکاتەی بەسەر ئەسپە کوێتەکەیەوە، لە دەستی ڕاستی باڵەخانەکەی ماڵی ئاغاوە شۆڕ دەبووەوە بەرەو ماڵی ئێمە. زۆرجار فەرسەخێک دوور لە دێکەمان حیلکەی ئەسپە کوێتەکەی ڕایدەچەڵەکاندم. ئەوەتان بۆ بگێڕمەوە، نیوەڕۆی بەهارێکی مانگی جۆزەردان بوو، بە چەند حیلکەیەکی ئەسپە کوێت مەنجەڵەکانم لە نێو کانی ئاوەکەدا بە جێ هێڵاو گوێزامەوە بەرەو قامیشەڵانە چڕوپڕەکە، قامیشەڵانەکە چەند بەرد هاوێژێک لە کانی ئاوەکەوە دووربوو، کاتێک قزڵجی گەیشتە سەر ئاوەکە، هەستی کرد من لەوێدام. بەچەند هەنگاوێک گەیشتە لام، بە توندی یەکترمان لە ئامێز گرت. زۆر جار دەیگوشیم و بەسەرمدا دەنووشتایەوە، لەو کاتەدا من پێکەنیم. یەکێ لە ئافرەتەکان پاڵی پێوەنام، منیش ئەسپە قامیشەکەم خستە نێو گەڵم و بۆی دەرچووم. هەرچەندێ منداڵ بووم بۆم دەرکەوت کاتی خۆی داپیرەم عاشقی حوسەی قزڵجی بووە، بۆیە ئێستا من بە حوسەی قزڵجی بانگ دەکات و جار جارێکیش بە توندی دەمگوشێ بە سینگییەوە.

من ئێستا بەسەر فەزای چاڵە نەوتەکانەوە ڕوحە لە تەرمە بەدەرەکەم تەماشای کەلاوە بە جێماوەکانی چاڵە نەوتەکانی دەکا، تەماشای ئەو کەلاوەیە دەکا کە ئێستا تەرمەکەی منی تێدایە. لەبەر ئەوەی لە جێگایەکی زۆر

بەرزدا نەبووم. پۆل پۆل مەلە گۆشتخۆرەکانم دەبینی لە قوولایی ئاسمانەوە دادەبەزین و دەخزانە ئەو کەلاوەیەوە کە تەرمەکەی منی تێدا بوو. زۆر باشیش دەمزانی کە ئێستا مەلە گۆشتخۆرەکان سەرقاڵی هەڵکۆڵینی دەم و لووت و چاوەکانی منن. لەگەڵ هەموو دەنووکێکی بە هێزی مەلە گۆشتخۆرەکاندا بۆ قوولایی چاوەکانم. ڕوحی باڵگرتووم ڕادەچڵەکا. ناچار وەک مەلێکی گۆشتخۆر لە قوولایی ئاسمانەوە دابەزیم بۆ سەر تەرمەکەی خۆم، لەگەڵ بەرگرییەکی زۆردا توانیم مەلە گۆشتخۆرەکان دووربخەمەوە. هەر لەوێدا چەند گەماڵێکی مەچەک ئەستوورم لێ پەیا بوو. کەلاکی ونجڕ ونجڕ کراوم پەلکێش کرا، لە کەلاوەکەوە بەرەو چاڵە نەوتەکان. جارێکی تر ڕوحە بێ چارەکەم دای لە شەقەی باڵ و شوێنی کارەساتەکەی بە جێ هێلا، لە قوولایی ئاسمانەوە بیرم لەوە دەکردەوە، ئەوانەی وا باڵبەستیان کردم و چاوەکانیان شەتەک دام، باڵبەست کرێن و دادگایی کرێن پێش ئەوەی بگەمە بەر دەرگای دادگای ئەم زەمەنە قێزەونە، ڕاوەستام و دۆش دامام و وتم:

١-ئای حوسەی قزڵجی: ڕاستە دەڵێن گورگ پیر بوو دەبێتە مەخسەرەی سەگەل. شێری پادشای چەنگڵستانیش پیر بوو مێش و مێشوولە و مەگەس بەسەر چاوەکانییەوە ڕەشبەڵەک دەگێڕن. وێڕای ئەوەی نازناوم بە حوسەی قزڵجی دەرکرد بوو، جار جارێکیش بە حوسەی چوارده خۆر و حوسە پەرەبێل بانگیان دەکردم، هەرچەندێک پێشینان وتوویانە پیری و سەد عەیب، من دەڵێم پیری و هەزار عەیب. کاتێک لە دەرگا سەرەکییەکەی دادگا چوومە ژوورەوە بە دەیان پارێزەری جل ڕەش بەرەو ڕووم هاتن، هەر یەکەو بەرەو لای خۆی پەلکێشم دەکا. لە شوێنەکەی خۆمدا ڕاوەستام و حەپەسام، دەستم کردە پێکەنین و هەتا ئێستاش پێدەکەنم. پێکەنینەکەم بەوە نییە هەر یەکێ پەلەکێشم دەکا بۆ لای خۆی. پێکەنینەکەم بەو پارێزەرانەیە، کە بەدانشتنەوە بەسەر کورسییەکانی بەر دەرگای دادوەرەکەوە، نووستوون و پرخەیان بەردهاوێژێ دەرۆیشت، ڕووی دەمم تێکردن و وتم:

لە ڕاستیدا من بە دوو پارێزەرێکی سوورکەڵەی کورتە بالادا دەگەڕێم، جووتێ چاوی هەنگوینی هەڵۆ ئاسای پێوەیە، بە پێچەوانەی ئێوەی پارێزەرەوە، جوبەیەکی سووری قۆپچە ڕەشی لەبەردایە، دەڵێن لە هەموو کات و ساتێکدا نێچیری خۆی دەپێکێ. هەر هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنینێکی نائاسایی، پارێزەرێکی ورگن هاتە پێشەوەو وتی:

-لێی گەڕێن بە گوێرەی ناوونیشانەکەی بە دووی بەکر دەروێشی پارێزەر و (چیرۆکنووس)دا دەگەڕێ. ئەو پارێزەرەی کە ڕۆژانە کارە سەقەت و قێزەونەکانی، دەسەلاتی ئەمڕۆ دەخاتە بەر دیدی خوێنەر. ماوەیەک ڕاوەستام، ئەو پارێزەرەم دەست نەکەوت، کە ماوەیەکە بە دوویدا وێڵم و بەتەمام کێشەی چاڵە نەوتەکان و باڵبەستنەکەی خۆمم بۆ ساغ بکاتەوە. لە هەموو سووچێکی حەوشەی دادگاکەوە، خەڵکێکی زۆر هروژمیان دەهێنا، بەرەو دەرگای دادوەرەکە هەر لەوەدا وەک تەماشای شانۆگەرییەک بکرێ، تەماشای ئێمەیان دەکرد. بەشێکی زۆریان پێدەکەنین، بەشێکی ڕۆشنبیر و دنیا دیدەیان بە تاسووقەوە گوێ قولاغ بوون و تەماشایان دەکرد. پارێزەرێکی گەنم ڕەنگی بالابەرز، بەچەند هەنگاوێک هاتە پێشەوە.

بەدەنگێکی بەرز وتی:

حوسەی قزڵجی ئەوەی تۆ بۆی هاتووی ( مەحاڵە )، کاتێک وشەی مەحاڵم بیست ئەوەندەی تر شێتگیربووم. باڵبەستن و کوشتنەکەی خۆمم لە بیرچوو، کەلەپچەو زنجیر و چوارمێخە و سەر بەرەوخوار هەڵواسین و ئوتووی گەرم و ڕەجەی کارەبایی و شکاندنی لووت و چەماندنەوەی پەنجەی هەزاران کەسم کەوتەوە یاد، هەر لەوکاتەدا بە دەیان کلاوسوورم لی پەیدا بوو. کەفاو بەلا لغاوەمدا کێفەڵەی دەکرد. خەڵکێکی زۆر لە شەقامە گشتی و کۆلانە تەنگەبەرەکانەوە، بەڕاکە ڕاکەو تەکاندان بەرەو دادگای شاری چاڵەنەوتەکان هرووژمیان دەهێنا، ئاپۆرەی ئەو خەڵکە ڕاوەستاوە لەبەر دەرگای دادوەرەکەدا شەپۆلی دەدا. کلاوسوورەکان پاش مردنیشم دووبارە دەیانویست باڵبەستم کەن. لە حوسەی قزڵجییەوە بووم بە گایەکی زەبەلاحی چاو سووری زۆرانبازی. هەر لەوێدا بە کەللەسەر چەند کلاوسوورێکم لالۆپاڵ خست و هەڵبەزیمە سەر یەکێ لە قەنەفەکانی بەر دەرگای دادوەرەکە، یەکسەر بووم بە وتارخوێنێکی عەجایب و هاوارم دەکرد:

سوێند بێ بە ئاگر و ئاوێستا و ڕیشە پانەکەی زەردەشت، من دوانەوەی زەردەشتم، نازناوەکەم حوسەی قزڵجییە، هەتا هەتایە من پاسەوانی ئەو چاڵە نەوتانەم. گڕی ئاگرە بڵێسەدارەکەی دەپەرستم. بە شێوەیەکی شێتانە دابەزیم و شانم توندکرد لە دەرگای دادوەر و چوومە ژوورەوە. بە هیچ شێوەیەک کەسم بەرچاو نەکەوت. بۆم دەرکەوت دادوەر لە دەرگای پشتەوە هەڵهاتووە، بە تووڕە بوونێکی پڕ لە غەزەب گەڕامەوە بەرەو پێدەشتی چاڵە نەوتەکان، تەماشام کرد تەرمە بێ ڕوحەکەم وەک حەسحەسێکی بەوەفا، بە دامێنی چاڵە نەوتەکانەوە هاتوچۆ دەکا.



# بێ سەر و شوون

**رەشاد شەرەف**
**(سویسرا)**

دەما تو د هوندرێ مالا خوە دە بوو، لیستا ناڤان د دەستێ تە دە بوو. تە تەلەفۆنا فابریقان دکر، تە زانیبوو کو گەلەک چەتنە تو کارەکی ژ خوە رە پەیدا بکی.

لیستە گەلەک درێژ بوو، لێڤێن تە ژ خەبەردانا تەلەفۆنێ زوا بووبوون، تە هیڤی ژ وان دکر هەما هەفتیەکێ، مەهەکێ! کارێ بێرێ بە یان بارکرنێ بە، تو یێ بکی، تەڤلی کو تە نەکربوو. تەلەفۆن د روێ تە دە دگرتن، تە هەوەلدانەک نوه دکر. تو هنەکی دلرەهەت بوو ل سەر زارۆکێن خوە، ژ بەر ئەو زمانێ، پێ، هیڤی و رجا ژ وان کەسێن نە دیار دکر، تێ نەدگهشتن.

تە ل وان دنەری، ما سوونجێ وان چ یە، هەفتەیا بۆری، یەک ژ وان نەساخبوو، تو دەرەنگ چووبوو ئیش، خوەدیێ ئیشی تو خستبوو ناڤبەرا دو ئاگران، ژ تە رە ئەشکەرە گۆتبوو: ئیشکەر، ژ خوە رە هلبژێرە، ئیشێ تە یان ژی زارۆکێن تە..!

تە گۆتبوو: تو نە خوەدایێ منی، تە دەری ژ کەل و کین دارابوو و ل پاش خوە نە نەریبوو.

ب گورمە گورما دەری تو ڤەجنقی بوو، تە چاڤێن خوە ل خانیێ خوە یێ پچووک گەراندبوو، دا خانما تە دەری ڤەکە، ل بیرا تە نەهاتبوو، کو ژ ڤێ سوبێ ڤە نە ل مال بوو.

قوتانا دەری زۆر بووبوو، تە دگۆت وێ دەری ژ بەربە. تە د چاڤکا دەری رە نەریبوو، هنەک مرۆڤێن نە نۆرمال بوون، تە دەری ڤەکربوو، هەردو دەستێن تە ل پاش تە گرێدابوون، تو ب پێلپێلۆکێ خێنی ڤە ئانیبوو ژێر، تە نەزانیبوو تورمپێلا وان ل دەڤێ دەری بوو. تە ل پاش خوە نەریبوو، هایێ زارۆکێن تە ژ تە تونەبوو، ب لستکێن خوە دلیستن.

بەندە روحەک ل وێ جەهدێ تونەبوو، ژ خوە ترسا تە یا مەزن ئەو بوو، تو بێ سەر و شوون هەری. دەما هوون گەهابوون سەرێ جەهدێ، ژنا تە ژ ور ڤە هاتبوو، تە خوەستبوو کو تە ببوونە، لێ هایێ وێ ژ تشتەکی وەها تونەبوو.

د جەهد و کۆلانێن پایتەختێ رە تو بربوو، تە نزانیبوو کا ئەو کی نە یان گونەهێ تە چ بوو، تە خوەستبوو پرسنا بکی، لێ دەرفەت نەدابوون تە، گۆتبوون تە هشبە و بەرێ دەرمانجان دابوون سینگا تە.

تو بربوو ئاڤاهیەکی ل دەرڤەیی باژێر، هندە دیوارێن وی بلندبوون، تشتەکی ژ دەرڤە خویا نەکربوو. تە ژ خوە رە گۆتبوو، هەلبەت ئەڤ ئە جهێ نەڤەگەرێ. تو دەرباسی عودەیەکێ کربوو، قۆمیتان ل پشت ماسەیەکە هەسنی روونشتبوو

ژ بنی ڤە زەنگ گرتیبوو. ئەوان کەسێن تو ئانیبوو ژ قۆمیتانی رە گۆتن: ها ئەزبەنی مە ئانی.

قۆمیتان پرسا ناڤێ تە یان ژی کارێ تە نەکربوو، وەکو تو فکریبوو. تە ئێ ناڤێ خوە یێ دورست بگۆتا و تە ئێ گۆتبوویا من زانکۆ خلاس کریە. تە نەوێریبوو پرسا سوونجێ خوە بکرا.

چەکمەکا ل کێلەکا خوە ڤەکر، پاچەک دەرخستبوو تو جیدە فکریبوو وێ چاڤێن تە گرێ بدن. دەما پاچ ل سەر ماسێ پەهن کربوو، تە نمرا ٢٢٢ ل سەر دیتبوو، ژ تە رە گۆتبوو خوە بزڤرینە، پشتا خوە بدە من، ئەو نمرە ب پشتا تە ڤە کربوو.

تو بربوو ئودەیەک رەشتاری، بێهنا خوین و خوەهدانا مرۆڤان پۆزێ تە شەوتاندبوو، تە پیێن خوە هێدی هێدی ئاڤێتبوون دا تو پێل کەسەکی نەکی. تە دەنگێ خوە کربوو، تو پێژن نەهاتبوو، تە زانیبوو ب تەنێ ی.

رۆژا دن تو ڤەگەراندبوو با قۆمیتانی. نڤیسکارەک د کۆڤارا تە دە بەرامبەری وی روونشتبوو، تە ئەو ژ مێژ ڤە ناس دکر. چاڤێن وی ب تە ڤە نەرابوون، تە زانیبوو کو وی گلهێ تە کربوو.

قۆمیتان، ژ تە پرسیبوو: تو یی بەرپرسێ کۆڤارا (...)؟

تە گۆتبوو: بەلێ

پرسا ناڤن نێزیکی تە کربوو..!

دڤیابوو تو ڤرەکی بکی، تە گۆتبوو: ئەز وان نانیاسم..!

گۆتبوو: تو چەوا بەرهەمێن وان تینی؟

تە گۆتبوو: ب نامەیان ژ من رە دشینن..!

گۆتبوو تە: ما تو نزانی کۆڤارا ب زمانێ وە قەدەغە یە؟

تە گۆتبوو: بەلێ ئەز دزانم..!

تووڕەکی رەش خستبوو سەرێ تە، وێنە ل پەی وێنەیان د بەر چاڤێن تە رە بۆریبوون، زارۆکێن تە، ژنا تە وو......

**رەشاد شەرەف د سالا ١٩٦٧ێ ل گوندێ سەوێدیێ ناڤچەیا دێرکا حەمکۆ، رۆژ ئاڤایێ کوردستانێ هاتیە دنێ. د سالا ٢٠٠٠ێ دە پرتووکەک کورتە چیرۆک ب زمانێ کوردی ل ژێر ناڤێ: مرنا هیمەکی چاپکریە.**

**رەشاد شەرەف ئەندامێ سەندیکەیا رۆژنامەڤانێن کوردستانە. ژ سالا ٢٠٠٨ ئان ڤە ل سوێسرا دژی.**



# دەشتەکی

**نووسینی: فرووزان (*)**
**لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە**
**(کەرکووک)**

گوتبوویان، لە سەری کۆڵانەکەوە بسوورێرەوە، ئەو ماڵەیە کە لە کۆتایی ئەو دارئەکاسیایانەی هەر لەو بەرزییە بژارکراون، سەیوانی سەوزی لەبەر دەرگادا هەیە، کە لە ئۆتۆبیس هاتمە خوارەوە، دەمەوئێوارەی ڕۆژێکی بە گەرمی بەسەرچوو بوو. – سەربار، یەکشەممە بوو. زەحمەتیی حەز لە یەکشەممە کردن بۆ یەکێکی تەنیای وەک من لە دەربڕین نایە. یەکشەممەگەلێکی بێزارکەرەوە و داهێزراو بە جۆرێک جەختی لەسەر دەکرێ کە...

تەواوی ماڵەکە لە ڕەنگێکی دڵگوش وەردرابوو. گوڵەباخی سپی هەمیشە سەوز دەرگای باخچەکەی پێچابووەوە. پشیلەیەکی ڕەش لە تەک گوڵەکاندا خۆی دەلستەوە.

کە لە دەرگام دا، لە ژوورەوە دەنگی قسەکردنێکی نەزانراو هات بە گوێمدا. باخچەی خوارەوە وەک ئەوەی پێشەوە چاودێری نەکرابوو، لە خوارەوە بۆنی زبلێکی ترشاو دەهات.

ئۆۆۆ.. خۆش هاتن.

کچە گچکە خزمەتکارەکە باسی منی بۆ کرابوو.

باوڵەکەی لە دەست وەرگرتم، هەستم بە ماندوویی قۆڵی کرد.

(بەهەچ هۆیەکەوە بێ، ماڵە چایەک کە هاوینی ڕابوردوو چوومەتێ، بە بۆنەکەیەوە، بە دەنگەکەیەوە، بە حەوزەکەیەوە... باشە نەهاتنەوە ئێرەم لە یاددا نەبوو؟)

کە دەرکەی ناوەڕاستی کردەوە، میمکم بینی. لەوە دەچوو کە باسیان بۆ کردبووم. خانم ئەفەندییەکی بە ڕێز بوو.

(ئافرەتێکی خوێندەوار بوو. ڕێکوپێکی و خاوێنیی ماڵەکەی داستانی سەر زاران بوو. دەستی توند بوو، بەڵام دەی، ئەویش چەشنە تایبەتمەندییەکە. پاشایەکی زل و زەلامی لەدەست داوە. خانم ئەفەندی، بەڕێزانە پەژارەکەی لە

ناخیدا شاردەوە. گریا و نالاندی، بەڵام ماڵەکەی و ڕێکوپێکییەکەی پاراست. لە خودا دەترسم چ کارمان پێیەتی، درۆمان پێ ناکرێ. سەربار لەلاوێتیشدا لەو جوانانە بوو بە پەنجەی دەست دەژمێردران.)

ڕێک لە پشت گوڵدانە شووشە گەورەکەدا دادەنیشت. گوڵدانەکە گوڵە لەیلاق - ی (١) وشک بووەوەی توێکڵ پەیداکەرەوەی تێدا بوو. ژوورەکە وەک بڵێی حەوشەیەکی تاریک و ڕوون بێ. خۆری کۆڵانی بۆن تۆزاوی وەک هەر نەبووبێ بزر ببوو و ڕۆیشتبوو. میمکم لە ناو جلکە خۆڵەمێشییەکەیدا بە ڕوومدا خەنییەوە. دەستی درێژ کرد. گرتم، نمی نەمابوو کە دەستم لە پێستە کاغەزە وشکەکەی دا، بەساڵدا چوونی تێگەیشتم.

لە هەوڵی ئەوەدا بوو، بە بۆیاخ کردنی قژەکانی، بە لەبەر کردنی نەرمترینی بێجی و خۆڵەمێشییەکان درێژە بە جوانییە کۆنەکەی بدا.

تەمەنی (تاتا) م (٢) نازانم. پێم وایە دە ساڵمان جیاوازی لە نێودا هەیە، ئەویش بە هیچ جۆرێک ڕاستییەکە نالێ. ئەوەی دەشیلێن، یان زۆر گەورەیە، یانیش زۆر گچکەیە. چوزانم کچەکەم. ژیانی من لەناو خەفەتدا بەسەرچوو. ئێستا، کێ دەزانێ ئەگەر ببینن، من بە تاتای ئەو تێدەگەن. داخۆ سانایە؟)

دایکت چۆنە؟

باشن.

ئەدی تاتەم؟

ئەوانیش باشن.

کچە بچکۆلەکە هاتە ژوورێ. لاقێلێکی خواری هەبوون. ئەو زەردەخەنەیەی لە کردنەوەی دەرگادا لە ڕوویدا بوو هەر مابوو. کە قسەی دەکرد خەندەکەی نەدەگۆڕا، ئەمە زۆر سەرسوڕمێن بوو.

میمکم گوتی: یوردەگویل، بڕۆ خۆشاوی لیمۆ ئامادە بکە. بزانە دیسان دەرگای چێشتخانە بە تاک مەهێڵەوە، ئەو پشیلە مردارانە پێ دەنێنە سەر بەردەکان، ئەوهالە..

وتەی "ئەوهالە" زەردەخەنەی لە ڕووی یوردەگویل لابرد.

ئێسکەکانی "پەنجەکەڵە"ی پێی میمکم لە لایەکانی پێڵاوە کودەرییەکانییەوە دەرپەڕیبوون. دەرزیلەیەکی باریکی بە یاقووتی سووری (لەبەر ئەوەی سوور بوو بیرم بۆ ئەوە چوو کە بەردە یاقووت بێ)ی بە یەخەی جلەکانییەوە کردبوو.

(تاتام ئافرەتێکی سەنگین بوو. بەرگ و پۆشاکی خۆی دەزانی. هەرکە شووی بە پاشا کردبوو، کاتژمێرێکی بە مینای بۆ "تارا لە ڕوو لادان"ی وەرگرتبوو. ڕیزە شتێلێکی دیکەی لەبەر کردبوو، لەبەر هەرهۆیەکەوە بێ من چاوم لە کاتژمێرە بەمیناکەوە بوو. ئەو گولیلکە وردە گیان بەخشانەیان چۆن بە سەر کاتژمێرەکەیاندا چەسپاندبوو، سەرسام دەبووی. خۆم پێ نەگیرا حەزم لێ بوو تەنیا بۆ جارێکیش بێ لەدەستی بکەم. گوتی: تۆ کەمترخەمی، لەم لا و لەولا بزری دەکەی، ئایا کاتژمێر لە ملەوە بەردەبێتەوە؟ هەرچییەکی لەبەر دەکرد ڕاستەقینە بوو، وەک منیش حەزی لە شتی وەها ئاڵووالا و گوڵدار نەبوو. میمکت ژنەپاشایەکی تەواوە، ئەمە بزانە!.).

ماوەیەک بێ دەنگ بوو.

سەرپۆشی سپیی خاوێنی بە (کۆلا) (٣) بەسەر شوێنانی پاڵدانەوە قەدیفە سەوزەکانی قەنەفەکاندا داپۆشراوە. هیچ تەماشای میمکم نەدەکرد. دەمودەست یەکدی خۆش نەویستنی لەگەڵدا دامەزرابوو. لە ژێر پرچە، کەم بووەکەیەوە پێستی سەری جێ جێ دەبریقایەوە. پووزە وشک هەڵاتووەکانی خستبوونە سەر یەک، ئێسکە لە پێڵاوەوە دەرپۆقیوەکانی لە ڕووناکیدا زەقتر دیار بوو.

کە واتە، بڕیارت داوە بچیتە کۆلێژ. بە خودا کچم نازانم بڵێم چی. (ژاڵە)شمان نایە بەرخوێندن، ئەنجام چی بوو. شووی کرد و دیسان، منداڵ و مێرد و ئەو دیپلۆمەی وەریشی گرت ئارایش بوو. سەربار بارودۆخی ئێمە لەبار بوو. لە سایەی دڵی ژێری خوداڵێخۆشبوو و باوکێتیدا (لێرەدا لە ناخەوە هەناسەی دەردا و دەسرۆکەیەکی خاوێنی نایە بان لووتی.) ژاڵە گیان، دایکت دەزانێ، بێ ئەوەی دەست لە ئاوی سارد و گەرم بدا گەورە بوو، کارەکەرانی بە دەوردا دەسووڕانەوە، بەڵام ئێستاکە ئەو نازدارە، دوای ئەو کچێتییە لاوە میرزادە ئاساییە...

چاوەکانی لە ڕووم بڕی و بێ دەنگ بوو.

گەیشتمە زانینی هەڵوێستی میمکم بەرانبەر بە من، بە جارێک ماندوو بووم.

ئێستاش سەرم لە دایکت سووڕ دەمێنێ، ئەو ڕەنجەی بۆ پیاوێکی دیکە بدایە...

(تۆ باوکت ناناسی کچم. شەش ساڵان بووی کە مرد... ئەو شارەی ئەنادۆڵی ناوەڕاستە، ئاو لە

جۆگەلەکانەوە باخچەکانی پڕ دەکرد، بە شەوانییەوەم لەبیرە. هەموو شەوێک سەرەی ئاودێری دەگەیشتە باخچەی ئێمە، لەوێ ئەوەی گەورەترین کاریگەریی بەسەرمەوە بوو ئەو شەوانە بوو، دایکی نیمچە چاوبەخەوەوەم، سەری گچکەترین کچی بەباشی دادەپۆشی، شەوانی ئەنادۆڵ.. هاوینانیش هەر ساردە، هەروەها بۆنی ئاویش خەو قوولتر دەکا. کامەرانیی سروشت، دروستیی، لە پێنج سالیدا هەلدەکۆلرێن و دەمێننەوە. ئازابە و بەئاگا وەرەوە (٤)، ئاوەکە بەم لادا وەردەگێرن... خەو لە ژووری گەورەکانەوە بەبۆنی رازیانەوە دەرژێتە سەر خوان، باوکە باوکە... لەگەلّ ئەوەشدا کە بە دەستکورتیی دارایی دایکم دەزانی، بەسەرخۆشی هەموو شەوێک لە چێشتخانە حەوزدارەکەی ئیستگەدا، هەندێک پەنیری سپی، عەرەق، هاوینان شامیی زل زل، جامە نووستووەکانی ئەو شەمەندەفەرانەی لە شارە گەورەکانەوە دێن و ڕەت دەبن. ترست لە خوداش نییە؟ هەموو شەوێک دەبێ بخۆیتەوە. هەر هیچ نەبێ بەزەییت بە خۆتدا بێتەوە. پیاوێکی ئەوەندە جوان بوو. ئەو بەژنە، ئەو بالایە...) باوکت پیاوێکی شەنگوشۆخ بوو رۆلّە، میمکم ئەو خۆشاوی لیمۆیەی وەرگرت کە یوردەگوبل هێنای، پەرداخەکان لەناو دەستگیرەی زیودا بوون، بەلام لە پیاودا یەکەم داواکراو، ئەمە نییە. بۆچی ژالّە گیانم گیان نییە، تا شووکردن یەک فنجان قاوەی نەکردبوو، بەلام ئێستا مێردێکی بیست سالّ لە خۆی گەورەتری دنیا دیدە و بەسەربردە و کارەکەرانی ناو مالّەکەی بەرێوە دەبا. ئیدی خۆم بە نموونە ناهێنمەوە. دایکت هەلّەی کرد کچم. خەم بە ئێوەش دەچێژێ، ئێستاکە تۆ کولێژ بە چ زەحمەتیگەلێک...

تاکە وێنەیەکی هەلواسراوی ژوورەکەم بینی، وێنەیەکی پاییزی بوو، لە هەموو لایەکیدا رەنگی قاوەیی و ترونجیی بەخۆوە گرتبوو. لە سەرەتای رێبیەکەدا ئافرەتێکی شەپقە زۆر بەرین بزر دەبوو.

میمکم بۆ ئاشکرا نەکردنی بە تاقم بوونی ددانەکانی بەو زەردەخەنە زۆر سەیرەیەوە لێی دەڕوانیم. گوتم: خۆشاوە لیمۆکە خۆش بووە.

شەکری زۆرە، ئێوە لاون، بەلام ئیدی بۆ ئێمە بەسەرچوو، گوشاری خوێن و دلّ دەستیان پێ کردووە. گوشاری خوێنی دایکت چۆنە؟

(دکتۆر گوتی: زۆر بەلاوی بێوەژن کەوتوون، شوو بکەن. ئەم ئارەقە دەردانە، ئەم دلّەکوتێیە لەوەوەیە کچی خۆم. بە دکتۆرم گوت های های های، من دوو کچم هەن، واتە دوو مێردم هەن، تاتام هەلّدەداتێ، دایکە گیان، پیاوەکە ڕاستی گوتووە، بۆ بەرگری دەکەی، چاوە سەوزە کالّەکەی دایکم بێ دەنگ دەبێ. دەلّێ: شووکردن بۆ شووکردن نابێ. لە پاش باوکێکی وەک باوکی ئێوە... بەرۆژ ئەوێیانە، رەنگی خاکی رووتی بەخۆیەوە دەگرت. لارولەنجەی ئەو دەشتەکییانەی دەهاتنە بازار لەگەلّ هەنگاوە کورتەکانی گوێدرێژەکانیان رێک بوو، بە بەردەمی پەنجەرەکەوە ڕەت دەبوون. پەردەکانمان لە پاتیسقە بوون (٥)، لە کاتی چوونە شایی مالّی ئۆردوودا (٦)، جوانیی دایکم بە دەستە جلە سیاکەیەوە لە شار ببووە بابەتی باس. – لە جەژنەدا، هیچ نەبێ بۆ باپیریان بنووسێ هاوسەرە خۆشەویستەکەم. واز لەمانە بێنە، داخۆ تۆ هەر بۆ ئەوەی خۆشی بەو خوشکەت ببەخشی کە لەمالّەوە ماوەتەوە! کچەکانی خۆم، کێ گوتوویەتی هەموو شتێک پارەیە. خەمم زۆر خوارد، بەلام من ئافرەتێکی وەهام قۆلّم هەلّدەمالّم و پێشوازی لە هاوسێ دەکەم.

باوکتان ئەوەندەی خەفەتی دامێ دلّخۆشیشی کردم، من ئافرەتێکی سادەم. پوورتان تەنانەت لەمالّی خۆشیدا کەس بە پاپۆشەوەی نەبینیبوو.

ژووری ناوەندم بۆ تۆ بە ئامادە کردن دا.

سەر ئەو بۆفێیەی تاقمە زیوی تێدایە، فۆتۆگرافی سویلی پاشای لێیە. لە کاتێکدا پاشای مندالّیمان ئەم نەبوو، پاشایەک بوو تاپێی کرابێ، گەورە بووەتەوە و نەسڕاوەتەوە.

لەوەتی هاتووی بووە چەند سەعات.

بیر لە ژووری ناوەندییە بە پیرێژن خاوێن کراو و شۆراوەکە دەکەمەوە. دەبێ بەدخووییەکەشی بخرێتە سەر زەحمەتیی خولّقاندنی کەسایەتیی رێزداری دەوروبەری ئەم ئافرەتە بە سالّدا چووە.

(خۆراکەکان دەبێ زۆر خاوێن بن، پێتان دەلّێم شینابییەکان شلّپ و هۆڕ هەروا مەشۆرن، ئەگەرچی سەر لە پەرتوبلاویی مالّەکە دەرناکەم، بەلام لەلایەکەوە باوکە سەرخۆشەکەتان و هەروەها کچە بێ سەروبەرەکانی... شتگەلێکی باوەڕ پێ نەکراو لە تووڕەیی دایکمدا ڕووی دەدا. لە پشت باخچەدا "قرەقرمان دەکرد." لەشی تاتام

کە تا دەهات پڕتر دەبوو، تامی بەهارەی شینایییەکان، ناوێکی بە ژیان دەبەخشی.) من لەم پیرە شارەدا هەست بە نامۆیی دەکەم. لەدەرەوەی ئێرەدام.

پێیان گوتبووم: برۆ، بمێنەوە، پوورتە. لە ئاراستەی پرسیارەکانییەوە لەو قسانەی تێدەگەم کە ئەو دەیانکا. ئەوەی دەیانپرسێ چین؟

لێم دەڕوانێ، وەک بڵێی تا دێ تووڕە و بەتەمەنتر دەبێ.

نوێی دەکاتەوە. نیازت نییە پرچت ببڕیتەوە وانییە؟

دەڵێم نەخێر.

بەڵام دەیبڕمەوە. تا دەکرێ کورتیش. کتێبەکانی وانە خوێندنەوەم نا، خۆشەویستترینی نووسەرانم بەدەستەوە دەگرم، ئەوەی لە دەستۆیڤسکی – دا خوێندمەوە، بە شوێنێکی پڕدا تێدەپەڕم. لە تاریکیی بێ دەنگی قەیسییەکانی شانشینە بە گەچ سپیکراوەکەدا، هەر لە بۆنی ئاو دەگەڕێم.

تێدەگەم پوورم، تەنانەت ئێشی خەمی بە کچێکی دەشتەکی بوونیشم پێ ناچێژێ. یوردەگویل ژوورەکەی کردەوە. تاکە پەنجەرەیەکی بە دیواری ماڵی بەرانبەردا دەیڕوانی. دارقەیسییەکی کێویلە، گەڵاکانی زیزببوون، نەخۆش، لە بنی پەنجەرەکەدابوو.

من لە شەشدا بە ئاگا دێم خانمە گچکە، ئەگەر کارتان هەیە، لەو سەعاتەدا کە دەتانەوێ بە ئاگاتان دەهێنمەوە.

ئەو " باسمە " ڕەنگدارەم (٧) کە دایکم بە دیاری بۆ یوردەگویل – ی ناردبوو لە باوڵەکەم دەرکرد. (نەکەی خۆت بیدەیتێ کچم. پوورت حەز ناکا ڕوو بەوانە بدرێ کاری لەلادا دەکەن، با خۆی بیداتێ.)

ئەمە هی تۆبە یوردەگویل.

زۆر سوپاست دەکەم، خانمە گچکە.

ناوت نازانم.

دەبوو بەو بڵێم. دەبوایە بمزانیبا لەو ماڵەدا ڕوو بە کارەکەر نادرێ، ناو زانین پێویست نییە. گۆرەوییەکان، دەسرۆکەکان، جلی شەوانە بە دۆڵابدا دەبێ ڕیز بکرێن. ژیانی کەمتەرخەمی لەم ناوەدا جێی نابێتەوە. منیش تێکەڵی دابونەریتی ئەم ماڵە بووم. دەنگەدەنگی ئامادەکاریی نانی ئێوارە لە مووبەقەوە دەهات، زرینگەی دەوری و چەتاڵ. دەمودەست لە دوورەوە بۆنی کەکیک دەهات (٨). خەریک بوو دەست بە گریان بکەم.

**کانوونی دووەمی ١٩٦٨**

**(*) چیرۆکێکی دیکەی ئەم نووسەرەمان بەناوی "ناوخۆیی بە خۆڕایی" لە ژمارە ١٦٩ی ٢٠١١/٦/٥ی هەر لەم گۆڤاری "ڕامان"ە ئازیزەدا بڵاو کردووەتەوە.**

**پەراوێز:**

**(١) جۆرە گوڵێکی سپی و وەنەوشەییە. بە عەرەبی لەیلەک – ی پێ دەگوترێ.**

**(٢) تاتا: خوشکی گەورە.**

**(٣) کۆلا: ناوە بۆ جۆرە نیشاستەیەک لە کاتی ئوتووکردندا لە کاڵا و جلوبەرگ دەدرا بۆ دەق پێ گرتن.**

**(٤) لە تورکییەکەیدا "Ayol" زاراوەیەکە تەنیا ئافرەتان بەکاری دەهێنن و لە کوردییەکەیدا بەو جۆرە واتاکەیم نزیک کردەوە.**

**(٥) پاتیسقە: جۆرە کاڵایەکی سادە و ڕێکی سپی بووە.**

**(٦) Orduevi واتە ماڵی ئۆردوو " لەشکر " ڕەنگبێ شوێنی تایبەتیی ئاهەنگگێرانی ئۆردووگا بووبێ.**

**(٧) باسمە: ناوی جۆرە کاڵایەکی تەنکی سەردەمی عوسمانی بووە، نەخشی لەسەر چاپ کراوە، وەک سەرپۆش بەکار هێنراوە.**

**(٨) کەکیک: ناوی تورکیی گیایەکی تیژ و بۆندارە، دەکرێتە ناو هەندێک خواردنەوە و ڕۆنیشی لێ دەردەهێنرێ. ناوە کوردییەکەیم نەزانی.**

**سەرچاوە:**

**FüRuzan - Parasiz Yatili - Bilgi Yayinevi -Üçüncü Baski 1972.**

**کۆمەڵە چیرۆکی " ناوخۆیی بەخۆڕایی – Par- Yatili asiz"ی فرووزان – بڵاوکراوەی دەزگای بیلگی – چاپی سێیەم – حوزەیرانی ١٩٧٢.**

# چیرۆکی
# ئەو پیاوەی بوو بەسەگ

**ئۆزڤالدۆ دراگۆن**
**لە عەرەبییەوە: ڕەووف حەسەن**
**(سلێمانی)**



[دەکرێ لەبری هۆڵ و شانۆ.. لە گۆڕەپانێک، گازینۆیەک.. یانەیەک.. بەندیخانەیەک.. مزگەوتێک.. کڵێسەیەک...تاد، پێشکەش بکرێت]

**هەر چوار ئەکتەرەکە:** بەڕێزان!
**یەکەم:** بەڕێزان! ئێمە ئەکتەری نوێین..
**دووەم:** چوار ئەکتەرین.. لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی دەچین.. لە گۆڕەپانێکەوە بۆ ئەوی دی.. لە شانۆیەکەوە بۆ شانۆیەکی دی دەچین.
**سێیەم:** بەڵام هەردەم بەرەوپێشەوە دەڕۆین..
**کچ:** سەرسام مەبن.. ئێستاکە دەبینن ئێمە شانۆمان بۆ هێناونەتە ئێرە.
**دووەم:** بەهەموو خەم و ژانەکانییەوە..
**سێیەم:** بە ئاواز و گۆرانییەکانییەوە..
**یەکەم:** بە گیروگرفتەکانییەوە..
**دووەم:** بە خەندە و خۆشییەکانییەوە..
**هەموو:** ئێمە تەنیا چوار ئەکتەرین..
(بە چرپە)
تەنیا چوار ئەکتەر!
**یەکەم:** من..
**دووەم:** منیش..
**سێیەم:** هەروەها منیش..
**هەرسێکیان:** ئەویش.. ئەم ئافرەتەیش!
**کچ:** من.. لە شانۆییدا ڕەنگە ببمە خوشک.. یان دایک.. یان ژن....
**یەکەم:** بەڵام من.. دەبمە پیرەمێردێک.. یان گەنجێک.. یان منداڵێک.. وەیان ببمە.. وەو!! سەگێک!
**دووەم:** منیش دەبمە گۆرانییەک.. یان درەختێک.. یان شەماڵێک.. یان مێزێک...
**سێیەم:** جوان لێم وردبنەوە! کە ئەم چاویلکەیە لەچاو دەکەم..مانای وایە من بوومەتە بەڕێوەبەری کارگەیەک!
**دووەم:** من چەندین دەور دەبینم.. چاک ئاگاداربن!

کاتێ ئەم بەرگۆشە سپییە دەپۆشم.. مانای وایە بوومەتە بەڕێوەبەری بەیتاڵخانە!

**یەکەم:** خۆشەویستان!

ئەمڕۆ چیرۆکێکتان بۆ دەگێڕینەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوودەدات..

**سێیەم:** دوای تەواوبوونی چیرۆکەکە.. ئەگەر بیرتان کـــردەوە و.. چوونە بنجـــوبناوانی مـــەبەست و مەغزاکەیەوە.. ئەوە هەموو ئاواتێکمان هاتووەتەدی..

**هەموو:** دەمانەوێت بیربکەنەوە!

**یەکەم:** بینەرانم! سوپاس بۆ ئێوە.. (دەڕوات)

**دووەم:** هاوڕێیانم! وا چیرۆکەکەتان بۆ دەگێڕینەوە..

**سێیەم:** هەروەک چۆن ئەمڕۆ بۆ ئێمەیان گێڕایەوە..

**کچ:** چیرۆکی: **ئەو پیاوەی بوو بەسەگ!**

**دووەم:** دیارە دڵتـان خـتـوورە دەکـات و.. گـومـان دەکەن.. ئەگەر گومان لەوە دەکەن شتی وا ڕوونادات.. دوور نییە بەم نزیکانە ڕووبدات.

**سـێـیـەم:** گـرینگ ئەوەیە.. ئەم چیـرۆکـە دوو سـاڵ لەمەوبەر، لەسەر میستەبەیەکی گۆڕەپانێکدا ڕووی دا.. هەر لەو شـوێنەدا کـە ئەمـڕۆ ئێـوە بەلایدا تێـپـەڕین.. پیاوێک هەبوو...

**دووەم:** لەوێ پیاوەکەمان ناسی..

**یەکەم:** (بە خەمبارییەوە خۆی نیشانی بینەران دەدات)

**دووەم:** (بەردەوامـە) ئەوەتا.. هەروەک بەچاوی خۆتان دەیبینن.. هیچی زیاد نەکردووە و.. زۆریش خەمناکە..

**ئەوانی دی:** (لە ئاستیدا سەریان نەوی دەکەن)

**کچ:** ئەو پیـاوە هاوڕێـمـان بوو.. بەدوای ئێـشـدا دەگەڕا.. ئێمەیش تەنیا ئەکتەر بووین و بەس!

**سێـیەم:** دەبوایە ژنەکـەی بەخێـو بکردایە.. نانی بۆ پەیداکردایە.. ئێمەیش تەنیا ئەکتەر بووین و بەس!

**کچ:** بەڵێ هاوڕێمان بوو.. هەروەک دەبینن هیچی زیاد نەکردووە!

**هەموو:** زۆر خەمباربوو..

(بەخەمناکییەوە)

ڕۆژان ڕۆیی.....

**سێیەم:** پاییز بوو..

**دووەم:** هاوین هات!

**کچ:** زستان کشا

**هەموو:** تا بەهار هات!

**یەکەم:** (لە شێوەی پیاوێکدا)

نەخێر! لە ژیانمدا بەهارم نەبووە..

**دووەم:** چاکە.. با بڵێین پاییزێکی دی..

**کچ:** زستان بەدوایدا

**سێیەم:** هاوین هات و.. گەڕاینەوە ئەم شارە.. چووین لەماڵەوە سەردانمان کرد، چونکە هاوڕێمانە..

**دووەم:** هەواڵی تەندروستیمان پرسی

**سێیەم:** ژنەکەی وەڵامی داینەوە

**کچ:** (وەک ژنەکەی خۆی نیشان دەدات)

نازانم!

**سێیەم:** نەخۆشە؟

**کچ:** نازانم!

**دووەم وسێیەم:** ئێستا لەکوێیە.

**کچ:** لە کولانەی سەگاندایە!

**دووەم:** (بە خەفەتەوە)

ئاه!

**سێیەم:** (بە خەمبارییەوە)

ئاخ!

**دووەم:** (بە نیگەرانییەوە)

ئای!

(دەبێتە پزیشکی بەیتاڵخانە، یان – ڤێرتنەری– )

من بەڕێوەبەری بەیتاڵخانەم.. ئەم ڕووداوەیش هەروەک من بزانم شتێکی ئاسایی نییە.. ئەم پیاوەش هاتووەتە لامـان و.. وەک سـەگ دەوەڕێت.. ئەگەر لەسـەر چوارپەل نەڕۆشتایە و.. نەوەڕییایە.. ڕێگەی پێ نەدەدرا بێتە نێو بەیتاڵخانەکەمانەوە.. هەرچەندە بەرگ و کاڵا و پێتاوی پیاوانەیشی پۆشیوە.. بەڵام شێوەی! شێوەی سەگە و.. هـەرچـەنـدەش لـە مـــــــــــرۆڤ دەچـێت.. وەلـێ لـە بەیتاڵخانەکەماندا بە سەگ دادەنرێت..

(دەڕوات)

**یەکەم:** (بۆ بینەران)

باشـە ئێـسـتـا لە حوزووری ئێـوەدا چی بڵـێم؟! نازانم سـەگم، یان مـرۆڤ! بەڵام بێ گـومـانم، تەنانەت ئێـوەش ناتـوانن لە کـۆتـاییـدا بڕیاری ئەوە بدەن من چیم! چونکە هەموو شتـێک لە چیرۆکەکـەماندا بەشێوەیەکی ئاسایی دەستی پێ کردووە..

ڕووم کـردە کـارگـەیەک.. بەدوای کـاردا گـەڕام.. سێ مـانـگ بـوو بێ ئـیش دەســووڕامــەوە.. ڕووم کــردە ئەم

کارگەیە....
(یەکەم بۆ سێیەم)
گەورەم! من کرێکارێکی بێ کارم.. هەر کارێک هەبێت، دەیکەم..
**سێیەم:** کارمان نییە..
**یەکەم:** بە ڕۆژانەیەکی کەم کاردەکەم.. هەر بۆئەوەی پارووە نانێ بۆ خێزانەکەم مسۆگەر بکەم..
**سێیەم:** ئێمە بەبەزەیین.. هەرچەندە ئیشیشمان نییە.. بەڵام ڕۆژانە دۆلار و نیوێکت دەدەینێ..
**یەکەم:** دۆلار و نیوێک!؟
**سێیەم:** بەڵێ.. سەد و پەنجا سەنت..
**یەکەم:** سەد و پەنجا سەنت؟!
**سێیەم:** کارەکەت لە گەنجینەدایە.. لیستی هەموو فەردەکان دەگریت.. هەرچی دەڕواتە دەر و دێتە نێو گەنجینەوە.. دەیاننووسیت.. جاروبار خۆیشت یارمەتی حەماڵەکان دەدەیت..لەنێو ئۆفیسیش کەمێک یاریدەی خۆشم دەدەیت..
**یەکەم:** (بەخۆشییەوە)
لە ئێستەوە دەست پێ بکەم؟!
(بە پانتۆمایم خەریکی کارکردنە)
**کچ:** مێردەکەم بەو حاڵەیشەوە زۆر شادمان بوو.. هێندە کاری کرد و خۆی ڕەتاند نەخۆش کەوت.. ئەو بەیانییە نەیتوانی بچێتە سەر ئیشەکەی..
من چووم بۆ لای بەڕێوەبەر..
**کچ:** (بۆ سێیەم): گەورەم! مێردەکەم حاڵی زۆر پەرێشانە.. نەیتوانی بێت..
**سێیەم:** مێردەکەت لە ئەمڕۆوە لەکارخراوە.
**کچ:** گەورەم! ئاخر....
**سێیەم:** پێی ناوێت لەسەری بڕۆیت.. تەنیا من دەزانم نەخۆشییەکەی چەندم زیان لێ دەدات..
**کچ:** بە نەخۆشیشەوە هەر دێت..
**سێیەم:** (ئاوڕی بۆ دەداتەوە)
ئۆۆها! تۆ ژنی ئەویت.! چۆن! یەعنی تۆ ژیان لەگەڵ ئەودا بەسەردەبەیت؟! نا.. نا.. دەری ناکەم.
**کچ:** زۆر سوپاس گەورەم! زۆر سوپاس
(دەیەوێت بڕوا)
**سێیەم:** نا... نا.. مەڕۆ! تۆ لەماڵەوە چی دەکەیت؟ بۆ نایەیت لێرە ئیش بکەیت؟
**کچ:** ئیشی چی!؟
**سێیەم:** (دەیەوێت موغازەلەی بکات)
هەموو ڕۆژێک دوو دۆلار نا.. دە دۆلار... سەد دۆلار.. چەند دەڵێیت ئەوەندەت دەدەمێ.. هەر بەتەنیا....
**کچ:**............
(دەڕوات)
**سێیەم:** بڕۆ! خۆت و مێردەکەت نەخلەتابن بێرەدا بێنەوە..
**یەکەم:** ئا بەو شێوەیە لەکارەکەم دەرکرام.. بەڵام.. بەدوای پارووە نانێکدا ڕووم لە کارگەیەکی دی کرد..
**سێیەم:** (بەڕێوەبەری کارگەیە)
تۆۆ! ئەو ئاگادارییەت نەخوێندەوە؟ کارمان نییە!
**یەکەم:** بەڵێ.. خوێندمەوە.. ئاگادارییەکەتانم خوێندەوە.. بەڵام.... بۆ من هیچ کارێکتان نییە؟
**سێیەم:** لەبەرئەوەی لە ئاگادارییەکەدا نووسراوە – کارمان نییە– واتا کارمان لا دەست ناکەوێت..
**یەکەم:** وتم ڕەنگە ئیشێکتان بۆ من هەبێت.. هەر ئیشێک بێت گرینگ نییە..
**سێیەم:** نە بۆ تۆ و نە بۆ هیچ کەسێکی دی هیچ کارێکمان نییە.
**یەکەم:** ئەها..... تێگەیشتم.. بەڵام تکا دەکەم بەوردی بگەڕێن.. واتێدەگەم لە کارگەکەتاندا جێیەکی بۆ من تێدا بێ کاری تێدا بکەم!
**سێیەم:** نییە..
**یەکەم:** میکانیکی!
**سێیەم:** نییە..
**یەکەم:**ئاسنگەری؟
**سێیەم:** نییە..
**یەکەم:**گەسکدەر؟
**سێیەم:** (سەیری دەکات)
وتم نییە..
(پاش کەمێک)
گوێ بگرە! دوێنێ ئەو سەگەی پاسەوانیی کارگەکەمانی دەکرد مرد.. بەڕاستی سەگێکی دڵسۆز و بەئەمەک بوو.. دەزانیت بوەڕیت؟
**یەکەم:** میکانیکی؟
**سێیەم:** دەزانیت وەک سەگ بوەڕیت؟

**یەکەم:** ئاسنگەری؟
**سێیەم:** حەپ، حەپ.. دەتوانی بەچاکی حەپەحەپ بکەی؟
**یەکەم:** گەسکدەریی؟
**سێیەم:** دەڵێم حەپەحەپ.. وەڕین! دەبێتە سەگ لەلامان؟
**یەکەم:** (بەهەموو هێزی)
نا....
**سێیەم:** ئەوە چییە؟! خۆ دەڵێت نا! دەزانیت نا مانای چییە؟
**یەکەم:** بێ گومان.. دەزانم یانی چی..
**سێیەم:** لە ڕووشمدا هەڵدەگەڕێیتەوە؟! دژی من دەنەڕێنیت؟
(بۆ دووەم هاوار دەکات)
وەرە با تەمێی بکەین..
**دووەم:** (دێت)
فەرموو.. گەورەم!
**سێیەم:** دەی لەگەڵمدا.. با پێکەوە تەمێی بکەین..
(پێکەوە دەنیشنە سەر - یەکەم-.. هێند دەیهێنن و دەیبەن و ئازاری دەدەن... تا بەتەواوی بێتاقەتی دەکەن)
**یەکەم:** (لەژێر لێدان و لەتاو ئازار) ئای... وای... وا...
**سێیەم:** دەی! دەی! تۆزێکت ماوە.. ئافەرین..
**یەکەم:** ئای... وای... واااا..
**سێیەم:** دەی! زۆر چاکە.. تەواوی بکە! وەو....
**یەکەم:** وااا... واااو... وەو(١)
**سێیەم:** زۆر بەرزە.. زۆر مەزنە.. پیرۆزبایبیت لێدەکەم... ئەوە کارت چنگ کەوت.. ڕۆژانەکەشت ١٠سەنتە.. کولانەی سەگەکەشت دەدەینێ و.. خۆراکی تایبەتی سەگیشت بۆ ئامادەدەکەین.
**دووەم:** (بۆ ئامادەبووان)
وەک دەبینن ١٠ سەنت ڕۆژانەیەتی.. لەکاتێکدا سەگی پێشوو کە مرد وەک ئەم ڕۆژانەی بۆ نەبڕابووەوە..
**کچ:** (وەک ژنی یەکەم)
کە بۆ ماڵ گەڕایەوە.. وەک سەرخۆش وابوو.. باسی ئیشەکەی بۆ گێڕامەوە.. تەنانەت دڵخۆشیش بوو..
**یەکەم:** (بۆ ژنەکەی، وەک سەرخۆش بێت)
بەڵێنیان داومەتێ.. هەر کرێکارێکیان لە کارگەکە دەرکرد.. یان مرد.. یان خانەنشین کرا.. من لەجێگەکەی دابنێن.. ئافرەت دڵخۆش بە! بگەشێوە.. وەو.. وەو.. وەو.. وەو.. ڕووخۆش بە! وەو.. وەو.. بگەشێوە کچێ.. وەو.. وەو..
**کچ:** ئەو بەسەزمانە لە خۆشیدا سەرخۆش بوو..
**یەکەم:** بەم جۆرە.. ڕۆژی داهاتوو دەستم بەکارکرد..
(لەسەر چوارپەل دەوەستێ)
**سێیەم:** ئۆ.. ئەوە دەڵێی کولانەی سەگەکە بچووکە و جێگەی تۆی تێدا نابێتەوە؟!
**یەکەم:** بەڵێ زۆر تەنگە.. ناتوانم بچمە ناوی
**سێیەم:** ئممم.. کەواتە لە کونی سەگاندا هەست بە ئازاردەکەی!
**یەکەم:** بەڵێ..
**سێیەم:** چاکە.. جارێ گوێی مەدەرێ.. دواتر لەم باسە دەکۆڵینەوە.. بەڵام بە وشەی بەڵێ وەڵامم مەدەوە.. دەبێت لەسەر وەڕین ڕابێیت.. وەو... وەو..
**دووەم:** وتت جێگەکەت بەلاوە تەنگە؟!
**یەکەم:**.............
**دووەم:** وتت لە کونی سەگەکەدا جێت نابێتەوە
**یەکەم:** وەو... وەو..
**دووەم:** ئێ دوایی؟!
(دەڕوات)
**یەکەم:** کونە سەگەکە بۆ من بچووک و تەنگ بوو.. لەبەردەمی کونەکەدا مامەوە.. نەچوومە ناویەوە.. بەڵام شەوێ کە باران دای کرد.. چارم نەما و خۆم لەنێوی خزاند..
**سێیەم:** (بۆ ئامادەبووان)
ئێستا لە کونە سەگەکەدایە.
**کچ:** مرۆڤ لەگەڵ هەموو زرووفێکدا ڕادێت..
**دووەم و سێیەم:** ئامین!
**کچ:** بەوجۆرە دەستی بە ئیشەکەی کرد..
**سێیەم:** (بۆ یەکەم)
ئەگەر یەکێکت بینی بێرەدا دەڕوات.. دەبێت یەکسەر بوەڕیت.. ئاوا.. وەو.. وەو.. وەو.. دەی با بتبینم...
**دووەم:** (لەشێوەی ڕێبوارێکدا هەنگاو دەنێت)
**یەکەم:** وەو.. وەو...
**دووەم:** (بۆ ئامادەبووان)
تکایە پێمەکەنن.. ئەمە نوکتەیەکی گاڵتەجاڕی نییە..

زۆر مەبەستمانە

(دیمەنی ڕۆیشتن و وەڕینەکە بەردەوامە)

**سێیەم:** (بۆ دووەم)

ئەمە مانای وایە ١٠ سەنتەکەمان بەفیڕۆ نەچووە، بەڵام ئەم لە سەگەکەی پێشوو زێتر دەخوات..

**کچ:** وێڕای ئەمانەش هەمووی.. کاتێ بۆ ماڵ دەگەڕایەوە.. دەمبینی زۆر خەمبارە.. ویستم لەو خەم و پەژارەیەی کەم بکەمەوە..

**یەکەم:** (بەماتەمینییەوە دێتە ژوورەوە)

**کچ:** ئۆهـ.. ئەمڕۆ میوانمان هات..

**یەکەم:** بەڕاستتە؟!

**کچ:** باسی ڕۆژانی ڕابردوومان کرد.. باسی سەماو خۆشیی جاران لەبیرتە!؟

**یەکەم:** ئەی چۆن..

**کچ:** سەمای تانگۆکەت لەیادە کە هەمیشە پێی مەست دەبووین!؟

**یەکەم:** یادم ناکەوێتەوە..

**کچ:** چۆن؟

(بە خەواڵوویییەوە)

تانگۆکە ناوی -خۆشم دەوێیت- بوو.

**یەکەم:** (لەسەر چوارپەل وەستاوە و بۆی دەنوارێت)

**کچ:** (بەسەماوە بەردەوامە)

لەیادتە چەپکێ گوڵت پێشکەش کردم؟!

(سەیری – یەکەم- دەکات لەسەر چوارپەلە)

ها؟ ئەوە چی دەکەیت؟!

**یەکەم:** ها! چی؟

**کچ:** لەسەر چوارپەل وەک سەگ وایت...

(بەدەم ڕۆشتنەوە)

ناتوانم.. لەمە زێتر بەرگە ناگرم... دەچم لەگەڵ بەڕێوەبەری کارگەدا قسەدەکەم.... نا.. ناچم.. بێ گومان ئەمیش گورگێکە وەک ئەوی دی..

**یەکەم:** (بۆ سێیەم)

ئەو کرێکارەی دوێنێ مرد... جێگەکەی.....

**سێیەم:** بەڵێ مرد.. مرد و برایەوە.. بەڵام دەمانەوێت تۆزێک دەست بە داراییەوە بگرین.. لەبەرئەوە دەرەجەکەیان سڕییەوە.. ماوەیەک ئارام بگرە!

**کچ:** ئاوا.. سێ مانگی دی چاوەڕێ بووین.. جارێکی دی چووەوە لای بەڕێوەبەر..

**یەکەم:** بیستوومە کرێکارێکی کارگەتان خانەنشین کردووە..

**سێیەم:** بەڵێ.. بەڵام بڕیارمان دا جێگە بەتاڵەکەی ئەویش بکوژێنینەوە..ماوەیەک ئارام بگرە!

**دووەم:** هەر چاوەڕوان بوو.. پاش دوو مانگی دی چووەوە لای بەڕێوەبەر...

**یەکەم:** جێگەی یەکێک لەو کرێکارانەم بدەنێ کە بەهۆی مانگرتنەوە دەرتان کردوون..

**سێیەم:** دەبێت جێگەکانیان بەبەتاڵی بهێڵینەوە.. وەک سزایەک بۆ هەموو ئەوانەی مان دەگرن..

(دەردەچێت)

**یەکەم:** نەمتوانی لەمە زێتر بەرگە بگرم.. وازم لەکارەکەم هێنا

**کچ:** ئاهـ... شەوانێکی چەند نازداربوو.. دەزانیت ئەو گوڵانەی پێشکەشت دەکردم ناویان چی بوو؟

**یەکەم:** گوڵە سەوسەن..

**کچ:** ئەی ئەو گوڵە ئەستێرەیەی بۆت کردمە دیاری؟!

**یەکەم:** ناوی مێرییا بوو..

**کچ:** (بەپێکەنینەوە)

مێرییا! مێرییا ناوی خۆمە..

**یەکەم:** بەڵێ.. ناوی تۆ و ئەستێرەکەیشە..

(دەیەوێت دەستی بگرێت و ماچی بکات)

**کچ:** (دەستی لە دەستی ڕادەپسکێنێ)

**یەکەم:** ئەوە چیتە؟! بۆ؟

**کچ:** گازم لێدەگری!؟

**یەکەم:** مێرییا گیان! ویستم دەستت ماچ بکەم..

**کچ:** وامزانی دەمگەزیت..

(زێتر لێی دەکشێتەوە)

**دووەم:** بێ گومان!

**یەکەم:** لەمە زێتر بەرگە ناگرم..

**کچ:** (بۆ ئامادەبووان)

ڕۆژی دوایی.. جارێکی دی هاوڕێکەمان بەدوای کارێکی دیدا گەڕا... گەڕا... گەڕا.... لە کارگەیەکی دیکەدا...

**یەکەم:** (بۆ دووەم): زۆر گەڕام.. بەدوای ئیشێکدا هەموو لایەک گەڕام.. بەڵام...

**دووەم:** هیچ کارێکمان بۆ تۆ نییە

(پاش کەمێک)

بەڵام... چاوەڕوان بە!
**یەکەم:** هاااا؟ وتت چی؟!
**دووەم:** دوێنێ سەگی پاسمان مرد.. بەسەزمانە تەمەنی ٣٥ ساڵ بوو، مرد..
**یەکەم:** هەیە؟! کارتان هەیە؟!
**دووەم:** ڕۆژانەکەت ٢٠ سەنت دەبێت..
(دەڕوات)
**کچ:** ئەوەی مێردەکەم پەیدای دەکرد.. بەشی کرێی خانووەکەی نەدەکرد..
**یەکەم:** (بۆ -کچ- کە ڕۆڵی ژنەکەی دەبینێ)
من لەوێ لە کولانەی سەگەکاندا دەژیم و..وای بەباش دەزانم تۆیش لەگەڵ چوار پێنجێک لە دەستەخوشکەکانتدا ڕێک بکەون و هۆدەیەک بۆ خۆتان بگرن.
**کچ:** هیچ چارێکی دیمان نییە.. بەڵام ئەی خواردن چۆن؟!
**یەکەم:** خۆت دەزانیت من بە ئێسقان کڕانەوە ڕاهاتووم و.. بەشە خۆراکەکەم چی گۆشتی پێوەبێ.. بۆتی لێ دەکەمەوە و.. خۆم تەنیا ئێسکەکانی دەخۆم..
(کەمێک بێدەنگی)
بەم ژیانە ڕاهاتووم و.. کولانەی سەگەکە بۆم بۆتە جێیەکی وا پڕ بەپێستم بێت.. بۆشم دەرکەوت.. لەسەر چوارپەل ڕۆیشتن کارێکی گران(٢) نییە..
ڕۆژێکیان لە باخچەکەدا بە (ماریبیا) گەیشتم....
(بۆ کچ مێریبیا)
مێریبیا! لەبەر ئەوەی تۆ ناتوانیت بێیتە کولانەی سەگەکانەوە و.. منیش ناتوانم لە ژووردا بم...
**کچ:** بڕیارمان دا..پێکەوە لەباخچەکەدا گەشت بکەین.. لەپڕ هەستم کرد... تەواو نیم!
**یەکەم:** مێریبیا ئەوە چیتە؟
**کچ:** سەرم گێژ دەخوات..
**یەکەم:** بۆ؟ لەبەرچی؟!
**کچ:** (دەگری)
وابزانم سکم هەیە و.... منداڵم دەبێت!
**یەکەم:** مێریبیا! جا ئەوە گریانی دەوێت؟
**کچ:** ئاخر.. دەترسم.. زۆر دەترسم..
**یەکەم:** دەترسیت؟! لەچی دەترسیت؟!
**کچ:** دەترسم.. نامەوێت منداڵم ببێت!

**یەکەم:** مێریبیا گیان! ئەوەی سکت دەبێتە کۆرپەی هەردووکمان
**کچ:** نا... ئاخر دەترسم تووتەڵە سەگێکم ببێت
(بێدەنگی)
**یەکەم:** (سەیری ژنەکەی دەکات و.. چوارپەلی لە زەوی دەنێت و دەگری و.. ئەمجا دەوەڕێت.. بەخێرایی وەک سەگ دەڕواتە دەرەوە)
وەو.... وەو...
**کچ:** ڕۆیی.. هەندێ جار وەک خەڵکی دی بەپێوە دەوەستاو.. هەندێ جاری دی لەسەر چوارپەل.. وەک سەگ!
**یەکەم:** (دەگەڕێتەوە)
نا... هەرگیز وەک خەڵکی ئاسایی بەپێوە نەوەستاوم.. نەمتوانیوە بوەستم، چونکە ئەگەر وەک ئەوان بەپاوە بوەستم پشتم ئازارم دەدات..
وەو....وەو... ئەوە خەڵکی بۆ سەیرکردنم هاتن..
**دووەم و سێیەم:** (دێن و سەیری دەکەن)
**یەکەم:** (هاواردەکات)
دوورکەونەوە! لێم گەڕێن بابچمەوە نێو کولانەکەم.. دوورکەونەوە! چییە؟ سەگتان نەدیوە؟
**دووەم:** شێت بووە.. دەبێت پزیشکی بۆ بێنین..
(دەردەچێت)
**کچ:** پێیان وتم کە یەکێ لە پیاوچاکەکان.. لە مرۆڤە پاکەکان.. چۆتە لای و پێی وتووە:
**سێیەم:** (دەچێتە لای - یەکەم- ـەوە)
هاوڕێکەم! ئەوە چیتە؟ بۆ وا بەچۆکاچوویت؟ بۆ لەسەر چوارپەل دەڕۆی؟
ئاه... ئەگەر دەتزانی مرۆڤ چەندان شتی نازدار و جوان بەپێوە دەبینێت.. هەستە! دەی.. من دەست دەدەمە باڵت و یارمەتیت دەدەم.. تا بتوانی بەپێوە بوەستیت.. دەی!
**یەکەم:** (هەوڵ دەدات هەڵستێتە سەرپێ.. بەڵام ناتوانێ.. بەڕووی - سێیەم- دا دەکەوێتەوە.. دەوەڕێت و دەیەوێت بیگەزێت)
وەو... وەو...
**سێیەم:** هەستە دەی! ئاوا.. من باڵت دەگرم.. دەست دەدەمە باڵت.. غیرەت بەرە بەر خۆت..
**دووەم:** (دێت و یاریدەی دەدات)

دەی! هاوڕێ دەی! نابێ وابمێنیتەوە

**یەکــــەم:** (وردە وردە هەڵدەســـێت.. لەســـەر پا دەوەستێت.. سەیری ئامادەبووان دەکات)

ئۆهـ مـای گۆد! ڕاستـە! چی دەبینم! ئەو خەڵکە جـوانە دەبینم.. زۆر ڕاستـە.. ئەوەی بەپێـوە دەبینرێت هەرگـیـز لەسەر چۆک و چوارپەل نابینرێت..

**کچ:** ڕەنگە لەناوتاندا ژن هەبێت.. بیر لەوە بکاتەوە و لەدڵی خــۆیدا بڵێ: تۆ بڵــێی کــە لێــرەوە بۆ مـــاڵ گـەڕامـەوە.. مـێـردەکـەم بووبێت بە سـەگ و بە وەڕین و حەپەحەپ بەنێو ماڵدا بێت و بچێ!؟

**سێـیـەم:** ڕەنگە بێ ئیشـێکیش بیـر لەوە بکاتەوە کـە هیـچ چارەیەکی نیـیـە بێـجگە لەوەی ببـێـتـە سـەگ و کارێکی دەست کەوێت...

**کچ:** بەڵام ئەگـــەر ئەم غـــایلە و خـــتـــوورانە بە دڵ و دەروونتاندا نەهات.. ئەوە ئێمە بەختەوەر دەبین..

**دووەم:** خۆ ئەگەر هاتو ئەم غایلە و ختوورانەتان بەدڵدا هات و.. ڕووی دا و.. یەکـێکتـان لەناودا بوو بەوێنەی هاوڕێکەمان کە لە چیرۆکەکەدا بوو....

**کچ:** ئەوا.... ئەوا

**دووەم:** ئەوە چیرۆکێکی نوێی دی دەست پێ دەکات!

**١ – ئەوانەی بە تیـپی لار نووسراون.. بۆمـان زیادکـردووە.. تا لەگەڵ ڕۆژگارەکەدا بگونجێت.**

**٢– گران: لە وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەی دەقەکەدا (سيء) واتا (خراپ) دانرابوو.. وام بەپەسەند زانی (گران)ی لەجێ دانێم.**

## ئۆزڤاڵدۆ دراگۆن Osvaldo Dragun

**دراگـۆن لە ١٩٢٩ لە (ئەرژەنتین) لەدایک بووە و لە ١٩٩٩دا لە (بۆینس ئایرس) مردووە.. یەکێ بووە لەو شانۆکارانەی شانۆی کراوەOpen Theater، یان شـانۆی کـەرەڤانەی نیـشـتـمـانی Cervantes National Theaterیان لە ئەمـــەریکای لاتیندا داهێنا.. لە ١٩٦١دا بەمـەبەسـتی کـارکردن، (ئەرژەنتین) بەرەو (کـوبا) جێ دێڵێ، ئەمجـا بۆ مـەکـسـیک، سـتـەیتـسـلاند، ڤەنزەوێلا، پیرۆ، کۆڵۆمبیا، هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا و وڵاتانی دیکەش.. بەهۆی کارە هونەرییە ناوازەکـانییـەوە چەندین خەڵاتی بەدەست هێناوە.**

**گرینگترین بەرهەمە شانۆیی و ئەدەبییەکانی:**

*** پەتای ڕشـانەوە (تاعـون) لە مـێلۆس Melosـەوە دێ: ئەمـە یەکـەمین بەرهەمی بوو. لە١٩٥٦ دا چاپی کـرد.. سـەبارەت بە داگیرکردنی گواتیمالا بوو.**

*** چیرۆککگەلێ شایانی گێڕانەوەبن، ١٩٥٦.**

*** باخچەکەی نێو دۆزەخ، ١٩٧٥.**

*** مێزی ژمارە ١٠.**

*** پەرجوو لە کۆنە بازاڕێکدا، ١٩٦٣.**

*** پاڵەوانی بۆینس ئایرس، ١٩٦٥.**

*** میسەللەکەم و خۆم .My obelisk and I (1981)**

*** براوە، ١٩٨٢.**

*** ئەمڕۆ لاوازەکان دەخۆین، ١٩٨٣.**

*** هەویرەکە، ١٩٨٤.**

*** دڵی باڵا.**

*** گەڕانەوە بۆ هاڤانا.**

*** چیرۆکی ئەو پیاوەی بوو بەسەگ.**

# کامەران ڕەحیمی:

## توێژەرانی ئێمە دەبێ بپەرژێنە سەر کێشە سەرەکی و ئەمڕۆییەکانی بەردەم زمان، لەجیاتی لێکۆڵینەوەی سەلەفیانەی بێ سوود.. زمانیش وەک دیاردەیەکی زیندوو، ئەگەر زاوزێ نەکات، نەزۆک دەبێت و سەرەنجام دەتوێتەوە.

سازدانی عەلی حەیات نیا
لە فارسییەوە: شەریف فەلاح
(سلێمانی)



**پێشەکی:**

لە هەرێمی دێرین و کەونارای ئیلام، دەڤەری شاستانییەت و کولتووری ڕەسەن و مەڵبەندی ئەدەب و زمان، ناوچەی زاراوەی فەیلی هەڵکەوتووە، هەرچەندە تەمەنی ٤٠ ساڵە، بەڵام زیاتر لە ٢٠ ساڵە بووەتە شاسواری مەیدانی زمان و ئەدەبی کوردی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەورێکی گرنگی لە بووژانەوە و زیندووکردنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی، بەتایبەت زاراوەکانی "کەڵهوڕی، فەیلی، لەکی و سۆرانی"دا هەبووە. بووەتە یەکێک لە سەرچاوە و کۆڵەکەکانی بواری نووسین و ڕۆژنامەوانی کوردی لە ئیلام. کامەران ڕەحیمی، نووسەر و باسکار و زمانەوانی جددی ساڵانێکە بە پشوودرێژییەوە لە بواری زمان و واتاسازی، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەب و فەرهەنگدا لە دەڤەرەکانی ئیلام و کرماشان کار دەکات. ڕوانگە و بۆچوونەکانی لە بواری هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی زمانی پێوەر جێگای سەرنجن. لەلایەکی دیکەشەوە وەک ڕچەشکێنێک لە چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی کوردی لە ئیلام و ڕێکخستنی ئەدیب و نووسەران بۆ کاری هاوبەش جێ پەنجەی دیارە. هاوکات یەک لەو کەسانەیە کە بۆ پێداچوونەوە و سەرپەرشتی کردنی بەرهەمە چاپکراو و پرۆژە ئەدەبییەکانی ناوچەکە پرسی پێدەکرێ و جیا لەمانەش مامۆستای قوتابخانە دواناوەندییەکانی ئیلامە و لە بواری پێگەیاندنی قوتابیان و خوێندکارانی کورددا کەسێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر لەم هەڤپەیڤینە چڕوپڕەدا زیاتر لەگەڵ ڕوانگە و بۆچوونەکانی لەبارەی زمان و ئەدەبی کوردی ئاشنا دەبین.

* لەبەرچی کولتووری ڕەخنەگرانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا جێگای نەگرتووە و جێگیر نەبووە؟

– لە ناوچە کوردنشینەکان بۆشایی و کەلێنی کولتووری ڕەخنەگرانە، نەبوونی بارودۆخی لێکدانەوە و تاووتو گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی و زۆربەی قەڵەم بەدەستان لە هەمبەر بەرهەمە فەرهەنگییەکان چ باش، چ خراپ، بێدەنگی هەڵدەبژێرن، ئەگەریش شتێکی ئەوتۆ لەم بارەوە بڵاو بکرێتەوە، یان تژییە لە شکاندن، یان وەسف و پێداهەڵگوتن، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەی کە دەنووسرێ، دەبێ بێ ئەم لا و ئەولا لە فلتەری باند و تاقم و گرووپەوە بگوزەرێت. نەبوونی کولتووری ڕەخنەگرانە بووەتە هۆی جۆرێک لە خۆ نوێنی و خۆبەزلزانی لە ناخماندا و لەڕاستیدا کۆمەڵگەی نووسەرانمان لەم بارەوە، کۆمەڵگەیەکی بێدەنگ و نائەکتیڤە و چیرۆکی ئێمە چەشنی نەخۆشێکە کە پێی وایە لەشساغە. مەیل و حەزی نووسین تەنانەت لەناو توێژی خوێنەوار و ئەکادیمییەکانیش زۆر لاوازە و لەلایەکی دیکەشەوە زۆربەی ڕوانگە و بۆچوونەکانمان، یان گریمانەن، یان بەبێ ڕێفرێنسن و ئاماژەدان بە سەرچاوە دەخرێنە ڕوو. بەپێی نەریتێکی کولتووری بۆ سەلماندنی ڕایەک، هەموو کات لە شیعرێک کە لەبەر دەستدایە وەک شاهید و بەڵگە دەهێنینەوە.

* تا ڕادەیەک لەگەڵ وتەکانتدا هاودەنگم، بەڵام ویستم هۆکارەکانی بەرهەمی ئەم دواییەتان "بنەماکانی وشەسازی و وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا" کە وەک کتێبی نموونەی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران هەڵبژێردرا لە زمانی خۆتانەوە ببیستم؟

– ئەم کتێبە هەڵگری چوار تایبەتمەندیی "توێژینەوە، نووسین و شیکاری و ئەنجام"ـە و لەبارەی فۆرم و پێکهاتەوە بەپێی دوایین میتودی زانستیی هاوچەرخ نووسراوە، لەلایەکی دیکەوە لەبارەی زمانییەوە بۆ یەکەم جارە لە دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان کتێبێک بە زمانی پێوەر نووسراوە و لەبارەی ناوەرۆکیشەوە دیسان یەکەم جارە لە سەرانسەری ناوچە کوردنشینەکانی ئێران کتێبێک لەم بارەوە دەنووسرێت و لە ئەنجامدا ئەم کتێبە نزیک بە ٢٠ جار لەلایەن خاوەن ڕا و مامۆستایانی زانکۆوە پێداچوونەوەی بۆ کراو لە گشتی گرنگتر ئەوەی کە من ڕەخنەی ئەو پسپۆڕ و خاوەن ڕایانەم لە کتێبەکە و ناوی ڕەخنەگرانیشم لە ناسنامەی کتێبەکەدا گونجاند. جێی خۆیەتی لێرەدا سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی بەڕێزان "ڕەزا شەجیعی لە سەقز، د.بەختیار سەجادی لە سنە و ئەحمەد ئەحمەدیان لە مەهاباد بکەم. لەوانەیە ئەم مەسەلانە بووبێتنە هۆی سەرکەوتنی ئەم کتێبە.

* ئێوە وەک کارناسێک نزیک بە دوو دەیەیە سەرقاڵی چالاکین، ئێستا و داهاتووی دۆخی زمانی کوردی چۆن لێک دەدەنەوە، لە بنەڕەتدا ئێمە بۆ دەبێ بپەرژێینە سەر زمان و ئەدەبی خۆمان؟ زەرووڕەتی چییە؟

– لە ڕاستیدا زمان میراتی مرۆڤایەتییە و لە بنەڕەتدا خاوەنی بەها و توخمی گەوهەرییە. زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، جیا لە ڕۆڵی پێوەندی، سەرچاوەی هزر و ئەندێشەیشە. لەڕاستیدا زمان DNA کولتووری نەتەوەیە. بە سڕینەوە، یان لاوازبوونی زمان لە بنەڕەتدا بوون و گەوهەری فەرهەنگێک، یان نەتەوەیەک دەکەوێتە مەترسییەوە. لەم دواییانەدا ڕێکخراوی یونسکۆ بە مەبەستی تاووتو و پاراستنی زمانی ئاخێوەرانی زۆر کەم و تەنانەت سەد کەسیش، ڕێوشوێنی لەبەرچاو گرتووە، ئەمەش بۆ زمانی کوردی کە بەپێی حەشیمەت زمانی زیندووی دنیا دێتە ژمار، باسوخواسێکی دیکەیە. لەناو چەقی کۆمەڵەی زمانە ئێرانییەکاندا پاش زمانی فارسی لە بواری دەقی پەخشان و هۆنراوەوە، زمانی کوردی لە پلەی دووەمدایە. ئەمڕۆکە سەدان بڵاوکراوە و دەیان کەناڵی ئاسمانی بە زمانی کوردی بابەت دەنووسن و بڵاو دەکەنەوە. زمانی کوردی لە زۆرێک لە زانکۆ بیانییەکان لە زانستی جۆراوجۆر هەتا ئاستی دکتۆرا دەخوێنرێت. بەگشتی لە هەر کاتژمێرێکدا هەزاران لاپەڕە بە زمانی کوردی دەنووسرێت و دێتە وەشان. کەوایە ڕای من بۆ بەرژەوەندی و داهاتووی زمانی کوردی ڕوانگەیەکی خۆشبینانە و ڕوونە، بەڵام ئەوەی کە کوردان لە سەدەی بیستەمدا نەیانتوانیوە یەکێک لە لق و شێوەزارەکانی زمانی خۆیان وەک زمانی پێوەر هەڵبژێرن، یەکێکە لە گەورەترین گرفتەکانی بەردەم داهاتوو کە دەبێتە پرسێک و سەرەنجام بە تەنگژە کۆتایی دێت، چونکە ویست و داوای هەمووان (بە ستانداردکردنی زمان) لە چەقی وەهمدا دەسووڕێتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئاخێوەرانی زۆربەی زمانە دەوڵەمەند و ناسراوەکان وەک: ئینگلیزی،

فەرەنسی و عەرەبی و... لەپێناو بەربلاوی و ڕەخنەکردن لە سەرانسەری دنیا بە جددی لە بە ئاراستەی پرۆسەی یەکگرتووییدا هەنگاو دەنێن، بەڵام کورد لە چوارچێوە و ئەڵقەی بیری عەشیرەیی، ناوچەگەرێتیدا پووکاونەتەوە و پاسیڤ بوون.

* لق و شێوەزاری جنووبی زمانی کوردی وەک: "فەیلی، کەڵهوڕی و لەکی" چ پێگەیەکیان لە زمانی کوردیدا هەیە و داهاتوویان چۆن لێک دەدەیەوە؟

– ئیزن دەخوازم بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دوو خاڵی سەرەکی ڕوون بکەمەوە. یەکەم ئەوەی کە شێوەزاری لەکی بەشێک نییە لە دەستەواژەی بەناو "کوردیی جنووبی"، بەڵکو لقێکە لە کوردیی گۆرانی، یان پاڵەوانی. ئاخێوەرانی لەک تەنیا جیران و دراوسێی کوردانی فەیلی و کەڵهوڕین. وا دیارە ئەو ڕوانگە و بۆچوونەی کە بە پێداگرییەوە دەیەوێ کوردیی "لەکی" وەک بەشێک لە کوردی جنووبی لە قەڵەم بدات بە تەمای هێژمونی و وەرێخستنی گەلەکۆمەیە، کە من بە شێوەیەکی زۆر ورد و زانستی لە وتارێکدا بەپێی تایبەتمەندییە زمانییەکان ئاماژەم بەم بابەتە کردووە.

**لە کرماشان هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی، بێجگە لە زازاکی و کرمانجی، قسەیان پێ دەکرێ.**

دووەم ئەوەی کە ئەم چەشنە پۆلێنبەندییە جوگرافییانە بۆ زمان وەک "باکووری، ناوەڕاست و باشووری" زۆر سوننەتی و ڕەشۆکییانەن و لە ڕوانگەی زانستی و زمانناسانەوە بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، چونکە کوردانی "بیجار، قوروە، بەشێک لە کەرکووک و کۆمەڵێکی کەم لە ئاخێوەرانی ڕۆژئاوای کوردستانی تورکیا" بە شێوەزاری ئێمە قسە دەکەن، بەڵام لە ناوچەی باشوور هەڵنەکەوتوون. هەتا ئێستا زۆر کەس شێوەزار و دیالێکتەکانی زمانی کوردییان پۆلێنبەندی کردووە. بەم دواییانە کەسێک ئیدیعای ئەوەی کردووە کە زمانی کوردی ١٣٦ شێوەزاری هەیە! بەگشتی زۆرینەی ئەم پۆلێن و دابەشکردنانە خاوەنی بایەخ و بەهایەکی زانستی نین، بەڵکو زۆرینەن، یان مەزهەبی، مێژوویی، یان جوگرافیایی، یان شاعیرانەن و بەپێی سیستەمی ئاواشناسی، گۆکردن، یان ڕێزمانی و دەربڕین و ڕێنووس، یان ئاستی وشەکان نەبووە. لەڕاستیدا زمانی کوردی بەپێی پرۆسەی گەشەکردن و فراژوو (تکامل) دوو لق زیاتری نییە. یەکەم: گۆرانی بە شێوەزارەکانی وەک: هەورامی، لەکی و زازاکی. دووەم: کرمانجی کە سێ لقی گەورەی هەیە:

١- کرمانجیی ڕەسەن و کۆن.

٢- کرمانجیی ناوەڕاست کە بریتییە لە سۆرانی، جافی، ئەردەڵانی و گەرمیانی.

٣- کرمانجیی نوێ بریتییە لە کەڵهوڕی و فەیلی و ئەم لقە لەم دواییانە لە ئێران بە کوردیی کرماشانی و لە دەرەوەی وڵات بە کوردیی فەیلی ناوبانگی دەرکردووە، هەڵبەت لە دەرفەتی لەباردا هەموو بەڵگە و فاکتە زانستی و زمانناسییەکانی خۆم لەم بارەوە لە دووتوێی وتارێکی جیاوازدا دەخەمە ڕوو.

بەڵام لەبارەی کرمانجیی نوێ، یان کەڵهوڕی – فەیلی، دەبێ ئاماژە بەوە بکەم ئەم لقە بەپێی حەشیمەت، وەک سێیەمین لقی زمانی کوردی دێتە ئەژمار و خاوەن ڕەسەنایەتی و زمانڕەوانییەکی زۆرە و بەشێکی زۆر تایبەتمەندییە بنەڕەتی و ڕەسەنەکانی زمانی کوردیی پاراستووە. لەبارەی وشە و هاوواتاییەوە بۆ زمانی پێوەر زۆر دەوڵەمەندە. بەپێی ئەو موتاڵایەی کە چەندین ساڵە لەسەر زمانی کوردی ئەنجامم داوە، بە لێبڕاوەییەوە ڕایدەگەیەنم کە سیستەمی واکناسی و ئاواشناسیی ئاخێوەرانی فەیلی و کەڵهوڕی کەمتر تووشی ئاڵوگۆڕ بوون و لەم ڕووەوە هەرچەشنە کەمتەرخەمی و پشتگوێ خستنێکی شێوەزاری "فەیلی – کەڵهوڕی" خەسارێکی قەرەبوو نەکراوە لە پەیکەری فەرهەنگ و زمانی کوردی دەدات. هەڵبەتە ئەم کەمتەرخەمییە دوولایەنە بووە. یەکەم ئەوەی کە نەوەی دەستەبژێری پێشووی ئێمە کەمتر گرنگییان بە شێوەزاری خۆیان و نوێکردنەوە و کارکردنی داوە، دووەمیش دەستەبژێری و نووسەران لە ناوچەکانی دیکە، کەمترین زانیارییان لەمەڕ ئاخێوەرانی ئێمەوە هەیە. کەوایە ئێمە پێویستیمان بەوەیە بەرهەمی زمانی و ئەدەبیی خۆمان زیاد بکەین و توانایی و تایبەتمەندییەکانی شێوەزاری خۆمان بە کەسانی دی بناسێنین. هاوکات دەبێ ئەم مەسەلە سەرەکییەش لەبەرچاو بگرین کە بەر لە ئیسلام یەکەم حەرەکەت و

بزاوتی ئەدەبی، زمانی و فکریی کوردی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ناوەندێتیی "کرماشان" بووە.

* یانی بەڕای ئێوە پێشینە و مێژووی نووسین لەناو ئاخێوەرانی باشوور لە ژانری شیعر و هۆنراوە لە کرمانجی و سۆرانی زێدەترە؟

– ئیزن دەخوازم دیسان من دوو وەلامی جیاواز بەم پرسیارە بدەمەوە. بەلێ، لەبەر ئەوەی کە یەکەم شاعیر لە سەرەتاکانی سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی وەک: بەهلوولی ماهی، شاخۆشین، سەرهەنگ دەوان و فاتمەی لوڕە لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان و لوڕستان ژیاون، بەلام نا بەو هۆیەی کە زمانی ئەدەبیی ئەو سەردەمە سەدەی سێزدەیەمی کۆچی (٢٠ی زایینی)، کوردیی گۆرانی بووە و بەهۆی دەسەلاتی کوردانی حوسنەوییە و بزووتنەوەی فکری – دینیی یارسان کە سەرانسەری ناوچەکەی تەنیبووەوە، بەربلاویی شوێن و کایگەریی ئەم شێوەزارە، تەنانەت هەتا هەمەدان، سەقز، لوڕستان، مەندەلی، خانەقین و شارەزوور و سلێمانی گەیشتووە.

کەوایە بێژەران، هۆنەر و شاعیران لەناو خەلکی جنووبدا بە زۆرینە "لەک و جافی، فەیلی و کەلهوڕ" بوون، وەک: خانەی داجیوەند، مەلا حەقعەلی سیاهپۆش، غولامرەزا ئەرکەوازی، باوانە، سەید یەعقووب مایەشتی، خانای قوبادی و...تاد، ئەوانە زمانی شیعرییان بێ گومان کوردیی گۆرانی بووە، بەلام ئەوانەی کە پێداگری دەکەن بەرهەمەکان بە شێوەزاری "گۆران"ی بە کوردیی باشووری نووسراون، لەڕاستیدا بەناو پرۆسەی پێشینە و مێژووسازیی وەهمیدا هەنگاو هەلدەگرن و ناگەنە مەنزل، چونکە بەلگە و دادە زمانناسییەکان، ئەم مەسەلەیە پەسند ناکەن. بەگشتی ئەم ڕوانگەیە هێندە رووکەشانەیە وەک ئەوە وایە کەسێک بێت و ئیدیعای ئەوە بکات بەهۆی لێکچوونی زمانی، زمانی شیعریی شانامەی فیردەوسی، هەمان زمانی فارسیی تارانییە!.

* بەلام هەندێ لە نووسەر و ساغکەرەوەکان لەو باوەڕەدان زمانی شیعریی ئەو دەفتەر و دیوانانە وەک شانامەی کوردیی شیرین و فەرهاد و... تێکەلاوێکە لە کوردیی باشووری و گۆرانی؟

– ئەم ڕوانگەیەش ڕەت کراوەیە، چونکە هەروەک ئاماژەم پێ کرد تەنیا شوێنی ژیانی ئەم شاعیرانە ناوچەکانی جنووبی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە، بەلام زمانی شیعرییان بێ گومان گۆران بووە، لە کوێی کوردیی باشووریدا ئەم وشانە، جێناو و کرداری بنەچەی وەک: مەواچم، واتم، ئینە، جە، وێییەردەن، یاوام، ئاما، وست، وەنین، هوون و...، یان تایبەتمەندیی ڕێزمانی وەک ئێرگاتیڤ (ergative) بەکار دەبرێت؟ بە مەبەستی ڕوون بوونەوەی وێکچوونی زمانیی ئەم شیعرانە لەگەل کوردیی باشوور، من ئاماژە بە دوو خالی سەرەکی دەدەم:

١– میرزا و خۆوێژ و گێرەرەوانی ئەو شیعرانە بە درێژایی مێژوو بەهۆی ناشارەزایی، زۆر لە وشەکانی کوردیی گۆرانییان لەگەل وشەی کوردیی باشووری تێکەل، یان شێوەزاری خۆیان لەجێیان داناوە و لەم سەردەمەی دواییشدا هەلەچنەکان و ساغکەرەوەکان، ئاگایانە و بە ئەنقەست بەهۆی دەمارگرژیی خێلەکی و ناوچەیی، زمانی شیعری و بەیاز و نوسخە و دەستنووسەکانیان گۆڕیوە و خەوشداریان کردوون هەتا بتوانن لەم ڕێگایەوە پێشینە، یان شانازییەک بۆ شار، یان زاراوەکەی خۆیان مسۆگەر بکەن. بەم دواییانە بەڕێز حەمید ئیزەدپەنا یەکێک لە نووسەرانی چالاکی لوڕستان شانامەی کوردیی لەژێر ناوی "لەکی"دا چاپ و بلاو کردووەتەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە زمانی ئەو بەرهەمە لەسەدا سەد کوردیی گۆرانییە و هیچ پێوەندییەکی بە شێوزاری "لەکی"یەوە نییە و لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەم توێژەرە، نوسخە کۆن و ڕەسەنەکانی ئەم شانامەیەی لە ئیسلام ئابادی کرماشان دۆزیوەتەوە، کەوایە سەرەڕای بوونی ئەم دەمارگرژییانە، پلەی توێژینەوەکان هەتا ئاستی وراجی و شێواندنی سەرچاوەکان دابەزیون.

٢– لەلایەکی دیکەشەوە هۆی وێچکوونە زمانییەکان لە نێوان گۆرانی و کوردیی فەیلی و کرماشانی، یان لەکی، کە سەری لە زۆر کەس شێواندووە و بەلاڕێدا بردوونی، بووەتە هۆی ئەوەی کە بگەنە ئەنجامی نازانستی، بۆیە نەتەنیا کوردیی گۆرانی، بەلکو زۆربەی شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە بواری وێکچووی وشەکانەوە ئەگەر بێتو بخرێنە تەرازووی بەراورد و هەلسەنگاندنەوە، نزیک بە ٧٠٪ لێک دەچن. کەوایە لە ڕووی ئەم وێکچووە زمانییانەوە ناکرێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە زمانی شیعریی "خانەی داجیوەند" لەکی و

"شاکە و خان مەنسوور" کەڵهوڕی و "سەید یەعقووب مایەشتی" زەنگەنە و "غولامعەلی باوانە" مەلەکشایی و "مەولەوی"ی کوردیش جافییە.

راستییەکەی ئەوەیە وشە دەربڕین و تایبەتمەندیی ڕێزمانیی زۆربەی ئەو شیعرانە یەکانگیرییەکیان هەیە و پێڕەوی لە کوردیی گۆرانی دەکەن. بۆ مەگەری دەلوێ شاعیرێک لە وشەکانی شێوەزاری خۆی کەڵک وەربگرێ، بەڵام چاوپۆشی لە تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی بکات؟ من هەمیسان بۆ ڕوون بوونەوەی ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی ڕەوتی گۆڕانکاریی زمانی فارسی نموونە دێنمەوە. ئایا زمانی نووسینی "بەیهەقی، ئەسەدی، تووسی و فیردەوسی" لەگەڵ زمانی "حافز و سەعدی و خاجو کرمانی" وێکچووی زۆریان پێکەوە نییە؟ بەڵام ئەدیب و شاعیرانی گرووپی یەکەم لە قوتابخانە و شێوازی "خوراسانی"، هەروەها گرووپی دووەمیش لە شێوازی "عیراقی" پۆلێنبەندی کراون.

بەڕای من ئەم چەشنە بڕیاردان و پێشینە سازکردنانە بەرهەمی نائەکتیڤی، تەنگژەی ناسنامە و ڕکەبەرێتی خێڵ و عەشیرەگەرییە و بێ گومان بە هیچ ئەنجامێک ناگات. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کرمانجیی نوێ، یان هەمان کەڵهوڕی – فەیلی بە پێشەنگیی شاعیران: شامی، پەرتەو کرماشانی، تەمکین و..... لە سەردەمی هاوچەرخدا سەری هەڵداوە.

* بابەتەکان جێگای سەرنجی نوێ و باس خوڵقێنن، بەڵام ئەگەر ڕاتان لەسەر بێت بگەڕێینەوە سەر پرسیاری پێشوو، پۆلێنبەندیی ئێوە بۆ شێوەزارەکانی زمانی کوردی زۆر نوێخوازانە، زمانناسانە و سەردەمیانەیە، بەڵام لەم دابەشکردنەدا ئاماژەیەک بە ئاخێوەرانی "لوڕی" نەکرا، بۆ وتارەکانی خۆتان لەم بارەوە بڵاو ناکەنەوە؟

– بەپێی بەڵگەگەلی مێژوویی، ئێتنیکی، مۆسیقا و فۆلکلۆر و... "لوڕ"ـەکان هەموو کات وەک بەشێک لە خەڵکی زاگرۆس هاتوونەتە ئەژمار، بەڵام بە درێژایی مێژوو، شێوەزاریان لەژێر کاریگەریی زمانە ئێرانییەکاندا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، هەرچەندە ئێستاش پێکهاتە کوردییەکەی خۆی پاراستووە، بەڵام بەدوور نەبووە لە خەساری ئەو کاریگەرییە. لەڕاستیدا "لوڕی" پردی پێوەندی زمانەکانی باشووری ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئەهوورایییە. لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا دەبێ بڵێم توێژینەوە لەبارەی دابەش و پۆلێنبەندیی زاراوەکانی زمانی کوردی زەین و پێنووسی زۆر کەسی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، لە حاڵێکدا ئەو لێکۆڵینەوانە هەرچییەک بن لەپێناو خزمەت بە گەشەکردنی زمانی کوردی کەمترین قازانجیان هەیە و بەڕای من جۆرێک خۆخافڵاندن و بۆ سەرلێشێواندنە.. د.محەمەد موعین لە پێشەکیی فەرهەنگی "بورهان قاتع"دا بۆ زمانی فارسیی ٤٤ شێوەزاری دەستنیشان کردووە، بەڵام دواتر هەموو توێژەران لە بەرهەمەکانی خۆیاندا لەبارەی ئەم مەسەلەوە بێدەنگی هەڵدەبژێرن و کەمتر لەسەری دەڕۆن، توێژەرانی ئێمەش دەبێ بپەرژێنە سەر پرس و کێشە سەرەکی و ئەمڕۆییەکانی بەردەم زمان، نەک لێکۆڵینەوەی سوننەتی، سەلەفییانەی بێ سوود!

**دەستنیشان کردنی زمانی پێوەر بەشێوەی سەپاندن نییە، بەڵکو بەپێی نیاز و لە بەستێنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا قبووڵ دەکرێت و پەرە دەستێنێ.**

* بەم دواییانە هەندێ لە دایک و باوکان لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام لە قسە و ئاخاوتن بە زمانی زگماکی لەگەڵ منداڵان، خۆیان دەبوێرن و مەیلیان بە زمانی فارسی زیاتر بووە، هۆکار و ڕێگاچارەکان چن؟ دەبێ چ بکرێت؟

– هەروەک پێشتریش باسم کرد، زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر بێتو سۆنگە و ئاراستەی گەشەکردنی دەستنیشان نەکەین، بێ گومان پەراوێز دەخرێت و لەبیر دەچێتەوە، بەڵام هۆی هەڵگەڕانەوەی خەڵک لە زمانی دایکی پێوەندی بە چەند هۆی غەیرە زمانناسییەوە وەک: ناوەندگەرایی، وەهمی مۆدە و خۆگرتن، گەڕان بەدوای پرستیژی کۆمەڵایەتی، پەروەردەی خۆڕایی، بیرۆکەی وەهمی لەسەرەوە بوونی منداڵان لەلایەن دایک و باوکەوە، کەمکاریی دەستەبژێر و ڕۆشنبیرانی ناوچە لە ڕەوشەنگەری و ڕێنوێنی بیروڕای گشتی خەڵک و.... دەبێ سەرەتا دایک و باوکەکان هۆشیار بکرێنەوە کە لە نێوان فێربوونی زمانی فەرمی و زگماکی (کوردی)دا پێناکۆکییەک نییە، بەڵام وەلانانی

زمـانـی دایکی نابێـتـه هۆی پێشکەوتنی منداڵ، بەڵکو دەروونناسـان لەو باوەڕەدان ئەو منداڵانەی کـە هاوکـات دوو، یان چەند زمان پێکەوە فێر دەبن، گەشەی ئەقڵ و هۆش و ئاسـتی لێکدانەوە و سـەرکـەوتنیـان لە خـوێندن زیاتر دەبێت. وەک ئەوە وایە قوتابییەک جیا لە زانستی فیزیک، هاوکات بیرکاریش فێر ببێت. لە وڵاتی کەنەدا سێ زمـانی فـەرمی هەیە و بەپێی ئامـار، زۆرترین ڕێژەی داهێنەر و بیرمـەندان لەو وڵاتەیە. دایک و باوکـان دەبێ بهێڵن منداڵان بە شێوەیەکی زانستی و ئوسوولی زمـانی فـەرمی لە قـوتابخـانە فـێر ببن، چونکە هیچ کـەسێک، تەنانەت دکتۆرای ئەدەبیـاتی فـارسیش ناتوانێ بانگەشە بکات کە بەسەر هەمـوو ئاسـتەکانی زمان بـۆ وێنە ناوی باڵندە، گـیـاکـان و حـاڵەت و هەمـوو دیاردەکـان و... شارەزایی هەیە، بەڵکو لە زانکۆدا تەنیا دەقە کۆنەکانی پەخشـان و هۆنراوەی خـوێندووە، ئێسـتـا ئیـدی ڕێگای قـوتابی و خـوێندەوارانی ڕشـتـەکـانی دیکە دیارە! دەبێ سەرنج لەوە بدەین کە ئێـمـە تەنیـا ئاشنایەتیـمـان لەگەڵ فـارسی نووسـراوەدا هەیە و شـارەزاییـەکی ئەوتۆمـان لە قـووڵایی و توێیـەکـانی فـارسی زارەکـیدا نییـە. ئایا چ هەڵەیەک لە گۆڕێدایە کە ئێمە وەک ئیسفەهانییەکان، مەشـهەدی، باکـووری، تەنانەت تورکـەکان بە توێژاڵێک شێوەزارەوە بە فارسی بئاخوێین؟ لەڕاستیدا هۆکاری ئەم هەمـوو خۆدۆڕاندن و خۆ بە کەمزانینە چییە؟ ئەمڕۆ ئێمە بە ڕوونی دەبینین کـە ئەو منداڵانەی بە فـارسی قـسـە دەکەن، زمانیان پڕە لە وشە، دەستەواژە، تەنانەت شێواز و دەربڕینیـان کوردییە لەوانەیە لە داهاتوودا شێوەزارێک وەک فـارسی کرمـاشـانی سـاز بکرێت کـە نە بۆ فـارس زمـانەکـان و نە بۆ کـوردانیش فـام بکرێت! چونکە ئەو شـتـەی کە لە مـاڵەوە بە ناچاری فـێری منداڵەکانمانی دەکەین، نە فارسییـە و نە کوردی و بە قەولی هەڤاڵێک "کـورسی"یە، یان تێکەڵاوێکە لە نێـوان کـوردی + فارسی.

من بابەتی سـڕینەوە، وەلانان، یـان پاراسـتنی زمـانی دایکی لـە چەند ڕوانـگـەوە لـەگـەڵ دایک و بـاب، خوێندەواران، بەتایبەت دەستەبژێر و مامۆستا و پیرەوانی ئایینی دێنمە بەرباس:

١- لە ڕوانگەی دینییـەوە: بەپێی ڕێنوێنییـەکـانی قـورئان " زمـان و بەرفـرەیی نەژادەکـان، یەکـێک لە نیشـانەکانی هێز و توانایی ئیلاهییە" کەوایە بۆچی دەبێ منداڵـەکـانمان لەم نیـعـمـەتەی خـواوەند بێ بەش بکەین؟ پاراستنی زمانی دایکی پاراستنی فەرهەنگە و پاراستنی فەرهەنگیش، دژایەتییە لەگەڵ ئاسیمیلاسیۆن و هێرشی فەرهەنگی.

٢- لە ڕوانگەی عـەقڵانییـەوە: ڕاسـتیـیـەکەی ئەوەیە دانوستانی و دیالۆگی شارستانییەتەکان لەسەر ئەوە بنیاد نراوە کـە لەم ئاڵوویرانەدا سـەرەڕای پاراسـتنی بوون و ڕەسـەنایەتی خـۆمـان، کـەڵک لە توخـمـە ئەرێنییـەکـانی کولتوورەکانی دیکەش وەربگرین، کەوایە وەلانانی زمانی خۆمان عەقڵانی نایەتە بەرچاو.

٣- لە ڕوانگەی مرۆییەوە: پاراستنی زمـانی دایکی، لە پاراسـتنی ژینگە، شـێـوازە دەگـمـەنەکـانی ڕووەک و بوونەوەرەکان، بە دامەزرانی هەزاران دامەزراوە و پسپۆڕ، پڕ بایەخ و بەسوودترە.

٤- لە ڕوانگەی مـوتاڵا، زانست و زانیـارییـەوە: بەو پێـیـەی کە زمـان خاڵی هاوبەشی نێـوان مرۆڤەکـان و لە بوونەوەرانی دیکەی جیا دەکاتەوە و بەرهەمی مەعنەویی کـولتـووره، لە گـەوهەری خۆیدا هەڵگری بەها، مـوتاڵا و فێرکارییە، تەنانەت ئەگەر یەک لاپەڕەشی پێ نووسرابێت و بە قەرا قامکەکانی دەستیش ئاخێوەریشی هەبێت.

* بەڵام هەندێ لە دایک و باوکـان پاسـاو دێننەوە ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنی پێش قوتابخانەدا زمانی فەرمی فێر نەبن، لە قـوتابخـانە گۆشەگـیر و کـەمدوو دەبن و لە ئەنجامدا تووشی گرفتی خوێندن و دواکەوتن دەبن، ئاخۆ دەبێ بۆ چارەسەریی ئەم گرفتە چ بکرێت؟

- هەمـوو زانستـەکان بابەتێکی جیهـانین. قـوتابی دەبا لە لاپەڕەی تاقیکردنەوە، یان لەسەر تەختـەڕەش وەڵامی بیرکاری، یان هەندەسە بداتەوە، ئێستا چ جیاوازییەکی هەیە کە زمـانەکـەی چینی بێت، یان عـەرەبی. هەروەک خـوێندکـارانی سـەرانسـەری جیـهـان لە ئۆلـمپـیـادەکـاندا بەشداری دەکەن و پرسی زمان نە دەبێتە هۆی پێشکەوتن و نە دەشبێتە هۆی دواکەوتنیان! لە بنەڕەتدا بەشداری و لە بنەڕەتدا حـزوور و بەشـداریی قـوتابی و منداڵانی لادێیی و عـەشـیـرەکان لەناو زانکۆکـان پێـچەوانەی ئەو مـەسـەلەیە دەسـەلمێنێ. ئەگـەر قـوتابیـیـەک لەناو پۆل پەراوێزنشین، یان کـەم دووە، پێـوەندییـەکی بە جـۆری زمانەکـەیەوە نییـە، بەڵکو پێوەندی بە تایپ و ڕەفتاری

کەسایەتییەوە هەیە، بگرە ئەم منداڵە هەر لە گەوهەردا کەم قسە و کەسێکی دەروونگەرا بێت، بۆیە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ کە لە ئیلام، تاران، یان بەغدا بژیت، بەڵام لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە دەبێ چ بکەین؟ ڕێکارەکان زۆرن بۆ وێنە:

١- گەشە و پەرەدان بە بەرهەمهێنانی فەرهەنگی و ئەدەبی، بەتایبەت بەرهەمی منداڵان، ئایا ئاستی بەرهەمهێنانی بەرهەمی کوردی چەندە و لەم نێوەدا بەرهەمی منداڵان پشکی چەندە؟

٢- بەرێوەچوونی کۆڕ و کۆبوونەوەی لێکدانەوە و خەسارناسیی ئەم دیاردەیە لە سیمینار و ئەنجوومەنەکان، لە حاڵێکدا بە زۆری چالاکی ئەنجوومەنە ناوچەییەکانی ئێمە بەگشتی لە چوارچێوەی شیعر و شاعیریدایە.

٣- ڕەخنە و لێکدانەوەی ئەم پرسە لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان، وێبلاگ و ڕاگەیەنە گشتییەکان. ئەمە لە حاڵێکدایە بەرنامە خۆماڵی و ناوچەییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی ئێمە بەگشتی لەبارەی ژیانی عەشیرە و خێڵەکی، چۆنیەتی سازکردنی دۆ و نان ساجی و ناساندنی کێو و تاڤگەکانە.

٤- بانگهێشت کردنی دەستەبژێر، مامۆستایانی ئایینی، مامۆستایانی زانستگا بە مەبەستی خستنە بەرباسی ڕێکار و ڕێنوێنییەکان.

بەگشتی بابەتەکە ڕوون و ئاشکرایە هەتا چ ڕادەیەک بەرهەمهێنانی فەرهەنگی پەرەبستێنێ، ئاستی ئۆگری و مەیل بە زمانی زگماکیش هێندە ڕوو لە زیادبوون دەکات. لەڕاستیدا لە ڕێگای بەرهەمهێنانی فەرهەنگییەوە خۆراکی فکری - فەرهەنگیی خوێنەر و لایەنگران دابین دەکەین و لە درێژماوەدا دەبێتە هۆی سازبوونی باڵانس و هاوسەنگی. بۆ وێنە دۆخی فەرهەنگی کرماشان لە دەیەی شەستی هەتاوی (دەیەی ٨٠ی زایینی) لەگەڵ دەیەی ٨٠ی هەتاوی (دەیەی ٢٠٠٠ زایینی) بە هیچ جۆرێک بەراورد ناکرێت، چونکە هەلومەرجی کرماشان بە سەرهەڵدانی نووسەرانی ڕەسەن و دڵسۆز بە ئاراستەی باشتربوون و نۆژەن بوونەوەدا هەنگاو دەنێت. ئەگەر دەستەبژێرەکان وەک: "ئەبولقاسمی لاهووتی،عەلی ئەشرەف دەروێشیان، عەلی محەمەد ئەفغانی و مەنسوور یاقووتی" وەک نیما یوشیج و شەهریار و... لە دەیەکانی ڕابردوو تەنیا تاقە شیعر، یان چیرۆکێکیان بە زمانی کوردی نووسیبا، ئێستا تووشی ئەم دۆخە ئاڵۆزە نەدەبووین. کورتی ببڕمەوە ئەوەی کە ئەمڕۆ مەسەلەی داگیرکاری و هەژموونیی ڕۆژئاوا، یانی: یەک جیهان و یەک زمان کە لەلایەن تیور دارێژانەوە هاتووەتە گۆڕێ، تووشی گرفتی جددی ناوەرۆک و جێبەجێ کردن بووەتەوە و نالۆژیکی و ناکردەیی بوونی بۆ هەموان ئاشکرا بووە.

* ئەو بەرفراوانی و زۆریی زاراوەیەی کە لە زمانی کوردیدا هەیە لە زمانی تورکی، فارسی و عەرەبیدا بەرچاو ناکەوێ. ئایا ئەم بەرفراوانییەی شێوەزارەکان لە هەلومەرجی ئێستادا هەڕەشەیە، یان دەرفەت؟

- بێ هیچ لە ڕوودامانێک بڵێم لە ڕوانگەی زمانناسییەوە هیچ زمانێک لەوی دیکە سەرتر نییە. هەموو زمانەکان کامڵ و بێ کەمایەسین، چونکە بە درێژایی مێژوو و لەناو کۆمەڵدا، ڕۆڵی پێوەندی خۆیان بۆ ئاخێوەران بە باشی بینیوە و دەبینن، بەڵام لەبارەی فرەیی زاراوەکان لە زمانی کوردیدا دەبێ بڵێم بەرفرەیی شێوەزاری زمانی پڕ بایەخە و نیشانەی دەوڵەمەندییە کە ئەگەر بێتو ئەکادیمیا، ناوەندە باڵاکانی پەروەردە و... هەبن و بتوانن لە توانایی و تایبەتمەندییەکانی ئەو شێوەزارانە کەڵک وەربگرن، بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا کێشە و ناکۆکی و زۆریی زاراوەکانی زمانی کوردی خەسارێکی جددییە. بۆ ڕوون بوونەوەی ئەم مەسەلەیە نموونەیەک دێنمەوە: ئێمە لە هەمبەر کرداری "می خواهم"ی فارسیدا ئەم هەموو هاوواتایەمان لە زمانی کوردیدا هەیە: "دەمەوێ، توام، مەتوام، خوازم، دخوازم، خوازم، مەخوازم، مێتم، گەرەکمە، مە هام و..." ئەگەر لە نووسینی فەرمیدا هەرکام لەو وشانە بەکار بهێنین، لەوانەیە هەندێ لە ئاخێوەران لە ناوچەکانی دی تێی نەگەن، یان تووڕە بن کە ئاخۆ بۆ لە وشە و هاوواتای شێوەزار و بن زاراوەی عەشیرە و خێڵی ئەوان کەڵک وەرنەگیراوە. لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە بۆ ئەم هەموو وشە و دەستەواژە فەلسەفی، زانستی، دەروونناسی و... لە شێوەزارەکانی دیکە هاوواتامان نییە، کە ئەمەش خۆی خەسارێکی جددییە. لەڕاستیدا زۆری و بەرفرەیی

شێوەزارەکان شانازی نییە، بەڵکو نیشانەی گەشەنەکردن و پێش نەکەوتنی زمانە. بەم دواییانە یەکێک لە دۆستان بەتەما بوو کتێبی فێرکاریی خۆشنووسی بۆ یەکەم جار بە زمانی پێوەری کوردی بنووسێت. بۆ دیتنەوەی هاوواتا و وشە لێکچووەکان داما و دەستی لێ هەڵگرت. ئێستا ئیدی چارەنووسی شێوەزارەکانی دیکە دیارە.

* مەبەست لە گەشەنەکردنی زمان بە چ واتایەکە؟

- ئەگەر لە زمانێکدا بۆ ئیدیۆم (idiom)، یان واتایەک چەندین ئیدیۆم هەبێت و بۆ ئەو هەموو وشە و دەستەواژە بیانییانەی کە هەیە واتاسازی نەکرابێت، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم زمانە و ئاخێوەرانی لە سەردەمی سوننەتیدا دەژین و لەگەڵ گۆڕانکاریی نوێی کۆمەڵایەتیدا هاوئاهەنگ نەبووە. زمانی مۆدێرن، زمانێکە کە ڕێژەی وشەی هاوواتا ستاندارد بکات و بە مەبەستی وشەی زۆری بیانییەکان، پلانی زمانی و واتاسازی دابڕێژێت، بۆ وێنە لە کوردیی باشووردا بۆ واتای "بسیار"ی فارسی سێ وشەی "فرە، فریە و فەرە" لە گۆڕێدایە و بەپێی شێوازی باو و ڕێوشوێنی زمانی و واتاسازی و ئاستی بەکارهێنان دەبێ یەکیان وەک فۆرمی ستانداردی نووسین پێشنیار و بناسرێت و ئەوانی دیکەش وەک خەزێنەی زمانی دانەبڕێن، چونکە وشەکانی دیکە وەک خۆیان لە ئاخاوتن و ئەدەبی زارەکی خەڵکدا وەک خۆیان دەمێننەوە. یەکێک لە فاکتەرەکانی مۆدێرنیزم، سەرهەڵدانی زمانی ستاندارد و تۆمار و بە فەرمی کردنی شێوەزارەکانی دیکەیە وەک خەزێنە و پاڵپشتی زمانی، هەمان پرۆسە و ئەزموونێک کە لە زۆربەی زمانە پلە یەکەمەکانی جیهاندا ڕوویان داوە، بە چەشنێک کە ئەمڕۆ ئەدیب، مامۆستا و شارەزایانی زمانە زیندووەکان، تەنیا یەک شێوازی تۆمار کراو و یاسایی وشەکان و تایبەتمەندیی ڕێزمانی بۆ زمانی نووسین، پەروەردەی گشتی و ڕاگەیەنەکان بەکار دەهێنن و وشە هاوواتاکانی دیکە لە وشەدان و فەرهەنگەکان وەک خەزێنە دەپارێزن و تۆماری دەکەن. بۆ وێنە لە زمانی فارسیدا لە ڕابردوودا بۆ کرداری ڕابردووی دوور هەبووە وەک "همی رفتم، همی رفتمی، برفتمی، همی برفتم و..." بەڵام ئەمڕۆکە لە فارسیی پێوەر و نوسیاریدا تەنیا "می رفتم" (دەڕۆیشتم) تۆمار و پێشنیار کراوە، ئەمە لە حاڵێکدایە شێوازی زارەکی فارسی خاوەنی تایبەتمەندی جیاواز لە یەکترە. دواکەوتنی زمان تەنیا لە ئاستی وشەکاندا نییە، ئەمڕۆ چوار ئەلف و بێی لاتین، سیریلیک، ئارامی و ئاوانووسیی لاتین (IPA) و چەند ئەلف و بێی سەلیقەیی لە کوردستان ڕەچاو دەکرێت، بەداخەوە لە سەدەی ٢١دا هێشتا ئەلف و بێیەکی یەکگرتووی کوردی بەدی نەهاتووە. هەر لەم باشوورەدا (کرماشان و ئیلام) "بە پێنج شێوەی" "و، وی، یو، و، ۆ" دەنووسرێت. لە ئەنجامدا دەکرێ ئاماژە بە گەشە نەکردن لە بواری ناوەرۆک و شێوازە ئەدەبییەکانیش بکرێت. لاوازیی پەخشان و هەژموونی و زاڵیی شیعر، یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی گەشەنەکردوویی. بۆ وێنە زۆرینەی چالاکییە ئەدەبییەکان لە باشوور و ژانردا زیاتر لە بواری شیعر و شاعیریدایە، ئەویش بەبێ بەردەوامی و ئەگەریش ڕەخنەیەک بنووسرێت، بەهۆی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاق و دەستەگەری زیاتر جۆرێکە لە ناساندن و وەسف و پێداهەڵگوتنە و لەبواری ڕۆژنامەنووسی، پەخشان نووسین، وەرگێڕان، کورتیلە چیرۆک و شانۆنامە و...، یان هیچ لە گۆڕێدا نییە، یان ئەگەریش هەبێت، زۆر لاواز و کەمڕەنگە. هەرچەند دۆخەکە بەرەو باشتر بوون دەڕوات، بەڵام وەڵامدەر نییە، لە بنەڕەتدا بەرهەمهێنانی چیرۆک و ڕۆمان و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە، یانی لەدایک بوونی نەتەوە و چوونە ناو دنیای نوێخوازی و مۆدێرنیزمەوە.

هەڵبەتە بێ گومان لە هەمبەر تیورییە نوێیەکان، بەرەنگاری و بەرەو ڕووبەڕوو بوونەوە و ڕەخنەگەلێک دێنە گۆڕێ، بەڵام بە تێپەڕینی کات، مۆدێرنیزم، هەست کردن بە نیاز، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەی عەقڵانییەت هەموو ئەم دژایەتی، پێکناکۆکییە زەینییانە چارەسەر دەکات و ئەگەر ئەوە قبووڵ بکەین کە لە سەدەی ٢١دا دەژین و کۆمەڵگە چاوەڕوانیی ئەمڕۆیی و سەردەمیانەی لە نووسەر، زمان و ئەدەبیات هەیە.

* ئاخۆ بەڕاستی ڕیشە و توێکاریی دژایەتی لەم چەشنە (زاراوەیی) لە کوێدایە؟

- پێوەندی بەهۆی جۆراوجۆرەوە هەیە، یەکیان لاوازیی تیوریک و نەبوونی پۆلێن کردن و بەربڵاوی تیورییە نوێیەکانە، یەکی دیکەش ئەوەیە کە ئێمە لە قۆناغی پەڕینەوە لە سوننەتەوە بۆ نوێگەراییدا دەژین، کەوایە

ڕووبەڕوو بوونەوە لە هەمبەر نوێگەرایی، سروشتییە لە گشت گرنگتر مامۆستا، شاعیر و نووسەرانی بە پێشینە و ڕێزداری ئێمە، بەگشتی ڕێزمانی سوننەتی بە سەرچاوەو ڕێگاچارەی گرفتەکان دەزانن، ئەگەریش لە بواری زمانناسیدا موتالایان کردووە، بەهۆی نەبوونی وەرگێڕانی دەقی نوێ، تەنیا بەیان و ڕوانگەیەکی وەسف و پەسنانەی زمانناسانەیان هەیە، لە حاڵێکدا ئەمڕۆ دەیان کتێب لە بواری بەرنامە و پلاندارێژیی زمانی، یان تیوری و میتودگەلی جۆراوجۆر بڵاو بوونەتەوە. دامەزرانی ئەکادیمیا، پەروەردە و بارهێنان، ناوەندە باڵاکانی پەروەردە و... هەموویان نیشانەی دەست تێوەردانی ئاگایانەیە لە زمان و نوسخە پێچانەوە، هەرکە ئێمە دەقەکان بە ڕێنووسی کوردی دەنووسین، یان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەین کە فڵانە واک دەبێ چۆن بنووسرێت، هەموو ڕێوشوێنیکمان ڕێزمانی فرمانییە، بەڵام بەڕای من هۆی سەرەکیی دژایەتییەکان، پێوەندی بە تایبەتمەندی فەرهەنگی ئێمەوەیە، چونکە هەروەک دەزانین کولتووری سوننەتیی ئێمە هەمیشە لەسەر بنەمای بەرەنگاری، ناکۆکی و دژایەتی لەگەڵ نوێخوازی بووە و دوای بەفیڕۆدانی کات و خەرجی زۆر باسوخواسە نوێیەکان قبووڵ دەکەین و دەڵێی پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتر دەکەین و لەسەر ئەوە سوورین کە خۆمان وەک سەرچاوە و بنیادنەری ئەم ڕەوتە فکرییە لە قەڵەم بدەین و لێرەدا ئاماژەکردن بە ڕووداوێکی مێژوویی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا جێگای سەرنجە، پاش سەرهەڵدانی کوردیی گۆرانی و قبووڵ کردنی وەک زمانی ئەدەبی لە سەدەی یەکەمی ئیسلامی، کۆمەڵێک لە زانایانی شارەزوور و سلێمانی بە زاراوە و ڕوانگەیەکی دیکە ئەم ڕاستییەیان قبووڵ نەکرد و لە دیوانە شیعرییەکاندا دەستیان دایە ڕەخنەگرتن و هەجووی ئەم ڕەوتە فکری و ئەدەبییە، دواتر لە سەدەی هەشتەم (١٤ی زایینی) "عابدین جاف" کە لە شاعیران و وێژەوانانی ناوداری ئەو سەردەمە بوو، بە مەبەستی گفتوگۆ و ڕوونکردنەوە وەک نوێنەر ڕەوانەی دیاری "یارسان" کرا، بەڵام پاش ماوەیەک عابدین جاف پاش گفتوگۆ و مشتومڕی زۆر، نەتەنیا بۆ شێوەزاری گۆران شیعری هۆندەوە، بەڵکو یار و هەڤاڵانیشی بۆ ئەم کارە بانگهێشت کرد، یان کاتێک نیمایوشیج باسی شیعری نوێی هێنایە گۆڕێ، لەلایەن ئەدیب و شاعیرانی بەرەی سوننەتەوە بێدەنگی لەسەر کرا، بەڵام پاش ماوەیەک پێڕەوییان لەو ئەزموونە نوێیە کرد، بەڵام ئێستا بەپێی خێرایی گۆڕانکارییەکان، دەرفەت و کات بەفیڕۆدان خەسارە.

* ئەوەندەی من ئاگادار بم بە مەبەستی بنیادنانی زمانی هاوبەشی کوردی، هەندێ هەوڵ لە گۆڕێدایە، بەو پێیەی ئێوە لەم بارەوە خاوەن ڕایت و پێشینەیەکتان هەیە، لەم بارەوە بیروڕاتان چییە؟

- ساڵی ١٩٧١ی زایینی کۆڕی زانیاری لە بەغدا، دوای ئەوەش ساڵی ٢٠٠٠ لە هەولێر لەژێر ناوی ئەکادیمیای کوردی دامەزرایەوە. هەر لە هەمان سەرەتاوە دوو ڕەخنەی سەرەکییان هەبووە:

١- هاوکات بە شێوەی جیاواز بۆ دوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی واتاسازیی جیایان داهێنا، یانی بۆ دەستەواژەیەکی بیانی دوو واتایان لە زمانی کوردی دانا، بەداخەوە ئەم ڕەوتە هەتا ئێستاش بەردەوامە.

٢- شێوەزار و دیالێکتەکانی دیکەی کوردی وەک: "کەڵهوڕی، فەیلی، لەکی و گۆرانی"یان لە پرۆسەی واتاسازیدا لەبەرچاو نەگرت، بەڵام بەگشتی ئەو کارە بە بەرهەمهێنانی ٣٠ هەزار وشە و هێنانی بۆ ناو زمانی کوردی بووە هۆی هەمدیس ژیانەوە و مۆدێرن بوونی ئەم زمانە. ئێستا چالاکیی فەرهەنگستان (ئەکادیمیای کوردی) بەهۆی کۆچی زمانزان و توێژەرانی ناوداری کورد لاواز بووە. مەسەلەی پێکهێنانی زمانی هاوبەش، پێویستی بە تیوری و بەشداریی هەموو شارەزا و خاوەن ڕایانە، ئەم بابەتە لە چوارچێوەی پلان و بەرنامەی زمانی (language palnning) جێگا دەگرێت و پرۆسەیەکی درێژخایەنە و پێویستی بە سیمینار و کۆنگرەی فراوان هەیە.

* وەک توێژەرێک پێتان وایە هۆکاری هاوبەشیی زۆری وشە و دەستەواژەکان لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا چییە؟

- زمانەکانی کوردی و فارسی زادەی یەک سەرچاوە و ریشەن هاوبەشن کە لە فەرهەنگی زمانناسیاندا وەک بەشێک لە بنەماڵەی زمانی هیند و ئەورووپایی دێنە ئەژمار، زۆرێک لە دەستەبژێر و بیرمەندانی ئێرانی لەو باوەڕەدان زۆرێک لە لاوازی و دژوارییەکانی دەقی

زمـانی فـارسی دەکـرێ لە وشە و ئیـدیـۆم و دەسـتـەواژەی کـوردی، هەروەها بە پێـچـەوانەوە دەسـتـنیـشـان بـکرێن. کـەوایە گـەشـە و پەرەپێـدانی هەرکـام لەم زمـانانە خزمەتێکە بە ئێـران و مرۆڤـایەتی، چونکە لە جیـهـانی کوردی و زمانی کوردیدا بەناوی ئێرانییەوە دەناسرێت.

* هەندێ لە توێژەران لەو باوەڕەدان کە زمـانی کـوردی پاشمـاوەی زمـانی مـادییـە و زمـانی مـادی و فـارسیش پاشماوەیەکە لە زمانی کەونارای فارسی؟

- دەبێ وتە و نووسراوەمـان بەپێی بەڵگە و داتا بێت، چونکە لەمەڕ زمـانی مادی هەتا ئێـسـتـاش بەردەنووس، نووسـراوە و وشـەیەک نەدۆزراوەتەوە کـە ئێـمـە زمـانی کوردی بەوەوە گرێ بدەین، بەڕای "ئیبن موقەفع، شیرویە ئیبن شەهردار و قـەیس ڕازی و کـەسـانی ناوداری وەک دکـتـۆر سـەفـا، خـانلەری، دێهـخـودا و ئورانسکی و..." پارسـیی کـەونارا زمـانێک بووە لە باشـووری ڕۆژئاوای ئێران و "فـارسیی دەری" لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، کەوایە دوور لە چاوەڕوانییـە کـە ئەمـانە دوور لە یەکـتـر بن، بەڕای من بە مـەبەسـتی ناسـینی بنەمـای زمـانی کـوردی، دەبێ زمـانە شـارسـتـانی و کـەونارایـیـەکـانی "سـۆمـەر و ئیـلامی کـەونارا" تاووتو و شـیـتـەڵکاری بکەین، چونکە ئەو ئیتنیک و شارستانییانە لە شوێنی ژیانی ئەمڕۆی کورداندا ژیاون.

* بەم دواییـانە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ناوچەکانی باشـوور (کرمـاشـان و ئیـلام) گـەشـەی کـردووە، بۆ وێنە "ندای جـامعـە، شەمـیم سەبا" تاقە بڵاڤـۆکی پارێزگـای کرمـاشـان بوون کە گرنگی بە کولتـوور و زمـانی کوردی دەدەن و لە ڕابردوودا گـۆڤـاری "ئاوێنە"، هەروەها ئێـوە لە مـاوەی سـاڵانی "١٩٩٨ - ٢٠٠٢" بەشی کـوردی "زوان ئێـمـە"تان لە "پەیکی ئیـلام" بەڕێوە برد کە زۆر کـاریگەر بووە، ڕاتان لەبـارەی ئەم ڕەوتە چیـیــە و بەگـەشـتـی چاپەمەنیی ڕۆژئاوای ئێران چۆن لێک دەدەنەوە؟

- ڕۆژنامەنووسیی پرۆفیشناڵ ئەستەم و پڕ هەزینەیە و ڕۆژنامەنووسیی کوردیش تاقەت پڕووکێنە و لە ناوچەی باشـووریش چەند قـات دژوارترە، هەربۆیە چاوەڕوان دەکرێت بواری ئەدەب لەگەڵ ژانرە جیـاوازەکـان بۆ وێنە ئەدەبی منداڵان، پەرەسـەندنی کـولتـووری ڕەخنەگـرانە، بابەتگەلێکی دیکەی وەک مۆسیقا، شانۆ و سینەما ڕوو لە بەرفراوانی و گەشەکردن بکات، بەڵام لەڕاستیدا ئەمڕۆ ئاڵاهەڵگری ڕۆژنامـەنووسـیی کـوردی باشـوور لە بواری چەندایەتی و چۆنیەتییـەوە، بەرهەمی هەوڵی بێ وچانی "عـەلی حوسـێن فـەیلی"دەزگـای شەفـەق و گـۆڤاری گـول سـوو" بە بەرپرسـایەتی و سـەرنووسـەری ناوبراوە کـە بەڕاستی کاری گرنگی کردووە. هەڵبەتە دەبێ تێڕوانینی ناوچەیی و باوەڕ بەخۆبوون و چالاکیی ڕێزدارانی ئیلامی وەک: (مـسـتـەفـا بەیگی، لە "سـوبحی ئیـلام"، محەمـەدعەلی قاسمی لە "تەلیعە"، پەرویز شـەریفی لە "نجوا"، مـەعـسوومـە عـەلی حوسێنی لە "تەنین"، نەمر ماشەڵڵا ڕەشنەوادی لە "پەیکی ئیلام"، ئەحمەد شوهانی و ئیبراهیم محەمەدی لە "ئیلام فەردا"، هەروەها هەڤاڵ و هاوکاری ئازیز مەهدی کاکاخانی لە گۆڤاری مانگانەی نوێی "وریا" لەبەرچاو بگرین.

بەڵام لە ئاستی ڕۆژئاوای وڵاتدا، ئەگەر فاکـتەرەکانی بڵاوبوونەوەی بەردەوام و کـاریگەری لەبەرچاو بگرین، ڕاست دەبێ بچینە سۆراخی گۆڤاری "سروە" لە ورمێ بە دامەزرێنەری و سەرنووسەریی مامۆستاگەلێکی ناوداری وەک "هێمن" و "ئەحمەد قـازی"یەوە کە بەردی بناغـەی زمانی پێوەریان شارەزایانە و وەستایانە بنیاد نا و دوای ئەوەش "گۆڤاری ئاوێنە" لە تاران بە جوانی درەوشایەوە و ئاراستەی نووسینیان بۆ ناوچەکانی باشوور جێگای ڕێز و پێزانینە، بەتایبەت گەلاڵە کوردییەکانی شەهاب قەنبەری ڕەنگ و سـیـمـایەکی دیکەی بە بڵاڤـۆکـە کـوردییـەکـان بەخشی. لە ماوەی دەیەی ڕابردووشدا گۆڤاری "مەهاباد" بە سەرنووسەری "ئەحمەد بەحری" و گۆڤاری "زرێبار" لە مـەریوان بە پشت بەستن بە پسـپـۆڕی لە مـێـژووی چاپەمـەنی کـوردیدا خـاوەنی بایەخ و پێگەی تایبـەت بە خـۆیانن، هەروەها دەبێ لەم بارەیەوە ئامـاژە بە دوو بڵاوکراوەی "ندای جامعە" لە کرماشان و "سەیمەرە" لە لوڕسـتـانیش بکەین، بەڵام ڕاسـتـیـیـەکـەی ئەوەیە کـە ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە هاتنی "بەهرام وەلەدبەیگی" لە حەفتـەنامـەی "ئاویەر" لە سنە و ڕۆژنامـەی "ئاشتی" لە تاران و دەیان بڵاوکـراوە و حەفـتـەنامـەی جۆراوجـۆر و پسـپـۆڕانەی دیکە، چاپەمـەنیی کـوردییـان وێڕای وەڕێ خستنی کەشودۆخی سازان و گفتوگۆی گەیاندە ئاستی گوتاری نەتەوەیی و ڕۆشنبیری.

* باسی چاپەمـەنی هاتە گـۆڕێ، خـەسـار و گـرفـتـە جددییەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە چیدا دەبینی؟

– ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بڵاوکراوە ناوچەییەکان دەبێ دەرفەتی لەباریان بۆ گواستنەوەی تواناییەکانی ئەدەبی کوردی و پرس و گرفتەکانی ناوچە هەبێت، چونکە پەرژانە سەر پرس و مەسەلە بەربڵاو و گشتییەکان لە چوارچێوەی ئەرکی چاپەمەنییە میللییەکانە کە ئێستا بە باشی کار دەکەن. دەبێ ئەم مەسەلە گرنگە لەبەرچاو بگرین کە کۆپی و لەبەر هەڵگرتنەوەی ڕۆژنامەکانی تاران لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران، نە هونەرە و نە ژێستی ڕۆشنبیری و نە گێڕانی ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەرک و پەیامی ڕاگەیاندنە! ئەگەر بێتو ئێمە بە وردی بپەرژێینە سەر ئەم مەسەلەیە، نووسراوەی ڕۆژنامەنووسیی ئێمە دەکەونە خانە و پلەی سێیەم و چوارەمەوە، لە حاڵێکدا گرنگیدان بە نیاز و ویستە بەرچاو و بەرهەستە ناوچەییەکان، لە پلەی یەکەمدان. لەلایەکی دیکەشەوە لە بنەڕەتدا فەلسەفەی دانی مۆڵەت بە بڵاڤۆکە ناوچەییەکان گواستنەوە و ڕەنگدانەوەی توانایی و کەموکورییەکانی ئەو ناوچەیەیە. بەگشتی بەڕای من خەسارە جددییەکان لە مەیدانی چاپەمەنی کوردیدا بریتین لە: ١– زۆری و فراوانیی بڵاوکراوەکان کە ئێستا لە پارێزگای ئیلام ٣٦ بڵاوکراوە هەیە.

٢– کەمی ڕۆژنامەنووس و نووسەری پسپۆڕ و شارەزا.

٣– کەمتەرخەمی دەستەبژێرەکان.

٤– کەمی بڵاوکردنەوەی ویست و داخوازی خەڵک، بە جۆرێک هەندێ لە چاپەمەنییەکان لە هەر ژمارەیەکدا تەنیاو تەنیا قسەی سەرنووسەر بڵاو دەکەنەوە.

٥– تۆراندنی خوێنەر و تووشبوون بە پەتای ڕیکلام.

٦– شارچێتی و تووشبون بە پەتای کوتلەبەندی.

٧– بڵاوبوونەوەی نارێکوپێک و پچڕپچڕ.

٨– لاوازیی ئاستی چۆنیەتیی ڕازاندنەوە، هەڵەبڕی و دیزاین.

٩– نەبوونی ڕوانگەیەکی دروست بۆ گرنگیدان بە ویست و داخوازییەکانی خەڵک لە بواری جۆراوجۆری فەرهەنگی، ئابووری و...تاد.

١٠– مەسەلەی ژاناوی و ناچارەسەری کۆپی و لەبەرگرتنەوە.

* ئێوە یەکەم کەس بوون کە لە وتار و نووسراوەکانتاندا باسی بە پێوەرکردن و زمانی هاوبەشی کوردی، بەتایبەت کوردیی باشوورتان لە ئیلام هێنایە گۆڕێ، گرنگی و کارکردی زمانی پێوەر چییە و لەم پرۆسەیەدا چارەنووسی شێوەزار و دیالێکتەکانی دیکە چییان بەسەر دێت؟

– پرسی بە پێوەر کردن (standard variety) یەک لە باسە گرنگەکانە لە نوێکردنەوەی زماندا. سەرەتایساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی (١٩٩٦ی زایینی) بە مەبەستی گەیشتن بە زمانی هاوبەش لە کوردیی باشوور بە پشت بەستن بە بەرفرەیی شێوەزارەکان لە ئەنجوومەنەکان، بۆچوونەکانم هێنایە گۆڕێ، بەڵام قبووڵ نەکران، تەنانەت ڕەخنەشم لێ گیرا، چونکە ئەوکاتە ڕێزمان و بیرۆکەی زاڵ سوننەتی بوو و هەمووو خوێندەوارانی سوننەتی ئەم تیوریەیان قبووڵ نەبوو. لە کۆتایی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی (١٩٩٨ی زایینی) لە بەشی کوردیی "زوان ئێمە" کە بەگشتی دەپەرژایە سەر بابەتگەلێکی وەک دیانە بە زمانی کوردی، پەروەردە و فێرکردنی ڕێنووس، پەخشان نووسی و...تاد بۆ ماوەی ٤ ساڵی بەردەوام ٩٩ ژمارەم بڵاوکردەوە. هەر لەوێ بە شێوەی جددی باسم لە هێنانە گۆڕێی بە پێوەرکردنی زمان کرد، بەڵام دیسان لەلایەن بیروڕای گشتییەوە وەرنەگیرا، هەتا ئەوەی کە لە یەکەم کۆنگرەی زانستیی زمانی کوردی لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی (٢٠٠٢ی زایینی) لە تاران ئەم باسانەم هێنایەوە گۆڕێ کە زەرووڕەت و پێویستیی ئەم مەسەلەیە کەوتە بەر سەرنجی هەندێ لە نووسەر و قەڵەم بەدەستان، پاشان چەندین کتێب بۆ پەسندی ئەم ڕوانگەیە وەرگێڕدرانە سەر زمانی فارسی و بوار و دەرفەتی بە تیوری کردنی ئەم باسە ڕەخسا. هەتا ئەوەی کە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی (٢٠١٢ی زایینی) بەشێک لە نووسەر و توێژەرانی کرماشان بە ڕێز و خاکەڕاییەوە لە ئیلام لەگەڵ من دیداریان کرد و بەختەوەرانە ڕوانگەکانم لەلایەن ئەوانەوە پەسند و قبووڵ کرا، بەڵام بەداخەوە پێڕەوی کردن لە زمانی پێوەر ئێستا تەنیا لە بواری پەخشان و چیرۆکنووسیدا باوەو شاعیرەکان کەمتر ئاوڕی لێ دەدەنەوە.

زمانی پێوەر (هاوبەش) و بە ستانداردکردنی یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی مۆدێرنیزمە، ئەم جۆرە زمانە شانبەشانی شێوەزارە جیاجیاکان، بوارەکانی جوگرافیایی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی، بە مەبەستی کاروباری ئیداری، فەرمی و ڕاگەیاندن بەکار دەهێنرێ و لە

درێژەماوەشدا دەتوانێ ببێتە زمانی ئەدەبی و لە ئەگەری داخوازی گشتیی خەڵکدا وەک زمانی نەتەوەیی قبووڵ بکرێت. لە ئەگەری قبووڵ و دروست بوونی زمانی پێوەر، شێوەزارەکانی دیکە هەروا بەردەوام ڕۆڵی پێوەندی و ناوچەیی و ئاخاوتنی خۆیان دەپارێزن و کاریگەریی دوولایەنە لەسەر یەک دادەنێن و هەرکامەیان سۆنگە و ڕەوتی خۆیان تێپەڕ دەکەن، بەڵام زمانی پێوەر ڕێگا و سۆنگەیەکی ئاگایانە و زانستی دەپێوێ و زمانی ئاخاوتن و ناوچەییش ڕێگای سروشتیی خۆی. بە واتایەکی سادەتر بوونی "زمانی پێوەر" لە نانی شەویش زەروورترە. هاوکات لەگەڵ زمانی پێوەر، بابەتگەلێکی وەک: گەشەکردنی پیشەی چاپ، سینەما، شانۆ و مۆسیقا، خستنەگەڕی خوێندن و پەروەردەی گشتگیر، پەرەسەندنی وەرگێڕان، زۆربوونی خوێنەر و گەشەکردنی بەرهەمهێنانی ئەدەبی، هەروەها خولقاندنی شاکارگەلی ئەدەبی سەرهەڵدەدەن. بۆ وێنە پیشەی سینەما لە حاڵێکدا گەشە دەکات کە سیناریۆ و تێکست و دیالۆگی ئەکتەرەکان بە زمانی پێوەر بنووسرێت و لە هەموو ناوچەکان پیشان بدرێت، بە پێچەوانەوە دەبێ دیالۆگەکان شار بە شار و گوند بە گوند بگۆڕدرێن، یان ژێرنووس بکرێن و ئەم کارەش بە هیچ لەونێک بۆ سینەماکاران بە خەرجی و تێچووی سەرسوڕهێنەری سیناریست و تۆمارگە و تۆمارکردن و دۆبلاژ و...تاد ناگونجێت. هەڵبەتە لە داهاتوودا و بەپێی دەرفەت بە مەبەستی ڕوونکردنەوە بۆ بیروڕای گشتی، دەمەوێ کۆمەڵە وتار و تیورییەکانم لەم بارەیەوە لە کتێبێکدا بە چاپ بگەیەنم.

* هەروەک ئاماژەتان پێکرد بەگشتی شاعیران پشت لە زمانی پێوەر دەکەن، بەڕای ئێوە هۆکارەکانی چین؟

– هەڵبەت هەموویان پشتیان تێ نەکردووە، بەڵکو هەندێ کەس بە تەواوەتی قبووڵیان کردووە و هەندێکی دیکەش کەمتەرخەمن، بەڵام لەمەڕ هۆکارەکانییەوە دەبێ بڵێم شاعیران بەگشتی ئاست و لایەنی دەرەکی هونەری زمان لەبەرچاو دەگرن و لە هەمبەر لایەنی گرنگ و سەرەکی زمان، یانی هۆکاری پێوەندیدا کەمتەرخەمن! بەڵام هەندێ لە شاعیرانی باشوور (کرماشان و ئیلام) زانیاریی وردیان لەبارەی شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردی و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی زمانی کوردی نییە و لە گشت گرنگتر، هۆکاری سەرەکی گەوهەری و تاکەکەسییە، چونکە ئەو گرووپە لە شاعیران ئامادە نین ئەو چەند شیعرەی کە بە شێوەزار و زارۆچکەی ئێڵی و عەشیرەیی، یان ناوچەیی خۆیان هۆندوویانەتەوە، وەلا بنرێت. لە حاڵێکدا "حافز" و نووسەر و وێژەرانی دەورانەکانی دواتر، چەندین جار زمانی شیعریان بە ئاراستەی زمانی پێوەر گۆڕیوە و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هێناوە، ئەمڕۆکە بوونی سەدان نوسخەی دەسکرد و خوێندنەوەی جۆراوجۆر لە دیوانی حافز لە ئاستی زماندا خۆی بەڵگەیەکە بۆ ئەم ئیدیعایە، کەوایە شاعیرانی عەشیرەیی و ئەو کەسانەی کە لە کەشودۆخی "دورگە"ییدا دەخولێنەوە، لە درێژماوە و بەهۆی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، شیعرەکانیان دەکەونە پەراوێزەوە، یان لەلایەن خەڵکەوە بەرەو زمانی پێوەر پەلکێش دەکرێن. نموونەی بەرچاو و بەڵگەمەندی ئەم ئیدیعایە شیعرەکانی "باباتاهیر"ـە کە ئەمڕۆکە کەمترین وێکچوونی لەگەڵ فۆرم و دەربڕینی سەرەکیی خۆی، واتە "کوردیی گۆرانی" هەیە و زیاتر بە فارسیی نوێوە نزیکترە.

* بەڕای کارناسان "زمانی پێوەر" چ خەسڵەتگەلێکی هەیە و ئاخێوەرەکانی چۆن هەڵدەبژێردرێن؟

– زمانی پێوەر (هاوبەش) ڕەنگ و بۆنی شێوەزاری ئێڵ و خێڵێکی تایبەتی پێوە دیار نییە و بەهۆی و لە ئەنجامی هەوڵی هۆشیارانەی زمانناس و زمانزانان سەرهەڵدەدات. فاکتەر و تایبەتمەندییەکانی زمانی پێوەر بەگشتی دوو دەستەیە:

ئەلف) پێوەرە زمانییەکان کە بریتین لە:

١– پتەو و ڕەسەنایەتی.

٢– وردبینی پێگەیشتوویی لە کاری وەرگێڕان.

٣– بوونی شاکارە ئەدەبییەکان.

٤– بەرهەمهێنان و فراوان بوونی دەق.

٥– یەکگرتوویی و هاوئاهەنگی لە نێوان شێوەزار و دیالێکتەکانی ژێرکۆمای زمانی پێوەر.

٦– نوێکردنەوەی هێڵە زمانییەکان و سازکردن و بەرهەمهێنانی وشەسازیی نوێ.

٧– زۆر بوونی خوێنەر و بەردەنگ هۆشیار و مامۆستایانی نموونە.

ب) پێوەرە غەیرە زمانییەکان بریتین لە:

١– گۆڕانکارییە سیای و کۆمەڵایەتییەکان.

٢- ناوەندی ئابووری.

٣- قبووڵ و پەسند کردن لەلایەن دەستەبژێرەوە، مامۆستایانی ئایینی، سیاسەتڤان و ڕاگەیەنەکان. بەپێی ئەم پێناسانە، هەرکام لە لق و شێوەزارەکانی زمانی کوردی ئەم تایبەتمەندییانەیان هەبێت، یان ئاخێوەرانی زمان لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو تایبەتمەندییانەدا بن، دەکرێ ئەو شێوەزارە وەک زمانی پێوەر بناسێنین.

* بەڵام پەرۆشی هەندێ کەس بە دیاریکراوی ئەمەیە کە لەناو شێوەزارەکانی زمانێک، ئەگەر یەکیان هەلومەرج و تایبەتمەندی و توانایی پێویستی هەبێت و بکرێتە زمانی پێوەر، ئایا شێوەزارەکانی دیکە لەناو ناچن؟ ئەگەر بێتو زاراوەی ئاخێوەرێک وەک شێوەزاری پێوەر، دەستنیشان نەکرێت، بۆ ئەو ئاخێوەرە چ جیاوازییەک دەکات کە شێوەزارێکی دیکەی کوردی بسەپێنرێ، یان زمانەکانی دیکەی وەک تورکی، یان عەرەبی و...تاد؟

- جیاوازییەکە ئاسمان و زەمینە، ئەم بەراوردکردنە لە دەرەوەی ئەم باسەیە، چونکە یەکەم ئەوەی کە خاڵی هاوبەشی شێوەزار و دیالێکتەکانی زمانی کوردی نزیک ٧٠٪ـە، تەنانەت هەندێ جار لەوەش زیاتر نزیکایەتی و وێکچوویان پێکەوە هەیە و لە یەک ڕەگەزن. دووەم ئەوەی کە لە ئەگەری هەڵبژاردنی شێوەزارێک وەک زمانی پێوەر، زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی درێژە بە ژیان و گەشەکردنی خۆیان دەدەن، چونکە هیچ کەس ناتوانێ زمانی خەڵک بگۆڕێت، بەڵام دەکرێ زمانی نووسین وەک نەتەوەکانی دیکە ستاندارد بکەین. لە هەمووشی گرنگتر لە درێژماوەو زمانی نووسین و زارەکی کاریگەریی جیاواز و دوولایەنە لەسەر یەک دادەنێن و پێکەوە گرێ دەدرێن. بۆ نموونە پێشینەی هەزار ساڵ "کوردیی گۆران" زمانی شیعری ئەم ناوچەیە بووە. شێوەزارەکانی نزیک و دەوروبەری، جیا لە گەشەکردن، کەمترین خەساریان وێ کەوتووە، بەڵام ئەگەر بێتو زمانی دیکەی جیا لە زمانی کوردی، زمانی ئەدەبی ببوایە، بە ئاشکرایی بەرەنجامەکەیمان ئێستا دەبینی. بۆ وێنە لە کرماشان هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی، بێجگە لە" زازاکی و کرمانجی" قسەیان پێدەکرێ. بۆ نموونە ئەگەر بەپێی زانست، هەست کردن بە نیاز، عەقڵانییەت و ویستی زۆرینەی خەڵک، "شێوەزاری کەڵهوڕی" ببێتە زمانی ئەدەبی و پێوەر، ئاخۆ ئاخێوەرانی لەک، هەورامی، یان جافی سەرەڕای بوونی خاڵی هاوبەشی زۆری زمانی لەگەڵ شێوەزاری کەڵهوڕی، تووشی خەسار و فەوتان دەبن؟ بێ گومان نا، قبووڵ کردنی زمانی پێوەر یەکێک لە زەروورەت، پێویستییە ئەمرۆیی و شارستانی و مۆدێرنەکانە. ڕوانگە و بۆچوونە ئێلی و تایفەییەکان بە نیسبەت شێوەزار و زارۆچکەی خۆمان، سەلەفییانەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێشوو، هەرچەند هەردوو ڕوانگەکە جێگای ڕێزن، بەڵام قازانج و بەرژەوەندیی پەسندکردنی زمانی پێوەر لەو خەسار و کەموکورتییانە زیاترە. بە واتایەکی روونتر لە بنەڕەتدا قبووڵ و پێکهێنانی زمانی پێوەر بەدەرە لە خەسار و زیان. سەرنجڕاکێشتر بوونی زمانی پێوەر، شێوەزارەکانی دیکەی زمانیش دەپارێزێت، نموونەی ئەزموونیی ئەم پرۆسەیە لە زمانە زیندوو و مەزنەکانی ڕۆژئاوایە. لە کۆتاییشدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە دەستنیشان کردنی زمانی پێوەر بە شێوەی سەپاندن نییە، بەڵکو بەپێی نیاز و لە بەستێنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا قبووڵ دەکرێت و پەرە دەستێنێ.

* بەم دواییانە هەندێ لە نووسەر و لایەنگران بە هەڵبژادرن و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە لە شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردی بە تەمای پێکهێنانی زمانی پێوەرن، ئاخۆ مەبەست لە زمانی پێوەر هەر ئەو کارەیە؟

- ئەم کارە سەرەتاییترین هەنگاوەکانی پرسی پێوەرسازییە و هەڵبەتە سەلیقەیی و نازانستین، چونکە تەنانەت هەڵبژاردن و دەستەبژێرکردنی وشەکان هەلومەرج و ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆی دەخوازێ و دەبێ کەسانێک ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنن کە شارەزایی تەواویان لەسەر شێوەزارەکانی دیکەی کوردیدا هەبێت. بە واتایەکی دیکە خاوەن ڕا و بڕیاردەری زمان بن. بەهەرحاڵ هەوڵی ئەو کەسانە زۆر بەنرخە و دەبێ هانیان بدرێت، بەڵام زمانی پێوەر بەگشتی لە ٤ ئاستدا جێبەجێ دەکرێت. ١- ئاستی واکەکان و ڕێنووس ٢- ئاستی تایبەتمەندیی ڕێزمانی ٣- هەڵبژاردن و تەلچن کردنی وشەکان ٤- واتاسازیی نوێ بەپێی ڕێوشوێن و ڕێکاری گونجاو و پەسندکراو.

هەڵبەتە ئەم نووسەرانە ڕەخنەیەکی دیکەشیان لەسەرە

که ئەویش لە هەڵبژاردنی وشەکاندا، جوگرافیای سیاسی و ناوچەیی لەبەرچاو دەگرن، لە حاڵێکدا بۆ هەڵبژاردنی وشەکانی زمانی پێوەر و ستاندارد، یان نوسیاری دەبێ جوگرافیای زمان لەبەرچاو بگیرێ و پێڕەوی لە پەیکەرەی گشتیی زمان بکرێ، بۆ نموونە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران تەنیا هەندێ لە شارەکانی ئیلام و بیجاڕ بە وشەی "می خواهم" دەڵێن (خوازم) کە ڕێژەی بەکارهێنەرانی زۆر کەمن لە حاڵێکدا لە جوگرافیای زمانی و پەیکەرەی گشتیی زمانی کوردی، بەتایبەت لە کرمانجیدا ٦٠٪ی کوردان ئەم کردارە بەکار دەهێنن.

* بەم دواییانە هەندێ لە نووسەران بە شێوەی تاکەکەسی دەستیان داوەتە واتاسازی، بەو پێیەی کە ئێوە بەرهەمێکی سەربەخۆ (بنەماکانی وشەسازی و وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا)تان لەم بارەیەوە بڵاو کردۆتەوە و ساڵانێکە ئەندامی چالاکی "کۆڕی زانستیی زمانی کوردی"ن، ئەم هەوڵانە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

- زمان وەک دیاردەیەکی زیندوو، ئەگەر بێتو زاوزێ نەکات، قسر (نەزۆک) دەبێت و سەرەنجام دەتوێتەوە، چونکە زۆربەی وشەکان لە هەر زمانێکدا مێژوویەکی دیاریکراوی بەکارهێنانیان هەیە و بەهۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، سیاسی، دینی و مەعیشەتی لەدایک دەبن، بەکار دەهێنرێن و سەرەنجام خامۆش و دواتر تۆمار لە وشەدان و هەنبانەکان دەپارێزرێن. واتاسازی لەڕاستیدا پرۆسەی زاوزێی زمانییە. لە زمانی فەرەنسیدا ڕۆژانە چەند وشە بۆ چەمکە نوێیەکان ساز دەکرێت، بەڵام ئەم زانستە وەک زانستەکانی دی ڕێوشوێن و فۆرموولی تایبەت بەخۆی هەیە وەک: زاڵبوون بەسەر ڕێزمان، شێوەزارناسی، زمانزانی، شارەزایی لە ڕێوشوێنەکانی واتاسازی، زانیاری لەبارەی پرۆسەی واتاسازیی خۆڕسک و خەڵکییانە، ناسینی پێکهاتە، ڕێکوەند و چاوگەکان.

من هەوڵی تاکەکەسیی هەندێ لە واتاسازان لە وێبلاگ و بڵاوکراوەکان دەبینم کە بەداخەوە دوو هەڵەی سەرەکییان هەیە: یەکەم واتاسازی بۆ ئەو وشانە دەکەن کە پێشتر لە زاراوەکانی دیکەدا واتاسازیی زۆر گونجاو، پڕ واتا، بەجێ و مۆسیقایی بۆ کراوە. دووەمیش ئەوەیە کە لەسەرەتی (اولویت) لەبەرچاو ناگرن، بۆ وێنە ئێمە کاتێک پێویستیمان بەوەیە لە بیاڤی زانستە مرۆییەکاندا واتاسازی بکەین، نووسەران لە هەوڵی ئەوە دان لە بوارەکانی میعماری و کیمیادا کار بکەن.

* دەکرێ دەیەی هەشتای هەتاوی (٢٠٠٠ی زایینی) لەبارەی چەندایەتی و بەپێی چاپی کۆمەڵە شیعرەکان وەک لووتکەی گەشەکردنی ئەدەب و زمانی کوردیی باشوور لەبەرچاو بگرین. لەباری چۆنیەتییەوە چۆنی لێک دەدەنەوە و ناوەرۆکی ئەم ئەدەبە چۆن تاووتو و شرۆڤە دەکەن؟

- بەڵێ بەڕاستی دەیەی هەشتا قۆناغی زێڕینی زمان و ئەدەبی کوردیی باشوورە، هەرچەند بەرهەمەکان لە بواری شیعردا بوون، بەڵام دەبوا گرنگی بە بوار و ژانرەکانی دیکەی وەک: شانۆنامە، سیناریۆی فیلم، چیرۆک، کورتیلە چیرۆک، ڕۆمان، پەخشان، وەرگێڕان، ڕۆژنامەنووسی و...تاد بدەن، هەرچەند دەیەی هەشتا لەبارەی چەندایەتییەوە لە مێژوودا بەرچاو و بەرفراوانە، بەڵام دەبێ لەباری چۆنیەتیشەوە بکەونە بەر ڕەخنە و شرۆڤە بکرێن. لەڕاستیدا یەکەم هەنگاو لە گەشەی زمانیدا، چەندایەتییە، بەڵام لە گەشەکردنی درێژخایەن و خاوەن ژێرخاندا دەبێ چۆنیەتیش لەبەرچاو بگیردرێت و تاووتو و لێک بدرێتەوە. بەڕای من دەبێ دەیەی نەوەدی هەتاوی (٢٠١٢ی زایینی بەم لاوە) دەبێ بە ناوی دەیەی ڕەخنە و شیکاری ناودێر بکرێت، لە دەیەی هەشتادا هەوڵەکان ئەوە بوون کە نووسەران پشتیوانی و هان بدرێن هەتا بنووسن و بەرهەمەکان چاپ بکەن. من بۆ خۆم لە چاپ و هاندانی دەیان بەرهەم لە ئیلام ڕۆڵم هەبووە، بە جۆرێک بۆ ئەم کارە چاپی بەرهەمەکانی خۆم ڕاگرتووە و وەدوام خستووە.

شیعری ئەم دەیە لە ئیلام بەگشتی دەبێ لە سێ ڕوانگە و گۆشەنیگاوە تاووتو و شرۆڤە بکرێن:

١- لە بواری زمانەوە، زمانی شیعریی ئەم دەیە ناهاوسەنگە و بە هیچ شێوەیەک کار بۆ پێوەرسازی نەکراوە. لەلایەکی دیکەشەوە کەڵک وەرگرتن لە وشەگەلی غەریب و نامۆ و فەرامۆش کراو بۆتە هۆی تۆرانی بەردەنگ.

٢- لەباری ناوەرۆک: بەگشتی وەسف و پەسن کردنی کەش و دۆخی ژیانی عەشیرەیی و خێڵایەتی، عەشقی لادێیی و نۆستالۆژیا بۆ دابونەریتی پیشەنان و پەرژانە سەر فۆلکلۆر هێندە زۆرە کە دەکرێ شیعری دەیەی

حەفتای هەتاوی (١٩٩٢ی زایینی بەم لاوە) بە "ئەدەبیاتی سەپانی" ناودێر بکەین. وەسفی کێو، دەشت و ناوچە گەشتیارییەکان دیسان بەشێکی بەربڵاوە لە ناوەرۆکی شیعری ئەم دەورەیە. دەڵێی شاعیر گەوهەر و پەیامی ڕاستەقینەی خۆی فەرامۆش کردووە و وەک ڕێپۆرتێرێکی تەبلیغاتی، ڕێکخراوی گەشتیاری و هەڵبەتە بەم جیاوازییەوە لەوێ هەوری (سەروەن) لار و خۆش خەتوخاڵ و پیاڵە بەدەست و لەژێر ڕەشماڵان سەرقاڵی نان و سازکردنی شیرەمەنییە. شیعری ئەم دەورەیە بەگشتی لە فەزای شار، پەرۆشی و کەڵکەڵە کۆمەڵایەتییەکان بەدەرە و شاعیران ئەم قۆناغە کە بە بیرۆکەی گەڕان بەدوای شوناس و زەینی ئەدەبی بەرگری و پارێزگاری لە فەرهەنگ سەریان هەڵدا هیچ کاتێک گرنگییان بە ناوەرۆکی ئەدەبی بەرەنگاری وەک: بانگەواز بۆ ئازادی و جوامێری، خستنەڕووی ئاسۆکانی دوارۆژ و داهاتوو و بانگهێشت بۆ هەوڵدان و...تاد نەدا.

٣ – لەباری فۆرم و قاڵبەوە: فۆرمی شیعری ئەم قۆناغە بەهۆی ئاسانی بەگشتی مەسنەوی و هەتاڕادەیەک غەزەل و دوو خشتەکی، بەڵام باسێک لە قاڵبی نوێ و سپی لە گۆڕێدا نییە، یان بەدەگمەن بەرچاو دەکەوێ. هەڵبەتە نابێ ویژدان لەبەرچاو نەگرین لەم دەورەیەدا شاعیرگەلێکی پێشەنگ بە تەکنیک و ڕوانگەی نوێوە خۆیان تاقی کردەوە و بەرهەمگەلێکی شیاوی ئەم سەردەمەیان خولقاند، بەڵام لەبەر نەڕەنجانی دڵی کەسانی دی لەناو هێنانیان خۆ دەبوێرم.

"ئەدەبی سەپانی"، یان شوانی زاراوەیەکی تازەیە، بەڵام ئایا دەکرێ ئەدەبیاتی ئەم دەیە لەم چوارچێوەیەدا بگونجێنین، بە واتایەکی تر ئاخۆ ئەدەبی سەپانی تەنیا تایبەت بە ئێمەیە؟ ئەدەبیاتی سەپانی (pastoral poetry) بەو شیعرانە دەوترێ کە لەبارەی سروشت، کێو و دەشت و ژیانی گوندنشینان و عەشق و هەست و سۆزی ئەوانەوە دەدوێ. ئەم جۆرە شیعرە یەکەم جار لەلایەن "تیۆکریتۆس" شاعیری یۆنانیی سەدەی سێیەمی بەر لە زایین برەوی پەیدا کردووە، پاشان "ڤیرجیل" شاعیری خەڵکی ڕۆما لە دووتوێی بەرهەمی خۆی بەناوی "شواننامە" گەیاندییە لووتکە. لە ئەدەبی ڕۆژئاواشدا ڕەگەیەک لەم جۆرە شیعرە لە سەدەکانی ناوەڕاست بەدی دەکرێ و بە سەرهەڵدانی سەردەمی پیشەسازی و مۆدێرن بە یەکجاری ئەم جۆرە شیعرە لەوێ هەڵپێچرا. بەشێک لە ئەدەبی کوردیی شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی لە سەرەتای سەدەی دواییدا زۆر سەرنجڕاکێش و لە کوردیی باشووریش لەم دوو دەیەی دواییدا لەم چوارچێوە و فەزایەدا بووە و زۆرێک لە خوێندەواران هێشتا پاڵپشتی لەم جۆرە ئەدەبە دەکەن و پێداگری لەسەر بەردەوامبوونی دەکەن، بەڕای من دەبێ پرسیارەکە بەم چەشنە بێتە گۆڕێ: بۆچی ئەم جۆرە شیعر و ڕوانگەیە کە هی سەردەمی بەر لە زایین و سەدەکانی ناوەڕاستە، مۆسیقا، سینەما، شانۆ و چیرۆکی کوردیی خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە و دیسان لە سەدەی ٢١ هەر سەرقاڵی دووپات کردنەوە و دیسان لەسەر بەرهەمهێنانی بەردەوامین؟ سەیر لەوە دایە کە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی، یانی کوردیی گۆرانی بە هیچ لەونێ ڕەگ و شوێن پەنجەیەک لە ئەدەبی لادێی و شوانی بەدی ناکرێت، وەڵامدانەوە بەم مەسەلە و پەرژانە سەری بەهۆی خۆبواردن لە درێژبوونەوەی بابەتەکە لە تاقەتی ئەم دیمانەیەدا نییە.

* هەڵبەتە تۆ لێرەدا و لە نووسراوەکانی دیکەتاندا زۆر هێرشتان کردۆتە سەر فۆلکلۆر، شیعر و بیرۆکەی سوننەتی، ئاخۆ چ زەروورەتێکی هەیە لە دنیای بەرفراوانیی فەرهەنگدا کولتووری خۆمان وەلا بنێین و خۆمان بە کولتوورە هاوردەکانەوە خەریک بکەین و لە ڕەسەنایەتیی چەند هەزار ساڵەی خۆمان دوور بکەوینەوە، مەگەر ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین بە پشت بەستن بە کولتووری خۆی نەبووە ناوچەیەکی جیهانی؟

– دەبێ ئەوە بزانین کە فۆلکلۆری کوردی هێندە جوان و دەوڵەمەندە کە لە هەموو بوارەکاندا وای لە هونەرمەندان کردووە کە دیسان لە داڕشتنەوە و نۆژەنکردنەوەی خۆ ببوێرن و بپەرژێنە سەر دووپاتە و لاسایی کردنەوە. من لەگەڵ فۆلکلۆر و ئەدەبی سوننەتیدا دژایەتیم نییە، بەڵکو دژی فۆلکلۆر تارێنیم، ئەحمەد شاملوو ساڵانێکی زۆر لە تەمەنی خۆی بۆ کۆکردنەوەی ئەدەبی زارەکی تەرخان کرد، بەڵام هیچ کات لەو فەزایەدا شیعری نەنووسی، بەڵکو ئەمڕۆیی و نوێترین و پڕ ناوەرۆکترین شیعری دانا. ئەمنیش ساڵانێکە و هەتا ئەمڕۆش کاتی خۆم بۆ ئەم مەسەلەیە وەک تۆمار و کۆکردنەوەی "هۆرە و چەمەری،

شیعر و بەندی خۆماڵی، فەرهەنگنووسی و...تاد" کردووە و لە کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی شیعرە کۆنەکان و هەڵبەبڕی دیوانە کلاسیکەکانی ناوچە، ڕۆڵم هەبووە، بەڵام بە ڕوونی باسەکەم ئەمەیە هەموو ئەم هەوڵانە سەرەڕای بایەخدار بوونیان، بۆ نەوەی ئەمڕۆ وەڵامدەر و جێگای سەرنج نین. دەبێ لەم بەرهەمانەدا ئەزموون و وانە وەربگرین و ڕوحی تازە و نوێیان بە بەردا بکەینەوە هەتا گەشە بکەن، بۆ وێنە مەقامەکانی "هۆرە، حەیران" و...تاد سەرەڕای پێشینەی چەند هەزار ساڵە و بایەخ و بەهای گەوهەری، ئەمڕۆکە بۆ لاوان سەرنجڕاکێش نییە و پێداگریی لەڕادەبەدەری ئێمە بۆ بەرهەمهێنان و دووپات کردنەوەیان دەبێتە هۆی تۆرانی بەردەنگ و تاراندنی خوێنەران، هەر بۆیە بە ئاشکرا شایەتی ڕوو وەرگەڕانی نەوەی نوێ لە فەرهەنگی خۆمانین و سەرقاڵی تێکەڵ بوون بە فەرهەنگی گەلانی دیکەین. ئەگەر ئێمە خوازیاری کولتووری خۆماڵین دەبێ بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ لە توخمە ناوچەیی و خۆماڵییەکان کەڵک وەربگرین، بۆ وێنە دەبێ نووسینەوەی "هۆرە و حەیران" لە ئۆرکسترای سەمفۆنیک بەکار بهێنین هەمان ئەو کارەی کە شارام نازری و شوان پەروەر گرنگییان پێ دا. نەک ئەوەی کە هەموو بەرهەمەکان و گشت هەوڵ و تێکۆشانمان لە بواری ناوەرۆک و قاڵبی شیعر و مۆسیقاوە بگرە هەتا فیلم و چیرۆکی کوردی دیسان سوننەتی دووپاتە و فۆلکلۆریک و گوندییانە بێت و جەماوەر و خوێنەری ئێمە لە دنیایەکی دیکەدا بژین، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بەراوردی ئەم جۆرە لە ئەدەب لەگەڵ ئەدەبی ئەمریکای لاتیندا نیم، چونکە ئەدەبی ئەمریکای لاتین و لەسەرووی هەمووانەوە ڕیالیزمی جادوویی کە لە هەناویەوە هەڵقوڵیوە، ئەدەبی پەتیی فۆلکلۆر و لادێیانە نییە، بەڵکو لە توخمە کولتوورییەکانی خۆی وەک: خەیاڵ، ئوستوورە، سیحر بە مەبەستی بەرهەمهێنانی بەرهەمی نوێ هەم لە بواری فۆرم و هەم لە بواری ناوەرۆکەوە کەڵکیان وەرگرتووە و بەم چەشنە جیهانی بوونەتەوە. بەگشتی ئەدەب و کولتووری نەریتی و گوندییانە تەنیا تایبەت بە ئێمە نییە کە بمانەوێ بیپارێزین، یان ئێمە بەوەوە بناسێنن، بەڵکو ئەم ڕەوت و پرۆسەیە پێوەندی بە ژیان و گۆڕانی کار و پیشەوە هەبووە و هەموو گەلان ئەزموونیان کردووە.

**پێناسە:**

**- کامەران ڕەحیمی، لەدایک بووی ١٣٥٢ی شاری ئیلامە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

**- خاوەن بڕوانامەی لیسانسی زمان و ئەدەبی فارسیی زانستگای مەشهەد و مامۆستای قوتابخانە دواناوەندییەکانی شاری ئیلامە.**

**- ئەندامی کۆڕی زانستیی زمانی کوردی لە تاران و ئەندامی ئەنجوومەنی توێژەرانی ئیلام و ئەنجوومەنی زانستیی زمان و ئەدەبی فارسییە.**

**- بەرهەمەکانی بریتین لە:**

**١- ڕێزمانی پوختەی زمانی کوردی (بەراوردی، مێژوویی، ڕاڤەیی) لەژێر چاپدایە.**

**٢- مێژووی ئەدەبیاتی کوردیی ئیلام، بە هاوکاریی زاهیر سارایی.**

**٣- ڕۆڵی عەشیرەکان لە پاراستنی سنوورەکان (لە دەورانی عوسمانییەوە هەتا ساڵی ١٣٦٧).**

**٤- خەسارناسیی وشەسازی لە زمانی کوردیدا.**

**٥- ئاواشناسی و واکناسیی کوردیی جنووب، ڕێزمانی پوختەی زمانی کوردی بەپێی تیوریی پێکهاتەخوازانە، بەرنامەڕێژی و دەستووری پێشنیاری و فەرهەنگی پوختەی ڕێکوەندەکانی زمانی کوردی بە هاوکاریی ڕەزا شەجیعی کە زیاتر لە ٣٠ هەزار وشەی لەخۆ گرتووە.**

**- کۆمەڵێک بەرهەمی توێژینەوە، ساغکردنەوەی دەفتەر و دیوانی کلاسیک و ئەدەبی فۆلکلۆریکی کوردیی جنووبی هەڵەبڕی کردووە و لە بواری کاری ڕۆژنامەنووسی و بەتایبەت ڕۆژنامەنووسیی کوردی کەسێکی چالاکە و ئێستا مامۆستای قۆناغی دواناوەندییە لە شاری ئیلام، هەروەها سەرنووسەری بڵاوکراوەی "کۆشک"ـە.**

**- خاوەنی دەیان وتاری لێکۆڵینەوەییە لەبارەی زمان و فەرهەنگی کوردەوە بە زمانەکانی کوردی و فارسی.**

# خوێندنەوەیەک بۆ (لە باخەڵی باخدا)

**عەبدولغەنی کاکۆ**
**(ئەڵمانیا)**

(لە باخەڵی باخدا) یەکێکە لە دیوانە شیعرییەکانی موحسین ئاوارە، ساڵی ٢٠١٠ چاپ کراوە و بڵاوبووەتەوە. ئەم دیوانە یەکێکە لە وێستگەکانی کاروانی شیعر نووسینی شاعیر کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەست پێدەکات و تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە. لەو ماوە دوورودرێژەدا شاعیر بەردەوام وەک ناوێک لەناو دنیای شیعری نوێی کوردیدا ئامادەیی هەبووە.

لەو ماوە دوورودرێژەدا شیعری کوردی هەڵکشان و داکشانی جۆراوجۆری بەخۆوە دیوە، زۆر ناوی تازە بەگەڵ ئەم کاروانە بەردەوامە کەوتوون و زۆر ناویش لە کاروانەکە دابڕاون، زۆریش بەردەوام لەگەڵ کاروانەکەدا ڕۆیشتوون و شایەدی هەموو سەراوودەراوەکانی ئەو کاروانەن، یەکێک لەوانە موحسین ئاوارەیە.

شاعیر هەبوون بە چەندین دیوانە شیعر نەیانتوانیوە بەقەد زەنگیانەیەک شیعر بە ڕستەی هۆنراوەی کوردییەوە بکەن، کەچی هەر لەو ماوە دوورودرێژەدا زۆر جاران قەسیدەیەک، دیوانێکی بچکۆلە، هێندە جێ پەنجەی لەسەر ڕێگەی ئەو کاروانەدا جێ هێشتووە، وەک ئەوەی سیمای قۆناغێک بێ لە ڕەوتی ئەو ماوەیەی خەریکە بۆ نیو سەدە درێژ دەبێتەوە. بەداخەوە تا ئێستا ئەو ڕەوتە بە چەشنێکی بابەتیانە نەخراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی زانستی، ئەوەی کراوە لە هەوڵی تاکەکەسی زیاتر نین کە هیچیان زۆرکەم لە ئاوێتە بوونی لایەنی عاتیفی و کاریگەریی بۆچوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بەدوور نین.

بۆ من جێگەی پرسیارە شاعیرێک نزیکەی چوار دەیە، لە دوو سەدەی بەدوای یەکترهاتوودا لەناو ئەو کاروانەدا خەریکی شیعر بێت، دەبێت چی نووسیبێ و گەیشتبێتە کوێ؟

ئەرێ هەقی خۆمان و هەقی ئەو شاعیرەش نییە ئەمڕۆ شیعرەکانی بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە؟

چی لەوە باشتر دەبێ خوێندنەوەیەک بۆ یەکێک لەو دیوانە شیعرییانەی ئەو شاعیرە بکەین، کە یەکێک لە بەرئەنجامەکانی کۆششی نووسینیەتی لە دنیای شیعردا، چونکە بەشێکی زۆریشی لەم شیعرانە لە ساڵانی ڕابردوودا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردووەتەوە، کە ئەمانە نموونەن بۆ ئامادەبوونی شاعیر لەو ساڵانەدا. دیوانی (لە باخەڵی باخدا) ئەو دیوانەیە کە دەمەوێت وەک خوێنەرێک بیخەمە بەرباس و باری سەرنجی خۆم

لەبارەی شیعرەکانەوە دەرببڕم، بەو هیوایەی ئەو خوێندنەوەیە تا ڕادەیەک وەڵامدەرەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بێت.

لەبەردەم ژمارەیەکی بێ پایانی پێناسەکردنی شیعردا، هەرگیز ناتوانم لە سنووری تێڕوانینی تایبەتی خۆم بۆ شیعر تەسلیمی پێناسەکردنێکی دیکە ببم. ڕەنگە من شتێکی زۆر جیاواز لەوانی دیکە نەڵێم، بەڵام هەرچی بۆ پێناسەکردنی شیعر بینووسم لە چوارچێوەی قەناعەت و سەلیقەی تایبەتی خۆمەوەیە بۆ ئەو ژانرە هەردەم ئامادەیەی ئەدەب.

کە تێکستەکانی ناو ئەم دیوانە دەخوێنیتەوە، خۆت لەبەردەم چەند ئاستێکی جیاواز و جۆراوجۆردا دەبینیتەوە. هەست دەکەیت شیعر دەخوێنیتەوە، دیارە هەموو تێکستێک ئەگەر بە ڕستەی کورتی لەسەر یەکترو بەدوای یەک هاتوودا نووسرا، مەرج نییە شیعر بێت.

لە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەو دیوانەدا ئەوەی بەدی دەکرێت بریتییە لە خۆبەرجەستەکردنی بیرۆکەی شیعری بە چەشنێک وەک ئەوەی شاعیر کاری لەسەر ستراتیژێک کردبێ، کە بیرۆکە بکات بە تەوەری داڕشتن، بۆیە سەیر نییە ئەگەر لە شیکردنەوە و خوێندنەوەیاندا هەست بکەین کە ئەو بیرۆکانە بوونەتە بنیادی تێکستەکان. پێم وابێت ئەو پێداگرتنەی شاعیر لەسەر کارکردن لەسەر بیرۆکەی شیعری بنیادێکی سفتی بە تێکستەکان بەخشیوە، وای کردووە هەر تێکستێک بتوانێت یەکێتی بابەت لەسەرەتاوە تا کۆتایی بپارێزێت. ئەم خەسڵەتە بەهەر چەشنێک لێک بدرێتەوە، هەمیشە بۆ وەرگر دەڕژێتە کەناڵی چەشە لێ وەرگرتنەوە. ڕەنگە زۆر کەس هێندە بە بایەخەوە لەو خاڵە نەڕوانن، یان بیخەنە نێو خانەی لێتوێژینەوەی کلاسیکییەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو تێڕوانینە لە پەراوێزخستنی ئەم خاڵە خراپ بەسەر شیعردا شکاوەتەوە، بەتایبەتی لە قەسیدەی درێژ کە زۆر جار مژارێک، یان چەند مژارێکی پەیوەست بەیەکتر بە ڕۆشنی نابنە تەوەر بۆ ناوەرۆکی تێکستەکە. شاعیر لەم لایەنەوە بە تەواوی خۆی یەکلایی کردووەتەوە:

**سەوزایی جێی هێشتووم**
**تەڕاتی و شیلە و شیلاوی میوەکان**
**ڤیزەیان نەدامێ بچمە لایان..**.ل٦٦



**موحسین ئاوارە**

لە خوێندنەوەی ئەم دیوانەدا دەردەکەوێ شاعیر هەڵپەی ئەوە ناکات هەنگاوی فراوان بهاوێژێ، بەڵکو بەلایەوە گرنگە بە ئەسپایی دەنگ و سیمای شیعری خۆی دەرببڕێت و خاوەنی کەسایەتی شیعری خۆی بێت. ئەم نەکەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو تەوژمەی لەسەر مۆدێلی ڕۆژ شیعر بنووسێت، بەڵکو هەوڵی داوە قەناعەت و بیرکردنەوەی خۆی بکات بەشیعر، تێڕوانینی خۆی بۆ ژیان و ساتەوەختی تێدا ژیاو لە بۆتەی شیعردا دابڕێژێت. لێرەدا شیعر دەبێتە ناسنامەی کەسایەتی، بۆیە دەتوانین زۆر سیمای کەسایەتی لەم شیعرانەیدا بەدی بکەین. یەکێک لەوانە نۆستالژیای ئەو مرۆڤەیە بۆ ڕۆژگاری ڕابردوو. جێگەی سەرسوڕمان نییە کەسێک بە هەستێکی شاعیرانەوە ئەو ڕۆژگارە دوورودرێژەی گوزەراندبێت، ڕەنگ و سیمای ئەو ڕۆژگارانەی ڕابردوو لە شیعرەکانیدا ڕەنگ نەداتەوە. ئەگەر ئەوە بە چەشنێک لە ڕاستگۆیی لەگەڵ خوددا نەبێت، دەبێت بەچی ڕاڤە بکرێت؟

**لەشەوانی هاوینەی سەربانداا**
**کاتێ ئاسمان و زەمین**
**لێک نزیک دەبنەوە**
**بێ تاقەتە ناتوانێ**

**دەست بۆ**
**هێشووی ئەستێران درێژ بکات.....**ل٦٨

کە سەرنجی ئەو کۆپلەیە دەدەین هەست دەکەین شاعیر دەستی بۆ چ خەون و خەیاڵێکی ناسک درێژ کردووە، خەیاڵێک لە بیری لاپەڕەی سپی سەردەمی منداڵی هەمووماندا هەبووە، ئەو خەونە ڕەنگاوڕەنگانەی منداڵی و ئەو حەزە خەون ئامێزانە، کە دەبن بە بناغە بۆ بیرۆکەی شیعر، مەگەر تەنیا لە چوارچێوەی شیعردا خۆیان بەرجەستە بکەن، ئەگینا ئەمانە لەناو لاپەڕەکانی مێژووی سەدان هەزار ساڵەی مرۆڤایەتیشدا داڵدە نەدراون، ئەی شیعر چییە ئەگەر دەربڕی ئەو خەیاڵ و خەونە نەنووسراوانە نەبێت:

**ناتوانێ داوێ لە کلاڵەی تریفەی مانگ ڕاکێشێ و**
**تاوێ حەز و تاسە ڕەواکانی سەرخات...**ل٦٧

ئەگەر شیعر هونەرێکی بەرز نەبێ لە بەخشینی سیمای ئیستێتیکی بەو شتانەی کە ئێمە لەنێو جەنجاڵی ژیانی ڕۆژانەدا ناتوانین نهێنی چەشە بەخشیان بدۆزینەوە، ئەوە بۆمان نەدەکرا بواری تێڕامان و وردبوونەوەمان لە جوانی ئەو شتانە هەروا بە ئاسانی بۆ بڕەخسێت. ئەوە شیعرە لە گێژاوی شەپۆلە سەرشێتەکانی واقیعی تێدا ژیاودا دەمانپەڕێنێتەوە بۆ کەناری تێڕامان و وردبوونەوە لە جوانییەکانی ئەو دنیایە، ئەوە شیعرە کە بە جۆرێک بۆمان دەدوێت تا گوێی بۆ ڕادێرین. ئەوە ئەو هێزە جوانی بەخشییەی شیعرە کە وا دەکات مەبەست و لۆژیکەکانی هزری مرۆڤایەتی چاکتر و پەیوەستتر لە خانەی خەیاڵی مرۆڤەکاندا بچەسپێن. ئەگەر وا نەبێت دەبا لەو دوو دێرە سادەیەی شاعیر وردبینەوە کاتێک لە مێژووی قەڵاکەی هەولێر دەدوێت، دەبینین چەند سادە، بەڵام چەند جوان ڕاستییەک بە خەیاڵ و فەنتازیا دەنەخشێنێت:

**قەڵا مەنجەڵێکی زنجیرداری گەورەی**
**سەرولایە**
**مێژوو دەزانێ چی لەنێودا کولایە....** ل٩٤

بایەخدان بە بیرۆکەی شیعری، بەدیوێکی دیکەدا هەوڵدانە بۆ بنیادنانی ناوەڕۆکێکی بارگاوی بە ڕەگەزەکانی مەعریفە و کارکردن لەسەر ماقووڵییەت. چ کارێکی پڕ لەسەرکێشییە ئەوانە بە زمانی فەنتازیاو لە کایەی فەنتازیای شیعریدا خۆ بسازێنن، شاعیر زۆر هەوڵی داوە ناوەڕۆکی هەر شیعرێک لە تخووبی مژارێکی سەرەکی نەباتە دەرەوە، ئەمەشی سەرکەوتووانە لە زۆربەی شیعرەکانی ئەم دیوانەدا پیادە کردووە، بۆ نموونە:

**کە جوانی هات**
**چاوە زیتە جحێڵەکان ڕاست دەبنەوە**
**جێگۆڕکێ بە ئاراستەکانیان دەکەن.....** ل٥٣

لەم قەسیدەیەدا شاعیر جوانیی کردووەتە تەوەری بیرۆکەی شیعری. دەستەواژەی جوانی لە شوێنێک خۆی لە شێوەی کارەکتەرێکی ئەکتیڤدا بەرجەستە دەکات، شوێنێک بە جوانی دەبەخشێت و لەناو جووڵەدا وێنەی دەگرێت، بە جۆرێک جورئەت بەخۆی دەدات جوانی بکاتە ئەلتەرناتیڤی هێز و کاریگەری:

**کە جوانی هات دەبێ ڕەشەبا جێی بۆ چۆڵ کا/ شەو لەبەردەم مانگدا چۆک دادا....**ل٥٣

شاعیر نەهاتووە وەک چەمک و دەستەواژە (جوانی) پێناسە بکات، ئەم ئەو دەستەواژەیە لە پانتایی خەیاڵ و زەیندا دەخولێنێتەوە، هەموو هێڵە جوانەکانی ئەم شیعرە لە پنتی پێناسەکردنی ئەو دەستەواژەیە بەیەک دەگەیەنێت، دیارە شاعیر بە هۆشیارییەوە هەستی بەم نهێنییەی جوانی شیعر کردووە، ئەگینا بەدرێژایی ئەو قەسیدەیە کە بەتەواوی سنووری خۆی پاراستووە، جوانی لە ناو تەلیسمی پەی پێ نەبردندا ناهێڵێتەوە:

**ئەو جوانییە چ بەڵاییکە**
**چ لەزەت و کۆسپەیەکە**
**کەس نییە ساتمەی لێ نەکات......**ل٦٣

دیارە سنوور نەبەزاندن و نەپەڕینەوە بۆ دنیای وڕێنەو خەیاڵی پەرتەوازە لای شاعیر دەبن بە بنەمای کارکردن لە دنیای شیعر، هەرچەندە ئەو پەڕینەوەیەش لە کایەی شیعردا بەهۆی چەشەی جۆراوجۆری وەرگرو ئەو تێڕوانینە ڕەخنەییانەی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە دەڕواننە ڕەگەزەکانی بنیادی شیعری، بەبەزاندنی هێڵی سوور دانانرێت، ئەوە ئەگەر هێڵی سوور وشەیەکی ڕاست بێت لەو شوێنەدا، دیارە پەیوەستبوونی شاعیریش بەو بنەمایەی کە شیعری لەسەر دەنووسێت بە قەد ئەوەی پابەندی قووڵیی تێڕوانین و هۆشیاری و مەودای سەلیقەی خۆیەتی لە ژیان، هێندەش پابەندە بە قەناعەتی تاکەکەسی. لەم تێکستانەدا درک بە قەناعەتی شاعیر دەکەین لە پەیوەستبوونی بە بنەمای ماقووڵیەتی

بیـــرکـــردنه‌وه‌، بۆیه‌ هه‌ر تێکســـتـــێک له‌و دیوانه‌دا ده‌خوێنیـته‌وه‌، هه‌ر له‌یه‌که‌م وشه‌یه‌وه‌ تا کۆتایی هه‌ست ده‌کـه‌یت ته‌وژمـێک له‌ (مـانا به‌خـشی) له‌گـه‌ڵ خـۆیدا ڕاپێچت ده‌کات.

بۆ نموونه‌ له‌ شوێنێکدا (ماسی) ده‌بێـته‌ پاڵه‌وانی ناو تێکســتــه‌ شـیـعـرێک، له‌وێدا ئه‌و بوونه‌وه‌ره‌ ده‌بێـتـه‌ سه‌نتراڵی مانا، سه‌رنج ده‌ده‌ین چه‌ند ورد حه‌سره‌ته‌کانی بوونه‌وه‌رێک ده‌رده‌بڕێت:

**له‌ ده‌ره‌وه‌ی ڕووباردا فڕێ درام**
**له‌ ده‌ره‌وه‌ی ڕووباردا خنکام**
**ئای بۆ ده‌ستێ**
**فڕێم داته‌وه‌ ناو ڕووبار**
**تا ماسییه‌ نه‌خنکاوه‌کان**
**گۆڕێکم له‌ ئاودا بۆ لێده‌ن.** ل١٧

چونکه‌ ئه‌و په‌یوه‌سته‌ به‌ کارکردن له‌سه‌ر به‌رهه‌مهێنانی مـانا و خـۆبه‌سـتنه‌وه‌ به‌ مـاقـووڵیـه‌تی بیـرکردنه‌وه‌، بۆیه‌ زیاتر به‌ نێـو ڕه‌هه‌نده‌کـانی حـه‌سره‌تی بوونه‌وه‌رێکی بێ ده‌ســه‌ڵاتدا شــۆڕده‌بێـتــه‌وه‌، تا ســه‌رئه‌نجـام خــۆی له‌ حـه‌سـره‌ته‌کـانی مـرۆڤـدا به‌رجـه‌سـتـه‌ بکات، تا ئه‌و حـه‌سـره‌تانه‌و خـه‌می نامـۆبوون و تاراندن له‌ خـه‌یاڵی مــرۆڤــدا ببــزوێن، ســه‌رنج ده‌ده‌ین چۆن دوا هه‌ناســه‌ و وشه‌کانی سه‌ره‌مه‌رگی ماسییه‌ک ده‌رده‌بڕێت:

**ئاو ئه‌ی نیشتیمانی ئه‌به‌دیم**
**ئاو ئه‌ی قه‌ده‌ری ئه‌به‌دیم**
**ئاو...ئاو..ئه‌ی ئاو** ل١٧

هه‌ر به‌ هه‌مـان شـێـوه‌ کـاتێک ده‌یه‌وێت به‌راوردێک له‌ نێـوان دوو سـاته‌وه‌خـتی ته‌مـه‌نی مـرۆڤـدا بکات، وێنه‌ی ئافـره‌تێک ده‌کێـشێت، وێنه‌ی خـۆی ده‌داته‌ ده‌سـتـێکی و ئاوێنه‌یه‌ک ده‌داته‌ ده‌ســتـه‌کـه‌ی تری، تا ئه‌و به‌راورده‌ له‌ نێـوان ڕوخســارێکی ناو وێنه‌یه‌ک و ڕوخســارێکی ناو ئاوێنه‌یه‌ک بکات، پاش ئه‌وه‌ی به‌ناو که‌ناڵێکی دیالۆگدا شۆڕی ده‌کاته‌وه‌ سه‌ر ئه‌نجام ئه‌و به‌راورده‌ له‌ قاڵبێکی زۆر جواندا ده‌رده‌بڕێت:

**له‌وێنه‌که‌دا**
**گوڵ و باران و سه‌وزایی ده‌بارێ**
**له‌ ئاوێنه‌که‌شدا**
**گه‌ڵای زه‌ردی خه‌زان**
**به‌سه‌ر وێنه‌که‌دا ده‌ڕژێته‌ خوارێ........**ل٤٧

سـه‌رنج ده‌ده‌ین خـه‌یاڵ به‌ره‌و چ ورده‌کـارییـه‌کی جـوانی بردووه‌ که‌ له‌ ئاماژه‌ی فه‌لسه‌فی خاڵی نییه‌:

ڕه‌گه‌زه‌کانی زینده‌گی له‌به‌رانبه‌ر به‌سه‌رچوون و فه‌نابوون ڕاگرتووه‌.

ڕه‌گه‌زه‌کـانی کـۆتایی هاتن و فـه‌نابوون و به‌سـه‌رچوونی له‌به‌رانبـه‌ر حاڵه‌تی زینده‌گی و ساته‌وه‌ختی ئێستای ژیان ڕاگرتووه‌

ئه‌گـه‌ر به‌سـه‌ر ئه‌و پارادۆكسـه‌دا بازبده‌ین، سه‌یر ده‌که‌ین ئه‌و یاری له‌به‌رانبـــه‌ر یه‌ک ڕاگــرتنانه‌ هه‌ر له‌ناو یاری له‌به‌رانبـه‌ر یه‌کتـر ڕاگرتنی وشه‌ و فۆنه‌تیکدا نییـه‌ وه‌ک زۆر جـار لێـره‌و له‌وێی شـیـعـری کـوردی ئه‌مـڕۆ به‌رچاو ده‌که‌وێت. شـاعـیـر له‌م ده‌قـه‌ شـیـعـرییـانه‌یدا دێت مـانا له‌به‌رانبـــه‌ر مـــانادا ڕاده‌گـــرێت، ئه‌و له‌ســـۆنگه‌ی په‌یوه‌ستکردنی ده‌ق به‌ سه‌نتراڵی مانادا نایه‌ت له‌پێناوی ڕیتـمی وشه‌و ده‌سـته‌واژه‌کان قوربانی به‌ مـانا بدات. ئه‌م ڕاستییه‌ش به‌ ته‌واوه‌تی خۆی له‌م کۆپله‌یه‌دا ده‌خاته‌ ڕوو:

**تۆ ته‌نیا له‌وێ**
**من ته‌نیا لێره‌**
**ته‌نیایی ته‌نی ته‌نیوین**
**پرزه‌ی ته‌مه‌نی بریوین**



**نەک من نەک تۆ**
**دووری وای وت........ل٢١١**

لە شیعرەکانی ئەم دیوانەدا بیرۆکەی شیعری هەرخۆی لە ئاستی خەیاڵی ڕاگوزاریدا قەتیس نەکردووە، بەڵکو باڵاتر هەڵکشاوە بۆ ئاستی تێڕوانینی قووڵ و فەلسەفی بۆ دیاردەکانی ژیان و بوون. دیارە ئەو کاتەی بیرۆکە خۆی لەسەر ئاستی فەلسەفە دەدۆزێتەوە و لۆژیکەکانی حەقیقەت ئاوێتەی خەیاڵی شیعری دەبن، دەبێت زمان بە چەشنێکی زۆر هەستەوەرانە لە نێوان هەردوو جەمسەری فەنتازیاو واقیعدا ڕۆڵی خۆی ببینێت، ئا لێرەوەیە زمان دەبێتە بڕیاردەر بۆ تێکستێکی شیعری سەرکەوتوو. شاعیر لە قەسیدەی (حەز و فیردەوس لە کیشوەری ڕەشەبادا) خۆی خستووەتە بەر ئەو تاقیکردنەوە سەختەوە. لە وروژاندنی تێڕوانینێک بۆ بێهوودەیی دەست بۆ جەمسەرە دژ بە یەکەکان دەبات و لەوێدا، لە بۆتەی پرسیار و سەرسوڕمان بەرانبەر یاساکانی بوون چەمکی بێهوودەیی دەوروژێنێت:

**چیم داوە لە کۆکردنەوە**
**مادامەکێ پەرتبوون هەبێ**
**چیم داوە لە پێکەوەنان**
**مادامەکێ هەڵوەشانەوە هەبێ.....ل٨٠**

لەم کۆپلە شیعرییەدا سەرنج دەدەین لەڕێی پارادۆکسەوە پرسی فەلسەفە دەوروژێنێت. ئەم لە بەرانبەر ڕێساکانی ژیاندا کە (کۆکردنەوە) و (پێکەوەنان)ـە، دێت ڕێساکانی سروشت قوت دەکاتەوە کە (پەرتبوون) و (هەڵوەشانەوە) و دروستبوونە، ئەوەش حەقیقەتی ململانێی ئەبەدی نێوان ئەو دوو ڕێسایەیە، کە سەرئەنجام ڕێسای بوون لەو گەردوونە فراوانەدا پێکدەهێنن. هەڵبەتە لەنێو خودی ژیانیش هەردوو جەمسەری ئەم ململانێیە بوونی هەیە، وەک چۆن ڕێساکانی دینامیکییەتی گەردوون هەر تەنیا خۆ لە بازنەی پەرتبوون و هەڵوەشانەوەدا قەتیس ناکەن، بەڵام شاعیر لێرەدا بە تێڕوانینێکی هیومانیستی لەم پرسە دەڕوانێت، لەم تێڕوانینەدا پرسی مرۆڤ پرسی هەرە گەورەیە، مرۆڤ بەکام ئاراستە لەسۆنگەی ئەو ململانێیەدا ڕێ بکات و خۆ بەدەست کامە ڕێساوە بدات؟ لەکاتێکدا ژیان لە نێوان هەردوو جەمسەری لە دایکبوون و مردندا مرۆڤ دەئاڵێنێتە ناو ئەو کێشمە کێشە:

**ئەی چیمان پێدەکرێ**
**چی بکەین هاوڕێ**
**ئێمە گیرۆدەین**
**بۆ خۆی ژیان لەسەر سکەی بێهوودەیی**
**دەڕواو ئاوڕمان لێ ناداتەوە**
**دەڕواو بۆ دواوەش ناگەڕێتەوە**
**ناشزانێ لەدوای خۆیدا**
**کێ وەک چۆلەکەیەک دەم پێکدا دەدا**
**یان کێ دەچێتە ڕیزی قەتارەی نەپساوەی ڕێگەی هاتو نەهات...... ل٢٨**

شاعیر لەم قەسیدەیەدا ئەو پرسیارە فەلسەفییە زیاتر قوت دەکاتەوە، ژیان دەبێتە مەتەڵێکی هەرگیز هەڵنەهێنراو. ڕەنگە جوانییەکانی ئەم قەسیدەیە خۆیان لە پەنای ئەو پرسیارەدا شاردبێتەوە، چونکە هەندێک جار جوانی تێکست هەر تەنیا خۆی لەنێو خودی وشەکاندا ناخاتەڕوو، بەقەد ئەوەی لەو خەیاڵ و تێڕامان و وردبوونەوانەدا خۆدەردەخەن، کە لە لای خوێنەر دروستی دەکەن. شاعیر خوێنەر لەناو تەونی ئاڵۆزی پرسیارێکدا جێ دەهێڵێت کە هەڵوەدابوونی مرۆڤ بۆ وەڵامدانەوەی دەبێتە پانتایی ئیستێتیکای دەق:

**ئای بوونەوەر**
**باڵێکت تاریک و باڵێکت منەوەر**
**ئەی تۆ بۆ ئەوە دروست نەبوویت**
**تا بژیت؟!.... ل٤٨**

قووڵبوونەوە لەوردەکارییەکانی بوون و شۆڕبوونەوە بۆ ناو پرسە فەلسەفییەکان، خەیاڵی مرۆڤ دەئاڵێنێتە ناو پرسیارگەلێکی بێ سنوور، زۆر ڕێساو حەقیقەت لەپرسی (ژیان) و (مرۆڤ) دەدۆزێتەوە، یان لەبەرانبەریاندا هۆشیاربوونەوەیەک، ڕاچڵەکاندنێک، وروژانێک دروست دەکات. خۆ مەرج نییە ئەو دۆزینەوەو پەی پێ بردنانە تازەبن، بەڵام دووبارە هێنانەوەیان بۆ ناو زەینی مرۆڤ و خستنەڕوویان لە قاڵبێکی دیکەی ئاشنا بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، ئەوانە دەبن بە هەوڵی نوێکاری لەکاری نووسیندا، ئەگینا خۆ پرسی (بەردەوامی) و (نوێ بوونەوە) لە زۆر کۆنەوە لەلایەن فەیلەسوفەکانی گریکەوە تا ئەمڕۆ بەردەوام پێداگری لەسەر کراوە، بەڵام هەریەکەیان لە قاڵبێکی دەربڕینی جیادا.

شاعیر لەم قەسیدەیەدا هەمان پرس لە قالبێکی سادەی شیعریدا دووبارە دەکاتەوە:

**دوای هەڵکشان و هەڵشاخانم**
**بە گەیشتنە سەر ترۆپک**
**حەزێکم مرد، حەزێکم ناشت**
**...............**
**من کە لە حەزێک بەتاڵ دەبم**
**حەزێکی نوێتر هەنارێکی شەق بردووە**
**باخ..بەری سەوزەو میوەی تازەی گرتووە..... ل٥٨**

لێرەدا نەک پرسی فەلسەفی، بەڵکو کەمێکیش بە ناخی سایکۆلۆژیای مرۆڤدا شۆڕ دەبێتەوە، مرۆڤی تامەزرۆی گەیشتن بە حەز و خەون و ئاواتەکانی، هەموو پێگەیشتنێک کۆتایی حەزێک و سەرەتای خەونێکی تازەیە، سەرەتای کۆششی هەڵگەڕانە بەسەر هەورازاییەکانی ژیاندا، ئەوە ئاماژەیە بۆ دیالێکتیکی بزاڤ و بەردەوامی لە بوون. هەڵبەتە وردبوونەوە لە نهێنی تەلیسمەکانی ئەو سروشتە بیرکردنەوەی قووڵ بەدوای خۆیدا دەهێنێت. وەک ئاماژەمان پێدا مەرج نییە شیعر بتوانێت ئەو کۆدانەی بوون شی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر توانی مرۆڤ بخاتە ئامێزی پرسیار و لێکدانەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە توانیویەتی زۆر هەنگاوی باڵا هەڵێنێت. ئاوێتەکردنی پرسی فەلسەفی مرۆڤ و سروشت لەناو کایەیەکی فەنتازی جارێکی تر خۆ خستنە بەر تاقیکردنەوەیە لە قەسیدەی (قەدەر).

شاعیر لە قەسیدەی (قەدەر)دا کاری لەسەر ئاوێتەکردنی ڕەهەندەکانی مرۆڤ و ڕەهەندەکانی سروشت کردووە، کاری لەسەر ئاوێتەکردنی خەیاڵ و هەستی مرۆڤ کردووە بە ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی سروشت، لێرەشدا ئەو سنووری باو تێکدەشکێنێت لەوەی چەشەی مرۆڤ دەق بە پرەنسیپێکی سنووردار بگرێت لە پرۆسەی ڕەنگدانەوەی ئەو سروشتە لە هەست و خەیاڵدا. سەیر دەکەین وەک چۆن مەولەوی لە وەسفی سەرماو بەستەڵەکی زستاندا درک بە جوانییەکانی سروشت دەکات و زستان بە تەواوەتی ناخاتە ناو بازنەی نەفیکردن لە جوانی:

**چ شیرین زەرگەر تۆف هەوای سەرد**
**گۆشوارە نەگۆی نەونەمامان کەرد...** (مەولەوی ل١٨٢)

بە هەمان شێوەیش شاعیر لەکاتێکدا دەزانێت وەرزی پاییز بەچی ناسراوە و چۆن لە خەیاڵ و زەینی باودا دەقی گرتووە:

**ئەی دنیای گرژ...پاییزی بەدبەخت**
**تۆ بە کەتنکەر و ئاژاوەگێڕ ناسراوی**
**تۆ بە هەڵوەراندنی جوانییەکانی سروشت**
**بە خنکاندنی کۆتر و پۆڕ و پاساری**
**بە چۆڵکردنی هەوار و پێچانەوەی ڕەشماڵ و**
**کۆچی پەرەسێلکە و تێکشکاندنی کۆلارەکان و**
**ڕەشکردنەوەی ڕەنگەکان تاوانبار کراوی.... ل١٦**

کەچی ئەمیش لە چەشنی مەولەوی سەرەڕای هەموو ئەوانە نایەت وەرزێکی ئاوای سروشت بخاتە دەرەوەی بازنەی جوانی، ئەمیش گەڵای زەردی هەڵوەریوی درەختان دەکاتە جووتێ گوارە بۆ پاییزە کچ:

**گوێچکەمیان سمی**
**گوارەیان لەگوێ کردم**
**گوارەکەم جووتێک گەڵای پاییزی بوو..... ل١٦**

بەڕاستی ئاستی ئیستێتیکی لە تێکستی (قەدەر) بەچەشنێکە وەک ئەوەی جوانی سەرتاپای شیعرەکانی دیوانەکە تەنیا خۆیان لەم قەسیدەیەدا چڕکردبێتەوە.

لەم تێکستەدا هەموو خەم و پەژارەکانی مرۆڤ لە نامۆیی و غەریبی، لە عەشق و خۆشەویستی و ڕەنجەڕۆیی، لە خەون و خۆزگە و نزا و پاڕانەوە لەسەر زمانی پاییزە کچدا خراونەتەڕوو. لەو کاتەی درک بە وردەکارییەکانی جوانی دەکات لە وەرزی خەزان و دەست لێک بەردانداا، لەهەمان کاتدا ناتوانێت خۆ لە گیرۆدەبوون بە بێهوودەیی دەربازبکات، وەک ئەوەی بیەوێت بڵێت بێهوودەیش سیمایەکە لە سیماکانی ژیان و پرسی مرۆڤە لە پانتایی بووندا:

**ئێوارەیەکم پڕ لە کۆچ و غوربەت**
**شەوێکم مۆمەکانم ون کردووە**
**لەنووتەک و ڕەشایی شەو مارەکراوم**
**ئەوی لێم دەڕژێ بۆم کۆناکرێتەوە**
**ئەوەی لێم دەشکێ یەکتر ناگرێتەوە**
**من جێماوی لە کاروان دابڕاوی سەر ڕێم**
**من کێم؟**

کەواتە قەسیدەی قەدەر جارێکی دیکە گەڕانە بەدوای خودی ونبوودا، هەوڵدانە بۆ خۆدۆزینەوە، تێڕامانی مرۆڤە

لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەرو پێشهاتەکانی ژیان، سرووودی ڕەنجەڕۆیی مرۆڤە لە خەڵوەتی تەنیایی و شۆڕبوونەوە بۆ ناو پرسە باڵاکان، ئەو پرسانەی ژیان بۆ هەر مرۆڤێک لە وێستگەو کاروانسەرا جیاوازەکاندا بۆی دادەڕێژێت، کاتێک خۆی لەبەردەم چارەنووسێکدا دەدۆزێتەوە کە هەرگیز خەونی پێوە نەبینیوەو دێتە ڕێگای:

**لەقوولایی ئاسمان ڕادەمێنم**
**قەتارەی کۆچی باڵندان**
**حەسرەت و خەمەکانیان بۆ من جێدێڵن**
**کچە وەرزێکم لە وەرزە نارەحەتەکان**
**لە تەنیاییدا نزا دەکەم...... ل٩٦**

جاران قوبادی جەلیزادە لە شیعری (نزای بوونەوەر)دا لە بێ دەسەڵاتی زیندەوەرانی ناهۆشمەند دەدوا، کاتێک هەست بە نزیکبوونەوەی ئافاتی ئەنفال دەکەن و خۆ لەبەردەم چارەنووسێکی تراژیدی حەتمیدا دەدۆزنەوە، لەوێ زیندەوەران هیچ چاریان نییە، بێجگە لە نزاو پاڕانەوە، لێرەش شاعیر بەهۆی نزاو پاڕانەوە بێ دەسەڵاتی مرۆڤ دەخاتە ڕوو، لەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی و کارەسات:

**خودایە بەر تووڕەیی ئەسپێک نەکەوم**
**خودایە نەریت و کۆمەڵ**
**لەسەر پشتی ئەو ئەسپە سەرشێتانەم**
**بار نەکەن**
**خودایە لەو مرۆڤە دڵ بەردانەی**
**ئەو سەحرایەم مارە نەکەن.... ل٤٦**

هونەری نووسینی شیعر، هونەری پاراستنی جۆرە هاوسەنگییەکە لەنێوان ڕەگەزەکانی ڕوخسار و ناوەڕۆکدا. شاعیر دەبێت لەنێوانی ئەو دوو بنەماو پێگەیەدا زۆر زۆر بەوردی هەوڵی پاراستنی هاوسەنگییان بدات. خۆ ئەگەر ترازانی هاوسەنگییەکە ڕوو بدات، ئەوە بەهیچ شێوەیەک نابێت ئەو ترازانە لەسەر حیسابی ئاستی ئیستێتیکی زمان بێت، چونکە شیعر خۆی یاریکردنێکی هونەرمەندانەیە لە نێو کایەی زماندا.

زمانی دەربڕین بە پلەی یەکەم بووەتە ناسنامەی ئەو ژانرە ئەدەبییەی بە شیعر ناسراوە، زۆر جار لە خوێندنەوەی شیعری کلاسیکیدا نموونەی وامان بەرچاو دەکەوێت کە بیرۆکەیەکی لاواز بە زمانێکی هێندە باڵا دەربڕدراوە کە لاوازی ناوەڕۆکەکەی شاردووەتەوە، وەک ئەوەی ناوەڕۆک تەنیا دەوری پانتاییەکی بینیبێت بۆ پیشاندانی باڵادەستیی زمانی دەربڕین، گەلێک جاریش بیرۆکەی جوان بووەتە قوربانی زمانێکی دەربڕینی کرچوکاڵ، نموونەی واشمان هەندێک جار لەنێو شیعری ئەم سەردەمەدا بەرچاو دەکەوێت.

لەم دیوانەدا، هەست دەکەین زمانی شیعری شاعیر زمانێکی خۆماڵی سادەی دوور لە گرێوگۆڵە، ئەمەش ئاماژە بە توانایی شاعیر دەکات لەڕووی زمانی داڕشتنەوە، بەڵام لە زۆر شوێندا ئەو هاوسەنگییە وەک پێویست نەپارێزراوە، ئەم زیاتر پێداگری لەسەر باڵاتربوونی بیرۆکە کردووە وەک ڕەگەزێکی بنەمایی بۆ ناوەڕۆک، بۆیە لە هەندێک شوێندا بە تەواوەتی هەست بەجۆرێک لە سادەیی و خێرا بەسەر تێپەڕیندا دەکەین، کە دەبوایە شاعیر زۆر وردتر و بە ئاگاییتر لەکاتی داڕشتندا لێیان قووڵ ببێتەوە، هەر بۆ نموونە:

شاعیر دەڵێ:

**ژێر پێست و ناخم شانەی هەنگینە**
**وەلێ سیمام ژاڵەی تاڵ ڕەنگ**
**گۆرانیم پڕ لە ئاهو حەسرەت**
**خەون و خەیاڵ و خولیام دژوار و جەنجاڵ.... ل٦٦**

خۆ ئەگەر وشەی (تاڵ) بە هۆی هەڵەی چاپ لە ئەسڵدا (ئاڵ) بووبێت، ئەوە جوانتر بوو بینووسێت (ژاڵەی ڕەنگ ئاڵ) تا بەلای کەمەوە لەگەڵ (دژوار و جەنجاڵ) جۆرە ڕیتمێکی جوانی سازاندبوایە، وەک چۆن شاعیر لەزۆر شوێنی دیوانەکەیدا کاری لەسەر ئەو سازاندنە کردووە. خۆ ئەگەر هەڵەی چاپ نەبێت و بە تەواوی نووسرابێت (تاڵ ڕەنگ) ئەوە دیارە هەڵەیە، چونکە (تاڵی) بۆ (تامە) نەک بۆ (ڕەنگ)، ئەو جۆرە هەڵانە نابێت بەهۆی فەنتازیای شیعرییەوە پاکانەیان بۆ بکرێت.

لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

**بۆ خۆی ژیان لەسەر سکەکانی بێهودەیی**
**دەڕواو..ئاورمان لێ ناداتەوە.... ل٢٨**

ئەگەر ئەم ڕستەیە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاربێت، ڕەنگە تێی بگەین، بەڵام لە زمانی نووسیندا، من ئەوە بە هەڵە دەزانم چونکە لەڕووی گراماتیکەوە ئەمە ڕستەیەکی (خەبەر)ییە، بۆیە دەبێ (کارا) کە لەم

ڕستەیەدا (ژیان)ـە بکەوێتە سەرەتای ڕستەوە: **ژیان بۆ خۆی لەسەر سکەکانی بێهوودەیی دەڕوا.**

لە لاپەڕە ٦٩دا دەڵێت:

**ئاوی هەڵقوڵاوی کانی**
**بەر لەتێکەڵبوونی بە ڕووبار**
**وەک تەبەشی تۆ جوانێ**
**ڕوون و سازگار بوو**
**سوێر نەبوو وەک ئارەقەی بن هەنگڵی**
**دێوەزمەکانی ئەو سەردەمە.....**

لێرەدا ئەگەر ویسترابێت وشەی (سوێر) وەک دەربڕینێکی نەرێنی (نێگەتیڤ) بدرێتە پاڵ (ئارەقەی بن هەنگڵی دێوەزمە). ئەوە دەربڕینێکی لاوازە، چونکە ئارەقەی بن باڵی هەموو کەسێک بە (جوانێ)شەوە سوێرە، بۆیە لاوازە چونکە لێرەدا (جوانێ) و (دێوەزمە)، هەمان پشکی ئەو نەرێنی (نێگەتیڤ)ـەیان بەردەکەوێت!

بێ گومان هەڵچنینی زمانی شیعر گەڕانە بەدوای وشەی جواندا، پەڕاندنەوەی وشەیە لە ئاستی زمانی ڕۆژانە بۆ زمانی تێکست و نووسین، خۆبەستنەوەیە بە ڕێساکانی ڕێزمان و هەوڵدانە بۆ ڕەوانبێژی و جوانبێژی. ئەوانەی هەوڵ دەدەن لەدەرەوەی گراماتیک شت بنووسن و ئەوە بکەن بە سیمای ئەفراندن، بە دڵنیاییەوە ئەوانە سەرکەوتوو نابن، چونکە ئەگەر شاعیر خۆی لە دەربڕینی هەموو شتێک بە ڕەها بزانێت، ئەوە هەرگیز نابێت لەبەرانبەر ڕێساکانی گراماتیکدا خۆی بە ڕەها بزانێت، چونکە ئاستی خۆبەستنەوەی شاعیر بەو ڕێسایانە پەیوەستە بە ئاستی جوانی زمانی دەربڕین.

زمانی شیعری شاعیر زمانێک نییە لە دەرەوەی بازنەی گراماتیک کاری کردبێت، چونکە ئەوە ستایلی نووسینی ئەم نییە، ئەگەر سەرنج بدەین بە دەیان وشەو دەستەواژەی خۆماڵی جوان لە شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەون، بەڵام بەخشینی وزەی زیاتر بە بیرۆکەی شیعری و کارکردن لەسەر دەوڵەمەندکردنی ناوەرۆک لە چەند شوێنێک کاریان لەسەر زمانی دەربڕین (وشە و گراماتیک) کردووە، لە کاتێکدا شاعیر دەبوایە بە چەشنێکی زۆر ورد و هەستەوەرانە ئاگاداریان بووایە. لێرەدا تەنیا بۆ نموونە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

لەلاپەڕە٣٢ نووسراوە:

**ئێواران تۆ و هەڵوەدەیی و ئاوابوون/ ئامادەیی هەیە**

ڕاستتر بوو بنووسرێ: ئامادەییان هەیە، چونکە ئاماژە بە (کۆ) دەکات

لەلاپەڕە ٦٣ نووسراوە:

**کە جوانی هات/ بە سەر سەرمانەوە شۆڕ دەبێتەوە/ تا بن پێیەکانمانەوە دەڕوات**

ڕاستتر بوو بنووسێ:

**تا بن پێیەکانمان دەڕوات**

لە لاپەڕە ٥٤ نووسراوە:

**وەک ئەوەی شەپکەدارێک/ لە بیرەوەریەکانم/ دەرخواردی ئاگرم دابێ**

ڕاستتر بوو بنووسێ:

**وەک ئەوەی شەپکەدارێکم لە بیرەوەریەکانمدا/ دەرخواردی ئاگردابێ**

لەلاپەڕە ٧٩ نووسراوە:

**پەی بە نەخشەگەلی دەم و چاومی بردووە**

ڕاستیییەکەی دەبێ بنووسرێ:

**پەی بە نەخشەگەلی دەم و چاوم بردووە**

لەلاپەڕە ٨٩ نووسراوە:

**دەستەکانم لەناو دەستی یەکترمان نەماون/ لێک دابڕاوین**

ڕاستییەکەی:

**دەستەکانمان لە نێو دەستی یەکتریدا نەماون**

یان:

**لەناو دەستی یەکتردا نەماون**

لەلاپەڕە ٥٨ نووسراوە:

**خولیاو حەز و ئاخمان لە ناخمان نابڕێ**

ڕاستییەکەی:

**خولیاو حەز و ئاخ، لە ناخماندا نابڕێن یان خولیاو حەز و ئاخمان لە ناخدا نابڕێن**

هەر لە لاپەڕە ٥٨، دێڕی ٩ نووسراوە:

**دەبێ لە پشتەوەی ئەم زنجیرە شاخانەشدا/ چەندین دیمەنی تر بێت بەدوایدا**

دەبووایە بنووسێ (بێن)، چونکە (چەندین دیمەن) لە ڕووی ڕێزمانەوە (کۆ)یە، دەبوایە بنووسێ (بەدوایاندا)، چونکە (ئەم زنجیرە شاخانە) ئاماژەیە بۆ (کۆ)، سەرەڕای ئەوە بۆ دەربڕینێکی ڕەوانتر و چاکتر بوو بنووسێت:

**دەبێ چەند دیمەنی تر لە پشتەوەی ئەم زنجیرە شاخانەوە**

**بێن**
لەلاپەڕە ٨٠١ نووسراوە:
**وەک مەرجانەکانی قوولایی دەریاکان**
جوانتر بوو بنووسێت:
وەک مەرجانی قوولایی دەریاکان، چونکە بەدوای یەکدا هاتنی دوو (کان) ڕیتمێکی نەشاز بە ڕستە شیعرییەکە دەبەخشێت. ئەمانەی سەرەوە چەند نموونەیەک بوون لە بابەتی گراماتیک و دەربڕین، هەرچەندە شاعیر ئازادە لە بەکارهێنانی ئەو وشەو دەستەواژانەی بۆ دەربڕین بە گونجاویان دەزانێت، بەڵام ئەگەر بە وردی لە وشەکان ورد نەبێتەوە و بەبێ قووڵبوونەوە بەکاریان بهێنێت، ئەوە ڕەنگە زۆرجاران کار لە ئاستی جوانی ڕستەکان بکات. ئەوەی بۆ من جێگەی پرسیارە ئەوەیە، لەسەردەمێکدا کە زمانی کوردی هەنگاوی باشی بەرەو پێشەوە ناوە، ئێستا زمانی شیعر بەسەدان وشەی خۆماڵی کوردی پاراو ئاشنابووە، کە لەسەردەمی خۆیدا شاعیرانمان لەبەر ئاشنانەبوونیان بەم وشانە پەنایان دەبردە بەر بەکارهێنانی وشەگەلێکی زۆر لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی، کەچی ئێستا زۆر وشەی نامۆی ئەو زمانانە، یان وشەی ناستانداردی بەکارهێنراو لەژیانی ڕۆژانەدا پەڕیونەتە ناو زمانی شیعر، وەک بڵێیت ئەوە جۆرە داهێنانێک بێت لە شیعری نوێدا، یان شکۆیەک بە شیعر ببەخشێت، لە کاتێکدا هیچ پێویست بە بەکارهێنانیان ناکات، چونکە دەکرێت هەموویان واتا و بەرانبەرەکەیان لە زمانی خۆماندا بدۆزرێنەوە، نابێت شیعر چاو لە وتار بکات، چونکە شیعر لەسەر کۆڵەگەی زمان و وشە خۆی دەچەسپێنێت، تا زمان جوان و پاک و پاراو بێ، ئەوەندە ئاستی ئیستێتیکی دەق بەرز دەکاتەوە و وزەی چەشەبەخشی زیاتر دەبێت. (هەرچەندە بەکارهێنانی ئەم وشانە لە وتاریشدا - وەک ئەم وتارەی من- جێگەی ڕەخنەن، بەڵام چونکە لە وتاردا لایەنی زانیاری بەخشی، مەبەستی سەرەکی پێکدەهێنێت، هێندە وەک شیعر هەستەوەر نییە کە لایەنی چەشە بەخشی مەبەستێکی گرنگی ئەو ژانرە پێکدەهێنێت).

لە شیعرەکانی ئەم دیوانەدا چەندین وشەگەلی وامان بەرچاو دەکەوێت کە باوەڕ ناکەم شیعرەکانیان جوان کردبێت، بەقەدەر ئەوەی خوێنەر لەبەرانبەر سەرسوڕمانێک قوت دەکەنەوە کە دەبێت هۆی بەکارهێنانیان چی بێت؟ لە کاتێکدا بەرانبەرەکانیان لەزمانی خۆماندا هەن هەر بۆ نموونە:

ئیستیوانەی گۆرانییەکان....ل٣٢.
موعەتتەری سینەو باخەڵ....ل٥٢.
عەینەگەکان...ل٥٣.
عەجوول...ل٩٥، عەجوولتر....ل٦٣.
بە سودفە.....ل٧٦.
سولالە....ل١٦.
هێلی تەماس....ل٦١.
جوفرە.....٤٥.

هەروەها لایەنێکی دیکەی کێشەی وشەکان لەم دیوانە ڕێنووسی کوردییە. وەک کێشەی جووتە واو لەگەڵ تاک واو بۆ نموونە: لەجیاتی ڕووبار نووسراوە ڕووبار ل٧٢، لەجیاتی ڕوخسار نووسراوە ڕووخسار ل١٦، کەچی لەجیاتی جووڵە نووسراوە جوڵە ل٩٥، لەجیاتی بێهوودەیی نووسراوە بێهودەیی ل٢٨. لەلایەکی دیکەوە کێشەی (ڕای قەڵەو) لە زۆربەی ئەو وشانەی بە (ڕ) دەست پێدەکەن، بەبێ نیشانەی حەوتی ژێرەوە نووسراون، پێم وابێ ئەو پیادەکردنە لە نووسیندا هەڵەیە، چونکە (ڕای قەڵەو) پیتێکی سەربەخۆیە، لە هەر شوێنێک بێت دەبێ وەک خۆی بنووسرێت، بۆچی بڵێین هەموو ڕایەکی سەرەتای وشە قەڵەون و پێویستیان بە حەوت نییە، ئەرێ ئەمە جۆرێک لە گێرەشێوێنی لەنووسیندا دروست ناکات؟ هەندێک وشەش هەن بە چەشنێک نووسراون کە هیوادارم ئەوانە هەڵەی چاپ بن، چونکە ئەگەر شاعیر خۆی بەو چەشنە بیاننووسێت کەس لێیان حاڵی نابێت، بۆ نموونە: ڕەوەنەقی (ل٤١) لە جیاتی ڕەونەقی، یان ترۆکاودا (ل٥١) لە جیاتی ترووکاودا، یان دەورۆژێنم لە جیاتی دەورووژێنم...تاد

بێجگە لە کێشەی خاڵبەندی، هەڵەی چاپ لەو دیوانەدا هێندە زۆرن کە نەمتوانی چەندین ڕستە بەتەواوەتی بخوێنمەوە تا لە ماناکانیان بگەم و هەڵوەستەیان لەسەر بکەم، بەڕاستی شاعیر نەدەبوایە ئەو زوڵمە لە خۆی بکات و ئەو شیعرە جوانانە بەم چەشنە بخاتە بەر دەستی خوێنەران، لەم سەردەمەدا ناکرێت ئەو هەڵانە و حەواڵەی چاپخانە بکەین، چونکە نووسەر و شاعیر و خاوەن کتێب خۆیان لەم هەڵانە بەرپرسیارن و

هەمووی بە چەند کلیکێکی ماوسی کۆمپیووتەر (هەر لەماڵەوە نەک تەنیا لە چاپخانە) ڕاست دەکرێنەوە. سەرنج دەدەین لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا زۆر وەشانخانە هەن کاتێک چەند هەڵەیەکی چاپ لە کتیبەکانی خۆیاندا دەدۆزنەوە، سەرتاپای نوسخەکانی کتێبەکە لە بازاڕ دەکێشنەوە، یان بە نیوەی نیوەی نرخ هەرزان فرۆشیان دەکەن تا لە بازاڕ نەمێنن و جارێکی تر چاپی بکەنەوە، کەچی لەم کتێبەدا هیچ لاپەڕەیەک نادۆزیتەوە هەڵەیەک، یان زیاتر لە هەڵەیەکی چاپی تێدا نەبێت.

کاتێک ئەم تێبینیانە دەخەمەڕوو، دەزانم ڕووی ڕەخنەم لە شاعیرێکە لە سەردەمی زێڕینی ڕۆشنبیری کوردییەوە هاتووەتە ناو دنیای نووسین، ناوێکە لە ناوە دیارەکانی شیعری نوێی کوردی، هەق وا نییە بە هیچ شێوەیەک و لەژێر هیچ بارودۆخێکدا بهێڵێت شیعرەکانی بەم چەشنە بڵاو ببنەوە، خۆ هەر تەنیا ئەوە گرنگ نییە مرۆڤ دیوانێک بخاتە بازاڕەوە، وەک ئێستا و لەم سەردەمەدا کە هەست بە گێرەشێوێنییەک دەکرێت لەو بوارەدا و کەس لە هیچ شتێک ناپرسێتەوە، وەک بڵێیت ئامانجی چاپکردن تەنیا وەک حەزێکی تاکەکەسی پیادە بکرێت و گوێ بەوە نەدرێت کە خەڵکانێک هەن هێشتا بە وردی شت دەخوێننەوەو بە هەقی خۆیان دەزانن هەڵوەستە لەسەر تێکستەکان بکەن. من کە ئەم تێبینییانە دەنووسم دەزانم شاعیرێک دەدوێنم کە لە ڕۆژە سەختەکانی دیرۆکی ئەم نەتەوەیەوە هەستی بە بەرپرسیارێتی سەرشانی خۆی کردووە و وەک دەیان ناوی دیکە لە بەرزڕاگرتنی زمان و کولتووری نەتەوەیی هاوبەشی کردووە، ئەمڕۆش هیواردارم بە هەمان هەستی بەرپرسیارێتی و وردتر لەجاران شان بداتە بەر ئەو ئەرکە، چونکە ئێستا وای بۆ دەچم کە سەرەڕای ئاوەدان بوونەوەی کتێبخانەو پێشکەوتنی چاپەمەنی، لەبەردەم مەترسییەکی ڕاستەقینەی گێرەشێوێنی کولتووریداین، بێ گومانم کەسێکی وەک موحسین ئاوارەی شاعیر دەزانێت ئەو زمان و کولتوورە ئەدەبییە چ قۆناغێکی سەختی بڕیوە، تا گەیشتووەتە ئەمڕۆ، بۆیە کار و نووسینی کەسانی وا دەبێت ببن بە نموونە بۆ نەوەی نوێی ئەم سەردەمە لە دنیای نووسیندا.

**تێبینی:**

**١- بۆ ئاماژەی لاپەڕەکان بڕوانە: موحسین ئاوارە، لەباخەڵی باخدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان-بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠١٠.**

**٢- بۆ کۆپلە شیعرەکەی مەولەوی بڕوانە: دیوانی مەولەوی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٦، لاپەڕە (١٨٢)**

# شیعری هاوچەرخ و ئەدەبی بەرگری

هادی حەبیبی
(بۆکان)

ئەگەر بێتو بە ڕوانینێکی ئینسانی، خوێندنەوەیەکمان لە ئەدەبیاتی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دنیا ببێ، تووشی زۆر شیعر و نووسراوەی بەرچاو دێین کە بە درێژایی مێژوو، ستەم و زۆرداریبیان شەرمەزار کردووە و بە مافی ژیان و ئازادی مرۆڤیاندا هەڵگوتووە. زێدەڕەویمان نەکردووە ئەگەر بڵێین بە لەدایک بوونی مرۆڤ، زۆرداریش خۆی بە سەر ژیانیدا سەپاندووە، دەیجا سروشتییە لە هەر شوێنێک زۆرداری بووبێ، چەشنێک خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەش بۆتە دەرەنجامی ئەم زۆردارییە.

ئەگەر هەندێک بەرفراوانتر بڕوانینە بابەتەکە، بۆمان دەردەکەوێ مرۆڤ وەک خاوەن سروشتێکی نائارام، زۆرجار لە هەمبەر دیاردەکانی جیهانیشدا خۆی ڕاگرتووە و ئەگەر ئەم دیاردانەی بە مەترسییەک زانیبێ؛ بە گژیاندا چۆتەوە. ئەدەبی یۆنان پڕاوپڕی ئەم خۆڕاگریانەی مرۆڤە بەرانبەر بە ژیان و مەرگ و چارەنووس. ئەگەر بمانەوێ ئاماژە بە نموونەیەکی ئاشکرا بکەین، چیرۆکی سیزیف لە ئەدەبیاتی یۆنان لەم چیرۆکانەیە کە شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤ بەرانبەر بە جیهان نیشان دەدا. لەم چیرۆکەدا دەسەڵاتداری کۆرنت تەنانەت مەرگ فریو دەدا و سووکایەتی بە زیۆس دەکا و هەر بەو پێیە بە تۆڵەی خوداکان گرفتار دەبێ(١)، یان لە ڕۆمانی «پیرەپیاو و دەریا»ی هەمینگوایدا مرۆڤ لەگەڵ دەریا لە شەڕ و بەرەنگاربوونەوەدایە کە دەریاش دیسان دیاردەیەک لە دیاردەکانی سروشتە(٢). هەر بەو پێیە ئەگەر ئێمە ئەو دوو نموونە ئاماژە پێکراوە بە ئەدەبی خۆڕاگری - بە مانای تایبەت - لە قەڵەم نەدەین؛ لانی کەم من پێم وایە دەتوانین بیکەینە پێشەکییەک بۆ ئەو ڕاستەقینەیە کە مرۆڤ هیچ کات نەیویستووە بەرانبەر بە زۆرداری و چەوساندنەوەی هاوچەشنی خۆی، کۆڵ بدا و

بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافە ڕەواکانی خۆی لە خەبات و تێکۆشاندا بووە و دەکرێ ئەو خەباتە بە ئەدەبی خۆڕاگری ناودێر بکەین. ئەدەبیاتێک کە بە تەواوی شێوازێکی ئینسانییە و لە قاڵبی شوێن و سەردەم و نەتەوەیەکی تایبەتدا ناگونجێ، هەروەها گرینگ ئەوەیە سنوورەکانی ناسیۆنالیزم تێدەپەڕێنێ و ویژدانی مرۆڤ بە گشتی دەکاتە بەردەنگی خۆی. بە وتەیەکی تر هاواری مەزڵوومانەی مرۆڤ لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بەرز دەکاتەوە.

لە ئەدەبی بەرگریی جیهانیدا هێندێک شاعیر هەبوون کە پێ بە پێی نەتەوەکەیان خەباتیان کردووە و هاندەری گەلەکەیان بوون بۆ خۆڕاگرتن و گەیشتن بە مافی ڕەوای نەتەوایەتی و ئینسانی خۆیان. ئەو چەشنە ئەدەبیاتە، لەڕاستیدا توانیویەتی لەسەر بەرابەری و ئازادی زۆربەی وڵاتە بندەستەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی ببێ. یانیس ریتسوس لەو کەسایەتییە بەناوبانگانەی یۆنانی هاوچەرخە کە بە تایبەت لە دەورەی ڕەش و تاریکی هەشت ساڵەی دەسەڵاتداریی سەرهەنگان بەسەر یۆنان (لە ساڵەکانی ١٩٦٧ تا ١٩٧٤ی زایینی)دا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا هەبووە و نووسراوەکانی، نموونەیەکی بەرچاو لە ئەدەبی خۆڕاگرین. شاعیرێکی تری ناسراوی ئەو وڵاتە، یاکووس کامپانل لیس لە ڕۆشنبیرانی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی یۆنانە و بەرهەمەکانی، سەرانسەر گێڕانەوەی هەژاری خەڵکی یۆنان لە کاتی هێرشی فاشیزمی ئەڵمان بۆ ئەو وڵاتەیە.


لە ئەدەبی شۆڕشگێڕی مەجەڕیشدا «شاندۆر پیتۆڤی» ناوێکی جیهانییە کە هەر لە سەرەتای ژیانی خۆیەوە، هۆگرییەکی تایبەتی بە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسەوە بووە. دیارە هەر بە بۆنەی ئەو شۆڕشە مەزنەوە، بیر و بڕوای ئازادی و بەرابەری، زۆر زوو سەرانسەری ئەورووپای داگرت و لە زۆر شوێندا، نەتەوەی هەژار و بندەستی وە خەبەر هێنا. خەڵکی مەجەڕیش وەک نەتەوەکانی تر وەخۆ هاتنەوە و پیتۆڤی وەک ڕۆشنبیرێک چووە ڕیزی تێکۆشەرانی ئازادییەوە و نە تەنیا بۆ ئازادی وڵاتی مەجەڕ؛ بەڵکو بۆ ئازادی نەتەوەکانی تریش خەباتی کرد، هەر بۆیە لە ساڵی ١٨٤٩ی زایینیدا، لە خەباتی دژ بە ئیمپراتۆری نەمسا گیانی لە پێناو ئامانجی ڕزگاریخوازانەیدا بەخت کرد، بێجگە لە ئەوانە «پابلۆ نێرۆدا» لە شیلی و «مەحموود دەرویش» لە فەلەستین و



هێمن

«هاریت بیچراستۆ» ژنی سپی پێستی ئەمریکایی- کە دژ بە دەسەڵاتداریی سپی پێستەکانی ئەمریکا و وەڕێ خستنی خەباتی ڕەش پێستەکان لە ساڵی ١٨٥٢دا، یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بڵاو کردەوە و هەژاری و چەوسانەوەی ڕەش پێستەکانی بە جیهانی مرۆڤ ڕاگەیاند؛ کە لە ماوەی نۆ ساڵ، واتا لە ساڵی ١٨٦١دا شەڕی ناوخۆی ئەمریکا بووە هۆی ئەوەی کە یاسای کۆیلەداری، بۆ هەمیشە لە مێژووی وڵاتی ئەمریکادا هەڵوەشێتەوە-لە نموونەی بەرچاوی ئەدەبی خۆڕاگری جیهانین.لە فەڕەنسەش ئەدەبی بەرگری هەر لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمدا، کە پاریس لە هەمبەر هێرشی نازییەکان زیانێکی زۆری لێ کەوت، پتەوتر بوو. نووسەرانی وەک ئێلوار و ئاراگۆن و سارتر و کامو، هەرکام لە جێی خۆیاندا دەکرێ نموونەیەکی ئاشکرا لە ئەدەبیاتی بەرگری خەڵکی فەڕەنسە بن. بە پێی ئەو تایبەتمەندییانە و چەند نموونەیەکی کە بە دەستەوە دران، ئەدەبیاتی بەرگری، ئینسانیترین بەشی ئەدەبیاتی هەر گەلێکە، تایبەت بە هەر گەلێکی بن دەست لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەشە کە بۆ مافە ئینسانییەکانی خۆی هەوڵ دەدا. نەتەوەی کورد بە پێی ئەم پێناسەیە، دەتوانێ تراژیدیترین بەشی ئەدەبیاتی بەرگری لە خۆ بگرێ کە دیارە وڵاتەکەی هەر لە دوای شەڕی یەکەمی

جیـهـانی و پارچە پارچە بوونی ئیـمـپـراتۆری تورکی عـوسمـانییـەوە، دابەش دەکرێ(٣). ئەم ڕووداوە یەکەم تراژیدییـە لە ژیانی گـەلی کـورددا و بۆتە هۆی ئەوەی کـە ئازادی بە لایەوە گرنگترین تێکۆشان بێ، هەر بۆیە لەو سەردەمەدا کە ئەدەبیاتی ئێمە لە بەستێنی زارەکی بوون هـاتـۆتە دەرێ و نـووســـــراوەتـەوە؛ باس لـە ئـازادی و سەربەخۆیی کراوە. "مەم و زین"ی خانی لەو سەرچاوە بە نرخانەیە کە وەک ئەدەبی نووسراوە، باس لە مافە زەوت کـراوەکـانی نـەتەوەی ئێـمـە دەکـا و هۆی شـانازی هەمـوو خەڵکی کوردستانە(٤)، بێجگە لە خانی، حاجی قادری کۆیی ماوەی زیاتر لە سەدەیەک دوای خانی، لە شیعردا پـەرەی بـەرێبـــــــازی نـەتـەوایـەتـی داوە و لـە دەردە سـەرەکـییـەکـانی گـەلی کـورد کـە دوژمنایەتی و یەک نەگرتنی دەستەوچین و سەرپاک ڕۆڵەکانی گەلەکەیەتی، دواوە. لە دیوانی بەرزی حاجی قـادردا دەخوێنینەوە کە: «ڕاستە شاعیری مەزنی کورد ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦) پتر لە سەدەیەک پێش حـاجی، لە ئێشوئازاری نەتەوەی کـورد دواوە و دەردەکانی دەستنیشـان کردوون، هەروەها شاعیری گەورەی کورد وەک سالمی ساحێبقران هەرچەندە لە چامـە درێژە پڕ سۆزەکـەیدا، لەسـەر شـەڕی نێـوان عـوسـمـانلی و کـوردە بابانەکـان، سـۆزێکی پڕ جۆششی نەتەوەیی کورد دەنوێنێ، بەڵام تەنیا چامـەیەک نەیکردووە بـە شـاعـیـری نەتەوەیی و بە شـاعـیـری غـەزەل ناسـراوە، هەرچەندە بۆمـان دەرکـەوت شـاعـیـری دیکەی کـورد، ڕچەی ڕێبـازی شـیـعـری نەتەوەییـان شکاندووە، بەڵام هیـچ کـامـێـکـیـان وەک حـاجی قـادر وا بە قـووڵی و بەرووبەرێکی وا بە دەرەتان، پەرەیان بە شـــیــعـــری نەتەوەیی کـورد نەداوە(٥). دیارە ئەوەش هۆی ئەوە بووە کـە کـاتێک حـاجی لە کـوردسـتـانەوە، پەڕیوەی وڵاتی غوربەت دەبێ و دەچێتە ئەستەنبۆل و لەوشارەدا دەکەوێتە بەر تەوژمی ڕووناکـبـیـری ئەورووپای پێشـکەوتوو، لە هەمان کاتیشدا «شاری ئەستەنبۆلی ئەو کاتە، جێگای کۆبوونەوەی هەموو ئازادیخوازانی وڵاتی عوسمانی بوو، لە کـورد و عـەرەب و ئەرمـەن و نەتەوەکـانی ئەورووپای خـوارووی ڕۆژهەڵات، کـە لەو سـەردەمەدا لە تێکۆشـاندا بوون بۆ ئازادی، یان خۆیان لە دەستی عوسـمـانییـەکان ڕزگـار کـردبوو(٦). بە پێی ئەو تایبـەتمەندییـانە ڕەنگە بتوانین حاجی قادر بە ترۆپکی شیعری بەرگری کوردی لە کـوردسـتـاندا ناودێر بکەین، چونکە کـاتێک ئەو شـاعـیـرە پایەبەرزە لە وڵاتی ئەسـتەنبۆل بە چارەنووسی نەتەوەکەی



جەلال مەلەکشا

شارەزا دەبێ، شیعر دەکاتە ناسنامەیەک بۆ ژیانی پڕ لە زۆرداری و هەژاریی گەلەکەی و دکتۆر عزەددین مستەفا ڕەسووڵ وتەنی: «حاجی قادر دەبێتە پێشڕەوی کاروانی ئەو شاعیرە کوردانەی کە ڕێگەی خەبات و تێکۆشانیان بۆ نەتەوەی کـورد کێشاوە و شیعریان کردۆتە بەشێکی جودانەکراو لە خەباتی گەل و بە چەکوشەکەی (کاوە) بۆ ورد و خاش کردنی دوژمنان(٧).

من جـەخت لەسـەر ئەو ڕاسـتـەقـینەیە دەکـەم کـە هەر شـاعـیـرێکی ئەو وڵاتە، کـە بە ئاسـتـێکی بەرچاو لە هونەری شیعری گەیشتبێ، گەوهەری شیعری بەرگری لە بەرهەمەکانیدا پاراستووە، ڕەنگە ئەوەش تایبەتمەندییەکی وڵات و ئەدەبیـــاتی نەتەوەی ئێـــمـــە بێ. ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـانیش وەک مـەکـۆی زۆرێک لەو شـاعـیـرە میللییـانەی گەلی کورد، خاوەن چەند نموونەیەکی بەرچاو لە ئەدەبی خۆڕاگرییـە کـە بەر لە لێدوان و تاووتوکردنی بەرهەمی چەند شـاعیرێک، بە چەند تایبـەتمەندییـەک لە شیعری بەرگریی دەست پێدەکەین:

١-هاندانی گـەل بەرەو خـەبات و تێکۆشـان:ئەگـەر نەڵێین یەکـەم تایبـەتمەندی، لانی کـەم دەکـرێ وەک تایبـەتمەندییـەکی سـەرەکی شـیـعـری بەرگری بڕوانینە ئەم بەشە، شاعیری بەرگری هەمیشە هاندان بەرەو خەبات بۆ ئازادی نـەتـەوەکـەی وەک ئەرکـێـکی شـیـعـری چاو لێ

کردووه. زۆرجار شاعیر پێ بە پێی نەتەوەکەی خەباتی کردووە و لەسەر گەشەسەندنی ڕۆڵەکانی گەل، ئازایانە کاریگەری ڕاستەوخۆی بووە، بۆ نموونە ئەم بەیتە لە شیعری (بەهار هەر دێ)ی شاعیری گەل (هێمن):

**هومێدی بەرمەدەن، ڕێگەی خەبات بگرن بڕۆنە پێش**
**تەماشا خەڵکی تێکۆشەر بە دیکتاتۆرێ چۆن وەستان**

یان:


**مەترسن ڕۆڵەکانی قارەمانی گەل لە گیانبازی**
**لە کۆڕی ئەم خەباتە بێ وچانە، تاقە یەک کەستان**

(پاشەڕۆک ۲۰۵)

دەبینین شاعیر بە تەواوی ڕێی خەبات و تێکۆشان بۆ قارەمانانی گەلەکەی خۆش دەکا، تەنانەت لە ئاخری ئەم شیعرەدا، دەرەنجامێکی خۆش لە مێژووی ئازادیدا، دەخاتە بەرچاوی هەموان. وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد؛ زۆربەی شاعیرانی ئێمە گەوهەری شیعری بەرگرییان لە ئاسەواری خۆیاندا پاراستووە و ڕەنگە نەتوانین بە تایبەت ناوی شاعیری بەرگری لە زۆریان بنێین، بەڵام من پێم وایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، مامۆستا هێمن دەتوانێ وێنەیەکی سەرکەوتووی بەرچاو لە بەستێنی شیعری بەرگری بێ، شیعرەکانی، ئەو ڕاستەقینەیە بۆ ئێمە دەسەلمێنن و بە پێی ئەو تایبەتمەندییانەی لەم وتارەدا جەختیان لەسەر دەکرێ؛ هەر تەنیا «فرمێسکی ڕنوو» دەتوانێ ناسنامەی بەرگری گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. لە بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیشدا ئێمە نموونەی بەرچاو لە شاعیرانی وەک سوارە ئێلخانی زادە، عەلی حەسەنیانی، جەلال مەلەکشا، ڕەحیم لوقمانی، ساڵح سووزەنی، مارف ئاغایی، فەرەیدوون ئەرشەدی و...تاد دەبینین کە شوێن پێی بەرگرییان پێوە دیارە. با پێکەوە بەشێک لە شیعری «کچی بەیان»ی سوارە بخوێنینەوە:

**... مەگری بۆ خەساری بێ گەڕانەوە**
**ڕێگەمان دوور و سەخت و قاقڕە**
**خۆشەویستەکەم**
**ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات**
**ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین**
**فێر نەبووین بەزین و دابەزین**
**ڕانەهاتووە**
**چاوی قارەمانی کورد**
**بە شەونمی گرین**

(خەوە بەردینە ل ۳۱)



**ڕەحیمی لوقمانی**

۲-لێدوان لە نەفرەت و زۆرداری: ئەم بەشەش هەمیشە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری بەرگری بووە کە شاعیر تێیدا کەشوهەوایەک پێکدێنێ و ستەمکاری زۆرداران دەخاتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا قامک لەسەر هەژاری و بێدەسەڵاتی نەتەوە بن دەستەکەی دادەنێ. ڕەنگە ڕازی مانەوەو جیهانی بوونی ئەم چەشنە ئەدەبە، ئەوە بێ کە لە ڕەوتێکی ناسیۆنالیستییەوە دەگاتە ڕەوتێکی ئینسانی و بۆ گەلانی دنیا دەسەلمێنێ کە مرۆڤ بە هەر زمان و ڕەنگ و ڕەگەزێکەوە، مافی ژیان و ئازادی هەیە. من پێم وایە لەم چەشنە ئەدەبەدا ئەگەر باسێک لە نەتەوایەتی دەکرێ، تەنیا سەرنج ڕاکێشان بەرەو گەیشتن بە باوەڕێکی مرۆڤانە و سەلماندنی مافی بە ئازادی ژیانە. جەلال مەلەکشا و «وشەی پیرۆز»:

**مێژوو دەڵێ**
**سەدان کەڕەت**
**گۆڕەپانی منیان کردە جەهەندەم و**
**ولاتێکیان تیا هەڵقرچان!**
**بەڵام هەرگیز نەیانتوانی**
**دوو دیاردە**
**لەسەر سینگم بسڕنەوە،**
**یەکیان کورد و**
**ئەوی تریان**

**وشەی پیرۆزی کوردستان**

(زرەی زنجیری وشە دیلەکان ل ٢٨)

شاعیر لەم شیعرەدا باس لە هەموو ستەمکارییەکانی دوژمنی گەلەکەی دەکا کە بە هەموو چەشنێک ویستوویانە بیری نەتەوایەتی لە مێشکی جەماوەری خەڵکیدا بسڕنەوە. لە ئەنفال و هەڵەبجە و بە گشتی جینۆسایدەوە تا تاڵان و بڕۆ و ڕاونانی ڕۆشنبیران، هەوڵیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە داوە. لە سەردەمی دەسەڵاتداری فاشیستی پەهلەویدا، ئەم سیاسەتە بایەخێکی زۆری پێ درا و نەک هەر بەرانبەر بە نەتەوەی کورد، بەڵکو گەلانی تری ئێرانیش هەر کەوتنە بەر زەبر و زەنگی ڕژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی و ئامانجی سەرەکیش تواندنەوەی گەلانی ئێران بوو.

٣-پێدا هەڵکوتن بۆ ئازادی: یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی ئەدەبی خۆڕاگری ئەوە بووە کە لایەنگری لە سەربەستی و ئازادی نەتەوەکانی جیهان بکا. ڕەنگە بتوانین بڵێین سەرجەم هەوڵی شاعیرانی ئەم بەستێنە، هاندانی- بە گشتی- خەڵک بۆ بیرێکی ئازادیخوازانەیە، هەر بۆیە زۆر جار دوو جیهانی دیکتاتۆری و دیموکراسییەت بە یەکەوە هەڵدەسەنگێنن و تامەچێژی بە ئازادی ژیان، نیشانی کۆمەڵگاکەیان دەدەن. ڕەنگە بتوانین بڵێین بنەڕەتیترین بەشی ئەدەبی خۆڕاگری، ئەم بەشەیە و لە ڕاستیدا وەک هەوێنێکی فکریی دەبێتە ئاکام و دەرەنجامی گشت هەوڵەکانی تری مرۆڤ لەم بەستێنەدا. نموونەیەک لە خۆشەویستیی ئازادی و سەربەستی، لە بەشێک لە شیعری «وشەی تازە»ی ڕەحیم لوقمانی دا خۆیایە کە شاعیر دەبێتە مێژووی گەلەکەی و بەم چەشنە بۆ سەربەستی دەدوێ:

**... ئەی خاوەن مێژوو، مارەکراوی بن دەستی!**
**ساڵەهایە**
**بۆ یاری خواکانی زەوی**
**مۆرەی تەختەی**
**هەموو چاخێک، قەرەجێکی بێ دەوای**
**باری دەردت لە کۆڵ دایە و**
**بە ئازاری خۆت بێ هەستی**
**بەڵام ئەمڕۆ**
**منی مێژووی کۆڵەوارت**
**هەر سێ وشەی تازەم دەوێ**
**بۆم بنووسێ**
هەر سێ وشە:

**یەک:** سەربەستی
**دوو:** سەربەستی
**سێ:** سەربەستی
(زامستان ل ٤٣)

هەروەک ئاشکرایە گەورەترین ئاواتی شاعیر، سەربەستییە و وەک دەنگێکی نەتەوەکەی هەوڵ دەدا ئەم سەربەستییە بکاتە گەورەترین ئامانج و لە پێش چاوی گەلەکەی زەقی بکاتەوە.

٤-بەرز ڕاگرتنی ناوی شەهیدان: وشەی شەهید لە قامووسی هەموو نەتەوەیەکدا وشەیەکی پیرۆزە و بەو کەسانە دەگوترێ کە گیانی خۆیان لە پێناوی ڕزگار کردنی نەتەوەکەیان بەخت کردووە، هەر بۆیە یەکێک لە بەرچاوترین ئەرکەکانی ئەدەبیاتی بەرگری، ڕێز لێنان لە گیانبازی و لەخۆبوردوویی ئەم کەسانەیە و دەیەوێ لەگەڵ هاندانی جەماوەری خەڵکی بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی دژ بە زۆرداران، ناوی شەهید لە زەین و بیرەوەری سەرجەم خەڵکدا بەرز ڕاگرێ، مارف ئاغایی لە یەکەم و ئاخرین کۆمەڵە شیعری خۆی «زەوی سەخت و ئاسمان دوور»دا لە چەند شوێنی جیاواز، باس لە شەهید و بەرز بوونی پلە و پایەی شەهید دەکا، بۆ نموونە لە «گڵکۆ»دا:

**مەرگی شەهید**
**وەکو مەرگی خۆرەتاوە**
**دەمەو ئێوارێکی درەنگ**
**کە پەنجەی چڵکنی هەور**
**خوێنی هەتاوی لێ دەتکێ**
**تەرمی لە خوێن گەوزاوی خۆر**
**بۆ باوەشی گڵکۆ دەخوشێ،**
**بەربەیانی**
**لەسەر کێلی ڕۆژهەڵاتی ئەم گڵکۆیە**
**هەر دڵۆپێک**
**دەبێتە پەیکی گزینگ و تاریکایی دەشواتەوە**
**مەرگی شەهید**
**وەکو مەرگی خۆرەتاوە**

(زەوی سەخت و ئاسمان دوور ل ١٠٩)

لەم شیعرەدا دەکرێ بڵێین دوو کۆپلە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بە زەرافەتێکی وردبینی شاعیرانەوە، بە یەک شوبهێندراون، سەرەتای شوبهاندنەکە ئەوەیە کە شەهید وەک خۆرەتاو وایە و کاتێک پەنجەی چڵکنی هەور (جوانکاری کەسایەتی بەخشین) خوێنی هەتاو دەڕێژێ، تەرمی لە خوێن گەوزاوی خۆر دەچێتە باوەشی

گـڵکۆوە. ئەگەر تا ئەم بەشە بە کـۆپلەی یەکەم دابنێین، کـــۆپلەی دووەم شی کـــردنەوەی چارەنووسی ئەو دڵۆپە ڕژاوانەی خۆرەتاوە، کە دەبنە پەیامهێنەر و بە چەشنێک مـــزگـــێنیـــدەری گـــزینگ، کـــە دیاره گـــزینگیش لابەری تاریکییە، بەڵام ئەسڵی شوبهاندنەکە لێرەدایە کە شاعیر ناڕاســـتـــەوخـــۆ پێـــمـــان دەڵێ: هەر دڵۆپێک لە خـــوێنی شـــەهیـــد، کـــە بە پەنجـــەی چڵکنی هەور واتا زۆردار، دەڕێژێتە سەر زەوی، لە ڕاستیدا لابەری ڕۆژانی تاریکی و بەخشـــێنەری گـزینگ و ئازادی لە مێـــژووی داهاتووی ئەو نەتەوەیەدایە.

٥- دەرخستنی ئاسۆیەکی ڕوون لە داهاتوو: شاعیری بەرگری زۆرجار لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشانی گەلەکەی بۆ ئازادی و سـەرکەوتن، پێشبینی دەرەنجامێکی خۆش و ڕووناک لە داهاتوو دەکا و بەو بۆنەیەوە، زۆر ئازایانە لە زیاتر گەشەپێدان بە خـەبات، کـاریگەری ڕاسـتـەوخـۆ دادەنێ. بە وتەیەکی تر شاعـیر شیـعری بەرگری دەکـاتە هیـوا و ئاواتی گەلەکەی بۆ هەرچی باشتر پێـوانی ڕێی سـەربەسـتی. شـیـعـری «گـڵکۆ»ی مـارف ئاغـایی لەم بەشـەشـدا دەتوانێ نموونەیەکی بەرچاو لە دەرخسـتنی ئاسۆیەکی ڕوون لە داهاتووی گـەل بێ، لە «فـرمێـسکی ڕنوو»شدا مـامۆسـتـا هێمن زۆر بە جـوانی تایبـەتمەندی شـیـعـری بەرگـریی دەپارێزێ و تەنیـا لە سنوورەکـانی ناسیۆنالیزمدا نامێنێتەوە. لەم شیعرە بەرزەدا شاعیر لەگەڵ ڕێز لێنان بۆ ئازادی وڵات و نەتەوەکەی، ئارەزووی ئازادی هەموو گەلانی دنیا دەکا. لە ئاخری شیعرەکەشدا ئەو تایبەتمەندییە ئاماژە پێکراوە (دەرخستنی ئاسۆیەکی ڕوون لە داهاتوو) بە باشی لەم بەیتەدا خۆ دەنوێنێ:

**دوای نەجات بۆ ئاوەدانی و خۆشی خاپوورە وڵات**
**کۆمەڵێکی چاک و پاک و ڕاست و وردبینم دەوێ**
(پاشەڕۆک ل ٢١٩)

شـاعـیـر لە سـەرەتای شـیـعـرەکـەوە کـە بە تاسـەو ئاواتەکانی خۆیەوە دەست پێدەکا، ئاماژە بەو زۆرداریيانە دەکـا کـە بەرانبـەر بە گـەلەکـەی ئەنجـام دراون، دوای وەبیرهێنانەوە و بەرز نرخاندنی پلە و پایەی شەهیدەکان، باس لە سنوورە گرینگەکـانی کـوردسـتـان دەکا و هەمـوو خەبات و تێکۆشانی لە مێژینەی خۆی، تەنیا بە ئامانجی ژیانێکی ئازاد لە کـوردسـتـان دەزانێ و دوای گـوڕ و تین بەخـشین بە ڕێبـوارانی خـەبات، ئاسـۆیەکی ڕوون لەو تێکۆشانە دەستنیـشـان دەکا. شـاعـیـر ئەو ئاسـۆڕوونە تەنانەت تا دیاری کردنی ڕۆژی نەجات، درێژە پێ دەدا و هەمـــوو تێکۆشـــەران دڵنیـــا دەکـــا کـــە هەوڵەکـــانیـــان سەرەنجامێکی خۆشی بۆ داهاتووی گەلەکەی پێ دەبێ، کەوایە ئەو تایبـەتمەندییـە ئامـاژە پێکراوە، بە باشی لەو شیـعـرەدا خـۆی دەنوێنێ، بێجگە لەوە سـەرجەم بابەتی وتارەکە وەک ئەدەبیاتی بەرگری، باشترین پێناسە بۆ هەر گـەلێکی بن دەست، یان ئازادیخـوازە، ڕەنگە هۆی ئەوە بێ کـە لە مـێـژووی ئەدەبی نەتەوەکـاندا، هەر گـەلێک هەستی بە ژێردەستی کردووە، ئاڵای بەرگریی هەڵداوە و لەوەش گرینگتـر ئەوەیە کە ئەم شێوە ئەدەبە توانیـویەتی ببێتە دەلاقەیەک بۆ نیشاندانی ئازار و مەینەتەکانی هەر نەتەوەیەکی بن دەست لە هەر گۆشـەیەکی ئەم جـیـهـانە، بۆیە بە هەڵە نەچووین ئەگەر پێـمـان وابێ ئینسانیـترین بەشی ئەدەبیـاتی هەر گـەلێک، ئەدەبیـاتی بەرگـری ئەو گەلەیە(٨).

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- غـالی شکری، ادب مـقـاومت، نشـر نو، تهـران، چاپ اول، ١٣٦٦، صفحەی٢.**

**٢- هەروەها وەک نموونەیەکی تر دەکرێ ئامـاژە بە «تاریکترین بەندیخانە»ی ئۆلبراخت بکەین کە لە سەرانسەر ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمـانە بەرزەدا، مـرۆڤ لەگـەڵ چارەنووس لە شەڕدایە و ئامـانجی سەرەکی ڕۆمانەکە وەزاڵە هاتنی مرۆڤ لە دەست چارەنووسە.**

**٣- ادگـار ابلانس: جنبش کردها، ترجمـه ی اسمـاعـیل فـتـاح قاضی، مؤسسەی انتشارات نگاه، تهران، ١٣٧٧، صفحه ی١٤.**

**٤- هەڵبـەت لە ئەدەبی زارەکـیشدا ئێمە نموونەی زۆر بەرچاوی ئەدەبی خـۆڕاگری دەبینین کـە دەتوانین ئامـاژە بە چەند نموونـەیەکی سـەرەکەوتووی وەک «دمدم»، یان بەیتی «باپیر ئاغـای مـەنگوڕ» بابی هەمزاغا و...تاد بکەین.**

**٥- دیوانی حـاجی قـادری کـۆیی: لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سـەردار حەمـید میران، کـەریم مـسـتـەفا شارەزا، پێداچوونەوەی مەسعوود محەممەد، ١٩٨٦، لاپەڕەی ١٨.**

**٦-هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ١٣.**

**٧-هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ١٩.**

**٨- لەم وتارەدا زیاتر هەوڵ دراوە چەند نموونـەیەک لە شـیـعـری بەرگری کوردی بخرێتە بەر چاو؛ دەنا مانای ئەدەبیاتی بەرگری، بێ شک بەرفراوانتـر لە باسی شیـعـرە و دەکـرێ بە گـشـتی هەمـوو ئاسەوارەکانی تری هونەر و ئەدەبیاتیش لە خۆ بگرێ.**

# قوماری عاشقانه (شەمس و مەولانا)

**لە فارسییەوە: هێرش کەریم**
**(کەلار)**

١- لێـــرەدا بڕیار وایە دەربارەی ئەندێشـــەکـــانی کەسایەتییەکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی - ئیسلامی، مەولانا جەلالەددین ڕۆمی، چەند باسێک لە ژێر ناوی (قوماری عاشقانە)دا بخەینەڕوو. سەرەتا دەبێت لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین کە بۆچی مەولەوی بوو بەم مەولەوییەی ئێستا؟ چ تایبەتمەندییەک لە ناخی ئەودا هەبوو، چ هەلومەرج و کارەساتێک ڕووی دا کە مەولەوی توانی دەریای مەعریفەت ڕووبەڕووی شەپۆل بکاتەوە و زێڕ و گـــەوهەری بەنرخ لەو دەریایەوە بەدەست بهـــێنێت، بەشێوەیەک ئێمە لەگەڵ بوونی حەوت سەدە مەودای زەمەنی کە لەگەڵ ئەو کەڵە پیاوەدا، کەچی هێشـتا دەتوانین بەهرە لەو گـــەوهەرانە وەربگرین و بە چاکی سوودی لێوەربگرین، و بەدڵنیاییشەوە چەندین سەدەی یەک لە دوای یەک ئەم سوود لێ وەرگرتنە هەر بەردەوام دەبێت، هەروەکو مەولەوی خۆی دەڵێت:

**هین بگو نا ناطقه جو می کند**
**تا بقرنی بعد ما ابی رسد**
**گرچه هر قرنی سخن اری بود**
**لیک گفت سالفان یاری بود**

واتا: «قسـە بکە، چونکە قسـەکردن وەکو ئەوە وایە جـۆگـەیەک هەڵبکەنیت و ئاوی تێ بەربدەیت تاوەکـو نەوەکانی دواتر سوودی لێوەربگرن، ئەگەرچی شێوە و ڕێچکەی مرۆڤەکانی هەموو سەردەمەکان قسەکردن بووە، بەڵام قسەی پیاوچاکان یارمەتیدەر و سوودبەخشە»

هەروەکـو لەم چەند دێڕە شـیـعـرەدا دەردەکـەوێت: مـەولەوی خـۆی بەکـەسـێک دەزانی کـە جـۆگـەیەک هەڵدەکەنێت و ئاوی تێ دەپەرژێنێت بۆ ئەوەی نەوەکانی ئایندە هەریەکە و بە پێی حەز و سەلیقەی خۆی لەسەر ئەو جۆگەیە دابنیشێت و ماندووبوونێک دەربکات و لەو جۆگەیە دڵۆپە ئاوێک بخواتەوە.

لە خودی مەولاناوە دەگێڕنەوە کاتێک سەردانی ماڵی یەکـێک لە هاوڕێکانی کـردووە، دەبینێت هاوڕێکەی کـتێبی (مەسنەوی) لەپشتی سەریەوە داناوە و پشتی پێـوەداوە، بۆیە مـەولەوی نیگەران و تووڕە بووە و پێی گوتووە: (ئەم کتێبە کتێبێک نییە پاڵی پێوە بدەیت و لەپشتی سەرتەوە دایینێیت. کتێبی ئێمە جیهانگیر دەبێت) ئەم پێشبینییە ڕاست دەرچوو. بەو هۆکارەی کە مەولەوی هەم قسەی دڵپەسەند و گرانبەهای دەکرد و هەم ئاگـایی تەواوی لەسەر پڕ بایەخی و قـووڵی گـوتەکـانی خۆی هەبوو و بەبێ هۆ قسـەیەکی نەدەکرد و دەیزانی چ شتێک دەمێنێتەوە و چ شتێک بە تێپەڕبوونی کات لە ناودەچێت و تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم دەمێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی تایبەتمەندی کەسێتی و بۆماوەزانی خودی مـەولەوی یەکـێک بووە لە هۆکـارەکـانی ئەم باوەڕەی



**مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی**

مەولەوی، بەڵام بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە قسەکردن لە سەر بوونێکی نادیار و تاریک سوودمەند نییە، باشتروایە ڕووبکەینە بابەتێکی ڕوونتر.

هەموومان ئەوە باش دەزانین مەولەوی دوای دیدار و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ (شەمسی تەبریزی)دا بوو بە مەولەوی، هەرچی دوای ئەوە ڕووی دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەیەکگەیشتنە ناوازە و سەرسوڕهێنەرە. لەوانەیە بەشێوە سادە و گشتییەکەی بتوانین بڵێین مەولەوی پێش ئەو دیدارە تەنیا (غەزالی)یەک بوو. ئەم بەراوردە زۆر لە واقیعەوە نزیکە، کەسانێک کە (غەزالی) دەناسن، ئەو پیاوە بە کێوێک لە زانست و مەعریفە و تەقوا و ترس لە پەروەردگار دەزانن. غەزالی لە لێپرسینەوە و دڵنەواییکردنی ناخ و دەروونیدا زۆر خاوەن توانست بوو و خەڵوەت نشینییەکانی ئەوەی فێرکردبوو کە چۆن ناخی خۆی بکاتەوە و بە وتەی خۆی دەیتوانی پەی بە هەموو فێڵ و نازە دەروونییەکانی خۆی ببات، تەنانەت بزانێت لە کوێدا مرۆڤەکان لەگەڵ خۆیشیاندا درۆدەکەن. ئەو کەسێک بوو کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر مەعریفەی ئایینیدا هەبوو، غەزالی سەرەڕای تەمەنە کورتەکەی کە تەنیا پەنجا و پێنج ساڵ بوو، خاوەنی چەندین کتێب و بەرهەمی ناوازە بوو کە بەڕاستی بە نەمری مانەوە. ئەو کەسانەی سەرسامن بە غەزالی، دەیانگوت هێرشی غەزالی بۆ سەر فەلسەفە کەمەری فەلسەفەی شکاند و هیچ کاتێک لە دوای غەزالییەوە، فەلسەفە نەیتوانی دووبارە بکەوێتە سەر پێی خۆی. لەوانەیە ئەم قسەیە جۆرێک لە زیادەڕەوی تێدابێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم قسەیە لە کاریگەری بەهێزی غەزالی لەمێژووی فەرهەنگی ئیسلامیدا سەرچاوەی گرتووە.

مەولەوی یەکێک بوو لە لایەنگران و هەوادارانی غەزالی و بێ گومان بەوردی و چەندین جار بەرهەمەکانی خوێندبووەوە، هەروەها بەرهەمی نووسەران و ڕووناکبیرانی تریشی خوێندووەتەوە و کۆگای زانستی خۆی پێ دەوڵەمەند کردووە، بەڵام هیچ یەکێک لەو بەرهەمانە مەولەوییان نەکرد بەم مەولەوییەی ئێستا. دیداری مەولەوی لەگەڵ (شەمس) دیدارێکی زۆر ناوازە و بێ وێنەبوو، ئێمە تەنیا لە لابەلای ئەو ئاماژە نادیار و گشتییانەوە دەتوانین زانیارییەکی کەم لەسەر ئەو دیدارە بێ وێنەیەی کە گۆڕانێکی قووڵی لە مەولەویدا بەدی هێنا، بەدەست بهێنین. مەولەوی ئەگەر لەسەر ئەم گۆڕانە قووڵەی ژیانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسەیەکی کردبێت، تەنیا ئەوەیە کە (شەمس) گەوهەرێکی بەنرخی بەناوی (عیشق)ەوە پێ بەخشیوە و لە دوای ئەو دیدارەوە بوو کە مەولەوی بەو کەسایەتییە عاشق و نەرمونیان و دڵخۆشەی کە پەیدای کرد، توانی بەرهەمێکی نەمر بخولقێنێت. شتێک کە لەبەرهەمەکانی مەولەویدا شەپۆل دەدات، نوێبوونەوەی وتەکانێتی. ئێوە هیچ کاتێک لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی مەولەوی ماندوو نابن. مەولەوی خۆی بە (جەژن) دادەنێت:

**باز امدم چون عید نو، تا قفل زندان بشکنم**
**وین چرخ مردم خوار را چنگال و دندان بشکنم**

واتا: «دووبارە لە جلێکی نوێی جەژنانەدا هاتمەوە بۆ ناو ئێوە بۆ ئەوەی کێشە و کۆت و بەند و ڕێگرییەکانی ئێوە بشکێنم و ڕووبەڕووی ئەو خورافات و باوەڕە ناڕاستانەی ئێوە ببمەوە کە باوەڕتان بە ئاسمان و کاریگەری ئاسمانەکان هەیە لەسەر مرۆڤەکان».

(جەژن) واتا (ڕۆژی نوێ) واتا نوێبوونەوە، ڕۆژێک کە مرۆڤەکان جلی نوێ لەبەردەکەن، جیهان جلی نوێ لەبەردەکات، پاراوی و خۆش گوزەرانی بەسەر هەموو بوونەوەرەکاندا دەبارێت و هەمووان بە هیوای نوێبوونە و

پاراوی بەرەو رووی ڕۆژی جەژن دەڕۆن. بەدڵنیاییەوە ڕووداوێکی لەم شێوەیەتان لە ناخی خۆتاندا ئەزموون کردووە و نوێبوونەوە و جەژن بوونتان لە ناخی خۆتاندا هەست پێکردووە، بۆیە هیچ کاتێک وتەکانی مەولەوی کۆنەیی و ماندوویی پێوە دیار نییە، دەتوانیت کتێبەکانی مەولەوی چەندین جار بخوێنیتەوە و هەر جارەو بەهرەیەکی نوێی تێدا ببینیتەوە و هەستێکی تازەیان پێوە دیارە، زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین کەمتر کتێبێکی لەم شێوەیەمان لە مێژووی فەرهەنگی مرۆڤایەتیدا هەیە. کەسانێک کە ئاشنای بەرهەمەکانی مەولەوین، نوێبوونەوە و تازەبوونەوە لە بەرهەمەکانی مەولەویدا بەجوانی هەست پێدەکەن. مەولەوی لەو کەسانە بوو کە بە وتەی خۆی زێڕ لە خاک دەردەهێنێت:

**کاملی گر خاک گیرد زر شود**
**ناقص ار زر برد خاکستر شود**

واتا: «ئەگەر زێڕ بدەیت بەدەست نەزانەوە لەناوی دەبات و ئەگەر خاک بدەیت بە دەست زانا و بەهرەمەندەوە، زێڕی لێدەردەهێنێت»

(مەسنەوی) بریتییە لە کۆمەڵە چیرۆک و داستانێکی عامیانە و هەندێک جار وشەی لاواز و بێ هێزیشی تێکەڵە، بەشێوەیەک لەوانەیە هیچ کەسێک لەو باوەڕەدا نەبووبێت کە مەولەوی بتوانێت لەو وشە و داستانانەدا، مەعریفەیەکی بەهێزی عیرفانی و مرۆیی بخولقێنێت، بەڵام مەولەوی ئەوەی کرد. گەورەترین و بەنرخترین هونەری مەولەوی ئەوەیە کە ئەو خاکانەی کردووە بە زێڕ و کۆنەکانی نوێ کردووەتەوە، بۆیە کاتێک بەرهەمەکانی دەخوێنیتەوە، وا هەست دەکەیت ڕۆیشتوویتەتە فەزایەکی تازەوە و (جەژن بوون) لە ناخی خۆتدا هەست پێدەکەیت. لەوانەیە لە هەموو (مەسنەوی)دا کەمتر لە چوار، یان پێنج حاڵەت هەبێت کە مەولەوی بڵێت ئێمە لە ڕابردوودا وامان کردووە و وامان گوتووە. ئەم کەسایەتییە هەرگیز دیلی ڕابردوو نەبووە، واتا هەموو ڕۆژێک نوێ دەبوویەوە. مرۆڤەکان نوێبوونەوەی خۆیان لەدەست دەدەن، چونکە لە ڕابردوودا دەژین، بەڵام ئەگەر کەسێک گیرۆدەی (کات) یان بە وتەی خودی مەولەوی دیلی (کاتژمێر) نەبووبێت، هەمیشە نوێبوونەوە لە خۆیدا ئەزموون دەکات:

**هست هشیاری ز یاد ما مضی**
**ماضی و مستقبلت پرده خدا**
**اتش اندر زن به هر دو تا به کی**

**پر گره باشی از این هر دو چو نی**
**تا گره با نی بود همراز نیست**
**همنشین ان لب و اواز نیست**

واتا: «ئەوەندە ئاوڕ لە کاتی ڕابردوو و ئایندە مەدەرەوە، چونکە زانینی ڕابردوو و ئایندە تەنیا لەدەسەڵاتی خودادایە، ڕابردوو و ئایندە بسووتێنە و زیندانی ڕابردوو و ڕانەبردوو مەبە، ئەمانە وەکو گرێیەکن کە لە نەیدا هەن و ڕێگری لە تێپەڕبوونی هەوا و دروست کردنی دەنگ دەکەن».

گرنگترین وێنەی مەولەوی بۆ مرۆڤ بریتییە لە (نەی)، مەولەوی خۆی وەکو (نەی) دەبینی کە لەسەر لێوی پەروەردگارە و پەروەردگار بەهەر شێوەیەک بیەوێت دەیژەنێت.

**دو دهان داریم گویا همچو نی**
**یک دهان پنهانست در لب های وی**

واتا:

**«هەروەکو نەی، گوایە هەسمانە دوو دەو**
**یەک لەوان بزرەن، لەناو لێوانی ئەو» (١)**

**با لب دمساز خود گر جفتمی**
**همچو نی من گفتنی ها گفتمی**

واتا:

**«گەر بە لێوی هاودەمی خۆمداکەوم**
**هەروەکو نەی دێینە گۆ خۆم و دەوم» (٢)**

بەڵێ نوێبوونەوە و وتەی نوێ گوتن لە تایبەتمەندییەکانی مەولەوی بوون، چونکە ئەو ئاوێتەی دەریابوو. هەندێک لە مرۆڤەکان چەند وشەیەک دەزانن و کاتێک دەیڵێن خاڵی دەبنەوە. لەوانەیە زۆربەمان ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتە بووبێتینەوە و کاتێک گفتوگۆ دەکەین، دوای ماوەیەکی کەم هیچمان پێ نامێنێت بۆ گوتن و دەبێت بە دوای ئەندێشەی نوێدا بگەڕێین، هەندێک جار ئەم حاڵەتە ئێمە ماندوو و بێزار دەکات، بەڵام کەسێک کە تێکەڵ بە دەریا ببێت و کۆگایەکی بێ کۆتایی هەبێت، هەمیشە وتەی تازەی هەیە و هیچ کاتێک وەڵامەکانی، بەرانبەرەکەی بێزار ناکات و هیچ ترسێکی لە کۆتایی هاتنی کۆگاکەی نییە.

**متصل چو شد دلت با ان عدن**
**همین بگو مهراس از خالی شدن**
**امر (قل) زین امدش کای راستین**



حافز

**کم نخواهد شد بگو دریاست این**

واتا: «هەتاوەکو ئەو کاتەی نازناوی مەزهەبی بوون ببەستی بە کەسانی ترەوە، خۆت ناشرین و خراپ پیشان دەدەیت و تووڕەبوونی خۆت خاڵی دەکەیتەوە و تێکەڵ بە دەریایی بێ کۆتایی پەروەردگار نیت، کاتێک تێکەڵ بە دەریا بوویت مەترسە لە خاڵیبوونەوە و بەردەوام بە، فەرمانی (قل)یش لە هەمان بابەتەوە سەرچاوەی گرتووە و مەبەست لەوەیە تۆ هەرچی بڵێیت مەترسە و بیڵێ، چونکە تۆ لەگەڵ دەریای زانستی مندا لە پێوەندیدایت و خاڵی نابیتەوە».

لە ڕاستیدا ئەم بەیەکگەیشتن و تێکەڵبوونە لەگەڵ دەریا حاڵی خودی مەولانا بوو. ئێوە بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هەست دەکەیت کە مەولەوی لەگەڵ دەریایەکی بێ کۆتاییدا لە پێوەندیدابووە و شەو و ڕۆژ بەرهەمی نوێ و وتەی نوێ بە گوێگران و هەوادارانی دەبەخشێت.

٢- مەولەوی بەتایبەتی لە دوای دیداری لەگەڵ (شەمسی تەبریزی)دا کەسایەتییەکی لەو شێوەیەی پەیداکرد. مەولەوی بەوتەی خۆی بەر لەو دیدارە (کرنووشبەرێکی شەرمن) بوو، زانایەکی ڕوحانی و جێگەی خۆشەویستی و ڕێزی هەمووان بوو، بەڵام ئەم کرنووشبەرە شەرمنە بەهیچ شێوەیەک ئەم مەولەوی-یەی ئێستا نەبوو.

یەکێک لە سەرەکیترین ئارەزووەکانی مەولەوی خوێندنەوە بوو، یەکێک لە گرنگترین ڕاسپاردەکانی (شەمس)یش وازهێنانی تەواوەتی بوو لە خوێندنەوە، هەڵبەتە ئەم کارەش واتا وازهێنان لە خوێندنەوە بۆ مامۆستا و زانایەکی وەکو مەولەوی کارێکی زۆر سەخت بوو. مەولەوی یەکێک بوو لە عاشقان و هەوادارەکانی (موتەنەبی) و زۆرجار هۆنراوەکانی ئەوی دەخوێندەوە، کاریگەری ئەم شاعیرە عەرەبە بە (مەسنەوی)یەوە دیاربوو. (موتەنەبی) لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەدەبیاتی عەرەبی بوو و هۆنراوەی زۆر حەکیمانەی هەبوو و لەلای عەرەب، هاوشێوەی هەریەکە لە (حافز) و (خاقانی) بوو لای ئێرانییەکان. مەولەوی بە هەردوو زمانی فارسی و عەرەبی قسەی دەکرد و هۆنراوەی بەو دوو زمانە دەهۆنییەوە و حەزێکی زۆری بۆ ئەدەبیاتی عەرەبی هەبوو، بەڵام (شەمس) مەولەوی ناچار کرد واز لەو خواستەشی بهێنێت و نەیهێشت لەسەر هیچ یەکێک لە حەز و ئارەزووەکانی بەردەوام بێت.

لێرەدا دەمەوێت یەکێک لەو تاکتیک و شێوانەی کە(شەمس) دەربارەی مەولەوی بەکاری هێنا، بخەمە بەر باس. لە داستانەکاندا دەگێڕنەوە (شەمس) بەدوای مەردێک لە مەردەکانی پەروەدگاردا دەگەڕا، واتا کەسێک کە پەروەردگار شاردوویەتییەوە و پیشانی هەموو کەسێکی نادات، (شەمس) مەولەوی دۆزییەوە. ئەمە لایەنی عیرفانی و ئایینی بابەتەکەیە، بەڵام ئەگەر لە دیدێکی ترەوە تێی بڕوانین، کاتێک (شەمس) ڕووبەڕووی مەولەوی بووەوە، مەولەوی بە کێوێکی ئاگرین دانا کە دەرگاکانی بەستراون، ڕووبەڕووی بوونەوەرێک بووەوە کە کۆت و بەند و ئینتیماکانی دەست و پێکانی بەستبوو. (شەمس) هات و ئەم کۆت و بەندەی لە دەست و پێی مەولەوی کردەوە، بەڵام هەڵبەتە لە جێگەی ئەوەی بڵێین (شەمس) ئینتیمای لە مەولەوی سەندەوە، باشتر وایە بڵێین (عیشق)ی پێشکەش بە مەولەوی کرد. یەکەمین و سەرەکیترین کارێک کە (شەمس) کردی، وردکردنی ئینتیما و باوەڕەکانی مەولەوی بوو، ئەم کارەشی لە بەرزترین ئاستەوە دەستی پێکرد تاوەکو بە نزمترین ئاست گەیشت. لەم نێوەندەدا هیچ شتێکی بیرنەچوو کە لە مەولەوی وەربگرێتەوە.

(شەمس) خێزان و خوێندنەوە و پیشەی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی لەگەڵ شاگرد و هاوڕێ و دۆستەکانی، تەنانەت هەندێک لە باوەڕ و دابونەریتە ئایینی و مەزهەبییەکانیشی لێ سەندەوە و مەولەوی لە شێوەی مرۆڤێکی ڕووتدا ڕەها کرد. ئاشکرایە کەسایەتی ڕەوان و لێهاتووی (شەمس) بوو توانی گۆڕانێکی گەورە و بەهێزی وەها لە مەولەویدا بەدی بهێنێت.

لە (دیوان کبیر)دا غەزەلێک هاتووە کە وا دەردەکەوێت گفتوگۆی نێوان مەولەوی و (شەمس)ـە:

**مرده بدم زنده شدم، گریه بدم خنده شدم**
**دولت عشق امد و من دولت پاینده شدم**

واتا: «من پێشتر مردبووم، ئێستا زیندووبوومەتەوە، گریاو و نیگەران بووم، ئێستا شاد و دڵخۆشم، کە عیشقم ناسی و ڕووبەڕووی بوومەوە، من پایەندە و نەمر مامەوە»

هەروەکو لەم دێڕە هۆنراوەیەدا دەردەکەوێت مەولەوی نهێنی نەمریی خۆی زۆر بە ڕاشکاوی دەردەبڕێت و دەڵێت من پێشتر مردبووم، ئێستا زیندووبوومەتەوە، گریاو و نیگەران بووم، ئێستا شاد و دڵخۆشم. دەستەواژەی (خنده شدم = پێکەنیم) دەستەواژەیەکی زۆر بەرز و پڕ واتایە. مەولەوی لەو جۆرە کەسانە بوو بەهیچ شێوەیەک خەم و نیگەرانی نەدەناسی و ڕاشکاوانە دەڵێت:

**باده غمگینان خورند و ما ز می خوشدل تریم**
**رو به محبوسان غم ده ساقیا ، افیون خویش**
**خون ما بر غم حرام و خون غم بر ما حلال**
**هر غمی کو گرد ما گردید ، شد در خون خویش**

واتا: «کەسانی غەمگین و بێ هیوا سوود لە بادە و ئەفیون وەردەگرن، ئێمە لەبەرئەوەی هیچ ئاوڕێک لە غەم نادەینەوە، نابێت بهێڵین غەم ئێمە کۆنترۆڵ بکات، چونکە ئەگەر وا بکەین، ئەوە غەم ناتوانێت بێتە دڵی ئێمەوە».

لە عیرفانی عاشقانەی مەولەویدا بە پێچەوانەی عیرفانی غەزالییەوە (غەم) جێگای نابێتەوە. غەزالی لە بەرهەمەکانیدا بە وێنەی کەسێکی ترسنۆک لەبەرانبەر پەروەردگاردا خۆیمان پێ پیشان دەدات. پلەی (ترس) هەڵبەتە پلەیەکی زۆر بەرزە، بەڵام مەولەوی پلەیەکی بەرزتری دۆزییەوە، ئەویش پلەی عاشقی بوو. لە عاشقیدا ئەگەر غەمێکیش هەبێت جیاوازە لە غەمی ئاسایی. لەم ڕووەوە مەولەوی غەزالییەکی عاشق بوو و غەزالیش مەولەوییەکی بێ عیشق بوو:

**از غم و شادی نباشد جوش ما**
**با خیال و وهم نبود هوش ما**
**حالتی دیگر بود کان نادرست**
**تو مشو منکر که حق بس قادرست**

واتا: «ئەم هەموو جۆشو خرۆش و جووڵەیەی ئێمە لە غەم و شادیمانەوە نییە، هەروەک چۆن هۆشیاریشمان لە خەیاڵ و وەهمەوە نییە، بەڵکو ئەم غەم و شادییەمان حاڵەتێکی تری هەیە و تۆ نکوڵی لێ مەکە کە خوداوەند زۆر بەتوانایە».

مەولەوی لە هەمان غەزەلدا باسی (شادومان)ی خۆیمان بۆ دەکات و دەڵێت:

**گفت که: (سرمست نه‌ای، رو که از این دست نه‌ای)**
**رفتم و سرمست شدم وز طرب اکنده شدم**
**گفت: (تو کشته نه‌ای، طرب اغشته نه‌ای)**
**پیش رخ زنده‌کنش کشته و افکنده شدم**

واتا: «گوتی تۆ بەتواناییت و لەلای ئێمە جێگات نابێتەوە، چونکە سەرمەست نیت، منیش ڕۆیشتم و سەرمەست بووم، بەڵام دووبارە گوتی تۆ لە ڕێگای عیشقی مندا لەناو نەچوویت، لەبەرانبەر ڕووی ئەودا مردم و فەنا بووم».

مەولەوی لە (مەسنەوی)دا دەڵێت عیشق تێرێتی و بێ نیازی بە مرۆڤەکان دەبەخشێت و برسێتی لە مرۆڤ دەسێنێتەوە. لە بناغەدا مەولەوی دوو شت بە سەرچاوەی تێری و بێ نیازی دادەنا: یەکێکیان عیشق و ئەوی تریان باوەڕە. هەڵبەتە ئەم دووانە، واتا عیشق و باوەڕ هاوئاست و هاوڕەگەزی یەکن:

**ذات ایمان نعمت و لوتی است هول**
**ای قناعت کرده از ایمان به قول**

واتا: «ئەی ئەو کەسەی کە تەنیا بۆ لاف لێدان و قسەکردن باوەڕداریت، گرنگی بە خودی باوەڕ بدە، چونکە زۆر بەسوود و پڕ مانایە».

باوەڕ خۆراکێکی هۆشەکییە. مرۆڤ کاتێک ئەو خۆراکە دەخوات بەتەواوەتی تێر دەبێت. عیشقیش بەهەمان شێوەیە. مەولەوی لە دێڕەکانی تردا باسی گفتوگۆی خۆی لەگەڵ (شەمس) دەکات و ئەوە باس دەکات کە چۆن (شەمس) ڕوحی لە هەموو کۆت و بەندێک ڕزگار کردووە:

**گفت که: (دیوانه نه‌ای، لایق این خانه نه‌ای)**
**رفتم و دیوانه شدم، سلسله بندنده شدم**

واتا: «گوتی ئەوەندە شیفتە و عاشق نەبوویت کە توانایی و شایستەی ئەم خانە بێت، بەڵام من ڕۆیشتم و شێتانە عاشق و پەیوەست بووم پێیەوە»

یەکەمین قسەیەک کە (شەمس) بە مەولەوی گوت، ئەوە بوو کە مەرجی هاتنە ناو ئەم مەیدانە نوورانییە دەست هەڵگرتنە لە عەقڵی عورفی، یان بیروباوەڕە ڕووکەشییەکان. مەولەوی دەڵێت منیش دەستم لێهەڵگرتن و بووم بە دێوانە.

**گفت کە: (تو شمع شدی، قبلە این جمع شدی)**

**جمع نیم، شمع نیم، دود پراکندە شدم**

واتا: «گوتی تۆ بوویت بە شەمع و بووی بە قیبلە بۆ هەموان، بەڵام من وەکو شەمع نیم، بەڵکو فەنا و مەحوو بووم»

(شەمس) گوتی تۆ خۆشەویستت زۆرە و هەموان خۆشیان دەوێیت، (شمع شدی، قبلە این جمع شدی) خەڵکی زۆر گرنگی بە تۆ دەدەن و تۆ گیرۆدەی کۆت و بەندێکی زۆر بوویت و سەرەنجام ئەم کۆت و بەندانە تۆ دەکوژێت.

**کە اشتهار خلق بند محکم است**

**در راە این بند اهن کی کم است**

واتا: «ناوبانگی و ناوداری بۆ مرۆڤەکان کێشە دروست دەکات، باش نییە مرۆڤ خۆی بۆ کارێکی لەو شێوەیە تووشی کۆت و بەند بکات».

خۆشویستن بۆ مرۆڤ کێشەی زۆر دروست دەکات، بەندیخانەیە، لەگەڵ هەموو ڕێسا و پابەندبوونییەکانی یەکەمین پەیامی ئەوەیە کە کەسەکە دەبێتە موریدی موریدی خۆی:

**جملە شاهان بندە بندە خودند**

**جملە خلقان مردە مردە خودند**

واتا: «هەموو شاهان گرفتاری کۆیلە و شوێن کەوتووەکانی خۆیانن و مرۆڤەکانیش گرفتاری خەمۆکین»

ئەو دەمرێت بۆ تۆ، بەڵام ئەگەر باش سەیری بکەیت، تۆش دەمریت بۆ ئەو. ئەو کۆیلەی تۆیە و بەشێوەیەک لە شێوەکان تۆش دەبێت بە کۆیلەی ئەو، چونکە تۆ بۆ پاراستنی ئەو کۆیلەیە هەموو توانایییەکی خۆت بەکاردەهێنیت. ئەگەر تۆ کۆیلە و زیندانیت نەبێت، بەندیخانەت دروست نەدەکرد، پاسەوانت بۆ پاراستنی ئەو زیندانە دانەدەنا، بودجە بۆ ئەو کارە تەرخان ناکەیت. کۆیلەیی و خزمەتکردن هیچ نییە، بێجگە لە کۆیلەی یەکێکی تر بوون. کەسی خۆشەویست بۆ پاراستنی خۆشەویستی خۆی ناچار دەکەوێتە بەندی خۆشەویستەکانییەوە.

**می شود صیاد مرغان را شکار**

**تا کند ناگاە ایشان را شکار**

واتا: «ڕاوچی سەرەتا خۆی گرفتار و سەرقاڵی نێچیرەکان دەکات تاوەکو لەناکاو ڕامیان بکات»

یەکەم جار ئێمە دەبین بە نێچیری پەلەوەرەکان تا دواتر ئەوان دەبن بە نێچیری ئێمە، هەڵبەتە هەندێک جاریش ڕووندادات ئەوان ببن بە نێچیری ئێمە، واتا تەنیا ئێمە دەبین بە نێچیری ئەوان. (شەمس)یش هەمان شتی بە مەولەوی گوت: تۆ دڵی کەسانی ترت ڕام کردووە بێ ئاگا لەوەی کە ئەوە تۆیت بوویت بە نێچیری ئەوان و ئەوان تۆیان ڕام کردووە نەک بە پێچەوانەوە. «گوتی نێچیرێک دەگرم ڕۆیشتیت و ڕام کرایت». ئەم خۆشویستن و هەوادارانە تۆیان بەستووەتەوە و ڕێگرن لەوەی کە بگەیت بە پلەی گرنگتر. ئەمانە واز لێ بهێنە بۆ ئەو کەسانەی کە ئاستی ئارەزوو و ویستەکانیان هەر ئەوەندەیە، تۆ بەرزتر لەمە دەتوانیت بفڕیت. مەولەوی بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە دەڵێت من بە ئاشکرا مەرجەکەیم قبووڵ کرد و ئامادەیی خۆم دەربڕی و گوتم دەست لە هەموو ئەمانە هەڵدەگرم و بەلاوەی دەنێم، بەڵام (شەمس) بەوە ڕازی نەبوو و ڕووی کردە داوایەکی تر و گوتی ئەم شێخێتی و پێشەوایەتییە شایستەی تۆ نییە و دەبێت دەستی لێ هەڵگریت:

**گفت کە: (شیخی و سری، پیشرو و راهبری)**

**شیخ نیم، پیش نیم، امر تو را بندە شدم**

واتا: «گوتی تۆ ڕێنما و شێخیت، بەڵام من ڕێنما و مورشید نیم، بەڵکو فەرمانبەری فەرمانەکانی تۆم»

مەولەوی گوتی وازم لەمەش هێنا، کەچی (شەمس) گوتی:

**گفت کە: (تو زیرکی، مست خیالی و شکی)**

**گول شدم، هول شدم، وز همە برکندە شدم**

واتا: «گوتی تۆ فەیلەسووفیت و گرفتاری گومان و پرسیاریت، شانازی بە عەقڵی خۆتەوە دەکەیت، بۆیە منیش هەڵخەڵەتێنرام و سەرم لێشێوا».

(شەمس) دواتر گوتی:

**گفت کە: (با بال و پری، من پر و بالت ندهم)**

**در هوس بال و پرش بی پر و پرکندە شدم**

واتا: «گوتی تۆ توانایی خەیاڵ دروست کردنت هەیە و منیش ئەو هێزەت لێ دەستێنمەوە و من لە کاتێکدا کە

حەز و هەوەسی فەنابوونم هەبوو بێ هیوا بووم».
کاتێک هەموو ئەو کۆت و بەندە لە دەست و پێم بوویەوە، ئەوکاتە:

**تابش جان یافت دلم، وا شد و بشکافت دلم**
**اطلس نو یافت دلم، دشمن این ژنده شدم**
**زهره بدم ماه شدم، چرخ دو صد تا شدم**
**یوسف بودم، زکنون یوسف زاینده شدم**

واتا: «نووری هیوا لە دڵی مندا درەخشایەوە و نەخشەیەکی نوێم دۆزییەوە و رووبەرووی کۆنە بوومەوە، وەکو (زوهرە) بووم، بەڵام ئێستا وەکو مانگ دەدرەوشێمەوە و وەکو چەرخی چاڵێکم کە تەناف (گوریس)ـەکەی زۆر درێژە، پێشتر یووسف بووم، بەڵام ئێستا هەروەکو خوڵقێنەری یووسفم»

ئەمە حاڵی دڵ و دەروونی مەولەوی بوو. مەولەوی دەڵێت ئەگەر جاران یووسف بوو بێتم، ئێستا خوڵقێنەری یووسفم، ئەگەر زوهرە بوو بێتم ئێستا مانگم، خۆرم، بەڵکو (چرخ دو صد تایم)، واتا ئەوەندە قەڵەو و گۆشتنم یەک دنیا جێگام گرتووە، یەکێک لە ئەزموونەکانی مەولەوی کە چەندین جار لە (مەسنەوی) و (دیوان کبیر)دا هاتووە، ئەزموونی (قەڵەوبوونە). مەولەوی دەڵێت وا هەست دەکەم دوای رووبەرووبوونەوەم لەگەڵ (شەمس) زۆر قەڵەو بووم. مەولەوی لە ناساندنی عیشقدا باسی دوو حاڵەت دەکات، ئەوانیش یەکێکیان قەڵەوبوون و ئەوی تریان ناسک بوون و لاوازبوونە. مەولەوی ئەم دوو حاڵەتە لەباسی خۆیدا باس دەکات، هەڵبەتە لە چوارچێوەی چیرۆکی کەسانی تردا باسی کردووە.

لە دەفتەری پێنجەمی (مەسنەوی)دا باس لە پیاوێک دەکات کە شێوەی وەکو شێوەی ئافرەتان بوو و لە گەرماوی ئافرەتاندا کاری دەکرد، رۆژێک کە نزیک بوو نهێنییەکەی ئاشکرابێت لە کارەکەی پەشیمان بوویەوە و تەوبەی کرد و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر رزگاری بوو، دوای رزگاربوونی گۆڕانێکی یەکجاری لە ژیانیدا رووی دا. ئەو لە کاتی پاڕانەوە لە پەروەردگار گوتی من پێشووتر کەسێکی لاواز و بچووک بووم، بەڵام ئێستا دوای ئەم پەشیمانبوونەوەیەم بەهێز و قەڵەوبووم. لەوانەیە ئێمەش لەتەمەنی خۆماندا ئەم جۆرە پەشیمان بوونەوەیەمان تەجرووبە کردبێت، ئەگەر نەشمانکردبێت، دەبێت بیکەین. تەوبە مەرجی ژیانە. دەبێت مرۆڤ هەمیشە بە خۆیدا بچێتەوە و لە خۆی بپرسێتەوە و بەناخی خۆیدا بچێتەوە و دژی خۆی راپەڕینی دەروونی ئەنجام بدات و داوا لە پەروەردگاری بکات سەری بخات لەم گۆڕانەدا، لەوانەیە کەمتر کەسێک هەبێت بڵێت من پێش تەوبەکردن لاواز بووم و ئێستا قەڵەو بووم، ئەم حاڵەتەی کە مەولەوی لە داستانەکەدا باسی کردووە، بە دڵنیاییەوە دەرخەری حاڵەتی کەسێتی خودی مەولەوی-یە و لە چوارچێوەی داستانێکدا باسی کردووە.

**اه کردم چون رسن شد اه من**
**گشت اویزان رسن در چاه من**
**ان رسن بگرفتم و بیرون شدم**
**شاد و زفت و فربه و گلگون شدم**
**در بن چاهی همی بودم زبون**
**در همه عالم نمی گنجم کنون**

واتا: «من پێشتر لە چێژە دنیاییەکاندا نوقمی تاوان و نەهامەتی بووم، بەڵام تۆبەم کرد و ئەم تۆبەیە بۆ من هەروەکو تەنافێک بوو کە لە چاڵی تاوان رزگاری کردم، من بە هۆی ئەم تەوبەیەوە بووم، بە کەسێکی کامڵ و دەوڵەمەندی مەعنەویات، لە کاتێکدا لە چاڵی تاوان و ستەمدا بووم، کەسێکی تاوانبار و زەبوون بووم، بەڵام ئێستا بەشێوەیەک بووم بە کەسێکی کامڵ کە هەموو جیهان جێگا و توانایی هەڵگرتنی منی نییە»

لە بەرهەمی هیچ یەکێک لە نووسەران و شاعیران و عارفاندا نابینین یەکێک لە باسی عاشقبووندا باس لە حاڵەتی (قەڵەوبوون) بکات. هەڵبەتە شاعیر لە پاڵ ئەم قەڵەوبوونەدا باسی لاواز بوونیش دەکات.

**سخت نازک گشت جان ما ز لطافتهای عشق**
**دل نخواهم، جان نخواهم، ان من کو؟ ان من..**

واتا: «بەهۆی عیشقەوە گیان و ڕوحی من زۆر ناسک و پاک بووەوە، بەڵام دڵ و گیانم دەبەخشم لەپێناو ئەم عیشقەدا بۆ ئەوەی بتوانم بەهرە و سوودێک ببەم»

ئەم ناسکی و هەستیارییە جۆرێکە لە نەرمی و دلۆڤانی، ناخی عیشق لە ناپاکی و خراپی دەپارێزێت.

٣- بەڵام ئێستا ئەم پرسیارە زۆر گرنگە کە بۆچی کەسێکی وەکو مەولەوی بەو هەموو پەروەردە و زیرەکی و خۆشخوانی و بەو هەموو زانست و زانیاری و خوێندەوارییەوە، هەموو سەروەت و سامانی خۆی پێشکەش بە (شەمس) کرد و پێی گوت هەر ئاگرێک دەتەوێت بەری بدە لەم سەرمایانەم؟ وازهێنان لەو هەموو سەرمایە کارێکی ئاسان نەبوو. بەڕاستی (شەمس) لەبەرانبەر ئەم لەخۆبوردییەی مەولەوی چ بەڵێنێکی

پێدابوو؟ ئامانج چی بوو؟ ئەو ئایندە جوان و دڵڕفێنەی کـە (شـەمس) بۆ مـەولەوی وێنای کـردبوو چی بوو؟ (شەمس) بە مەولەوی گوت لەبەرانبەر وازهێنان لەهەموو ئەوانە دەگـەیت بە چی؟ هەمـوو بابەتەکـە لێـرەدایە کـە (شەمس) بچووکترین و کەمترین بەڵێنی بە مـەولەوی نەدا و مـەولەوی بوونی مـەولەوی لە چوارچێوەی هەمـان قـومـاری عـاشـقـانە و بەخـشندەیی و لە خـۆبوردنە بێ چاوەڕوانییەدا بوو.

بۆ تێگەیشتنی ئەم بابەتە، باشتر وایە بەراوردێک لە نێوان مەولەوی و حافزدا بکەین، حافزیش شاعیرێکی عـارفی عـاشق بوو کـە یەک سەدە لە دوای مـەولەوی لە دایک بوو و ئاگـاییـەکی تەواوی لەسـەر ئەزمـوونە عـیـشـقـیـیـەکـەی مـەولەوی هەبوو و سـوودی زۆری لێوەرگرتبوو، تەنانەت پیشەی خودی حافز تاووتوکردن و لێکۆڵینەوە بوو لە دیوانی شـاعـیران، هەم هەڵوێسـتـەی لەسـەر دەکـردن و هەم خـۆشی کـەسێکی هونەرمـەند و زێڕناس بوو و لەو کۆگا بەنرخەی شاعیران و عـارفان کە لەبەر دەسـتـیـدا بوو زێڕە بەنرخـەکـانی دەردەهێنا و لە دیوانی خۆیدا بەکاری دەهێنا. سەرەڕای ئەمەش بەردەوام بەبەرهەمـەکـانی خـۆیدا دەچووەوە و غـەزەلە خـراپەکـانی دەسـڕییـەوە و لە جـێگەیان بەرهەمی جـوانـتـری دادەنا. عاشقیی، حافزی بێ هێز و بێ ئۆقرە نەکردبوو. گەڕان لە ڕابردوودا کاری ئەو بوو و بەپێچەوانەی مـەولەوی-یەوە ئاگری لە ڕابردوو و ئایندە بەرنەدابوو. بەڵێ ئەگەر بێـتـو بەراوردی عـیشـقی مەولەوی و حـافـز بکەین، جیـاوازی ئاشکرامان بۆ دەردەکەوێت. حافز بە ڕاشکاوی دەڵێت:

**الا یا ایها الساقی ادر کاسا و ناولها**
**که عیشق اسان نمود اول ولی افتاد مشکل ها**
**به بوی نافه‌ای کاخر صبا زان طره بگشاید**
**ز تاب جعد مشکینش چه خون افتاد در دلها**

واتا: «ئەی مـەیگێڕ پێکێک بگێڕە و لەو پێکەش بدە بە مـن، چونکە لەسـەرەتاوە عـیـشق ئاسـان هاتە پێش چاوان، بەڵام پاشـان گـرفت و کـێشـەکـان ڕوویان دا. بە ئومێدی نافەیەک کە ئاخیرەکەی سەبا لوولی ئەو سەری زوڵفـــەی بکـاتەوە، لەتاو چین چینی و لوولی پرچی میسکباری چ خوێنێک کەوتە دڵانەوە» (٣)

لە جێگایەکی تردا دەڵێت:

**چون عاشق می شدم گفتم که بردم گوهر مقصود**
**ندانستم که این دریا چه موج خون فشان دارد**

واتا: «کاتێ عـاشق دەبووم گـوتم گەوهەری مـەقسـوودم بردەوە، نەمـزانی ئەم دەریایە چ شـەپۆلێکی خـوێنڕێژی هەیە» (٤)، ئەمـە ئەزمـوونی عـیـشـقی حـافـز بوو. ئەو دەڵێت کاتێک عاشق بووم ئایندەیەکی درەخشان لەپێش چاوم بوو و بەهۆی عـیـشـقـەوە دەمـویست خـۆم لەبەردەم هەمـوو کێشە و بەڵا و ناخۆشییـەکـاندا ڕابگرم. بە خۆمم دەگوت لەم ڕێگەیەوە دەتوانم بە زێڕ و گەوهەر بگەم. ئەم بیرکردنەوە ئازایەتیم پێ دەبەخشێت و وای لێدەکردم بێ پەروایانە لەم دەریایەدا هەڵبـــەز و دابەز بکـەم، بەڵام کـاتێک بەخـۆمـــدا هاتمەوە، زانیم کـە ئەم دەریایە چ شەپۆلێکی پێوەیە و ناخۆشی و دژوارییەکـانی زۆر لەوە زیاترە کـە من بیـرم لێدەکـردەوە. نهـێنی و ڕازی شـیـرین گوفتـاری و خۆشخوانی حافزیش هەمان ئازار کێشـان و نوقم بوونێتی لە شەپۆلی دەریای عیشقدا:

**این همه شهد و شکر کز سخنم می ریزد**
**اجر صبری است کزان شاخ نباتم دادند**

واتا: «ئەو هەمـوو سـازگـاری و شیـرینییـەی کـە لە قسـەکـانمەوە دەبارێت، پاداشـتی ئەو خـۆڕاگرییـەیە کـە چێژێکی شیرینی پێبەخشیوم»

(شـاخ نبـات) کـە حـافـز باسی لێـوە دەکـات درکـەیە (کنایە) بۆ چێژێکی شیـرین کـە تاقـەت و خۆڕاگری ئەم شیـرین گوفتـارییەی بەدی هێناوە. حافز ئەم وتەیەی لە مەولەوییەوە وەرگرتووە، من لێرەدا سەرنجی دەروونناسان و پزیشکانی دەروونی بۆ ئەم بابەتە ڕادەکێشم:

**گر سخن خواهی که گویی چون شکر**
**صبر کن از حرص و این حلوا مخور**
**صبر باشد مشت های زیرکان**
**هست حلوا ارزوی کودکان**

واتا: «گەر دەتەوێت کەسێکی عـەقڵمـەند و قسـەزان بیت لەبەرانبەر ڕەنج و نـاخۆشی و خـۆشییـەکـاندا خـۆت بگرە و خۆڕاگری پیشان بدە، چونکە خۆڕاگری مرۆڤەکان زیرەک و لێهاتوو دەکات، بەڵام پێچەوانەکەی وەکو کاری منداڵانە کـە لەبەرانبـەر بەدەسـتـهێنانی دەستکەوتەکـاندا ناتوانن خۆیان بگرن»

بۆ ئەوەی کەسێک شیرین گوفتار بێت، دەبێت ناخۆشی بچـێـژێت، نابێت لەم جـیـهـانەدا هەر شـتـێکی بوێت بەدەستی بهێنێت. بەدەستهێنانی هەمـوو ئەو شتانەی کە دەتەوێت، تەنانەت ئەوانەیش کە حەڵاڵن، ڕێگری دەکات لە بەدیهـێنانی خۆشبەخـتی. شیـرین گوفـتـاری پاداشـتی

ناخۆشی و ئازار چەشتنە لە هەندێک حاڵەتدا.
لەگەڵ هەمموو ئەمانەدا عیشقی مەولەوی لە جۆرێکی تر بوو، چونکە هیچ کەس دەرگای باخێکی سەوزی پێ پیشان نەدا و گرنگی بابەتەکەش لێرەدایە. مەولەوی بە ڕاشکاوی دەڵێت:

**عشق از اول چرا خونی بود**
**تا گریزد انکه بیرونی بود**

واتا: «ئایا دەزانیت بۆچی عیشق لەسەرەتاوە گران و سەخت و پڕ لە کێشەیە؟ چونکە ئەو کەسانەی کە خاوەنی دڵ و عیشقێکی ئیلاهی نین، لە کەسە واقیعی و عارفەکان جیابوونەتەوە و پێیان خستووەتە ئەم مەیدانەوە، واتا مەیدانی عیشق»

عیشق لەسەرەتاوە بۆ هەمموو کەسێک شیرین و خۆشە، بەڵکو هەر لەیەکەم ساتەوە ددانەکانی خۆی پیشان دەدات. مەولەوی لێکدانەوەیەکی جوانی بۆ ئەم بابەتە هەیە و ئەویشی لە (موتەنەبی)یەوە وەرگرتووە:

**اذا رایت نیاب اللیث بارزة**
**فلا تظن ان اللیث یبتسم**

واتا: «ئەگەر ببینیت شێرێک ددانەکانی کردووەتەوە، گومان مەکە کە پێدەکەنێت، ئەمە نیشانەی تووڕەیی و دڕندەییە».

مەولەوی ئەمەی لە (موتەنەبی)یەوە وەرگرتووە: (لە پێکەنینی شێر بێ خەم مەبن). پێکەنینی شێر، زەردەخەنەی هاوڕێیەتی نییە، بەڵکو سەرەتایەکە بۆ ڕام کردنی مرۆڤ، ئەمە هەمان شێری عیشقێکە کە مەولەویش لەم پێکەنینە دڵنیانەبوو و دەیزانی کە بەرەو ڕووی چ بوونەوەرێک دەڕۆیشت. مەولەوی بەبەردەوامی لەم چیرۆکی ڕووبەڕووبوونەوەی شێر و ئاسکەدا بەهرەی وەرگرتووە بۆ باسکردنی حاڵەتی ژیانی عاشق و پێوەندی نێوان عاشق و مەعشووق.

**یکی شیری همی بینم، جهان پیشش گله اهو**
**که من این شیر و اهو را نمی دانم، نمی دانم**

واتا: «من کەسانی گەورە و شێر ئاسا دەناسم کە ئەم جیهانە لەبەرانبەریاندا وەکو گەلە ئاسکێکە، لە کاتێکدا من و کەسانی وەکو من لە نهێنی ژیانی ئەم بوونەوەرانە نازانین و ناتوانین»

* * *

**پیش شیری اهوی بیهوش شد**
**هستی اش در هست او روپوش شد**

واتا: «لەبەرانبەر ئەم مرۆڤە کامڵ و پێگەیشتووانەدا کەسانی لاواز و بێ توانا هەن و ژیانی ئەمانە لەبەرانبەر ئەو مرۆڤە کاملانەدا هیچ بایەخێکی نییە و لە ڕاستیدا بوونی خۆیان لەوانەوە وەردەگرن»

لە ڕاستیدا (شەمسی تەبریزی) پێشنیاری قومارێکی بۆ مەولەوی کرد کە تێیدا هیچ هیوایەک نەبوو بۆ سەرکەوتن و بردنەوە. (شەمس) بە مەولەوی وت تەنیا پاداشت و بەهرەی تۆ لەم قومارەدا ئەوەیە کە بتوانیت لە قومارێکدا بەشداربیت کە هیوای بردنەوەی تێدا نییە، بەشدار بە ئەگەر ئازایەتی بەشداربوونت هەیە، پاداشتی تۆ تەنیا ئەو ئازایەتییەیە، مەولەویش بەشداربوو. ئەم قبووڵکردنی مەترسییە مەولەوی لە حافز جیادەکاتەوە، حافز خۆی نەخستە ئەم مەترسییەوە، لە کاتێکدا مەولەوی بە خۆشحاڵییەوە قبووڵی کرد. مەولەوی بە ڕاشکاوی بە ئێمە دەڵێت عیشق بوێرییە، واتا ترس ناناسێت، بێ پەروایییە، گوێ نادات بە هیچ بیرکردنەوەیەک، بیر لە سوود و زیان ناکاتەوە و هەمموو شتێک پشتگوێ دەخات، بەسەر عەقڵدا سەردەکەوێت، عیشق لە عاشق پاکبازی (هەمموو شتێک دۆڕان)ی دەوێت، واتا داوای لێدەکات خۆی بۆ بەشداریکردن لە قومارێک ئامادە بکات کە هەمموو شتێک تێیدا دەدۆڕێنێت، پاکبازی واتا (دۆڕانی هەمموو شتێک بە بێ بوونی هیوایەک بۆ بردنەوە) عیشق هەمموو شتێکی عاشقی دەوێت، نەک بەشێک لە عاشق.

**لا ابالی عشق باشد نی خرد**
**عقل ان جوید کز ان سودی برد**
**ترک تاز و تن گذار و بی حیا**
**در بلا چون سنگ زیر اسیا**

واتا: «چاونەترسی بەرهەمی عیشقە و عەقڵ ئەوەیە کە هەمیشە لە بیری سوود و زیاندا بێن، عاشق بە هەمان ئەندازە چاونەترس و ئازا و بێ شەرمە، عاشق لەبەرانبەر کێشەکاندا هەروەکو بەردی ئاسیاب پتەوە»

(شەمس) لەمە زیاتر هیچ شتێکی داوا نەکرد کە مەولەوی هەمموو شتێک بدۆڕێنێت بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ پاداشێک بکات. مەولەویش لە دڵەوە وەڵامی ئەم بانگهێشتەی بە بەڵێ دایەوە. واتا هەمموو ژیانی خۆت بە عیشق بسپێرە و دەست لە ناو و نیشان و لایەنگر و دۆستانت هەڵگرە، بۆیە عیشقیش وەفای بۆ مەولەوی هەبوو و هەمموو شتێکی پێ بەخشی. سینەیەکی پێ بەخشی بە وتەی خۆی (مەیخانەی جیهان) بوو. ئەوی بەهێز کرد و غەمی لێ وەرگرتەوە و دەستە کلیلێکی پێ

بەخشی کە هەمـوو دەرگـاکـانی پێـدەکـردەوە، عـیـشق مەولەوی دەریا ئاسا و خۆر سیفەت کرد. لە مەکتەبی خـۆیدا کۆمـەڵە دابونەریتـێکی پێ بەخشی کە لە هیچ مەکتەبێکی تردا نەدەدۆزرایەوە:

**هزار گونه ادب جان ز عیشق اموزد**
**که ان ادب نتوان یافتن ز مکتب ها**

واتا: «هەزار جـۆرە ئاداب و ڕەفـتـار لە عـیـشـقـەوە فـێربووم، بەشـێوەیەک کـە ناتوانیت هاوشـێوەی لە هیچ مەکتەبێکدا بدۆزینەوە»

* * *

**یک دسته کلید هست به زیر بغل عیشق**
**از بهر گشاییدن ابواب رسیده**

واتا: «عـیـشق لەگـەڵ خـۆیدا کـۆد کـردنەوە و دەسـتـە کلیلی پێـیـە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ کـێـشـە و گیروگرفتەکان»

* * *

**شرابخانه عالم شده است سینه من**
**هزار رحمت بر سینه جوانمردم**

واتا: «سینەی من بووە بە مەیخانەی جیهان و چەندین ڕازم پێیە بۆ جیهـانیـان، کەواتە هەزار ڕەحمەت لەم دڵە بەخشندەیەی من»

کەواتە، بەپێچەوانەی ئەزموونی حـافزەوە کە سـەرەتا پێی خـسـتـە ئاوەوە و دواتر سـەری لە ئاگرەوە دەرهێنا، مـەولەوی سـەرەتا پێی خـسـتـە ئاگـر و دواتر سـەری لە ئاوەوە دەرهێنا. لە ڕاستـیدا ئاگری عـیشق بۆ مـەولەوی بوو بە گـوڵسـتـان، چونکە عـیشق ئازایەتی پێ بەخشی و پاداشتی ئەو ئازایەتییـەشی وەرگرت. ئەم دلێرییە هەمان (زهره شـیـر = ورەی شـێـر) هەبوونە کە خـودی مـەولەوی باسی دەکات. ئەم دلێرییە، دلێرییەکە کە عـاشقی بەبێ بوونی ناتەواوە. هەمان دلێری بوو کە دواتر لە مەکتـەبی حـافـزدا بە (ڕەندی) ناوی دەرکـرد. دلێـری لەبەرانبـەر هەمـوو تێبـینی و بیـروباوەڕەکان، نەک تەنـیا لەبەرانبـەر ناخۆشی و تاڵییەکان، بۆیە مەولەوی دەڵێت:

**ترس مویی نیست اندر پیش عیشق**
**جمله قربانند اندر کیش عیشق**

واتا: «لەبەرانبـەر عـیـشـقـدا ترس شـتـێک نیـیـە کـە نیـگەرانی بێن، هەمـووان دەبن بە قـوربانی لەبەرانبـەر عیشقدا»

بەڵێ مەولەوی بەم قوماره زۆر خۆشحاڵ و شادمانە و لەم بارەیەوە قسـەیەکی زۆر جوان و نەمری لە دوای خۆی بە جێ هێشتووە کە دەڵێت:

**خنک ان قمار بازی که بباخت انجه بودش**
**بنماند هیچ الا هوس قمار دیگر**

واتا: «خـۆش بەحـاڵـی ئەو قـومـاربازەی کـە هەمـوو شتـێکی دۆڕاند لەپێناوی عـیشقدا و هیچ ئارەزوویەکی نەبوو، بێجگە لەوەی کە هەرچییەکی تری هەیە دووبارە لە ڕێگای مەعشوقەکەیدا بیدۆڕێنێت»

ئەم قـومـاربازە نەک تەنیـا ئارەزووی بردنەوەی لەو قومارەدا نییە، بەڵکو تەنیا ئارەزووی ئەوەیە جارێکی تر لەو قومارەدا بەشدار بێت. مەولەوی لە جێگایەکی تر ئەم بابەتەی بە شێوەی بەڵگەهێنانەوە باس کردووە و دەڵێت: مەگەر پەروەردگار لەبەرانبەر ئەوەی کە بەئێمەی بەخشیوە چاوەڕێی پاداشت دەکا؟ ئایا داوای هیچی لێکردووین بۆ خۆی؟

لە ڕاسـتـیـدا مـەولەوی ئەزمـوونی عـاشـقـیی خـۆی پەیوەست دەکـات بە (بەخـشـندەیی بوون)ەوە و دەڵـێت هەروەکـو چۆن پەروەردگار بەبێ نیاز و بەبێ چاوەڕوانی، هەمـوو شـتێک دەبەخشێت، منیش بەندەی پەروەردگـارم، ئامـادەم هەمـوو شـتـێک بدۆڕێنم لە پێناویدا، ئەگـەر بێجگە لەمە بێت، ئەوە ئەزموونی عـاشقی تاریک و تاڵ دەبێت.

**سخت رویی که ندارد هیچ پشت**
**بهره جویی را درون خویش کشت**
**پاک میبازد نباشد مزدجو**
**انچنان که پاک می گیرد ز هو**

واتا: «ڕوو سەختێک کە لە هیچ جێگایەک پشتیوانی نییە، بەهرە وەرگرتن لە خۆیدا دەکوژێت، هەرچی هەیە لە ڕێگای عیشقدا دەیدۆڕێنێت و لەلایەکی تریشەوە هەمان ئەو شتانە لە پەروەردگارەوە وەردەگرێتەوە»

بێـجگە لە عـاشق کـە هەمـوو بوونی پەیوەسـتـە بە مـەعـشـووقـەوە، شـاعـیـران و عـارفـان و هونەرمـەندانی هەقـیـقـیش کە خاوەنی داهێنان و خولْقاندنن، هیچ جۆرە بەرژەوەندی خـوازییـەک لە کـارەکـەیاندا نیـیـە و هیچ بەرژەوەندییـەک خەلاقیـەتەکـانیـان بەند ناکـات، واتا ئەم قسەیە:

**من نکردم امر تا سودی کنم**
**بلکه تا بر بندگان جودی کنم**

واتا: «من لە پێناو سـوود وەرگـرتندا فـەرمـانی خـولْقـاندنی مـرۆڤم نەکـردووە، بەڵکـو ئەوانم خـولْقـاند بۆ ئەوەی بەخشندەبم بەرانبەریان»

ئەمە تەنیا تایبەت نییە بە خوداوەندەوە، بەڵکو ئەمە حاڵی هەموو بوونەوەرێکی خالق و داهێنەرە و بە وتەی مەولەوی:

**محض مهر و داوری و رحمت اند**

**همچو حق بی علت و بی رشوت اند**

واتا: «عارفان و عاشقان کەسانی بەبەزەیین و ئەم سیفەتەشیان لە پەروەردگارەوە وەرگرتووە کە بەبێ هیچ بەرژەوەندی خوازییەک پێمان دەبەخشێت»

مەولەوی خۆی لە ئاست خوڵقاندنی هونەریدا بەتەواوەتی بەم شێوەیە بوو، کاتێک قسەیەک دەکات گرنگی بەوە نەدەدا ئەم قسەیە لە کوێوە دێت و بۆ کوێ دەڕوات و چ دەرەنجامێکی دەبێت، گروتینی جوامێرانە، مەترسی لێپرسینەوەی نییە. جوامێرانە بەبێ نەوایان توانایی دەدات تاوەکو ئەو جێگایەی کە لەوانەیە بتوانین بڵێین بەخشش، جوامێری، مێرخاسی وشە سەرەکییەکانی بەرهەمەکانێتی و خشتە گرنگەکانی خانوو و ئەیوانەکانی مەولەوی پێکدەهێنن و ئەم بەخشش و جوامێرییەش پێوەندییەکی قووڵی بە عاشقییەوە هەیە. هەروەکو چۆن پێوەندی بە دلێری و ئازایەتی و عبادات و عیرفانەوە هەیە. ئەگەر لە بەرهەمەکانی هەریەکە لە حافز، بوعلی، سوهرەوەردی، یان هاوسەردەمەکانی مەولەوی واتا سەعدی، خواجە نصیر طوسیٓ، صدرالدین قونوی، تەنانەت (محی الدین) عەرەبیشدا بە دوای ئەم تایبەتمەندییانە بگەڕێین بۆمان دەردەکەوێت لە بیروباوەڕەکانی هیچ یەکێک لەو کەسانەدا بیرکردنەوە و تێڕوانینێکی وەها بوونی نییە. بە وتەی مەولەوی لە نێو سۆفییەکاندا یەکێکیان سۆفییە و هەزارەکەی تریان لە ژێر ناوی ئەو تاکە سۆفییەدان و لە دەوڵەتی ئەودا دەژین.

**از هزاران اندکی زین صوفی اند**

**باقیان در دولت او می زیند**

واتا: «لەهەزاران کەس ژمارەیەکی کەمیان سۆفین، ئەوانی تر بەشێوەیەکی ئاسایی ژیان بەسەر دەبەن»

لە نێوان زانایانیشدا بەو شێوەیە، چەند ناوازە و هونەرمەندی گەورە هەن و ئەوانی تر لە ژێر ناوی ئەواندا دەژین. کۆمەڵگای شاعیرانیش بەهەمان شێوەیە، تەنیا چەند شاعیرێکی گەورەی تێدایە و ئەوانی تر لە قوتابخانەکانی ئەواندا وانە فێردەبن و شاگردیی دەکەن. کاتێک ئێمە سەرنجێک لە شاعیران و ناودارانی ئەدەبیاتی ئێرانی دەدەین کەمتر کەسێک دەبینین گەیشتبێتە ئەم ئاستە لە بەخشش کە مەولەوی پێی گەیشتووە. ئەم پیاوە گەورەیە سەرەتا لە خۆی ڕەهایی پەیداکرد و دواتر توانی لە خەڵکیش دووربکەوێتەوە و بە لەخۆبوردەیی و بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ پاداشتێک بکات، سوودی بە کەسانی تر دەگەیاند. بێ هۆ نەبوو کە دەربارەی (شەمس) دەیگوت:

**همه را بیازمودم، ز تو خوشترم نیامد**

**چە فرو شدم بە دریا، چو تو گوهر نیامد**

واتا: «هەموو جیهانم بینی و تاقیم کردنەوە، بەڵام هیچیانم ئەوەندەی تۆ خۆش نەویست، لەم جیهانی بوونەدا هیچ زێڕێکی بەنرختر لەتۆم نەدۆزییەوە»

ئەوەی گرنگ بوو ئەوەیە مەولەوی سەرەتا بۆ ماوەیەک خواستەکانی واز لێ هێنا دواتر چەندین ویست و خواست بەرەو ڕووی هاتن. کەسانێک دەتوانن لە جیهانی مەعنەویاتدا ببن بە قارەمان کە دەست لە هەموو خواستنەکانیان هەڵبگرن و ئامادەی قومار ببن. شیرین گوفتاری ئەمانیش بەهۆی هەمان ناخۆشی و تاڵی چەشتنەوەیە. بەکورتی پەیوەستبوون بە خواستەکانەوە دژی فڕینە بە ئاسمانەکاندا و یەکێک لە باشترین ڕێگاکان بۆ دۆزینەوەی ئەم بەندێتی و گیرۆدەییە دانیشتنە لەگەڵ ئازادەکاندا. واتا دانیشتن لەگەڵ کەسانێک کە ڕوحی خۆیان ئازاد کردووە و دەتوانن ڕوحی ئازادی لە کەسانی تریشدا بڕوێنن.

**کار مردان روشنی و گرمی است**

**کار دونان حیلە و بی شرمی است**

واتا: «کاری پیاوچاکان هیوابەخشین و ڕێنماییکردنە، لە کاتێکدا کە کاری مرۆڤە خراپەکان دوو ڕوویی و بێ شەرمییە»

**پەراوێزەکان:**

**١- جەلالەدینی ڕۆمی و سروودی نەی، ئەحمەد تاقانە، هەولێر، ٢٠٠٨.**

**٢- هەمان سەرچاوە.**

**٣-مەحرەمی ڕاز (شەرحی غەزەلەکانی حافز)، ئەکرەم عەنەبی، دهۆک، ٢٠٠٨.**

**٤- هەمان سەرچاوە.**

**سەرچاوە:**

**کتێبی قومار عاشقانە (شەمس و مەولانا). تاران، چاپخانەی صراط، پایزی ١٣٨٨ هەتاوی، چاپی چواردەیەم، ل١٥-٤٠.**

**نووسینی: عبدالکریم سروش**

# کەشکۆڵی عەزیز تورکمانکەندی (ساڵی ١٨٧٩ زایینی)

محەمەدئەمین شاسەنەم
(بۆکان)

سەدەی نۆزدەی زایینییە، هێشتا کەرەستەی چاپ نەگەیشتووەتە کوردستان، مەلا و فەقێ و ئەدەب دۆستان قۆڵیان هەڵدەماڵن و زۆر شەوان و ڕۆژان دادەنیشن هەتا شیعر و پەخشان و نووسراوەی دڵخوازی خۆیان بە دەسخەت بنووسنەوە و لێرە و لەوێ بۆ یەکدی بخوێننەوە. ئەم کتێبە بچووکە وەک لفەو دووانە هەمیشە هاوڕێیانە و ئەم دەست و ئەو دەست دەکرێت هەتا دەبێتە کەشکۆڵێک و دوای تێپەڕینی دەیان ساڵ دەگاتە سەردەمی ئێمە، سەردەمی چاپ و کۆمپیووتەر و ماشین و هەزاران کەرەستەی پێشکەوتووی دیکە. یەکێک لەم کتێبانە کەشکۆڵێکە بە ناوی "کەشکۆڵی عەزیز تورکمانکەندی"، بێ گومان هەر ئێستا لە زۆر بنەماڵەی کوردستاندا کتێب و دەسخەتی لەم چەشنە هەیە کە بە دەست لێ نەدراوی ماوەتەوە و کاری لە سەر نەکراوە.

ئەم بابەتەی خوارەوە، کورتە باسێکە لە سەر تایبەتمەندی و ناواخنی ئەو کەشکۆڵە و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ کەشکۆڵێکی دیکە.

خوالێخۆشبوو مەلاحەمەدەمینی عەزیز تورکمانکەندی، کوڕی میرزا سەعید کوڕی عەزیز تورکمانکەندییە کە باب و باپیرانی لە ئاوایی حەمامیانی بۆکان ژیاون و خەریکی کشتوکاڵ بوون. عەزیز تورکمانکەندی بۆ ماوەیەکی کورت ڕوو لە ئاوایی تورکمانکەندی دەکات و لەبەر کێشە لەگەڵ خانی ئەوێ، دەگەڕێتەوە بۆکان و لای سەردارەکانی بۆکان (کە وەک کاک ئەنوەری سوڵتانی باس دەکات دەبێت سەیفەدین خان بێت) وەک میرزا کار دەکات و لەبەر ئەوەی دوو عەزیز ناو لای سەردار هەبوون، بەویان گوتووە عەزیز تورکمانکەندی.

سەبارەت بە ساڵی ژیان و مەرگی عەزیز تورکمانکەندی هیچ بەڵگەیەکمان لە بەر دەستدا نییە،

ئەوەش کە باسمان کرد لە زمانی بنەماڵەی مەلاحەمەدەمینەوەیە کە لێرەدا دەبێت زۆر سوپاسی ئەم بنەماڵە بەرێزە بکەین بۆ ئەوەی ئەم کەشکۆڵەیان بۆ لێکۆڵینەوە خستە بەردەستمان.

لە عەزیز تورکمانکەندییەوە کەشکۆڵێک بەجێ ماوە کە بریتییە لە شیعری ٢٤ شاعیری کورد و تاکوتەرا شیعری فارسی. وا دیارە عەزیز تورکمانکەندی بۆخۆشی هەستی شیعری هەبووە و چەند شیعرێکی خۆی لەم کەشکۆڵەدا هێناوە، ئەگەرچی بە بڕوای من هەندێک لەم شیعرانە هی شاعیرانی دیکەن و وەپاڵ ئەو دراون، (بۆ نموونە شیعرێکی وەفایی بە هەڵە بە ناوی ئەوەوە تۆمار کراوە)، یان شیعرێکی بە زاراوەی هەورامی کە بە بڕوای من هی (ئەڵماس خانی کەنوولەیی)یە، کە لە جێگەی خۆیدا باسیان دەکەم. لە کۆتایی وتارەکەدا غەزەلێکی ئەو بۆ نموونە دێنمەوە.

زۆربەی نووسینەوەکان هی عەزیزە، بەڵام دەسخەتەکان چەند شێوەن و دەبێت کەسانێکی دیکەش لەو کەشکۆڵەدا شتیان نووسیبێت، کە یەکیان ناوی خۆی نووسیوە: (تمت شد از دست محمد صادق حافظ القزلجی البوکانی)، هەروەها بێجگە لە جەوهەری ڕەش، لە چەند شوێنێکدا جەوهەری بنەوشیش وەبەرچاو دەکەوێت کە دەبێت دواتر نووسرابێت.

کەشکۆڵەکە ساڵانێکی زۆرە لەم بنەماڵەیەدا ماوەتەوە و زەمانە و شێ، ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هێناوە و چەند لاپەڕەیەکیان لێ خەسار کردووە هەتا گەیشتووەتە دەستی مەلاحەمەدەمین. ئەویش هەر لای خۆی پاراستوویە و تەنیا داویە بە مەلاعەزیز محەمەدپوور داشبەندی. ئەویش «دیوانی شێخ ئەحمەدی کۆڕ» و «چیرۆکی داری جەنگیان»ی لە ڕووی ئەم دەسخەتەوە ساغ کردووەتەوە و چاپی کردووە، کە لە کتێبەکەیدا ناوی سەرچاوەکەی بە «میرزا عەزیز بۆکانی» نووسیوە.

کەشکۆڵەکە (ئەوەندەی کە ئێستا ماوەتەوە) بەم دێڕەی شێخ ئەحمەدی کۆڕەوە دەست پێ دەکات:

**(وەک فەنەر دڵ پڕ لە نارم، باری عیسیان بۆتە بارم ڕووسیاە و شەرمەسارم، من لەبەر یەومول خەتەر)**

دیارە پێش ئەم بەیتە، ٥ بەیتی دیکە هەر هی ئەم شیعرەی شێخ ئەحمەد نادیارە و ئەمە نیشان دەدات چەند لاپەڕەیەکی سەرەتای کەشکۆڵەکە فەوتاوە. کۆتاییەکەشی هەر ناتەواو دیارە.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم کەشکۆڵە ئەوەیە کە لە کۆتایی هەر لاپەڕەیەکدا، دوو سێ وشەی سەرەتای لاپەڕەی دوایی نووسراوە، ئەمەش باشترین ڕێنوێنە بۆ ساغکردنەوەی سەرەتا و کۆتایی شیعرەکان و ڕێکوپێک کردنی لاپەڕەکان.

سەرجەمی کەشکۆڵەکە باش ماوە و تەنیا چەند لاپەڕەیەک نەبێت کە لەبەر کۆن بوون و خراپ ڕاگیران هەڵپرواوە و قەراغەکانی لێ بووەتەوە.

قەوارەی ئەم کەشکۆڵە ١١ لە ١٧ سانتیمەترە و ٢٣٠ لاپەڕەیە. چەند لاپەڕەیەکیش بە بەرگی کەشکۆڵەکەوە سنجاق کرابوون کە دیارە زۆر لە لاپەڕەکانی دیکە کۆنترن و لەبەر توانەوەی مێوی بەرگەکە، پێکەوە نووساون و جیا کردنەوەیان ئەستەمە.

ئەم کەشکۆڵە لەگەڵ کەشکۆڵێک کە کاک ئەنوەری سوڵتانی لە گۆڤاری «ژین»ی ژمارە یەکدا بە ناوی «کەشکۆڵی عەزیز و سەوزەحەمەد» باسی دەکات، پێوەندی هەیە، چونکە عەزیز تورکمانکەندی لە نووسینەوەی هەردووکیاندا بەشداری کردووە، تەنانەت ٣٠ شیعری ناو ئەم کەشکۆڵە لە کەشکۆڵەکەی ئێمەشدا هەیە، بێجگە لەوەش زۆربەی شاعیرانی هەردوو کەشکۆڵەکە هەر یەکن، تەنیا (عەبدوڵڵا بەگی ئەدەب و وەحشەت و ئەحمەدبەگی کۆماسی) نەبێت کە لە کەشکۆڵی «کەشکۆڵی عەزیز و سەوزەحەمەد»دا هەیە؛ (خاکی، سالم، سەلیم خانی تیکانتەپە «حاجی سەرتیپ»، زەلیل، شێخ حەسەنی مەولانائاوا و مەلارەحمانی سنەیی) کە لە کەشکۆڵی «عەزیز تورکمانکەندی»دا هەیە.

سەرەڕای ئەوانەش، خزمایەتی نێوان خاوەنی ئەم دوو کەشکۆڵەش نابێت لە بیر بکەین: خاوەنی کەشکۆڵی «عەزیز تورکمانکەندی»، مەلاحەمەدەمینی عەزیزییە، خاوەنی کەشکۆڵی «عەزیز و سەوزەحەمەد» کاک عەبدوڵڵای ڕۆستەمییە کە دەبنە بن ئامۆزای یەکدی.

١- ڕێکەوتەکانی نێو کەشکۆڵەکە:

لەم کەشکۆڵەدا چەند ڕێکەوتی جۆراوجۆر وەبەرچاو دەکەون کە وا دەردەکەوێت شیعرەکان لە چەندین کاتی جیاوازدا نووسرابێتنەوە. کۆنترین ڕێکەوت ساڵی ١٢٩٧هـ و نوێترین، ١٣٢٢هـ. واتا بە ماوەی ٢٥ ساڵ ئەم کەشکۆڵە ئەم دەستەودەستی کردووە و شتی لێ زیاد

کراوە و خوێنراوەتەوە.
١- لە شوێنێکی دیکەدا نووسراوە: مقدمە سال شیخ: (خون بشد جاری ز میان دوآب) کە بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ساڵی ١٢٩٧ (ساڵی هێرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بۆ سەر میاندواو)
لە ٢ی تشرینی یەکەم ساڵی ١٨٨٠ی زایینی (١٠ خەزەڵوەری ١٢٥٩ هەتاوی) بەرانبەر لەگەڵ زیقەعدەی ١٢٩٧ کۆچی مانگی، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری هێرش دێنێتە سەر میاندواو و دوای هەشت ڕۆژ بەرەو بناو وەڕێ دەکەوێت. (هەڵبەت وەک لەو وێنەیەی خوارەوەدا دەبینین عەزیز تورکمانکەندی لە ژێر پیتی «ب»ی «میاندواب»دا ژمارەی ٢٠ی داناوە کە دیارە هەڵەیە)، بێجگە لەوە، ئێمە وشەی «از»مان بە «ز» خوێندەوە و پێمان وایە ئەوەش هەڵەیە و ڕستەی «خون بشد جاری ز میاندواب» دەکاتە ساڵی ١٢٩٧ (یانی ساڵی شێخ) دەنا ڕستەی «خون بشد جاری از میاندواب» دەکاتە ١٢٩٨)
٢- لە کۆتایی شیعری «داری جەنگیان»دا نووسراوە: (تمت شد ٢٠ رمضان المبارک ١٣١١ «یونت ایل»)
٣- لە شوێنێکدا ساڵی مردنی سێ ئافرەت (عایشێ، خەدیجە، نەزاکەت) نووسراوە کە نازانین چ خزمایەتییەکیان لەگەڵ کۆکەرەوەی ئەم کەشکۆڵە هەبووە؛ بەڵام وەک بنەماڵەی مەلاحەمەدەمین بۆخۆیان باس دەکەن، خزمێکی زۆریان لە گۆڕستانی پێشووی بۆکاندا نێژراوە. ساڵەکان هەروەک دیارە سێ ڕێکەوتی جیاوازە: ١٣٢٠، ١٣٢١، ١٣٢٢.
٤- لە شوێنێکی دیکەدا ڕێکەوتی نووسینەوەی شیعرێکی شێخ ئەحمەدی کۆر نووسراوە و ئەمە نیشان دەدات شێخ ئەحمەد لە ساڵی ١٣٢١دا ئیدی لە ژیاندا نەبووە، بەڵام چەند ساڵ پێشتر؟ نازانین.
٥- لە جێگایەکی دیکەیشدا نووسراوە: (در حسار نوشته شد ١٣٢٢ یادگاری درویش ملا احمد کرکوک).
کە ئەگەر مەبەست گوندی «حەسار» بێ، ئەوە لە باشووری شاری بۆکانەوەیە. (*)
٦- ڕێکەوتی لە دایک بوونی کەسێکە بە ناوی عەلی خان ڕەشید (؟). عەزیز (نووسەری کەشکۆڵ) مەسنەوییەکی نۆ بەیتی بۆ لەدایکبوونی ئەم عەلی خانە داناوە کە لە کۆتاییدا دەڵێت:
**بیارید شعر تولید علی خان**
**به وجهی ثبت کن شیرین تر از جان**
**علی خان رشید دیده بازی**
**امیدست بر جهان دایم بنازی** (١٣١٨)
٧- هەروەها ئەم ڕێکەوتانەش وەبەرچاو دەکەون: ١٣١٠- ١٣١٢- ١٣٢١.

٢- مۆرەکانی نێو کەشکۆڵەکە:
ئەم مۆرانە لە کەشکۆڵەکەدا دەبینرێن:
١- محەمەد سادقی قزڵجی:
٢- عەزیز: مۆری نووسەرەوەی ئەم کەشکۆڵەیە کە لە کۆتایی شیعرێک کە بە ناوی خۆی تۆمار کراوە، دانراوە.

هەڵبەت دەبێت بڵێم بە بڕوای من ئەم شیعرە هی عەزیز تورکمانکەندی نییە، بەڵکو لە شیعرێکی ئەڵماس خانی کەندووڵەیی دەچێت کە ناوی (شەماڵ و زەلان)ە. من لەمەوبەر شیعرەکەی ئەڵماس خانم نەدیوە، بەڵام بە ناوی شیعرەکەدا و بە نێوەرۆکی ئەم شیعرەی ناو کەشکۆڵەکەدا ئەم بۆچوونەم دەربڕیوە، بۆیە دەڵێم ئەم شیعرە و ڕەنگە هەندێک لە شیعرەکانی دیکەش (وەک شیعرەکەی وەفایی) درابێتنە پاڵ عەزیز تورکمانکەندی.
٣- (عبده محمد): ئەم مۆرە لە کۆتایی لاپەڕەیەکدایە کە بە شیعری «داری جەنگیان» دەست پێ دەکات. شیعرەکە وەک لە کۆتاییەکەیڕا دیارە بەرهەمی مەلانۆشای زەنگەنەییە؛ بەڵام ئایا ئەم محەممەدە نووسەرەوەی شیعرەکەیە، یان کەسێکی دیکە، نایزانین؟
٤- لە زیاتر لە ١٠ لاپەڕەدا مۆرێکی بەرجەستە (نەک جەوهەر و مەرەکەب) بە گۆشەیەکی کاغەزەکەوە هەیە کە ڕەنگە مۆری کارخانەی دروستکەری کاغەزەکە بێت. ئەم مۆرە وەک ئەو مۆرە ئاسنانەی ئێستا وایە کە بەڵگەنامەی دەوڵەتی و بایەخداری پێ مۆر دەکەن.

٣- ناوەکانی نێو کەشکۆڵەکە:
بێجگە لە ناوی شاعیرەکان، ئەم ناوانەش لە کەشکۆڵەکەدا هەن:
١- ناوی سێ ئافرەت (ئایشێ، نەزاکەت، خەدیجە) کە پێشتر باسمان کرد.
٢- دەروێش مەلا ئەحمەدی کەرکووک (؟).
٣- مەلاحەسەن (؟).
٤- مەلا محەمەد (؟).

٥- محەمەدسادقی القزلجی البوکانی.
٦- عەلی خان ڕەشید: لە سەرەوە باسمان کرد.

٤- ناوەرۆکی نێو کەشکۆڵەکە:
١- زۆربەی ناوەرۆکی کەشکۆڵەکە شیعری کوردییە.
٢- دوعا و پاڕانەوە.
٣- دەوا و دەرمان.
٤- باسی ڕۆژانی هەفتە و کاتە پیرۆزەکان.
٥- سەڵەوات لێدان.
٦- میراتی پێغەمبەر.
٧- هەندێک شیعری شاعیرانی فارس وەک: ناسر خوسرەو، سەعدی، نیزامی گەنجەوی، ئەبو سەعید ئەبەلخەیر، خەیام، فیردەوسی.
٨- حەدیس

**لە کۆتایی وتارەکەدا سەرەتای شیعرە کوردییەکانی نێو کەشکۆڵەکە دەخەینە بەرچاوی خوێنەر.**

١- حاجی قادری کۆیی: شیعری مەه و میهری بە غارەت دا بە شوعلەی شەمعی ڕوخساری

٢- حەریق: ٦ شیعر: ١- چاوەڕێی موژدەی نەسیمم تا لە گوڵشەن دێتەوە (بە ناوی «وەفایی» بڵاو بووەتەوە.) ٢- شێخ بە تەنیا بوو کە فەرمووی من ئیبنی مولجەم دەگێم (لە وەڵامی شێخ ڕەزادا گوتوویە) ٣- عاشقی سەرووی قەدت قومری سفەت زاری دەکات ٤- لە خەرمانی ئەمەل مێرووی عەمەل جەزبی نەکرد دانێ ٥- هاتوومە بازاڕی خەیاڵ، بەیعی ویسالی یار بکەم ٦- هەموو کەس با بزانێ من کە سەودای زوڵفی تاتام.

٣- خاکی: ٣ شیعر: چراغ قوربانەن ١. چراغ قوربانەن/ سەحەر عەید نەوە، وادەی قوربانەن ٢. دووری یار کەردەن ڕەنگم وێنەی بەی ٣. بە روت افتادەام بیچارە و خوار و لیل (ئەمەیان ٥ خشتەکییەکی فارسی و عەرەبی هی خاکی و ابی بکر البخاری «السنجاری؟»یە).

٤- خانای قوبادی ٥ شیعر: ١- شیرین تەلعەتەین، شیرین تەلعەتەین ٢- شیرین شەمس شەرق، شیرین شەمس شەرق ٣- شیرین شر جوورەن، شیرین شر جوورەن ٤- یا قایم بە زات، قەدیم قەییوم ٥- هەی یاران نیان، هەی یاران نیان، حەوت بەندی هەیە: ١- هەی یاران نیان هەی یاران نیان ٢- قەدیم موتڵەق قەدیم موتڵەق ٣- یا حەی کەس چون تۆ پەرێ کەس نیەن ٤- یاڕەب من بەندەی نافەرمان تۆم ٥- یاڕەب ئەر بەدخووم ئەر پاکیزە خووم ٦- پادشای شاهان ئیقلیم هەستی ٧- کەریم کارساز دەهەندەی داوەر.

٥- زەلیل ١ شیعر: گەردنم با تەوقی تۆی تێدا بێ ئازادی مەکە.

٦- ساڵح (؟) ١ شیعر: قوتبی عالەم، غەوسی سانی خەیلێ عالی هیممەتە (موخلیسانی ساداتی نەهریە) (بە جەوهەری بنەوش نووسراوەتەوە).

٧- سالم (بیمار) ٦ شیعر: ١- بەدەل کەین با بە نەشئەی مەی خوماری میحنەتی دنیا ٢- دوشمنی خونخاری شەو بۆ قەلبی مەحزوون هاتەوە ٣- مەست دەبێ عاشق لە جلوەت وەقتێ مەیلی مەی دەکەی ٤- هەموو ئەشعاری دۆشینم لە وەسفی لێوی نۆشین بوو ٥- هەمیسان ڕوح لە تەن بێزارە ئەمشەو ٦- ئەگەر ئومێدی دڵ بێنێتە دی ماهی جیهان ئارا.

٨-سەلیم خانی تیکانتەپە ١ شیعر: شێخ نەیبیستووە چەند ساڵێ لەمەوبەر لە مەسافا (لە وەڵامی شێخ ڕەزادا).

٩- میرزا شەفیع پاوەیی ٤ شیعر: ١- دیسان وەجیا یەک بەزم سازوون ٢- میرزام دەروێشیمانەن میرزام دەروێشیمانەن ٣- میرزام زام حەی، میرزام زام حەی ٤- نامەکەت ڕیشەی دڵ هاورد وەلەرز.

١٠- شەهاب (؟) ١ شیعر: نەوبەهارا دڵبەرا وەش بۆ بە ئانی دڵبەری.

١١- شێخ ئەحمەدی کۆر ٣٢ شیعر: ١- ئەلا ئەی عاشقی دڵ ساف، کەلام (کاللؤلؤ المکنون) ٢- ئەی ماهی دو هەفتوم ڕوخ و سیمین بەدەنی تۆ ٣- ای رخت روشنتر از ماه نمایان، بل زجاج ٤- بولبول لە باغی جەننەتێ دایم دەخوێنێ عەندەلیب ٥- تا بە مەحشەر هەر دەبێژم ئەی سەلا لە منی غەریب ٦- تا قیامەت داد لە دەست تووتیی شەککەر شکەن ٧- چونکە عیشقی حەق نەبوو زەڕەیەک لە سینەی قەومی عاد (درێژەی ئەم پێنج خشتەکییەیە: حەمدی بێ حەد بۆ خودایی خالیقی فەردی وەدوود) ٨- چی بە حەققەت یار بناسێ، مەردی دانا هەر ئەوە ٩- حەمدی بێ حەد بۆو خودایەی ساحیبی فەزڵە و کەرەم ١٠- خۆش بە حاڵی عاشقانی دڵ لەسەر زەوقی کئوس ١١. دڵ دەسووتێ شیبهی مۆمە ڕۆژ و شەو لە حەسرەتێ ١٢- دڵ دەسووتێ شیبهی مۆمە شەب و

روز له حەسرەتێ؟ ١٣- دڵ هەمیشە مەی پەرستە بۆ مەیی جامی ڕەحیق ١٤- دڵبەرا پەی ڕووی فیراقت دڵ دەناڵێ چون ڕوباب ١٥- دڵبەرا تا کەی خەجڵ بێ دڵ لەبەر دەردی درێژ ١٦- دڵبەرا مەحبووسی داوم (از فراق) واو و تێ ١٧- دڵبەری بێن ماوەری، وەرد ئەحمەرێ، ڕوو گوڵشەنێ (٥ خشتەکی) ١٨- دڵبەری ساحەب کەماڵ و ئەشرەف و عالی جەناب ١٩- دیم لە خەودا شاد و خورەم یار لە من بادەی دەوێ ٢٠- ڕۆژ هەر لە عومرم کەم دەبێ، شەو هەر لە عومرم کەم دەبێ ٢١- ڕوئیەتی جەبهەت بلووران برد لە دەستم عەقڵ و دین ٢٢- شب و روز بی قرارم من لە عیشقی روی نوگلها ٢٣- شەب هەتا سوبحێ دەناڵم ئەز بە سەد ئاه و فوغان ٢٤- شەو دە خەونێدا بوو کە من دیم وام لەگەڵ شەککەر لەبێ ٢٥- صلی یارب علی در مصون / ئەی دڵا تاکەی لە بۆ زەوقی ویسال ٢٦- مۆم زەبانان دڵ چو سەنگان، قوتنی ئەعزای دڵ حەدید ٢٧- ماتم لە بەحری پەی نەدەر، لەو زوڵمەتی بێڕەوشەنە ٢٨- من لە داغ و حەسرەتی تۆ عەرز و ئاسمان پێ بوو تەنگ ٢٩- نایێ جەوابی دڵبەری، سووتام لەبەر دەردی فیراق ٣٠- وەک فەنەر دڵ پڕ لە نارم، باری عیسیان بۆتە بارم (٥خشتەکی) ٣١. هەموو کەس با بزانێ من لە سەودای تۆوە حەیرانم ٣٢- یاری من عالەم دەخیلە نیک و بەد بۆی تالیبە

١٢- شێخ حەسەنی مەولاناوا ٤ شیعر: ١- حوققەی مودەوەر، حوققەی مودەوەر ٢- ساقی مەستانە ساقی مەستانە ٣- شێخ حەسەن تا سەر، شێخ حەسەن تا سەر ٤- دڵە زاریت بوو، دڵە زاریت بوو.

١٣- شێخ ڕەزا تاڵەبانی ٤ شیعر: ١- خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا ٢- مەربووتە حەیاتم بە سلێمانی و خاکی ٣- نخواهم تاج کیخسرو، نجویم ملکت جم را ٤- یا رسول الله چە باشد چون سگ اصحاب کهف

١٤- عەزیز تورکمانکەندی (خاوەنی کەشکۆڵەکە) ١٢ شیعر: ١- بە امداد خداوندیش ای دل (بۆ لەدایک بوونی عەلی خان ڕەشید؟) ٢- حالزانی دەردی دڵان ئارامی قەلبی پڕ لە غەم ٣- خانەی سەبر بە بارانی فیراق وێرانە ٤- دڵ بە ئێش و ژان و دەردە چاوەڕێی جانانەیە ٥- زات لەم یەزەل، زات لەم یەزەل/ یا شاه شاهان، زات لەم یەزەل ٦- ساکن نییە دڵم لە ژان سەد ئەلئەمان حەکیمی دڵ ٧- شەو هەتا سوبح هەناسەم مۆسیقارە دڵبەرم ٨- شکۆفەی گوڵ بە مەیلی یارە جارجار گەر دەبارێنێ ٩- عەرزم قەبووڵ کە مەتڵەب مەکە ڕەد ١٠- (لاپەڕەی ٨٧ ون بووە، بەڵام لە سەرەتای لاپەڕە ٨٨دا دوایین بەیت لە شیعرێکی «عەزیز» هاتووە) ١١- لە ڕوح شیرینتری قوربان دەبینم لە نێو دڵدا ١٢- بشارت در بگفتا دوست آمد

١٥- فکری ٤ شیعر: ١- چاوەکەم لەوساوە چاوی من پێپەست کەوتووە ٢- ماڵی دڵ وێرانە دایم قەترەیە ئاوی لێ دێ ٣- مەڵێن دێوانەیە یا خۆ گۆڕاوە یا نە خەرفاوە ٤- عەزیزم نازەنینم هەر دوو چاوم (ئەم شیعرە بە ناوی نالیش چاپ بووە).

١٦- قودسی بۆکانی ١ شیعر: مرحبا ای سید مکی، مدنی العربی

١٧- ناری ١ شیعر: بولبولی دڵ وا لە جونبوش، عەزمی جانانی هەیە

١٨- کوردی (هەروەها بە نازناوی پێشوویەوە: مەجنوون) ٢٢ شیعر: ١- ئەرێ یاران شەوی هیجرانە یاخۆ مەحشەرە ئەمشەو ٢- ئەو سەرە بۆچی بە دایم پڕ لە عەشقی یار نەبێ ٣- ئەی دوڕی تاجی سەری شاهانی ئیقلیمی جیهان ٤- ئەی ڕەفیقانی تەریقەت دەردی عیشقم چارە کەن ٥- بۆ گەڕانی ئاشی دڵ فرمێسکی چاو ئاق دنگزە ٦- بە ئەبرۆ و خەت و خاڵ خووبی، بە باڵا چوست و چالاکی ٧- تالانی سەر و ماڵم چاوی ڕەشی فەتتانت ٨- تاکەی ئەم جەفا و جەورە چاو خوماری سوخمە ئاڵ ٩- تەشنەلەب تا کەی ڕەفیقی وەحشیانی بەر بکەم ١٠- تەشنەلەب تا کەی ڕەفیقی وەحشیانی بەڕ بکەم (نووسراوە و «لە»): یانی هی زەلیلییە؛ بەڵام ئەمە شیعری کوردییە، هەروەک لە لاپەڕە ٩شدا دیسان هاتووەتەوە.) ١١- چاوەکەم زانیوتە بۆ خەو لە چاوم ناکەوێ ١٢- چاوەکەم قوربان بە قوربانی دوو چاوی بازتە ١٣- دڵ گرفتارە ڕەفیقان هیچ عیلاجی ناکرێ ١٤- ڕەفیقی کونجی میحنەت عاجزن هەر شەو لە ناڵینم ١٥- سەدای شینم لە سینەم دێ دەڵێی ناڵەی دڵی زارە ١٦- فەلەک ڕەحمێ بە حاڵم کە بە غایەت دڵ پەرێشانم ١٧- قەبا دارایی زەڕ کوتەک کەمەرچین جوببە گوڵناری ١٨- لە نووری لامیعی تەشتێکی ڕاگرت و کوتی ڕوومە ١٩- لەیلەکەی بێ مەیلەکەی مەحبووبەکەی عەیارەکەم ٢٠- وەک دوڕ و عەقیق نەخشە دەندان و

لەبی ئاڵت ٢١- لە دووری تووتیای خاکی قەدەمگاهت دیدە بێ نوورە ٢٢- دەروون مەجمەرە دڵم بریانە قوربان.

١٩- مەلا عەبدورەحمانی سنەیی ١ شیعر: چاوەکەت فەتانە تۆ تەعلیمی دەستانی مەکە.

٢٠- مەولەوی ١١ شیعر: ١- ئایینەی کامل ئازیزەکەی فەرد ٢- ئیمشەو هەر خەمەن ها نە کەمیندا ٣- چراغم جە ڕوو، چراغم جە ڕوو ٤- زلەیخا یاران زلەیخا یاران ٥- زنجیر زوڵفان عەترئامیز یار ٦- سەد دووری چون دڵ مەعدوومی دڵ تەنگ ٧- سەفات خەجاڵەت دان بە جامی جەم ٨- قیبلەگەی دڵی پڕ ئێش و خارم ٩- قیبلەم دوور وڵات قیبلەم دوور وڵات ١٠- نامەکەت یاوا کۆسم کەفتەوە ١١- ویت بدەر ئینساف نەونەمام نۆ

٢١- میرزا فەتحوڵڵا (؟) ١ شیعر: یا فەرد عەزیم، یا فەرد عەزیم/ یا حەی یا قەییوم، یا فەرد عەزیم.

٢٢- نۆشا گوڵباغی زەنگنەیی: ١ شیعر: هام سەران وەختێ هام سەران وەختێ (عەزیز محەمەدپووری داشبەندی ئەم شیعرەی بە ناوی داری جەنگیان مەشهوور بە داری پیرەدار چاپ کردووە).

٢٣- نالی ١٥ شیعر: ١- ئەستێرە هەموو مەحوە لە نێو نووری قەمەردا ٢- ئەی خەستەیی چاوت هەموو ئاهوویی تەتاری ٣- با ڕەفیقانم بکەن شینم کە وەقتی زارییە ٤- بە مەرگی تۆ قەسەم زاهید هەموو عومرت عبوورێکە ٥- تا سونبولی زوڵفت لە نەهالی قەدت ئاڵا ٦- تا لە من ئەو شۆخە ڕێگەی بۆس و کەناری گرتووە ٧- حەنایی کردووە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم ٨- زوڵفت لە قەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە ٩- زوڵفەینی بە خەم مار و بە حەڵقەن وەکو عەقرەب ١٠- شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم ١١- کەوا زەرتایی یەکتایی دەڵێی خورشیدی ئافاقە ١٢- گوڵبونی قەدت لە قوبەی سینە غونچەی کردووە ١٣- من کەرێکم بوو، چ پەیکەر، تەیکەری هەوراز و لێژ ١٤- نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ ١٥- هەرچەندە کە عومری خزر و جامی جەمت بوو.

٢٤- وەفایی ١٦ شیعر: ١- ئەی حوسنی ئەزەل دا نەفەسێ خۆت بنوێنە ٢- ای امام المرسلین، شمس الهدی، بحر الهمم ٣- دەمێک ساقی دەمت بێنە دەخیلی چاوەکانت بم ٤- دەمێکی هەستە پێ قوربان، جەماڵت عالەم ئارا کە ٥- دڵ دەناڵێ دەم بەدەم سووتاوی تاوی فیرقەتە ٦- ڕوحم بە فیدات ئەی گوڵی گوڵزاری مەدینە ٧- زەدەی ڕووتم بە چاوی تۆ شیفام بێ لێوەکەت نابێ ٨- سوڵتانی هەموو سەرو قەدان، ماهی حەساری ٩- غەم زەدەی خۆتم نیشانەی تیری موژگانم مەکە ١٠- گوڵێکم بوو لە دنیادا شکۆفەی باغی ڕەعنایی ١١- لە باغان ئاهو ناڵین دێ دەڵێن شای نێو گوڵان ڕۆیی ١٢- لە ژێر زوڵفی سیادا ڕووی وەدەر نا چاوێکی وا کرد ١٣- لەبەر نازی چاوبازان خورد و خاوم خوێناوە (سەرجەمی شیعرەکە بە جەوهەری بنەوش نووسراوە و لە سەری نووسراوە «من کلام عزیز»، بەڵام هی وەفاییە) ١٤- لەسەر چی لێم زیزی، چ بووە چ قەوماوە ١٥- هێند نەخۆشی دەردی دووریم وەختە گیان و دڵ دەرێ ١٦- یا ڕەسوولەڵڵا دەخیلەک، ڕووم نییە بێمە حوزوور.

شیعرێکی عەزیز تورکمانکەندی، نووسەرەوەی ئەم کەشکۆڵە

**شکۆفەی گوڵ بە مەیلی یارە جارجارە گەر دەبارێنێ**
**لە هەر جێیەک کە گوڵ بوو، بولبولیش مەعلووم دەناڵێنێ**
**ئەرێ یاران دوعا کەن با گوڵ و بولبول بە وەسڵی یەک بگەن، با کامەران بن، بولبولیش خۆش خۆش بناڵێنێ**
**وەکو قومری و تەزەرو و تاوس و بازن ڕەفیقانم**
**بۆ وەسڵی ڕوئیەتی دیدەت دڵی جوغدم دەناڵێنێ**
**دەبێ مەیلت لە دڵما بێ هەتا ئەو ڕۆژە پێی دەمرم**
**لە ئاخر عومردا کە شەیتان بە تاراجی دڵ کە نەرفێنێ**
**ڕەفیق و هەمنشینی من دەبێ مەیل و وەفای تۆ بێ**
**جوابدەر بێ، لە قەبریشدا مەلایک دڵ نەترسێنێ**
**ئەمەند موشتاقی خاڵی تۆم کە خاڵیشت لەبەر خاڵت**
**تەرەحوم کا بە فەرمانت کە جورعەی مەی لە بۆم بێنێ**
**بە زاهیر پێم دەڵێن چاکە منیش پۆشراوی لەفزی خۆم**
**دەسا مەیلێ بفەرموو بای شەماڵ ئەم پەردە بڕفێنێ**
**کە بەختی خاب ئالوودم دوو ساڵە وا لە خەودایە**
**بفەرموو حەکیمی حاڵزانێ ئەمڕۆ هەڵیستێنێ**
**حەکیمی حاڵزان زۆرن لە دنیادا، ئەما یاران**
**حەکیم هەر ئەو حەکیمە وا لە خەستەخانە دەنوێنێ**
**عەزیز خامۆش بە خۆ دیوتە حەکیمی حاڵزان چۆنە**
**پەلی(؟) دەبڕێ ئەگەر عەهدێ کە فەرموویە بەجێ بێنێ**

کورتەی ژیانی شاعیرەکان:

زۆربەی شـاعـیـرانی ناو ئەم کـەشکۆڵە ناودارن و دیوانەکـەیان چاپ کـراوە، لێـرەدا تـەنیـا باسی ژیانی ئەو کەسانە دەکەین کە تا ڕادەیەک بێ ناوونیشانن:

١- فکری: مـیـرزا عـەبدوڵڵای سەلمانی خـەڵکی سنە بووە و بە سەلمانییەوە خەریک بووە (١٢٨٦-١٣٥٨)

٢- شـێخ حـەسـەنی مـەولانائاوا: (١٠٤٠-١١٣٥) خواناس و زانایەکی سەردەمی نادرشای هەوشار بووە و ئێستا گۆڕەکەی لە دێی مەولانائاوای سەقزە.


٣- لە «تاریخ مـشاهیـر کـرد»ی بابا مـەردووخدا سێ کەس بە ناوی شەفیع هەیە: ١- میرزا شەفیع کولیایی (هاودەورەی خوسرەوخانی ئەردەڵانی یەکـەم) ٢- مـیرزا شەفیع جامەڕێزی خەڵکی لای کەرکووک کە لە سەدەی سێـزدەدا ژیاوە ٣- مـیـرزا شـەفـیع پاوەیی (١٢٠٠-١٢٥٥).

٤- قــودسی: مــەلا عــەبدوڕەحــیم کــوڕی مــەلا عـەبدولغـەنی لە ئاوایی شـیلاناوێی سەر بە تورجان لە دایک بووە. هاودەورەی مـەلاعـەلی قـزڵجی تورجـانی بووە. (١٢٣٠- ؟)

٥- نەدیم: میرزا عەلی ئەکبەر برای قائانی شیرازی، شاعیری دەورەی قاجارەکان (؟ - ١٢٦٣).

٦- نۆشا: مەلانۆشا خەڵکی ئاوایی گوڵباغە. وەک عـەزیز مـحـەمـەدپووری داشـبـەندی دەڵێ لە سـەردەمی





نادرشادا ژیاوە.

٧- مـحـمـدسادق قـزڵجی (قازی کـاکەحەمـە): کوڕی مەلاحەسەن کوڕی مەلاعەلی قزڵجی، کەسایەتییەکی زانا و ئەدیب بووە. لە ســاڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە بۆکــان کۆچی دوایی کردووە و لە گومبەزی سەردار نێژراوە.

٧- فازل نۆدشەیی: نەمزانی کێیە؟

**سەرچاوەکان:**

**١- تاریخ مـشـاهیـر کـرد، بابا مـردوخ ڕوحانی (شیـوا)، سێ بەرگ، چاپی سروش، تاران، ١٣٨٢.**

**٢- شاعران کرد پارسی گو، عبدالحمید حیرت سجادی، چاپی ئیحسان، تاران، ١٣٧٥.**

**٣- مـێـژووی ئەدەبی کوردی، مـارف خـەزنەدار، چاپی ئاراس، ٢٠٠٢.**

**٤- گــۆڤــاری ژین، ژمــارە ١، پووشــپــەڕی ٢٠٠٩، وتاری (کەشکۆڵی عەزیز و سەوزەحمەد)ی ئەنوەر سوڵتانی.**

**٥- دیوانە چاپکراوەکــانی ئەو شــاعــیــرانەی ناویان لە کەشکۆڵەکەدا هەیە.**

**سەرنج: نووسراوە (یادگاری مەلا ئەحمەد کەرکووک)، بۆیە دەبێ گوندی (حەسار)ی لای کەرکووکی مەبەست بێ، نەک ئەو (حەسار)ـەی باشووری شاری بۆکان. (ڕامان)**

# مەنسووری یاقووتی و ئەدەبیاتی چیرۆکی کرماشان


عومەر محەمەدی
(شنۆ)

ئەگەر ددان بەوەدا بنێین کە لێوردبوونەوەی ورد لە دیاردە سروشتی و بنەما کولتوورییەکان لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی نووسەرانی ڕۆمانتیک دێتە ئەژمار، ئەوە دەتوانین بڵێین ئەدەبی چیرۆکی کرماشان لە ساڵەکانی کۆتایی چل و پەنجاکاندا کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی سۆسیالیست و لە کارتێکەری بەرهەمەکانی وەک شۆلۆخۆف، تۆڵستۆی، دەستۆیڤسکی و... بێبەری نەبووە. نووسەرانی کوردی فارسینووس وەک: محەمەد عەلی ئەفغانی، عەلی ئەشرەفی دەروێشیان، ئەحمەد مەحموود، دەوڵەتئابادی، مەنسووری یاقووتی و... لەو کەسانە دێنەژمار وەک پێشەنگی بزاڤی ئەدەبیاتی بەڵێنی و شۆڕش لەم دۆخە زەمانییەدا ئەم نووسەرانە بە فۆرمێکی تایبەت و شێوە زمانێکی جوگرافیایی و بابەتگەلێکی کۆمەڵگەی دێهاتی، کولتووریان وەک بەڵێن کردە تێکست و ناواخنی چیرۆک، بەم جۆرە توانییان بەردەنگ و شێوازێکی تایبەت بۆ خۆیان دروست بکەن، بەڕاستی لەم بوارەدا سەرکەوتوو بوون و توانییان لە ماوەیەکی کەمدا ڕێژەیەکی زۆری بەردەنگ بە دەست بێنن. لەم وتارەدا دەقی چیرۆکێکی مەنسووری یاقووتی وەک نموونە و سێبەری ئەم شێوازە دەخەینە ڕوو.

ئەگەر دەروونشیکاری کەسایەتییەکان و شێوازی ڕۆمانتیک وەک فاکتێکی هاوبەش لە ئەدەبی چیرۆکی ساڵەکانی ٤٠ و ٥٠ی کرماشان بێنینە ژمار، بێ شک مەنسووری یاقووتی لە ڕیزی ئەم نووسەرانەیە کە بوێرانە توانیویەتی بە قەڵەمی بەپێز و پەخشانی پتەو، ڕاستییەکانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی هونەری بنرخێنێ و مانۆڕی بزاڤی هەستیاری لە پانتایی ئەدەبی ڕۆمانتیکدا بنوێنی، هەروەها پسپۆڕانەو میتولۆژیکال، دەروونشیکاری کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکانی خۆیی بکا. لە بری ئەم خەسڵەتانە مەنسووری یاقووتی بە

هاوتای گەورە نووسەرانێکی وەک چێخۆڤ، بەراورد دەکرێ. تایبەتمەندی بنەڕەتی چیرۆکێکی باش گرێدانی توندوتۆڵی پێشەکی لەگەڵ چەمک و ناوەڕۆکدایە. بەم واتایە کە خوێنەر یەکەم هەنگاوی پێشەکی بە دەسپێکی چیرۆک دەزانی."..  لە پەناداریێکی قەراغ ڕێگای قیرەتاوەکەدا خۆی حەشاردا.... "نووسەر لەهەمان دێڕی سەرەتادا قامک لەسەر ڕاستی شوێن و زەمان" دادەنێ و ڕاستییەکان وێنا دەکا. کەڵک وەرگرتن لەم جۆرە تەکنیکە. دەرفەت بۆ گونجاندن و خۆڕێکخستن لەگەڵ دنیایەکی هەراوتر پێکدێنێ. ئیتر لەمە بەدوا ڕیوایەت دەبێتە پاژێک لە کردەوەی کەسایەتییەکان نەک وەسفکردنێکی ڕووت و ڕەها. دەسپێکی چیرۆک وەستاو نییە، بەڵکو ڕەوتێکی زیندووە و بگۆڕی تێدا دەبینرێ."..  بێ دەنگ و هێور حەشارگەکەی جێ هێشت لە جادە قیرتاوەکە دوورکەوتەوە و بەرەو مامرخانەکە کەوتەڕێ کە لە دوورەوە لە تاریکایی شەودا مات و بێدەنگ بوو." هەرچەند مەبەستی قارەمانی چیرۆک لە سەرەتاوە دیارە، بەڵام ئەنجام و هۆکار لە درێژەی چیرۆکدا دادەڕێژرێ لەم شێوازە چیرۆکیانەدا کاردانەوە و دژکردەوەی کەسایەتییەکان وەک فاکتەرێکی باش پێناسە دەکرێ. هەتا زیاتر کردەوەی کەسایەتییەکان شی بکرێتەوە، چیرۆک بە هەمان ڕادە، جۆرەکی و شانۆییتر بەرەوپێش هەنگاودەنێ و نووسەر لەم گۆشەنیگایەوە مەودای ڕوانینی خۆی پتر پەرەپێ دەدا و بە کەڵک وەرگرتن لە کەرستەی کردار، زانیاری پێویست لە چیرۆکدا دەگونجێنی و ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو و سەرسام دەداتە پاڵ کەسایەتی سەرەکی چیرۆک."..  سیرەنگ شەمچەی لە باخەڵی پانتۆڵەکەی دەرهێناو دەنکێکی پێدا هێنا، ئاورەکە داگیرساو دەستەکانی کۆزبلە کرد هەتا نەکوژێتەوە، سەرنجێکی مامرخانەکەی داو دەنکە شەمچەکەی ڕاگرت هەتا ئاورەکە بەرەو تەواوبوون چوو، هەرکە گەرمایی گەیبیە دەستی، فووەکی لێکرد و شەمچەکەی خستەوە گیرفانی و بۆ لای مامرخانەکە چوو".

دەروونشیکاری کەسایەتی بە پێی مەبەست دەچێتە پێش و ئەم دەروونشیکارییە لەسەر شانۆگەری هێماو دیاردەکان وێستاوە. کەڵک وەرگرتن لە کلێشە سوونەتییەکان دەوری ئەم نواندنانە گرینگتر دەکا، "دووحەوتوو پێش، دەمە و ئێوارە درەنگان خۆی لەدەراوی ترس دابوو بە خاوەن کارەکەی گوتبوو حەقدەستی خۆم دەوێ نە بەرگم هەیە نەپێڵاو، خاوەن کار کە لە ژێر دارەمێودا تریاکی دەکێشا، گوتبووی باشە ئەمە سەدەمین جار بوو کە دەیگوت باشە، بەڵام هیچ دراوێک



**مەنسووری یاقووتی**

لە گۆڕێدا نەبوو " نووسەر لە ئەفراندنی کەسایەتی سێ جۆر دەروونشیکاری هێناوەتە ئارا: یەکەم، بەدی کراو، یان وەدی هاتووەکان کە بەڕیوایەت دەست پێ دەکاو کردەوە و دژکردەوەی کەسایەتییەکانی بە دواوەیە کە نووسەر وێنایان دەکا، وەک ئەو نموونانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردن. دووەم، دەروونشیکاری زەینی کە نووسەر لە هێندێک شوێن لە ئەزموونی خۆیی بۆ ناسکردنی ئەو دۆخەی کە ڕووداوی چیرۆک دەخوڵقێ، کەڵک وەردەگرێ:

کاتێ قارەمانی چیرۆک، واتا سیرەنگ وەک تاوانبار دەخرێتە بەندیخانە. نووسەر بەندیخانە بەم جۆرە، ڕیوایەت دەکا: "بەندیخانە کاردانەوەی چەند جۆرەکی لەسەر کەسە جیاوازەکان هەیە، بەڵام شوێنگەلێکی گشتیشی هەیە، بەندیخانە مرۆڤەکان خۆ ڕاگر و وردبین بار دێنێ. بەندیخانە تۆوی کینە دەپرژێنێتە دەروون و ڕەوتی ئاسایی دەروونی مرۆڤەکان تێک دەدا..."

سێیەم، دەروونشیکاری بەدیکراو، زەینی نووسەر لەم بەشەدا تێکەڵاوێک لە وشەزمانی و زمانی کەسایەتی پێکدێنێ و لە دیالۆگ کەڵک وەردەگرێ، پاراستنی زمان لە دیالۆگدا بێجگە لە ئاگایی پێدان یارمەتی بە یەک پارچەیی چەمک و دەقیش دەگەیەنێ. کەڵک وەرگرتن لە دیالۆگ بێجگە لە دەروونشیکاری کەسایەتییەکان گۆڕانی دۆخ، تەنانەت بە لارێ بردنی ڕەوتی کردەوە و گۆڕانکاری ڕوانگەییشی بەدواوەیە. ئەم کارە دەبێتە هۆی ڕاگواستنی دەروونی کەس بۆ ناخی زەمان و دووبارەکردنەوەی ئەندێشەی نەخوازراو، یانی نووسەر بەم

کاره تیشک دەخاتە سەر ویست و خواستی سەرەکی خۆیی و دژکردەوەی زیاتری بە دوادادێ و ڕووداوی تری لێ دەکەوێتەوە: "... دەرگە دارەکەی دیوەخان کرایەوە لە پێلەکانە گڵێیەکان چووە خوارێ، دایکی کە بە قژی سپییەوە مەشکەی دەژاند، دەستی ڕاگرت و ڕووی وەرسووڕاندەوە و گوتی: بۆ کوێ دەچی ڕۆڵە؟

- سەرکانی.
- ئاگاداری خۆت بە.
- سیرەنگ بە سەرسامییەوە پرسی بۆچی؟

ڕەنگ و ڕووی دایکی تێکچوو. بە پرسەوە گوتی دوێنێ شەو لە کوێ بووی؟

- سیرەنگ خێرا گوتی لە باخی سەرۆ.

دایکی بە دڵەڕاوکێیەوە گوتی، لە دێ بۆتە دەنگۆ کە تۆ مامرخانەت ئاور تێبەرداوە!

- ئاگر؟
- دوێ شەو مامرخانە ئاوری تێبەر بووە کوڕم!
- هەتا درەنگ نەبووە لێرە بڕۆ، بڕۆ تاران لای برات.

چیرۆک چ لە ڕووی دۆخ و چ لە ڕووی شێوەوە، هاوکات لەگەڵ زەینی خوێنەر دەچێتە پێش، زۆرجار دۆخ، ڕووداو دێنێتە ئاراوە؛ ژیانی ناڵەباری سیرەنگ لە لایەک و پەڵپ و بیانووی خاوەن کار لەبابەت گوێ نەدانی دەست حەق لەلایەکی تر کردەوە و دژکردەوەی کەسایەتییەکانی بەدواوەیە. ئەم ڕەوتە لە چیرۆکدا دۆخ و کات لە شێوەی ئاسایی و هەنووکەیی خۆیی دەترازێنێ و دۆخێکی نوێتر دێنێتە پێش، لەنگەر ڕاگرتن لە نێوان پێشهاتەکان و بەرەو پێش بردن و ڕێنوایی کردنی ئەم پێشهاتنانە لەگەڵ گونجاندنی کردەوەی کەسایەتییەکان لەگەڵ یەکتر کاریگەری هەیە. ئەو فاکتۆرانەی نێوبران، واتا ڕووداو ئەزموونی کەسایەتی شێوەیەکی میلۆدرامیک دەئافرێنێ. کاتێ سیرەنگ بە تۆمەتی ئاگر تێبەردانی مامرخانەکە دەکەوێتە بەر شەقی پیاوانی دەوڵەت هەتا ددان بە کردەوەکانی خۆی دابێنێ لە کاتێکدا خوێن بە زار و لووتیدا دێتەدەر هەوڵ دەدا تۆڵە وەستێنی و خۆی لەم دۆخە دەرباز بکا لەم کاتە دایە دەرفەتێکی تر بۆ ڕووداو دێتە پێش"... سیرەنگ گوتی میزم دێ سەرکار ئیستوار گوتی ببیە ئاودەست ئاگات لێ بێ فێڵێکی لە بن سەردا نەبێ. سیرەنگ دەستی بەزگییەوە گرت و داهاتەوەو بۆ ئاودەست وەڕێ کەوت ئاودەست لە پشت بانەوە بوو، دەرگەیەکی داری هەبوو سەرکار عیراقی گوتی: ئیعتراف بکەی ڕاپۆرتەکە بە قازانجی تۆ دەنووسین، ئەوکات لە دادوەریدا پێداچوونەوەیان لەسەرت دەبێ. سیرەنگ تفی لە عەرزی کرد و ڕووی بەرەو لووتکەی هێلانە سیسارک وەرگێڕا. هەڵۆیەک لە بەرزاییەوە بوێرانە دەسووڕایەوە وا هەستی کرد کە حیلەی ئەسپێکی سپی لە قەراغ قۆپیاوەکەی لێرەوار دەبیسێ، بۆ کاتێکیش ئەم ئەسپەی بەیالی بڵند کە زیخەبەردی ئاورینی لەژێر سم خلۆر دەبوونەوە هاتە بەرچاو! خێرا وەرسووڕاوە و بەتەواو هێز و توانایی لە دەم و لووتی سەرکار عیراقی ڕاکێشاو تفەنگەکەی لە نێو دەستەکانی چولەپێچ داو لە دەستی دەرێنا بە قۆنداغەکەی دەسینگی کوتاو سەرکار لێک ئالاو بەسەر قەلاغەی سەر کادیندا کەوتە خوار. سیرەنگ لەو بان بۆ ئەو بان بازی داو خۆی بەکۆلانێک داداو باریکە ڕێی گڵە زەردی گرتەبەر...."نووسەر لە هەر سێ قۆڵ کە ئاماژەی پێ کرا گریمانە و چاوەڕوانی خوێنەر بەشێوازێکی هونەری و شانۆیی دێنێتە دی. کەڵک وەرگرتن لە بوار و دەرفەت لەگەڵ کردەوەی چاوەڕوان نەکراوی قارەمانی چیرۆک، هاوکاتە. هەرچەند بەشی زۆرینەی چیرۆک ڕیوایەتییە، بەڵام ڕیوایەت بەشێکی دانەبڕاو لە ئاکار و کردەوەی کەسایەتی، یان کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکە و ڕووداوەکان لە مەترسی بەکرێ گیراوانی دەوڵەتدا ئاڵوگۆڕ دەکرد و پەخشانێکی بەبڕشت و دەوڵەمەند پێکهاتووە. کەسایەتییەکان بەکردەوەکانیانەوە پێناسە دەکرێن. چیرۆک وێنەیی و شانۆیی دەچێتە پێش، ئەگەر لە ڕەوتی چیرۆکدا جار و بار کورتە دیالۆگ دێنە بەر چاو بۆ مەبەستی بەرەوپێش چوونی گەلالەی چیرۆکە و مەنۆلۆگەکانیش هەر بۆ ئەو مەبەستە بیچمی تایبەت بە خۆوە دەگرن و لە پێکهێنانی شێوازی سەمبۆلیک دەوری گرینگ دەگێڕن. ئەم دەورە سەمبۆلیکیانە کە لەگەڵ مەنۆلۆگ تێکەڵاون، ڕەگەو ماکەیان بۆ ناخی کەسایەتییەکان دەگەڕێتەوە کە بۆ دووبارە پەروەردەکردنی ڕیوایەتی ڕەمزاوی گرنگیان هەیە و بۆ پەرەپێدانی خواستی کەسایەتی یارمەتی دەرن، هەر بۆیە "کارکردی خەیاڵەکان دەبێتە پێکهێنانی بیچمی ئەندێشە لە شێوەی خۆیی بۆ مەبەستی پەرەگرتنی مانا."(فرۆید)

"دالدیانۆس" سێ فاکتەری گرینگ لە خەیاڵدا شی دەکاتەوە: یەکەم، ئەو پێشبینییەی کە ڕاستەوخۆ لە خەیاڵدا دێن. دووەم: پێشبینی هێندێ لە ڕووداو، کە لە خەیاڵەکانی دواتردا دێن. سێیەم خەیاڵەکانی سەمبۆلیک، یانی شتێکی جێنشین کە خۆی ناسراوەیە.

ئەم خاڵانە لەم چەند دێڕە بژاردەیەی چیرۆکدا دەبینین:

"... سیرەنگ گەڕاوە و ڕووی لە لێرەوار کرد کە بەدەم خۆرئاوا ڕووناک بوو بەخۆی گوت ئێستا دەرفەتی تۆڵەیە، سیرەنگ! کەمتیار لە هێلانەکەی خزاوە! بە کلکی داسەکەی لە تەپڵە سەری مارەکەی داو فڕێی دا قووڵایی ئەم قەڵشایەی کە دەگەیشتەوە قۆپیاوەکە سەری

مارەکە کەوتە سەر ئاوەکە، کە بە گیاو گوڵ داپۆشرابوو. قۆپیاوەکە سەری مارەکەی بە دوو چاوە سڕو سەهۆڵاوییەکە هەڵلووشی." پێکهێنانی بوارەکانی خەیاڵی لە ناخەوەی ڕیوایەتگەردا، گێڕانەوە دەخاتە گەڕ، کە زۆرجار ئەم ڕەوتە لە گێڕانەوەدا، لە ڕیوایەتگەرەوە بۆ قارەمانی چیرۆک ڕادەگواسترێ. بیری تۆڵەسەندنەوە لە خەیاڵدا چەکەرە دەکا. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە ناخی وێژەییدا بۆ مەبەستی کردەخوازی، مەنۆلۆگ بە دیالۆگ دەبەستێتەوە کە لەگەڵ پێش گوتە و ڕووداو، سەمبۆل ڕێک کەوتووە. تەواو ئەو کاتەی کە سیرەنگ لە بەندیخانەدایە، بیر لەو خەیاڵانە دەکاتەوە کە بەمێشکیدا تێپەڕ دەبێ گەڵاڵە بۆ"تاڵان" دادەڕێژی. سیرەنگ لەم خەیاڵانە دا، تاڵان بە بیانووی کوپەڵە زێڕ دەباتە شوێنی دیاریکراو و لەوێ بڕیاری خۆی دەگەیەنێتە جێ لەم بەشە لە چیرۆکدا، ڕاوی جارێکی تر دەگەڕێتەوە دەروونی هۆشیار و ئەنجامی ئەخلاقی وەردەگرێ "فرۆید" لەم باوەڕەدایە کە کردنەوەی گرێی ڕەمزەکانی خەیاڵ لە ژیانی کەسی خەیاڵوەردا، گەڕانەوە بۆ ناخی دەروونی ناهۆشیاری گەلە، ئەمەش کاتێ گرینگی پێدەدری کە خەیاڵ وەک نویسارێک بە ڕەمزەکانییەوە بێنینە بەرچاو. پێوەندی نێوان جیهانی خەیاڵی و ڕاستی لە خۆیدا هەڵگری پەیامی کۆمەڵایەتییە کە نووسەر بە یارمەتی وەرگرتن لە گێڕانەوە، ڕاستییەکانی ژیان خۆیا دەکا. چیرۆکێک کە تێکەڵاو لە کارکردی ئەفسانەیی بێت، یەکەم ڕووداوی بایەخمەند و گرینگە "میرچاد ئیلیادە" لەبابەت خەیاڵ و ئوستوورەناسییەوە بایەخ بە یەکەم ڕووداوی چیرۆک دەدا. هەروەک لەم چیرۆکەدا دەبینین دواهاتەکانی چیرۆک دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم ڕووداو یانی هەموو کێشەکانی بۆ یەکەم هۆکاری چیرۆک دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کە سیرەنگ بۆ تۆڵە سەندنەوە لە ئاغا، مامر خانەکەی ئاور تێبەردەدا. ئەنجامی چیرۆک بەڕاستییەکی تێکەڵ بە ئەفسانە و خەیاڵ کۆتایی پێ دێ. لێرەدا شی کردنەوەی ئەفسانە، لێکدانەوەی کۆمەڵناسی، کولتوور و مێژووە.. چیرۆک کاتێ قووڵ دەبێتەوە کە ڕووداوەکانی دەرەکی چیرۆک کار لە کەسایەتی چیرۆک بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. تاڵانی کوڕی مراد بەگ کەسایەتییەکی بەکرێ گیراوی دراوسێی سیرەنگە، تەنیا کەسێکە سیرەنگ دەخاتەداو، ئازار و ئەزیەتی دەداو تووشی بەندیخانەی دەکا، بەڵام پێشهاتەکان نەک تەنێ سیرەنگ بە چۆک داناهێنن، بەڵکو خاراوی باردێنن هەتا باشتر لە دەرفەتەکان کەڵک وەرگرێ و گەڵاڵە داڕێژێکی کارامە بێ و ئاستی بەرزبوونەوەی چیرۆک بەرێتەسەر و کۆتایی پێ بێنی.. کاتێ سیرەنگ لە بەندیخانە ئازاد دەبێ، چاوەڕوانی دەرفەت دەمێنێتەوە هەتا ڕۆژێک تاڵان دێتەوە بۆ لای دێ، سیرەنگ بەو چەکەی کە پێشتر کەوتبۆ دەستی، تاڵان دەخاتە داو و لە قۆپیاوەکەی داوێ هەتا بخنکێ. نووسەر لەم بەشە لە چیرۆکدا بە تەوسیفەکانی ڕۆمانتیکی لە شوێنی ژیانی خۆی هێمای ڕاستییەکان لەگەڵ ئەفسانە و خەیاڵ گرێ دەدا، لە دوو جەمسەری ئەم گرێیەدا جیهانێکی ئارمانی بۆ خۆی پێکدێنێ کە لەم جیهانەدا دەتوانین بوێری و قارەمان پەروەری بەدی بکەین، بۆیە هەر لێرەوەش سەرساميیەکانی چیرۆک دێنە بەرچاو. پێوەندی نێوان جیهانی ڕاستی و خەیاڵی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی بە شێوەی سروشتی و کەڵک وەرگرتن لە وێنە ڕیوات، خۆیا دەبن ئەم ڕیوایەتە چالاکانە دەتوانێ خۆی لە قەرەی شێوازی فانتازی بدا و شێوازێک لەشیکاری دەروون، یان دەروونناسی بخاتە بەردەست. "گۆستاڤ یۆنگ" دەروونی ناهۆشیاری تاک بەناهۆشیاری کۆمەڵ دەلکێنێ کە لە زەینی تەواوی مرۆڤەکان گشتی و هاوبەشە. حەشیمەتێکی فرە لە کەسایەتییەکانی وەک، جەردە، سەرەڕۆ، بکوژ، حۆقەباز،... کۆی چیرۆک پێکدێنن کە کردەوەی ئەم جۆرە کەسانە لە بابەت پیسی و قێزەونییەوە لە کەسایەتییەکانی چیرۆکی تەلاری ژمارە ٦ی "چێخۆڤ"ی ڕووس دەچن. ئەگەر نووسەری ئەفسانەی سیرەنگ دۆخی قارەمانی خۆی لە بەندی تاکەکەسی پسپۆڕانە وێنا دەکا. هەر ئەو شوێنە تۆقێنەرە لە چیرۆکی "پیاوێک لە پارێزەک"ی چێخۆڤدا دەبینرێ. مەنسووری یاقووتی لە بری کەڵک وەرگرتن لە هەوێن، مایەکانی ڕۆمانتیکی و ڕەخساندنی بوارەکانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لە چیرۆکدا شوێن پەنجەی قەڵەمی لە ڕیزی گەورە نووسەرانی ڕۆمانتیکدا دیارە.


**سەرچاوە:**

**١- درسهایی درباره داستان نویسی. لئونارد بیشاب، ترجمه: محسن سلیمانی سازمان چاپ ونشر پاییز ٧٤.**

**٢- مکتبهای ادبی، رضاسیدحسینی، تهران نگاه- ٧١.**

**٣- ساختار و تاویل متن، بابک احمدی، تهران، نشر مرکز ١٣٨٠.**

**٤- تاریخ ادبیات روسی، سعید نفیسی چ - توس - ١٣٦٧.**

**٥- افسانه سیرنگ ؛ منصور یاقوتی، انتشارات ترجمان اندیشه، تهران ١٣٨٢.**

**٦- کتاب سه شنبه، هفته نامه آوای کرمانشاه، اسفند ١٣٨٩.**

# پەرویز شاپوور؛ دنیای پشیلە و دەرزیلە و ماسی و کاریکاتێر

سەید ئیبراهیم نەبەوی
لە فارسییەوە: جەمالەدین ئەحمەدیان
(مەهاباد)

دانانی نێوێک لەسەر کتێب، یان وتارێک سەبارەت بە پەرویز شاپوور کارێکی دژوار نییە، تەنیا پێویستە یەکێک لە ڕستەکانی ئەو کتێبە، یان ئەو وتارە دەس دەیەی و کەڵکی لێوەرگری هەتا گرفتەکە چارەسەر بێ. گرینگیش نییە کام ڕستە هەڵبژێری؛ هەموو ڕستەکانی شاپوور سەرنجڕاکێش، جوان و تەواون. بۆ وێنە دەکرێ نێوی «حەمامی ئاونگ» هەڵبژێرین، لە ڕستەیەکدا کە دەڵێ: «گوڵ لە حەمامی ئاونگدا خۆ دەشوا»، یان بۆ وێنە کەڵک وەرگرین لەو ڕستەیە: «هەر گەڵایەکی زەرد، پاییزێکی بچکۆلانەیە» یان سەدان ڕستەی تر.

پەرویز شاپوور لە نێوان تەنزنووس، کاریکاتێریست و شاعیرە ئێرانییەکاندا «هەڵکەوتە»(١)یەکە. ئەو کۆمەڵێک بابەتی تایبەت بەخۆی هەیە و سەبارەت بەو بابەتانە، بە شێوەیەکی جیاواز دەدوێ. وشەکان وا لە پەنایەک هەڵدەچنێ کە دەکرێ هەوێنێک بێ بۆ کێشانەوەی زۆر تەرحی (هێڵکاری) جیاواز، یان سەبارەت بە ڕستەیەکی، وتارێکی تێروتەسەل بنووسرێ.

ڕستەکانی هێندێک جار شیعرین، وەک «هایکۆ»یەکی بچکۆلە و پڕ چێژ. هەندێک جاریش نووسراوەکانی تاڵ و دڵتەزێن، جارجارەش شیرین، جاروباریش وریاکەرەوە و هەندێک جاریش فەلسەفی. تەرحەکانی نیشاندەری دنیایەکی جیاوازن. ئەو تەرحانەی هەر هێڵێکی ئیمزایەکە. مشکەکان، پشیلەکان، ڕەختاوێزەکان، خولی بەتاڵی خولانەوە بێ کۆتاییەکان، چاویلکەکان، تونگەکانی ماسی، تەنانەت ڕادیکاڵە نامۆ و تەڵەپەڕێنەکانی، هەر یەکەی ئیمزایەکە لە وێنەیەکی کە لە زەین و ڕوحی شاپوور سەرچاوەی گرتووە و جاروبار لەبەر چاوی ئاسانخوازانی سووکەڵە- بەهۆی ڕاهێنانی بە هەڵەی تەنزنووسانی هاوچەرخی ئێمە- گران دێ و نامۆ

دەنوێنێ و هەندێک جاریش مەسخەرە (گاڵتەجارانە) دێتە بەرچاو.

شاپوور کابرایەکی زۆر دەس قووچاو و سەقیلە! ڕەنگە حەوسەڵەی خۆ دەرخستن و ڕوونکردنەوەی نەبێ و حەزیشی لە چەنەبازی و قسەی زیادی نەبێ، بۆیە لە کاریکاتێرەکان و کاریکاتێرستەکانیدا، ئەوپەڕی لەچەری لە کەڵک وەرگرتن لە هێڵ و وشە دەنوێنێ، یان ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە خۆشمان دەوێ؛ چونکە قەدری سەلامەتیی «کورت بڕینەوە»(٢)ی پەرویز شاپوور دەزانین لە ڕۆژگارێکی نەخۆشدا کە زۆربڵێکان- قسەیەکیان بۆ گوتن پێ نییە- سازیان داوە.

ڕەنگە ئەحمەد شاملووش لە ناساندنی نووسراوەکانی پەرویز شاپوور دامابێ کە زاراوەی «کاریکلماتور»[=کاریکاتێرستە]ی لەسەر دانان؛ ئەو وتانەی کە جاروبار وەک چەند وێنەی کورتی شانۆیی،حاڵ و هەوایەکی نوێ لە واقیعی مرۆڤەکان و شتەکان دەردەبڕن.

سێ چارەگی دنیای پەرویز شاپوور ئاو دایگرتووە؛ ئاوێک کە ماسییەکان لەودا نوقم بوون، یان ئاوێک کە دەبێتە فوارە و سەر لە ئاسمان دەسوێ، یان ئاوێک کە دەبێتە باران و لە نێو چاوانی پەرویز شاپووردا سروودی خەم و ناهومێدی دەقیژێنێ.

پێشنیار دەکەم ئەو وشانە لە ڕستەکانی پەرویز شاپوور هەڵاوێرن: «ئاو، مەرگ، ژیان، تەرم، گریان، فرمێسک، قەفەس، کات، کاتژمێر، گوڵ، پشیلە، فوارە، کۆلکەزێڕینە، زەردەواڵە، دار، ئاوێنە، هەتاو، ماسی، هومێد، جاڵجاڵۆکە و...تاد» ئیتر چ دەمێنێتەوە؟ دڵنیا بن سەرجەم ڕستەکانی بێ مانان!

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پەرویز شاپوور دنیایەکی تایبەت بەخۆی هەیە و بۆ وەقسەهاتن و خۆخستنەڕوو «کورتەڕستە»(٣) دەر ناکا (هەڵبەت جارجار تووشی ئەوەش بووە، بەڵام بەهەڵکەوت). ئەو خۆی دەگێڕێتەوە.

ڕستەکانی پەرویز شاپوور خاوەن کەسایەتین. کەسایەتییەکی سەر بە نووسەر و نیشاندەری لە خزمەتدا بوونی هەمیشەیی خۆی لە بەرهەمەکەیدا. شاپوور دەرخەر و دەربڕی ئەو وشە و وێنانەیە کە لە گیان و ڕوحی دێتە دەر.

پەرویز شاپوور چەشنێکی تر لە واقیع دەبینێ؛ چەشنێک کە ئێمە نایبینین، ڕەنگە هەر بەو هۆیەوە بێ کە دنیاکەی بۆ ئێمە ئەو هەمووە سەیر و سەرنجڕاکێشە:

هەر دەڵێی تا ئێستا چاومان لەو پێشانگا ئاوەژوو و پێچەوانەی واقیع نەکردووە، هەر دەڵێی قەت نەماندەزانی ئەوەندە تەنیاین، هەر دەڵێی هیچ کات نەماندەزانی دارەکان و قەفەزەکان و خۆڵ و پشیلە و ئاسانسۆر و جاڵجاڵۆکە چەندە قسەیان بۆ کوتن پێیە، هەر دەڵێی تا ئەورۆکە سەرنجمان نەدابووە سەر هەڵاوەسرانی بێ کۆتاییمان بەسەر ئەو گوڵمێخانەی بە هیچ کوێوە دانەکوتراون.

دنیای شاپوور، دنیایەکی تاریک و تاڵە، دنیایەکی پڕ لە تەنیایی و قەفەزە، دنیایەکە کە لەودا لەدایک بوون نیشاندەری مەرگە و هەر چرکەژیانێک لەودا ئێمە بۆ لای مەرگ ڕادەکێشێ و هەمیشە هەر کەس لەگەڵ ئەو هەموو میهرەبانییەی کە هەیەتی، دەڕوا و سڵاو لەبیر دەباتەوە و جێمان دێڵێ، تەنانەت لە ئاوێنەکانی شاپووریشدا «تەنیایی»، پتر لە هەر شتێک خۆ دەنوێنێ.

شاپوور دەڵێ:«عومرێک لە کوناوچەی هومێدم گەڕام»، ئەو هەمیشە گاڵتە بە کوناوچەی هومێدی دەکا. دەڵێ:

- چون حەوسەڵەم نییە خۆم بکوژم دەژیم.
- لە دایک بوونم مەرگی لێ بار کردم.
- ژیان، مەرگی پێداوم.
- تا مەرگ هەبێ هیوادارم بە هەر شتێک.
- مەرگ و ژیان وەک شەووڕۆژ بەیەکەوە چەسپاون.
- نەمردن بە ژیان دەڵێن.
- هەڵمژەکی ژیانم هەڵکێشا.
- دوای مردنم پەشیمان بوومەوە کە بۆ خۆم نەکوشت.
- مەرگ کۆتایی کارەساتی هاتنە دنیام بوو.

ئەو دیسانیش لە مەرگ و خۆکوژی دەدوێ، لە دنیای ئەودا مەرگ ڕزگارییەکە لە کارەساتی ژیان، «عیزرائیل» ڕستەکانی شاپوور بەر نادا.

تەنیا بێ وازی بۆ لای ژیان هانی دەدا! گاڵتەی ئەو لەگەڵ «گیۆتین»، «چەک»، «ئەو ڕەگانەی لێدەدرێن» و «خۆفڕێدان لە ساختومانی بڵند»جاری وایە هێند سادە و ئاساییە کە بە هیچ جۆرێک لێی ناتۆقێین. نەختێک ئەولاتر دەڕوا، گوڵەکانی کراس و ئەو گوڵانەی کە دیتنیان ئەوە دێنێ کە هەموو دنیای بۆ بگەڕێی،

هیوادارمان دەکا بە دنیای ئەو.

پەرویز شـاپوور لە پیـری و «لەکـارکـەوتوویی» (٤) دەدوێ. «فـــرۆکـــەی لەکــارکـــەوتوو»، «باخـــەوانی لەکــارکـــەوتوو و گـــوڵەکـــانی قـــاڵی»، «باڵندەی لەکـارکـەوتوو»، «جـاڵجـاڵۆکـەی لەکـارکـەوتوو و ئاسانسۆر»، «مێشهەنگوینی لەکارکەوتوو و گوڵەکانی قاڵی»... تاد لە هەمووی ئەوانەشدا، کاریکاتێری ژیان دەکـێشـێتـەوە: ئەوکـات کـە لە کـار دەکـەوی و لەگـەڵ کاروباری لەخۆڕایی سەرقاڵی.

کـات یەکـێک لە کـێشـە هەرە گرینگەکـانی شاپوورە. کاتژمێرێکی «چرکەچرک»ێتی و ئێمە لەسەر میلەکانی، بەرەو مەرگ پاڵ پێوە دەنێ. ئەو لە تێکڕووخان دەدوێ و تەواوبوونمان نیـشـان دەدا. لە دنیـای پەرویز شـاپوور لە کـوناوچەی هومـێـد مـەگـەڕێن؛چون ئەوەندەی گـاڵتـە بەو گاڵتەیە کردووە کە بێ گومان لە دیتنەوەی ناهومێد دەبن!

پەرویز شـاپوور لەگـەڵ ئەوەی کـە ناهومـێـدە، بەڵام دلۆڤانە. هەموو گیانی لە دڵ سازبووە و پێوانەی داوەریی ئەو سەبارەت بە هەر شتێک هەستێتی. ئەوەندە دلۆڤانە کـە ئەگـەر مـیلەی قـەفـەز بوایە، کـز دەبۆوە تا ڕزگـاری هەموانی بۆ بلوێ و ئەوەندە دلۆڤانە کە لەبەرانبەر بەهاردا لە ڕنینەوەی گـوڵەکان شەرم دەکا. پێـوانەی داوەریی ئەو دەربارەی ئەوانی تر دڵیـانە و جـارجـارەش ئێـمـە لە توندوتیژی بەرەو دلۆڤانی ڕادەسپێرێ.

پەرویز شـاپوور تەنیـایە. ئەو بۆ خـۆدەربازکـردن لە تەنیایی لەگەڵ هەمووان دەدوێ. چاو لە شتەکان دەکا و گـیـانیـان وەبەر دێنێ. لەگـەڵ سـروشت و بوونەوەرانی دەپەیڤێ و لەمـەبەسـتیـان تێدەگـا. لە دنیـای شـاپووردا ئاسـانسـۆرەکانیش بەهەوان، پیر دەبن و لەکار دەکەون، تەنانەت لەوانەیە خـۆکـوژی بکەن. ئەو لە پێـوەندی گـوڵەبەڕۆژە و «گـوڵەسـەهۆڵ» (گل یخ) ئاگـادارە. بۆ «باپشکێـو»یش ڕێزێکی تایبـەت دادەنێ. ئەو لەو بارەیەوە قسەی زۆرە:

– سەهۆڵدان گوڵەسەهۆڵی لە بەرۆکی دابوو.

– چاوی دەریا ئاوی هێنابوو.

– فواره ڕۆیشتە سەرێ و بۆ هەمیشە نەگەڕاوە.

– سیغار کەوتە سەر خاکی ڕەش.

– گوڵ، ئاونگ گریا.

– بووکـەبەفـرینە بە قـەست و نیـەتی خـۆکـوژی خـۆی ماڵی.

– لە شینی مەرگمدا قەترەکێشەکان هۆڕهۆڕ دەگریان.

دنیای پەرویز شاپوور دنیایەکی ئاوەژووە. هیچ شتێک لەسەر جێی خۆی نییە. هێندێک جار[دنیای شاپوور]وا سـەیرو سـەمـەرەیە کـە بێـجگە لە بەربەست و لەمـپـەر، ڕێگایەک نامـێنێـتـەوە. دنیـایەک پڕ لە ئاسـانسـۆر و گولەکاغەزی و زبڵدانی و چراقەوە و قەفەز و ڕەهەند و شـەمـەندەفـەر و بووکـەبەفـرینە و پلووسک و گـیـۆتین. دنیایەکی کە بنیادەمەکان لە کاتی هاتنەژوور، ماڵاوایی دەکەن و لە کـاتی مـەرگـیـاندا دێنە دی. دنیـایەک پڕ لە هەڵات هەڵاتی بێ بڕانەوەی عـەقرەبەکـانی (مـیلەکـانی) سەعات. دنیایەک پڕ لە ترس و خۆفی تاریکی.

شـــاپوور مل لەبەر ملی دنیــا دەنێ: «لەگـــەڵ ئەسـتـێـرەکـان[یاری]بیلیـارد دەکـا»، «بە ئێـسـقـانی ماسییەکان، چەپکەگوڵ دەچنێ»، «خۆی بە ڕەختاوێزەکان هەڵدەواسێ» و «تیشکی چراقەوەکەی لاڕێ دەکا».

وتەکـــانی هێندێک جـــار وێنەکـــانی «سلڤـــادۆر دالی» (٥)مان وەبیر دێنێتەوە و تەرحەکانی هەندێک جار لە «مـوریس ئێـشـێـر» (٦) نزیک دەبنەوە، پشـیلەکـانی هێندێک جـار تا ئەو ڕادە سـوریالیـسـتین کـە «سـەگی ئـەندەلـوسی»ی بـۆنـۆئـێـل(٧)و هـەمــــووی ئـەوانە لـە نێوچاوانی قولەپیاوێک دەبارێ کە سەر و پرچێکی زۆر و ڕیشێکی بە لێشاوی داناوە و کاریکاتێری بنیادەمێکە کە ناچارە کاریکاتێری ژیان درێژە پێبدات.

پەرویز شاپوور لەو کەسانەیە لەگەڵ خوێرییەتی هەڵناکا و بە هیچ شێوەیەک چارەی ناوێ. دەڵێ: «بۆ ئەوەی هیچ کـەس خۆ لە کـاروبارمـدا وەرنەدا ماوەیەکە لە ڕاسـتیـدا هیچ کارێک ناکەم».

ئەو خۆویستی خۆش ناوێ و هەر لەبەر ئەوەیە گاڵتە بە خـۆویسـتی دەکـا. فـوارە خـۆویسـتـەکـان، ئاسـانسـۆرە خۆویستەکان، مرۆڤەخۆویستەکان و... تاد ساڵەهایە دەگری. فـرمێـسک دەورێکی زۆر گرینگ لە ڕستەکـانی شـاپووردا دەگـێـڕێ. ئەو «فـرمێـسکەکـانی لە چاوەکـانی زۆرتر خۆش دەوێ».

هەندێک جار هەست بەوە دەکەم کە شاپوور بێجگە لە گـریان، خـۆشـەویسـتی، تەنیـایی، کـاریکاتێـرسـتـە و کاریکاتێر شتێکی دیکەی لەو دنیایەدا نییە.

*   *   *

پەرویز شــاپوور بۆ دەربڕینی وتەکــانی کــەڵک لە کـۆمـەڵێک شـێـوەی جـۆراوجـۆر وەردەگرێ. زۆرتر یەک قاڵبی لە پەخشاندا هەیە، واتا کۆمەڵێک ڕستەی کورت کــە زۆرتر «وێنەیی»(٨)ن و خــۆی لە زۆرترینیــاندا بەشـداره: لەگـەڵ دڵـی، کـاتژمـێـرەکـەی، کـەوشـەکـانی و...تاد

لە بەرهەمەکانیدا ئەو قاڵبانە دەستنیشان دەکرێن:

١- کـایە بە وشـە: پەرویز شـاپوور بە وردبوونەوە لە مـانای وشـەکان، دەکـاریان دێنێ و بە وردەکاری لە پەنا یەک هەڵیــان دەچنێ. ئەو لە مــانا جـۆراوجـۆرەکــانی وشەیەک بۆ پێکهێنانی کۆمەڵێک وێنەی چەند مانایی کەڵک وەردەگرێ:

- شێری باخچەی ئاژەڵانم لە کالان دەرکێشا.
- رووبار عومرێک هاتوچۆیەتی.
- لە ویشکەساڵیدا دڵۆپەیەکیش ناقەومێ.
- بەرقی نیسێی سیم نیسێمی چزاند.

ڕەنگە ئەوە گرینگترین شێـوازی پەرویز شـاپوور بێ و هەر ئەوەیە کـە دنیـای شـێـتانەی ئەوی سـاز کـردووە و جیاوازی خستووەتە نێوان ئەو و ئەوانی دیکە، هەڵبەت هەندێک جــار لەوەدا وا تووشی زیادەڕەوی بووە کــە کـۆمـەڵێک ڕسـتـەی خـاو و بێ مـانا دەخـاتە ڕوو. ئەو ڕستانەی پێمـان خۆشە لە کۆمەڵە ڕستەکانی پەرویز شـاپووردا نەبن، کـە لە خـاڵە لاوازەکـانی بەرهەمـەکـانی ئەون:

- بە حەوت تیری ئاوی ویشکەساڵیم کوشت.
- تیشکی چراگازەکەم لاڕێ کرد.
- چاوی ئۆقیانووس ئاوی هێناوە.

هەڵبــەت کــایەی شــاپوور لەگـەڵ وشــەکــان زۆرتر مـامـۆسـتـایانە هاتۆتە کایەوە و زۆر کەمن ئەو ڕسـتـانەی شیاوی پەسند کردن نین.

٢-شـیـعـر: ڕسـتـەکـانی شـاپوور جـاری وایە خـۆ لە سنووری شیعر دەدەن بێ ئەوەی خۆی بە شاعیر لە قەڵەم بدا:

- چاوت نزیکترین ئەستێرەیە.
- نیگام لە پشت پەلکەکانم شەوی گەیاندە ڕۆژ.
- بە هاتنی وەرزی نیگات هەر لامپـایە لە ناو دڵمـدا شین دەبێ.
- ئاسمان زەقترین چاوی شینی هەیە.

ناسکیی «شیعروێنە»(٩)کانی شاپوور چەشنێکە کە جـاری وایە تا ڕادەی غــەزەلێک، جـوانە و هێندێک جـاریش شـیـعـرێکی بەرزە خـەیاڵ و ڕەمـزاوی دەنوێنن. «تەســویر- وێنە» و «حــاڵەت» گــرینگتــرین تایبەتمەندییەکانی «شیعروێنە»کانی شاپوورن.

٣-کورتە ڕسـتـە: پەرویز شاپوور هەندێک جار کـورتە ڕستە دەخاتەڕوو بێ ئەوەی کورتە ڕستەکانی شیعر، یان کاریکاتێرستە بن، ئەو کورتە ڕستانەی دەکرێ لە نامە، یان وتارێکدا کــەڵکی لێ وەرگــیــرێ و نازانم بۆ ئەو ڕستانە وەک کاریکاتێرستە هاتوونە ئاراوە:

- ژیان هاوارێکە کە مەرگ بێ دەنگی دەکا.
- ئاواتەخوازم هێندێک خەڵک هەر بلەوەڕێن تا هەلی قسەکردنیان نەبێ.
- مەرگ ڕێگا بە ژیان دەبەستێ.
- ئەستێرەکان جوانییـەکەیان بە تێکەڵوپێکەڵییـان قەرزدارن.
- ناوم لە سیایی زیندووەکان خەت لێدا.

٤-وێنەســازیی فــەیلەســووفــانەی «ســەرووی واقــیـع»(١٠): پەرویز شــاپوور لە دەســتــەیەک لە نووسراوەکـانیدا بە سازدانی کۆمەڵێک وێنەی سەرووی واقیع، شێـوەیەکی نوێ لە تەنز بەرهەم دێنێ کـە مـۆری جیاوازی لەو نووسراوانەی دەدا.

پەرویز شـاپوور لێرەدا نە هەڵدەکوتێـتە سـەر ڕەخنەی کـۆمەڵایەتی و نە باسیش لە ئینسـان دەکا. ئەو لەبارەی بوونیــیــەتی و ژیانەوە دەدوێ و کـڵاوی خـۆی دەکــاتە قـازی.خوێندنەوەی ئەو لەو وێنەسازییانەدا، ئەگەرچی لە نێـو هەرێمی وردەڵەی شتـەکـاندایە [بەڵام] کۆمـەڵێک ئاکـامی «هەمــوانی خــوازانە»(١١) و فــەلسـەفی لێدەکەوێتەوە. ئەو تەنانەت ئەگەر سەبارەت بە کێشە وردەڵەکــانیش دەدوێ، دیســان لە نێـو وشـەکــانیـدا خوێندنەوەیەکی فەیلەسووفانەی لە «بوون»(١٢)، حەشار داوە.

- دڵم قەرەباڵغترین شاری دنیایە.
- ئەو کاتەی نسێی میلەکانی قەفەز دەکەوێتە سەر، سەر و شانی باڵندە، زۆرتر ئەشکەنجەیەتی.
- ماسی لە نێو ئاودا زیندانییە.
- چ لە کـاتی شـەڕ و چ لە کـاتی ئاشتـیـدا زۆرترین بەشی خەسارەکان هی چرکەکانە.

- هەتاو قەرزداری شەوە.
- مرۆڤ لە شەوانەڕۆژدا زیندانییە.

پەرویز شاپوور لەو ڕستانەدا دەربارەی «مەرگ»، «ژیان»، «جەبر»، «ئازادی»، «هاوسەنگی»، «کات»، «لەناوچوون»، «چاکە و خراپە» دەدوێ. ئەو زیاتر لەوەی یاسایەک بۆ ژیان دادەمەزرێنێ، بیری لەسەر مەرگ دەخولێتەوە و زۆرتر لەوەی کە داوەری بکا، نیشان دەدا.

٥- ڕەخنە لە ئاکارەکان، کردەوەکان و بارودۆخ: پەرویز شاپوور لە «خۆویستی»، «گەندەڵی و پەستی»، «داکەوتن» و «سووکێتی» ڕەخنە دەگرێ و بیر لە«ئازادی» و «ڕزگاری» و «دلۆڤانی» دەکاتەوە.

لە بەشێک لە نووسراوەکانیدا ئەوەمان چاو پێدەکەوێ:

- زۆرتر ئەو کەسانەی بیرێکیان نییە لەو حەولەدان بیریان بە ئینسانی داسەپێنن.
- نەجوولانەوەی پەیکەرەی ئازادی، منی تووشی ئەو گومانە کردووە کە نەکا ئازاد نەبێ.
- باخچەم لەبەر بێ تاوانییە سەوزەکەی خۆش دەوێ.
- ئەو کاتەی سەری کەسێک دەئێشێنم، تەنیا حەبی سەرئێشەم لە بیرە.
- قاچاغچی نەفەسێکیان دێ، ئەویش بە قاچاغی، بۆیە هەرگیز نەیانتوانیوە پزدانێک فوو دەن.

* * *

سەبارەت بە پەرویز شاپوور، قسە بۆ کوتن زۆرە. دە هێندەی هەموو ڕستەکانی دەبێ باسی بکەین تا لێی نزیک ببینەوە. دنیای شاپوور پڕیەتی لە شتە تازەکان و هەڵبەت پڕ لە دووپات بوونەوە. یەک لەو ڕەخنانەی کە دەکرێ ئاراستەی بەرهەمەکانی شاپوور بکرێ، هەر ئەو دووپات بوونەوەیە کە لە بەرهەمەکانیدا هاتووە. مردن لە کاتی لەدایکبووندا بابەتێکە کە بەدەیان کەڕەت لەڕستەکانیدا هاتووە، یان وەسەرکەوتنی دار لە خۆی و خۆکوژی عیزرائیل و سروودی بەربوونەوەی باران، بەڵام ئەوانە شتێک لە شاپوور کەم ناکەنەوە.

پەرویز شاپوور فەیلەسووفێکە بە کۆمەڵێک ڕستەی کورت و پڕ ناوەرۆک.

ئەومان بەهێند نەگرتووە و چەشنی باڵندەیەک لە چوارچێوەی داخراوی تێگەیشتنمان بەندمان کردووە. چ مەزنە تاوانێک!

- هەموو خەڵکی دنیا بە زمانێک بێ دەنگ دەبن.
- زبڵدان قەت تێر نابێ.
- کۆچ کردنی فوارە چەند ساتێکی زۆرتر پێناچێ.
- فوارە هێندەی بڵندایی خۆی لەگەڵ هێزی جازیبەی زەوی زۆرەبانیەتی.
- هەور تا نزیکەی مەرگی گریا.
- گوڵی کاغەزی گوێ ناداتە پاییز و بەهار.
- هیچ شەوێکم بە بێ چارشێوی ڕەش نەدیتووە.
- بە پێدەنگی مەرگ لە خەو ڕاچەنیم!
- مەرگ بستێک ئەولاوەتریش بە دووربین نادیترێ.
- خوا هەڵناگرێ کە هەڵفرین تەنیا لەبەر دەنگێکی خۆش لە باڵندە زەوت بکەین.
- سات خۆی بە بەندۆڵی کاتژمێر لە دار دا.
- سەرم سوڕماوە گیاکان خۆ ناجووڵێنەوە! ئەی بۆ لە پارکی شار شوورەیان بۆ هەڵبەستوون.
- کەسێک خۆ دەکوژێ کە هیچ هیوایەکی بە مەرگ نەماوە.
- ئەوڕۆ، لەسەر تەرمی دوێنی فرمێسکی دەڕشت.
- هەنگوین لە نێوان شتومەکە دزراوەکاندا دێتە ئەژمار.
- هێندێک مەرگ ئەوەندە گەورە دەکەنەوە کە ئیتر جێیەک بۆ ژیان نامێنێتەوە.
- لە گرژایی نێوچاوانی ئاکاردێئۆن دەردەکەوێ چەند ساڵییەتی.
- بەرەی مێشهەنگوین بە وەبرەوکەوتنی گوڵەکاغەزییەکان بەرەو فەوتانە.
- لە ئاوێنەدا دیدارێک لەگەڵ خۆم تازە دەکەمەوە.
- ژیانم دوورگەیەک بوو کە بێجگە لە خۆم کەسی تێدا نەبوو.
- تەمەنی باران لە هەڵدێرانیدا تێدەپەڕێ.
- ئاسانسۆری پیر بە پلیکان دەچێتە سەر.
- ڕوحم لەگەڵ لەشم ناحەوێتەوە.
- فرمێسکەکانی لەگەڵ من هێنایە بەر باس.
- هەڵفرینی باڵندە لە قەفەسدا دەمرێ.
- مەرگ ژیانی لە باکوور، باشوور، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە ئابڵوقە داوە.
- کات، سات بە سات دەمرێ.
- ئینسانی خۆویست عومرێک بە چەپکەگوڵەوە چاوەڕوانی خۆی دەکا.

– له قـوولایی ئۆقیـانووسـدا له فرمـێسکی ونبـووم دەگەڕێم.
– پشتی تاقەدار لە ژێر باری تەنیاییدا شکا.
– کە پەلکەکانم لێکدەکەون لە خەو ڕادەچەنم.
– ئەستێرەکان هێندە لە بن هەورەکان مانەوە تا لە بیرم چوونەوە.
– وەسیـەتم کردووە کـە دوای مـەرگم ژێر سیـغـار لە سیپەلاکم ساز بکەن.
– مـــەودای نێـــوان گـــریان و پێکەنین لووت پڕی دەکاتەوە.
– دڵم بۆ ڕێزلێنان لە میهرەبانی کڵاوەکەی هەڵێنا.
– تا دوایین دڵۆپی باران چاوەڕوانی پشکووتنی گوڵم.
– دڵۆپێک کە تووشی نەخۆشیی خۆ بە زلزانین ببوو، خۆی بە زەریا دادەنا.
– مـــیـــراوی گـــەڕەک هەر دڵۆپێکی بۆ ئەرکـــێک ڕادەسپارد.
– چیلکەشەمچە بە هۆی سووتانی، سەری نایەوە.
– هێندەی ڕووناکـایی چراقـەوەکـەم لە ڕەشـایی شـەوم کەم کردەوە.
– لە خۆمدا زیندانیم.
– مەرگ جوانترین هەڵدێرانە.
– هەتاویش ناتوانێ لە ڕەشایی پرچت کەم کاتەوە.
– کەسێک کە خۆی دەکوژێ پێویستییەکی زۆری بە مەرگە.
– هەڵۆی پیر لە جۆلاتەنەدا گیانی دەرچوو.
– وەسیـەتم کردووە تەرمەکەم لەکوناوچەی هومێدمدا بنێژن.
– باڵندە توانی لە لووتکەی قەفەس سەرکەوێ.
– هەر گەڵایەکی زەرد پاییزێکی بچکۆلانەیە.
– دوایین ماڵی هەموو گوڵەکان پاییزە.
– بنەچەکەی سلاو تێداچوو.
– کونەکانی ئاوپاش کوناوچەی هومێدی گوڵەکانن.
– لە نەبوونـتــدا نیگاکــانم بە دەسـبــەتاڵی بۆ چاوم دەگەڕێنەوە.
– بۆ ئەوەی هیچ کـەس لە کـاروبارمـدا خۆ تێـوەرنەدا، ماوەیەکە لە ڕاستیدا هیچ کارێک ناکەم.
– ئەوکــاتە فــەرمــانی ئاگــربەسی بەجێ هێنا کــە فیشەکدانەکەی تەقەی لێهات.

– مـەودای نێـوان مـیلەکـانی قـەفـەس کـاریکاتێـری ئازادین.
– ئەو کەسانەی ڕەشبینن، سەریان زووتر سپی دەبێ.
– دڵم، فــرمــێــسکمی وەک وتەبێــژی فــەرمی لەشم هەڵبژارد.
– میلەکانی قەفەس لە ڕواڵەتدا لە یەک جودان.
– باڵندە کاتی پێوەبوونی بیری هەڵدەفڕێ.
– مـاسی گـۆشـەنشین لە زەریاشـدا تونگەکـەی جێ ناهێڵێ.
– باڵندە دەیویست چەشنێک ڕاوەستێ کـە لانی کـەم نسێکەی بکەوێتە دەرەوەی قەفەس.
– دەرکــەی قــەفــەس کــرابۆوە، بەڵام باڵندە بۆ ئەوەی دوایین گـەمیش هەڵدا، ئەو هەلەی بۆ هەمیـشـە لە قـیس چوو.
– گیۆتین پێی وایە بنیادەم لە خۆڕا سەری پێوەیە.
– لە کاتی پیریدا نسێکەم سپی دەبێ.
– لە بیرم نایە کوێرێک خۆی تێکوتابێتم.
– ئەگەر بەهار دەبووم؛ دارتێلەکانیشم لە شین بوونەوە بێ بەش نەدەکرد.
– جاڵجاڵۆکەی میهرەبان پۆلیوێری بۆ مێش دەچنی.
– من بڕوام بە بەندۆڵی سـەعـات زۆرترە تا پەیکەرەی ئازادی، چونکە بزووتنەوەی هەیە.
– سـەرم سـوڕمـاوە چۆن ئەو هەمـوو خـەمـەی لە دڵی باڵندەدایە لەنێو قەفەسدا جێی دەبێتەوە.
– بەشـێـک لە ڕێفـۆرمـخـوازانی جـیـهـان لە حـەولی چاکسازیی ڕەگەزی کوندەبوودان.
– ئەو کەسانەی پێستی (توێکڵی) مۆز لەسەر شەقام فڕێ دەدەن، دوژمنایەتییان لەگەڵ کەسێکی تایبەت نییە.
– ئەو باڵندانەی لە ناو قەفەسدا جووت دەبن، ئازادیی جووجەڵەکانیان لا گرینگ نییە.

* * *

ڕوونکردنەوە: ئەو سێ کاریکاتێرستەی خواروو، سێ کـاریکاتێرسـتـە لە کـاریکاتێرسـتـەکـانی دوابەشی ئەو وتارەن کە بە شێوەیەکی گونجاو بۆم وەرنەگێڕرا، هەر بۆیە وام بە باش زانی بە وەرگێڕراوی نەیانخەمە ڕوو و هەر بە زمانی فارسی بیانخەمە پاشکۆی ئەو وەرگێڕانەوە:
– قفس پرنده، کنسرو بی عدالتی است.
– کهنه سرایان، «کنسرو واژه» استعمال می کنند.

- پرنده محبوس در دستگاه مخالف می خواند.


**سەرچاوە:**

**ئەو وتارە هەوەڵ جار لە ژێر سەردێڕی «پرویز شاپور؛ دنیای گربه و سنجاق و ماهی و کاریکلماتور»- شەش ڕۆژ دوای کۆچی دوایی شاپوور و بە بۆنەی کۆچی دواییەوە- لەو سەرچاوەیەدا بڵاو کراوەتەوە:**

**روزنامه «نشاگ»، پنجشنبه، ٢١ مرداد ١٣٧٨، دوره جدید، سال اول، شماره ١٣٠، صفحه ١١.**

**دواتر لە ژێر سەردێڕی «پرویزشاپور» لەو سەرچاوەیەدا بۆ جاری دووەم بڵاو کراوەتەوە:**

**کاوشی در طنز ایران، سید ابراهیم نبوی، جلد اول، انتشارات جامعه ایرانیان، چاپ اول، ١٣٧٩، صص٢٤٨-٢٣٥.**



**پەراوێز:**

**(١) هەڵکەوتە: استثناء**

**(٢) کورت بڕینەوە: ایجاز**

**(٣) کورتە ڕستە: کلمات قصار**

**(٤) لەکارکەوتوویی: بازنشستگی**

**(٥) سلفادۆر دالی: وێنەکێش (نقاش)ی ئیسپانیایی، کە لەگەڵ ڕێنە مارگریت دوو نوێنەری هەرە بەرزی قوتابخانەی سوریالیزمن لە وێنەکێشانەوەدا.**

**(٦) موریس ئێشێر: وێنەکێش و گرافیستی بەناوبانگی هۆڵەندی. «ئەو دەستانە کە وێنە دەکێشنەوە» بەناوبانگترین بەرهەمی ئەوە. (ویکیپێدیای فارسی)**

**(٧) بۆنوئێل: دەرهێنەری ئیسپانیایی. یەکەمین فیلمی خۆی (سەگی ئاندۆلۆسی) بە هاوڕێیی سلفادۆر دالی لە فەڕەنسا ساز کردووە. بەشێک لە ڕەخنەگرەکان ئەو بە باوکی سینەمای سوریالیستی دەزانن (ویکیپێدیای فارسی)**

**(٨) وێنەیی: تصویری**

**(٩) شیعروێنە: شعرواره**

**(١٠) سەرووی واقیع: فراواقعی**

**(١١) هەمووانی خوازانە: عام گرا**

**(١٢) بوون: هستی**

**سەرچاوەی تەرحەکان:**

**(١) کاریکلماتور(کتاب دوم)، پرویز شاپور، تهران: بامداد، چ اول: ١٣٥٤، ص٥٨.**

**(٢) با گردباد می رقصم [کاریکلماتور، کتاب سوم]، پرویز شاپور، تهران: مروارید، چ اول:١٣٥٤، ص١٤٧.**

**(٣) با گردباد می رقصم [کاریکلماتور، کتاب سوم]، پرویز شاپور، تهران: مروارید، چ اول:١٣٥٤**

**(٤) با گردباد می رقصم [کاریکلماتور، کتاب سوم]، پرویز شاپور، تهران: مروارید، چ اول:١٣٥٤، ص١٢١.**

**(٥) با گردباد می رقصم [کاریکلماتور، کتاب سوم]، پرویز شاپور، تهران: مروارید، چ اول:١٣٥٤، ص١٢٦.**

**------گوڵبژێرێک لە"تەرح"ـەکانی پەرویز شاپوور:**

# لایبنیتس: میتافیزیکی «هارمۆنی پێشوەخت و بەهرەی ڕەببانی»

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب)

١- ئەگەر سەدەی حەڤدەی ئەورووپا لە زانست و فەلسەفەدا ڕۆڵی بەرچاو و دیاری هەبووبێ، بەو بەرهەم و پێشکەوتنانەی لەو سەردەمەدا سەرئاو کەوتوون، ئەوە لە ژیان و کردار و بەرهەمەکانی فەیلەسووف و زانای لۆژیک و بیرکاریدا گوتفرید ڤلهیلم لایبنیتس (١٦٤٦-١٧١٦ز) بە تەواوەتی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانە ڕەنگیان داوەتەوە و بەرجەستەبوون: پاشەکشەکردنی ڕۆڵی کڵێسەی مەسیحی و ئایینەکە وردە وردە لەژیانی تاکەکان و کۆمەڵگادا، پەرەسەندن و گەشەکردنی بەرچاوی بیروهزر و میتودە زانستی و زانست، بایەخدان بە ژیر و مرۆڤ لە پرۆسە و چالاکی بیر و فەلسەفەدا و پلەو پایەی مرۆڤ لەگەردووندا چییە؟ لەجیاتی دۆگمەکانی لاهووت و ئایین سەرئاو کەوتووە، ڕێگای بانگەشەکردن بۆ جۆرێک لە پەرەسەندن خۆش کراوە و کەوتۆتە ڕکابەری کردنی بیرۆکەی داهێنان (خەڵقی) ئایین. لە پرۆسەی توانایی زانیندا ئەگەر پاشەکشە بە بیرۆکەی (سرووش- وەحی) جوولەکە و مەسیحی نەکرابێ، ئەوە تاڕادەیەکی زۆر تای تەرازوو بەلای دنیاو ژیر و توانایی زانینی مرۆڤدا لاسەنگ کراوە.

لەو کەشوهەوایەدا کە کڵێسەی مەسیحی لە سەنگەری بەرگری کردن و زانست و فەلسەفە لە هێرش بردندا بوون، گوڵی بەهار و سەرقافڵەی کاروانی ژیانی نوێ لە کەل و ئاسۆوە سەرە تاتکەیان کردووە، خامەی لایبنیتس کاراو دەستبەکار بووە، بە تایبەتی لە گۆڕەپانی لۆژیکی بیرکاری و میتافیزیکیدا.

لەو سێ بەرهەمەیدا کە پێوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە:

- مۆنادۆلۆژی: دەربارەی بوونی ڕەب و نەفسی مرۆڤ.

- بنەڕەتە ژیرییەکانی سروشت و بەهرەی ڕەببانی.
- توێژینەوەیەک دەربارەی میتافیزیک.
نەخشەی جیهاندیدێکی گشتی میتافیزیکی ڕەنگ ڕشتووە کە پتر میتودەکەی سوودی لە بنەماکانی بیرکاری وەرگرتووە و واپێدەچێ لە هەندێ خاڵ و ڕەهەندا نەیویستبێ، یان نەیتوانیبێ بە یەکجاری پێوەندی لەگەڵ بۆماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بپچڕێنێ، بە تایبەتی ئەو خاڵانەی پێوەندییان بە بنەڕەتەکانی ئایین و دۆگمەکانی کڵێسەی کریستیانەوە هەیە.
لە چوارچێوەی پرۆسەی زانیندا لایبنیتس ڕکابەرێکی سەرسەختی ڕێبازی ئەزموونی لوک و هیوم بووە و بە توندی پێی لەسەر ئاراستەی ژیرەکی داگرتووە، لەم کایەیەدا قسەیەکی بۆ تۆمار کراوە کە ئەو جیهاندیدەی بەرجەستە کردووە:
لە سەرچاوەکاندا دەربارەی پرۆسەی زانینی مرۆڤ: چۆن ئەو شتانە زانراون کە دەزانرێن. جۆن لوک (١٦٣٢- ١٧٠٤ز) دامەزرێنەری ڕاستەقینەی تیوری زانین وەک لقێکی سەربەخۆی فەلسەفە، لەو باوەڕەدا بووە کە ئەزموون و شارەزایی (هەستەکان) سەرچاوەی زانینی مرۆڤن و (لۆژیک و بیرکاری لەوە بەدەرن)، مێشکی مرۆڤ خۆی «لاپەڕەیەکی سپییە و هیچی لەسەر نەنووسراوە» و ئەزموون شتی لەسەر دەنووسێ(١) ئەو قسەیە ئەوە دەگەیەنێ کە هیچ جۆرە وێنەو بیروبۆچوونێکی زگماک لە مێشکی مرۆڤدا نییە، ئەمەش بە تەواوەتی کاڵ کردنەوەی ئاراستە و ڕێبازی ژیرەکییە کە لە بنەڕەتەوە لە بنجوبناوانی فەلسەفەی ئایدیالیستییەوە سەرچاوەی گرتووە.
لایبنیتس ئەوەی بۆ تۆمار کراوە کە وەڵامی لوکی بەوە داوەتەوە کە «هیچ شتێک لە مێشکدا نییە کە بە ئەزموون‌ندا تێپەڕیبێ» گوتوویەتی: «تەنیا ژیر خۆی نەبێ» کە بە ئەزموون‌ندا تێ نەپەڕیوە و لە هەستەکانەوە نەکەوتۆتەوە.
٢- سەرەڕای پێشکەوتنی پرۆسەی زانست و ئەو گۆڕانەی بەسەر جیهاندیدی زانستدا هاتبوو، لایبنیتس دەبوو وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە کە پتر کێشەی ئەوسای لاهووت و میتافیزیک بوون:
- کێشەی بەهرەی ڕەببانی، ئەو کارەی ڕەب لە جیهان و لەسەر مرۆڤ و دوارۆژدا دەیکات.



لایبنیتس

- سروشتی موعجیزە(٢) (ڕووداوە سنووری سروشت بەزێنەکان)، هۆکاری بەدکاری و گوناح و سەرچاوەی بێدادی و بەدکاری لەژیان و دنیادا، نەمریی نەفس و دادگای ڕەببانی (قیامەت و حەشر) و قەزاو قەدەر.
لە هەڵوێستیدا بەرانبەر بەو بابەتە کێشە ئامێزانە ئەو فەیلەسووفە هەوڵی داوە ناکۆکەکان پێک بهێنێتەوە و پردی هاوکاری و کۆمەک و پێکەوە هەڵکردن لەنێوانیاندا هەڵبەستێ، ئەمەش وا دەگەیەنێ کە جیاوازی نێوان پرۆسەی بیرکردنەوە و ژیان لە یەکتری نزیک بکرێتەوە و هەر نەبێ دابڕان و ناکۆکی نێوانیان تاڕادەیەک کاڵ بکرێنەوە.
- بەو پێیە، میتافیزیکی لایبنیتس بە سێ ئاراستەدا تەکانی داوە کە هەر ئاراستەیەک کێشەیەکی کردووە بە بابەتی توێژینەوە و تاووتوی کردووە:
- بوونی ڕەب، خەسڵەت و دەسەڵات و کاریگەری لەسەر داهێنراوەکانی.
- نەزم و نەخشەی جیهان و هارمۆنی پێشوەخت لەوەدا کە ئەم جیهانە چاکترین جیهانی شیاوەکییە.
- مۆناد(٣) (یەکە وزەییەکان).
لە چوارچێوەی فەلسەفە- لاهووتییە میتافیزیکییەکەیدا لەو باوەڕەدا بووە کە ڕەب دەسەڵات

بێ سنووری ئەوپەڕی چاکەکارەو بەهۆی هێزی ژیرەوە و بەخواستی ئازادی خۆی تێکڕای جیهان و بوونی داهێناوە و دەیپارێزێ و بەڕێوەی دەبات. خواستی خوا نەزم ئاسا کۆنترۆڵی هەموو شتێکی کردووە و هەموو شتێک بەپێی نەخشەیەکی ڕەببانی هەر لە ڕووداو و قەوماوەکانی جیهانەوە تا بچووکترین تاک ڕێکخراون، ئینجا لە یەکە وزەییەکان (کە ئەو بە مۆناد ناوی بردوون) و پێوەندی دەستیاوی نێوانیان تێکڕای جیهان پێکهاتووە. مۆنادەکان لەلای خۆیانەوە پابەندی پرۆسەی ڕوودان و قەوماو و ڕووداوی ناچارین، ئەمەیە ئەو نەزم و ڕێکوپێکییەی ئەو فەیلەسووفە بەهارمۆنی پێشوەخت ناوی بردووە: Prastabilierte Harmonie ئەو هەڵوێستەشی گەیاندوویەتییە ئەوەی بڵێ ئەو جیهانەی ئێمە تێیدا دەژین، باشترین جیهانێکی شیاوەکییە. ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێت: ئەگەر ئەو جیهانە باشترین جیهانێکە، ئەی چۆن بوونی بەدکاری و هەژاری و نەخۆشی و بێداری تێیدا لێکدەدرێتەوە، یان چۆن ئەو کەڵە فەیلەسووفە پاساویان دەداتەوە؟!

واپێدەچێ لایبنیتس لە بۆچوونەکەیدا تارادەیەک لە سەدەکانی ناوەڕاست بەگشتی و لە جیهاندیدە لۆژیکییەکەی ڕەیمۆندۆس لۆلوس سوودمەند بووبێ و لە بیرکردنەوە و نەخشەکانیدا جێبەجێی کردبێ.

دانانی بنەمای زمانێکی گشتی لۆژیک کە یەکەم: خەسڵەت و تایبەتمەندی نەتەوەیی نەبێ، دووەم: لە جیاتی وشە سیمبۆل بەکاربهێنێ و لەجیاتی بنەمابار، پەنا بەرێتە بەر بنەما بنەڕەتییەکانی ژمارەو بیرکاری ڕاستی ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکەنەوە.

ئەگەرچی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و پێشتر پارمەنیدسی یۆنانی باسی (بوون)یان کردووە، بەڵام هەر قۆناغە بەجیا لەوەی تر، لەگەڵ ئەوەدا مێژووی فەلسەفە ئەو پرسیارەی بۆ لایبنیتس تۆمار کردووە کە کردوویەتی: بۆچی لە سەرەتا بوون هەبوو، هیچ و نابوون نەبووە. ئیتر دواتر لەسەدەی بیستەم ئەو پرسیارە لە لایەن هایدگەر قۆزراوەتەوە.

### مۆناد: گەوهەری تاک

١- لایبنیتس دوو جیهاندیدی جیاوازی لەبەردەمدا بووە. لەکاتێکدا ڕابەری فەلسەفەی مۆدێرن ڕینێ دیکارت پێی لەسەر بوونی سێ گەوهەر دا گرتووە و لەو باوەڕە دابووە دەوروبەری هەڵکەوت Wirklichkeit لەلایەکەوە لە مادده و لە لایەکی ترەوە لە گیان و (هزر) پێکهاتووە. مادده خەسڵەتی کشان و گیان تایبەتمەندی بیرکردنەوەی هەیە، کەچی لەلای سپینۆزا بابەتەکە بەلایەکی تردا شکاوەتەوە و تەکانی داوە لەو باوەڕەدا بووە کە مادده و هۆشیاری (هزر- بیرکردنەوە) تەنیا هەر چەندە هەندێکی جیاوازی گەوهەرێکن کە نە ماددەییە و نە گیانی.

کەواتە لە بەرانبەر ئەو دوو جیهاندیدە جیاوازەدا لایبنیتس هەڵوێستی چی و چۆن بووە و چۆن دەوروبەری هەڵکەوتی لێکداوەتەوە، ئینجا وێنا کردووە؟

بەلای لایبنیتسەوە لەلایەک دیکارت لە پێداگرتنی لەسەر کشان (مادده) سەرکەوتوو نەبووە، چونکە:

شمەکەکان نەک هەر پێوەندی ئەندازیاری، بەڵکو پێوەندی سروشتی (فیزیکیشیان) هەیە کاریگەرن و کار لە هی تر دەکەن و کاریشیان لێی دەکرێ، لەبەر ئەوەی کشان بەبێ کۆتایی دابەش دەبێ، ئینجا چونکە سنووری دابەش بوونەکەش(٤) خاڵە. لە شەکان لە گریمانە و بۆچوونەکانی دیکارت دا بە چەند خاڵێکی ئەندازیاری دادەنرێن، ئەو هەلومەرجانەش هیچ جێگەیەکی هێز و وزەیان تێدا نابێتەوە، چونکە خاڵ بەش و پارچە نییە، بەڵکو کۆتایی و ڕادەی سنوورە. لەو بڕیار و بۆچوونەدا ناکرێ، هەر دەبێ بوونی هێز و وزە ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە، ئەوەش ئەوپەڕی ناچارییە، دەبێ و ئەوپەڕی پێویستە ڕەگەزە ڕوخسار خاڵەییەکان کە لەشەکان لێوەیان پێکدێن وەک ناوەندە بێ ڕەهەندی ڕەهەند سفری هێزە و وزە، ئینجا وەک چەند یەکەیەکی گەوهەری، یان وەک مۆناد تێیان بگەیشترێ و پەیان پێ ببرێ. کەوابوو مۆناد چییە؟! چۆن بوونیان و خەسڵەتەکانیان ڕوون و پشت ڕاست دەکرێنەوە؟! ئەگەر مۆنادەکان کشانیان نەبێ، بێ پارچە و کوت بن و لە ڕوانگەی ژمارەوە دیار و دەستنیشان نەکرێن، چونکە خەسڵەت و تایبەتمەندی دیار و دەستنیشانیان هەیە، ئایا لە تایبەتمەندی چۆنیەتی Qualitat بەولاوە هیچی تریان دەبێ؟! بەلای لایبنیتسەوە گەوهەرەکان کە شمەکە ماددەییەکان لێیانەوە پێکدێن و پەیدا دەبن، خۆیان مادده نین. ئایا ئەمە چ ڕێگایەک بەرەو پێناسە کردنی مۆناد خۆش دەکات.

دەکرێ بگوترێ مۆناد یەکەیەکی کارای زیندووە؟!

٢- جیهاندیدی فەلسەفەی لایبنیتس لە چوارچێوەی نەزمێکی میتافیزیکیدا ڕەنگرێژ کراوە کە تانوپۆکەی لە بابەت و چەمکی: هارمۆنی پێشوەخت، مۆناد، بەهرەی ڕەببانی، کامڵی و تەواوەتی ڕەب، چاکترین جیهانی لە ئارادا بوو، خۆی دەبینێتەوە.

لە سەرەتای شاکاری مۆنادۆلۆژیدا لایبنیتس گوتوویەتی:

«مۆناد گەوهەرێکی ساکارە کە لە لێکدراوەکاندا هەیە» ساکار بەو واتایەیە: بێ پارچە بێت(٥).

ئەگەر مۆناد گەوهەر بێ، دەبێ جارێکی دیکە ڕوون بکرێتەوە گەوهەر خۆی چییە؟ ئینجا وێنەکی ڕوون و ڕەوان دەربارەی مۆناد لەبەرچاو دەبێ. لە بەرهەمێکی دیکەدا لایبنیتس گوتوویەتی:

گەوهەر بوونەوەرێکە توانایی کرداری هەیە. ئەو ساکارە، یان لێکدراوە. گەوهەری ساکار ئەوەیە هیچ کوت و پارچەیەکی نییە، لێکدراو ئەو کۆیەیە کە لە چەند گەوهەرێکی سادە، یان لە چەند مۆنادێک پێکهاتووە.

مۆناس وشەیەکی یۆنانییە (گریکییە) واتای یەکڕەنگی، یان ئەوەی یەکە، یەکەیە دەگەیەنێ.

شتە لێکدراوەکان، یان لە شەکان زۆرین و زۆرینەن، گەوهەرە ساکارەکان، زیندووەکان و نەفس و ژیرەکان (گیانەکان) چەند یەکەیەکن. دەبێ لە هەموو جێگایەکدا چەند گەوهەرێکی ساکار هەبێ، چونکە ئەگەر ساکار نەبێ، لێکدراویش نابێ. بەپێی ئەمە تێکڕای سروشت پڕە لە ژیان(٦).

مۆنادەکان ئەتۆمی ڕاستەقینەی سروشتن و بەتێکڕایی ڕەگەزی شتەکانن.

- لەو قسەیە چڕوپڕانەوە ئەوە ساغ دەبێتەوە (دەردەکەوێ) کە جیهان- بوون لە ئەو مۆنادانە پێکهاتووە. ئەو مۆنادانەش خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە:

مۆناد سادە و ساکارن و پارچە و کوتیان نییە و لە پێکهاتنی لێکدراوەکان بەشداری دەکەن، بەڵام کشان و فۆرمیان نییە و بێ جێگان و دابەش نابن، کەوابوو گەوهەرن لە خۆیاندا. لێرەوە دەردەکەوێ کە لایبنیتس جیهاندید و بۆچوونی هەردوو فەیلەسووف دیکارت و سپینۆزا پەسند ناکات و لەلایەکەوە خەسڵەتەکانی دیکارت ڕەت دەکاتەوە و لەلایەکی ترەوە باوەڕی بە بوونی تاکە گەوهەرەکەی سپینۆزا نییە، بەڵکو باوەڕی بە بوونی گەوهەری لە ژماردن نەهاتوو هەیە. لایبنیتس گوتوویەتی:

هەروەک شارێک ئەگەر لە چەند ڕوانگەو لایەکی جیاوازەوە سەرنج بدرێت، هەمیشە، هەر جارەی بەشێوەیەکی تەواو جیاواز دەردەکەوێ وەک بڵێی چەند دیمەنێکی هەمەجۆر و چەشنەی جیاجیای هەیە، هەروەها - لە ئەنجامی لە ئەندازە بەدەر فرەیی جەوهەرە ساکارەکاندا- چەند جیهانێکی جیاواز هەیە هەموویان بەپێی بۆچوون و باری سەرنجە جیاوازەکانی هەر مۆنادێک تەنیا ڕوانگەیەکی یەک جیهانە(٧).

ئەگەر مۆنادی لە ئەندازە بەدەر هەبن و هەریەکەش لە سۆنگەی خۆیەوە جیهانێک بێت، چۆن دەکرێ باسی کار لەیەکتری کردنی مۆنادەکان بکرێت، ئایا جۆرە پێوەندییەک لەنێوانیاندا هەیە، یان نا، ئەو جۆری پێوەندییە چییە و چۆنە؟!

مۆنادەکان سادەو ساکارن، ئەگەر نەشتوانن کار لەیەکتری بکەن، بە قسەی لایبنیتس گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام ئەو گۆڕانە بریتی نییە لە کڵێشە و ڕوخسار و بەشی گۆڕین، چونکە مۆناد بەشی نییە، بەڵکو لایەنی جۆراوجۆر و جیاوازی هەیە، کەوابوو ئەو گۆڕانە لە ڕەوش و دۆخدا دەبێ نەک بەهۆی یەکێکی ترەوە. لایبنیتس گوتوویەتی:

لەتواناییدا نییە ڕوون بکرێتەوە، چۆن دەکرێ مۆنادێک بەهۆی داهێنراوێکی دیکەوە، ئیتر هەر داهێنراوێک بێت، لەناو خۆیدا کاری تێ بکرێت، یان بگۆڕدرێ، چونکە لە کردن نایەت هیچ شتێک بخرێتە سەری، یان وای دابنێ بزووتنەوەیەکی ناوەکی لەودا هەیە، دەتوانرێ بەرپا بکرێت، ئاراستە بکرێ، پتر ببێ، یان کەم بکرێتەوە، ئەمە هەمووی لە شتە لێکدراوەکاندا دەگونجێ، چونکە ئەوان گۆڕان لە پێوەندی نێوان پارچەکانیاندا هەیە. مۆنادەکان هیچ پەنجەرەیەکیان نییە تا شتێک لێیانەوە بچێتە ناویانەوە، یان لێیانەوە بێتە دەرێ. ڕووکەشەکان نە دەتوانن لە گەوهەرەکان جیاببنەوە، نە دەشتوانن لە دەرەوەیان بێن و بچن، وەک ئەوەی وێنە هەستییەکان لەلای سکولاستییەکان وایان

کردووە. بەم پێیە نە گەوهەر و نە ڕووکەش ناتوانن لە دەرەوە(٨) بێنە ناو مۆناد.

- کەوابوو جیهان لەلای لایبنیتس هەمەڕەنگە لە چەند گەوهەرێکی- یەکەیەکی سادەو ساکار پێکهاتووە، ئەو یەکانە لە لەلایەن داهێنراوێکی دیکەوە کاریان تێ ناکرێ و هیچ پەنجەرەیەکیان نییە تا شت وەربگرن و شت بدەنەوە. ئەو پرسیارەی لێرە دەکرێ، لەو ڕەوشە میتافیزیکییەدا کە لایبنیتس ڕەنگی ڕشتووە، چۆن دەکرێ باسی پێوەندی نێوان ئەو مۆنادانە بکرێت؟!

### هەماهەنگی پێشوەخت

لەکۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمییەکانی فەلسەفە، لە زانکۆکانی ئەوروپادا، لایبنیتس بە فەیلەسووفی مۆناد و هارمۆنی پێشوەخت، بێجگە لە لۆژیکی بیرکاری ناسراوە ئەو دووانە لەگەڵ تیوری بەهرەی ڕەببانی تانوپۆی جیهاندیدە میتافیزیکییەکەی پێکدەهێنن، کەوابوو مەبەست لە هارمۆنی پێشوەخت چییە؟! بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو بابەتە کە سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفە ئاماژە بە هەماهەنگی دوو کاتژمێر دەکەن کە بە وردی و ڕێکوپێکی کات دەژمێرن و پێکەوە لە یەک کاتدا بەبێ ئەوەی پێوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا هەبێ زەنگ لێ دەدەن(٩). ئەو پێکەوە هاتنەوەیە چۆن لێکدەدرێتەوە و چی لێ دەکەوێتەوە؟!

ئەگەر دوو کاتژمێرەکە بەبێ ئەوەی پێوەندییەکی هۆکار و ئەنجام لەنێوانیاندا هەبێ و وەک یەک کار بکەن و پاش و پێش و دواکەوتن و پێشکەوتنیان نەبێ، ئەوە دەبێ لە دەرەوەیاندا هۆکارێک هەبێ ئەو هەماهەنگی و هارمۆنییەی خستۆتە نێویانەوە. لەلای مۆنادەکانیش ڕەوش و دۆخەکە هەروایە، چونکە مۆنادەکان پەنجەرەیان نییە و هیچ جۆرە پێوەندییەکی کارتێکردن و کارلێککردن لەنێوانیاندا نییە. ئەو بۆچوونە پشت بەو قسەیە دەبەستێ کە هەر مۆنادە لەلای خۆیەوە بەشێوازی تایبەتی خۆی تێکڕای جیهان دەردەبڕێ و ئەو ڕووداوانەی ڕابردوو ئەوانەی ئێستا و داڕۆژ دەقەومێن، ئەگەر تەمومژاویش بێ دەریان دەبڕێ و بەرجەستەیان دەکات. لایبنیتس لەو بارەیەوە گوتوویەتی:

«ڕەب بەپێی ڕوانگەی سەرنجدانە جیاوازییەکان کە لە بارەی گەردوونەوە هەیەتی، گەوهەرە جیاجیاکان دادەهێنێ، بە دەستپێشخەری ڕەببانی سروشتی ئەوەی لە هەر گەوهەرێکدا ڕوودەدات وەک ئەوەیە کە لە گەوهەرەکانی دیکەدا دەقەومێ، بەبێ ئەوەی هیچ گەوهەرێک ڕاستەوخۆ کار لەوی دیکە بکات»(١٠).

کەوابوو گەوهەرەکان داهێنراوی ڕەبن. هەریەکەیان لەلای خۆیەوە جیهانێکی سەربەخۆیە، هێز و دەسەڵات و بەهرەی ڕەب بەرجەستە دەکەن و تێکڕای بوون (گەردوون) دەردەبڕن، کەوابوو بەپێی گەوهەرەکان، گەردوونی جیاواز هەیە.

ڕەب مۆنادەکانی داهێناوە (خەڵق کردووە) ئەوی لەنێو یەکێکیاندا دەقەومێ وەک ئەوە وایە لەوانی تردا ڕوودەدا. ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێو مۆنادەکاندا نییە، ئەوەیە مەبەستی لایبنیتس لە چەمک و بابەتی هەماهەنگی و هارمۆنی پێشوەخت.

ڕەب کە گەوهەرەکانی داهێناوە پێشوەخت هەموو یەکێکیانی ڕێک خستووە و نەزمێکی خستۆتە نێو جیهانەوە. کەوابوو جیهان نەزمێکی بێ سنوور و نەپساوەی مۆنادەکانە و هیچ شتێک بەبێ هۆکار ڕوونادات و بوونی نابێ. لایبنیتس لەو باوەڕەدا بوو کە ڕەب هۆکاری بوونی هەموو شتێکە. بوونی مۆناد و بوونەوەرەکان بە تێکڕایی بەو جۆرە کە هەن و بە جۆرێکی دیکە نین، دەبێ بەناچاری ئەو ڕەوشەیان «هۆکارێکی بەس بووی» هەبێ، ئەو هۆکارەش ڕەب خۆیەتی. لایبنیتس گوتوویەتی:

«ناکرێ ڕاستەقینە یەک (فاکتێک) وەک ڕاست، یان بوون و هیچ گوتە- دەستەواژەیەک وەک دروست ساغ بکرێنەوە. ئەگەر هۆیەکی بەس بووی نەبێ وای لێ بکات، بۆ بەم جۆرە بێ نەک بەجۆرێکی دیکە؟ ئەگەرچی ئێمە لە زۆربەی ئەمانەدا نەتوانین ئەم هۆیانە بزانین.(١١)»

### زانین و ڕاستی

ئەگەر مۆنادەکان ڕەگەزە سەرەکییەکان بن کە جیهانیان لێ پێکهاتووە، بەڵام کشانیان نییە و نابزوون و جێگاو کات نایانگرێتەوە و نیانن و لە جێگادا نەبن و لە کاتدا ناقەومێن و ماددە نەبن، ئینجا هیچ جۆرە دەلاقە و پەنجەرەیەکیان تێدا نەبێ، چۆن پرۆسەی زانین بەگشتی

لێکدەدرێتەوە؟! ئایا دەکرێ لەو دۆخەدا باسی ڕاستی و ڕاستەقینە بکرێت؟

لایبنیتس دەخرێتە خانە و ڕیزی ئەو فەیلەسووفانەی سەدەی نوێی ئەورووپا کە ڕکابەری ئاراستەی ئەزموونی (تەجرەبە) بوون و لەو باوەڕەدابوون کە ژیر سەرچاوەی ڕاستەقینەی زانینی ڕاستییەتی و ئەگەر مێشک و فامی مرۆڤ لەلاپەڕەیەکی سپی بچێ و هەر ئەوانەی تێدا بێ کە بەهۆی هەستەکانەوە هاتوون، ئەو بڕیار و بنەمایە هەرگیز ژیر ناگرێتەوە. ژیر لە هەستەکانەوە جیایە و زانین ناتوانێ دەستبەرداری هێز و توانایی ژیر بێ. کەوابوو بە بۆچوونی ئەو فەیلەسووفە، ژیر خۆی بنەمای لۆژیکی زانینە، ئەوەش، ئەو بڕیارە، لە ئاراستە لۆژیکییە بیرکارییەکەیەوە کەوتۆتەوە، لەوەدا بیرکاری خۆی بابەتی ژیرە، چونکە کەرستەکانی کە توێژینەوەیان لەسەر دەکات، چەند فۆرم و ڕوخسارێکی بێ ناوەڕۆکی بێ ماددەن. بۆ نموونە ئەم سیمبۆلانە:

+، –، ÷، ×، =، ١، ٢، ٤، ١٥ لەلایەکەوە سیمبۆلن، پابەندی کات و جێگا نین و هەر لە مێشکی توێژدان. ژمارەکانیش تەنیا بەدوا یەکتریدا هاتنی بەهاکانن. بەو پێیە بەلای لایبنیتسەوە مێشک لاپەڕەی سپی نییە، چونکە چەندین بیرۆکە و ئایدیای زگماکی تێدایە، ئینجا پێوەری ڕاستی و ناڕاستی بیرۆکەیەک Idee بەوە نابێ کە لەگەڵ بابەتێکی دەرەکیدا بێتەوە و بگونجێ، بەڵکو بەوە دەبێ تا چەند مێشک بەهۆی ئەوەوە توانایی توێژینەوەی هەیە و چەندە لە خۆیدا بێ ناکۆکییە، واتە چەمکێک دەکرێ ڕاست بێت، نەک لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکەکەی لە بەرانبەریدا لە جیهانی دەوروبەر کەرستەیەک هەیە لەگەڵیدا دێتەوە، بەڵکو بەوەدا ڕاستییەکەی پشت ڕاست دەکرێتەوە کە لەناوخۆیدا بێ ناکۆکی بێ، پێچەوانەکەی نەشێ و نەگونجێ، ئەگەر ناکرێ ناکۆکی لێ بکەوێتەوە، ئینجا دڵنیایی ئەوە ببەخشێ کە دەبێتە سەرچاوەیەکی بڕیار (حوکمێکی دروستی لێ بکەوێتەوە(١٢).

ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرئاو دەکەوێ، ئەگەر ژیر سەرچاوەی زانین بێ و پێوەری ڕاستیش وابێ کە لایبنیتس باسی کردووە، چۆن هەڵەو تەمومژاوی زانین پاساو دەدرێتەوە؟!

لایبنیتس لاری لە بوونی هەڵەو ناڕوونی نییە، بەڵام بابەتەکە بەو جۆرە لێکدەداتەوە و ئەو نموونە سەرنج ڕاکێشەی هێناوەتەوە، گوتوویەتی:

نەفس ژمارەیەکی لە ئەندازە بەدەر ڕێ پێبردنی تەمومژاوی و تێکەڵاوی تێدایە کە دەوری تێکڕای گەردوونیان داوە، ئەوە نەفس خۆی تەنیا بەو ئەندازەی ڕوونی و جیایی ئەم ڕێ پێبردنانە ئەو شتانە دەزانێ کە پەیان پێ دەبات.. هەموو نەفسێک پەی بەبێ کۆتایی دەبات، هەموو شتێک دەزانێ، بەڵام بەشێوەیەکی لێڵ و تەمومژاوی وەک ئەوەی من کاتێک بە پیاسە بە قەراخ دەریادا دەڕۆم و گوێم لەو هاژە توند و گەورەیە دەبێ کە دروستی دەکات و بەسەرمدا دێ، هەروەها من لە هەمان کاتدا چەند دەنگێکی تایبەتی هەموو شەپۆلێک دەبیستم کە لەگەڵ دەنگی شەپۆلەکانی دیکەدا پێکەوە هاژە هاژە گشتییەکەی دەریا کە پێکدەهێنن، بەبێ ئەوەی بتوانم ئەوان لە یەکتری جیا بکەمەوە.

ڕێ پێبردنە لێڵەکانمان ئەنجامی ئەو کارلێکردنانەن کە تێکڕای گەردوون لە ناخی ئێمەدا دەیانکات، ئەمەش لەگەڵ هەموو مۆنادێکدا هەروایە(١٣).

بوونی ڕێ پێبردنی تەمومژاوی لێڵ کە لێرەدا لایبنیتس خستوویەتییە پاڵ گەردوون، دەکرێ بەوە لێک بدرێتەوە کە توانایی زانینی مرۆڤ و ژیریش خۆی سنووردارە، ئەگەر ئەو سنوورەی بەزاند، ڕەوشەکە لە مێشک و لەبەر چاو لێڵ دەبێ، بەڵام لەلای کانت دواتر دەبێتە مایەی پەیدابوونی میتافیزیک.

وەک ڕابەرێکی ڕێبازی ژیرەکی و پابەند بوون بە ڕێنماییەکانی کڵێسەی کریستیان، لایبنیتس لەو باوەڕەدا بووە کە دوو جۆرە ڕاستی (حەقیقەت) هەیە:

– ڕاستی ژیر.
– ڕاستی هەڵکەوت (واقیع).

زانینی ڕاستییەکانی ژیر، پشت بە دوو بنەما دەبەستن، نابێ لە خۆیاندا ناتەبابن و لە ناکردنیشیان ناکۆک بن، بەڵام ڕاستییەکانی هەڵکەوت هەمیشە دەکرێ بەپێی هەلومەرج و ڕەوش، گۆڕانیان بەسەردا بێت. لایبنیتس گوتوویەتی:

«دوو جۆرە ڕاستی هەیە: ڕاستییەکانی ژیر و ڕاستییەکانی فاکت. ڕاستییەکانی ژیر ناچارین و پێچەوانەکانیان ناشێ و لە کردن نایەت، ڕاستییەکانی هەڵکەوت (فاکت) شیاوەکی و ڕێککەوتن و

پێچەوانەکەیان دەنگونجێ بێ(١٤)».

ئەگەر ڕاستییەک ناچاریی بێ بەهۆی شیکردنەوە، دەکرێ هۆیەکەی بزانرێ، ئەویش بەوەی بۆ بیرۆکە و ڕاستییە ساکار ترەکان تا دەگاتە ئەوانەی بنچینەیین شی بکرێتەوە.

ئایا تا چەند ئەو دابەشکردنەی ڕاستی سوودی لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست وەرگرتووە. لەوێ ڕاستی وەحی (ئیمان) و ڕاستی دنیایی ژێر هەبووە، هەروەها تا چەند کاری لە ڕابەرانی کۆڕی ڤیەننا کردووە لەکۆششی فەلسەفە شیکارییە لۆژیکییەکەیانداو لەو هەوڵەی بۆ بەزاندنی بیری میتافیزیک داویانە؟!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- John Locke: Versuch Uber den menschlichen Verstand. Band l: Buch 1 und II. Meiner. Hamburg. S.107. ff.**

**2- Kurt Muller: G.W.Leibniz: In: leibniz. (Hrsg) von Wilhelm Totok, und Carl Hasse. GMBH. Hannover. 1966. S.1.**

**3- Hanns Lilje: Randbemer kungen zu Leibnizs Theologie. In: Leibniz. (Hrsg) von. w. Totok u. C. Hasse. 286-287.**

**4- Wolfgang Rod: Der Weg der Philosophie. Bd. II. becksche reihe. Munchen. 2.Auflage 2009. S.71.ff.**

**5- Gottfried Wilhelm Leibniz: Monadologie oder von Gott und Seiner Existenz und von der Seele des Menschen.**

**6- Gottfried Wilhelm Leibniz: Vernunftprinzipien der Natur und der Gnade. Hamburg Meiner. 1982. Paraq. 1.**

**7- Gottfried Wilhelm Leibniz: Monadologie. Para. 57.**

**8- Gottfried Wilhelm Leibniz: Monadologie. Para. 7.**

**9- Bertrand Russell: Philosophie des Abend Landes. Munvhen 2000. S.597 ff.**

**هەروەها بڕوانە شاکارەکەی مامۆستامان کە لە زانکۆی بەغدا دەرسی پێ گوتووم:**

**- د. كريم متي: الفلسفة الحديثة. عرض نقدي. بيروت ٢٠٠١، ص١٣٥ وفي اماكن أخرى.**

**10- G.W. Leibniz: Werke in vier Banden. Bd. 3. (Descours de Metaphysique) para: XIV.**

**ئەو بەرهەمە کراوە بە عەرەبی:**

**- لايبنتز: مقالة في الميتافيزيقا. ت: د. الطاهر بن قيزه. بيروت ٢٠٠٦، ص١٢١ فما بعد. فقره: XIV.**

**11- G.W. Leibniz: Monadologie. Para. 32.**

**12- Eenst Cassirer: Gesammelte Werke Bd. 3 Das Erkenntnis problem in der Philosophie und Wissenschaft der neueren Zeit. Zweir Band Meiner Hamburg 1999. S.102. ff.**

**13- G.W. Leibniz: Vernunft prinzipien der Natur und der Gnade. Para. 13.**

**14- G.W. Leibniz: Monadologie. Para. 33.**

# پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردەیی


ئاری عوسمان خەیات
(کفری)

*** بەرایی:**

ڕەنگە باشترین سەرەتایەک بۆ چوونە ناو ئەم باسەوە، ئەوە بێت، کە بپرسین: فەلسەفەی پەروەردە/ پەروەردەیی چییە؟ چونکە پرسیارێکی گرنگی لەم شێوەیە، ڕێگە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەیلی گرنگتر خۆش دەکات، کە لە درێژەی باسەکەدا دێنە ڕێمان و هەر لەو درێژەیەشدا و لە ئەنجامی بەپێی توانایی وەڵامدانەوەیان، دەگەینە وەڵامی پرسیاری یەکەمان، کە هاوکات کرۆکی مەبەستە.

*** چەمک و پێناسەی پەروەردە:**

پێناسەکردنی کایەیەکی گەورە و گرنگی وەک پەروەردە، کە ڕووبەرێکی بەرفراوانی لە ژیانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا داگیر کردووە، کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە گەڕانەوەیەکی قووڵە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی پەروەردە، بۆ ئەوەی لەوێوە پەنجە بخەینە سەر ئەو بنەما سەرەکی و بەراییانەی کە پەروەردەیان لەسەر بنیاتنراوە و لەگەڵ ڕۆژگاردا پێشکەوتووە و پەرەی سەندووە و گەشەی کردووە، تا لەسەر ئەم ئاست و شێوازەی ئێستای بە ئێمە گەشتووە، بێ گومان ئەم پەرەسەندن و پێشکەوتنەش بەوەندەوە ناوەستێ، بەڵکو لەگەڵ گۆڕانکارییە هەمەگیرەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵدا، ئەویش گۆڕانی زیاتری بەسەردا دێ، چونکە ماناو مەغزاکانی پەروەردە بریتی نین لە پێدراوێکی چەقبەستوو، بەڵکو هەڵگری خەسڵەتی گۆڕانیان پێوەیە، ئەمەش وای کردووە، بچووکترین گۆڕانکاری لە شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فیکریدا، پێویستی بە گۆڕانکاری لە پرۆسەی پەروەردەدا بێتە کایەوە، هەڵبەت بە نەبوون و دواکەوتنی ئەو گۆڕانکارییەش کۆمەڵێک کێشە و گرفت لەو بوارانەدا سەرهەڵ دەدەن، چونکە ڕەوتی پێشکەوتووانەی ئەوان



ڕۆسۆ

لەگەڵ ڕەوتی دواکەوتووی سیستمی پەروەردەییدا ناگونجێن و تەبا نابنەوە، هەر بۆ نموونە با بڕوانینە بارودۆخی ئێستای کوردستان، کە گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردەییدا وەک پێویستییەکی حەتمی وایە (دیارە هەنووکە هەوڵێک لە قۆناغی پراکتیزەکردندایە و دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژ بکەین، تا بڕیار لەسەر دەرەنجامەکانی بدەین، ئەگەرچی ئێستاش قسە هەڵدەگرێ، بەڵام ئێستا و ئێرە، کات و شوێنی نییە)، بەو پێیە پرۆسەی پەروەردە لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ ژیانی یەک بەیەکی تاکەکان و دواتریش سەرانسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، کەواتە پەروەردە لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە و لە سەردەمانی کۆندا "ساکار و ئاسان بووە و هیچ ئاڵۆزییەکی پێوە دیار نەبووە، بەڵکو بە شێوەیەکی خۆییانە و نەویستانە بەڕێوە چووە و لە نموونەی لاساییکردنەوەی ئاکار و ڕەفتاری گەوران لەلایەن منداڵانەوە خۆی بینیوەتەوە(١)" بۆیە لە ڕێڕەوی مێژووی پەروەردەدا دەبینین، کە "مانای پەروەردە بەلای مرۆڤی سەرەتاییەوە لە سنووری ئەوە تێپەڕی نەکردووە، کە خۆی بیینێتەوە لە پرۆسەگەلی وەک: چاودێری و گەشەکردنی بایۆلۆژییانەی زارۆکان و ڕاهێنانیان لەسەر کۆکردنەوەی خۆراک و چارەکردن و پاشەکەوت کردنیان و دوورکەوتنەوە لە مەترسی و بەرگریکردن لە خود و پرۆسەیلی دیکەی لەو جۆرە، کە تەنیا ئامانج لێیان خۆپارێزی و پارێزگاری کردنە لە مانەوەی جۆرەکی تاکەکان(٢)".

کەواتە قەتیسکردنی پەروەردە لە سنووری پێناسەیەکدا، ئەوەندی زیان گەیاندنە بە پەروەردە وەک پرۆسەیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتی، ئەوەندەش پەکخستنی تێگەیشتنی خودی خۆمانە لەهەمبەر مانا جیاوازەکانی ئەو پرۆسە گرنگە، چونکە "مانای پەروەردە بەپێی وێکچوون و جیاوازییەکانی سروشتی لێکۆڵینەوە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و دیدگایان بۆ تێڕوانین لە تاک و کۆمەڵگا دەگۆڕێ، هەروەها گۆڕانیشی بەسەردا دێت بەپێی جیاوازی پێڕەوگە فەلسەفییەکان و چەشنی ئەو تیورانەی لەژێر ڕۆشناییاندا لە پەروەردە دەڕوانرێ، هەر ئەمەش وای کردووە، کە لە قۆناغ و سەردەمە جیاجیاکاندا، پێناسە و تێگەیشتنی جیاواز لەهەمبەر پەروەردە بێتە کایەوە(٣)"، بەم پێیەش ڕێگە لەبەردەم ئێمەدا واڵایە بۆ ئەوەی بتوانین لە چەند ڕوویەکەوە مانای پەروەردە بخەینە ڕوو، وەک لەم پێناسانەی لای خوارەوە هاتووە:

– پەروەردە لە ڕووی بایۆلۆژییەوە: بەو پێیەی لایەنی بایۆلۆژی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە فیسیۆلۆژیی کەسەکانەوە هەیە، بۆیە پەروەردە لەم ڕووەوە مانای پێگەیاندنی تاکەکەسێکی دروست و ساغلەم لە ڕووی جەستەییەوە دەگەیەنێ، بە بواردنی ئەو حاڵەتانەی کە دیاردەی زگماکین و دەرئەنجام جەستەیەکی کەمئەندامی لێ دەکەوێتەوە.

– پەروەردە لە ڕووی دەروونییەوە: واتە پێگەیاندنی کەسایەتییەکی هاوسەنگ لە ڕووی ڕەوشی دەروونییەوە، بەشێوەیەکی ئەوتۆ، کە توانایی هەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی گیروگرفت و کێشەکانی ژیانی ببێتەوە، بەبێ ئەوەی ڕەوتی ژیانی ئاسایی لێ تێک بچێت و بەرەو لادان و سەرلێشێوان بڕوات.

– پەروەردە لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە: بریتییە لە دروستکردنی تاکەکەسێکی هۆشیار و دەروەست لەهەمبەر دابونەریت و کولتووری تایبەتی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی و ڕاهێنانی لەسەر خۆگونجاندن لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەردا و کارکردن بۆ پێشخستنی کۆمەڵگاکەی.

– پەروەردە لە ڕووی مەعرفییەوە: واتە پێدانی بڕێکی باش و پێویست لە زانیاری و پێکهێنانی

باکگراوەندێکی دەوڵەمەندی فیکری، بۆ ئەوەی تاک ببێتە کەسێکی خاوەن بڕیار بەرانبەر هەڵوێستە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئێستای و پێشبینی کردنی ئایینده و هەروا خوێندنەوەی هەرچی لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان پێوەندی بە خودی خۆی و دەوروبەرییەوە هەبێت.

لێرەوە دەتوانین پەروەردە وەک چەمکێکی تایبەت بەم شێوەیە بناسێنین، لەوەی بریتییە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییانەی ئامانجدار لەپێناو پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگا و ئاراستەکردنیان بەرەو مەبەستی ژیانکردنی بە کۆمەڵ و پەرەپێدان و گەشەپێ کردنی لەڕووی جێبەجێکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییە تەواوکەرەکان و فەرمان و بەرپرسیارێتییەکان لەلایەکی دیکەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی کە پەروەردە ئەو پرۆسە ئاراستەکراوەیە، بەرەو ڕوودانی گۆڕانکارییەکی خوازراو لە ڕەفتاری تاک و هاوکات ڕەفتاری دەستەجەمعییانەی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی(٤)".

ئەگەرچی ئەو پێناسانەی سەرەوە، لە بواری جیاجیاوە لە پەروەردەیان ڕوانیوە، بەڵام دواجار هیچ کام لەوانە، بەبێ ئەوی دی تەواوکار نابن و هیچ ئەنجامێکیان نابێ، واتا بەبێ یەکتر، ئاستەمە پرۆسەیەکی ڕاستەقینەی پەروەردەیی بێتە بەرهەم، چونکە چ لایەنی بایۆلۆژی، چ دەروونی و کۆمەڵناسی و مەعریفییش لێکدابڕاو نین و هەمیشە لەیەک کایەی سەرەکیدا کۆدەبنەوە، کە ئەویش کایەی جەختکردنەوەیە لەسەر ئاراستەکردنی تاک بەرەو ئامانجێکی ڕوون و ڕۆشن.

دیارە ئایینیش بۆ خۆی پێناسەیەکی بۆ پەروەردە هەیە، بەڵام هەر ئایینە و بەپێی تایبەتمەندی خۆی لێی دەڕوانێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هیچ ئایینێک نییە پشتی بە لایەنی گیانی (ڕوحی) نەبەستبێ، بەمانایەکی دیکە: هەموو ئایینەکان لەو خاڵەدا یەک دەگرنەوە، کە سەرچاوەی هێزی خۆیان لە لایەنە ڕوحییەکەوە هەڵدەهێنجن، بۆیە بێ گومانی کە ئەو حاڵەتە لە پرسێکی وەک پێناسەکردنی پەروەردەشدا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی دەبێت.

لەگەڵ ئەوەدا، کە پەروەردە پرۆسەیەکی فرە جەمسەرە، بەڵام بەبێ بوونی لایەنی (فێرکار/ فێرخواز) ئەم پرۆسەیە نایەتە بەرهەم، بۆیە لەم ڕوانگەیەشەوە پەروەردە بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە "پرۆسەی گونجاندن و ڕاهاتن لەنێوان فێرکار و فێرخوازدا، لە ژینگەیەکی ئەوتۆدا، کە ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ پێگەیاندنی تاکەکەس لەڕووی بایۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و مەعریفی و سەرجەم بوارەکانی دیکەی ژیان، کە لە ئەنجامی کردەییدا پرۆسەی فێربوون دێتە کایەوەو لەو نێوەندەشدا "عەقڵ یەکەمین ئامرازی فێربوونە(٥)".

*** ئامانجەکانی پەروەردە**

ئەو ئامانجانەی کە پەروەردە هەیەتی و پێویستە دامودەزگا کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان کار بۆ بەدی هێنانیان بکەن، هەروا بەئاسانی لەسەر ڕێگەیەکی تەخت نین، بەڵکو کۆمەڵێک کێشەیان لەڕێدایە، کە هەڵگری چەندین پرسیاری هەمەچەشنن، لەوانەش: ئایا ئامانجی پەروەردە تەنیا ڕوو لە خودیەتی تاکەکەسەکانە؟ بەواتای ئەوەی گەشەپێدانی هەموو توانایییە خودیەتی و سروشتییەکانی تاکەکەسە بە چاوپۆشی کردن لە داوا و خواستەکانی کۆمەڵگا؟ یان ئامانجی پەروەردە ئەوەیە، کە تاک ڕابهێنرێ بۆ ئەوەی هەموو فەرمانەکانی کۆمەڵگا بەجێ بهێنێ و ملکەچی سیستەمە جۆراوجۆرەکانی بێ و کوێرانە و لەسەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی خزمەتی بکات؟ ئەمە جیاوازییەکە بە شێوەیەکی ڕوون لە نێوان بۆچوونی (ژان ژاک ڕۆسۆ) و (دۆرکهایم)، لەبارەی ئەرک و ئامانجەکانی پەروەردەوە، بەدی دەکرێت.

ئەو تێکچڕژاوییە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین: وەک چۆن پێناسەکردنی پەروەردە ئاسان نییە، بەهەمان شێوە دیاریکردنی کۆمەڵێک خاڵ بەناوی ئامانجەکانی پەروەردەوە، دیسانەوە کارێکی ئاستەمە، بگرە هەوڵێکی بێ گیانیشە، بەو پێیەی سەرچاوەکانی ئامانجە پەروەردەییەکان زۆر و زەوەندن و گرنگترینیان خۆی دەبینێتەوە لە "بارودۆخی فێرخواز لە ڕووی گەشەکردن و پێداویستی و بایەخدان و ئاوات و ئارەزووەکانییەوە و لەلایەکی دیکەیشەوە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوەیە، وەک سروشتی کۆمەڵگا و سیستەمەکەی و دامودەزگاکانی و کێشە و گرفت و نیازەکانییەوە لە داهاتوودا(٦)"، ئەمەش وا دەکات "ئامانجەکانی پەروەردە بەشێوەیەکی ڕوون و بەرچاو ئاشکرا نەبن، بەتایبەت لە سیستەمە پەروەردەییە لاواز و خوازراوەکاندا، یان ئەو سیستەمە پەروەردەییانەی کە لەژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتییەکدا بەڕێوە دەچن، کە هیچ جۆرە متمانەیەکی ئاڵوگۆڕپێکراو لەنێوانی خۆی و کۆمەڵگاکەیدا نییە(٧)"، چونکە لە نەبوونی متمانەدا، هیچ هێزێک نییە بتوانێ



دۆرکهایم

پەروەردەیەکی ڕاستەقینە بەرهەم بهێنێ، بەرهەم نەهاتنی پەروەردەیەکی وەهایش، هاوکاتە بە دارمانی کۆی ئەو پێ دراوە ئەخلاقی و مەعریفی و کولتوورییانەی لە کۆمەڵدا هەن، یان لە قۆناغی سەرهەڵدان و دروستبووندان.

لە ڕاستیدا هیچ کایەیەک نییە، توانایی ئەوەی هەبێ هێزی خۆی بەیان بکات، بەبێ ئەوەی لەسەر زەمینێکدا بێت، کە متمانەی تێدا باڵادەست بێت، دیارە بەم بۆچوونەش نامانەوێ ئایدیایەکی نموونەگەرایی بۆ تێگەیشتن لە بوونی متمانە و هێزی متمانە، لەهەمبەر چەسپاندنی پایەکانی پرۆسەی پەروەردەیەکی تەندروستدا بێنینە کایەوە.

چڕبوونەوە لە پرسی متمانە لە سەرخستنی پرۆسەی پەروەردەدا، دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین: پەروەردە مەبەستدار بێت، یان بێ مەبەست، فەرمی بێت، یان سەربەست (نافەرمی)، ئەوە ئامانجەکانی پەروەردە بریتییە لە خولقاندنی جۆرێک لە "دینامیکییەتی گونجاو بە مەبەستی چاودێریکردنی گەشەی تاکایەتی، بەشێوەیەکی ئەوتۆ، کە ئامادەباشییەکانیان پەرەبستێنن بۆ کارامەیی و لێهاتوویی کاریگەر، تا مانای پتر و قووڵتر بە ژیانیان ببەخشێ(٨)"، لەپاڵ ئەوەشدا هێزی متمانە وا بکات، لەوەی ئەو کارامەیی و لێهاتووییەیان بەنێو کۆمەڵگادا شۆڕبێتەوە و جێگەی خۆیان بگرن و ڕەنگدانەوەیان لە ڕەوت و ڕێڕەوی پێشکەوتنی شارستانیدا دیار بێت.

ڕەنگە هەر ئەم خاڵەش وای کردبێ، کە زۆرینەی زانایان و پەروەردەکاران، لە ڕوانینیاندا بۆ پرۆسەی پەروەردە، گرنگی بدەن بە لایەن، یان دیوە کۆمەڵایەتییەکەی پەروەردە، بەوەش ڕەهەندێکی گەورە و دوورتریان بۆ دیاری کردووە، هەروەک (پیاجێ) لەو بارەیەوە پێی وایە "پەروەردە گونجاندنی تاکەکەسە لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی(٩)"، هاوکات (جۆن دێوی) دەڵێت: "پەروەردە بریتییە لە سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی کارامەییەکان لەڕێگەی پێدانی بڕێکی زیاتر لە بەهای کۆمەڵایەتییانەی پشت قایم بە بڕێکی باش لە توانایی تاکایەتی کەسەکان(١٠)".

ئەگەرچی ئەم تێڕوانینەی دواییان، شتێک لە تایبەتمەندیی بۆ ڕۆڵی کەسایەتیی تاکەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام (ئیمیل دۆرکهایم) جارێکی دیکە بەم پێناسەیەی خۆی، پێوەندی نێوان پەروەردە و لایەنی کۆمەڵایەتی پتەوتر دەکاتەوە، بەو پێیەی دەڵێ: "پەروەردە کردارێکە لەلایەن نەوە پێگەیشتووەکانەوە لەڕووی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، ئەنجام دەدرێ و مەبەستی پەروەردەش خولقاندن و پێشخستنی هەندێ حاڵەتی سروشتی و هزری و ڕوحییە بەلای منداڵەوە(١١)".

باشی ئەم تێڕوانینەی دۆرکهایم لەپاڵ پێناسە و تێڕوانینەکانی دیکەدا لەوەدایە، کە جارێکی دیکە دەمانباتەوە لای مەبەست و ئامانجی پەروەردە، چونکە ئەگەر ئامانج و مەبەستی پەروەردە، لەهەر سیستمێکی پەروەردەییدا، پێشوەخت و بەشێوەیەکی زانستی و لەسەر بنەمایەکی ڕۆشنی فەلسەفی دیاری بکرێن، ئەوە بێ گومان پرۆسەیەکی سەرکەوتووی پەروەردەیی چێ دەبێت، بەو مانایەی هەموو سیستمێکی پەروەردەیی پێویستی بە هزرێکی فەلسەفی دیاریکراوە، چ بە تەنیا، یان بە تێهەڵکێش لەگەڵ هزری فەلسەفی دیکەدا، بۆ ئەوەی ڕێڕەو و ڕێبازی پرۆسەکە دەستنیشان بکرێت و لەوێندەرێشەوە هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان بنرێت، بەڵام پرسیارە ئامادەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا فەلسەفە خۆی چییە؟

*** فەلسەفە چییە؟**

بەپێی ئەوەی لە زۆبەی سەرچاوە تایبەتەکانی بواری لێکۆڵینەوەی فەلسەفیدا، دەربارەی بنەڕەت و واتای

وشـەی فـەلسـەفـە هاتووە، دەزانین کـە فـەلسـەفـە (Philosophy) زاراوەیەکی کۆنی یۆنانییە و لە دوو بڕگــە پێکهــاتووە، کــە ئەویش (Philo) واتا (خۆشـەویسـتی)و (Sophy) بەواتای (دانایی)، کە هەردوو پێکەوە مـانـای (خـۆشـەویسـتی دانایی) دەگەیەنێت. سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەش بۆ یـەکــەمین جــار، هەندێ ڕاوبۆچوون هەیە بـۆ (فیسـاگۆرس)ی دەگەڕێننەوە لە سەدەی شەشەمی پێش زایین و هەندێ سەرچاوەش دەڵێن گـوایە (سوکرات) بۆ یەکـەمین جـار ئەو زاراوەیەی بەکـارهێناوە.(١٢)، بەڵام هەرچییەک بێت و هەرچۆنێک بێت، تازە ئەوە وشەیەکە و ئێـسـتـا لەگـەڵ (پەروەردە)دا، چەمکی زاراوەیـەکی تایبەتیان پێکهێناوە.

وێڕای ئەوەی زۆربەی بیرمەندان و زانایان ئاراسـتـەی جـیـاجـیـایان گـرتووەتەبەر لە چۆنیـەتی پێناسـەکـردنی فـەلسـەفـەدا، بەڵام هەرچۆنێک بێت، بۆ تێگەیشتن لە فەلسـەفە، دەکرێ بڵـێین: "فەلسەفە بریتییە لە گەڕان بەدوای حەقیقەتی بووندا، چ ئەوەی پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە و چ ئەوەشی پێوەندی بە نادیار و غـەیبـانیـیـەتەوە هەیە (جیـهـانی مـیـتـافـیـزیکی و جیـهـانی فـیـزیکی)، ئـەمــەش بە تـەنیــا لـەڕێگـەی تـوانایـی ئاوەزی و هەستەوەرییەکانی خودی مرۆڤەوە ئەنجام دەدات(١٣)"، هەروەها فەلسـەفە بریتییە لە "کۆششی ئاراستـەکراوی ئاوەز (عـەقڵ) بۆ گـەڕان بەدوای دانایی و ڕەهادا(١٤)" یان دەکـرێ لە پێناسـەیەکی دیکەدا فـەلسـەفـە بەوە تێبگەین، کـە بریتـییـە لە "شـێـوازێکی بەرنامـەڕێژ لە چۆنیـەتی بیـرکـردنەوە سەبارەت بە هەمـوو ئەو شـتـانەی بوونیـان هەیە و هەوڵی ناسـینی شـتـە گـیـاندار و بێ گیانەکان دەدات، پابەند بـە پرەنسیپەکانی شیکردنەوە و پێکهێنان و ڕەخنە و تێڕامان(١٥)". بەواتایەکی دیکە، فەلسەفە هەوڵی تێگەیشتنی سروشتی شتەکان دەدات و دەیەوێ بەشێوەیەکی تەواوەتی بگاتە یەقین و درکیان پێ بکات.

ئەمەو دەیان پێناسەی دیکەی فەلسەفە لە ئارادا هەن، کە دواجار هەموویان لەیەک قاوخدا خۆیان دەبیننەوە، کە ئەویش بریتـییـە لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە پرسـیـاری گەورەی (فەلسەفە چییە؟)، هەروەک (ڕێبـوار سیوەیلی) دەڵێ:"کـاتێک دەپرسین فـەلسـەفـە چییـە؟ لـەڕاسـتـیـدا پرسـیـارێکی فـەلسـەفی لە فـەلسـەفـە دەکـەین، ئەمـەش بەمـانای ئەوەیە فـەلسـەفـە لەناو پرسـیـارەکـانیـدا بیـر دەکـاتەوە(١٦)"، هاوکـات هەر (سـیـوەیلی) خـۆی لە هەوڵێکیـدا بۆ ناساندنی فـەلسـەفە، دەڵێ:"فـەلسـەفـە جۆرێکە لە بیرکردنەوە، کە تایبـەتمەندیی بیـرکـردنەوەی بوونەوەرێکە بەناوی مـرۆڤ. مـرۆڤ بیـرکـەرەوەیە و یەکـێـک لە جــۆرەکــانی بیــرکــردنەوە لای مــرۆڤ، بیـرکـردنەوەی فـەلسـەفـیـیـانەیە، واتا ئەو جـۆرەیە لە بیرکـردنەوە، کە تێیـدا مرۆڤ حەز و خۆشەویسـتی و کـرانەوەی خـۆی بۆ دانایی و ژیانی هۆشـەکی، ئاشکرا دەکات(١٧)".

بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی لە گۆشەنیگای تێڕوانینی خاوەنەکانی هەریەک لەو پێناسانەی فەلسـەفەوە، بۆمان ڕوون دەبێـتـەوە، کە فـەلسـەفـە کردەیەکی هزریی مـرۆڤـە لەپێناو ئاسـوودەیی خـودی مـرۆڤ خـۆیدا، ئەگـەرچی فەلسەفەش بێ ئازار و گینگڵدان، بۆ کەسی فەیلەسووف نییە و مەیسەر نابێ.

لەگشت بارێکدا، ئێمـە دەتوانین لێرەدا گرنگـترین ئەو بنەمایانە دیاری بکەین، کە بەشێوەیەکی گشتی هەمـوو فەلسەفەیەک پشتی پێدەبەستێ، لەوانەش:

١- گشتگیربوون و فراوانیی تێڕوانین و کرانەوە بەسەر بەشەکانی گشتێکدا، یان تاکەکەسێکی نێو کۆمەڵێک.

٢- بینین لەئاستی بەهای ڕووکەشییەوە هەتا ئاستی بەهای گەوهەری.

٣- تێڕامان لە دیاردەکان.

٤- پراکتیزەکردن و سوودوەرگرتن لە مەعریفە(١٨).

ڕەنگە تا ئێرەو بۆ ئەم باسە، ئەوەند قسەکردن لەبارەی فـەلسـەفـەوە بەس بێت، بەڵام ئەوەی کە پێویسـتـە زیاتر لێی ورد ببینەوە، قسـەکردنە سـەبارەت بە (فـەلسـەفـەی پەروەردە)و ماهییەتی ئەو فەلسەفەیە، هەروەها پێوەندی نێوان فەلسەفە و پەروەردە.

*** فەلسەفەی پەروەدەیی چییە؟**

پێش هەر شــتــێک پێـویسـتـە بڵـێین: فـەلسـەفـەی پەروەردەیی مەیدانی پراکتیکی فەلسەفەیە و تێدا کەسی پێوەندیدار بەو پرسە، بنەما و پرەنسیپەکانی فەلسەفەی گشتی لەبواری پەروەردەییدا جێبەجێ دەکات، هەروەک (د.تۆفیق ئەحمەد) و (د.محەمەد مەحمـوود)یش پێیـان وایە، "فـەلسـەفەی پەروەردە بریتییە لە پراکـتیزەکردنی تیور و بیرۆکە فەلسـەفییە پێوەندیدارەکان بە ژیانەوە لە مـەیدانی پەروەردەدا و ڕێکخـسـتنیـان لەچوارچێـوەی کـۆمـەڵێک بەرنامـە و پرۆگـرامی تایبـەتدا لەپێناو

بەجێهێنانی ئامانجە پەروەردەییە خوازراوەکان(١٩)"، ئەمەش مانای ئەوەیە، کە دەبێ فەیلەسووفی پەروەردەیی زانیاری تەواوی لەبارەی زانستەکانی دیکەوە هەبێ، بۆ ئەوەی لەو مەیدانەدا بە باشترین شێوە بیانخاتە گەڕ بۆ ئەوەی وەک (جۆن دێوی) دەڵێ: فەلسەفە ببێتە دیدگەی گشتی پەروەردە(٢٠)" و بەوەش خاڵی هەرە گرنگی پێکگەیشتنی فەلسەفە و پەروەردە دیاری دەکرێت.

هەڵبەت لە مەیدانی پەروەردەدا چەندین جۆری فەلسەفە سەریان هەڵداوە، هەریەک لەو فەلسەفانەش دیدگە و ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە لەبارەی پەروەردە بەگشتی و پرۆگرام و بەرنامە و ئامانجەکانی پەروەردە بەتایبەتی، بەڵام هەریەک لەوانە "بە باری فێرکار و ئەو ژینگەیە پەیوەستن کە دەتوانێ وەڵامدەرەوەی خواستەکانی بێت(٢١)" بۆ فێربوون و گەشەکردن و پێشکەوتن، لەوانەش: (فەلسەفەی نموونەگەرایی، فەلسەفەی واقیعگەرایی، فەلسەفەی سروشتگەرایی، فەلسەفەی پراگماتیکی، فەلسەفەی بوونگەرایی، فەلسەفەی پێشکەوتنگەرایی، فەلسەفەی تاکگەرایی، فەلسەفەی کۆمەڵگارایی و فەلسەفەی ئیسلامی)، کە هەوڵ دەدەین بەپێی توانایی خۆمان بنەماکانی هەریەک لەو فەلسەفانە بخەینە ڕوو و پێوەندییان بە پەروەردەوە دیاری بکەین، بەڵام پێش ئەوە پێویستە پێوەندی نێوان پەروەردەو فەلسەفە بزانین، کە دکتۆر (سامی سلطی عریفج) لە کتێبی (مدخل الی التربیة)دا، لە چەند خاڵێکدا، بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕوونی کردووەتەوە:

١- فەلسەفە گوزارشت لە بارودۆخی پەروەردە دەکات و کێشەکانی ڕۆشنبیری شی دەکاتەوە و وێنایەکی پێشکەوتوویان بۆ دەکێشێ، لە بەرانبەردا پەروەردە ماناکانی فەلسەفە جێبەجێ دەکات، لەڕێگەی پەرچڤەکردنیانەوە بۆ دابونەریت و ئاراستە و کارامەیی.

٢- فەلسەفە ڕەخنە لە پرۆسەی پەروەردەیی دەگرێت و کار لەسەر چاککردنی دەکات بەپێی ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەو بوارانەی دیکەدا، کە جێگەی بایەخ پێدانی مرۆڤین.

٣- پەروەردە سوود لە فەلسەفە وەردەگرێت بۆ ڕێکخستن و گونجاندنی پرۆسەی پەروەردەیی و ڕوونکردنەوەی ئەو بەها و ئامانجانەی کە لە هەوڵی جێبەجێکردنیاندایە.

٤- فەلسەفە هاوکاریمان دەکات بۆ تێگەیشتن لە واتای پرۆسەی پەروەردەیی و تێگەیشتن لە چۆنیەتی پراکتیزەکردنیان بە شێوەیەکی قووڵتر.

٥- پێڕەوی کردنی فەلسەفەیەک لە فیکری پەروەردەییدا، وا لە پەروەردەکاران دەکات، کە بەشێوەیەک لە پەروەردە بڕوانن وەک ئەوەی لە چوارچێوەی پێوەندییەکانیدایە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ژیاندا. بەو پێیەش کاری خوێندنگە و کاری خێزان لەگەڵ کاری دەزگا ڕۆشنبیرییە هاوکارەکاندا وێکدێنەوە، خوێندنگەش لە ژینگەی کارکردن و مەیدانەکانی یاری و خەمە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان دادەبڕێ.

٦- لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان پاڵپشتی پرۆسەی پەروەردە دەکەن بەوەی هێزی زیاتری پێدەدەن، تا ڕەخنە لەخۆی بگرێت و پرسیاری بوێرانەتر ئاراستەی واقیعی ئێستا و داهاتووی خۆی بکات.

*** بنەماکانی فەلسەفە پەروەردەییەکان**

**یەکەم/ فەلسەفەی نموونەگەرایی:**

مێژووی ئەم فەلسەفەیە بۆ سەردەمی گریکەکان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی دیکەیش بۆ (سوکرات) و (ئەفلاتوون)، بەڵام بەشێوەیەکی زیاتر پێوەندی بە ئەفلاتوونەوە هەیە، چونکە بۆ یەکەم جار ئەو تۆماری کردووە، هەروەها کۆمەڵێکی دیکەیش دەوریان هەبووە لە پێشخستن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پرەنسیپەکانی، لە نموونەی: بیرکلی، کانت و هیربرت(٢٢)، دیارە هۆکاری ئەم ناولێنانەش بۆ (نموونەگەرایی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خاوەنانی ئەم فەلسەفەیە "پشتیان لە جیهانی ئەزموونە هەستەوەرییەکان کرد و ڕوویان لە تواناییەکانی عەقڵ کرد، لەچۆنیەتی تێپەڕاندنی پێدراوەکانی واقیع بەرەو جیهانی واتاکان(٢٣)".

**- گرنگترین بنەماکانی فەلسەفەی نموونەگەرایی:**

١- هەموو شتە ڕاستەقینەکان لە عەقڵەوە سەرچاوە دەگرن.

٢- مرۆڤ لە سروشت گرنگترە.

٣- مرۆڤ لە هەڵبژاردنی ڕێگەی باش، یان خراپ ئازادە.

٤- حەقیقەتە سەرەکییەکان لە جیهانی نموونەیی، یان جیهانی ئاسماندا هەن و هەمووشیان ڕەهان و دەکرێ لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە درکیان پێ بکەین.

٥- بوونی مرۆڤ لەم ژیانەدا بە تەواوی پابەندی عەقڵە.

٦- گەوهەری جیهان بریتییە لە عەقڵ و ڕوح.
٧- مرۆڤ بەشێکە لە جیهانێکی ڕوحانی و بەپێی تواناییەکانی خۆی کارلێکی لەگەڵ دەکات(٢٤).

- پەروەردە لەسایەی بنەما گشتییەکانی فەلسەفەی نموونەگەراییدا:
- عەقڵ و ڕوح لە هێزە سەرەکییەکانی ئەم گەردوونەن، بۆیە دەبێ زیاتر لێیان وردبینەوە.
- فێرکار بەرپرسە لە دۆزینەوەی ژینگەیەکی گونجاو بۆ مەبەستی فێرکردن.
- فێرکار لە ڕوانگەی فێرخوازانەوە نموونەی بالآیە.
- چڕبوونەوە لەهەمبەر گەشەی عەقڵی و تیژکردنی بەو زانیارییانەی کە هاوکاری دەکات لەسەر بیرکردنەوەی لۆژیکی.
- فێرکار لە ئاراستەکردنی فێرخوازەکاندا ڕۆڵی ئاراستەکار و هاوکار دەگێڕێ.
- پرۆسەی پەروەردەیی لە ئارەزووی فێرخوازەوە بۆ فێربوون دەست پێدەکات.
- پرۆسەی پەروەردەیی هاوکاریی تاک دەکات بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەت و جوانی و شتە تازەکانی دیکەدا.
- میراتی ڕۆشنبیری لە پرۆسەی پەروەردەییدا گرنگی خۆی هەیە و پێویستی بە چڕبوونەوەی زیاترە لەسەری.
- پێویستی گەشەپێدانی کەسیەتی فێرخواز و پێشخستنی لەسەرجەم بوارەکانی مەعریفە و ئاکار و ڕوحیدا(٢٥).

**دووەم/ فەلسەفەی واقیعگەرایی:**

ئەم فەلسەفەیە بە ناوی ئەرستۆی قوتابی ئەفلاتوونەوە پەیوەستە. ئەرستۆ بنەماکانی فەلسەفەکەی لە دیدگایەکی ماتریالییەوە هەڵێنجاوە و پێچەوانەی تێڕوانینی نموونەگەراییە. ماتریال لەم فەلسەفەیەدا بەتەنیا بریتی نییە لە بیرۆکەیەک، کە لە عەقڵی مرۆڤدایە، بەڵکو ئەویش بۆ خۆی سەربەخۆیە لە عەقڵ. شایەنی باسە فەلسەفەی واقیعگەرایی چەندین لقی لێ دەبێتەوە، لەوانەش: واقیعگەرایی بێژەیی، واقیعگەرایی کۆمەڵایەتی، واقیعگەرایی هەستەکی، واقیعگەرایی زانستەکی، واقیعگەرایی کاسۆلیکی و واقیعگەرایی کلاسیکی(٢٦).

- گرنگترین بنەماکانی فەلسەفەی واقیعگەرایی:
١- جیهان بەشێکە لە سروشت و دەکرێت لە ڕێگەی هەست و کارامەییەکانەوە شارەزای نهێنییەکانی ببین.
٢- هەموو ئەو شتە ماتریالییانەی لەم جیهانەدا ڕوو دەدەن، بە یاسا سروشتییەکانەوە پەیوەستن.
٣- مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەی شێوازی زانستییەوە بە حەقیقەت بگات.
٤- ناکرێ عەقڵ لە جەستە داببڕێت، هەروەک هیچ کامیان کۆنترۆڵی ئەوی دیکەیان ناکات، بەڵام پێوەندییەکی تەواو لەنێوانیاندا هەیە.
٥- گۆڕان لەم گەردوونەدا، فەرمانێکی ڕاستەقینەیە.
٦- لەڕێگەی زانستەوە شارەزای جیهان دەبین، نەک لە ڕێگەی فەلسەفەوە.
٧- بەهاگەلی هەق و نیک و جوانی ملکەچی یاساکانی سروشتن.
٨- بوونی جیهان وەک ئەوەیە، کە هەیە و هەستی پێ دەکەین، نەک وەک ئەوەی خەیاڵی دەکەین(٢٧).

- پەروەردە لەسایەی بنەما گشتییەکانی فەلسەفەی واقیگەراییدا:
- پەروەردە لەپێناو ژیاندایە، بۆیە پێویستە ئامانجگەلی جوامێرانەی هەبێت.
- پرۆسەی پەروەردەیی بەپێی یاسا و سیستەمی زانستی ڕێک دەخرێت و نابێت بخرێتە بەردەم ئارەزوو و نەخشەی فێرکارەوە.
- خودی پەروەردە خۆبشی جۆرە ئامانجێکە.
- گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەی زانستی و شێوازی زانستی.
- دەوڵەت سەرجەم ڕێوشوێنەکانی پرۆسەی پەروەردەیی کۆنترۆڵ دەکات.
- ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ بەرگری کردن لە دەوڵەت و کیانەکەی ئامادە دەکات.
- بایەخدان بە تواناییەکانی تاک و گەشەپێدانی لەسەر شیکارکردن و هۆکاری و پاساودان.
- پرۆسەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەماگەلی زانستی چەسپاو ئەنجام دەدرێن(٢٨).

**سێیەم/ فەلسەفەی سروشتگەرایی:**

ئەگەرچی بنجوبنەوانی فەلسەفەی سروشتگەرایی بۆ شەش سەدەی پێش زایین دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم

فەلسەفەیە بە ناوی فەیلەسووفی فەرەنسی (ژان ژاک رۆسۆ)(٢٩)وە پەیوەستە، هەروەک ئەوانی دیکەیش کۆمەڵێک بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە، کە لەکۆی گشتیدا بانگەشەکردنێکی ئاشکرایە، بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ نێو باوەشی سروشت.

- گرنگترین بنەماکانی فەلسەفەی سروشتگەرایی:

١- گەردوون خۆکردە و پێویستی بە زاتێکی ئامێرەکی نییە بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کاروبارەکانی.

٢- ژیان و جیهانی سروشتی، کۆی دەسکەوتی سروشتیی ڕووداوەکانی گەردوونن.

٣- سرووش تاقە شتی ڕاستەقینەیە و هەر ئەویش کلیلی ژیانە.

٤- تاکەکەس لە کۆمەڵگا گرنگترە، هەربۆیەش گرنگی ئامانجە تاکەکەسییەکان لەپێشەوەی گرنگی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە.

٥- تاکەکەسەکان بەپێی ئارەزووی خۆیان شێوازی سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەڵدەبژێرن.

٦- بەکارهێنانی شێوازەکانی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی زانستی لەپێناو تێگەیشتنی جیهانی ماتریالێدا(٣٠).

- پەروەردە لەسایەی بنەما گشتییەکانی فەلسەفەی سروشتگەراییدا:

- لەژێر ڕۆشنایی سروشتدا پەروەردە ئەنجام دەدرێت و لەسەر بنەمای مافە تاکەکەسییەکانیش کۆمەڵگا بنیات دەنرێت.

- فێرکاران بە بەردەوامی گرنگی بە خواست و ئارەزووەکانی فێرخوازان دەدەن، نەک گرنگی بەو بابەتانەی کە لەگەڵ خواست و ئارەزووەکانیاندا ناگونجێ.

- پەروەردە هەردوو لایەنی جەستەیی و عەقڵی دەگرێتەوە.

- بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە، پشت بە چالاکییە خودێتییەکان دەبەسترێت.

- لە پرۆسەی پەروەردەییدا ئاگاداریی توانایی تاکایەتییە جەستەیی و عەقڵییەکان دەبێت.

- پرۆسەی پەروەردەیی بەلای سەرجەم فێرخوازانەوە، بەشێوەیەکی ئامەزۆییانە بەڕێوەدەچێ.

- ئامادەباشی سروشتییانەی فێرخواز بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێ سەبارەت بە پرۆسەی پەروەدەیی(٣١).

**چوارەم/ فەلسەفەی پراگماتیکی:**

فەلسەفەی پراگماتیکی بە شۆڕشێک دادەنرێ بەسەر فەلسەفەکانی دیکەدا. ئەم فەلسەفەیە پێی وایە، دەبێ هەموو شتێک بە ئەزموون و تاقیکردنەوەدا تێپەڕێت، بۆ ئەوەی لە دروستی و ساغڵەمی ئەو شتە دڵنیا بین. فەلسەفەی پراگماتیکی بە ناوی فەیلەسووفی ئەمریکی (جۆن دیوی)یەوە پەیوەستە (٣٢).

- گرنگترین بنەماکانی فەلسەفەی پراگماتیکی:

١- جیهان بە بەردەوامی لەگۆڕاندایە.

٢- ڕاستی و دروستی هەر بیرۆکە و حەقیقەتێک پابەندە بە ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەوە.

٣- گەیشتن بە حەقیقەتی گەردوون و چۆنیەتی هەبوونی، کارێکی ئاسان نییە.

٤- تێگەیشتن لە حەقیقەتی (ئیلاهی) کارێکە بەجێهاتنی مەحاڵە.

٥- هەموو تاکێک بەشێکە لە کۆمەڵگا و دەورێکی دیاریکراوی هەیە لەو کۆمەڵگایەدا.

٦- پشت بە پێوانەی سوودگەیاندن دەبەستێ(٣٣).

- پەروەردە لەسایەی بنەما گشتییەکانی فەلسەفەی پراگماتیکیدا:

- ئامانجی پەروەردە بریتییە لە گەشەپێدان و پێشخستنی کارامەیی کۆمەڵایەتی.

- پێویستی تاکەکان بەپێی توانایی و لێهاتووییان دابین دەکرێت.

- پەروەردە گەشە بە لایەنەکانی فیکری و جەستەیی تاکەکان دەدات.

- گەشەپێدانی تواناییەکانی داهێنان بەلای تاکەکانەوە، لەڕێگەی کارامەییانەوە دەبێت لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی کە دەخرێتە بەردەستیان.

- پێوانەکردن لەسەر مەودای ئاوێتەبوونی تاک لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا و توانایی لەسەر بەرهەمهێنان، چڕ دەکاتەوە.

- پەروەردە هەوڵدەدات تاکەکان ئامادە بکات، بۆ ئەوەی جێگەی شیاوی خۆیان لەنێو کۆمەڵگادا پڕ بکەنەوە.

- تاکەکەس لەڕێگەی کارکردن و ئەزموونەوە فێر دەبێت(٣٤).

**پێنجەم/ فەلسەفەی بوونگەرایی:**

فەلسەفەی بوونگەرایی لەیەک خاڵی بنەڕەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش بریتییە لەوەی کە مرۆڤ حەقیقەتی خۆی بە دەستی خۆی دروست دەکات و لەلایەن هیچ بزوێنەرێکی ژینگەیی و بۆماوەییەوە نابزوێ، یان ناجوڵێنرێتەوە، ئەمەش لە وتەی یەکێک لە دیارترین جەمسەرەکانی ئەم فەلسەفەیەوە روون دەبێتەوە، کە ئەویش (ژان پۆل سارتر)ە، کاتێک وای دانا، کە تاکەکەس بریتییە لەوەی خۆی دروستی دەکات بەبێ ئەوەی هیچ رێگری و تخوبکاری و بڕیارلێدانێکی پێشوەخت کاریگەرییان بەسەرییەوە هەبێ، چونکە تاکەکەس خودێکی سەربەستە، بگرە تاکەکەس خودی سەربەستی خۆیەتی(٣٥).

- گرنگترین بنەماکانی فەلسەفەی بوونگەرایی:

١- بوونی مرۆڤایەتی تەنیا حەقیقەتی گەردوونە.

٢- هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە بەهاکانی ژیانی خۆی بۆ خۆی دیاری بکات.

٣- تاکەکەس لە کۆمەڵگا گرنگترە، بۆیە دەبێ یەکەم جار جەخت لە ئامانجە تاکەکەسییەکان بکرێتەوە.

٤- شتە خراپەکان ناگۆڕرێن.

٥- بەبێ بوونی مرۆڤ، جیهانی ماتریالی و گەردوون، هیچ مانایەکیان نییە.

٦- مرۆڤ لە خۆی تێدەگات و هەر خۆیشی بە تەواوی سەربەستییەوە خۆی دروست دەکات(٣٦).

- پەروەردە لەسایەی بنەما گشتییەکانی فەلسەفەی بوونگەراییدا:

تا هەنووکە فەلسەفەی بوونگەرایی پراکتیزە نەکراوە، بۆیە هیچ وێنایەکی وردی نییە سەبارەت بە چەمک و پرۆگرامەکانی پەروەردە، هۆکاری ئەمەش وەک (زیجللەر) روونی دەکاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی گەورە و فراوان لەنێوان بۆچوونی جەمسەرەکانی فەلسەفەی بوونگەرایی لەهەمبەر بنەما فەلسەفییەکان. هەندێ هەوڵ دراوە بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستی بوونگەراکان دەربارەی هەندێ پرسی گرنگ، کە دەتوانین لەژێر چەمکی پەروەردەدا، بەم شێوەیەی لای خوارەوە پۆلێنیان بکەین:

١- پرۆسەی پەروەردەیی ئاراستەکراوە بەرەو تاکەکەس و بیروبڕوا تایبەتییەکان.

٢- فێرخواز پەرە بە بیروبڕواکانی خۆی دەدات، بەبێ ئەوەی پشت بە بیروبڕوای کەسانی دیکە ببەستێ.

٣- فێرگە وەک جێگەیەک بۆ فەراهەمکردنی کەشوهەوایەکی فێرکارانە لەپێناو تاکەکەسدا بەکاردەهێنرێت، نەک لەپێناو کۆمەڵدا.

٤- هەر تاکەکەسێک بنەمایەکی سەرەکییە لە پرۆسەی پەروەردەدا.

٥- پرۆگرامەکانی خوێندن بە تەنیا جەخت لە تاکەکەس دەکەنەوە، بەشێوەیەک کە هەر کەسە و ناوەڕۆک و شێوازی شیاو بە خۆی پەسەند دەکات.

٦- هەر تاکێک لە رێکخستنی پرۆسەی پەروەردەکردنی خۆی بەرپرسیارە.

٧- ئەرکی فێرکار، تەنیا بریتییە لە هاندانی فێرخواز بۆ فێربوون(٣٧).

**شەشەم/ فەلسەفەی تاکگەرایی:**

بەهۆی ئەو سەرکوتکردن و چەپاندنەی کە مرۆڤ بەدرێژایی سەردەمە یەک لەدوای یەکەکان، لەلایەن دەسەڵاتە داسەپاوەکانەوە، دووچاری بووەوە، هەمیشە و بەردەوام هەوڵێک لە ئارادا بووە بۆ دەربازکردن و ئازادکردنی مرۆڤ لەو داسەپاوی و بەندایەتییە، ئەو جۆرە هەوڵدانە گەیشتە ئاستی ئەوەی کە کەسێکی فێرکاری وەک (رۆسۆ) بانگەشەی ئەوەی دەکرد: "لێگەڕێن مرۆڤەکان بەبێ هیچ مامۆستایەک بۆ خۆیان فێربن و پێ بگەن(٣٨)"، بە واتای ئەوەی واز لە مرۆڤ بهێنرێت تا لەڕێگەی ئەزموون و هەڵە و هەڵوێست و کردارە سروشتییەکانی خۆیەوە وانەکانی ژیان فێر بێت، ئەمەش بە (پەروەردەی نێگەتیڤ) دەناسرێ، بۆیە لەکۆی گشتیدا دەتوانین ئەم فەلسەفەیە لە ئامانجەکەیەوە پێناسە بکەین، کە ئەویش گرنگیدانە بە ماف و خواستەکانی تاکەکەس.

- گرنگترین بنەماکانی فەلسەفەی تاکگەرایی:

١- بڕوابوون بە هێز و تواناکاییەنی تاکەکەس و رێگەخۆشکردن لەبەردەم گەشەکردنی ئامادەباشییەکانیدا تا دوا رادە.

٢- بڕوابوون بەوەی کە تاکەکەسەکان جیاوازن لە رووی پێداویستی و ئارەزوو و خواستەکانیانەوە، بۆیە ملکەچ کردنیان بە پرۆگرامێک، کە لەلایەن ئەوانی دیکەوە دانرابێ، کارێکی ئاستەمە.

٣- جیاوازی نێوان نێر و مێ، جیاوازییە لە رەگەزدا،

نەک لە جۆردا.
٤- پتەربوونی گرنگیدان بە زانست و تەکنۆلۆژیا و پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەی زانستی وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی چەمک و زانیارییەکان(٣٩).

- پەروەردە لەسایەی بنەما گشتییەکانی فەلسەفەی تاکگەراییدا:
- هیچ بابەتێکی خوێندن باشتر نییە لە بابەتێکی دیکە، بەڵکو هەموو بابەتەکان پشکداری دەکەن لە بنیادنانی رووی تەواوی تاکەکەسدا. هاوکات فێربوونی تیوری هیچ باشەیەکی زیاتری نییە بەسەر فێربوونی پراکتیکییەوە، هەروەک ئەو دوو چەشنەی فێربوون (تیوری و پراکتیکی) تایبەت نین بە هیچ چین و توێژێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو پەیوەستن بە چییەتی توانایی و لێهاتوویی و ئارەزووی تاکەکانەوە.
- سیاسەتە پەروەردەییەکان و شێوازەکانی رێگەی وانەوتنەوە بە فێرخوازەوە پەیوەستن، بەو پێیەی فێرخواز تەوەرەی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەیە.
- سەردەمیبوون لە پرۆسەی فێرکردندا، چونکە فێرکردن مافی هەمووانە و دەبێ دەوڵەت فەراهەمی بکات، ئەمەش لەرێگەی وەرگرتنی باجی دیاری کراو، لە تاکەکەسەکان و ئەو داهاتەش بخرێتە خزمەتی پرۆسەکەوە.
- سەربەخۆکردنی وەک پێویستی دەزگا پەروەردەییەکان، بە مەبەستی پێشخستنی چالاکییەکانیان و هاوکات نەرمی نواندن لە سەرپەرشتیکردنی ئەو دەزگا فێرکارییانەدا، کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە چێ دەکرێن(٤٠).

**حەوتەم/ فەلسەفەی سۆسیالیستی:**
گەشەکردنی فیکری لەو کۆمەڵگا رۆژئاواییانەدا، کە فەلسەفەی تاکگەرایی و بوونگەرایی و پراگماتیکی تێیاندا چەکەرەی کردبوو، هەنگاوێکی باشتریان بری بەراورد بە ئاستی گەشەکردنی فیکری بەلای گەلانی یەکێتیی سۆڤیێتەوە، ئەمەش رێگەی لەبەردەم بیرۆکەیەکی وادا خۆش کرد، کە لە روانگەیەکی پێچەوانەوە سەر هەڵبدات و کار بۆ گەڕاندنەوەی بەهای کۆمەڵگا بکات، دیارە ئەمەش بەلای هەریەک لە (فریدریک ئەنگڵز و کارل مارکس)ەوە، بەدی کرا(٤١).

بەکورتی فەلسەفەی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای هەڵوەشاندنەوەی فەلسەفەی تاکگەرایی هاتە کایەوە، واتا گۆڕینی وێنای ژیانی تاک لە خودێتییەوە بەرەو ئاوێتەبوون بە کۆمەڵگا، بەشێوەیەکی ئەوتۆ، کە تاکەکەس هەست بکات، بوونی ئەو بە بوونی کۆمەڵگاکەیەوە پەیوەستە و ئەو بەشێکی بچووکە لە گشتێکی گەورەتر.

- گرنگترین بنەماکانی فەلسەفەی سۆسیالیستی:
١- گرنگیدان بە خواستە دەستەجەمعییەکانی کۆمەڵگا و برەوپێدانی ئامانجە گشتییەکان لەبری ئامانجە تایبەتییەکانی تاک.
٢- پشت بەستن بە لایەنی ئابووری بە شێوەیەک، کە هەموو هێزی دەوڵەتی لەسەر بەند بێت.
٣- گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا، پێویستی بە گۆڕانکارییە لە ئامرازەکانی وەبەرهێناندا.
٤- گرنگ ئامانجە نەک ئامراز، ئامراز هەرچییەک بێت تەنیا رێگە خۆشکەرێکە بۆ زووتر گەیشتن بە ئامانج و زیاتربوونی بەرهەم.
٥- رێکخستنی بەرهەمەکان و کۆنترۆڵکردنی ئەو داهاتەی لێوەی وەدەست دێت، لەلایەن دەسەڵاتەوە، بۆ ئەوەی بیخاتەوە خزمەتی کۆمەڵگا، نەک تاکەکەس.
٦- کەس لە کەس زیاتر نییە، هەمووان: نێر و مێ، رەگەز و نەتەوە جیاوازەکان و... تاد، یەکسانن.

- پەروەردە لەسایەی بنەما گشتییەکانی فەلسەفەی کۆمەڵگاراییدا:
- ئامانجی پەروەردە بریتییە لە گۆڕینی شێوازی ژیان و بژێوی و ئایدۆلۆژیای خەڵکی و زیاترکردنی بەرهەم.
- دەزگای پەروەردەیی بریتی نییە لە تەنیا فێرگە و خوێندنگەکان، بەڵکو لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا بڵاوەبێتەوە، هەر لە دایەنگە و باخچەی ساوایانەوە هەتا دەزگا باڵادەستەکان و یانەکانی لاوان، لەژێر چاودێری توندی دەوڵەتدا دەبن، بەمەبەستی گۆڕانکاری لە ئایدۆلۆژیادا.
- زیادکردنی دەرماڵەی پەروەردەیی بۆ ئەوەی خوێندن و فێربوون ببێتە پرسێکی بەزۆر (اجباری)، چونکە فێربوون لەپێناوی تێرکردنی حەزی کردەکی و زانستی کەسەکاندا نییە، بەڵکو بۆ مەبەستی زیادکردنی بەرهەمە.
- زانستە تەکنۆلۆژییەکان لە پلەی باڵای پرۆگرامەکانی

خوێندندان و سەرجەم بابەتە مەعریفییەکانی دیکەش لە خزمەتی گۆڕینی ئایدۆلۆژیادا دەبن، بەمەرجێ ئەگەر دژ بە بیری سۆسیالیستی نەبن، هەر بۆیە لە سیستمی پەروەردەدا بابەتی ئایین دوورخرایەوە.

- بەدەر لە فێرگە فەرمییە کۆمەڵگاراییەکان، ناشێت هیچ کەس و لایەنێک، لە هیچ شوێن و کاتێکدا فێرگەی جیاواز بکاتەوە، بۆ ئەوەی لێکدابڕان لە ئامانجەکانی فەلسەفەی کۆمەڵگارایی پەروەردەییدا دروست نەبێت.

- بەستنەوەی فێربوون بە کاری وەبەرهێنانەوە و نەخشەکێشانی فێربوون و جۆر و ئاستەکانی فێربوون، لەژێر ڕۆشنایی پێداویستی بە هێز و توانایی ئامادەباشەکانی کارکردن.

- گرنگیدان بە ئامادەکردن و پێگەیاندنی فێرکاران، بەو پێیەی لە کۆمەڵگادا سەرکردایەتی گۆڕان دەکەن. ئەمەش بە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە لە ڕووی فیکری و کردەییشەوە هەڵگری فەلسەفەی کۆمەڵگاراییین(٤٢).

**هەشتەم/ فەلسەفەی ئیسلامی:**

ئایینی ئیسلامیش وەک یەکێک لە ئایینە ئاسمانییەکان بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە لەسەر کۆی دیاردەکانی ژیان و توانای ئەوەش لە هێزێکی ئاسمانی باڵاوە وەردەگرێ، کە پیرۆزییەکی گەورەی هەیە. فەلسەفەی ئیسلامی لەدوای کاریگەربوونی جیهانی ئیسلامییەوە بە جیهانی ڕۆژئاواوە سەر هەڵدەدا، ئەمەش بەهۆی شەپۆلی ئەو فتوحاتانەوە بوو، کە زۆرترین ناوچەکانی جیهانی گرتەوە.

یەکێک لەوانەی کە بیربۆچوونەکانی جێگەی مشتومڕن (ئەبو حامیدی غەزالی)یە، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی پازدەی کۆچیدا ژیاوە و کۆمەڵێک دید و تێڕوانینی تایبەتی لە کتێبێکدا بەناوی (احیاء علوم الدین) سەبارەت بە پەروەردەی ئیسلامی خستووەتە ڕوو(٤٣)"، کە سەرجەمیان لەسەر بنەما و مەبەستی نزیککردنەوەی تاکەکەسە لە زاتی خودا.

دەتوانین هەندێک لەو بنەمایانەی (ئیمامی غەزالی) بۆ پەروەردەی ئیسلامی دایناون، بەم شێوەی لای خوارەوە بخەینە ڕوو:

١- دەبێ فێرکار بەلای فێرخوازەوە لە پایەی باوکدا بێت.

٢- هەڵبژاردنی بابەتی فێربوون بەشێوەیەک بێت، کە لەگەڵ ئامادەباشی فێرخوازدا گونجاو بێت.

٣- نەگواستنەوە لە زانستێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، هەتا ئەوی یەکەمیان بە تەواوی، بەلای فێرخوازەوە، هەرس نەکرێ.

٤- هەبوونی پشوو لەنێوان وانەیەک و وانەیەکی دیکەدا، بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکی جیاواز و پەیوەست بە چالاکییە هزرییەکان.

٥- فێرکار، بۆ فێرخوازەکانی نموونەی باڵای پابەندبوون و ئاکار بێت.

٦- فێرخواز بە گوێڕایەڵی و نەوازشەوە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی لە فێرکارەکەی وەربگرێت و گوێڕایەڵ بێت.

٧- فێرخواز بەپێی ئەو پرۆگرامە بڕوات، کە فێرکارەکەی بۆی دیاری دەکات و لێی لا نەدات(٤٤).

**نۆیەم/ فەلسەفەی پێشکەوتنگەرایی:**

فەلسەفەی پێشکەوتنخوازی، یان پێشکەوتنگەرایی، چەندین قوتابخانەی پەروەردەیی جیاجیا لەخۆ دەگرێت، هەندێک وای دەبینن، کە سەرجەم کاروبارەکان لە دەوری فێرخواز دەسووڕێتەوە و ئەرکی فێرکار بریتییە لە دەرخستنی کارامەیی و تواناییەکانی و گەشەپێدانیان، بەڵام هەندێکی دیکە پێی وایە، ئەرکی پەروەردە لە دەوری کۆمەڵگا و چاک کردنی ئاستی بژێویدا دەسووڕێتەوە، هەندێکیش دیکەش باڵانسی هاوسەنگی لەنێوان پێداویستییە تاکایەتییەکان و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕادەگرێ. قوتابخانە پێشکەوتنخوازەکان لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون، کە دەبێ پێشوەخت کۆمەڵێک پرۆگرامی سەرەکی دابنرێن و ئەو پرۆگرامانەش بەپێی ئارەزوو و خواستی تاکەکان و پێداویستییەکانیان، لە گەشەکردن و پەرەسەندندا دەبن، هاوکات گواستنەوەی نەریتی ڕۆشنبیری لەڕێگەی پرۆسەی پەروەردەییەوە ڕەت دەکاتەوە، چونکە بە یەکێک لە بنەما پێکهێنەرەکانی پەروەردەی نازانێ، بەڵام لە بەرانبەردا لایەنە بەهادارەکانی نەریتی کۆمەڵایەتی بە گرنگ دەزانێ بۆ بەجێهێنانی پێویستییەکانی منداڵ و ئەو کۆمەڵگایەی تێدا دەژی، دەنا بەدەر لەوە هیچ سوودێکی ئەوتۆی نییە(٤٥).

ئەم فەلسەفەیە کاریگەریی لەسەر کەم کردنەوەی ژمارەی ئەو قوتابخانانە هەبوو کە چالاکییەکانیان لەڕێگەی بەگوێدادان (تلقين)ی زانیارییەکانەوە بەڕێوەدەچێ، هەروەها دەوری لە سەرهەڵدانی دوو جۆر لە قوتابخانەی دیکەدا هەبوو:

* فێرگە تەقلیدییە هەموارکراوەکان: پرۆگرامەکانی ئەم جۆرە فێرگەیە بریتین لە بابەتگەلی لێکدابڕاو، هەروەها فێرکار لە بەکارهێنانی شێوازی وانەوتنەوەدا ئازادە، دەشێت فێرخوازیش هەندێک چالاکی دیاریکراو ئەنجام بدات.

* فێرگە دووانەییەکان: پرۆگرامەکانی ئەم جۆرە فێرگەیە بریتین لە بابەتگەلی بڕیارلێدراو لە کۆی بابەتە سەرەکییەکانی دیکەدا، سەرباری ئەوەش کۆمەڵێک چالاکی دیکە هەن، کە فێرخواز لە کاتی خوێندندا دەتوانێ ئەنجامیان بدات، بەشێوەیەکی وا، کە نیوەی کاتی خوێندن لە فێرگەگاندا بۆ ئەو چالاکییانە تەرخان دەکرێت، نیوەکەی دیکەیشی بۆ خوێندنی بابەتە تەقلیدییەکان دەبێت(٤٦).

*** گرنگترین ئەنجامەکان**

١- پەروەردە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بۆیە پێناسەکردنی کردەیەکی ئاسان نییە و پێویستی بە زانیاری زۆر و لێکۆڵینەوەی فراوان هەیە.

٢- پەروەردە لە چەندین لایەن و ڕووی جیاجیاوە پێناسە کراوە، هیچ کام لەو پێناسانە بە تەنیا ناتوانن مانای تەواوی پرۆسەی پەروەردە بگەیەنن، چونکە هەریەک لەوانە، وێڕای جیاوازییان، بەڵام پێوەندییان پێکەوە هەیە.

٣- مێژووی پەروەردە مێژوویەکی دووردرێژی هەیە، بۆیە هەمیشە وەک پرۆسەکی ئاوێتەبوو لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

٤- پەروەردە هەوڵێکی مرۆیییە و لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤە، بۆیە بەبێ لایەنی فێرکار و فێرخواز ناگاتە ئاکام.

٥- ئامانجەکانی پەروەردە بەبێ بوونی متمانە لەنێوان دەسەڵات و تاکەکانی کۆمەڵگادا، نایەتە دی.

٦- ئەگەر بمانەوێ پرۆسەیەکی ڕاستەقینەی پەروەردەیی بێتە ئاراوە، ئەوە دەبێت ئامانجەکانی پەروەردە بەرەو تاکەکەس و کۆمەڵگا ئاراستە بکرێ.

٧- بنەما فەلسەفییەکان بەپێی گۆشەنیگا تایبەتییەکان، پرۆسەیەکی پەروەردەیی ئاراستەکراو دێننە کایەوە.

٨- فەلسەفەی پەروەردە، تێفکرینە فەلسەفییەکان لە مەیدانی پەروەردەدا پراکتیزە دەکات.

٩- بنەماکانی فەلسەفە گرنگییەکی گەورەیان هەیە لە دیاریکردنی بنەماکانی پەروەردەدا، بۆیە هیچ سیستمێکی پەروەردەیی بەبێ فەلسەفەیەکی دیاریکراو ناتوانێ سەرکەوتوو بێت.

١٠- فەلسەفەی پەروەردەیی تایبەت نییە بە چین و توێژێکی دیاریکراو و بە هیچ کەس و لایەنێکەوە، بەڵکو لە خزمەتی پرۆسەی پەروەردەییدایە بەشێوەیەکی گشتگیرانە.

**پەراوێزەکان:**


**(١) مبادیء التربية، د.احمد حقي الحلي، د.عباس عبد مهدي، د.نوري عباس عبدالله العلواني، جامعة بغداد، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٥، ص١١.**

**(٢) مدخل الى التربية، د. سامي سلطي عريفي، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، عمان، الاردن، ٢٠٠٢، ص١٥.**

**(٣) مبادیء التربية، ص٥.**

**(٤) تربية الفلسفة أم فلسفة التربية، www.matarmatar.net.**

**(٥) المناهج التربوية الحديثة، مفاهيمها وعناصرها وأسسها وعملياتها، تأليف: الاستاذ الدكتور توفيق احمد مرعي، الدكتور محمد محمود الحيلة، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، الطبعة الثانية، ٢٠٠١، ص١٨٩.**

**(٦) صياغة الاهداف التربوية والتعليمية في جميع المواد الدراسية، الاستاذ الدكتور جودت أحمد سعادة، دار الشروق للطبع والنشر، الطبعة العربية الاولى، الاصدار الاول، ٢٠٠١، ص٢٩.**

**(٧) مدخل الى التربية، ص٢٣.**

**(٨) هەمان سەرچاوە، ل٢٥.**

**(٩) تربية الفلسفة أم فلسفة التربية، www.matarmatar.net**

**(١٠) هەمان سەرچاوە، www.matarmatar.net.**

**(١١) هەمان سەرچاوە، www.matarmatar.net.**

**(١٢) مفاهيم ومصطلحات في العلوم التربوية، د. نواف أحمد سماره، د. عبدالسلام موسى العديلي، www.tarbya.net.**

**(١٣) المناهج التربوية الحديثة، مفاهيمها وعناصرها وأسسها وعملياتها، ص١٤١.**

**(١٤) مدخل الى التربية، ٣٠.**

**(١٥) فلسفة التربية وعلوم التربية، أية علاقة؟ بنعيسي احسينات، موقع الحوار المتمدن، العدد (٢٢٩٤)، ٢٠٠٨/٥/٢٧.**

**(١٦) ترسان لە فەلسەفە، ڕێبوار سیوەیلی، دەزگای توێژینەوەو**

بلاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی خانی (دهۆك)، چاپی یەكەم، ٢٠٠٨، ل١٧.

(١٧) هەمان سەرچاوە، ل١٧.

(١٨) مفاهيم و مصطلحات في العلوم التربوية، www.tarbya.net.

(١٩) المناهج التربوية الحديثة، مفاهيمها وعناصرها وأسسها وعملياتها، ص١٤٣.

(٢٠) فلسفة التربية وعلوم التربية، أية علاقة؟ موقع الحوار المتمدن.

(٢١) المنهج المدرسي، أسسة الاجتماعية والفلسفية مابين المفهوم التقليدي و الحديث، www.tarbya.net.

(٢٢) المناهج التربوية الحديثة، مفاهيمها وعناصرها وأسسها وعملياتها، ص١٤٤.

(٢٣) مدخل الى التربية، ص٦٩.

(٢٤) المناهج التربوية الحديثة، مفاهيمها وعناصرها وأسسها وعملياتها، ص١٤٥.

(٢٥) هەمان سەرچاوەو لاپەرە.

(٢٦) هەمان سەرچاوە، ص١٤٧.

(٢٧) هەمان سەرچاوەو لاپەرە...

(٢٨) هەمان سەرچاوە، ل١٤٨.

(٢٩) هەمان سەرچاوە، ل١٤٩.

(٣٠) هەمان سەرچاوە، ل١٤٩-١٥٠.

(٣١) هەمان سەرچاوە، ل١٥٠.

(٣٢) هەمان سەرچاوە، ل١٥١.

(٣٣) هەمان سەرچاوە، ل١٥١.

(٣٤) هەمان سەرچاوە، ل١٥٢.

(٣٥) هەمان سەرچاوە، ل١٥٣.

(٣٦) هەمان سەرچاوە، ل١٥٣-١٤٥.

(٣٧) هەمان سەرچاوە، ل١٥٤.

(٣٨) المدخل الى التربية، ص٩٨.

(٣٩) هەمان سەرچاوە،ل ٩٨.

(٤٠) هەمان سەرچاوە، ل٩٩.

(٤١) هەمان سەرچاوە، ل١٠٠.

(٤٢) هەمان سەرچاوە، ل١٠١- ١٠٢.

(٤٣) هەمان سەرچاوە، ل٨٣.

(٤٤) هەمان سەرچاوە، ل٨٥.

(٤٥) المناهج التربوية الحديثة، مفاهيمها وعناصرها وأسسها وعملياتها، ص١٥٥.

(٤٦) هەمان سەرچاوە، ل١٥٥ - ١٥٦.


سەرچاوەكان:

* بەزمانی عەرەبی:

١) مبادىء التربية، د.احمد حقي الحلي، د.عباس عبد مهدي، د.نوری عباس عبدالله العلواني، جامعة بغداد، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٥.

٢) مدخل الى التربية، د. سامي سلطي عريفي، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، عمان، الاردن، ٢٠٠٢.

٣) المناهج التربوية الحديثة، مفاهيمها وعناصرها وأسسها وعملياتها، تأليف: الاستاذ الدكتور توفيق احمد مرعي، الدكتور محمد محمود الحيلة، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، الطبعة الثانية، ٢٠٠١.

٤) صياغة الاهداف التربوية والتعليمية في جميع المواد الدراسية، الاستاذ الدكتور جودت أحمد سعادة، دار الشروق للطبع والنشر، الطبعة العربية الاولى، الاصدار الاول، ٢٠٠١.

* بە زمانی كوردی:

١) ترسان لە فەلسەفە، رێبوار سیوەیلی، دەزگای توێژینەوەو بلاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی خانی (دهۆك)، چاپی یەكەم، ٢٠٠٨.

* ئینتەرنێت:

١) مفاهيم و مصطلحات في العلوم التربوية، د. نواف أحمد سماره، د. عبدالسلام موسى العديلي، www.tarbya.net.

٢) المنهج المدرسي، أسسة الاجتماعية والفلسفية مابين المفهوم التقليدي و الحديث، www.tarbya.net.

٣) فلسفة التربية وعلوم التربية، أية علاقة؟ بنعيسي احسينات، موقع (الحوار المتمدن)، العدد (٢٢٩٤)، ٢٠٠٨/٥/٢٧.

٤) تربية الفلسفة أم فلسفة التربية، www.matarmatar.net.

# سرووتێکی (تەمموز) لە کوردستاندا (؟)١

ه. فرانکفۆرت
لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی زمان)

کاتێک ئێمە بۆ پەیمانگای ڕۆژهەڵاتیی زانکۆی شیکاگۆ لە (خۆرساباد) لە کۆشکی (سەرگۆن)دا خەریکی هەڵکۆڵین بووین، شەوێکیان (شەوی ٢٠ی ئازاری ١٩٣٠) ئێمە لە ماڵەکەی خۆمانەوە بە دەنگ و هەرای گۆرانی و چەپڵەڕێزان کە لەگەڵ سەمای ئەم شوێنە دێهاتییەوە دەهات بانگکراینەوە. ئێمە لەبەر دەرگای ماڵەکەمان چەند گوندییەکمان لەسەر چینچکان و بە ڕاوەستاوی لە دەوری شوێنێکی والآدا بینی کە دوو کەس بوون و خەریکی نمایشکاری بوون. یەکێکیان وەک ژن جلی کردبووەبەر، جلەکانی ڕەش بوون، پاوانە و بازن و ڕووبەندی پۆشیبوو. دواتر ئەو کەسەمان ناسییەوە کە کرێکارێکی خۆمانە. کەسەکەی دیکە سەبەتەیەکی نووکتیژی لەسەر سەری خۆی دانابوو، کەوڵەبزنی بەسەر شاندادا بوو، زەنگوڵەیەکیشی لە پشتبێندی بەستبوو؛ خوترمەیەکی قورسی پێ بوو، دەموچاوی هەردووکیشیان ڕەش کرابوو.

قۆناغەکانی ئەم سەمایە، کە جارێک، یان دووان دووبارە کرایەوە، بەم جۆرە بوو. دوای کەمێک کاروکردەی سەرەتایی، کە بەجۆرێکی ئاسایی لە جووڵەی ڕەوتاوی لاقوون و پێیەکان و دەستەکان دەکرا، ئەو کاتەی کە هەردوو سەماکەرەکان ڕووبەڕووی یەک دەبوونەوە، ئەوان بەهێواشی بازنەیەکیان پێکدەهێنا (بڕوانە وێنەی ژمارە ١)، پیاوەکە لەسەر زەوییەکە ڕاکشا، "ژنەکە" دەستبەجێ نیشانەی دڵتەنگی نواند و لە سینەی خۆی دەدا و خۆڵی بەسەر قژی خۆدا دەکرد، لەکاتێکدا کە هێشتا بەدەوری لاشە ڕاکشاوەکەدا هەر سەمای دەکرد. ئەو بینەرانی ڕادەکێشایە ناو دیمەنەکەوە بەوەی کە نیشانەی بۆ پیاوە مردووەکە دەکرد، قۆڵ و لاقەکانی بە نۆرە بەرز دەکردنەوە

بۆ ئەوەی پیشان بدات کە چەندە بە خاوی بەردەبوونەوە. سەرتاپای سەمایەکە لاساییکارانە بوو، بە بێدەنگی نمایش دەکرا، کاتێک کە تەماشاکەران بەردەوام بوون لە گۆرانی گوتن و چەپڵەلێدان، بەمەش سەرلەبەر ڕەوتەکەیان دەپاراست. لە کۆتاییدا "ژنەکە" بەدەرخستنی زێتری خەمبارییەوە لەتەک لاشەکە چەمایەوە. لەو ساتەدا پیاوێکی ئێمە لە ماڵەکەوە دەرپەڕییە دەرەوەو سەتڵێک ئاوی بەسەر لاشە ڕاکشاوەکەدا کرد. یەکسەر هەردوو نمایشکارەکە دەرپەڕینە سەر پێیان، پیاوەکە بەباوەڕهێنەرترین شێوە ئەوەی دەردەخست کە چۆن ئەو زیندوویێتی خۆی بەدەست هێناوەتەوە. ئەو نەک تەنیا جووڵەکانی پێشووتری سەماکەی بەزیندوویێتییەکی تازەوە دووبارە دەکردەوە، بەڵکو ئەو دوو ئەکتەرە ناوە ناوە بە پێکەوەنووسانێکی سێکسیانەوە لێکتر نزیک دەبوونەوە. هەندێک جار تەماشاکەرێک "ژنەکە"ی بە جلەکانی ڕادەکێشا و پلاری کێوییانەی لە جیاتی ئەکتەرەکەی دیکە بۆ ناو جەماوەرەکە تێدەگرت، کە ئەو بەخۆ و بە خوترمەکەیەوە بەدەوریدا دەسووڕایەوە، ئینجا ئەو وەک ئەسپێک دەیحیلاند و سواری داردەستەکەی خۆی دەبوو، لەو ناوەدا چوارپەلەی دەکرد، هەر زوو "ژنەکە"ی لەپێشەخۆی سواری کۆڵی داردەستەکەی کردبوو. لە وەڵامی پرسیاری ئێمەدا ئەوە ڕوونکرایەوە کە لێخوڕینەکە جێ مەبەستێکی دیاریکراوی نییە، بەڵام بۆ بارینی باران زۆر پێویستە کە هەموو ئەو شتانە نمایش بکرێت، هەروەها بەدبەختی بۆ ئێمە دەبێت ئەگەر ئێمە لێ بگەڕێین سەماکەرەکان بەبێ بەخشیش بەڕێ بکرێن، بۆیەش ئێمە ڕێگامان بەوە نەدا و ئەوەمان براندەوە کە لێکۆڵینەوە دەربارەی گرنگی ئەو دیمەنە بکەین کە هەر ئێستا بینیبوومان.

لە هەموو لایەکەوە جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە ئەو سەمایە "بۆ باران" نمایش کراوە. تا ئەو کاتە زستانەکە زۆر وشک بوو (دوو ڕۆژ دواتر هەڵکۆڵینکاری ئێمە بەهۆی ئەفسوونی ئەو کەشە تەڕوتووشییەی کە بۆ ماوەی دوازدە ڕۆژی خایاند وەستا!)، چونکە خاکە گرداوییەکەی قەدپاڵی چیا کوردییەکان ناتوانرێت ئاو بدرێن، بەروبوومەکە بەتەواوی پشت بە باران بارین دەبەستێت. ئەگەر باران کەم بێت "هەموویان هەژار دەبن"، چونکە نرخی هەموو شمەکەکان بەرز دەبنەوە. گفتوگۆیەکی



**وێنەی ژمارە (١)**

سەرتاسەری لە ناو گوندەکە بڕیار دەدات ئاخۆ کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو ڕێوڕەسمە جێبەجێ بکرێت، یان نا. کاتێک سەرکەوتووش نەبێت، کەمێک دواتر دووبارە دەکرێتەوە. ئەگەر تەنانەت ئەوساش هەر باران نەباری دەبێت مرۆڤ خۆی بداتە دەست وشکەساڵی، کە ئەویش ئیرادەی خودایە.

پێمان گوترا "شەرمە" سەما لە هیچ گوندێک بکرێت جگە لە گوندەکەی خۆت؛ بەڵام چونکە (خۆرساباد) لە هەموو ڕوویەکەوە شوێنێکی هەژار و ناشارستانییە، خەڵکەکانی ناوچەی (فازیلیە)ی دراوسێیان (قاسم محەمەد ئەلبەغل) دەنێرنە ئەوێ بۆ ئەوەی لەوێ سەما لەگەڵ پیاوێکی (خۆرساباد) بکات کە ڕۆڵی ژن دەبینێت. لە گوندەکەدا ئەوان ماڵ بە ماڵ دەگەڕێن و دەبێت هەر خاوەن ماڵێک شتێکیان بداتێ. زۆربەی دیارییەکان خواردنە، پاشتریش هەموو خەڵکی گوند کۆدەبنەوە و پێکەوە جەژن دەکەن، بۆ باران لە خودا دەپاڕێنەوە. ئەگەر مرۆڤێک ڕەتیکردەوە شت بدات هەر کە نمایشەکە لەبەر دەرگای ئەو دەکرێت، گوندییەکانی تر دەچنە ناو ماڵەکەی و هەرچی بدۆزنەوە دەیشکێنن.

ئەوەی پێوەندی بە کەلوپەلەکانیانەوە هەیە، سەرەتا ئێمە توانیمان زانیارییەکی تەمومژاوی بەدەست بهێنین؛ تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ ڕەشکردنی دەموچاویان کارێکی پێویستە ئەوەمان بە جەختکردنەوە لێیان وەدەسکەوت: "خودا خۆی فەرمانی کردووە؛ سپی بەکار نایەت"، بەڵام دواتر سەماکەرە "نێرەکە" جلوبەرگە نەریتییە باوەکەی خۆی (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢) لە (فازیلییە)وە هێنا. بەشە سەرەکییەکەی بریتییە لە

کڵاوێکی لبادین کە بەسەر دەموچاودا هەڵدەکێشرێت و بە ڕیشێکی دروستکراو لە مووی بزن ڕازێنراوەتەوە و گوڵینگەکانیشی لە هەمان کەرەستەیە و بە نووکی سەرەوەی کڵاوەکەوە دووراوە. ئەو سەبەتەیەی ئێمە لە (خۆرساباد) بینیمان شتێکی ساتەوەختی بوو، ڕەنگە ڕەشکردنی دەموچاویش بۆیە وای لێ بکرێت، چونکە بنچینەییترین بەشی ئەو کەسە کە دەموچاوی پیاوەکەیە بەو کڵاوە مووە ڕەشە داناپۆشرێت، ئەو دەموچاوەی کە دەبێت بچێتە ناو ئەو بوونەوەرەی پیاوەکە خۆی کردووە بە ئەو. وێنە ڕوونکەرەوەکە ئاوێنەیەکی خڕی بچووک لە پێشەوەی کڵاوەکە نیشان دەدات، هەروەها ئەو زەنگوڵەیەی کە بە پشتبێندەکەوە شۆڕبووەتەوە لەگەڵ ئەو خوترمەیەی کە ئێمە پێشتر باسمان لێوە کردووە. جلوبەرگی ژنەکە کە لە وێنەکانی ژمارە (١ و ٣)دا پیشان دراون بریتین لە باشترین پۆشاک کە پێیان پەیدا کرابێت، بەڵام هەر لەبەر ئەو تاقە هۆیەشە کە لەبەر نەدەکران، چونکە هەڵبەتە، لە ڕێورەسمە ڕاستەقینەکەدا، وا پێویست بوو لەسەر زەوییەکە، کە لە ئەنجامی ئاوپێداکردنی زۆرەوە قوڕاوی دەبوو چۆک دابداتەوە.

قاسم بە ئێمەی گوت کە پێش ئەو ڕۆژگارە خاوە نەگبەتەی ئێستامان، کلکێک لە کەوڵی لوولدراوی بزنێکی ڕەش و قۆچی دروستکراو لە هەمان کەرەستە، لەلایەن سەماکەرە نێرەکەوە دەبەسترا؛ جا کوردانی ناوچە چیاییەکان بە نوێژی نیوەڕۆ ئەو سەمایە دەکەن و ئەوان نەک تەنیا ڕیشی دەستکردی درێژی بزن دەپۆشن، بەڵکو شفرەی درێژی لە ئێسک و دار دروستکراویش دەبەستن؛ ئەمەش بە هەمان شێوە لە ڕۆژگاری پێشوودا لە (فازیلبییە)دا بە ئەنجام دەگەیەنرا.

وا من لە خوارەوە دەقی وەرگێڕدراوی ئەو گۆرانییانەی کە لەگەڵ سەماوە دەگوتران بە کەمێک جیاوازییەوە پێشکەش دەکەم. ئەوانە بە زەحمەتییەکی بەرچاوەوە بەدەست هێنراون، بەڵام بڵاوکردنەوەیان وەڵامە بۆ مەبەستەکەمان، ئەگەر بتوانرێت کەسێکی (ئەنسرۆپۆلۆجیست)، یان بە ساکاری کەسێکی سەرنج لێدەری پشوودرێژ، کە زمانی کوردی بزانێت ڕابکێشرێتە ناو مەیدانەکەوە؛ چونکە وەک ئاشکرایە بابەتەکە یەکجار گرنگە و کەسێکی شوێنەوارناس ناتوانێت کات بۆ ئەو لێکۆڵینەوانە تەرخان بکات و بەدەگمەن ڕێنووسکردنی



**وێنەی ژمارە (٢)**

گۆرانییەکە چاپ بکات.


ڕێبازی تۆمارکردنەکە بەم شێوەیە بوو. لە کاتی ئاهەنگەکەدا من هەندێک وشەی سەرەکی و دوابەندی گۆرانییەکەم نووسینەوە. دواتر ئەگەر وردتر بم لەساڵی ١٩٣٣دا، ئێمە بانگهێشتی سەماکەر و مۆسیقارەکە (گۆرانیبێژەکە)ی (فازیلییە)مان کرد لەگەڵ دوو کرێکاری زیرەکی ئەو گوندە بۆ دانیشتنێکی هێمن لە ڕۆژێکدا کە باران کاری هەڵکۆڵینی ئێمەی وەستاندبوو. خەڵکی (فازیلییە)، وەک مستەر (س. ج. ئێدمۆنز) پێی گوتم، سەر بە هۆزی (باجەلان)ی کوردن و لقێکی سەرەکین لە ئەوانەی ناوچەی خانەقین؛ ئەمانیش وەک ئەوان بە زاری (گۆرانی) قسە دەکەن. هەرچۆنێک بێت، ئێمە زمانی عەرەبیمان بەکارهێنا، کە ئێستا زمانی فەرمی عیراقە، ئەوان کەمێکیان زانیاری لەبارەی ئەو زمانەوە هەبوو. هیچ یەکێک لەوان نەیاندەزانی (وەرگێڕان) مانای چییە، بۆیە هەر هەوڵێک بۆ ئەوەی وشەیەک، یان دوو وشە بەجۆرێک لێک بدرێتەوە ئێمە لێی تێبگەین یەکسەر دەبووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک پلار و قسەکردنی بەدوادا بێت. جا هەرگیز کەس پێشنیازی وەرگێڕانی نەدەکرد، چونکە ئەمە دەبووە هۆی گوتنی "بەڵێ"یەک کە بەهۆی ڕێزلێگرتنەوە دەگوترا نەوەک

ڕاستی قسەکەوە.

چونکە هەموو نەریتەکە زارەکییە، دەقێکی دانراوی گۆرانییەکان لەبەردەستدا نییە، کە ئەو دەقە تەنیا لە کۆمەڵێک مۆتیڤ پێکهاتووە وەک چۆن لەناو مێشکی گۆرانبێژەکەدا هەن ئاوا دەگوترێن؛ واژە سەرەتاییەکان کە زۆرجاران دەبنەوە دوابەند، دەکرێت لە هەر ساتێکدا و لە هەر جێگایەکدا بخرێنە ناو گۆرانییەکەوە، کاتێک کە گۆرانیبێژ لە هەمان کاتدا بیر لە وشەکانی پاشتری دەکاتەوە. هەڵبەتە لە بارودۆخێکی وادا کارێکی ئەستەمە کە ڕوونووسکردنێکی ستاندەر دەست بخرێت، چونکە ئەگەر گۆرانیبێژەکە یەکجار زۆر بشڵەژێنرێت، ئەوە بەتەواوی سەرەداوەکەی لێ ون دەبێت، بۆیە من تەنیا داوام لێی کرد لەسەرخۆ گۆرانی بیژێت، لەکاتێکدا من خەریکی نووسینەوەی لێکدانەوە دەنگییە سەرپێییەکەی ئەو بووم. پاشتر داوام لێی کرد کە هەموو، یان بەشێکی گۆرانییەکە بڵێتەوە، ئەو سەرنجانەی هەمبوون ڕاستم کردنەوە، جا بە گوتنەوەی قسەکان نزیکەی ئەوم هێنایەوە سەر زنجیرەیەکی لێکچووی مۆتیڤەکانی، ئینجا لە کۆتاییدا، ئێمە دەستمان بە وەرگێڕانی تێبینییەکانی خۆمان کرد.

ئەو سەماکەرەی کە هەموو ساڵێک ئەو کارە لە (فازیلییە) دەکات، ئەمە لە خەڵکی پێشینان فێربووە کاتێک منداڵ بووە. ئەو تارادەیەک پیاوێکی گێلۆکەیە، هەروەک لەناوەکەیدا دیارە، (قاسم محەمەدی هێستر)، ئەوەی ڕاستیش بێت بەگشتی هاوچەرخەکانی خۆی ئەوەندە کەسانی ئالۆزن بۆ ئەوەی سەمایەکی وا بکەن. (قاسم) بەخۆی گۆرانی ناڵێت کاتێک سەما دەکات، بەڵام ئەو و مۆسیقاژەن و گاڵتەجاڕی گوندەکە (خدر بەکر سیڕناجی)(*) پێکەوە، هەموو زانیارییەکی کۆمەڵگەکەیان لایە.

گۆرانییە جیاوازەکەی سەمای- باران بە وشەیەک دەست پێ دەکات کە هیچ کەس لە پیاوەکانمان نەیتوانی وەریبگێڕێت. ئەوان دەڵێن (کۆز) بریتییە لە پیاوێکی پێگەیشتوو کە ناتوانێت ڕیش دابنێت، وا پێ دەچێت ئەوە پێداویستییەکی سەمایەکە بێت؛ (بەراتە) دەبێت مانای ژن بێت، بەڵام ئەوان دەڵێن ئەوە وشەیەکی کۆنە، بۆیەش پێ دەچێت ناکرێت وەربگێڕرێت. ئەمەی خوارەوە دەقەکەی (خدر بەکر سیڕناجی)ـە:(*)



وێنەی ژمارە (٣)

**(١) *کۆزبەراتێ، کۆزبەراتە*، (٢)**
**باران دەبارێت، باران دەبارێت،**
**دەغڵ تا سەرسینگان بەرز دەبێتەوە.**
**داسەکە ئامادەیە**
**با زۆربن بۆ برینی (دەغڵ)ـەکە.**
**وریابە، تەنیا کەمێکە، بایی پەنجاییەکە!**
**لەسەر کورتانەکەی دابنێ،**
**بیهێنەوە بۆ سەر جۆخینان،**
**جۆخین ئامادە بکە**
**لێ مەگەڕێ هیچ گوڵەگەنمێک بەقیتی بمێنێتەوە،**
**شەنەبای بکە و شەنەبای بکە لەبەر بای ڕۆژئاوا.**
**خەمڵێنەر دێت و بەشی میری**
**دەخەمڵێنێت، بەشی فەرمانگەی تاپۆ؛**
**(هێشتاش دەمێنێتەوە) ٥٦٠ عەڵبە لەناو قۆمەتە عەمباران،**
**پاشەکەوتیان بکە و هەموویان سواغ بدە تا مریشک نەیانخوات. (٣)**

قاسم محەمەد بەخۆی ئەم دەقەی خوارەوەی پێمان دا، لەکاتی چەندجار دووبارەکردنەوەدا زۆرجار ڕیزبەندی دیمەنەکانی گۆڕی و لە کۆتاییدا وای لێهات:

**(٢) *کۆزبەراتە*، لەبەر ماڵان؛**
**گەنم لەناو عەمباردایە،**
**جۆ لەناو عەمباردایە،**
**بورغول لەناو جۆڕکاندایە،**
**ڕۆن لەناو هیزاندایە؛**
**دانەوێڵە و ئاوەکە ئێمە بە تۆی دەبەخشین.**

**پەرجوویەک لە خواوە، ئەگەر خوا حەز بکات،**
**باران بە تۆ دەبەخشێت.**
**ئەی خودایە، ئەی خودایە،**
**ئەی پێغەمبەر،**
**ئەی مەسیح،**
**ئەی مووسا،**
**ئەی جبرائیل،**
**لە خوا بپاڕێنەوە تا پێم ببەخشێت**
**پەرەسێلکە، لەقلەق، سەقاقوش، مریشک، بزن، بەختی باش.**
**پیت و بەرەکەت بێتە ناو دنیا،**
**دروێنە وا هات،**
**ئێمە دەیکوتینەوە،**
**ئێمە بەروبوومەکە لەسەر کورتان دەبەستین.**
**مەگەزی خراپ لەناو بەروبوومەکەدا بوون (پێش باران).**
**ئێمە دەغڵەکە دروێنە دەکەین،**
**ئێمە بە شەنەی لەشارەوەهێنراو شەنبای دەکەین.**
**ئەریّ بە چەندت کڕی؟**
**بە دوو ڕووپیە کڕیمان.**
**ئێمە جەرەمان هێناوە،**
**ئێمە داسمان هێناوە،**
**ئێمە ڕنەکمان هێناوە،**
**ئێمە کورتانی کەرمان هێناوە.**
**سەپانەکەی ئێمە،**
**ماری کوێرە زۆر درێژ و زۆر ئەستوورەکە، پێیەوە دا و مرد.**

وا پێدەچێت کە ئەم گۆرانییە بەتایبەتی نموونەیەکی روونی ئەو شێوازە بێت چۆن دەقەکان بە ئێمە دەگەن. چەندین مۆتیڤی تایبەتی هەن (وەک قۆناغەکانی دروێنەکردن) کە پێوبستە بە دڵنیاییەوە لە گۆرانییەکەدا هەبن، جا ئەوانیش بە چاکی ریزبەندکراون؛ کەچی کاتێک (خدری مۆسیقاژەن) زۆر ئاگای لەوەبوو تەنیا بابەتی پێوەندیدار بداتە ئێمە، جا بۆیەش گۆرانییەکەی خۆی پوخت کردبووەوە، (قاسم)ی گێل ڕێگای بە خۆی دا بوو بەخۆشیی لەگەڵ ڕەوتی گۆرانیی - سەماکە بڕوات، جا هەرچی شتێکی ئەو لە بیری مابوو لەو دەقە سەرپێییانەی کە چەندین جار ئەو نمایشی تێدا کردبوو هێنابوویە ناوەوە، بۆیەش دەقەکانی ئەو هەرگیز وەک یەک نەبوون.

ئەگەر دێڕەکانی (٢- ٥)، کە (قاسم) بەڕاستی بەو دێڕانە دەستی پێکرد، وەک باوە لە سەرەتاوە بەگۆرانی بگوترێن، ئەوان تەنیا دەبنە موژدەبەخشێکی چاک، یان تەنیا دەبنە ئەفسوونێکی بەزەییهێن. (هەروەها بڕوانە گۆرانی ژمارە -٤- بەشی ٢. دێڕەکانی ٦ و ٧). لە دێڕی ٦ی گۆرانییەکەدا، وا پێدەچێت مەبەست لە "ئێمە" سەماکەرەکان بێت، بۆیەش دەبێت مەبەست لە "باران بەخشین" بریتی بێت لە "باران باراندن"، بەهۆی سەما سرووتاوییەکە، ئەگەرچی ئەوەشی بەوریاییەوە خراوەتە سەر کە ئەمە دیارییەکە لەلایەن خواوە. پاشتر نزا و پاڕانەوە لە پیاوچاکانی موسڵمان دەکرێت، بۆیە داواکە تەنیا بۆ باران بارین، یان دروێنەیەکی باش نییە، بەڵکو بۆ ژمارەیەک گیانەوەرە کە نیشانەی ئەوەن بارانێکی باش باریوە و بەهار هاتووە (سەیری گۆرانییەکەی پاشتر بکە)، ئینجا ئەو یەکسەر قسەیەکی دەخاتە سەر لەبارەی ئەو مەگەزە خراپانەی دەغڵودان لووش دەدەن پێش ئەوەی باران ببارێت، ئەمە بەگوێرەی قسە و پلارەکەی ئەو خۆی. دوای باسکردنی کڕینی شەنەکە لێرەدا زێدەکردنێکی دیکەی پرسیاری ڕۆژهەڵاتییانە هەیە: ئاخۆ بە چەند کڕاوە؟

قسەکردن لەسەر کۆتایی گۆرانییەکە بەم جۆرە بوو: "کاتێک سەپانەکە دەچێت بۆ دروێنەکردنی دەغڵودانەکە مارێکی لەژێردایە کە پێیەوە دەدات و سەپانەکە دەمرێت." مرۆڤ نازانێت ئاخۆ ئەم ڕووداوە بەئاسایی لەگەڵ بابەتەکەدایە، یان تەنیا ئەمە لێکدانەوەیەکی لەخۆوەی ئەو مردنەیە کە سەماکەرە نێرەکە نمایشی دەکات؛ چونکە بابەتی سەمایەکە، بۆ نموونە پێوەندی نێوان ژیانی ئەو و ئاو(ی باران)، هەرگیز جارێکیش لە هیچ گۆرانییەکدا باس نەکراوە، لەوانەیە ئەمە لەبیرکرابێت، جا ڕەنگە دیمەنی مردن کە گونجاوە لەگەڵ ئەو دروێنەیەی لە گۆرانییەکەدا باس کراوە خزێنرابێتە ناوەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە بۆ من ڕوون بکاتەوە کە سەماکەرەکە لاسایی مردن دەکاتەوە، چونکە من کە سەرسوڕماو بووم بە ناکۆکی نێوان گۆرانییەکە و لاساییەکە، من چەند بارە ئەوەم پرسیوەتەوە ئاخۆ مانای ئەو وشانە دەزانێت کە لەبارەی زیندووبوونەوەی پیاوەکە،

یان مردنەکەیەوە کراون یان نا.
ئەو گـۆرانیـیـەی لەوانەیە باڵندەکـانی ناو دەقـەکـەی (قـاسم) ڕوون بکاتەوە بەو وشانە دەست پێ دەکات کە پیاوەکان دەڵێن وشەی کۆنن و ناتوانن وەریان بگێڕن:

**(٣) چەمچاڵە، باغیچاڵە،**
**دەغڵ ئاوی پێویستە،**
**باڵندەش دەغڵودان،**

ئەوەش ڕێگایەکی زۆر لابەلایی دەرخستنی ئەوەیە کە باران پێویستە، ئینجا ئەم گۆرانییە بەردەوام دەبێت، لەو دەقـەی کـە ئێـمـە لە (خـدر بەکـر)مـان وەرگـرتووە، کـە کۆتاییەکەی بە (چوار دێڕ)ی گۆرانییەکەی پاشتر دێت و دواتر دەبێتە پاڕانەوە لە خودا کە بە کۆمەڵێک نازناو و ئاوەڵناو بانگ دەکرێت.
گۆرانییەکەی دواتر بەڕاستی ئەوەیە کە تەماشاکەران دەیڵێن کاتێک خاوەنماڵ ئاو دەڕێژێت. ئەمە دەقی (خدر بەکر سرناجی)ـە:

**(٤) باران ببارە، باران ببارە،**
**گەدەم خراپە،**
**پێم پەتییە،**
**بەشەو هاتووم،**
**(چونکە) بە ڕۆژ من ڕووت و ڕەجاڵم.**

**ئارد لە هەمبانەیدایە،**
**ڕۆن لە هیزە؛**
**هەرکەسێک نەیدات،**
**ژنەکەی حیزە.**

گـۆرانیـیـەکی دیکەی ئەم بۆنەیە بریتـیـیـە لە (هادیار ئامـان)ی (خـدر بەکـر). دیسـان پێـمـان گـوترا وشـە سەرەتاییـەکە وەرناگـێـڕرێت، بەڵام دواتر وا لێکدرایەوە ئەمە بۆ هەر شتێک دەگوترێت کە لە دوورەوە بێت، دیار بکەوێت؛ هەروەها پیاوان ئەو وشەیە بە هاوارەوە دەڵێن کــاتێـک ورچ، مــەیموون و شــتـی وا هەڵدەپەڕێنن: گۆرانییەکە بەم جۆرە دەڕوات:

**(٥) وا دێت، وا دێت،**
**باران وا دێت، باران وادێت،**
**دەغڵ تا پشتدێنان دێت،**
**ئێمە دروێنەی دەکەین،**
**دەیکەین بە قۆمەت،**
**لەسەر کورتانی دادەنێین،**
**دەیبەینە سەر جۆخینان،**
**پاییزی جۆخینەکە دەکەینە بازنەیەک، (٤)**
**دەیکوتینەوە،**
**شەنەبای دەکەین،**
**دانەوێڵەکە لە عەمبار دەکەین.**

بەهەرحـاڵ، ڕەنگە هەڵـبـەسـتی دیکەش بگوترێن، کـە بەڕوونی لە یەکەم دیتندا کەمتر دەردەکەون و پێوەندییان بە باران بارینەوە هەبێت؛ بەڵام ئەو ڕاستییەی کە گۆرانی داهاتوو لە سـەمـای ئاهەنگی زەمـاوەند و باران باریندا دەگوترێن ئەوە دەردەخـات، بە وشیـارییەوە بووبێت، یان نا، سـرووتی زیندووکـردنەوەی خـواوەندە مـردووەکـە لەڕێگای ئاوەوە هێشتاش لە مێشکی ئەو خەڵکانەدا بەگشتی بە مەسەلەی پیت و بەرەکەت بەستراوەتەوە:

***(٦) (مەگرە مەنیشکینە دەلالێ.)***
**یارەکەم مەگری، هەنسکان مەدە؛**
**هاوڕێکەم مەگری، هەنسکان مەدە؛**
**یارەکەم، ماڵمان دوورە؛**
**سوارچاکەکان لەدوورەوە دێن و بەهانامانەوە دێن؛**
**هاوڕێکەم مەگری، هەنسکان مەدە، باران دەبارێت؛**
**ڕێگاکە دوورە.**
**با بچین بازنەیەک دروست بکەین و سەما بکەین؛**
**لە نێوان هەردوو پیاوان دوو ژن هەڵدەپەڕن؛**
**ئێـمە ئەو پێچە شاییە و ئەو پێچە شاییە دەکـەین، ئینجا پشوو دەدەین؛**
**پاشتر لە ماڵی (موختار)ی قاوە دەخۆینەوە.**

ئەگەرچی ئەم گۆرانییەش لە زەماوەندان دەگوترێت، من سـاڵـی ١٩٣٠ وەک هاوتەکی سـەمـای باران تۆمـارم کردووە، دەقە تەواوەکەم لە ساڵی ١٩٣٠ لە (خدر بەکر سیرناجی) وەرگرتووە.
وا پێدەچێت عەرەبەکانی ئەو هەرێمە ئەم دابونەریتەیان وەرگرتبێت، بەڵام ئەم کـارەیان بە هەمـوو نیـشـانەیەکەوە وەرگـرتووە. ئێـمـە دوو سـەرچاوەی زانیـاریمان هەبوو: مـوحەمـەد "ئەو عـەرەبەی کە ئێـسـتـا لە (خـۆرسـاباد) دەژیت، بەڵام ڕەشـمـاڵـی باوکی ئەو لە شـوێنی پێک گـەیشـتـنی زێی گـەورە و دیجلە بوو و ئەو سـەر بە خەڵکی(حەدوان)ـە؛ لەگەڵ عیسا سوڵتان کە خەڵکی (شـەرگـات)ـە. هەردووکـیـان هەمـان سـەرەتایان بۆ

گۆرانییەکە هەیە، بەڵام دوای دوو دێڕ موحەممەدی عەرەب دەچێتە ناو لیستێکی دووردرێژی ڕووەک و گیانەوەر کە پێویستە باران بۆ ئەوان ببارێت، کەچی (عیسا) چیرۆکێکی سەرواداری نیمچە-گاڵتەجارانەی هەیە کە ئەوە دەردەخات کە کارکردەیی باران باراندن بەڕاستی شتێکی زۆر باوەڕپێکراو نییە. ئەمەی دواییان نزیکەی هەڵبەستێکی منداڵانەیە:

**(٧) ئۆهـ، باران، ئۆهـ ئول وەیسی(٥)**
**قژی سەرم (راسی) درێژ بکە،**
**ئەوسا من (عەبا)یەکت بۆ دەچنم،**
**کە لێرەوە دەگاتە سووریا.**

ئەوەکەی تریان بەناوی (أم الغيث)ـە و وا دەست پێدەکات:

**(٨) دایکی باران،**
**بارانمان پێ ببەخشە،**
**پاڵتۆی شوان تەڕ بکە؛**
**شوانەکەمان (حەمید)ی کەچەڵە،**
**بۆ دوو ساڵ دەچێت نەیچاندووە (واتە: لەبەر بێ بارانی)،**
**ئەمساڵ ڕەنگە دەغڵودان بەقەد دەرگا بڵند بێت،**
**جۆش بێ شومار دەبێت.**
**ئێستا بەخشیشمان لەناو بێژینگێک بدەرێ،**
**جا کوڕەکەت سبەی گەورە دەبێت.**

دوا ڕستە تەنیا بۆ ئەوەیە هانی خەڵک بدات خەڵات بە گۆرانیبێژەکان بدەن بەوەی خواردنیان بۆ بخەنە ناو بێژینگێکی گەورەوە، ئەمەش وەک قاپی خێر کۆکردنەوە دانراوە. دوا ڕستە لێ پیرۆزکردن دەگەیەنێت، لە جیاتی نەفرەت کە کوردە توندەکان لە گۆرانی ژمارە (٤)دا گوتراوە کاتێک هانی خەڵکەکە دەدەن خواردنیان پێ بدەن.

پاڕانەوە لە (دایکی باران) لەم گۆرانییەدا یەکجار سەرنجڕاکێشە، چونکە عەرەبەکانی ئەوبەری بیابانی سووریا لە (مۆئاب) هەمان زاراوە لە ئەفسووونی-باران-دا بەکاردێنن(٦)، جا کاتێک سەرۆکی هۆزەکان قوربانی بۆ خوای باران دەدەن، ژنان داهۆڵێک لە چیلکە دروست دەکەن و وەک ژن جلی لەبەر دەکەن و بە جوانی دەیڕازێننەوە، بەمەش دەڵێن (أم الغيث) واتە دایکی باران، ئینجا ئەم شێوەیە بە کوڕەوێک بەناو ڕەشماڵەکاندا دەگێڕن و کۆمەڵێک ژنیشی بەدواوەیە گۆرانی دەڵێن.

بەڵام لێ دووركەوتنەوەی ئەم کاروکردەیەی عەرەبەکانی باکووری عیراق دەستنیشان کراوە؛ لەوێ سەماکردن نییە، هیچ ئاوپێداکردنێک لە (مۆئاب) نییە، بۆیە وا پێدەچێت کە پانتۆمایمە ڕاستەقینەکە بەهۆی خەڵکە ناعەرەبەکانەوە گوێزرابێتەوە؛ جا ئەگەر لەبەر سرووتەکە نەبێت، نابێت ئێمە گومان لەوە بکەین کە ئەو دابونەریتە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک بیروباوەڕی کۆندا هەیە، کە هەمووی لە ئاسیای ڕۆژئاواوە بە ئێمە گەیشتووە؛ چونکە تاقە گۆرانییەک نییە، هەواڵپێدەرەکانم وایان پێ گوتووم، کە قسە لەسەر مردنی سەماکەرەکەوە بکات، جگە لەوەی لە گۆرانی ژمارە (٢)دا هاتووە، وەک لەوێدا ئێمە بینیمان و ڕەنگە ڕەسەنیش نەبێت.

لەلایەکی ترەوە، ڕیشی بزن و قۆچەکانی لەوانەیە پێوەندی بە خودای پیت و بەرەکەتی سۆمەرییانەوە هەبێت کە ئەو لەگەڵ بزنێکی شاخ، یان بەرانێکی شاخی لەسەر قاڵبی مۆرە سەرەتاییەکاندا دەبینرێت (بڕوانە: عیراق، بەرگی ١، ل ل ١٣ و ١٤)، هەروەها ئەو ئێزیدییانەی لە هەمان هەرێمدا دەژین لەناوی خواکەی خۆیاندا (مەلەک تاووس، کە لە تەمووزەوە هاتووە) لە هەندێک سرووتی خۆیاندا (بۆ نموونە، پەلپەلکردنی گایەکی سپی و دانانی گولیکە نیسانەی (گوڵی ئەدۆنیس)، لەسەر دەروازەکانی گڵکۆی شێخ ئادی لەبەهاردا) و گەلێک لایەنی دیکەی پەرستنکارییانەی ((تەمووز- ئەدۆنیس- ئۆسیریس))یان پاراستووە لەوەی کە ئەوان بەگشتی دانی پێدا دەنێن. ئەگەر (فۆرلانی) بەرهەڵست بێت لە پێکچواندنی (مەلەک تاوس) و تەمووز، کە ئەو بەخۆی دان بەوەدا دەنێت ئەمە لە ڕووی فیلۆلۆجییەوە ڕاستە، بڵێت کە هیچ پێکچوونێک لە نێوان ئایینی ئێزیدی و بیروباوەڕی سەردەمە مێژووییەکانی بابلی، یان ئاسووریدا نییە، ئێمە پێویستیمان بەوە نییە بیر لەوە بکەینەوە ئەم هاوکێشەیە بۆ ئەم مەبەستە بەڕاست بسەلمێنین(٧)، بە پێچەوانەوە، ئێمە لێرەدا دڵنیاکردنەوەی سەرنجەکانمان کە لە شوێنێکی ترەوە ئەنجام دراوە دەدۆزینەوە، بۆ نموونە، لە ئەفریقیادا. (٨) وا پێدەچێت کە بەزیندوویی مانەوە لەناو خەڵکە کێوییە مۆدێرنەکاندا، لە هیچ جێگایەکدا پاشکەوتێکی

شارستانییەتە کۆنەکانی لە ئاستێکی بەرزدا نەهێشتووەتەوە و دەسکەوتە مەزنەکان سڕاونەتەوە. ئەوەی ئێمە دەیاندۆزینەوە بریتییە لە پاشماوەی قۆناغێکی کۆنتر، ئاکارەکانی ئەو ئاستە گشتییەی شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی زوو، کە ژێرخانی پێشکەوتنە نائاساییی و سنووردارەکەی بابل و میسری پێکهێناوە. ئەوەی کە پەرستنکاری خودای پیت و بەرەکەت کە باشترین ناوی بریتییە لە (تەمووز)، هەروا هی خواوەندی-دایک، کە ئەو لە سرووتە کۆنەکاندا، هەروەها لە سەمای-بارانەکەماندا پێیەوە بەستراوەتەوە، بۆ کۆنترین چینی بیروباوەڕ دەگەڕێتەوە، کە ئێمە دەتوانین لە ئاسیای ڕۆژئاوا پێی بگەین، وا پێدەچێت مەسەلەیەکی دڵنیا بێت،(٩) لەبەر ئەمە ئەو بەزیندوێتی مانەوانە کەم بایەختر نین؛ جا لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی ئەنسرۆپۆلۆجییانە لە ناو هۆزەکانی بناری گردەکاندا بەرهەمێکی دەوڵەمەند و جۆراوجۆری زانیاری وای لێ دەکەوێتەوە کە مرۆڤ ئومێدی بۆ دەخوازێت. ئەمە مەسەلەیەکی پێویست و دەستوبردە، چونکە تەنانەت بۆ ئەو دۆڵە دابڕاو و لاچەپانەش ڕۆشنگەری دەگات بەهۆی ئۆتۆمبێلی (فۆرد) ئامادە لە هەموو جێگاو شوێنێکدا.

١- ئەم بابەتە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
**H. Frankfurt, Iraq, Vol. I, No. 2 (1934), pp. 137-145 (Published by: The British Institute for the Study of Iraq).**

هەڵبەتە ئێمە ئەو کتێبەمان دەست نەدەکەوت کە ئەو وتارەی تێدا بڵاوکراوەتەوە و برای بەڕێزمان (عەلی عوسمان یەعقووب) بابەتەکەی لە سایتی (**www.jstor.org**) بۆ پەیداکردین و بۆی ڕەوانە کردین. سوپاس بۆ هەوڵەکانی برای بەڕێزمان لەپێناوی زیندووکردنەوە و بەسەرکردنەوەی کەلەپووری لەبیرکراوی کورد. (وەرگێڕ).

٢- ئەم وشانەی کە بەلاخواری چاپکراون لە دەقە ئینگلیزییەکەشدا هەروا نووسرابوونەوە. (وەرگێڕ)

٣- هەڵبەتە تێگەیشتن لەم گۆرانییانە ئەستەمە بەبێ هەندێک زانیاری لەبارەی کاروباری کشتوکاڵی خۆجێیی. دەغڵودان لە شوێنێکی گۆڕەپاندا قۆمەت دەکرێت، شوێنێکی وەک گۆڕەپانی ناو گوند، ئینجا ماڵات بەشێوەیەکی بازنەیی بەسەر قەراغی دەرەوەیدا دەبرێت و جۆرە ئامرازێکی سادەی دارین (کە جەنجەڕە - وەرگێڕ) بەدوای خۆیدا ڕادەکێشن، لەکاتێکدا پیاوان لەناوەڕاستەوە لەسەر قۆمەتەکە وەستاون و بەردەوام مەڵۆی تازە بۆ قەراغی بازنەی دەرەوە دەهاوێن کە ئاژەڵەکان پێیدا تێدەپەڕن. دواتر شەنەبا دەکرێت، سەرەتا بە هەڵدانی لاسکەکان بە شەنە، دواتر ئەوەی دەمێنێتەوە لە تێکەڵەی کوزر و خۆڵ و خاشاک و دانەکەی لەناو بێژینگێک بۆ شەنەباکردنی، دوای ئەمە دەغڵودانەکە لە شوێنێکی وشکی پاک قۆمەت دەکرێت و بە قوڕ سواغ دەدرێت و زوو ڕەق دەبێت و بەم جۆرە لە زیندەوەر و مشک دەپارێزرێت. (پەراوێزی نووسەر)

٤- بڕوانە پەراوێزی گۆرانی ژمارە (١).

٥- نازناوێکی خودایە.

**6- Jaussen, Coutumes des Arabes au Pays de Moab (Études Bibliques). Paris, 1908, 326-30.**

**7- Giuseppe Furlani, Testi Religiosi dei Yezidi, Bologna, 1930, 22-4.**

**8- Studies presented to F. LI. Griffith, 450-3.**

٩- لە مۆرە لوولەییەکاندا و لە گوڵدانە بەردەسپییەکاندا کە ئەم زستانە ئێمە لە (وەرکا) دۆزیمانەوە خودا و هێمای دایکە-خواوەند دەکرێت شوێنەواری بگەڕێنرێتەوە بۆ سەردەمی (ناسر جەمدات)، هەروەها ڕەنگە تەنانەت لای ئەم نووسەرەی ئێستاش گوڵدانەکە و ئەو مۆرانەی لەلایەن (نۆڵدکە)وە دۆزراونەتەوە و لە کتێبی (**Funfter Vorl. Bericht (Preuss. Akademie, Abh. 1933, Nr.5**) وێنەی ژمارە (٢٩)ی (**A, B**)ن ئەوە دەسەلمێنن هی سەردەمی (ئوروک)ن، ئەمەش لەگەڵ مەزەندەکەی بەڕێز (گاد) بەراورد بکە کە دەڵێت پەرستنکاری دایکە-خواوەند دەکرێت بۆ سەردەمی (عوبێد) بگەڕێتەوە. (مێژوو و مۆنیومێنتەکانی ئور، ٦٥). لە چاخە ناوەڕاستەکانەوە قۆناغێکی ناوەندی ئەو بەزیندوێتی مانەوانە ناوی تە(مم)ووز لەلایەن سوورییەکانی (حەران)ەوە پێشکەش کراوە. بڕوانە: (**BAUDISSIN, Adonis und Esmun, 111-14**).

(*) لە چەند جێگەیەکی دەقە ئەسڵییەکەدا نووسەر نووسیویەتی (خدر بەکر سیڕناجی)، بەلای ئێمەوە دەبێ ئەوە (خدر بەکر زوڕناچی) بێت.

لە ساڵیادی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا:

# گۆڤاری خەباتی قوتابیان لە خانەقین ١٩٥٨

ئەحمەد باوەڕ
(زانکۆی گەرمیان – بەشی مێژوو)

بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ لە عیراقدا، بە تایبەتی لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریدا کۆمەڵێک دەساوەردو گۆڕانکاری بەرچاوی بەدوای خۆیدا هێنایەکایەوە، بەجۆرێک ئەم گۆڕانکاری و بارودۆخە، سەرەڕای زۆر لە ناوچەکانی عیراق تاڕادەیەک ناوچە کوردنشینەکانیشی گرتەوە، هاوکات ئاراستەی سیاسی و دەسەڵات لە عیراقدا بەرانبەر بە کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینی. وەک ئەوەی: لەو دەستوورە نوێیەدا کە دەسەڵاتی نوێ و سیستمی کۆماری لە عیراقدا ڕایگەیاند، بەسەریەکەوە لە (٣٠) ماددەی تەواو و (٤) دەروازە پێکهاتبوو. بەجۆرێک لە دەروازەی سێیەمیدا، بەتەواوی دانی بەوەدا نابوو کە هەردوو نەتەوەی: «عەرەب و کورد لەم وڵاتەدا هاوبەشن – العرب والاكراد شركاء في هذا الوطن» و مافەکانیشیان لە چوارچێوەی خاک و وڵاتی عیراقدا پارێزراو دەبێت.

وەک ئەوەی هەر لەگەڵ ڕاگەیاندن و بەرپابوونی شۆڕشدا، گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا، تەنانەت ئەو کوردانەش کە لە شاری بەغدای ئەوکاتەدا دەژیان: «بە بیستنی هەواڵی جمهووریەت و شۆڕش ئەمانیش لە شوێنی خۆیانەوە ڕاپەڕین و دروشم و بانگەشەیەکی گەورەیان نووسی بە ناوونیشانی: «الشعب الكردي يؤيد الجمهورية العراقية» بەم دروشمەوە و بەشی زۆریان بە بەرگی کوردی ئاڵووالاوە بە شەقامەکانی شاری بەغدادا دەگەڕان و هاواریان دەکرد: «بژی سووپا و گەل، بژی پێشەوای عەرەب سەرۆک جەمال عەبدولناسر، بژی پێشەوای کورد ژەنەراڵ مەلا مستەفای بارزانی، بژی برایەتی کورد و عەرەب» (١)، هەروەها لە زۆربەی شار و

شـــارۆچکە ئاوەدانەکـــانی ئەو کـــاتەی باشــووری کــوردســتــانیــشــدا لەوانە شــارە ئاوەدانەکـانی وەک: سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، دهۆک، زاخۆ، خانەقین، هەڵەبجە، ڕانیە، قەڵادزێ، کفری، کۆیە و شوێنانی تریشەوە کۆمەڵانی خەڵک هاتنە سەر شەقامەکان و خۆشحاڵی و پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ بەرپابوونی شۆڕش و سیستمی نوێ و گۆڕانکاری نوێ دووپات دەکردەوە، هەروەها لە چەند شار و ناوچەیەکی کوردستانیشەوە شاندی کورد و نوێنەرانی کورد سەردانی شاری بەغدایان کرد و چاویان بەسەرۆک عەبدولکەریم قاسم و فەرمانڕەوایانی باڵای حکومەت کەوت، ئەویش لەلای خۆیەوە پێشوازی لێ کردن و بەڵێنی برایەتی و هاوبەشی و شەراکەتی نێوان کورد و عەرەبی لە وڵاتدا بۆ دووپات کردنەوە(٢)، هەروەها لە بواری کاری ڕێکخراوەیی و ئازادی ڕۆژنامەوانیشدا وڵاتی عیراق، تەنانەت ناوچە کوردنشینەکانیشی لەگەڵدا بێت، کەفوکوڵێکی تازەو ڕەوتێکی نوێتری گرتەبەر، هەرچەندە ئەم هەلومەرجەش بۆ خۆی زۆری نەخایاند و بەهۆی لادانی فەرمانڕەوایانی عیراق لەو بەڵێنانەی کە دایان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد و ژیانی هاوبەشی لە وڵاتدا، بەڕادەیەک هەموو دەرئەنجامەکان بە دەڵەمەیی مانەوە و خەباتی چەکداری گەلی کورد لە سەرەتاکانی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ەوە دەستی پێ کرد.

هەر لەم سەروبەندەداو لە بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیشدا، هەرچەندە لە زۆر شار و ناوچەی باشووری کوردستاندا بڵاوکراوەو گۆڤار و ڕۆژنامەی نوێ لەلایەن دەستەی ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسانی کوردەوە وەک هەنگاوێکی نوێ سەریان هەڵداو دەستیان بەبڵاوکردنەوە کرد، شان بەشانی ئەوانەش تەوژمێکی ڕۆژنامەنووسیی لەو بابەتەش ناوچەی گەرمیان بەگشتی و تاڕادەیەک شارێکی ئاوەدانی وەک خانەقینی ئەو دەمانەشی گرتەوە(٣). یەکێک لەو گۆڤارانەش: (خەباتی قوتابیان – نضال الطلبة) بوو کە لەلایەن: «یەکێتیی قوتابیانی دواناوەندی خانەقین – اتحاد طلبة ثانوية خانقين»ەوە وەک لەسەر لاپەڕە یەکی گۆڤارەکە خۆی ئاماژەی بۆ کراوە، بەزۆری بەزمانی عەرەبی بڵاو کراوەتەوە و ناوەکەشی لە ئەنجامی ئەو مشتوماڵ کردن و پێشنیارەوە هاتووە کە قوتابییەکی وەک: ئیبراهیم سەرحان حوسێن (١٩٤٤)(٤) کردوویەتی، وەک ئەمەشیان بە هەمان شێوە لەسەر لاپەڕە شەشی گۆڤارەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە و بە زمانی عەرەبی نووسراوە: «ابراهيم سرحان اقترح اسم المجلة» سەرەڕای ئەوەش وێنەیەکی خۆی لەگەڵ پێشنیارەکەیدا بڵاوکراوەتەوە، شان بەشانی ئەوەش لە خواری دەستەواژەی پێشووترەوە و بە نووسینێکی گەورەتر و بەڕاشکاوییەوە نووسراوە: «مجلة ثقافية شهرية يصدرها اتحاد طلبة ثانوية خانقين – القسم النهاري»، واتە گۆڤارێکی ڕووناکبیری مانگانەیە، یەکێتیی قوتابیانی ئامادەیی خانەقین، بەشی بەیانیان دەری دەکات(٥).

بەسەریەکەوە و بەگوێرەی ئەو تاقە ژمارە کۆپی کراوەی کە لەبەردەستماندایە و(٦) بەرگە سەرەکییەکەی پێوە نەماوە، لەو ماوەیەدا توانراوە تەنیا ئەو ژمارەیەی لێ بڵاوبکرێتەوە کە بە شێوازێکی فەرمی براوەتە شاری بەغداو لە چاپخانەی مەعاریفی (المعارف)ی شەقامی (المتنبي) شار، چاپ کراوە و ژمارەی لاپەڕەکانی بەپێی دوا لاپەڕەی گۆڤارەکە کۆپی کراوەکە نزیکەی (٣٠) لاپەڕەیەکە، بگرە زیاتریش بووە، نرخەکەشی بەقسەی مامۆستا ڕامز باجەلان تەنیا (٥٠) پەنجا فلس بووە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی نائاسایی ئەو کاتەی عیراق و جێگیر نەبوونی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە بۆ سەر سکەی خۆیان مۆڵەتی بۆ وەرنەگیراوە، هەروەها خاوەنی چاپخانەی مەعاریفیش کە لەو دەمانەدا: (حاجی عەبدولکەریم قەدووری) بووە ئاگانامە (اعلان)ێکی چاپخانەکەی خۆی وەک پروپاگەندە لە گۆشەیەکی لاپەڕە (١١)ی گۆڤارەکەدا بڵاو کردووەتەوە و تێیدا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئەوان وەک چاپخانەی مەعاریف هەموو کاتێک ئامادەن هەموو گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبێک بە زمانەکانی: عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی و بەچاپخانەی ئۆتۆماتیکی نوێ و لە کاتێکی دیاریکراو و بە شێواز و تێچوونێکی گونجاو چاپ بکەن(٧). ئەوەی شایانی وەبیرهێنانەوەش بێت، گۆڤاری خەباتی قوتابیان، وەک لە زۆربەی بابەت و ناوەرۆکەکەیدا دەردەکەوێت بە زۆری مۆرکێکی: (ئەدەبی – ڕووناکبیری گشتی) بەسەردا زاڵە، بەوەی زۆرێک لە بابەتەکانی بریتین لە: شیعر و چیرۆک و بابەتی ڕووناکبیریی گشتی، وەکیتر لە ڕووی ستاف و سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانەوە، ناوی هیچ

کەسێکی لەسەر تۆمار نەکراوە، بەڵکو وەک پرۆسە و هەنگاوگەلێکی ڕووناکبیری و هەرەوەزی، کۆمەڵێک لاوی خوێندەواری ئەو دەمانەی ئامادەیی بەیانیانی شاری خانەقین و دەوروبەری بەکوڕ و کچییەوە توانیویانە لە داهاتی خۆیان، هەروەها هاوکارییەکی کەمی یەکێتیی قوتابیانی ئەو کاتە لە چاپی بدەن و بڵاوی بکەنەوە بۆ نموونە: یەکێک لەو نووسەرانەی گۆڤارەکە کە ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت قەڵەمێکی دیارە لە بواری نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەتی جۆر بەجۆر و بەزۆری بەزمانی عەرەبی دەنووسێت کە ئەویش مامۆستا ڕامز سامی عەبدوڵلا باجەلان (١٩٣٥)ـە(٨)، بەتەواوی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گۆڤاری (خەباتی قوتابیان - نضال الطلبة) گۆڤارێکی سەربەخۆ بووە و لە کەسێکی وەک خوالێخۆشبوو عەبدولقادر شێخ ڕەحیم تاڵەبانی (١٩٤٤- ١٩٩٣)(٩) زیاتر کە ئەندامێکی دیاری سەر بە: (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان)ی ئەوکاتە بوو، ئیدی هیچ کەس و لایەنێک دەستگیرۆیی بڵاوکردنەوەی نەکردووە، هەروەها دەڵێت: بەسەریەکەوە نزیکەی (٦٠- ٧٠) ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە و بەزۆری هەموو ژمارەکانیمان بەناو کۆمەڵانی خەڵک و دەستەی ڕووناکبیرانی شارەکەدا بڵاودەکردەوە و هەندێکیشمان لێ دەفرۆشت، لەو ژمارەیەش زیاتر کە بڵاومان کردەوە بەهۆی هەستیاری بارودۆخەکە و توانایی داراییەوە نەتوانرا ژمارەی تری لێ بڵاوبکرێتەوە(١٠).

بەسەریەکەوە گۆڤارەکە، بێجگە لە سەروتاری ژمارەکە، ناوی نووسەرەکەی بەسەرەوە نییە و بە ناوونیشانی: «انطلاقتنا التحررية»ـەوە بڵاوکراوەتەوە، زۆربەی بابەتەکانی هەر لە وتار، پەخشان، چیرۆک، گوڵزاری شیعر و بابەتی فۆلکلۆری، گۆشەکانی: چاوپێکەوتنی ژمارە، هونەر، ئافرەت، کاریکاتێر، بۆ پێکەنین و قسەی نەستەق، زۆربەی زۆریان بەوێنەی تایبەتەوە ناوی خاوەنەکانیانی لەسەر تۆمارکراوە و بەعەرەبییەکی زۆر جوان و بێ خەوش نووسراون، لەوانە بابەتی یەکەمیان: کە هەر لە لاپەڕەی یەکەمیدا بڵاوکراوەتەوە و تەواو کراوەکەشی کەوتووەتە لاپەڕەی دووەمەوە بریتییە لە کورتە وتارێک بە ناوونیشانی: (نضال الطلبة - خەباتی قوتابیان)ـەوە و قوتابییەکی قۆناغی پێنجەمی وێژەیی ئامادەیی خانەقینی بەیانیان کە ناوی: (سەلاح فەرمان)ـە نووسیویەتی و تێیدا بەکورتی باسی ئەرک و خەباتی قوتابیان دەکات و ئەوەیان بیردەخاتەوە کە چۆن ئێمە پێشترو لەژێر سایەی سیستەم وفەرمانڕەوایەتی پاشایەتی لە عیراق (١٩٢١- ١٩٥٨)دا توێژێکی گوێ لێ نەگیراو پەراوێز کەوتووبووین، بەڵام بەپێچەوانەوە دەبێت لەمەودوا لە پێشەوەی هەوڵ و کاروانی خەباتدا بین لە پێناو بەدی هێنانی حەق و عەدالەتیدا، هەروەها لە کۆتایی بابەتەکەشیدا سەلاح فەرمان ئەوە بەبیری توێژی قوتابیان و خوێندکاران و هاوەڵانی دەهێنێتەوە کە ئەوان چۆن هەر لە سەردەمی پاشایەتی لەناوچوودا و لە کاتی بەرپابوونی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی (وثبة کانون الثاني) ساڵی ١٩٤٨دا هەر برا خوێندکار و قوتابییەکانی ئەوان پێشەنگی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییانە بوون کە بەخوێنی پاکی دەیان و سەدان کەسی وەک ئەوان ژیانی سەربەرزی و ئازادی هاتەکایەوە... تاد، بەڵام بابەتی دووەمیان: کە بەزۆری بریتییە لە نووسینێک بە ناوونیشانی: (الاخوة العربية الكردية - برایەتی کورد و عەرەب)ـەوە و لە نووسینی قوتابی پۆلی پێنجەمی زانستی هەمان ئامادەیی خانەقینی بەیانیانە، بەناوی مووەفەق سامی باجەلان (١٩٤٠)ـەوە (١١) و وەک لە بەشێکی وتارەکەشیدا و بە عەرەبییەکی پاراوەوە نووسیویەتی: «کوردەکان وەک هەر گەلێکی تری ئازادخواز خاوەنی ڕابردوویەکی شکۆمەند و مێژوویەکی پڕ لەسەروەرین... خواوەندیش بۆ خۆی لە ڕێگای کۆمەڵێک پێوەندی جۆر بەجۆرەوە لەگەڵ گەلی عەرەبدا کردوونی بە برای یەکتر لەوانە مێژوو و نیشتمان، بەرژەوەندی پێکەوە گرێدراو و پەیامی پیرۆز لە هەموو ڕوویەکەوە بەمەبەستی ئازاد کردنی نیشتمانی زێڕینمان، سەرەڕای ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە هەردوو گەلی عەرەب و کوردی لە چوارچێوەی یەک شەریعەتدا کۆکردووەتەوە...تاد» (١٢)، هەروەها دواتر نووسەری بابەتەکە لە درێژەی نووسین و بابەتەکەیدا ڕەخنەی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی عوسمانی و بەریتانیاش گرتووە کە لە ماوەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتیاندا لە عیراق و ناوچەکەدا چیبیان بەسەر گەلی کورد و عەرەبی برادا هێناوە...تاد، بەڵام بابەتی دواتریان کە ناوی نووسەرەکەی بەسەرەوە نییە و بەناوونیشانی: (هنا اذاعة النحو الاعدادي في ثانوية خانقين)ـە، زیاتر بابەتێکی

گـاڵتـەئامـێـزە (فكاهي) و ناوەرۆكـەكـەی سـەبارەت بەڕێزمـانی عـەرەبییـەو مـامۆسـتـا ڕامـز باجـەڵانیش لای خــۆیەوە زۆر پێ لەســـەر ئەوە دادەگـــرێت كـــە ئەو نووسـیـویەتی، وەک چۆن بابەت و گۆشـەی: «گـوڵزاری شـیـعـر - روضـة الشـعـر - يحـررها رامـز باجـلان» لە ئامـادەكــردنی ئەو بووە، ئەمـەشــیــان بریتی بووە لە دۆسـیـەیەكی تایبـەت كـە لەو دەمـانەدا مـامـۆسـتـا ڕامـز باجەڵان كە خوێندكاری ئامادەیی بەیانیانی خانەقین بووە سەرپەرشتی كردووە و لە چوارچێوەی ئەم دۆسـیـیـەشـدا سێ شیعر بڵاوكراونەتەوە، یەكەمیان: كە بێ ناوونیشانە بەزۆری لە وەسفی سەرۆک عـەبدولكەریم قاسم (١٩١٤ - ١٩٦٣)دا نووسراوە و مامۆستا ڕامز باجەڵان دەڵێت: بیـرم نییـە ئەمـەیان هی كێـیە، بۆ نموونە لە بڕگـەیەكیـدا هاتووە و دەنووسێت:

**اعبدالكريم محب السلام**

**لانت الوفي وانت الوفاء**

**تالق قلبک في الرافدين**

**ونفسک تحظى بطول الدعاء..الخ**

شـیـعـری دووەمـیـشـیـان كە بە ناوونیـشـانی: (بەغـدا قەڵغـانە - بغداد درع) دایە بۆ ئەمـەیان مـامۆسـتـا ڕامز دەڵێت: شـیـعـری منەو هەر كـە دێڕی یەكـەمـیـشـم بۆ خــوێندەوە، خــۆی لەبەر هەمــووی بەدەنگی خــۆی بۆم خـوێندمـەوە، هەروەک خـۆشی دەیگێـڕێتـەوە دواتر ئەو شیـعـرەی لە ڕۆژنامـەیەكدا كە ڕۆژنامـەنووسی ناسـراوی كورد محەمەد بریفكانی بڵاوی دەكردەوە، بڵاوكرایەوە لە بەشێكیدا دەنووسێت:

**اهلا رسول السلم اهلا مرحبا**

**بک يابشير الهدى انک مرشدي**

**لاترفعوا غير العدالة راية**

**وافدوا المواطن باللسان و باليدي**

**ياذئب باريس وثعلب لندن**

**بغداد درع للزعيم الاوحد....الخ**

بەڵام پارچە شیـعـری سێـیەمـیـان كە بە ناوونیـشـانی: (پەرجووی مێژوو - معجزه التـاريخ)ـەوە بڵاوكراوەتەوە، شیـعـری حەسەن شێخ مرادی كوڕی كەسایەتی و پیـاوی ئایینی ناســراوی شــاری خــانەقین و گـــەرمــیـــان، خــوالێـخـۆشـبــوو شــێخ مــورادی زەنگنە (١٨٧٠- ١٩٧٦)(١٣)یە و لەو دەمـانەشدا خـوێندكاری قـۆناغی چوارەمی وێژەیی بووە، ئەمـەشـیـان بە هەمـان شـێـوازی شـیـعـرەكـانی پێـشـووتر هەر لە وەسـفی شـۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و كـەسـایەتی سـەرۆک عــەبدولكەریم قاسمدایە و وەک لە بەشێكیدا بەڕوونی نووسیویەتی:

**هذا العراق بفضل منک تعرفه**

**بالعدل يزهو وبالايمان ينتصر**

**هذا العراق بتموز غدا بلدا**

**بالمجد يعلو وبالتحرير مزدهر..الخ(١٤).**

وەک دەبینیت هەمــیــســان لە دۆسـیــەی وتاریشــدا گـۆڤـاری: (خـەباتی قـوتابیـان) چەند وتارێكی یەک بەدوای یەكی لەخـۆگـرتووە و بەزۆریش لە سـتـایشی سیـسـتـمی تازەو شـۆڕشی ١٤ی تەممووزدا و بەپێنووسی چەند كـەسـێكی جـیـاواز نووسـراون، لەوانە: (ادراک السـعـادة): بە پێنووسی: عـبدالاله باقر كـازمی(١٥)، (قــامت الثــورة- شــۆڕش بەرپابوو) لە نووســینی: عـەبدولقـادر شێخ ڕەحیم تاڵەبانی، (الطلبـة والمقـاومـة الشعبيـة - قـوتابیان و بەرگری نەتەوەیی) لە نووسینی: (فـائق سـاڵح)ـە كـە دواتر بووەتە پارێزەر و وێنەیەكی خـۆیشی لەگـەڵ بابەتەكـەیدا بڵاوكـردووەتەوە، (الطلبـة وحـركـة السـلام - قـوتابیـان و بزووتنەوەی ئاشـتی) كـە ناوی نووسـەری بابەتەكـەی بەسـەرەوە نیـیـە، (حـەق سـەردەكـەوێت - الحق يصـرع) لە نووسـینی: سـەڵاح عـــەبدوڵقــادری پۆلی پێنجـــەمی وێژەیی بووە و ئەم كەسایـەتییـەش دوای تەواوكردنی خوێندنی ئامـادەیی لە بەشی زمـانی ئینگلیـزی وەرگـیـراوە، پاش تەواوكـردنی قۆناغی زانكۆ بووەتە مـامۆسـتای هەمان بابەت لە شاری خــانەقین و دەوروبەری، (مع المتــآمــرين - لەگـــەڵ پیلانگێڕاندا) لە نووسینی: عـەلی جومعـە چەرمەوەندی مەندەلاوی قوتابی قـۆناغی سێـیەمی ئێـواران بووە. دوا بەدوای ئەو چەند وتارەش وەک پێشـتـر ئاماژەی بۆ كـرا، گـــۆشـــەیەكی تایبـــەت بۆ پێكەنین (فـكاهات) بڵاوكـراوەتەوە، بۆ نموونە لە چەند پرسـیـار و دیالـۆگـێكی پێكەنیناویدا هاتووە:

المعلم الانكليزي: ادخل كلمة (يس) في الجملة.

التلميذ: بكل ذكاء (يس يم)

المعلم: لماذا جئت متاخرا الى الدرس.

التلمـيـذ: لأني رأيت قطعـة في طريقي كتب عليـهـا خفف السرعة.

الاول: ماالفرق بين الصاروخ الامريكي والصاروخ الروسي.

الثاني: الصاروخ الامريكي لايقبل ان يصعد والصاروخ الروسي لايقبل ان ينزل..الخ(١٦).

لە چەند لاپەڕەیەکی دواتریشدا گۆشەیەکی تایبەت لە ئامادەکردن و سەرپەرشتیکردنی قوتابی (نەجم محەمەد ئەمین خەتات) کراوەتەوە کە دواتر بەگەنجی وەفاتی کردووە، بەناوونیشانی: (گۆشەی هونەر – ركن الفن) و لەم بوارەشدا چەند قوتابییەک بەوتاری هونەری پوخت و کورت تێیدا بەشدارییان کردووەو نووسینی خۆیانیان تێدا بڵاو کردووەتەوە لەوانە: (الفن والاستعمار – هونەر و داگیرکەر) لە نووسینی: قوتابی قۆناغی چوارەمی زانستی ئامادەیی خانەقین: (ئەسکەندەر ئەحمەد خەیات هەمەوەندی)ـە، کە تا ئێستاش لە ژیاندایە و لە دەرەوەی وڵات (نەمسا) دەژی. لە درێژەی وتارەکەیدا کە زیاتر مۆرکێکی سیاسی لەخۆگرتووە هەمەوەندی دەنووسێت: «لە ژێر سایەی کۆمارە ساواکەماندا، کۆماری کورد و عەرەب و هەموو نەتەوەکانی دی، یان بەواتایەکی تر کۆماری عیراقی خۆشەویستمان، داوا لە هەموو برا و خوشکانی قوتابی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕمان دەکەین کە هونەر بکەینە لاپەڕەیەک لە لاپەڕەکانی مێژووی عیراقمان، دیارە ئەوەش بەهەوڵ و پێداگرتن لە خەبات دێتە دی و هاوکات دەبێتە پەیامێکیش بۆ ئەوەی بۆ هەموو دنیا و جیهانی بسەلمێنین کە ئێمە گەلێکین دەمێنین و دەژین و بەردەوامین بەکوێرایی چاوی دوژمنانمانەوە... تاد». دوای ئەمەش وتارێکی تری هونەری بڵاوکراوەتەوە کە ناوی خاوەنەکەی لەسەر نەنووسراوە بەناوی: (سینەما و شانۆ – السينما و المسرح). سەرەڕای تەرخان کرنی گۆشەیەکی تایبەت بۆ هەواڵە هونەرییەکانی جیهان و عیراق، بەتایبەتی هەواڵە هونەرییەکانی: ناوچەو شارەکانی بەعقووبە و خانەقینی ئەو کاتە لەوانە: «قدم اتحاد طلبة دار المعلمين الابتدائية في بعقوبة على مسرح سينما النصر في خانقين تمثيلية رأس الشليلة للاستاذ يوسف العاني»، هەروەها لە هەواڵێکی تری هونەری ئەو ڕۆژگارەدا هاتووە: «يستعد طلاب ثانوية خانقين لتقديم تمثيلية من تمثيليات يوسف العاني....تاد».

بێجگە لە گۆشەی: (چاوپێکەوتنی ژمارە) و بابەتێک کە زیاتر مۆرکێکی کۆمەڵایەتی پێوەیە لە نووسینی: محەمەد حەربی حەسەن کە ئێستا دکتۆرای لە بواری کۆمەڵناسیدا هەیە و لە وڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو دەژیت بە ناوونیشانی: (وان كان ذا حقا)، وەک دەبینی گۆڤارەکە مەسەلەی ئافرەت و دۆزی ژن و ئافرەتانیشی فەرامۆش نەکردووەو لەم بارەیەشەوە چەند لاپەڕەیەکی بۆ ئەم پرسە تەرخان کردووە و گۆشەیەکی تایبەتی بەناوی: (ركن المراة – گۆشەی ئافرەت)ـەوە کردووەتەوە کە زیاتر لە ئامادەکرنی خانمی خوالێخۆشبوو: (ڕافیدە ئەحمەد)(١٧) بووە و بەزۆری بابەتەکانیشی لەوانەن کە باس لە ئافرەت دەکەن لەژێر سایەی کۆماری نوێدا، بەتایبەتی لەوە بەدواوەو ئەو ئەرکەی کە دەکەوێتە ئەستۆیەوە لەوانە بابەتی یەکەمیان: کە هەر ڕافیدە ئەحمەد خۆی نووسیویەتی بە ناوونیشانی: (ئافرەت و شۆڕش – المراة والثورة)، بەڵام بابەتی دووەمیان: کە بە پێنووسی: نەعیمە شێخ عەلی قەرەداغی (١٩٣٩)(١٨) نووسراوە بە ناوونیشانی: (ڕۆڵی کاریگەر – الدور الفعال)ـەوەیە و بابەتی سێیەمیشیان: کە قوتابییەکی پۆلی پێنجەمی وێژەیی نووسیویەتی بەناوی (مەحاسن زەینەڵ) و بەناوونیشانی: (بۆ ڕەشبین بین – لماذا نتشائم)ـەوە نووسراوە، هەروەها دوا بابەتیشیان کە زاهیدە خورشید نووسیویەتی ناوونیشانەکەی بریتییە لە: (ما العمل لنا)یە. شان بەشانی ئەوانەش گۆشەیەکی تایبەت لە گۆڤارەکەدا کراوەتەوە بەناوی: (لاپەڕەی چیرۆک – صفحة القصة) کە بەسەریەکەوە دوو چیرۆکی تێدا بڵاوکراوەتەوە یەکەمیان: چیرۆکێکی دووروودرێژی: (ئەرجومەند زاهید باجەڵان)ـە بەناوی (یا لە من سعید)، ئەوی دیکەشیان کورتە چیرۆکێکی ترە کە لە نووسینی: (موحسین شێخ مورادی زەنگەنە)ی پۆلی پێنجەمی زانستی ئەو کاتەیە بە ناوونیشانی: (شەوی دووشەممە – ليلة الاثنين) کە ئەمەشیان هەر سەبارەت بە شۆڕشی چواردەی تەمووز و بەرپابوونیەتی، درێژە و ناوەرۆکەکەشی بە پەنابردنەبەر خەیاڵ نووسەرەکەی باس لە ژیانی ئافرەتێکی بێوەژن دەکات کە چۆن کاتێک مێردەکەی کۆچی دوایی دەکات، ئەمیش بە هەژاری و نەداری و کوێرەوەری کۆمەڵێک منداڵی بۆ دەمێنێتەوە و تەنیا تاقە برایەکیشی دەبێت، ئەویش بەتۆمەتی چالاکی شیووعیەتەوە لە سەردەمی

پاشایەتیدا، دەستگیر دەکرێت و هیچ پشتوپەنایەکی بۆ نامێنێتەوە تا ئەو کاتەی شۆڕشی تەمووز بەرپا دەبێت، ئەویش لەگەڵ جەماوەری ڕاپەڕیو و براکەیدا دێنەسەر شەقام و بە هەردووکیانەوە لافیتەیەکیان بەرز کردووەتەوە کە بە هێڵێکی پان و گەورە لەسەری نووسراوە: «ڕۆحمان فیدای جمهوریەت بێت و سەرکردەشمان هەر عەبدولکەریم قاسمە - ارواحنا فداء للجمهورية... وزعيمنا الاوحد هو عبدالكريم قاسم»، دوو بابەتی تریش کە هەریەکەو یەک لاپەڕەی تەواویان بۆ تەرخان کراوە یەکەمیان: پێشبڕکێیەکی ژمارەیە کە بەشێوەی کاریکاتێر و بە پەڕەمووچی هونەرمەند: نەجم محەمەد ئەمین خەتات کێشراوە، بەڵام دووەمیان: زیاتر پێکهاتووە لە وتارێکی سیاسی سەبارەت بە یەکێتیی قوتابیان و کەسێکی وەک: یەحیا محەمەد ڕەشید جاف (١٩٣٩ - ٢٠١٣/٥/٢٤)ی(١٩) قوتابی قۆناغی چوارەمی وێژەیی نووسیویەتی بە ناوونیشانی: «یەکێتیی قوتابیان سەرکەوتنێکی گەورەیە - اتحاد الطلبة فوز عظيم». دوا بەدوای هەموو ئەوانەش وەک نەریتی هەر گۆڤارێکی دی گۆڤاری: (خەباتی قوتابیان) بەناوی لیژنەی گۆڤارەکەوە کە ئاماژەی بۆ کراوە و لە شوێنێکی تایبەتی لاپەڕە (١٥) دا و بەناوی: (کورتە وەڵام - ردود قصيرة)ەوە وەڵامێکی ڕوونی هەموو ئەو نووسەر و کەسانەی داوەتەوە کە بابەتیان بۆ گۆڤارەکە ناردووە و لەبەر هۆکاری جیا گۆڤارەکە بەرهەمەکانیانی بۆ بڵاو نەکردوونەتەوە، بۆ نموونە لەوانە: «الاستاذ اكرم توفيق: نرجو المعذرة من عدم نشر كلمتک (الرموز الكيمياوية في القرون الوسطى) لصعوبة طبعها، غازي محمود: كلمتک جيدة نعتذر من عدم نشرها لضيق المجال، نوري شوكت: كلمتک سابقة لاوانها وغير صالحة للنشر....الخ (٢٠).

## پوختەی بابەت

بەکورتی، بڵاو کردنەوەی گۆڤاری خەباتی قوتابیان لەو کاتەدا و لەو هەلومەرجەی عێراق و کوردستاندا هەنگاوێکی گەورە بووە لە بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بە زمانی عەرەبی کە بۆ خۆی بتوانێت کۆمەڵێک گەنج و لاوی ئەو کاتەی کورد لە شاری خانەقین لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و لە سەنگەرێکەوە دەست بە نووسین و خزمەتی خۆیان بکەن کە زیاتر ئاراستەیەکی ژیاری و شارستانی لە خۆ بگرێ و هاوکات هەنگاوگەلێکی لەم بابەتەش ببێتە دەروازەیەک بۆ ئەوەی لە ئاییندەو لە دواڕۆژدا کەسانی شارەزاو هەڵکەوتوویان لە بواری ڕووناکبیری کوردی و عێراقیدا لێ هەڵبکەوێت هەر لە نووسەر و کەسایەتی سیاسی و مامۆستاو پارێزەر و ئەندازیار و دکتۆری شارەزا لە بوارە جۆر بەجۆرەکانی پزیشکی و مرۆییدا لەوانە: نووسەر و مامۆستای خانەنشین ڕامز سامی باجەلان، خوالێخۆشبوو ئەندازیار عەبدولقادر شێخ ڕەحیم شەمسەددین تاڵەبانی، دکتۆر محەمەد حەربی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری کۆمەڵناسیدا، لیوای سەربازی ئیبراهیم سەرحان زەهاوی، دکتۆر عەبدولئیلا باقر پزیشکی ناسراو دەرچووی بەریتانیا، پارێزەری ناسراو فائق سالح، مامۆستا نەعیمە شێخ عەلی قەرەداغی...تاد، بەشێکیشیان چوونەتە بەردلۆڤانی پەروەدگارو بەهەشت شوێنیان بێت.

**ژێدەرەکانی ئەم بابەتە:**

١- بڕوانە: هیوا (گۆڤار)، ژمارە(١) تەموزی ١٩٥٨، ل٩٩.

٢- بۆ درێژەی وتەو ڕاگەیەنراوەکانی عەبدولکەریم قاسم لە بارەی کوردو شەراکەتەوە بڕوانە: ماجد شبر، خطب الزعيم عبدالكريم قاسم ١٩٥٨ - ١٩٥٩، دار الوراق، (لندن: ٢٠٠٧)، صص٢٧، ٦٤، ١١٦.

٣- بۆ درێژەی ئەم چالاکییە ڕۆژنامەوانییەی ناوچەی گەرمیان بڕوانە: ئەم لێکۆڵینەیەمان: ئەحمەد باوەڕ، مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی گەرمیاندا (١٩٣٩- ١٩٧٢)، ئەکادیمیای کوردی (گۆڤار)، ژمارە (٢٧)، ساڵی ٢٠١٣.

٤- ئیبراهیم سەرحان حوسێن باقر زەهاوی: ساڵی ١٩٤٣ لە شاری خانەقین لە دایک بووە، تاپۆلی سێیەمی ناوەندی لە خانەقین خوێندوویەتی و لێرە بەدواوە لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٦٢ دا و لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا بووەتە ئەفسەری سەربازی و هەر لەو ماوەیەشدا

توانیویەتی ئامادەیی جەعفەری ئێواران لە شاری بەغدا تەواو بکات و دواتر لە کۆلێژی ئادابی ئێوارانی بەشی (زمانی عەرەبی) وەرگیراوە وەک خۆی دەڵێت: تا ساڵی ١٩٩٦ لە سلکی سەربازیدا ماوەتەوە، ئینجا خانەنشین کراوە، ئێستاش بە پلەی لیوا لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێپرسراوی هەیە و لە شاری سلێمانی دەژی. دیدەنی لەگەڵ ئیبراهیم سەرحان زەهاوی، خانەقین ٢٠١٤/٣/١٦.

٥- انظر: مجلة (نضال الطلبة)، العدد (١)، سنه ١٩٥٨.

٦- ژمارە کۆپی کراوەکەی (خەباتی قوتابیان - نضال الطلبة)ـەمان لە: مامۆستا (عەزیز یاوەر)ـەوە پێگەیشت کە جێی ڕێز و سوپاسە.

٧- مجلة نضال الطلبة، المصدر السابق، ص١١.

٨- ڕامز سامی عەبدوڵڵای کوڕی عوسمان پاشای باجەلان: ساڵی ١٩٣٥ لە گەڕەکی (جامع) ی شاری خانەقین لە دایک بووە و دایکیشی ناوی فەخریە نوعمان خالدی-یە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (نعمان)ی شاری خانەقین و قۆناغی زانکۆیی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا (بەشی زمانی عەرەبی) تەواو کردووە و ئێستا مامۆستای خانەشینە، وەک بڵاوکردنەوەش، بێجگە لەو نووسینانەی کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردووەتەوە تا ئێستا بەبەردەوامی دەنووسێ و وەک کتێب ئەم بەرهەمانەی بەزمانی عەرەبی بەچاپ گەیاندووە لەوانە:

١- من البعيد القريب، مجموعة قصص، ط١، (دمشق: ٢٠١٢).

٢- مدارسنا بلا ضفاف، دراسة، ط١، (دمشق: ٢٠١٣).

٣- القسوة البشرية، مقالات، ط١، (دمشق: ٢٠١٣).

٤- على نار هادئة، قصص ومقالات ورؤى، ط١، (دمشق: ٢٠١٣).

٥- هفوات الكتاب، مقالات، ط١، (دمشق: ٢٠١٣). (دیدەنی لەگەڵ مامۆستا ڕامز سامی باجەلان، کفری شوباتی ٢٠١٤.

٩- قادر شێخ ڕەحیم شەمسەددین تاڵەبانی: ساڵی ١٩٤٤ لە گوندی (حاجیلەر)ی ناحیەی مەیدانی سەر بە خانەقین لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی هەر لە خانەقین و قۆناغی زانکۆیی لە کۆلێژی ئەندازیاری (ئەندازیاری کیمیا) ی زانکۆی بەغدا درێژە پێداوە، دوای تەواوکردنی وەک ئەندازیارێک لە کۆمپانیای (نەوتخانە) ی شاری خانەقین دامەزراوە. تا ئەو کاتەی لە تەمەنی (٤٩) ساڵیدا و لە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٧/٢٢ دا بەنەخۆشی لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لەسەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی (پاشا کۆپری) خانەقین ئەسپەردەی خاک کراوە: نامەیەکی دەستنووسی دکتۆر ئومێد شێخ ڕەحیم تاڵەبانی، خانەقین، ٢٠١٣/١٠/٢٦.

١٠- دیدەنی لەگەڵ مامۆستا ڕامز سامی باجەلان، کفری شوباتی ٢٠١٤.

١١- موەفەق سامی باجەلان: ساڵی ١٩٤١ لە خانەقین لە دایک بووە، پلەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی هەر لەم شارەدا تەواو کردووە و قۆناغی زانکۆشی لە (کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی بەغدا) بەشی کیمیای لە ساڵی خوێندنی (١٩٦٢- ١٩٦٣)دا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٣ بەدواوە لە شاری خانەقین وەک مامۆستا دادەمەزرێ تا ساڵی ١٩٧٦، لێرە بەدواوە ڕاژەکەی دەگوازرێتەوە شاری بەغداو تا کاتی خانەنشین بوونی لە ساڵی ٢٠٠٦دا، ئێستاش لە شاری بەغدا دەژی. (پێوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مامۆستا مووەفەق سامی باجەلان ٢٠١٤/٣/١٤).

١٢- مجلة (نضال الطلبة)، المصدر السابق، ص ٢، عزيز ياوەر، التعليم وفصول من تاريخ مدارس خانقين ١٨٨٧ - ٢٠٠٧، (السليمانية: ٢٠٠٧)، ص١٩٧.

١٣- شێخ مورادی کوڕی وەیس مورادی زەنگەنە: ساڵی ١٨٧٠ لە دایک بووە و پلەکانی خوێندنی لە شاری کەرکوک و نەجەف تەواو کردووە و ماوەیەک لە کازمیەی شاری بەغدا و دواتر لە شاری کەرکوک بەتەدریسەوە سەرگەرم بووە، ساڵانی کۆتایی تەمەنیشی وەک ئیمام و وتاربێژی حوسەینییەی شاری خانەقین بەسەر بردووە، یەکێک بووە لە پێشەنگەکانی ڕووناکبیری کوردی و بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی گەلێک دانراوی هەیە و شیعرەکانی بەزۆری مۆرکێکی سۆفیانەیان پێوەیە، لە ساڵی ١٩٧٦دا لە شاری خانەقین کۆچی دوایی کردووە و دیارترین بەرهەمە چاپکراوەکانی: (گوڵزاری شیعر، گوڵزاری حیکمەت، روضة الايمان و حديقة العرفان، رسالة الاحكام، اثمار الحرية..). بڕوانە: جمال بابان، اعلام الكرد، ج٢، (اربيل: ٢٠١٢).

١٤- مجلة (نضال الطلبة)، العدد (١)، ص ٤- ٥.

١٥- عەبدولئیلا باقر کازمی: خوێندکارێکی بەڕەگەز عەرەبی ئامادەیی خانەقینی ئەو کاتە بووە و برای بەڕێوەبەری قوتابخانەکە (سەباح باقر کازمی) بووە و دوای تەواوکردنی کۆلێژی پزیشکی، ماوەیەک وەک پزیشکێک لە وڵاتی بەریتانیا دەژی. دیدەنی لەگەڵ مامۆستا ڕامز باجەلان، کفری شوباتی ٢٠١٤.

١٦- المصدر السابق، ص١٢.

١٧- ڕافیدە ئەحمەد: ساڵی ١٩٣٩ لە خانەقین لە دایک بووە، پلەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەم شارەدا تەواو کردووە، پاشان لەگەڵ کۆمەڵێک هاوەڵی تریدا و لە ڕێگای خولێکی خێرای سێ مانگییەوە لە شاری بەغدا کراوەتە مامۆستای قۆناغی سەرەتایی و لە شارۆچکەی جەلەولا دامەزراوە، دواتریش ڕاژەکەی گواستراوەتەوە شاری بەغدا و لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٠دا هەر لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە خانەقین ئەسپەردەی خاک کراوە. (دیدەنی لەگەڵ مامۆستا نەعیمە شێخ عەلی قەرەداغی، سلێمانی ٢٠١٤/٣/١٥).

١٨- نەعیمە شێخ عەلی شێخ عارف قەرەداغی: ساڵی ١٩٣٩ لە شاری خانەقین لە دایک بووە، پلەکانی خوێندنی هەر لەم شارەدا تەواو کردووە، پاشان لە ڕێگای خولێکی خێرای (دورة سريعة) سێ مانگییەوە و لە ساڵی ١٩٦١دا بووەتە مامۆستای سەرەتایی لە شارۆچکەی قزرەبات، دوای ماوەیەک گەڕاوەتەوە خانەقین و لە ساڵی ١٩٧٦ـەوە وەک دوورخراوەیەک گواستراوەتەوە شاری دیوانیەی باشووری عیراق و دوایی شاری بەغدا و تا کاتی خانەنشین بوونی لە ساڵی ٢٠٠٦دا و تا ئێستا شووی نەکردووە و لە شاری سلێمانی دەژی. (دیدەنی لەگەڵ نەعیمە شێخ عەلی قەرەداغی، سلێمانی ٢٠١٤/٣/١٥).

١٩- یەحیا محەمەد وەستا ڕەشید جاف: ساڵی ١٩٣٩ لە خانەقین لەدایک بووە، لە تەمەنی هەشت ساڵیدا کاتێک باوکی دەمرێ، لەگەڵ خوشکێکی دەکەونە لای مامیان و ئەو پەروەردەیان دەکات و پلەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی و قۆناغی زانکۆیی (کۆلێژی یاسا)ی لە خانەقین و شاری بەغدا (١٩٦٧ - ١٩٦٨) تەواو کردووە. لە شەستەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردووەوە پێوەندی بە ڕیزەکانی حیزبی بەعسەوە کردووە. بۆ ماوەی ساڵێک سەرگەرمی کاری پارێزەری بووە و لە ساڵی ١٩٧٠ دا کراوەتە بەڕێوەبەری ناحیەی (نەهلە)ی سەر بەشاری ئاکرێ. ساڵی دواتر بووەتە قائیمقامی ئەو شارە، ئینجا خزمەتەکەی گوازراوەتەوە و کراوە بە قائیمقامی شارەکانی: فەلوجە (١٩٧٢)، ڕوتبە (١٩٧٣)، لەنێوان ساڵانی (١٩٧٤ - ١٩٧٥) کراوە بە جێگری پارێزگاری دهۆک، (١٩٧٥ - ١٩٧٩) کراوە بە پارێزگاری دهۆک، (١٩٧٩ - ١٩٨٥) پارێزگاری هەولێر، (١٩٨٥- ١٩٨٦) سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێ کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، (١٩٨٧- ١٩٨٨) پارێزگاری واسیت، (١٩٨٩ - ١٩٩١) دووبارە پارێزگاری هەولێر، لەساڵی ١٩٩١ بەدواوە نزیکەی دوو ساڵی تەواو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستبەسەر دەکرێ، پاشان بەیەکجاری لە وەزیفە دوور دەخرێتەوە تا ئەوکاتەی لە (٢٤ / ٥ / ٢٠١٣) دا لە نەخۆشخانەی مەرمەڕە لە شاری ئەستەمبۆڵ بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە دەمرێ و لە شاری سلێمانی دەنێژرێت. (دیدەنی لەگەڵ سازگار تەهای خێزانی ناوبراو لەگەڵ کەمال محەمەدئەمین وەستا ڕەشیدی ئامۆزای، کەلار ٢٠١٤/٤/٧).

٢٠- بەشێک لە ناوی نووسەرانی گۆڤارەکە، بەتەواوی ڕوون نەبوون کێن، بەڵام لە ئەنجامی پرسیارکردنمان بەتایبەتی لە مامۆستایان: ڕامز سامی باجەلان، نەعیمە شێخ عەلی قەرەداغی و ئیبراهیم محەمەد ئەمین کەریم باجەلان زۆریان لەو ناوانە بۆ ساغ کردینەوە.

# دۆزەخی زمان

غازی حەسەن

لەم وتارەدا نامەوێت باسی ڕەوت و هۆکارەکانی گەشەکردنی زمانی کوردی بکەم، تەنیا ئەوە نەبێت کە پێویستە بێژم، ڕۆژنامە کاریگەری زۆری لە دروستکردنی زمانی نوێی کوردیدا هەیە، وەلێ هەموو نوێ بوونەوەیەک مانای ئەوە نییە، ئیدی هەموو شتێک کە دێتە ئاراوە هەر دەبێت نوێ و سەرسامکەر بێت. نەخێر هەنووکە گەلێک زرە وشە و پەیڤی نامۆ لە زمانی کوردی لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاودەکرێنەوە، بڵاوکردنەوەکەش ڕەنگە لەڕووی هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان هیچ ئامانج و مەبەستێکی تێدا نەبێت، تەنیا نەزانینە، بەڵام بەختی خودێ ئەمە چ نەزانینێکە، زمانی کردووەتە دۆزەخ، شەبەقێکی دروست کردووە، ئەمان شەبەق و زمانەکەی لەق و لەنگ و لەڕولاواز کردووە.

لێرەدا دەمانەوێت گەڕیان و پێداچوونەوە و گەشتی خێرا بەناو هەندێک ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگای ڕاگەیاندنی کوردیدا بکەین، ئەو لایەنانەی کە بانگەشەی سەردەمی ئینتەرنێت دەکەن، بەڵام هێشتا لەوە نەگەیشتوون تێکدانی زمان چ دۆزەخێکی دروست کردووە. دیارە پێویستە بێژم، لەم باسەدا مەبەستمان ڕۆژنامە و گۆڤار و لایەنەکان و نووسەرەکانیان نییە، بەڵکە تەنێ هێندەیە، هەڵە و پەڵەی نێو ڕستەکان نیشان بدەین، ئێ بەڵکو خودایە، هەندێک بەزەییمان بە زمانەکەماندا بێتەوە.. ئەگەر ناوی هەر لایەک لێرەدا هات، پێشوەختە، دەستووریان لێوەردەگرم و دەبێژم ببوورن.

لە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی خەبات هەندێک لەم تێبینانەمان لا دروست بوو.

## باپیرێکی نوێ بۆ ماڵکی دەدۆزرێتەوە

ناوونیــشــانێک بەم جــۆرە بە خــەتێکی پان و پۆڕ و ڕەشی قـەترانی نووسراوە (بە فـەرمـانی نووری مـالیکی سالّح حەیدەری وەک سەرۆکی دەستەی حەج و عومرەی عـیراق دەستنیشـان کرا). ئەگەر سەرنج بدەین ناوەکان تێکەڵ بوون، وەک ئەوەی سالّح حەیدەری ناوی باپیر و باپیرەی باوکی نووری مالیکی بێت، کەچی لە ڕاستیدا کەسێکی دیکە و ناوەکەشی (شێخ سالّح ئەلحەیدەرییە)، ئەم کەسە شیعەیە، لە کوردستانیشدا ڕەحمەتی سالّح حەیدەری هەبوو. لێرەدا ئەو دۆزە تەنیا بە یەک (،) چارە دەکرا، یان بنووسرایە (نووری مـالیکی فـەرمـانی دا، سالّح ئەلحەیدەری بکرێتە سەرۆکی..، یان باشتر دەبوو ئەگەر بنووسرایە سالّح ئەلحەیدەری بەفەرمانی نووری مالیکی وەک سەرۆکی دەستەی....).

ئەزم، ئەگـەر نا دزم.. ئەم هەڵە گـەورەیە نەکـرا وەک گـایەکە بە دەلاقـەیەکی بچووکدا ئاودیو بکرێت، چونکە ناوونیـــشـــــانێکی زەقــــە. ســــەرباری ئەوەش لە ناوونیشانەکەدا کە هێشتا لە ڕووی ڕۆژنامەوانییەوە ورد و کاریگەر نییە، خۆ دەکرا و ڕەوانتر و لە بەرچاوان قۆزتر دەربکەوێت، ئەگەر بنووسرایە(سالّح ئەلحەیدەری وەک سەرۆکی دەستەی حەج و عومرە دەستنیشان کرا)، ئەمە وا لە خـوێنەر دەکـات باشـتر بچێـتـە نێـو باسـەکـەوە و بیـخـوێنێـتـەوە. لە بیـری نەکـەین ناوی باوکی سـالّحـە فـەندیش بە دروسـتی نەنووسراوە و هەر بۆ ئاسـانکاری (ئەل)ـەکەی قرتێندراوە، کەچی لە ناوەرۆکی بابەتەکەدا دروست نووسراوە.

## کەناری ڕاستی، یان کەناری دەریا

لە ناوونیشانێکدا نووسراوە (پێویستە هەموو تاکێک لە کۆمەڵگادا یاری شەترەنج بکەن).

ئازیزم، ئەگـەر ئەو تاکـە مرۆ بێت بێ ئەوەی وەبیـرمـان بهـێنیـتــەوە لە کـۆمــەڵگادا دەژیت، بۆیە ئەمــە لەلای هێـــــروەوە زیادە. وابزانم کـــە دەڵێـن شــــەترەنج، بێ بیـرکـردنەوە دەزانین مـەبەست لێی یارییـە، بۆیە ئەوە لە حەوت وشە بە سانایی دوو وشەمان فت. گوڵم کە دەڵێین تاک، واتە تاک، کەچی (دەکەن) واتە ئەوان دەگرێتەوە، کـە ئەمەش لە حاڵەتی کۆیە، بۆیە ئەگـەر هەموو سـەری لێـشـێـواندبیت، لێـرە واتای کـۆ ناگـەیەنێت و دەبوایە بگوترێت دەکات. ئاو بێنە و دەستەکانت بشۆ.

لە ناوونیـشـانێکی دیکەدا نـووسـراوە (کـوردسـتـان لە لێواری مێژوویەکی ڕاستدا) یانی چی؟ ئەگەر لێوارە بۆ گـوتراوە ڕاست؟ کـورد دەڵێت لە لێـوار گـەڕایەوە، واتە هێندەی نەمابوو تووشی کارەساتێک بێت. لە شوێنێکی دیکەدا نووسـراوە (پاش چاوخـشـانـدنەوە و ڕامـان لە ناوەرۆکی بەڵگەنامـەکـانی ناوەرۆکی کـۆنگرە دەبینین ئەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات لە ناوچەکــە دا.....) تێ نەگەیشتم مـەبەست لەم ڕستە شێواوە چییـە؟ ئینجا نووســـراوە (لە لایەکی دیکەش پاڵپــشـــتـــیکردنی ڕێگەچارەیەکی تەوافقی بگردرێتەبەر بۆ بەشداریکردنی لایەنە دووبەرەکـــان...... کـــە بمانەوێ و نەمـــانەوێ کـــاریگەری لە ئێـــمــــەش دەکـــات، هەروەها لە پێناو شرۆڤـەکردنی پەرەسەندەکان دا هەندێک پەنا دەبەنە بەر ڕووداو، یان گۆڕانکارییەکان.....) کە بەشێکی دیکەی ئەو وتارە کـە لەزوبانی عـەرەبیـیـەوە کـراوەتە کـوردی و پێناچێت نووســـەرە عـــەرەبی نووســـەکـــە هەتا لە ناوونیشانەکەشیدا بەم جۆرە هاوسەنگی لە نێوان لێوار و ڕاستی لە بەرانبەر مـێژوودا کردبێت. بزانە لە دێڕێکی دیکەدا وەرگـێـڕەکـە چۆن بابەتەکـەی وەرگـێـڕاوە کـە دەنووسێت (کـوردسـتـانی باشـور Mv یە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتی نوێ لەلایەن نێـودەوڵەتیـیـەوە پاڵپـشـتی دەکرێت و کوردستان ناخی دڵیەتی. کاتێک کە ئەمەش دەڵێین لە هیچ و خۆڕا نیە...) لێرە نامەوێت هیچ توانج و پەلارێک لەو پەیڤـانە بدەم (بگردرێتـــەبەر، لایەنە دووبەرەکان، کاریگەری لە ئێمەش دەکات، شرۆڤەکردنی پەرەسـەندەکـان، ئێم ڤی، لە لایەن نێـودەوڵەتیـیـەوە، کوردستان ناخی دڵیەتی...) سەرباری ئەوەش ئەمە بە زۆر بە کوردی کراوە.

## جلوبەرگی ئەتۆمی، یان کەلوپەلی ئەتۆمی

لە بابەتێکی دیکەدا ناوونیشانێکی وەها لە چاومان دەچەقـێت (پاراسـتنی کـەلوپەلەکـانی ئەتۆمی ئەرکی هەمـوومـانە) زۆر جـوانە کەلوپەلی ناومـاڵ هەیە، ئەرێ مـەبەست لە کـەلوپەلی ئەتۆمی چییـە، دەبێت مـەبەست کــراس و دەرپێ قـــوتە و کـــراسی ژێرەوە نەبێت، یان کەوچک و پیاڵە و تۆچایە؟.

ئەم ناوونیـشـانە وتارێکی وەرگـێڕدراوی عـەرەبییـە،

کـەلوپـەل یەک وشـەیە، لە نێـو بابەتەکـەدا بە جـودایی نووسـراوە (کـەلوپەلەکـان)، هەروەها تەنیـا لە پێشـەکی بابەتەکەدا بەم جۆرە دەسـتـیان پێکردووە (لەم ساڵانەی دواییدا سـەرانی جیـهان بڕێکی زیاتر بایەخ بە مـەترسی گـەیشـتنی کـەلوپەلەکـانی ئەتۆمی یان کـەلوپەلەکـانی تیـشکداری تر بەدەستی تیـرۆریسـتـەکـان دەدەن، ئـەمـە هەوڵێکی خـۆشـە، بەڵام دەبێت هەمـوومـان زیاتر کـار بکەین و سوور بین لەسەر وەرگێڕانی نیازە باشەکان بۆ کاری مەیدانی. ئەگەری گەیشتنی کەلوپەلی ئەتۆمی یان کـەلوپەلەکـانی تیـشکدار بەدەسـتی هەڵە، بە هەمـوو پێوەرێک بە مەترسییـەکی ڕاستەقینە دادەنرێت، تاکو ئێستا چەند جارێک تووشی هەڵەی تەناهی زیانبەخش لە دامـودەزگـاکـانی ئەتۆمی بووین، کـە بەزۆری بۆ نەپاراسـتنی ئەو کـەلوپەلانە بە شـێـوەیەکی دروست دەگـەڕێتـەوە)، ئینجـا لە دێڕێکی دیکەدا دەڵێت (کـە لەدزرانی یۆرانیـۆمی پیـتێندراوی بەرز پێکهـاتبـوو.... ڕەنگدانەوەی بڕی ئەو هەڕەشــە و توانای گـرتنە بەری ڕێوشوێنی دژە کردار دەخاتە ڕوو..)

که خوێنەر ئەم پەرەگراف و چەند دێڕە وەک نموونەی نێو بابەتە وەرگێڕدراوەکە دیقەت لێدەدەین، دەزانین شکستی زمـانی کـوردی لە چیـیە. دۆزەخی زمـان چۆنە و گـەیشـتـووەتە کـوێ. دەنا ئەم هەمـوو هەڵەیە لە ڕووی ڕێنووس و داڕشتنی زاراوە و وشە و چۆنیەتی ئاخاوتن و دەربڕینی واتاکـان چۆن دەبێـتـە پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچەوانی زمانی کوردییەوە. من هیچ تشتەک نابێژم، خوێنەری وریا خۆت سەیری ئەم دۆزەخە بکە.

یان نووسـراوە لە ڕۆژێکی وەک ئەمـڕۆدا (سـەرۆکی نیشتیمانی فەلەستین مەحمود عەباس لەدایک بوو). یانی چی سـەرۆکی نیـشـتـیمـانی فـەلەستین؟، واتە نیـشـتـیمـانەکە هی فـەلەستینە، وەک ئەوەی بڵـێیت مـانگای مـەحـمـوود. هەتا ئەگـەر مـەبەست سـەرۆکی نیـشـتیمـانیی بێت، دیسـان هەڵەیە. قـوربان کـارەسـات لەوەیە بابەتەکـە خودی بابەتەکە هەر تەنیـا ئەم حـەوت پەیڤـەیە. باشـە ئەگـەر حـەوت لاپەڕە و حـەوت بەرگی کتێبێک بوایە دەربارەی فەلەستین، دەبوایە زمانە بەستە زمانەکەی کوردی، لە چ بستە زمانێکدا دەرکەوتبایە.

هەر ئەو برادەرە لە بابەتی ئەمـڕۆ لە مـێـژوودا نووسـیـوییەتی (لەژێر سـەرپەرشـتـیـاری بەریتـانیـا، ڕێککەوتننامەی (ئاشتی) لەنێوان (میسر و ئیسرائیل) لە واشنتۆنی پایتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مـۆر کـرا). هیچ شـتـێک دەربارەی ئەم دوو دێڕە نابێـژم تەنیـا ئەوە نەبێت، سـەرپەرشـتـیـاری بەریتـانیـا، واتە سـەرپەرشـتـەکـەی بەریتـانیـا کـارەکـەی کـردووە، کـە لە ڕاسـتـیـدا لەم بابەتە کە سـەرجـەمی هەر تەنیـا ئەم دوو دێڕەیە، دەیەوێت بڵێت کە سەرپەرشتی بەریتانیا، نەک سـەرپەرشـتـیـاری بەریتـانیـا. جـێی سـەرسـوڕمـانە ناوی وڵاتەکانی هەمـوو نەخسـتـووەتە ناو دوو کەوانەوە. وەک ئەوەی بۆ ئاشـتی و مـیـسـر و ئیـسـرائیلی کـردووە. بۆچی ڕەنگە لە پەلەپڕوزێ و پێڕانەگەیشتنەوە ئەمە ڕوویدابێت، یان ئەم نووچە نووسە، کورت نووسە، لە واتای خاڵبەندی نەگەیشتووە.

### کلیپ بۆ ئاهەنگەکان، یان کلیپی گۆرانییەکان

لە ژمـارە ٦١٤ی ڕۆژی ١٨-ئازاری ٢٠١٤ ڕۆژنامـەی میدیا هەندێک شتی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە دەکرێت لە ڕووی زمانەوانییەوە شەنوکەوی بکەین.

پێش هەر تشتەکی ئەرێ براینە کەنگێ دەبێت ئێمە لە (لە ئێـسـتـادا) دەربازمـان بێت و بگەڕێینەوە سـەر ئێستاکـەی خۆمان، یان هەنووکە بەکاربهێنین بۆ ئەوەی ئەم وشە ڕەزا قورسە بەدوکەوتووەی زمانی عەرەبیمان لە کۆڵ بێتەوە، ئینجا نووسراوە (بە میدیای ڕاگەیاند، ) دروستە بنووسرێت (بە میدیای ڕاگەیاند:....) چونکە لە زمـانی کوریدا وا باوە لە جیـاتی گـوتنی (:) بەکـار بهێنرێت. دوای ئەوە دەنووسێت (کـەمال گـوڵچین وەک نوێترین بەرهەمی لەبواری گـۆرانیـوتن لە ئێستادا کاری کلیپ بۆ یەکـێـک لە ئاهەنگەکـانی دەکت بەناوی (تەنیـایی) دەکـات، گـوتیـشی: ئەو بەرهەم و ئاهەنگەی لەسـەر داواکـاری زۆری خەڵک کـاری کلیپی بۆ ئەنجام دەدرێت و لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکاری و کارکردنین بۆی، ....) جارێ کاری کلیپ بۆ ئاهەنگ ناکرێت، ئەمە لە هێـروەوە هەڵەیەکی زەقـە، ئینجـا (دەکت و دەکـات) یەکێکیـان زیادە، هەروەها خاڵبەندی نادروستە. دیسان چووەتە سـەر یاسـینی گـۆلکێ و دەڵێت (ئەو بەرهەم و ئاهەنگەی لەسەر داواکاری خەڵک کاری کلیپی بۆ ئەنجام دەدرێت). ئەرێ (کـاری کلیپـەکـە) هەر بکرێتـە کلیپ باشـتـر نییـە، کـاری چی؟ هەروەها ئەنجـام دەدرێت چی؟

باشتر و شیاوتر و لەزاران خۆشتر نییە بگوترێت (کلیپی بۆ دەکرێت)، بەڵام لەبیری نەکەین دیسان ڕەوانتر ئەوەیە (لە ئێستادا)ی لەگەڵ نەبێت و بە ئاهەنگیش کارەکە بکرێت، باشترە بێژم بە بێدەنگی و دوور لە زوڕنا و قەرەباڵغی کلیپەکە بکرێت.

هەر لەم ڕۆژنامەیەدا لە بابەتێکی دیکەدا نووسراوە (بەمزووانەش لە شاشە سینەماییەکان نمایش دەکرێت). ئەرێ ئەگەر شاشەکان سینەمایی نەبوون، تەنیا شاشە بوون چی دەقەومێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە بگوترێت لە (شاشەی سینەماکان)، چونکە کە دەڵێین سینەماییەکان واتاکە سەرلەبەر دەگۆڕێت، وەک ئەوەی بڵێیت (شارە تۆزاوییەکان و کتێبە ڕەخنەییەکان)، واتە لێرەدا دەردەکەوێت شارەکان تۆزاوین و کتێبەکان ڕەخنەیین، بەڵام ئەگەر بگوترێت شارەکانی تۆز و کتێبەکانی ڕەخنە واتاکان دەگۆڕێن.

لەم هەواڵەی ڕۆژنامەی میدیادا دیسان دەکەوینە بەردەم پرسێکی دیکەی گرینگی نووسین، لە ناونیشانەکەدا ژمارەکە بە ئینگلیزی نووسراوە، کەچی لە ناوەڕۆکی بابەتەکەدا وشەکان بە پیتی هیندی نووسراون. سەرباری ئەوەش هەندێک لە ژمارەکان خراونەتە نێوان دوو کەوانەوە، کەچی هەندێکیان سەربەست و لە ناو ڕستەکەدا بەرەڵڵا کراون. بۆچی لەیەک کورتە هەواڵی وەهادا، درێژە هەڵەی لەمبارەوە بکرێت.

### ئایا دەستی هەیە زەنگ لێبدات

کوردستانی نوێ ژمارە ٦٣٣٣ ڕۆژی ١٨-٣-٢٠١٤ لە لاپەڕە هەشتدا هەواڵێکی تێدا بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە دەکات (دەریاچەی ورمێ زەنگی مەترسی بۆ ئێران لێدەدات)، ئەمە بەشێکی سەرەکی ناونیشانی هەواڵەکەیە.

پرسیارەکە لەوەیە ئەم دەریاچەیە چۆن و بە دەست، یان پێ زەنگ لێدەدات، ڕاستە ڕەنگە ئامادەکاری بابەتەکە بیەوێت پێمان بڵێت ئەم دەربڕینە خواستراوە، خۆ ئێمەش دەزانین دەریاچە زەنگ لێنادات، ئەی ڕەحمەت لە دایک و باوکت، ڕێک وایە و قسەکە لەم بۆنە و بەزمەدا هیچ عەیبێکی نابێت، وەلێ دەکرا بگوترێت دەریاچەی ورمێ دەبێتە زەنگی مەترسی بۆ ئێران.، بەڵام کە دەڵێیت (لێدەدات)، واتە دەریاچە هەستاوەتەوە سەرپێ و دەستی بە زەنگ لێدان کردووە. زەنگەکەش مەترسیدارە. کورینە مەترسیدار، واتە تاوانبارکردنێکی تێدایە، ئێ ئەگەر دەریاچە وشک هەڵاتووەکەی ورمێ لەبەر ژینگەی خراپی وشکە ساڵی بەم دەردە چووبێت، هیچ تاوانێکی نییە، ئەوەی ڕوودەدات تاوانی سروشتە.

نازانم مەبەست لە (ئەم ڕووداوە سروشتییە بەهەڵسەنگاندنی خولەکانی گەڕانەوە دەتوانێت بەباشی پلانی بۆ دابنرێت، بەڵام بارودۆخی ئاوی ئێران لە هیچ کاتێکدا وەک ئێستا تووشی مەترسی نەبووە). جارێ خولەکانی گەڕانەوە ڕوون نییە چی دەگەیەنێت؟ هەروەها دەگوترێت (دەتوانرێت) نەک (دەتوانێت). لەوەی یەکەمدا دیار نییە کێ دەتوانێت و چۆنە، بەڵام لە دەتوانێتەکەی نێو بابەتەکە دیارکراوە کە (ئەو) دەتوانێت ئەمە بکات. لە ڕاستیدا هیچ کەس و لایەنێک دیار نەکراوە ئەم کارە بکات.

لە شوێنێکی دیکەدا نووسراوە (دووەمین دەریاچەی سوێری جیهانییە). ئەم جیهانییە دەبێتە ئاوەڵناو، ڕاست نییە، ئەو دەیەوێت ئاماژە بکات کە ئەم دەریاچەیە لە جوگرافیادا (جیهان) شوێنی دووەمی لە سوێری گرتووە.

### پەرلەمان کارەکانی بۆشە.. یان کەلێنی تێکەوتووە

فراکسیۆنی سەوز بانگهێشتی فراکسیۆنەکان دەکات " بۆشایی کاری پەرلەمانی هەیە". ئەمە ناونیشانی هەواڵێکی جێگەی بایەخی کوردستانی نوێی ژمارە ٦٣٣٣یە. من کە ئەم ناونیشانەم بینی، تا لێی وردبوومەوە، وامزانی مەبەستی پەرلەمان بۆشایی تێدایە، کونێکی گەورەی تێکەوتووە. ئێ ناکرێت لە جیاتی دەربڕینە عەرەبییەکە وشەیەکی دیکە و ڕستەیەکی دیکەمان هەبێت. کورد دەڵێت کە دایک لە ماڵ نەبێت، ماڵ چۆڵە، وێرانە، کاولە... ئینجا ئێمە دەمانەوێت باسی کاری پەرلەمانی بکەین، نەک خودی پەرلەمان وەک باڵاخانە و سەر کورسییەکانی کە کاریان پێ ناکرێت، یان کار بە کورسییەکان ناکرێت. ئێ بۆ ناڵێین کاری پەرلەمان وەستاوە. کار لە پەرلەمان وەستاوە، چەقیوە، بە قوڕێدا چووەتە خوارێ.. کورد جوانتری گوتووە (کارەکە کەلێنی تێکەوتووە). ئای چەندە جوانە کەلێن، هەم بۆشاییە، هەم کەرت کراوە، بە خەنجەرێکی

کولی ژەنگاوی، واتە دەکرێت بڵێین جیاوازی کەوتووەتە کارەکەوە. لە ڕاستیشدا ئەوەی پەرلەمان جیاوازی تێکەتووە، کارەکەی کەلێنی تێکەوتووە.

## نهێنی کە زانرا، چ تامێکی دەمێنێت

گۆڤاری لڤین لە ناونیشانێکدا وەهای نووسیوە (وێنەیەکی سەردەمی کۆماری مەهابادو چەند نهێنییەکی نەزانراو). ئەم جۆرە ناونیشانانە لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا زۆرن، کە وشە و زاراوەی یەکەم دەکەوێتە ژێر گوشاری پەیڤ و زاراوەی دوای خۆی، نازانێت چۆن عەیبەکان وەشێرێت. ئەگەر نهێنی بێت، واتا نەزانراو و شاراوە دەبێت. خودی نهێنی بوون، پێچەوانەی زانراوە، بۆیە زۆر گرینگە نووسەر لە کاتی هەڵبژاردنی هەر پەیڤ و زاراوەیەک بیر لە پێکهاتەی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی وشەکان بکاتەوە. لەبیر نەکات کار و فەرمانی هەر پەیڤێک لە نێو ڕستەدا دیاری کراوە. ئەگەر وشەکان کاری یەکتریان تەواو نەکرد، مەسەلەکە وەک گای ناو گاڕانی لێدێت، بۆیە کە نووسەر دەیەوێت لە ڕێگەی نهێنی و نەزانراو پتر و کاراتر سەرنجی خوێنەر بۆ لای بابەتەکەی ڕابکێشێت، ئەو پێچەوانەی لۆجیکە. وشەکان یەکتر ڕەتدەکەنەوە و لەجیاتی ڕێبەری کردنی خوێنەر بۆ کۆڵانە تەنگ و دنیا ڕازاوەکەی نووسین، هەر لە چوونە ژوورەوە سەری بە قەمتەرەی دەرگا دەکەوێت و لەگەڵی دەهەژێت.

ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە (١٨٦٣) ڕۆژی ١٨-٣-٢٠١٤، هەواڵێکی دەربارەی فڕۆکە ونبووەکەی مالیزیا بڵاوکردووەتەوە، خەریک بوو منیش لە دەریای هەڵەی زمانەوانی ئەم هەواڵە ون بم. دەنا چتۆ کوردێک دەتوانێت بە هێڵی ئاسمانی بێژێت، (ئاسمانیهێل) واتە نەک هەر پاش و پێشی وشەکانی کردووە، بەڵکو هەردوو ناوەکەی لێکداوە، بۆ ئەوەی وشەیەکی نوێ دروست بێت. چەند تەلەفۆنێکم بۆ هاوڕێ و شارەزایانی جوگرافیا کرد، خەریک بوو هەندێکیان لێشم تووڕە بن، کە گوتم (دەریای ئەندامان)م بۆ بدۆزنەوە(١) سەرەتا وایان دەزانی نوکتەیە. دوای چەندان سوێند و ئاسایی کردنەوەی قسەو باسەکان و ناوهێنانی بابەتی گۆڕین و ڕۆژنامەکە، ئینجا دەرهەقی ئەم دەریایە دەکەوتنە حاڵەتی واق وڕمانەوە، لەمەش پتر وەک گوتم خەریک بوو لە ناو ئەم دەریا پڕ لە هەڵەی زمانەوانییەدا ون بن، (ئۆقیانووسی هیندستان)م بەرچاو کەوت، تومەز ئەمەش مەبەستی هیندییە، نەک هیندستان. ئێ چ قەیدییە خەڵکی ئەم وڵاتانە خەریکە دەکەونە کوردستان و ڕەنگە لە ژێر کاریگەری هەست و سۆزی میوانداری دۆستانەی هیندییەکان، ئۆقیانووسەکەی ئێمەش بووبێتە هیندستان، هەروەها فڕین لە ئاستی نزمایی و بەرزایی ئەو واتایە بەدەستەوە نادات کە لەنێو ئەو هەواڵەدا بەکارهێنراوە. فڕین لە نزمی، باڵندەکە نزم دەفڕێت، ناگوترێت لە نزمایی، چونکە کە دەڵێت نزمایی ئەگەر لە جووتیارێک و گوندییەک بپرسیت یەکسەر پێت دەڵێت ئێرە نزماییە، واتە لێژە و بەرز نییە، کە دەڵێت بەرزایی واتە گرد و قیت و بڵندە، بەڵام ئەم جووتیارە قەت بە واتای فڕین ئەم زانیاریانەت ناداتێ.

## ئەنجام

ناکرێت بڵێین ئێمە دکارین بەم چەند وشەیە تل بێخینە سەر تەواوی کێشەکانی زمان و ئەوەی گوتمان هەموو شتێک نییە، مرۆ ئەگەر دەرفەت بە خۆی بدات و جڵەوی قەڵەم شل بکات، بەقەد قەوارەی هەندێک وتار دەبێت سەرنج و تێبینی لەسەر بابەتەکان بنووسرێت. من دڵنیام ئەو جۆرە وتار و هەواڵانە پێویستە سەرلەبەر دابڕێژرێنەوە و بە کوردی و کورتی بنووسرێنەوە.

کوردی نووسین هەر ئەوە نییە ئەوەی دەگوترێت بخرێتە سەر کاغەز، یان ئەوەی فرچکی بە زمانی کوردییەوە گرتووە، دەتوانێت بە کوردییەکی ڕەوان و لەزاران سووک و بێ گرێ بێت، بۆیە دەکرێت ئەم دۆزەی بۆ زمانی کوردی لەلایەن خۆمان و لەژێر سایە و دەسەڵاتی ڕۆژنامەی کوردی دروست بووە، هەندێک بگۆڕین و دۆزەخەکە لە سووتاندنی زمان و سزادانی زمانی کوردی هێور بکەینەوە.

ئەم باسە بۆ ئەوەیە کەمێک لە بێ ئاگایی و سووکایەتی بە زمانی کوردی کەم بکرێتەوە، هەروەها دەرفەتێکیش بدەینە خۆمان و بگەڕێینەوە سەر جددییەت، چونکە تەنیا شتێک ناسنامەی جددییەتمان نیشان بدات، زمانە، ئەگەر زمانیش بەم دەردو بەزمە ببردرێت، ئیدی بیرکردنەوە لە بەهەشت میوانمان نابێت.

# ڕێنووس و گۆکردنی ناوی نووسەرانی جیهانیی لە ئەدەبیاتی شانۆیی کوردیدا

موحسین محەمەد

شانۆی کوردی لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو بۆ یەکەمین جار لەشاری هەولێر پێشوازی لە ئەدەبی شانۆیی جیهانیی کرد، ڕێک لەساڵی ١٩٣٨ شانۆگەری ئۆتێللۆ نووسینی ولیەم شکسپیر و دەرهێنانی دانیال عوزێر قەساب، وەک یەکەمین تێکستی ئەدەبی جیهانی هێنرایە سەر شانۆ. هونەرمەند کاوە ئەحمەد میرزا لە بڵاوکراوەی شانۆدا دەڵێت: جەمعیەی زانستی کوردان لە سلێمانی ساڵی ١٩٢٧ شانۆگەری یۆلیۆس قەیسەری ولیەم شکسپیری هێناوەتە سەر شانۆ، بەداخەوە ئەم نمایشە نە لەلایەن حەسەن تەنیا، نە لەلایەن محەمەد تەیموور و حەمە کەریم هەورامی پشتڕاست نەکراوەتەوە. حەسەن تەنیا و زۆربەیان دەڵێن: شانۆگەری (هاملێت) نووسینی شکسپیر بۆ یەکەم جار لە سلێمانی ساڵی ١٩٥٠-١٩٥١ نمایش کراوە.

شانۆگەری (ئۆتێللۆ) ی شکسپیر لەساڵی ١٩٥٣ لە هەولێر نمایش کراوە، ڕەفعەت ڕەجەب دەڵێ: شانۆگەری (بازرگانی ڤینیسا ) ی شکسپیر بەزمانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٥٤ لە دهۆک نمایش کراوە. گومان لەوەدا نییە، زۆربەی ئارشیڤیست و نووسەرانی بواری شانۆ، پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بە قۆناغی بووژانەوەی شانۆی کوردی و پێشوازیکردن لە شانۆی جیهانی دادەنێن. لە پەنجاکان وەرگێڕانی دەقە شانۆییەکان و نمایش کردنیان زۆربەی شارەکانی کوردستانی گرتەوە. بەداخەوە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو تا پەنجاکانی هەمان سەدە، دۆکیۆمێنتێکی وامان بەرچاو نەکەوتووە ئاماژە بە ڕێنووس و گۆکردنی ناوی نووسەرانی جیهانی بکات. ئەوەی لەبەردەستی مندا هەیە، نامیلکەی شانۆگەری (هێزی خۆشەویستی، یان تاوانی دڵداری)یە لە وەرگێڕانی(ڕابەر) ، هەندێ لەنووسەران دەڵێن: ئەو ڕابەرە، ڕەفیق چالاکە کە نووسەر و هونەرمەندێکی زۆر



شکسپیر

بەسەلیقەی قۆناغی چلەکان بەرەو سەروو بوو. ئەو نامیلکەیە بەرگی ناوەوەی ساڵی ١٩٥٤ـە، بەرگی دەرەوەی ساڵی ١٩٥٥ـە لە چاپخانەی مەعاریفی بەغدا لەچاپ دراوە. لە پێشەکی نامیلکەکەدا ناوی دوو نووسەر هاتووە، یەکێکیان ناوی نووسەری شانۆگەرییەکەیە کە ڕابەر نووسیویەتی (تولستەوی) ئەوی دیکە نووسراوە (شکسپیر) ئاماژە بۆ تاوان وەک بابەت لە شانۆگەری (ماکبێس) و (هێزی دڵداری) دەکات. هەر لە هەمان ساڵ (١٩٥٥) و هەمان چاپخانەدا جەمال نەبەز شانۆگەری (گەرداوەکە) چاپ و بڵاودەکاتەوە. جەمال نەبەز نووسیویەتی (ویلیەم شێکسپیر) وەک تێبینی دەکەین لە ماوەی یەک ساڵدا لە نێوان دوو نووسەر، ناوی شکسپیر بە دوو ڕێنووسی جیاواز دەنووسرێ، ئیتر ئەو کێشەیە هەر لەو ساڵەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە. نووسەران لە کاتی وەرگێڕانی بابەتەکان، یان دەقەکان، ڕەچاوی ڕێنووس و گۆکردنی نووسەرانی پێشی خۆیان ناکەن، بەڕای من ئەمە کێشەیەکە، پێویستە لە ئەدەبی کوردیماندا پێداچوونەوەو ڕاستکردنەوەی بۆ بکرێت. بە وردبوونەوە لە هەموو ئەو بابەت و دەقە جیهانییانەی کە کراونەتە کوردی، لە ماوەی شەست ساڵی ڕابردوودا، لەبابەتی ڕێنووس و گۆکردنی ناوی نووسەرانی جیهانی، لە یەکچوون و جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت، تەنانەت هەندێ لەو وەرگێڕانە لە یەک وڵاتی وەک سوێد دەژین، لەسەر ڕێنووس و گۆکردنی ناوی نووسەرە جیهانییەکان کۆک نین، ئەمە بۆخۆی کێشەیەکی گەورەیە، من گومانم لەوەدا نییە، ڕەنگە لە سوێد بۆ نموونە گۆکردنی ناوی نووسەرێک لە هەرێمێک بۆ هەرێمێکی دیکە جیاواز بێت، بەڵام هەرگیز بڕواناکەم جیاوازی لە ڕێنووسی ناوەکاندا هەبێت، کە ئەمەیان بۆ ئێمە زۆر گرنگترە، چونکە ئێمە کە ڕێنووسەکەمان زانی، ئەوسا بە پێی شێوەزاری خۆمان ناوەکە گۆدەکەین. سەرەتا بەباشی دەزانم لەنووسەرە هەرە ناودارەکانەوە دەست پێ بکەم و ئەو جیاوازییانە بخەمە ڕوو. شانۆنووسی ناوداری جیهانی ولیەم شکسپیر خاوەنی چەندین شاکارە، چەند ڕۆژگار بچێتە پێشەوە، نمایش کردن و وەرگێڕانی ئەو شاکارانە، لەنێو گەلانی جیهاندا سەنگ و شوێنی تایبەی خۆیان دەبێ، بەتایبەتی دەقەکانی: هاملێت، شالیر، ئۆتێللۆ، ڕۆمیۆ و جۆلێت، بازرگانی ڤینیسیا...تاد شانۆی کوردی لە قۆناغی بووژانەوەی یەکەمیدا، کە دەکاتە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، پەیتا پەیتا دەقەکان و بابەت و ناوبانگی ئەو نووسەرە لە کوردستان بڵاودەبووەوە. بە پێی ڕەوتی مێژوویی، شانۆی جیهانی لەناو شانۆی کوردیدا، سەرەتا هەر دەبێ لە (ولیەم شکسپیر)ـەوە دەست پێ بکەین. حەسەن ئەحمەد جاف لە هەشتاکان لە بابەتێکی گۆڤاری بەیاندا دەنووسێ (ولیم شکسپیر). ئازاد بەرزنجی لە گۆڤاری کاروان (٥٠)، ساڵی ١٩٨٦ دەنووسێ (شەکسپیر). شانۆکار یاسین قادر بەرزنجی کە لەساڵانی حەفتاوە کاری شانۆیی دەکات و نووسەرە لەو بوارەدا، لە پاشکۆی عێراق ١٩٨٥ لە یەک بابەتدا، لە ناونیشانەکە دەنووسێ (شکسپیر) لەناوەڕۆکدا دەنووسێ (شەکسپر). شانۆکار حەمەعەلی لە ساڵی ١٩٨٢ لە گۆڤاری بەیان دەنووسێ (شەکسپیر و هاملت). حیسام کەریم لە هەمان ساڵدا لە گۆڤاری ئەدەبی بێگانان دەنووسێ (ژیان و بەرهەمەکانی شکسپیر). د. ئازاد حەمەشەریف کە پسپۆڕە لە ئەدەبی ئینگلیزی، لە هەشتاکانەوە تا ئەمڕۆ چەندین بابەتی شانۆیی بڵاوکردووەتەوە، چەندین دەقی شانۆیی لە زمانی ئینگلیزییەوە کردووەتە کوردی. لە وەرگێڕانی (ڕۆمیۆ و جولێت) لەسەر ئەرکی خۆی لە (٢٠٠٠) دەنووسێ (ویلیام شێکسپیر). لە وەرگێڕانی (ماکبێس) ٢٠٠٨

دەنووسێ (ویلیەم شێکسپیر) لە وەرگێڕانی (چۆنت پێ خۆشە) ٢٠١١ دەنووسێ (ویلیام شێکسپیر) لە (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) ٢٠١٢ دووبارە دەنووسێ (ویلیەم شێکسپیر). ئەو دەقانە لە دەزگای ئاراس زنجیرەی شانۆی بیانی چاپ و بڵاوکراونەتەوە. شێرزاد حەسەن لە وەرگێڕانی (مەرگەساتی شالیر) دەنووسێ (ولیەم شەکسپیر) وەرگێڕ م. ڕەووف موفتی زادە لە (هەملیت) دەنووسێ (ویلیەم شکسپیر) د. سەلاح بابان لە وەرگێڕانی شانۆگەری (شالیر) کە ئەو نووسیویەتی (شالییەر) ئەمەش کێشەیەکی دیکەیە، لە ٢٠١١ هەمان زنجیرە دەنووسێ (ولیام شێکسپیر). هەر لە هەمان ساڵدا د. هیمداد عەبدولقەهار دۆڵەبەکرەیی لە کتێبی (شەکسپر تراژیدیا و بەهلول) دەنووسێ (ولیەم شەکسپیر). ئێمە کە ئاوڕ لە بڵاوکراوە شانۆییەکان دەدەینەوە، بە دەیان بابەت دەدۆزینەوە کە لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی شکسپیر نووسراون، بێ گومان زۆربەی نووسەران لە ڕێنووس و گۆکردنی ناوی نووسەرەکە کۆک نین و جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، ئەگەرچی ژمارەیەک لەو نووسەرانە هەندێک جار کۆکن، بەڵام زۆر بەدەگمەن دەبینینەوە، چەند نووسەرێک بەتەواوی کۆک بن لەسەر ڕێنووس و گۆکردنی ناوی یەکەم و دووەم. هەندێ جار دەبینین، لە ڕێنووسی ناوی یەکەم کۆکن، کەچی لە ڕێنووسی ناوی دووەم جیاوازن. ئەو جیاوازییانەی کە لە ڕێنووسی ناوی یەکەمدا هەیە، بەم شێوەیە: (ویلیەم - ویلیام - ولیەم - ولیام) بەڕای من بۆ ڕێنووس و گۆکردنی زمانی کوردی (ولیەم) باشترە، لەبەر ئەوەی زۆر ئاسانترە لە گۆکردن. ئەو جیاوازییانەی کە لەڕێنووسی ناوی دووەمدا هەیە، بەم شێوەیە: (شەکسپیر - شێکسپیر - شکسپیر). بەڕای من چاکترە بنووسرێ (شکسپیر) لەبەر ئەوەی زۆربەمان لەسەر ئەو گۆکردنە ڕاهاتووین، لە ڕێنووسیشدا ئاسانترە، هەروەها لە گۆکردنیشدا ئاسانە، بێ گومان لە بەکوردی کردنی ناوی بیانی، لە ڕێنووس و گۆکردندا ناوەکە خاسیەتی زمانی دووەم هەڵدەگرێ، ئەمەش کەموکورییەک نییە لە زماندا، بەڵکو خەسڵەتێکی جیهانییە، زۆربەی میللەتان پەیڕەوی دەکەن، هەموو عەرەب بە (هەڵەبجە) ی ئێمە دەڵێن و دەنووسن: (حلبجە) وەک دەبینین گۆڕانکاری بەسەر ڕێنووس و گۆکردنەکەدا هاتووە، کەچی ئەو دوو زمانە بە یەک ئەلف و بێ دەنووسن، کە پێی دەگوترێ ئەلف و بێی عەرەبی. دووەمین نووسەر کە هەمان کێشەی ڕێنووس و گۆکردنی هەیە، شانۆی کوردیش زۆر ئاشنایە بە شاکارەکانی، ئەویش (ئەنتۆن بافلۆف تشیخۆف)ە. شانۆی کوردی لە قۆناغی بووژانەوەی دووەم، قۆناغی گواستنەوەی شانۆیی لە ئەماتۆری بۆ شانۆی ئەکادیمی پیشەیی هونەری، بینەر و شانۆکاران تشیخۆفیان ناسی، ڕاستە لە پەنجاکان و شەستەکاندا ژمارەیەک هونەرمەند کە خوێندنی هونەرییان تەواوکردبوو، تشیخۆفیان دەناسی، بەڵام وەک شانۆی کوردی و بڵاوکراوەی شانۆیی، ئاشنایەتی لەگەڵ ژیان و بەرهەمەکانی تشیخۆف بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، ڕێک لە ساڵی ١٩٧٣ تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی بۆ یەکەمین جار شانۆگەری (زیانی تووتن) ی لە دەرهێنانی ئەحمەد سالار لە سلێمانی نمایش کرد، ئیتر لەو ساڵەوە، ژیان و بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە پەیتا پەیتا ئاشنایەتی لە گەڵ شانۆی کوردیدا پەیدا دەکرد. هەر هەمان ساڵ لە وەرگێڕانی مەحموود زامدار، ئەحمەد سالار لەهەمان تیپ شانۆگەری (دواگۆرانی) پێشان دا، کە دواتر ئەو شانۆگەرییە بوو بە ئەزموونگەیەک بۆ سەلماندنی توانایی ئەکتەر، بەدەیان جار لەسەر شانۆکانی کوردستان نمایش کراوە. هونەرمەند کامەران ڕەووف لە ساڵی ١٩٨٧ لە نواندندا ئەو شانۆگەرییەی گەیاندە لووتکە. گومان لەمەدا نییە، بەر لە تشیخۆف، دەقی نووسەری دیکە نمایش کراوە وەک: گەلۆری ماکس ڕینێ ١٩٧٠، نرخی ئازادی عەمانۆیل ڕۆبلس ١٩٧١، شایی خوێنی لۆرکا ١٩٧١، جەنابی موفەتیش، گۆگۆل ١٩٧١، وتەی بەڵێ وتەی نەخێر ی بریخت ١٩٧١، پیری ئاخر شەڕی مۆلیێر ١٩٧٢. تشیخۆف بە پلەی دووەم دێت، کە تا ئەمڕۆ، ژیان و بەرهەمەکانی لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا بەردەوامی گەرموگوڕی خۆی هەیە. هەر ئەمساڵ ٢٠١٣، شانۆگەری (باڵندەی دەریا) لە هەولێر بە دوو بەرهەمی جیاواز - هەولێر و سلێمانی نمایش کران. ئێستا ئێمە لە ڕێنووس و گۆکردنی ناوی تشیخۆفدا سێ بەڵگەمان لەبەردەستدایە، یەکەم: وەرگێڕی دەقەکان، دووەم: وەرگێڕی نمایشەکان، سێیەم: نووسەری بابەتەکان. ناوی ئەو نووسەرە چەشنی ناوی شکسپیر لە ڕێنووس و گۆکردندا جیاوازی زۆر هەیە. جەلال تەقی لە کتێبی (خانم و سەگەکەی) ١٩٧٩ دەنووسێ (ئەنتۆن باڤلۆڤیچ چیخۆڤ) مەحمود زامدار کە لە ساڵی ١٩٧٣ وەرگێڕی (دواگۆرانی) بووە، لە کتێبی (لەنێو دڵی شانۆدا) دەنووسێ (ئەنتۆن کێخەف). ڕەووف بێگەرد لە



چێخەف

وەرگێڕانی (گۆرانیی ماڵئاوایی) ١٩٨٣ دەنووسێ (چیخۆف). عوسمان چێوار لە وەرگێڕانی (لالۆ ڤانیا) ١٩٨٣ دەنووسێ (ئەنتوان تشیخۆف). تاهیر ساڵح سەعید لە گۆڤاری بەیان ١٢٢ لە ١٩٨٦ لە بابەتێکدا دەنووسێت (ئەنتون بافلوفتش چیخۆف).

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە بەیان ١٠١ - ١٠٢ لە ١٩٨٤ دەنووسێ (چێکۆف)، حەیدەر عەبدولڕەحمان لە ژمارە ١٤٠ی هەمان گۆڤار لەساڵی ١٩٨٨ دەنووسێ (چیخۆف). گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار لە ژمارە (١٧)ی ٢٠١٠ لە دۆسیەیەکی تایبەتی بۆ تشیخۆف: شۆڕش محەمەد حوسێن لە دەروازەکەدا دەنووسێ (ئەنتوان بافلۆفیتش چێخەف). دانا ڕەووف لە بابەتی ئایندەبینی لە باخچەی گێلاس دەنووسێ (چێخەف). ڕەووف بێگەرد بۆ یادی سەد ساڵەی دەنووسێ (ئەنتۆن پاڤلوڤیچ چێخەف). وەک تێبینی دەکەین ناوی ئەو نووسەرە بەو شێوە جیاوازانە نووسراوە: (چیخۆف) (چێکۆف) (چێخەف)

(ئەنتوان تشیخۆف)

(ئەنتون بافلوفتش چیخۆف)

(ئەنتوان بافلۆفیتش چێخەف)

(ئەنتۆن باڤلۆڤیچ چیخۆڤ)

وەک دەبینین، ڕێنووسی ناوەکان زۆر جیاوازن، بێ گومان ئەو جیاوازییە شێوەی گۆکردنی ناوەکان دەگۆڕێ بەپێی شێوەی ڕێنووسەکە. لەکاتی نمایش کردنی دەقەکانی ئەو نووسەرە، بێ گومان لەسەر پرۆگرامی شانۆییەکان هەمان ئەو جیاوازییانە بۆ بینەران بەدەردەکەوێت. لە گۆڤاری کاروان لێکۆڵینەوەیەکم بە دوو بەش بەناوی چێخۆف لە شانۆی کوردیدا بڵاوکردەوە، من نەمتوانی بڕیار لەسەر ناوەکە بدەم، بۆ ئەم مەبەستە پەنام بۆ د. مارف خەزنەدار برد، دوای ئەو تاووتوکردنە، ئێستا بەباشی دەزانم ناوی دووەم هەڵبگیرێ، چەشنی (ولیەم شکسپیر) و (ئۆگێست سترێندبێرگ) بنووسرێ (ئەنتۆن چێخۆڤ).

ئۆگێست سترێندبێرگ شانۆنووسی بەناوبانگی سوێدی و جیهانی زۆر درەنگ ئاشنایەتی لەتەک شانۆی کوردیدا پەیدا کرد، بەڵام بەختی لە وەرگێڕانی دەقەکان ئەگەر زۆرتر نەبێت، کەمتر نییە لە نووسەرانی پێشی خۆی. یەکەمین دەقی وەرگێڕدراوی ئەو نووسەرە، شانۆگەری (بەهێزترین) بوو کە عەلی کەریم کردبوویە کوردی و لە ژمارە ١٠٨ی گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٨٥ بڵاوکرایەوە، وەرگێڕ نووسیویەتی (ستراند بێرگ)، ئەو دەقە تا قۆناغی ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩١ تاکە شانۆگەری وەرگێڕاوی سترێندبێرگ بووە، بەپێی ئاگاداری من نە ئەو دەقە، نە دەقی دیکەی ئەو نووسەرە، لەپێشی ڕاپەڕین نەهاتووەتە سەر شانۆ. لەبابەتە شانۆییەکاندا ناوی ئەو نووسەرە بەچەندین شێوەی جیاواز هاتووە، سەعید زەنگەنە لە گۆڤاری بەیان ژمارە ١٩ لە ١٩٧٤ بۆ یەکەمین جار ناوی ئەو نووسەرە بە (سترندبیرج) دەهێنێ.

شەماڵ عومەر لە گۆڤاری کاروان ژمارە ٣٩ لە ساڵی ١٩٨٥ دەنووسێ (سترندبێرگ)، موعتەسەم ساڵەیی لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ٨٧ لە ١٩٨٦ دەنووسێ (ئۆگێت ستراندبێرگ). سیروان هەورامی لەبابەتی نووسەرە شانۆییەکانی جیهان، لە ڕۆژنامەی هاوکاری ١٩٩١ دەنووسێ (ئۆجست سترندبرگ). کوردۆ گەلاڵی لە کتێبی (سترێندبێرگ) لە شانۆنامەی باوکدا بەو شێوە ناوی هێناوە (سترێندبێرگ)، لە دوای ڕاپەڕین بەتایبەتی چاپەمەنی شانۆیی بەبەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوو، بەشێوەیەکی باش گەشەی کرد، زۆربەی دەقەکانی ئەو نووسەرە کرانە کوردی، ژمارەیەکیان لە گۆڤارەکان بڵاوکرانەوە، ژمارەیەکیش وەک کتێب بڵاوکراونەتەوە.

ناوی ئەو نووسەرە لە چاپەمەنییەکاندا بەچەندین شێوەی جیاواز هاتووە. لە زنجیرەی شانۆی بیانی دەزگای ئاراس وەرگێڕەکانی دەقەکانی ئەو نووسەرە، بەچەندین شێوەی جیـاواز ناوی دەهێنن. عەبدوڵڵا قادر دانساز لە وەرگێڕانی سۆناتای تارمایی دەنووسێ (ئاوگۆست ستریندبێری). دلاوەر قەرەداغی لە وەرگێڕانی خەونە نمایشێک دەنووسێ (ئۆگۆست ستردنباری)، خەبات عارف لە وەرگێڕانی بەرەو دیمەشق دەنووسێ (ئۆگۆست ستریندبێرگ). هەر ئەو وەرگێڕە خۆی لەهەمان زنجیرە و لەشانۆگەری جەژنی هەڵسانەوە دەنووسێ (ئۆگۆست ستریندبێری). فەرهاد پیرباڵ لە وەرگێڕانی شانۆگەری باوک دەنووسێ (ئۆگۆست ستردنبێرگ). محەمەد موکری و د. فازڵ جاف لە دە شانۆنامە دەنووسن (ئۆگێست سترنبێری). وەک تێبینی دەکەین ناوی ئەو نووسەرە بە چەندین ڕێنووسی جیاواز هاتووە، بێ گومان ئەو جیاوازییانەش تارادەیەک گۆڕان لە دەنگەکان دروست دەکەن، کە لە ئاکامدا گۆڕان لە گۆکردنی ناوەکە دروست دەبێ. هەردوو پیتی (ج) و (گ) نەبزوێنن، هەروەها هەردوو پیتی (ێ) و (ا) بزیۆنن. لابردن، یان دانانی (ێ) لەنێوان هەردوو پیتی نەبزوێنی (ب) و (ر) گۆڕانکاری لە دەنگەکە دروست دەکەن، هەروەها دانان، یان لابردنی پیتی (ا) لەنێوان هەردوو پیتی نەبزوێنی (ئ) بزوێنی (ۆ) گۆڕان لە دەنگەکە دروست دەکات، بەو شێوەیە جۆرێک لە پشێوی ڕێنووس و گۆکردنی ناوی ئەو نووسەرە دروست دەبێت، هەروەک لەم شێوەیەی لای خوارەوەدا دەیبینین، کە وەرگێڕەکان بەو شێوە جیاوازانە بەکاریان هێناوە.

(ستردنبیرج) (ستردنبێرگ)
(ئۆگێت ستراندبێرگ)
(ئۆجست ستردنبرگ)
(سترێندبێرگ)
(ئاوگۆست ستریندبێری)
(ئۆگۆست ستردنباری)
(ئۆگۆست ستریندبێرگ)
(ئۆگۆست ستریندبێری)
(ئۆگۆست ستردنبێرگ)

برتۆڵد برێخت یەکێکە لەو نووسەرە شانۆییە جیهانییانەی کە ئامادەییەکی زۆر بەهێزی لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا هەبووە. ئەدەب و میتودی شانۆیی ئەو بیرمەندە لە شانۆی کوردیدا بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. شانۆگەری (وتەی بەڵێ وتەی نەخێر) یەکەمین دەقی ئەو نووسەرەیە کە لە ساڵی ١٩٧١ لە شاری هەولێر نمایش کراوە، ئەم شانۆگەرییە لەلایەن تەڵعەت سامان کرابووە کوردی، فەرهاد شەریف بۆ شانۆ دەری هێنابوو. شانۆگەری (قایل بوون) وەک دووەمین دەق لەساڵی ١٩٧٨ لە سلێمانی نمایش کراوە، ئەم شانۆگەرییە لەلایەن تەها خەلیل کرابووە کوردی، شەماڵی عەبەڕەش بۆ شانۆ دەری هێنابوو. برێخت، بێجگە لە دەقەکانی، میتودە شانۆییەکەی کە بە شانۆی داستانی ناسراوە، کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی لەسەر شانۆی کوردی هەبووە، یەکەمین شانۆگەری کە من بینیبم، شانۆگەری (ساختەچی ئاخر زەمان) بوو لەسەر میتودی شانۆی داستانی، لە ساڵی ١٩٧٥ لە شاری هەولێر نمایش کراوە، هەروەها شانۆگەری (تەنەکە) کە فوئاد مەجید میسری بۆ شانۆ ئامادەی کردبوو، ئەحمەد سالار دەری هێنابوو، لەساڵی ١٩٨٢ لە شاری سلێمانی نمایش کراوە، هەر ئەو ساڵە نمایشەکە هێنراوەتە هەولێر. ناوی برتۆڵد برێخت وەک سێ نووسەرەکەی پێشوومان نییە، جیاوازی لە ڕێنووس و گۆکردنی ناوی ئەو نووسەرە ئەوەندە زۆر نییە، لەسەر ناوی یەکەم زۆربەیان کۆکن، نووسیویانە (برتۆڵد) بەڵام لەسەر ناوی دووەم ناکۆکی و جیاوازی هەیە و تا ئەمڕۆش بەردەوامە، هەیانە دەنووسێ (برێخت) هەشە دەنووسێ (برێشت). سەعید زەنگەنە لە گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٧٤ دەنووسێ (برتولد بریخت). فوئاد مەجید میسری لە وەرگێڕانی شانۆگەری (ژیانی گالیلۆ) ١٩٨٢ نووسیویەتی (برتۆڵد برێخت). فازڵ جاف لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان لە یەک بابەتدا بەناوی (شانۆی برێشت دەنووسێ (برێشت - بریخت - بریشت). شەماڵ عومەر لەهەمان ژمارەی گۆڤارەکەدا لەبابەتی (هیلینا فایکل) دەنووسێ (بەرتولد بریخت). قاسم عەزیز لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ساڵی ١٩٨١ لە بابەتی (سەیرکەر لە شانۆی برێشت) دەنووسێ (برێشت). دلاوەر قەرەداغی لە گۆڤاری بەیان ١٩٨٤ دەنووسێ (برێخت)، سەلاح حەسەن پاڵەوان لە گۆڤاری نووسەری کورد ساڵی ١٩٨٨ دەنووسێ (برتۆڵد بریشت). وەرگێڕ کەریم پەڕەنگ لە وەرگێڕانی شانۆگەری (دایکە ئازا) دەنووسێ (بێرتۆلت برێشت). دوای ساڵێک و لەهەمان زنجیرەی شانۆی بیانی دەزگای ئاراس، لە شانۆگەری (شڤایک لە شەڕی دووەمی

جـیـــهــاندا) دەنووسێ (بێـرتـۆڵد). هەر لەو ســاڵانەوە تائێـسـتـا ڕێنووس و گـۆكـردنی ناوی ئەو نووسـەرە بەم شێوانە نووسراوە:

برتولد بریخت – برتۆڵد برێخت – بەرتۆڵد بریخت

برتۆڵد برێشت – بێـرتۆڵت برێشت – بێـرتۆڵد برێشت – برتۆڵد بریشت.

وەک ئاگـاداریم زۆربەی هونەرمـەندان و نووسـەران لە گۆكردندا (برتۆڵد برێخت) بەكاردەهێنن، بەڕای من هەر وا باشـتـرە- بۆ ڕێنووس و گـۆكـردن بنووسـرێ (برتۆڵد برێخت). لەشاری هەولێـر هونەرمـەندێكیـمـان هەیە، لە حەفتاكانەوە بە ساڵح برێخت دەناسرێتەوە.

(ســمـــۆئیـل بیـكیت) ئەگــەرچی لای هەر هەمـــوو شانۆكـارانی كورد ناسراوە، بەڵام كـەمترین ئامـادەیی لە پیــشــاندانی شــانۆییــدا هەبووە. لە ئەدەبی شــانۆیی كــوردیدا، وتار و بابەت و وەرگــێـــڕانی دەقـــەكـــانی پانتــاییـــەكی زۆریان لە بڵاوكــراوەكــانی كــوردیدا داگیركردووە، پێچەوانەی پیشاندانی شانۆگەرییەكانی كە كەمترین ڕووبەری تەختەی شانۆیان داگیركردووە. دەقە بەناوبانگەكـــەی (لە چاوەڕوانی گـــۆدۆدا) كـــە وەک بۆمـبێكی هونەری هەمـوو ئەورووپای هەژاند، لەسـاڵی ١٩٨٠ بۆ یەكەمین جار لەلایەن ئەحمەد محەممەد ئابلاخی لە عـەرەبییـەوە كـرایە كـوردی، لەو ساڵـەوە (سـمـۆئیل بیكیت) باڵی نامـاقـوڵ و بێ هوودەیی ژیانی بەسـەر شانۆی كوردیدا پەخش كرد.

هاتنی ناوی (سمۆئیل بیكیت) بۆ ناو ئەدەبی شانۆیی كوردی، چەشنی ناوی زۆربەی نووسـەرانی جیـهـانیی بۆ ساڵانی حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. سەعید زەنگەنە لە گۆڤاری بەیان ژمارە ١٩ لە ساڵی ١٩٧٤ لە ئامـاژەكـردن بۆ نووسـەرانی شـانۆی پێشـڕەو دەنووسێ (سـامـۆئیل بیكیت). مـوعتـەسـەم ساڵەیی لە گـۆڤـاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ٨٧ لە ساڵی ١٩٨٦ نووسیویەتی (سـەمۆئێل بیـكیت). یاسین فـەقێ سـەعـیـد لە گـۆڤـاری بەیان ژمـارە ١٥٤ سـاڵی ١٩٨٩ دەنووسێ (سـامـۆیل بێكێت). شـەرمین ئەحـمـەد لە وەرگـێـڕانی (مـاوەیەک بێدەنگی) لە گـۆڤـاری سینەمـاو شـانـۆ ژمـارە ٢ سـاڵی ١٩٩٨ دەنووسێ (صـمـوئیل بیـكیت)، هەر ئەو نووسـەرە لەهەمان گۆڤار لە ژمارە ٥ی ساڵی ١٩٩٩ لە بابەتێک لەبارەی پەیام و بۆچوونەكـانی ئەو نووسـەرە، دەنووسێ (سامۆئیل بیكیت). نەوزاد ڕەفعـەتی شاعیر لە هەمان گۆڤار لە وەرگێڕانی بابەتی (بیكیت و گۆدۆ پێكدەگەن) نوووسیویەتی (صامۆیل بیكیت). لە گۆڤاری (شانۆ) ی تیــپی ســالار چەندین بابەت لەســەر ئەو نووســەرە بە چەندین ڕێنووس بڵاوكـراوەتەوە، لە ژمــارە ٨ی ســاڵی ٢٠٠٨ ئاوات مـحەمـەد دەنووسێ، (سـامـۆیل بیكێت)، ڕەزا مــەنوچەهری لە ژمــارە ٧ی هەمــان ســاڵ دەنووسێ (سامۆیل بێكت). دانا ڕەووف لە ژمارە ٣ ساڵی ٢٠٠٧ دەنووسێ (سـامـۆیێل بیـكێت). لە گـۆڤـاری ڕامـان ژمارە ٤٣ لە ساڵی ٢٠٠٠ وەرگێڕ كەریم سۆفی لەبارەی ژیان و بەرهەمی ئەو نووسەرە، نـووسـیـویەتی (سامـۆیل بیكیت) هەر لەهەمـان گـۆڤـار لە ژمـارە ٨٤ وەرگـێڕ ئازاد خـدر لە بابەتی ڕەوانبێژی لە شانۆگەرییەكانی برێخت – دا ناوی دووەمی ئەو نـووســــەرەی بە (پیـكیت) هێـناوە. ئاكـــۆ عـەبدوڵڵا هەر لەو ژمـارەیەدا نووسـیـویەتی(سـامـۆئیل بیكیت) و هەردی عـەلی لە لێـدوانی كـتـێـبی(ناسـان سكۆت) نووسیویەتی (سامۆئیل بیكێت).

ئاوات حەسەن ئەمین لە وەرگێڕانی (ئیرتیجالیەک لە ئۆهایۆ) گـۆڤـاری شـاكـار ژمـارە ١، لە سـاڵی ١٩٩٩ دەنووسێ (سـامـۆئێل بیكێت). پشـتـیـوان عـەبدوڵڵا لە وەرگـێـڕانی شانۆگـەری (وەرەو برۆ) لە گـۆڤـاری كـاروان ساڵی ١٩٩٩ نووسیویەتی (سامۆیل بیكیت). مستەفا قەسیم لە وەرگێڕانی شانۆگەری (كۆتایی گەمە) زنجیرەی شانۆی بیانی دەزگای ئاراس ساڵی ٢٠٠٧ نووسیویەتی (سامۆیێل بیكێت). یاسین قادر بەرزنجی لە وەرگێڕانی دوا دیمەنی تراژیدییەک، لە گۆڤاری شانۆ ژمارە ٦ ساڵی ٢٠٠٨ دەنووسێ (سامۆییل بیكێت).

پیـشـاندانی شـانۆگـەرییـەكـانی (سـمـۆئیل بیكیت) لە شـانۆی كـوردیدا، دەگـەڕێتـەوە بۆ پتـر لە دە سـاڵ بەسـەر نـاســــــینی ئەو نـووســــــەرە. بەر لـە نمایشـكردنی شـانۆگـەرییـەكان، لە ڕاسـتـیـدا باس و بابەتی هونەری و هزری لەســەر ڕەوتی شـانۆی نامــاقــوڵ، یان شــانۆی بێــهــوودە دەنـووســرا، بەڵام ئەگـەر بەهەڵەدا نەچووبم بۆ یەكەم جـار قـوتابیـانی شـانۆی ئەزمـوونگەری، دەرهێنەر شەماڵ عومەر لە ساڵی ١٩٨٧ شانۆگەری لە چاوەڕوانی گـۆدۆی لە سلێـمـانی پیـشـان داوە. دوای سـاڵێـک وەلید مـەعـرووف بە شـانـۆگـەری (كـارەسـات)ی وەک دووەمین دەرهێنەری دەقی ئەو نووسـەرە لەسـەر شـانۆی كـوردیدا، بەشـداری لە فـیــســتـیـڤـاڵی شـانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەكـانی سلێـمـانی دەكات، شـانۆگـەرییـەكـە بەرهەمی تیـپی شانۆی نوێی كوردی هەولێر بوو، بێجگە لە كاری وەرگـێـڕانی دەقـە شـانۆییـەكـانی ئەو نووسـەرە، لە بواری

لێکۆڵینەوە و بابەتی شانۆیی لە ڕەوتی شانۆی ناماقووڵدا، شانۆی بێهوودە – شانۆی پێشڕەو نووسەران بە چەندین شێوەی جیاواز ناوی ئەو نووسەرەیان نووسیوە، لە ڕۆژنامەی هاوکاری، پاشکۆی ڕۆژنامەی ئەلعیراق، گۆڤاری بەیان... چەندان بابەت لەسەر ئەو نووسەرە بڵاوکراونەتەوە، یان ناوی لەناو بابەتە ئەدەبییەکاندا هاتووە، بێ گومان زۆر سەختە بتوانین ئاماژە بەتەواوی بابەتەکان و شێوازی نووسینی ناوی ئەو نووسەرە جیهانییە بکەین. لەو بابەتانەی کە من ئاماژەم پێ کردوون، وەک دەبینین ڕێنووسی ناوەکە بەم وێنانە نووسراون.

(سامۆئیل بیکیت) (سەمۆئێل بیکیت) (سامۆیل بێکێت)

(صموئیل بیکیت) (صامۆیل بیکیت) (سامۆیل بیکێت)

(سامۆیل بێکت) (سامۆیێل بیکێت) (سامۆئیل بیکێت)

(سامۆئێل بیکێت) (سامۆیل بیکیت) (پیکیت)

بێ گومان ناوی (سمۆئیل بیکیت) جووتە ناوە، ناوی یەکەم دارێژراوە و لە دوو وشە پێکدێت (سامۆ یان سمۆ + ئیل یان ئێل) بەڕای من چاکترە بنووسرێ (سمۆئیل)

برگەی یەکەمی ناوەکە دەبێتە (سمۆ) کە زۆر سووک و ئاسانە لە گۆکردندا و بەتەواوی لەناوی کوردی دەچێت، بەتایبەتی ناوی ئیسماعیل لە زمانی کوردیدا زۆر جار بە سمۆ بانگ دەکرێت وەک جۆرێک لە خۆشەویستی و ئاشنایەتی. (ئیل) یان (ئێل) ناوێکی ئایینی زۆر کۆنە لە بری ناوی خوداوەند بەکاردێت، کوردیش دەڵێت: (جبرائیل – میکائیل – ئیسرافیل) لە مامۆستا جان تۆماسم پرسی داخوا ناوی (سمۆئیل)، یان (سامۆئیل) هەمان ناوە ئایینییەکەیە؟ وتی بەڵێ سمۆیل نییە سمۆئیلە، ئیلەکە بە مانای خوداوەند دێت، کەواتە باشتر وایە بنووسرێ (سمۆئیل بیکیت) نەک (سامۆئیل بیکیت).

(یۆجین یۆنسکۆ) دووەمین نووسەری شانۆی جیهانییە، کە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، شانۆی کوردی ئاشنایەتی لەتەکدا پەیداکردووە. یەکەمین جار ناوی (یۆجین یۆنسکۆ) لە وەرگێڕانی شانۆگەری (مامۆستا)دا هاتووە، کە لە گۆڤاری بەیان ژمارە (١١) ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکراوەتەوە، مەحموود زامدار لە زمانی عەرەبییەوە دەقەکەی کردووە بە کوردی. وەرگێڕ هەمان دەقی لە کتێبی (لەنێو دڵی شانۆدا) بڵاوکردووەتەوە، ناوی یۆجین یۆنسکۆی بە (نیسکو) بردووە. دووەمین جار کە ناوی ئەو نووسەرە هاتبێ لەبابەتی شانۆیی (شانۆی پێشڕەو) لە گۆڤاری بەیان ژمارە (١٩) سەعید زەنگەنە دەنووسێ (یونسکو) سێیەمین جار، ئەکرەم عەلی لە وەرگێڕانی شانۆگەری (بۆشایی) کە لە ژمارە (٧٦) ساڵی ١٩٧٩ گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بڵاوکراوەتەوە، دەنووسێ (یۆجین یۆنسکۆ). موعتەسەم ساڵەیی لە بابەتێکدا لەبارەی داهێنانی ئەو نووسەرە، ساڵی ١٩٨١ لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (٨٧) نووسیویەتی (ئۆچین یۆنسکۆ – ئۆچین یۆنسکو). وەرگێڕ ئازاد بەرزنجی لە بابەتی شانۆی فەرەنسی کە بە دوو بەش لە گۆڤاری بەیان ژمارە (٨٥) و (٨٦) ساڵی ١٩٨٣ بڵاوکراوەتەوە، دەنووسێ (یونسکۆ). دانا ڕەووف لە هەمان گۆڤار ساڵی ١٩٨٨ دەنووسێ (یۆژین یۆنسکۆ). لە دوای ڕاپەڕین گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە هەمان جیاوازییەکانی پێشی ڕاپەڕین، ناوی ئەو نووسەرە دەهێنن.

تاهیر عوسمان لە گۆڤاری سینەماو شانۆ ژمارە (٢) لە بابەتی (شتێک لەمەڕ شانۆی نامەقووڵ) دەنووسێ (ئۆجین یۆنسکۆ). محەمەد سدیق لە گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار لەبابەتێک لەبارەی شانۆی ئەبسۆرد نووسیویەتی (یوجین ئونیسکو) لەهەمان ژمارەی گۆڤارەکەدا محەمەد عەبدوڵڵا نووسیویەتی (ئۆجین یۆنسکۆ)، ئیسماعیل بەرزنجی لە گۆڤاری ڕامان ٣٤ لە ١٩٩٩، لە وەرگێڕانی بابەتی (دایەلۆگ.. لە شانۆی ناماقووڵدا) لەسەر وێنەی نووسەرەکەمان هاتووە (یوجین یونسکو). لەو بابەتانەی کە من ئاماژەم پێدا جیاوازییەکان لە ڕێنووس و گۆکردنی ناوی ئەو نووسەرە بەم شێوەیە:

(نیسکو) (یونسکو) (یۆجین یۆنسکۆ) (ئۆچین یۆنسکۆ – ئۆچین یۆنسکو)

(یونسکۆ) (یۆژین یۆنسکۆ) (ئۆجین یۆنسکۆ) (یوجین یونسکو)

بەڕای من ڕێنووسی (یۆجین یۆنسکۆ) لەبارترە بۆ گۆکردنی بە زمانی کوردی، وەک من ئاگادارم، بەپێی ئەو ساڵانەی کارکردنم لە شانۆی کوردیدا، زۆربەی هونەرمەندان لە کاتی ئاخاوتندا ئەو ڕێنووسە گۆدەکەن. وەک بەبیرهێنانەوەی پیشاندانی دەقەکانی ئەو نووسەرە لە شانۆی کوردیدا زۆر دەگمەنە.

(فــــريدريش دۆرنمات) لەئەدەب و هونەری شـــانۆی كـــوردیدا ڕووبەرێكی زۆر كـــەمی داگـــیـــركـــردووە، لە حەفتاكـان و هەشـتاكانی سـەدەی ڕابردوو، كـار لەسـەر دەقەكانی ئەو نووسەرە نەكراوە. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە زنجیرەی بڵاوكراوەكانی كتێبی ژمارە (٢٦٢) لە سـاڵی ٢٠٠٦ شـانۆگـەری (زاناكـانی سـروشت) ی بڵاوكـردەوە، دەقـەكـە لەلایەن تەها بابان-ـەوە لە زمـانی عـەرەبییـیـەوە كـراوەتە كـوردی، لەو دەقـەدا نووسـراوە (فـەرەدریش دۆرنمات). دەزگـای ئاراس لە زنجـیـرەی شـانۆی بیـانی ژمـارە(١٠) سـاڵی ٢٠٠٧ شـانۆگـەری (فـریشـتـەیەک لە بابل دادەبەزێت)ی ئەو نووسـەرەی بڵاوكـردووەتەوە، دەقـەكە لەلایەن شێرزاد حەسـەنەوە لە زمانی ئینگلیزییەوە كراوەتە كوردی، وەرگێڕ نووسیویەتی (فـــریدریش دێرنمات). هەر لەو دەزگـــایەو لەهەمـــان زنجـــیـــرەی بیـــانی بە ژمـــارە (٦٥)، لە ٢٠١٣ شانۆگەرییەكی هەمان نووسـەر بەناوی (سەردانی خانمە پیرەكە) بڵاوكردووەتەوە، وەرگێڕ كەریم پەرەنگ دەقەكەی لە زمانی ئینگلیزییەوە كردووەتە كوردی، لەو وەرگێڕانەدا ناوی نووسـەر بە (فـــریدریخ دویرنمات) هاتووە. وەك تێبینی دەكەین ناوی ئەو نووسەرە، لە سێ بڵاوكراوەدا سێ جار بەجیاوازی هاتووە كە ئەمانەن:

(فـەرەدریش دۆرنمات) (فریدریش دێرنمات) (فـریدریخ دویرنمات).

بێ گـومـان جیـاوازی لە ڕێنووس و گـۆكـردنی ناوی نووسـەرانی جیـهـانی لە ئەدەبی شـانۆیی كـوردیدا زۆر زیاتـرە لەو ڕووبەرەی كــــە مـن لەم لـێكـۆڵـینەوەیەدا خسـتـوومـەتە ڕوو، تەواوی ڕۆژنامـەكـانی كـوردسـتـان، ئەوانەی پێـــشی ڕاپەڕین و ئەوانەی دوای ڕاپەڕین، تا ئەمڕۆ هەمـوو ئەو جیـاوازییـانەیان لە خۆگـرتووە كـە من دەرم خسـتـوون، بێ گـومـان بۆ هەڵدانەوەی هەمـوو ئەو لاپەڕە ئەرشیـڤیـانە، كاتێكی زۆر و ڕووبەرێكی زۆرمان دەوێ تا بتـوانین ناوی هەمـوو ئەو نووسـەر و وەرگـێـڕانە بێنین، كـە بە جـیـاوازییـەوە ڕێنووسی ناوی نووسـەرانی جـیـهـانییـان بڵاوكـردووەتەوە. كـێـشـەی جیـاوازی لە ڕێنووسی ناوی نووسـەرانی جـیـهـانی لە نووسین و ئەدەبیـاتی كـوردیدا هەویرێكە ئاوێكی یەكـجـار زۆری دەوێ. لەم بـابەتەدا ڕەنگە نەتوانین كـێـشـەكـە بخـەینە ئەستۆی هەموو ئەو نووسەر و وەرگێڕانەی كە ناوەكانیان لە زمانی عـەرەبییەوە كردووەتە كوردی، بەڕای من ئەوەی كێشەكەی زۆرتر ئاڵۆز كردووە، ئەو نووسـەرانەن كە ناو و بابەتەكانیـان لە زمـانی ڕەسـەنی نووسەرەكانەوە كردووەتە كوردی، گرفتی زۆر گەورە لێرەدایە. وەك تێبینیمـان كرد ژمـارەیەك لەو نـووسـەرانەی كـە لەوڵاتـی سـوێد دەژین و كـاریان لەسەر ئەدەبی سوێدی كردووە، كـەچی جیـاوازی زۆر لە نێوانیـاندا هەیە لەسەر ڕێنووس و گـۆكردنی ناوی نووسەرانی سوێدی بەتایبەتی (ئۆگێست سترێندبێرگ). نووسـەران: خـەبات عـارف، دانا ڕەووف، د. فـازڵ جاف، فـــەرهاد شـــاكـــەلی، بەرلەوەی بچنە وڵاتی ســـوێد ئەزمـوونێكی زۆریان لەبواری نووسین و ئەدەبی كـوردیدا هەبووە، كـــەچی جـــیـــاوازی هەرە مـــەزن لە ڕێنووس و گـۆكـردنی ناوی ئەو نووسـەرەیە، هەندێ جـار بەڕادەیەك لەیەك دوورن، جـۆرێـك لە سـەرسـامی لەلای خـوێنەر دروست دەكـــەن، وەك ڕێنووسی ناوی (ئاوگـــوست سترێندبێرگ) لە شانۆگەری (پاریا) وەرگێڕانی فەرهاد شـاكـەلی. وادیارە ئەم پشـێـوییە لەنێـو ئەدەبی شـانۆی كـوردیمان تامـاوەیەكی زۆرتر لەسـەر ئەم جیـاوازییـانە بەردەوام دەبێت، نـاشـــــزانرێ دواجــــار ئەركی ئەو ڕاستكردنەوانە دەكەوێتە ئەستۆی كێ ؟ ئەو گـرفـتـەش بەبەردەوامی لەبەردەم نەوەی نوێدا خـۆی پیـشـان دەدات، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی لایەنە زانستییەكانی زمانی كوردی بكرێت.

بێجگە لە جیاوازییەكانی ڕێنووسی ناوی نووسەرانی جـیـهـانی لە ئەدەبی شـانۆیی كـوردیدا، چەندین ناوی نووسـەری جیهانی هەیە، كە ناوەكانیان هەر لەسـەرەتای هاتنیـان بۆ شـانۆی كـوردی بەیەك شـێـوەی ڕێنووس بڵاوكـراونەتەوە و بە یەك شـێـوەزاری گـۆكـردن لەناو نووسـەران هونەرمـەندان ناسـراون. شـانۆی كـوردی لە حەفتاكان سـەرەتا لە شاری سلێمانی، پاشان لە شاری هەولێر(مـاكس ڕینیـە)ی ناسیـوە، شانۆگـەری (گـەلۆر) نووسینی (ماكس ڕینیە) لەلایەن ئەحمەد سالار كراوە بە كـوردی و هەر خـۆیشی بۆ شـانۆ دەری هێناوە لە سـاڵی ١٩٧٠ لەبەغدا پیـشـان دراوە. هاشم زەینەل لە سـاڵی ١٩٧٥ شانۆگـەری (نەخۆشی لەبیرچوونەوە)ی لە شاری هەولێـر دەرهێناوە، دواتر ئەو دەقـەی (مـاكس ڕینیـە) چەندان جار لەكوردستان نمایش كراوەتەوە. (ماكس ڕینیە) یەكێكە لەو نووسەرە جیهانیانە، كە جیاوازی لە ڕێنووس و گۆكردنی ناوەكەی نابینرێ، هەروەها ناوی نووسەران: (جۆرج برنارشۆ - جان كۆكتۆ - یۆجین ئۆنیڵ - ئۆسكار وایڵد - پۆشكین - مەكسیم گۆرگی - ئەدوارد ئەلبی - ولیەم سارۆیان - فدریكۆ گارسیا لۆركا - پیتەر ڤایس

– هێنریک ئیپسن) لە هەموو بابەت و وەرگێڕانی دەقەکانیان لەیەکچوون لە ڕێنووسی ناوەکانیاندا هەیە، ئەگەر جار بەجار جیاوازی هەبێ، ئەوە زۆر نییە وەک ناوی پیتەر ڤایس هەندێ جار دەنووسرێ بیتەر ڤایس، ئەمەش شتێکی زۆر دڵخۆشکەرە. خۆزگە ناوی هەموو نووسەرانی جیهانی، لە ئەدەبی شانۆییماندا هەر لە سەرەتاوە بەشێوەی ڕێنووسی ئەو ناوانە بڵاوەکرانەوە، بێ گومان ئەم بابەتەی من هێشتا کەموکوڕی زۆری تێدایە، لەبەرئەوەی نەمانتوانی وەک پێویست هەموو ئەرشیڤی لاپەڕە ئەدەبی و هونەرییەکانی ڕۆژنامەکانی ناو کوردستان هەڵبدەمەوە، وەک گوتم ئەم کارە زۆر سەختە، بەڕای من خودی بابەتەکە ئەوەندەی بەسە بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەو جیاوازی و لەیەک چوونانە. ئێستا دەتوانم ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەم لەم چەند خاڵەدا کۆبکەمەوە.

١– سەرەتای ئاشنایەتی ئەدەبی شانۆی کوردی بۆ نووسەرانی جیهانی بۆ ساڵانی ١٩٥٤ و ١٩٥٥ دەگەڕێتەوە، کاتێک ڕەفیق چالاک چیرۆکی شانۆیی (هێزی خۆشەویستی)، یان (تاوانی دڵداری) بە ناوی (ڕابەر) بڵاوکردەوە، لەو هەنگاوەدا ناوی (تولستەوی) و ناوی (شکسپیر) هاتووە. هەر لەساڵی ١٩٥٥ جەمال نەبەز شانۆگەری (گەرداوەکە) دەکاتە کوردی، ئەویش دەنووسێ (شێکسپیر) لەم دوو هەنگاوە و لەو ساڵەدا جیاوازی لە ڕێنووس و گۆکردنی ناوی نووسەرانی جیهانی لە ئەدەبی شانۆیی کوردیدا پەیدا بووە.

٢– قۆناغی بووژانەوە و ئاشنایەتی نووسەرانی جیهانی لە شانۆی کوردیدا بۆ سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، لەو قۆناغەدا ژمارەیەکی باش لە قوتابیانی بەشی شانۆ لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان و کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدایان تەواو کرد و کەوتنە ناو کاری شانۆیی و ناساندنی نووسەرانی شانۆی جیهانی.

٣–نووسەران و وەرگێڕەکانی ئەدەبی شانۆی جیهانی دوو جۆرن، جۆرێکیان لە زمانی عەرەبی، یان لە زمانێکی دیکەی بیانی وەک فارسی دەق و بابەتەکانیان کردووەتە کوردی. جۆری دووەم ئەو نووسەرانەن کە لە زمانی یەکەم، واتە زمانی نووسەرە جیهانییەکە دەق و بابەتەکانیان کردووەتە کوردی. بەبەراوردکردنی ڕێژەی جیاوازی لە ڕێنووسی ناوی نووسەرانی جیهانیی هەردوو جۆر جیاوازییان هەیە.

٤– زۆرترین جیاوازی لە ڕێنووسی ناوی نووسەرانی جیهانی لە ئەدەبی شانۆیی کوردیدا لە نێوان نووسەرانی جۆری دووەمدایە کە ڕاستەوخۆ لە زمانە ڕەسەنەکەوە دەقەکە، یان بابەتەکەیان کردووەتە کوردی، نووسەرانی کورد لە سوێد زۆرترین جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە. لە ڕووی زانستییەوە، وەرگێڕ لە زمانی ڕەسەن جۆری یەکەمە، بەڵام لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەبەر ئەوەی کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە، کولتووری میللەتی باڵادەست زاڵ بووە، بۆیە وەرگێڕان لەو بەشانەی کوردستان پتر لە زمانی دووەم وەک جۆری یەکەم دەناسرێ.

٥– ڕێنووسی ناوی ئەو نووسەرانەی کە زۆرترین ڕێژەی جیاوازییان دروست کردووە بریتین لە ناوەکانی (ولیەم شکسپیر – ئەنتۆن چێخۆڤ – ئۆگێست ستریندبێرگ – برتۆڵد برێخت – یۆجین یۆنسکۆ – سمۆئیل بیکیت). ناوی (سمۆئیل بیکیت) بە پلەی یەکەم، دوازدە جار بە جیاوازی لە ڕێنووسی ناوەکە نووسراوە.. ناوی (ئۆگێست ستریندبێرگ) بە پلەی دووەم دە جار بە جیاوازی نووسراوە. ناوی (ولیەم شکسپیر) بە پلەی سێیەم دێت حەوت جار بە جیاوازی لە ڕێنووسی ناوەکە نووسراوە.

٦– ڕێنووس و گۆکردنی ژمارەیەک لە نووسەرانی جیهانیی لە ئەدەبی شانۆیی کوردیدا هەر لە سەرەتاوە یەک ڕێنووس گۆکردن بووە، ئەگەر جیاوازیش هەبووبێ، ئەوەندە زۆر نەبووە. وەک (ماکس ڕینیە – جۆرج برنارد شۆ – پیتەر ڤایس – لیۆن تۆلستۆی – یۆجین ئۆنێڵ – ئەدوارد ئەلبی – مەکسیم گۆرگی – هێنریک ئیپسن – جان کۆکتۆ – ولیەم سارۆیان – ئەلێکسەندەر پۆشکین)

٧–سەبارەت بە گۆکردنی ڕێنووسی ناوی نووسەرانی جیهانی لە شانۆی کوردیدا، من بۆخۆم لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کاری شانۆیی دەکەم و زۆر نزیکم لە شانۆکارانی کوردستان، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و دانیشتنە تایبەتییەکان گوێم لە گۆکردنی ناوی نووسەرانی جیهانی بووە بەو شێوە ڕێنووسەی کە لەم بابەتەدا هاتووە.

**سەرچاوە:**

**ئەرشیڤی تایبەتی نووسەر لەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لەگەڵ هێنانی ناوی نووسەرەکاندا هاتووە، پێویست نەبوو لێرەدا دووبارەیان بکەمەوە.**

# ڕایەک لەبارەی پەیدابوونی گۆرانی و مۆسیقا لەلای مرۆڤ

گوشاد حەمە سەعید

ڕەنگە زۆر پێش ئەوەی زمـــان (مــەبەســتم توانایی قسەکردنە) پەیدابووبێ مرۆڤ توانایی بیستنی هەبووبێ، جگە لەمەش توانایی بینین و هەستی بۆن کردنیشی هەر هەبووبێ، هەر لەبەر ئەمەیشە زانایانی ئەم بوارە لەسەر ئەوە کۆکن کە هەر هەموو هەستەکان، بە تایبەتی بیستن و دیتن و بۆن کردن، ڕۆڵی سەرەکییان لەوەدا هەبووە کە مرۆڤ بتوانێت ئەو ئەندامانەی لەشی، واتە سییەکان و گەروو و دەمی (بەهەموو پێکهاتەکانییەوە) بۆ قسەکردن بەکار بهێنێت، کەواتە چاو و دەم و لووت و گوێیەکان هەر هەموویان ئاماژە بە مێشکی مرۆڤ دەدەن و لەوێدا یەکتر دەگرنەوە.

مەرج نییە هەر هەموو ئەو ئەندامانەی لەش وەک یەک و لە یەک ماوەی زەمەنیدا پێگەیشتبن، بەڵام من وای بۆ دەچم ئامرازی بیستن شێوە و تواناییەکانی هەرچۆنێک بووبێ، قــەبارەی هەر چەندێک بووبێ، دەبێ زۆر پێش پەیدابوونی زمان پێگەیشتبێ و ڕۆڵی زۆر گرنگیشی لە پێگەیشــتنی زمــان و گەیاندنی زانیــاری بە مــێشکی مرۆڤەوە هەبووبێ.

بەکارهێنانی هەستەکان زیاتر بۆ ئاگاداربوونەوە بووە لە ترسی هێـــــرشی دڕندە و ئاژەڵەکــــان، یان ڕووداوە سروشتییەکان، یان هێرشی مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ سەر یەکــتـــری، هەروەها بەڕای من هەســـتی چەشتن زۆر سەرەتایی بووە و دەبێ مرۆڤ زۆر درەنگ فێری چەشتنی ترش و خوێ و شیرینی و تیژی بووبێ، هەرچەندە جگە لە دۆزینەوەی ئاگر، یان فێربوونی بەکارهێنانی ئاگر بۆ خۆ گەرم کردنەوە و بەکارهێنانی وەک چەکێک، ئەوە دەبێ دواتر بۆ برژاندن بەکــاری هێنابێ، کـــەواتە چەشتن ســەرەتایی بووە و مــرۆڤ لە ناچاری گــۆشــتی خــاوی خـــواردووە، چونکە دوای ئەوەی فــێــری برژاندن بووە و دواتریش خوێی دۆزیوەتەوە و وردە وردە نەگەڕاوەتەوە سەر گۆشتی کاڵ. لەپاڵ ئەمەدا گژوگیا و ڕەگ و میوە و بەرهەمە سروشتییەکان، کە ڕەنگە هەر خۆیان تامیان

هەبووبێ و مـرۆڤ بەرە بەرە فـێـری چەشـتنیـان بووە و ناسیونی.

من کە نامەوێ زۆر بچمە ناو ئەو باسەوە، چونکە تەنیا دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە ئەو ئەندامانەی دەنگیان لێ پەیدا دەبێ، یان دەبنە هۆی دروست کـردنی دەنگەکـان، ئەوە لە سـەرەتادا هەر بۆ ئامـاژەدان و ئاگـادارکـردنەوە و...تاد، بەکارهاتبێ..

چەندان هەزار هەزار سـاڵ بەسـەر گـۆڕانی پێکهـاتەی لەش و پێگەیشتنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤدا تێپەڕیوە، وەدەستهێنانی زانیاری لەم بارەوە پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەی زانیاری و لێکۆڵینەوە زانستییەکان، بەڵام ئێمە تەنیا دەمانەوێ باسی ئەوە بکەین تا گەروو و قوڕگ و دەم و زار و کۆئەندامی هەناسە ئەم شێوە پێکهاتەیەی ئێستای وەرگرتووە کە ڕۆڵی سەرەکییان لە دروستکردنی دەنگی پیـتـەکـانـدا هەبووە و دوای گـۆڕانکارییـەکـانی پێکهاتەی بایۆلۆژی مرۆڤ و هێمن بوونەوەی سروشت و کەمبوونەوەی ترس لەسـەر ژیانی مرۆڤـە سەرەتاییـەکان، دیارە مرۆڤ بەسەر دەوروبەری خۆیدا زاڵ بووە و گەرووی خـۆی بۆ کـاری دیکە، یـان پێـداویسـتـیـیـە ڕوحی و (کـەمـالـیـیـەکـانی) بەکـارهێناوە، کـە دەربڕینی ناخی لە گریان و پێکەنین، کە ڕەنگە گۆرانی گوتن یەکێک بووبێ لە دیارترینی ئەو پێـداویسـتـیـیـانەی کـە گـروگـڵـپـەکـانی ناوەوەی خـۆی پێ دامـرکـاندبێـتـەوە و چێـژێکی بەگـیـانی مرۆڤ بەخشیبێ و خەم و ئاوات و داخوازییەکانی خۆی پێ دەربڕیبێ، هەر چەندە هەمـــوو دەنگێکی خـــۆرسکی سروشت، وەک گڤەی با، هاژەی ئاو، قوڵپە قوڵپی کانی و دارمـانی دار و بەردی گـرکـانەکـان و هەر جـووڵەیەکی دیکە، یان قـیـژە و دەنگی ئاژەڵان، یان ڕێژنەی باران و دەنگی هەورە برووسکە...تاد، کە جۆرە ڕیتمێکی ڕێک، یان نـاڕێکی تێـدایە و کـاری زۆریان لەسـەر کـرانەوەی نوتقی مرۆڤ کردووە، هەرچەندە دەنگی مرۆڤ جاری زۆر سەرەتایی بووە و ڕێک نەخراوە و مەسەلە ڕوحییەکانیش لە ناخی مـــرۆڤـــدا ســـەرەتایی بوون و بە تەواوی پێ نەگەیشتـوون، بۆیە نەیزانیـوە عـیشق و خۆشەویستی و هەست و خوست و خـەمـەکـانیـشی بەڕێکی دەربـڕێ و بیانکاتە ڕیتمی ڕێک و ژیانی خۆی پێ برازێنێـتەوە کە پێـوەندییـەکی زۆری بە گـەڵاڵە بوونی عـەقڵ و ئیـدراکی مـرۆڤـەوە بووە و هێـشـتـا خـەمی تێـرکـردنی سکی کـە گـەورەترین زۆرانبـازی بووە لە پێناو ژیان و مـانەوەی خۆیدا، لە بەرایی هەموو شتەکانی دیکەدا بووە.

مـرۆڤ لەو قـۆناغـەدا دەنگی خـۆی وەک چەکـێک بەکـارهێناوە، دەبێ دوژمنەکانی، ئەگەر دڕندەبووبن، لەو چەکە سڵەمیبنەوە، چونکە وەک دژە کردار بەکارهێنراوە.

وەک دەزانین کـە پیـداویسـتی ڕوحی لە پلەی دووەمی پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ دێن، کاتێک ترسی مردن و سـووتـان و کـوشتن و ئاگـر لە گـۆڕێدا بووبێ، مـرۆڤ نەیتـوانیـوە دەنگی خـۆی جگە لە هاوار و قـیـژەو لێک مراندن و نەعرەتە بۆ شتێکی دیکە بەکارهێنابێ.

کە مرۆڤ ترسی مەرگی بەدواوە بووبێ هەمـوو چەکێکی خۆی، هەر شـتێکی لە دەسـتی هاتبێ بۆ بەرپەرچدانەوەی ترسەکان بەکاری هێناوە. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا پێـداویسـتـیـیـە ڕوحییـەکان لە پلەی دووەمـدا دێن، بۆیە نەکـراوە دەنگی مـرۆڤ ڕێک بخـرێ، بە تایبـەتیش بۆ دەربڕینی حەز و خەمە ڕوحییەکانی، من لەو باوەڕەدام زۆر زۆری کات ویسـتبێ تا مرۆڤ توانیبێتی چێژ لە دەنگی خۆی وەرگرێ و خەم و سۆزەکانی خۆی پێدەربڕێ، ئینجا زۆریش لەوە پتری پێ چووە تا توانیوبەتی ئامێری مۆسیقا بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی دەنگی خۆی پێ برازێنێتەوە، دوای ئەمـەش ئاواز و نۆتەکـان ڕێک بخـات، داخـۆ یەکـەم ئامێرەکانی مۆسیقا چی بووبن و چۆن بووبن؟.

هەرچەندە پاشماوەی هەڵکەنراوە کۆنەکان وێنەی هەندێ ئامـێـری مـۆسـیـقـایان نیـشـان داوە، بەڵام دەبێ هەر ناوچەیەک بەپێی ئەو کەرستە سروشتییانەی بەردەستیان لە دار و زەل و قـۆچی ئاژەڵانەوە دەسـتیـان پێکردبێ، بەر لەمەش دەکرێ مرۆڤ بە فیتەفیت و دەنگەکانی نێو دەم و زاری، یان لاسـایی کـردنەوەی دەنگەکـانی دەوروبەری دەستی پێ کردبێ.

من وای بۆ دەچم ئامـێـرەکـانی کـوتـان: دەف و دەهۆڵ و دمـبک لەبەر ئەوەی پێـوەندییـان بە پێـست و چەرمی ئاژەڵانەوە هەیە، لە پێش هەمـــووانەوە بن، ئینجـــا ئامێرەکانی فوو و باتێکردن بەدوای ئەوانەوە دێن.

پاشماوە کۆنەکانی بابلی و فیرعەونەکان شان بە شانی ئامـێـرەکـانی فـوو تێکردن وێنەی ئامـێری (ژێ)داریشـیـان بەجێ هێشتووە.

بە دووری نازانم پەیدابوونی ئایینەکان ڕۆڵی گـرنگیـان لە گەشەپێدانی ئامێرەکانی مۆسیقا و ڕێکخستنی ئاواز و دەنگی مرۆڤدا هەبووبێ.


مـرۆڤ خـۆی چەندە بە سـام و ترسناکـە کـە هیـچ زیل ڕووحێکی سەر ئەم گۆی زەوییە نییە لێی نەترسێ، ئەوە دەنگەکەشی ئەوها بە سام و سەرنجڕاکێشە و چۆنیـشی بوێ ئەوها مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، واتە بەپێی توانایی و پێداویستییەکانی مرۆڤ کە ئامێرەکانی مۆسیقاشی بەپێی دەنگەکانی خۆی ڕێکخستووە، ئەگەر بیـەوێ دڵت خـۆش دەکـات و ئەگـەر نەشیـەوێت ئاگرێکت لە ناخ و دەروونـدا دەکاتەوە، تاڕادەی هەڵپرووکان دەتسووتێنێت.

# شارە نادیارەکان و گەشتەکانی مارکۆ پۆلۆ

**هاشم سەڕاج**

«شارە نادیارەکان» ڕۆمانێکی بەنێوبانگی ڕۆماننووسی ئیتاڵی «ئیتالۆ کالڤینۆ»یە و «حەسەن نوور» لە سویدییەوە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی و پێشەکییەکی درێژیشی لە بارەی دنیای نووسینی کالڤینۆ و ڕۆمانەکە نووسیوە، حەسەن نوور لە پێشەکییەکەدا دەڵێ: [ئەم شارە نادیارانەی بە کورتە چیرۆک دەچن، وەک پەخشانە شیعر پێکەوە دەڵێیت، دیوانێکیان پێکەوە ناوە، بەڵام لێرەدا ڕۆمانێکە، جا کەسێک ئاشنای کارەکانی ئیتالۆ کالڤینۆ بێت چاک دەزانێت کالڤینۆ ڕۆمانێکی نییە شێوە و شێوازی بە ڕۆمانێکی تری بچێت...]

خوێنەر کاتێک ڕۆمانی شارە نادیارەکان، یان شارە نەبینراوەکانی ئیتالۆ کاڤینۆ دەخوێنێتەوە، هێدی هێدی خۆی لەنێو کەشێکی خەیاڵئامێزی مێژوویی و ئەفسووناویدا دەدۆزێتەوە، ئەگەرچی شارەکان لە ڕووی ئەدگار و ڕواڵەت و جووڵانەوەوە مێژووکردن و ئاسەواری زەمەنی ڕابردوویان پێوە دیارە، بەڵام لە جەوهەردا چەشنی کۆمەڵێک شاری نەبینراو و نادیار خۆ دەردەخەن، شارەکان لە شێوە و ساخت و تەلارسازی و دیمەن و دەرکەوتندا جیاوازن، شاری بچووک، گەورە، شێوە بیابانی، شاری جوانی پڕ لە گۆرانی، شاری لێوانلێو لە گۆڕستان، شاری پڕ لە زبڵ و زار...تاد.




من وەک خوێنەرێک لە دەسپێکی ڕۆمانەکەوە کە بەشێوەی بەش بەشی کورت و بە ستایلێکی پەخشانە شیعری نووسراوە، هەستم بە پرشنگگەلێکی هێمایی دەکرد کە جار جارە بەرەو دنیای «کۆمیدیای خوداوەندی» «دانتی ئەلێجیری» ڕادەماڵیم و لە کەشی شارە نەبینراوە جۆراوجۆرەکاندا خۆم لە بازنە و ئەڵقەکانی هەریەک لە دۆزەخ و پاقژگە و فیردەوسدا دەدۆزییەوە..

دەکرێ لێرەدا پرسیارێک بورووژێنین، ئەگەر تێمەیەکی دەقی «کۆمێدیای خوداوەندی» لە جیهانی ڕوحدا گەڕان بێت بەدوای «بیاتریس» ئەی مانا دواخراوەکانی دەقی شارە نادیارەکان کە بەشێوازێکی ئاڵۆز و تەمومژاوی نووسراوە، چۆن لە ڕێگەی پارادۆکسەوە خوێنەر ئاشنای کەشی جیاجیای شارە نەبینراوەکان دەکات؟ چونکە تێکستی شارە

نەبینراوەکان هەمیشە لە ڕێگەی وەسفگەراییەوە مۆرک و خەسڵەتی شارە خەیاڵی و ئەفسووناوییەکان دەخاتە ڕوو، مەبەست لەو شارانەیە کە ڕەنگە تەنیا لەنێو دنیای زەیندا بوونیان هەبێت، ئەم ڕۆمانە لە بنەڕەتدا بریتییە لە گێڕانەوەی گەشتەکانی مارکۆ پۆلۆ «١٢٥٤-١٣٢٤» کە بەڕەگەز ڤینیسیایی و بەپیشە بازرگان و گەڕۆکە، بۆ «کوبلای خان ١٢١٥-١٢٩٤» دووەم کوڕەزای جەنگیزخانە و گەورەخان و دامەزرێنەری ئیمپراتۆریای تەتەرانە، کە چین و بەشێک لە هندستان و ئێران و ئاسیای دوور و بەشێک لە ڕووسیا...تاد دەگرێتەوە، بەڵام ئیتالۆ کالڤینۆ لەم ڕۆمانەدا نەهاتووە یەکسەر ڕووداوە مێژووییەکان بگوێزێتەوە، بەڵکو کاری لەنێو خەیاڵی مێژوودا کردووە، ئەمیریش لە ڕێگەی ئەو سەرگوروشتانەوە دەردەکەوێت کە مارکۆ پۆلۆی لاو بۆ قوبلای خانی پیرە پیاوی دەگێڕێتەوە، بەڵام گەشتەکانی پۆلۆ پڕن لە هێماو خەون و خەیاڵ و ئەفسوون، مارکۆ پۆلۆی لاو هاوکات ڕاسپاردە و کارگێڕی قوبلای خانە.

ڕۆمانی شارە نادیارەکان لە نۆ بەش پێکهاتووە، هەر بەشێکیش چەندین ناوونیشانی لەخۆ گرتووە، لەوانە شارەکان و بیرەوەری، شارەکان و ئارەزوو، شارەکان و نیشانەکان، شارەکان و تەنکەکان، شارەکان و گۆڕانەکان، شارەکان و چاوەکان، شارەکان و ناو، شارەکان و مردووەکان، شارەکان و ئاسمان! شارە بەردەوامەکان، شارە شاراوەکان...تاد.

ئێستا هەوڵ دەدەم بەشێک لە کەشو ئەتمۆسفیری شارە نەبینراوەکان بخەمە ڕوو

ئیسیدۆرە.. شارێکە خانووەکانی پلیکانەی پێچەڵپێچیان هەیە و سەدەفی زەریایان لێ گیراوە و خەڵکەکەی بەپێی ڕێساکانی هونەر، دووربین و کەمان دروست دەکەن. مەیدانی شار دیوارێکی نزمی لێیە کە دەستەی پیرانی بەسەرەوە دادەنیشن و چاو لەلاوی وا دەگرن کە بەو نێوەدا تێ دەپەڕن. لە شاری دۆڕۆتییە ئەم بەیانییە هەستم بەو هەموو جوانییەی ژیان کرد، من لە سەرەتای لاویدا گەیشتمە جێ، بەرەبەیان بوو، ژنانی شارەکە ددانیان جوان بوو و دیدەیان لەو کەسانە کلا نەدەکرد کە ڕووبەڕوویان دەهاتن، هیچ ناهێنێت کوبلای خانی خانزادە کە هەوڵ بدەم شاری زایرت بە قوللە بەرزەکانییەوە بۆ باس بکەم... ئەمەی بەم جۆرەیە شارەکە نییە، شارەکە پێوەندی نێوان ئەندازەی ڕووبەر و ڕووداوەکانی ڕابردوویەتی، ئەناستاسیە، دەتوانم بێمە سەر باسی ئەو ژنانەی کە دیومە لە ئەستێلی نێو باخچەیەکدا مەلە بکەن، کە بیستوومە جاروبار ڕێبواری ئەو ڕێیە بانگ بکەن و کراسی بەریان لەگەڵدا دابکەنن و لەناو ئاوەکەدا پێکەوە وازی بکەن.

ئیتالۆ کالڤینۆ لە خستنەڕووی ئەتمۆسفیری شارە نەبینراوەکاندا، هێندە بە وردی وەسفی شتگەلەکان دەکات، هەندێک جاریش مۆرکی هۆگری و ئولفەت پێوەگرتن بەشتگەل و شوێنەکانەوە دیارە، کردەی وەسف لە بورج و ساختمان و شەقامەکانەوە دەست پێ دەکات تا پێلاوی تاکەو تاک و ڕۆژژمێر و گوڵی سیس و زبڵ و زار و بەرگ و قەپێلکی سابوون و نەخشی مافوور و بەلەم و چراخان و ئاوێزە و ئاوێنە و چەتر و شانە...تاد. جا بە پراکتیزەکردنی تەکنیکی پارادۆکس لە ڕێگەی گێڕانەوە و وەسفگەراییەوە کەش و ئەتمۆسفیری شارە زەینی و وەهمییەکان دەردەکەون، چونکە هەندێک شار هەن لە ڕێگەی نیشانەکانەوە بوونی خۆیان دەردەخەن [.. پڵنگێک بەو نێوەدا تێ پەڕیوە، زەلکاوێک لە ڕەگاوێک دەدوێت، گوڵە تۆڵەکەیش دەڵێت زستان وابڕایەوە و هەموو شتێکی تری هەر کڕی و بێ دەنگییە، - گازەکان ماڵی ددانکێشەکان دەردەخەن، کووزەکە مایخانەکە، بیورەکە، بنکەکەی پۆلیس، قەپانەکەیش، ژنە تەڕە فرۆشەکە نیشان دەدات..]

زۆرە ئەو شارەی کەسێک کە ئەگەر بۆ جارێکیش بیبینێت بیری ناچێت، بورجی بلووری ئەستێرەناسەکە، دوکانی شووتی فرۆشەکە، پەیکەری ڕەبەن و شێرەکە، گەرماوە تورکییەکە، قاوەخانەی سەر سووچەکە و کۆڵانی ڕوو لە بەندەرەکە دەبات، لەبەر ئەوەی زورە، ناچار کرا لەرە نەکات و چۆنێک هەیە هەروا بێت، تا چاکتر بیری بۆ بچێت، چووە یەک و هەڵوەشایەوە و شۆپ و شوێنەواری ون بوو، زورە لەبیری خاکیش چوو، دیسپینە شارێکە ڕوویەکی بۆ ئەو کەسە دەردەخات کە لەزەریاوە دێت، ڕوویەکی تر نیشانی ئەو کەسە دەدا کە ڕێی بەژ دەیهێنێت، بیر لەو مەیخانانە دەکاتەوە کە تێیاندا زەریاوانی سەر بە نەتەوەی جیا جامی مەی بەسەری یەکدا دەکێشن و بیر بۆ ئەو پەنجەرانەی ڕێکی جادەیش دەبات کە ژنی لێ دادەنیشن و پرچ دادەهێنن. لە شاری زیرمەوە ڕێبار بە بارێکی بیرەوەری یەکجار ڕوونەوە دێتەوە ڕەشپێستێکی نابینا کە

هاوار بەسەر ئاپۆرەیەکدا دەکات، ئیساورە شارە هەزار چالاوەکە، لەسەر گۆمێکی ژێر ڕووی خاکدا بنیاد نراوە، زۆرجار قوبلای خان بەدەم یاری شەترەنجەوە گوێ بۆ گێڕانەوەکانی مارکۆپۆلۆ هەڵدەخات و بڕێک جاریش پرسیاری ئاراستە دەکات، هەڵبەتە گفتوگۆی نێوانیان زۆرتر لە ڕێگەی ئاماژە و زمانی جەستەوەیە، یان بە شێوەی لەشگۆیی، [چونکە مارکۆپۆلۆی تازەکار کە هیچێکی زمانە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەلاتی نەدەزانی.. ئەم لاوە ڤینیسییە داهێنەرە دوای ئەو سەفەرانەی بە فرمانی کوبلای خان ئەنجامی دابوون، دەستبەجێ لەشگۆییەکی وای داهێنا کە مابووەوە خونکار لێکی بداتەوە، بەڵام بەدەم سووڕی سالآن و بەسەفەری زۆر، مارکۆ زمانی تەتەران و گەلێک زار و شێوەزاری خێڵەکانیان فێربوو..] زۆرجار ڕوحێکی نیهلیستی لەژێرەوە و لە بنیادی قووڵی شارەکاندا دەگەڕێ و هەندێک جار لە شێوەی بوومەلەرزە، یان گێژەلووکەیەک دەردەکەوێت و سەرەو ژێر و نغرۆیان دەکات.

ئیتالۆ کالڤینۆ لە وەسفکردنی ئەتمۆسفیر و ڕوحی شارەکاندا جەختی لەسەر دیمەن و گرتەی سینەمایی و زمانی ئاماژەکان کردووە، یان بەشێوەیەکی دیکە کالڤینۆ نەهاتووە ڕووداو و مەینەت و مەرگەسات و چۆنیەتی گەشە و فراوانبوون و لەنێو چوونی شارەکان بخاتە ڕوو، بەڵکو زیاتر لە ڕێگەی دیمەن و گرتەی سینەماییەوە وێنە ئاڵۆز و زەینییەکان، کۆمەڵێک مانا و دەلالەتی جیا جیا دەدرکێنن، چونکە مارکۆ پۆلۆ وەک گەڕیدەیەکی ڤینیسی چێژ لە بینینی شار و شوێن، یان لەو شارە ئەفسانەییانە وەردەگرێت کە لەنێو زەینی خۆیدا دروستی کردوون، ئەوەتا قوبلای خان پێی دەڵێ [نوێنەرەکانی ترم باسی برسێتی، زۆرداری و سەربزێوی، یان باسی کانگەی تازە هەڵدڕاوی پیرۆزە و نرخی پەڕی کاردەپەلەو پێشنیازی گواستنەوەی شمشێری شامیم بۆ دەکەن، بەڵام تۆ، مارکۆ پۆلۆ؟ خانی مەزن لێی پرسی. تۆ لە وڵاتی وەک ئەوان دوور دێیتەوە، کەچی تەنیا شتێک بۆمت پێ باس بکرێت، ئەو خەیاڵ و بیرانەیە بە مێشکی کەسێکدا دێن لەسەر ئاستانەی خانووەکەی خۆیدا دانیشتووە و چێژ لە فێنکایی ئێوارە دەبات باشە، ئەم هەموو سەفەرانەت بۆچی و کەڵکی چی دەگرن؟ پاشان قوبلای خان لێی دەپرسێ.. ئەم سەفەرانە دەکەیت تا ڕابردووت بژییتەوە؟ کە دەشیا ئاوایش دابڕێژرێت، سەفەر بەو مەبەستەوە دەکەیت کە داهاتووت بدۆزیتەوە؟ ڕۆمانی شارە نادیارەکان هەمیشە کۆمەڵێک پرسیار دەورووژێنێت، بەڵام وەڵامیان ناداتەوە، کەواتە ئەوە خوێنەرە بە ئاستە جیاجیاکانییەوە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، لە ماوریلیە.. ئەمە هەر ئەو مەیدانەیە کە مریشکێک لەو جێیەیدا کە ئێستا وێستگەی پاسە، ئاهەنگ سەرایەک کە ئێستا پردێکی سەر جادەیە. دوو کچ بە چەتری سپییەوە لەو جێیەدا کە ئێستا بارووتخانەی لێیە.. شارەکان هەمیشە لە گۆڕانکاریدان. چێژ و جوانی شارە کۆن و نوێکان، شارە گەورە و فراوانەکان زۆرتر ئازادی بە مرۆڤ دەبەخشن و دەتوانێت بە هەوەسی خۆی تێیدا بگەڕێت، هەڵبەتە دەقی شارە نادیارەکان بە زمانێکی چڕ و بە شێوازێکی کورتبڕی دیمەن و جوانی و دزێوی شتگەلەکان دەخاتە ڕوو، زۆرجار شتگەلەکان لە ڕێگەی ڕستەگەلێکی شیعرییەوە ڕووبەڕووی خوێنەر دەبنەوە، بۆیە لە بواری ڕۆماننووسیدا وا وێنا دەکرێت کە ئیتالۆ کالڤینۆ هەوڵی داوە زمانێکی تر لە خودی زماندا بخوڵقێنێت، فیدۆرە شارێکی گەورە کە لەبەردی کەوەیی لێک نراوە، کۆشکێکی کانزایی لەناو جەرگەدایە و لە هەر ژوورێکدا گۆیەکی بلوورین هەیە.. ئەگەر کەسێک بڕوانێتە نێو گۆیەکان، شارێکی شینی وەک ئاسمان دەبینێت فیدۆرەی ئەمڕۆ موززەی خۆی لەو کۆشکەدا هەیە کە گۆیەکانی لێیە.. لە نەخشەی تایبەت بە ئیمپراتۆریەتەکەتدا ئەی خانی مەزن دەبێت هەم فیدۆرەی گەورەی بەردین و هەم فیدۆرە بچووکەکانی ناو گۆیە بلوورینەکان هەبن، لێرەو لە شارەکان و نیشانەکاندا پرسیارێک ئاراستەی خودی خوێنەر دەکرێت، کە کەسێک پێی وایە.. هەموو کەسێک شاری لە ناخی خۆیدا شاردووەتەوە کە هەر جیاوازییەکان پێکەوەیان ناوە، شارێکی بێ شێوە و ڕوو کە بە چەند شارێکی جیاواز تێک خراوە، بەڵام شاری (زوو) جیایە، لە هەموو شوێنێکی ئەم شارەدا هەموو کەسێک بۆی دەڕەخسێت بە نۆرەی خۆی سەرخەو بشکێنێت، ئامێر ساز بکات، چێشت لێ بنێت، لیرە پێکەوە بنێت، خۆی ڕووت بکاتەوە، کەواتە شاری (زوو) شوێنی هەبوونێکە کە دابەش ناکرێت، بەڵام بۆ هەر شارەکە؟ ئەی ئەو هێڵە چییە کە ناوەوە لە دەرەوە، گرمەی کەرخی چەرخ لە لوورەی گورگ جیا دەکاتەوە

(زەنووبیە) لە وشکەڵانێکدا هەڵکەوتووە بە کاریتەی بەرز هەڵبەستراوە و خانووی لە دارخەیزەران و سواڵەتی زینگ سازدراوە... (بوفێمیە) کە تێیدا بازرگانی حەوت وڵاتان لە یەکەم ڕۆژی بەهاران و پاییزاندا کۆ دەبنەوە، کەشتییەک کە بە باری زەنجەفیل و پەمووەوە دەگاتە بەندەرەکە، (زوبەیدە) شارێکی سپی بەر تریفەی ڕوونی مانگەشەو کە جادەکانی وەک بەنی کڵافە بە دەوری خۆیاندا گلۆڵە دەبن، بە شاری (ئیپازییە) هاتم و بینیم باخێکی مانۆلیا ڕەنگی خۆی لە ڕۆیەکی شیندا دەداتەوە بەنێوان پەرژینەکانیشدا کە ڕابووریم، دەمزانی ژنی شۆخ و شیرین دەبینم مەلە دەکەن، بەڵام لە بن ئاوی ڕۆیەکاندا قرژاڵم بینی چاوی مرۆڤی وایان دەخوارد خۆیان بە پەتێک خنکاندبوو. لە ملیان ئاڵابوو و بەردی پێوە بەسترابوو، قژیشیان ڕەنگی قەوزەی گرتبوو، لە (ئیپازییە) دەبێت مرۆڤ سەر بە تەویلە و مەیدانی غاردانی ئەسپدا بکات، بۆ ئەوەی چاوی بە ژنی شەنگ بکەوێت کە بەڕانی ڕووت و پووزی چەکمەپۆشەوە سەرخانەی زین دەکەون، گەنجی بێوارەیش هەرکە لێیان نزیک دەبێتەوە، یەکەوڕاست بەشەغرە گیایان کەڵەکەی بڕمشاریدا دەکێشن و بە مەمکە توندەکانیان سواری هەناسەی دەبن، لە کۆتایی ئەم بەشەدا، ڕستەیەکی سەیر لە بارەی زمانەوە هەڵدەدرێت کە بریتییە لەم دەستەواژەیە زمان نییە مرۆڤ دەستخەڕۆ نەکات، ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی ترەوە سەیری ڕۆمانی شارە نادیارەکان بکەین کە سەرجەم شارەکان بەنێوی ئافرەتانەوە نێوزەدکراون، وەک شاری (زوبەیدە) و (زەنوبیا)، هەروەها ئافرەت لەم تێکستەدا وەک جەستە و هەڵسوکەوت و ڕەفتار بەشێوەی هێماو دیمەن و گرتەی سینەمایی دەردەکەون، بۆ نموونە هەندێک لەم ئافرەتانە بەرانبەر پەنجەرەی ماڵەکانیان وەستاون و قژیان شانە دەکەن، یان لە هەندێک شاری تر داوا لە ڕێبوارەکان دەکەن بێن و بە یەکەوە مەلە بکەن.. لە هەمان کاتدا ژنان لەم شارەدا بەدەم مەلە کردنەوە پیاوان ڕووت و قووت دەکەنەوە. ئەم دیمەنە سێکسی و پۆرنۆیانە بە شێوەی برووسکەیی و وەک گرتەیەکی سینەمایی دەخرێنە ڕوو، زۆرتریش جەخت لەسەر جوانی جەستە دەکرێن، چونکە لە فەلسەفەی پۆست مۆدێرنەدا جەستەی ئافرەت مەڵبەندی جوانییە، لەلایەکی دیکەوە خۆشگوزەرانی و جوانی شارەکان پەیوەستن بە چۆنیەتی ئازادی ئافرەتانەوە، واتە ئەو شارە زەینییانەی کە تێیدا ئافرەت سەربەستییەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، شاری جوان و پڕ لە ئازادی و خۆشگوزەرانین، بۆیە چەمکی خەیاڵ لەم تێکستەدا هەم لە جیهانی مێژوویی شارە دێرینەکانەوە هەڵدەقوڵێت هەم لە حەز و ویست و ئارەزووی تاکەکەسییەوە، ژنانی شارە نەبینراوەکان، چێژی ژیان لە خەیاڵی پڕ لەززەتی سێکسیدا دەدۆزنەوە، لە (ئەرمیللە) چەند شۆڕە ژنێکی باریک خۆیان لەبانیۆدا فێنک دەکەنەوە، یان لەژێر دووشە بەهیچەوە هەڵبەستراوەکاندا دادێنەوە، خۆیان دەشۆن و.. پرچی درێژیان بەرانبەر ئاوێنە شانە دەکەن.. ژنەکان بەدوای ئاوێنەی نوێ و گەمەی نوێ و شێوازی نوێدا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی چێژ لە ئاو ببەن، ئەو ژنە باریکانە بەوەش بەختەوەرن کە بەیانیان گۆرانی دەڵێن و خەڵک گوێی لێیانە، لە شاری (جلوە) کچێک چەترێکی بە شانەوەیە سووری دەدات و سمتە خڕەکەشی لەگەڵیدا کەمێک بادەدات، تازە لاوێک و ژنێکی یەکجار گۆشتن لەژێر تاقەکاندا خۆ لە باران دەپارێزن و گوێ لە ژەنیارەکانی نێو مەیدانەکە دەگرن. شاری (ڤالدرادە) وا دروستکراوە کە هەموو خاڵێکی لە ئاوێنەدا دەربکەوێت، جووتبووانی سەرتاپا ڕووت دەگەوزێن و هەوڵدەدەن ئەوپەڕی چێژ لە یەکدی وەربگرن.

ئیتالۆ کالڤینۆ لەم تێکستەدا زۆرتر کاری لەسەر جوانی جەستە و چێژ و سێکس کردووە، هاوکات لەنێو خەیاڵی مێژووی شارە وەهمییەکاندا حەز و ئارەزوو و بەختەوەری مرۆڤی بە چرکە هەنووکەییەکانی ئێستاوە پەیوەست کردووە. لە هەمان کاتدا کالڤینۆ مامەڵەیەکی ناوازەی لەگەڵ هێما میتۆلۆژییەکانی گریکیدا کردووە، یان بەشێوەیەکی تر ڕوحی ئەفسانە یۆنانییەکان لە بنیادی هەندێ لە شارە زەینییەکان وەک هێزێکی سپی دەگەڕێن و هێزوتێن و جوانی بە فەزای شارەکان دەبەخشن، لە ڕوویەکی دیکەوە خانی تەتەران دەزانێت ئیمپراتۆریاکەی خەریکە وەک کەلاکی بن گۆم دەڕزێت و ئەو قەلە ڕەشانە نەخۆش دەخات کە لێی دەخۆن.. مارکۆ پۆلۆ بە خان دەڵێت: بەڵێ ئیمپراتۆریاکەت دەردەدار و لەوەیش بەو لاوە خەریکە بە ئێشوئازارەکانی ڕادێت (ئۆلیڤیە) هەورێک تەنیی لێ نیشتووە کە بەدیواری خانووەکانییەوە، بەڵام

گیان لە ئۆلیڤیە ڕوو لە ژیانێکی ئازاد و فەرهەنگێکی پاکتاو دەکات، ژنان لە بەلەمی چراخاندا بە کەنارە سەوزەکانی ئاوەڕۆی ڕووبارێکدا دێن، یان هەموو شەوێک کاتێک ژن و پیاو پێکەوە وەک ڕیزێک خەورۆ دێنەوە سەر وشکانی، کەسێک لەنێو تاریکیدا پێدەکەنێت. شاری (سۆفرۆنییە) لە دوو نیوە شار پێکهاتووە، کاتێک ڕێبوار دەگاتە ئەو ناوچەیەی کە (یوترۆپییە) پایتەختیەتی یەک شار نابینێت، بەڵام هەستی ناکاوی ئەو کەسەیە کە دەڕوانێتە (زومرودە) شێوەی شارەکە دادەهێنێت، هەروەها زۆر نین ئەوانەی بتوانن شتێک دەربارەی (ئەگلاورە) بڵێن، دەقی شارە نادیارەکان لێوانلێوە لە خەون و خەیاڵ و وەسفگەرایی، مارکۆ پۆلۆ بە خانی تەتەران دەڵێت ئەو شارەی خەونت پێوە بینیوە شاری (لالەگییە).. (ئۆتاڤیە) شاری تەونە جاڵجاڵۆکەیە، ئەگەر مرۆڤ بە مەڵبەندی (ئێرسیلیە)دا ڕابووڕێت، شارگەی چۆڵ و وێرانی دێتەڕێ، بێ دیوار، چونکە هێزیان لێ بڕاوە، دوو جۆر خوداوەند شاری (لیاندرە) دەپارێزن، لە شاری (مێلانیە) مرۆڤ چاوی بە گەنجە دەسبڵاو و کچە سۆز فرۆشەکان دەکەوێت، شارەکان بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، قوبلای خان سەبارەت بە جوانی تاقەکان دەڵێت: بۆچی باسی بەردم بۆ دەکەیت؟ ئەوەی سەرنجی من ڕادەکێشێت هەر تاقەکەیە، مارکۆ پۆلۆ دەڵێت: بەرد نەبێت تاقیش نابێت، بەڵام قوبلای خان پێی خۆشە مارکۆ باسی شاری ڤینیسی بۆ بکات، کەچی ڤینیس لای مارکۆ لە خەونێکی سپی دەکات و ناتوانێت سەرجەم جوانییەکانی بۆ بخاتە ڕوو، بۆیە بە خان دەڵێت: هەموو جارێک کە باسی شارێک دەکەم، شتێک دەربارەی ڤینیس دەڵێم.. لەم بەشەدا ئیتالۆ کالڤینۆ بابەتێکی شاراوەی زمانی دەورووژێنێت و لە ڕێگەی چەمکی یادەوەرییەوە بابەتەکە دەخاتە ڕوو، «بیرەوەرییەکان هەر کە وشە دەیاننوێنێت لەنێودەچن، دوور نییە سڵی ئەوەم کردبێت کە دەستەو جێ ڤینیسم لە دەست بچێت ئەگەر باسی بکەم، بە دووریشی نازانم لە باسی شاری تردا پارچە پارچە لە دەستم دابێت، دەکرێ ئەم دەربڕینە ئاماژە بێت بە ڕۆڵی وشە و ڕابردووی وشە، واتە هەر وشەیەک کە گۆ دەکرێت یەکڕاست دەبێتە ڕابردوو و خۆی لە ئەمبارەکانی بیرچوونەوەدا دەدۆزێتەوە، ڤینیسیش ئەگەر باسی لێوە بکات چەشنی بیرەوەری و وشە ڕوو لە بیرچوونەوە و بەڕابردوو بوون دەکات. (سمێرالدینە) شارەکەی سەرئاوە، (فیلید)ی شارێکی پڕاوپڕ لە پردە، پردی تاقدار، پردی میچدار، پردی کۆڵەکەدار، نەمامی شەفەلە کە لە شوورەی قەڵایەکەوە سەریان دەرکێشاوە، پەیکەری سێ شاژنی سەر سەرکۆڵێک، (پیررە) یەکێکە لەو شارانە کە ڕێم بۆیان نەبردبوو، وەک ئەو شارانەی کە تەنیا بەناو دەتوانم بیریان بۆ ببەم، وەک یوفراسیە، ئودیلە، مەرگارە، گیتولیە.

شاری ئادێلمە.. پڕیەتی لە خەیاڵی مەرگ، هەر مردوو لە مرۆڤ دیار دەخات، خەونێکە دەمترسێنێت، مارکۆ لەم شارەدا خەیاڵ و یادەوەری دەیباتەوە، کچێک لە بانیژەیەک دانیشتووە، کچەکە بە کچێکی وڵاتەکەم دەچێت کە شێتی کەسێک بوو خۆی بۆ کوشت، مارکۆ پێی وایە ئادێلمە شارێکە مرۆڤ تێیدا بمرێت ئەو مردووانە دەدۆزێتەوە کە جاران ئاشنای یەک بوون، لەم شارەدا هەستی مەرگ بە قووڵی باسی لێوە دەکرێت (بودۆسیە) شارێکە لەگەڵ نەخشی مافوورەکە بەراورد دەکرێت، هەر نەخشێکی مافوورەکە لەگەڵ شوێنێکی شارەکەدا یەک دەگرێتەوە. قوبلای خان هەمیشە پرسیارەکانی کە ئاراستەی مارکۆ پۆلۆی دەکرد ڕابردوو و داهاتووی دەگرتەوە، خان جار جارە کە چێژی لە چیرۆکەکانی مارکۆ وەردەگرت موچڕکی بە لەشیدا دەهات ئەم جارەیان لێی پرسی، کەواتە سەفەری تۆ بەڕاستی سەفەرێکی نێو بیرەوەرییە، پێم بڵێ و بزانم لەسەفەرەکانتدا چی لەگەڵ خۆت بە قاچاغ دەهێنیت، خولیا، بەهرە، لاواندنەوە، شاری (مۆریانە) دەروازە مەڕمەڕەکانی لەبەر تیشکی خۆردا دەبرسکێنەوە، ئەم شارە ڕوویەکی شاراوەشی هەیە، (کلاریس) شارێکە گەلێک جار کاول بووە و گەلێک جاریش سەرلەنوێ گەشەی سەندووە، (یوساپییە) شارێکە خەڵکەکەی کۆپییەکی ژێرزەوینی کتومتی شارەکەی خۆیان سازداوە، تەرمەکان وا وشکەوە کراون کە هەر ئێسکیان ماوە و پێستێکی زەردیان بەسەردا دراوە. کچێک بەکاسەسەرێکی گرژەوە کەلاکی جوانەگایەک دەدۆشێت، زۆربەی خەڵکی (یوساپییە) بە ئاواتی ژینێک دوای مردنن، شاری گۆڕەکان پڕ لە شێرکوژ و دەنگخۆش و بانگکار و کەمانجەژەن و خانمە میر و ژەنەراڵن... ئەرکی مردووەکان بە ڕەبەنان سپێردراوە. ئەم ڕەبەنانە دەڵێن هەر جارێک بۆ یوساپییەی

ژێرخاک شۆڕ دەبنەوە، شتێک دەبینن کە گۆڕاوە.. لە (بیرسەبیە) ئەم ئەفسانەیە بەسەر زارەوەیە کە بیرسەبیەیەکی تر بە ئاسمانەوەیە.. شاری (لیۆنییە) هەموو ڕۆژێک خۆی نوێ دەکاتەوە، مرۆڤی ئەم شارە حەز دەکات بەردەوام چێژ لە شتی نوێ و جیاواز وەربگرێت.

لەم بەشەی ڕۆمانی شارە نادیارەکاندا، زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ شتگەلێکی بێ ژمار دەکرێت، لە کیسە نایلۆنی بریقەدارەوە بگرە تا زبڵ و زار.. هەست دەکەیت (لیۆنییە) یەکێکە لە شارە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان، لێدوان لە زبڵی ڕۆژانە و کەڵەکەبوون و فڕێدانی ئەو زبڵانە بۆشاییەکی زۆری لەم دەقەدا داگیر کردووە.. (ئیرێنی) ناوی شارێکی دوورە دەستی وایە، کە ئەگەر لێی نزیک ببیتەوە، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، (ئارگیە) لە هەموو شارێکی تر جیایە، چونکە لە جێی هەوا، خاکی هەیە، تاریکیش کە دادێت ئەگەر کەسێک گوێ بە خاکەوە بنێت لەوەیە دەنگی دەرگەیەکی بێتە بەر گوێ کە دادەخرێت. (تێکلە) خەڵکەکەی لەسەر هەڵکێشانی سەتڵ و شۆڕکردنەوەی شاوڵ و هاوردن و بردنی فلچەی درێژ دەڕۆن و دەڵێن بۆ ئەوەی کاولبوونی دەست پێ نەکات. کە لە (ترودێ) نیشتمەوە ئەگەر ناوی شارەکەم نەخوێندبایەوە کە بە پیتی هەراش نووسرابوو، وام دەزانی بۆ ئەو فڕۆکەخانەیە گەڕاومەتەوە کە لێیەوە سەفەرەکەم دەست پێ کردبوو.. ئەم شارە چەشنی شارێکی تر کە بینیومە کچان لە پشت جامخانە جوانەکاندا سمت بادەدەن.. لە (ئولیندە)دا شوورەکان فراوان دەبنەوە و گەڕەکە کۆنەکان لەگەڵ خۆیان دەبەن.

قوبلای خان ئەتڵەسێکی هەیە نەخشەی هەموو شارێکی تێدایە، مارکۆ پۆلۆی گەڕۆک، شارەکان دەناسێتەوە، کۆستەنتینە، سەمەرقەند و باخەکانیشی قودس لەسەر سێ چیای بڵند.. ئەریحا، ئوور، کرتاج... ڕووباری مەندەریس.. کە کەشتی ئاخایەکان دە ساڵی تەواو لەم ڕووبارە بوون. تا ئەسپە دارینەکەی ئۆدیسە بە دەروازە بڵندەکەیدا کێشرایە نێو شارەکە، هەموو شارێک بۆ نموونە (لاودۆمییە) شارێکی تری لە شانە کە خەڵکەکەی هەر هەمان ناویان هەیە، دەق لەم بەشەدا بە درێژی لە کاتژمێری لم دەدوێت کە چۆن دەنکە لم دەخزێنە خوارەوە کە (پیرینزییە) بنیاد نرا بۆ ئاوەدانکردنەوەی نەتەوەی جۆراوجۆر ڕوویان تێ کرد. مارکۆ پۆلۆ بەدەم سەفەرەکانییەوە هەموو ساڵێک لە (پرۆکۆپییە) وچانێک دەدات و لە هەمان میوانخانە و هەمان ژوور دادەبەزێت، بەڵام ژیان لە (ڕایسە) خۆش نییە، خەڵکەکەی بە جادەکاندا دەڕۆن و دەست بادەدەن، (ئاندرییە) شارێکە بە شێوەیەکی هونەری سازدراوە، هەر ئاڵوگۆڕێک لە (ئاندرییە) ڕوو دەدات، گۆڕانێک لەنێو ئەستێرەکانیشدا بەرپا دەکات.

مارکۆ پۆلۆ لە (سیسیلییە) بە بزنەوانێک دەڵێ چۆنە وا شاری سیسیلییەی برەو بردوو نا ناسیتەوە. لە (مارۆزییە)... باس لە شاری مشک و شاری پەرەسێلکە دەکرێت، شاری (پێنتێسیلییە)ت شاری پڕاوپڕ لە ساختمان، شاری (تیۆدۆرە) داگیرکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها ئەتڵەسەکەی قوبلای خان نەخشەی شاری وای تێدایە کە مرۆڤ تەنیا لە ڕێگەی بیر و زەینەوە سەری لێ داون و جارێ نەدۆزراونەتەوە. ئەتلانتسی نوێ، یوتوپیا، شاری خۆر، ئوسیانا، تانۆی، هارمۆنیا، نیولا نارک، ئیکاریا، ئەم ڕۆمانە زۆرتر کاری لەسەر پارادۆکس و گێڕانەوە و وێنە و دیمەن و گرتەی سینەمایی و کردەی کورتە دیالۆگ و وەسفگەرایی کردووە. تێیدا خەون و خەیاڵ و ئەفسانە و کولتووری مێژوویی ئاوێتەی یەکدی دەکرێن و شارە نەبینراوەکان بە هەردوو دیوی جوانی و دزێوی زیاتر لە پانتاییەکانی زەیندا دەردەکەون و گەشە دەکەن. فراوان دەبن و هەندێکیشیان لەنێو دەچن. چەمکی شار لای ئیتالۆ کالڤینۆ، بەتایبەتی لەم ڕۆمانەدا مەڵبەندی ژیان و جوانی و شارستانییەتە، هاوکات شوێنگەی پڕ لە ژاوە ژاو و زبڵگەی پاشماوەی شتگەلەکانە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر چەمکی ئازادییە، لەو شارانەی کە مرۆڤ تێیدا هەست بە ئازادی دەکات، تێیدا ئافرەتان گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن، داوا لە پیاوان دەکەن ژیانێکی پڕ ئیرۆتیکی بەسەر بەرن، دەقی شارە نادیارەکان، دەکرێت زۆرترین خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

**سەرچاوە:**
**شارە نادیارەکان: ڕۆمان.**
**ئیتالۆ کالڤینۆ «١٩٢٣– ١٩٨٥».**
**وەرگێرانی لە سوێدییەوە: حەسەن نوور.**
**کتێبی ئاراس، ژمارە ١٠٨٣.**
**چاپی یەکەم/ ٢٠١٠.**
**چاپخانەی ئاراس– هەولێر.**
**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.**

# نامەی ئەڵماس خان بۆ میرزا شەفیعی کولیایی و وەڵامەکەی میرزا شەفیع

ئا: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)
(کەلار)

لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی کلاسیکیدا کاتێک باس لە نالی و سالم و کوردی دەکرێت، ناویان بە سێ کوچکەی بابان ناو دەبرێت، بەڵام لەناو میرنشینی ئەردەڵاندا پێش نالی و سالم و کوردی سێ کوچکەیەکی دیکە هەبوون، بەداخەوە تا ئێستا کەس بەو شێوەیە ناوی نەبردوون، تەنیا نالی و سالم و کوردی کراونەتە جێی سەرنج، ئەو سێ شاعیرەیش بریتین لە: خانای قوبادی، میرزا شەفیعی کولیایی، میرزا ئەڵماس خانی کەنووڵەیی، ئەم سێ شاعیرە هاوتەمەنی یەکتر بوون و پێش نالی و سالم و کوردی ژیاون.

لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا کەم جار ئاوڕ لە نامە شیعرییەکان دراوەتەوە و بەشێوەیەکی ئەدەبی و ئەکادیمی لێکدانەوەیان بۆ کراوە، بایەخ و گرنگی نامە شیعرییەکان بە شێوەیەکی تایبەتی باسی لێ ناکرێت و کەم ئاوڕدانەوەش لەم بابەتە، لە ئەستۆی نووسەران و لێکۆڵەرانی کوردە، پێویستە ئەمڕۆ ئاوڕی تایبەتی لێ بدرێتەوە، چونکە ئەم نامانە کۆمەڵێک نهێنی و خاڵی تایبەتی ژیانی شاعیرانی تێدایە، هەر بۆیە بەندە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت هەرچی نامەی شیعری هەیە لەنێو ئەو دەستنووس و بەیازانەی کە لە کتێبخانەکەمدایە، ڕێنووسیان بکەم و بیانخەمە بەر دیدەی خوێنەرانی شیعری کوردی و لێکۆڵەرانی لێ بە ئاگا بکاتەوە و چیدی ئەم لایەنە فەرامۆش نەکرێت، ئەگەر بشکرێت نامەی ماستەر و دکتۆرای لە سەر بهێنرێت.

نالی و سالم و کوردی هەندێک نامەی تایبەتی لە نێوانیاندا هەبووە، ئەم سێ شاعیرەی ناو میرنشینی ئەردەڵانیش بە هەمان شێوە هەندێک نامەی تایبەتی لە نێوانیاندا هەبووە، تا ئێستا هەندێکی کەمیان دەستکەوتوون، بەڵام ئەوەندە هەیە لە نامەکانی نێوان نالی و سالم و کوردی زۆرترن، ئەمەش بەڵگەی ئەوە نییە ئەمان لەوان نامەی زیاتریان بۆ یەکتری ناردووە، یان ئەمان لەوان زیاترن، بە پێچەوانەوە، ئەمان ڕیچکەیەکیان گرتووە و ئەوانیش ڕێچکەیەکی دیکەیان گرتووە، هەر یەکەیان لە ڕێبازی خۆیدا ئەسپی خۆی تاوداوە، هەر یەکەیان مەبەستێکی تایبەتی هەبووە، ئەمەش بۆ لێکدانەوەی ژیان و بەرهەمەکانیان کەڵکی تایبەتی دەبێت، هەروەها بۆ سەردەم و کاتی خۆی لە مێژوویاندا گرنگی تایبەتی دەبێت و هەیە.

لە کۆی ئەو نامانەی کە دەست من کەوتوون لە شیعری شاعیرانی خانای قوبادی، میرزا شەفیعی کولیایی، میرزا ئەڵماس خانی کەنووڵەیی، بایی ئەوەن کە لە کتێبێکی تایبەتیدا هەموویان لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، چاپ بکرێن.

هەروەها ئەو نامانەی لەنێوان ئەم سێ شاعیرەدا هەیە، بەم شێوەیە: نامەی خانای قوبادی بۆ میرزا شەفیع و وەڵامی میرزا شەفیع بۆ خانای قوبادی و بە پێچەوانەوە، نامەی میرزا شەفیع بۆ ئەڵماس خانی کەنوولەیی و وەڵامی ئەڵماس خانی کەنوولەیی... بە پێچەوانەشەوە.

تا ئێستا نامەی نێوان خانای قوبادی و ئەڵماس خانی کەنوولەیی دەرنەکەوتوون و دیار نین، ناشکرێت ئەم سێ شاعیرە دیارە لەناو میرنشینی ئەردەڵاندا، بەتایبەتی خانای قوبادی و ئەڵماس خان نامەیان بۆ یەکتری نەبێت.

لە دیوانی (خانای قوبادی)دا هەندێک نامەی میرزا شەفیع و (خانای قوبادی)م بڵاو کردەوە، بۆ دیوانی (میرزا ئەڵماس خان)یش هەندێک نامەی (میرزا شەفیع و ئەڵماس خان)م دەستکەوتووە، لەم دەرفەتەدا نامە شیعرییەکانیان بە هەندێک باسوخواسەوە بڵاو دەکەمەوە، بەو هیوایەم لە دیوانی ئەم سێ شاعیرەدا هەموو شیعرەکان جێگەی خۆیان بگرن و نووسەران و لێکۆڵەرانی مێژووی ئەدەبی کوردی بە جددی ئاوڕی لێ بدەنەوە و بیاننرخێنن.

ئەڵماس خان و ڕەزا خانی باوکی خاوەنی سوپایەکی گەورە بوون و پاڵپشتی نادرشای ئەفشاریان کردووە، ئەم کوڕ و باوکە خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمن، بێجگە لە دیوانە شیعر، هەندێک داستانیان هەیە، ئەڵماس خان خۆی وەک شاعیر ناسێنراوە، بەڵام باوکی تا ئێستا چ وەک شاعیر و باوکایەتیش بۆ ئەڵماس خان ناوی نەبراوە، بێجگە لەوەش ناوی لە ڕیزی ئەو کەسانەدا نەهاتووە کە هاوکاری سوپای نادر شایان کردووە.

کاتێک ئەڵماس خان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ تۆپاڵی عوسمانیدا شکست دەخوات، نادرشا لێی زویر دەبێت و لە بەندیخانەیەکی شاری تاراندا بەندی دەکات. لەم سەروبەندەدا کۆمەڵێک نامەی شیعری بۆ میرزا شەفیعی هاوەڵی دەنووسێت، بە داخەوە هەندێک لە نامە شیعرییەکانی کاتی خۆی بڵاوکراونەتەوە، بەڵام بە کەمی و بە جیاوازی زۆرەوە لەگەڵ دەقەکانی بەردەستی ئێمەدا.

ئەم نامەیەی لێرەدا دەیخەینە ڕوو، یەکێکە لەو نامانەی کە ئەڵماس خان بۆ میرزا شەفیع لە بەندیخانەدا نووسیویەتی. لەم نامەیەدا ڕوون و ئاشکرایە کە ئەڵماس خان زۆر لە خۆی بێ تاقەت و بێزار بووە، داوای لە میرزا شەفیع کردووە کە بەوەوە شادە، لەلای هەمووان ئاشکرایە کاتێک کە مرۆڤ بێ تاقەت و بێزار دەبێت، هەندێک کەس هەن کە خەمڕەوێن و مایەی شادین بۆ کەسی خەمبار، ئیتر ئەو کەسە پیاو بێت، یان ژن، جیاوازی نییە، لێرەدا میرزا شەفیع هاوڕێ و خۆشەویستی ئەڵماس خان، ئەو کەسەیە کە دەبێتە مایەی شادی بەخشین بە دڵی ئەڵماس خان لە بەندیخانەدا، چونکە میرزا شەفیع خاوەنی پلە و پایەی تایبەتی بووە لەناو میرنشینی ئەردەڵاندا.

وەک لە سەرەتای شیعرەکەدا ئەڵماس خان دەڵێت:

**خاتر شادەنی، خاتر شادەنی**
**میرزام شادی تۆ، خاتر شادەنی**
**سەر لە سەودای دەرد، سەر ئازادەنی**
**خاتر بێ ئازار، غەم وە بادەنی**

دوای هەندێک لەو ئازار و مەینەتی و دەرد و خەم و ئێشوژانانەی دەردی خۆی کە باسی دەکات، دەڵێت میرزا شەفیع تۆ شادیت و من بەتۆوە شاد دەبم، تۆ مایەی شادیت بۆ من، هەرچی ئێشوئازار و خەمم هەیە، بە تۆ سارێژ دەبێت... ئەڵماس خان لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا دەڵێت:

**میرزام موئنیسم، من گاز مارەن**
**سەفایی سەفام، شیرینیش خارەن**
**میرزام شادتەر، شادیت وە بەختەن**
**(ئەڵماس) گرفتار، عەزابی سەختەن**

میرزا شەفیعی کولیاییش لە وەڵامی ئەڵماس خاندا دەڵێت:

**ئیرشادم نامەت، ئیرشادم نامەت**
**دڵ شاد بی بە شەوق، نزوول نامەت**
**نامەی عەتر ئامێز، شەککەرین خامەت**
**پەرێ سەر وەشی، خەم کەردم قامەت**

وەک دەبینین میرزا شەفیع کاتێک نامەکەی ئەڵماس خانی پێ دەگات، چەند بە دڵتەنگی و ئێشوئازاری ناوەوەی ئەڵماس خان دەزانێت و بێ تاقەتی دەکات، وەک لە ئایینی ئیسلامدا هاتووە، ئێشوئازاری خەڵکی، ئێشوئازاری خۆتن، میرزا شەفیعیش هەمان هەستی دەبێت، ئێشوئازار و مەینەتییەکانی ئەڵماس خان تەواو بێ تاقەتی دەکات، هەر بۆیە بەو شێوەیەی سەرەوە دەست بە نووسینی نامەکەی دەکات و وەڵامی ئەڵماس خان دەداتەوە.

**کەس نییەن چوون من مەلوول دەرد بۆ**
**گرفتار دەرد، هەناسەی سەرد بۆ**
**تومەز تۆ دەردت لە من بەتەرەن**
**زامت جە زامان من، خەتەر تەرەن**
**بەڵێ، تۆ ئەر سەد دەوات جە سەرەن**
**بەس نییەن ئاسار کارت دیارەن؟!**

میرزا شەفیع لەناو نامەکەیدا بە ئەڵماس خان دەڵێت: کەس وەک من گرفتاری دەستی دەرد نەبووە و هەناسەی سارد و مەلوول نییە بە دەستی ئێش و دەردەوە، تومەز تۆ

له من زیاتر دەردەداری و زامت له زامی من خراپتره، بەڵێ ئەگەر تۆ دەوات به من بێت و دیاره، بەس نییه تۆ دەوات هەیه و کارەکەت دیاره. دیاره لێرەدا ئاماژەیه بۆ شکست خواردنی ئەڵماس خان له جەنگی تۆپاڵی عوسمانیدا، ئەمەش سەره داوی ئێشوئازارەکانی ئەڵماس خان بووه، بۆیه میرزا شەفیع پێی دەڵێت: تۆ هۆکاری ئێشوئازار و دەردت دیاره، بەڵام من هیچ شوێنەوارێکم نییه و ناشزانم بۆچی بێ تاقەت و دەردەدارم؟!

له جێگەیەکی دیکەدا میرزا شەفیع دەڵێت:

**نه ئێڵ، نه تاجیک، نه عەرەب، نه ڕۆم**
**کەس هامسام نییەن، سیوای جوغد بۆم**
**نه دەنگ هامدەم، ساحێب هۆشێوەن**
**نه ڕازی ڕەفیق، دوڕ فرۆشێوەن**
**هامنشینم سەنگ سەر دیارانەن**
**تەکیەی باڵینم، پێچ مارانەن**
**هەر یەند هووناوان، تەنیاییم وەردەن**

لەم چەند بەیتەشدا میرزا شەفیع دەڵێت: نەئێڵ و هۆز و عەرەب و ڕۆم، کەس هاوسێم نییه، تا خەم و خەفەتم هەبێت، ئێستاکه دەنگی هاودەم و خاوەن هۆش بێت و نه ڕەزابوونی برادەری دوڕ فرۆشێک، هاونیشنم بێت، بەڵام هاونشینی من ئێستاکه هاونشین و سەری له سەر بەرد دیاره، ئەمەش دوو مانای هەیه، دەتوانرێت ماناکەی بۆ میرزا شەفیع و بۆ ئەڵماس خانیش دابنرێت، هەردووکیان دوور له یەک سەریان له سەر بەرد داناوه و دیاره....

له کۆتاییدا میرزا شەفیع دەڵێت:

**میرزام خاسەن، نام شادیش مەنزوورەن**
**(شەفیع) وه شادی، سەد فەرسەخ دوورەن**

میرزا شەفیع دەڵێت: میرزا، وشەی میرزا ئاماژەیه بۆ میرزا ئەڵماس خان، باشه ناوی شادی تۆ پەسەند کراوه و دیاره، شەفیع به شادی تۆ سەد فەرسەخ دووره، یەک فەرسەخ دەکاته یەک ڕۆژه ڕێ، واته: سەد ڕۆژه ڕێ من له شادی تۆوه دوورم.

**نامەی ئەڵماس خان بۆ میرزا شەفیعی کولیایی**
**خاتر شادەنی(١)**
**خاتر شادەنی، خاتر شادەنی**
**میرزام شادی تۆ، خاتر شادەنی**
**سەر له سەودای دەرد، سەر ئازادەنی**
**خاتر بێ ئازار، غەم وه بادەنی**
**نەک چوون من پابەند، بەند بەڵانی**
**مورغ ئاسای قەفەس، قەعر قەڵانی**
**چێش واچوون میرزام له وەسواسەی دەرد**
**سەوداییم له دەور، هەناسان سەرد**
**سمکۆی سیاسەت، سامانم سا کەرد**
**خەزای خەزانم، باد فەنا بەرد**
**خان خاترم، خار خەیاڵەن**
**شکۆفەی شادیم، سمکۆی مەساڵەن**
**بازاڕ بازی، بەختم بەتاڵەن**
**زووخ زامەتم، زاخ زووخاڵەن**
**وه ئاهیر وەیلان، ویرانەن ماڵەن(٢)**
**پەیکانم پەرداخ، بورج شاباڵەن(٣)**
**زار و زگاریم، زوڵم زەواڵەن**
**حاڵم حاڵ حاڵی، پەشێوم حاڵەن**
**دەرک دەروازەی دەروونم تاقەن**
**دەفتەرخانەی فام، فەردم ئەوراقەن**
**مەندەی مەینەتی، ماوام مەزارەن**
**قووتم قلیان، قنیاتم ژارەن**
**میرزام موئنیسم، من گاز مارەن**
**سەفایی سەفام، شیرینیش خارەن**
**میرزام شادتەر، شادیت وه بەختەن**
**(ئەڵماس) گرفتار، عەزابی سەختەن**

**وەڵامی میرزا شەفیعی کولیایی بۆ ئەڵماس خانی کەنووڵەیی**
**ئیرشادم نامەت(٤)**
**ئیرشادم نامەت، ئیرشادم نامەت**
**دڵ شاد بی به شەوق، نزوول نامەت**
**نامەی عەتر ئامێز، شەککەرین خامەت**
**پەرێ سەر وەشی، خەم کەردم قامەت**
**مەزموونش فامام، فام بەرشی جه سەر**
**دڵ کڕیا وه نار، شەرارەی شەرەر**
**تاقەتم تاق بی، ئەسرم ئەسەردایم(٥)**
**سۆز گریانم دەست، جه دەم وەردایم**
**مەعلووم ڕاگەی عورفی ئیسبات بۆ**
**مەکشوف زەمیر، لاڵ شوناسات بۆ**
**جه قەدیم بییەن، نەک ڕۆژ ئارۆ**
**کەس جه دەرد کەس، خەبەر نه دارۆ(٦)**
**سیڕ نەبی دەر خەیا، مامام نه دڵدا**
**شینم نەگێجاو بەحر موشکیڵدا**
**شۆرەتم نه موڵک چوارگۆشەی مەسکوون**
**نەزیر سایەی چەرخ نیلی گوون**
**کەس نییەن چوون من مەلوول دەرد بۆ**
**گرفتار دەرد، هەناسەی سەرد بۆ**
**تومەز تۆ دەردت له من بەتەرەن**
**زامت جه زامان من، خەتەر تەرەن**
**بەڵێ، تۆ ئەر سەد دەوات جه سەرەن**
**بەس نییەن ئاسار کارت دیارەن؟!**

**هەر سوب چەنی جوق نامی جوانان**
**مەشی وە پابۆس، پایتەخت خانان**
**خوار بۆ ئەر جە شەست کەڕەنای شێر دەنگ**
**واژەی خوان، تەلار قەسر قەیسەر ڕەنگ**
**زیلەی زیلوبەم، نەغمەی سۆز ساز**
**دەبدەبەی دەهۆڵ، دەنگ تەپڵی باز**
**سەدای سینەی کۆس، زەڕەی سنج زەرد**
**جەو مینای تەبیعەت، هۆر مەگێرۆ گەرد**
**گاهێ هامدەمی ئەرەستۆ فامان**
**گاهێ هام ڕیکاب، غیلمان غولامان**
**گا مەعرەکەی بەزم، تەکیەی دەروێشان**
**گا مەسمووع وە حەرف، مەدرەسەی نیشان**
**گا شیحەی ئەسپان، سەف ئارای قۆشەن**
**ئایینەی دینت پەی مەبۆ ڕەوشەن**
**گا مەشی وە سەیر، گوڵان گوڵزار**
**سەرئەفراز مەبی، جە یار ئازار**
**من خۆ هەر جە زوو، هامگرۆی خەم بیم**
**سمکۆی جەولانکەی سوپای ستەم بیم**
**شێر والیدەی مەینەتیم وەردەن**
**دایان عەزاب، پەروەردەم کەردەن**
**تەعلیم وەردەی دەست ئەڵڵا و خەیاڵم**
**مەریخولخارج، ئامان وە فاڵم**
**بەرگ سەرپارچەی هیجرانم پۆشان**
**سەد نەوبەت، سەد جام، زووخاوم نۆشان**
**هەر یەند جەور دەور غەدارم دییەن**
**گاگا نام وێم، جە یادم نییەن**
**جەفای بێ سەفای غەریبیم کێشان**
**جەرگم وە سەر نێش، خار وە نێشان**
**ئیستە یاگەم جە یاگە کەردەن**
**جە قەدیم ئینسان پەیدا نە ویەردەن**
**نە ئێڵ، نە تاجیک، نە عەرەب، نە ڕۆم**
**کەس هامسام نییەن، سیوای جوغد بۆم**
**نە دەنگ هامدەم، ساحێب هۆشێوەن**
**نە ڕازی ڕەفیق، دوڕ فرۆشێوەن**
**هامنشینم سەنگ سەر دیارانەن**
**تەکیەی باڵینم، پێچ مارانەن**
**هەر یەند هووناوان، تەنیاییم وەردەن**
**وێم دییەن دێوان، جە سام سڵ کەردەن**
**هەر شوکرانەم وەی گشت دەردەوە**
**وەی ئاخ پڕ داخ، ئاهی سەردەوە**
**میرزام ئەمانەن، ئەمانەت فەرزەن**
**دوور لە تۆ، ئەر سەد فیغانم بەرزەن**
**سەبر سەبووری، بکەر وە پیشە**
**جە جەفای دەوران، دڵگیر مەنیشە**
**وادەی وار خەم، تۆ بێ دادتەن**
**(.....................)(٧)**
**تا بدییە نە ڕاد، نەرد جەهان باز**
**ڕاگەی شەش دەرت، کەی مەکەرۆ واز**
**میرزام خاسەن، نام شادیش مەنزوورەن**
**(شەفیع) وە شادی، سەد فەرسەخ دوورەن**

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- ئەم شیعرەم لە کەشکۆڵی (ئەحمەد نیلی) وەرگرتووە، ئەم کەشکۆڵە شیعری شاعیرانی ماچۆ گۆیانی تێدایە و ناوی هیچ کەسی بەسەرەوە نییە، بەڵام لە لاپەڕە (١٠)یدا لە دامێنی شیعرەکەدا لە جێگەیەکدا بەخەتێکی جیاوازی تێکەڵاوی ناخۆش نووسراوە: ئەحمەد نیلی ١٨ ئەحمەد نیلی ١٣٣١، هەروەها لە هەندێ دەستنووسدا وشەی میرزاش هاتووە، شاعیرەکەی بێ ناوونیشانە، بەڵام لەناو ئەو بەیاز و کەشکۆڵانەی من دیومن و لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نووسراونەتەوە، نازناوی میرزا لە چەند کەشکۆڵ و بەیازێکدا دەبینرێت، لەم دەستنووسەشدا نووسەرەوەکەی لەسەر ئەم پارچە شیعرە هیچی نەنووسیوە، بەڵام دواتر بە خەتێکی تازە نووسراوە ئەڵماس خان، ئەم شیعرەش لە نێو نووسەران و ئەدیباندا بەناوبانگە کە هی کێیە، پاش ئەم پارچە شیعرە (میرزا شەفیعی کولیایی) بە پارچە شیعری (ئەر شادم نامت...)، وەڵامی ئەڵماس خان دەداتەوە، ئەویش دووبارە بە پارچە شیعرێک وەڵامی دەداتەوە، دواتریش میرزا شەفیع وەڵامی دەداتەوە.

٢- لە دەستنووسەکەدا بەو شێوە نووسراوە و هەندێک نیوە بەیتەکەی لەنگ کردووە، بەڵام وا بزانم (وێرانەن ماڵم) ڕاستتر بێت.

٣- لە دەستنووسەکەدا ئەمەش نووسراوە (شاباڵەن)، وا بزانم بەیتەکە بەم شێوەیە ڕاستترە بنووسرێت:

**وە ئاهیر وەیلات، ویرانەن ماڵم**
**پەیکانم پەرداخ، بورج شاباڵم**

٤- لە کەشکۆڵی ئەحمەد نیلی وەرگیراوە.

٥- لە دەستنووسەکەدا ئەم (یم)ـەی لە بیر کراوە.

٦- لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئەو دوو پەندە کوردییەی کە دەڵێت: (سەد حەکیم لە دەردی دەردەدارێک نازانێت)، یان دەڵێن: (سکی تێر ئاگای لە سکی برسی نییە).

٧- ئەم بەیتە لە خوار بەیتی پێشووەوە نووسراوە، بەڵام تەنیا نیوە بەیتی یەکەمی نووسراوە و ئەوی دیکەیان لەبیر کراوە.

# وتاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە سیمیناری ۲۰۰ ژمارەی گۆڤاری ڕامان دا

**(زیرەک کەمال نوێنەری بەڕێزیان خوێندییەوە)**

ئامادەبووانی بەڕێز..

ئەدیبان و نووسەرانی خۆشەویست..

ئەم کاتەتان باش.. هیوای کامەرانی و سەرفرازیتان بۆ دەخوازین..

سەرەتا خۆشحاڵی خۆمان بۆ سازدانی ئەو ڕێوڕەسمە دەردەبڕین، کە تایبەتە بە دەرچوونی (۲۰۰) ژمارەی گۆڤاری ڕامان، هەروەها پڕ بەدڵ بەخێرهاتنی گەرمی ئەو ئەدیب و شاعیر و نووسەرە خۆشەویستانە دەکەین کە بە مەبەستی بەشداری کردن لەو سیمینارەدا، لە ئەوروپا و قیرغیزیا و پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە تەشریفیان هێناوە بۆ شاری هەولێر، پایتەختی کوردستان و شاری هەموان، هیوادارین هاتنی ئەو ئازیزانە بۆ ئەم سیمینارە ببێتە مایەی زیاتر گەشەپێکردنی ڕۆشنبیری و زیاتر خزمەت کردن بە بزاڤی ئەدەبی گەلەکەمان لە هەموو ڕوویەکەوە، هەروەها لە شوێنی خۆیەتی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو چالاکییە دەست خۆشی لە کاک ئازاد عەبدولواحیدی سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان و ستافی ئەو گۆڤارە بکەین بۆ سازدانی ئەو ڕێوڕەسمە، کە بێ گومان خزمەتێکی تری ئەوانە بە زمان و ئەدەبی کوردی، چونکە چالاکی ئەدەبی لەم شێوەیە هەم پێوەندی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ڕۆشنبیریی نێوان ڕۆشنبیران زیاتر دەخاتە حاڵەتی پتەوکردن و نوێبوونەوەوە، هەم توانایی و بەهرەکانیشیان لە دیالۆگی ڕاستەوخۆدا زیاتر بەرجەستە دەکات.. هەر بەبۆنەی گەیشتنی کاروانی گۆڤاری ڕامان بە (۲۰۰) ژمارە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرنووسەر و ستافی بەڕێوەبردنی ئەو گۆڤارە دەکەین، بەهیواین ئەو یادە ببێتە مایەی زیاتر گەشەپێکردنی گۆڤارەکە لە هەموو ڕوویەکەوە.

ئامادەبووانی بەڕێز..

حکوومەتی هەرێمی کوردستان شانازی بەوەوە دەکات کە لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ئاداری ۱۹۹۱ هاوشانی بەدەستهێنانی چەندین دەستکەوتی نیشتمانی و نەتەوەیی، دواتر بنیادنانی ئەزموونی حوکمڕانی خۆی، بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیش گەشەو بەرەوپێش چوونێکی گەورە و بەرچاوی بەخۆوە بینی و لەسایە و سێبەری ئەو ئەزموونەو لەسەر دەستی ئەدیبان و شاعیران و نووسەران و ڕۆژنامەوانان هاوشانی دۆخی نوێی سیاسی، قۆناغێکی نوێش لە ژیانی ڕۆشنبیریمان دەستی پێکرد، کە دەکرێت گۆڤاری ڕامان وەک یەکێک لە سیماو ڕوخسارە دیارەکانی ئەو قۆناغە سەیر بکرێت.

ئەو گۆڤارە لە (۲۰۰) ژمارەی خۆیدا توانیویەتی خزمەتێکی گەورە بە ئەدەب و زمان و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی کورد بگەیەنێت و بەشدارییەکی کارا و کاریگەر بکات لە فراوان کردنی ئاسۆی ڕوانین و بیرکردنەوە و پێشخستنی کولتووری گەلەکەمان.

لەو (۲۰۰) ژمارەیەی گۆڤاری ڕامان دا دەیان و سەدان نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندی گەورە و دیار و کاریگەری گەلی کورد، بەدەق و بابەتە زیندوو و بەپێزەکانیان بەشدارییان تێدا کردووە، لە پاڵ ئەوانیشدا گۆڤاری ڕامان یەکێک لەو گۆڤارانەیە کە نەوەی نوێی دوای ڕاپەڕین بە فراوانترین ژمارە و شێوە، بەشداریی تێدا کردووە و گۆڤاری ڕامان پرۆڤەی

پێکردوون و هانی داون بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی توانایی ڕۆشنبیری و بەهرەکانیان، بۆیەش دەبینین بەشێک لەو ئەدیب و نووسەرانەی کە ئێستا نووسینەکانیان بەرچاوە و داهێنانی تێدا دەکرێت، سەرەتا لە گۆڤاری ڕامانەوە دەستیان پێکردووە و چاویان هەڵێناوە.

لایەنێکی تری گەشی گۆڤاری ڕامان ئەوەیە کە لە بەشی هەرە زۆری ژمارەکانی خۆیدا، نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستانی لەچوارچێوەی خۆیدا کۆکردووەتەوە و بەبێ جیاوازی لاپەڕەکانی بۆیان واڵا کردووە، لەمیانی ئەمەشدا ڕامان داهێنان و دەقی زیندووی کردووەتە تاکە پێوەری بڵاوکردنەوەی بابەتەکان، نەک پێوەری دی.

شانازییەکی تری گۆڤاری ڕامان لەمێژوودا ئەوەیە، لەو کاتەوە کە دۆخی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا بە ئاراستە نەرێنییەکەی واقعێکی تاڵ و لێکترازانی دروست کردبوو، ئا لەو کاتەشدا گۆڤاری ڕامان لە ڕێگای واڵاکردنی لاپەڕەکانی خۆی بۆ هەمووان، بەبێ




ڕەچاوکردنی هێماو ئینتیمای حزبی و سیاسی بەشدارییەکی سەربەرزانەی کرد لەوەی ترازانی سیاسی نەبێتە هۆی ترازانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و لەچوارچێوەی هێڵە گشتییەکاندا یەکێتیی نەتەوەیی و کوردستانی بوونی هەمووانی پاراست.

ڕامان لە بواری وەرگێڕانیشدا ڕۆڵێکی کارامەو بەرچاوی بینیوە، لەم گۆڤارە و لە چەندان ژمارەیدا شیعر و چیرۆک و بابەتی مێژوویی و هەمەجۆری وەرگێڕاو لە زمانەکانی بیانی بۆ سەر زمانی کوردی دەبینین، بەم کارەش ڕامان پردی بەیەکەوە بەستنەوەی کولتوور و زمانی کوردی بە زمانی گەلانی دیبیەوە پتەوتر کرد، چونکە توانی لە ڕێگای پرۆسەی وەرگێڕان بەشێک لە ئەدەب و فەرهەنگی زیندووی عەرەب و تورک و فارس و زمانەکانی تر بهێنێتە سەر زمانی شیرینی نەتەوایەتیمان.

ئێمە لەو یاد و بۆنەیەدا جارێکی تر پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی بەڕێوەبەر و ستافی گۆڤارەکەو سەرجەم ئەدیبان و نووسەران و خوێنەرانی گۆڤاری ڕامان دەکەین، هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەینەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتی کردنی زانست و ئەدەب و هونەری کوردی، بەهیوایین گۆڤاری ڕامان وەک هەمیشە هەر گۆڤار و مینبەری هەمووان بێت.. تەمەن درێژی و بەردەوامی ئەو گۆڤارە، لەسەر ڕێگای خزمەت کردنی زیاتر بە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بە ئاوات دەخوازین.(*)

**(*) ئەم وتارە لە سیمیناری (٢٠٠) ژمارەی ڕامان، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/١٤ خوێنرایەوە کە لە هۆڵی پێشەوا بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ڕامان سازی کردبوو.**




ڕەخنە، لە هەموو ئانوزەمانێکدا، دایەنگەی ئەدەب و دەنگی نەبیستراوی شاعیر و پێوەری بۆرسەی بازاڕی شیعرە. قەڵەمی ڕەخنەگریش شمشێرێکە بۆ سەندنەوەی مافی شیعر، یان بۆ پەڕاندنی سەری خاوەنەکەی، ئەگەرچی ئاریشەی ڕەخنەی شیعری کوردی نەخۆشییەکی زگماکی ئەدەبەکەمانە، وەلێ لە هێندێ قۆناغیدا - وەک حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو - هەیبەت و ویقارێکی بەرچاوی بە ئەدەبەکەمان بەخشیبوو، بە تایبەتیش شیعر.

مەخابن، لە دوای ڕاپەرینی (١٩٩١)ەوە ڕەخنەی شیعری کوردی شەپرە لێیداوەو بە حاڵەحاڵ ناوە ناوە دەست دەکوتێ و سەر بە ماڵی شاعیرێک دادەگرێ. سەرەڕای ئەو هەموو بگرەوبەردەیەی دامودەزگا ئەدەبییەکان و کۆڕ و دیدار و دەهۆڵ و زوڕنای کەسانی پسپۆڕ، ڕەخنەی شیعری کوردی، بە بەراورد لەگەڵ هاوشانانی خۆی لە زۆر نەتەوەی تردا، هەژار و کڵۆڵ و کەساسە. گرفتەکە ئەوەندەی لە هەیکەلی خودی ڕەخنەدایە، هێندە لە زاتی شیعردا نییە، چوون شاکاری بەرچاومان هەیە، هەرچەندە دەبێ ڕەخنە بچێتە سەر سفرەی ناشاکارەکانیش.

لە ڕاستیدا شاعیرانی کورد، ئەمڕۆ، لە تەنگژەیەکی دەروونی خۆخواردنەوەدا دەژین. دڵنیانین کە چاوەکانی غەیری خۆیان بە چ ڕەنگ و ڕوخسارێکەوە ئەوان دەبینن و هەمیشە بە گومانەوە لە پێگە جوگرافییەکەی خۆیاندا لە هەرێمی شیعر دەڕوانن و ناحەقیشیان ناگرم. ئەوان دەپرسن:

بۆ دەبێ ڕەخنەگرەکانمان هێندە زەلیلی سەربەسەری و خزم خزمێنەو عەشیرەتگەری و سفرە و خوان بن؟ بۆ دەبێ میتودە شێوێنراوەکانی ڕەخنە بەزۆر بپەسترێنە نێو قورگی بەرهەمەکانیانەوە، لە کاتێکدا لەبەر ناشارەزایی کاکی ڕەخنەگر، میتود و بەرهەمەکە وەک دوو گرووپی خوێنی دژ بەیەکن؟ تاکەی ڕەخنەگرەکانمان لە تەنکاوی شیعردا مەلەدەکەن و خۆیان ئامادە و تەیار ناکەن بۆ بناو لێدان و گەڕان بەدوای یاقووت و مرواریبیە شاراوەکانی ئەو زەریایە؟

ئەدی بە ئەزموونکردنی ڕێباز و میتودی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی سەردەمیانە و بە پراکتیزەکردنی شێوازە ئەکادیمییەکان، بە پشتبەستن بە سەرچاوەی زیندوو و (ئەپتودێت) کاری ئەوان نییە؟

ئاشناکردنەوەی پەیامگر بە گەنجینەی داهێنانی پڕ سیحر و جوانی و هونەری شیعر، لەڕێی داتەکاندنی تەپوتۆزی گومان و بژارکردن و ڕێکخستنەوەی تاجینە گوڵی ڕوح، بەدەر لە زمانی زبر و شکاندنەوە، ئەرکێکی بێ منەتی ئەوان نییە؟

تاکەی زانکۆکانمان، بە ماستەرنامە و تێزی لێکۆڵینەوەکانیان کە لە ئاستی پێویستدا نین، شیعری کوردی پەڕپووت و ڕیسوا دەکەن و هەوڵێکی جددی نادەن بۆ نمایشکردنی ڕووی ڕاستەقینەی شیعری کوردی؟

کێ ئەدەبی بەراوردکاری مردووی گۆڕستانی ڕەخنەی شیعری کوردی زیندوو دەکاتەوە؟ دوای وەرگێران هیچ ئامرازێکی تر، غەیری ڕەخنە، هەیە بۆ ناساندی شیعری کوردی بە جیهان؟

لەگەڵ ڕێز و ستایشم بۆ ڕەخنەگرە بەهرەدار و خاوەن توانستەکان، هەرچەندە بەداخەوە بە ژمارە کەمن.



# پەڵەی ڕەخنەی شیعری کوردی لەسەر ئەدەبەکەماندا!


فازیل شەورۆ
(کۆیە)